20

رۆژنامەنووسی

گۆڤاڕێکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری رۆژنامەنووسیی

بانگی حق

یەکەمین رۆژنامەی شۆڕشی کوردستان

دۆزینەوەی دەسنووسی ژمارە (1)ی بانگی حق

خوێندنەوەیەکی نوێ
(حوزنی موکریانی) و سەروتار لە گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا

لە یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیدا دەڵێین:

با ئەشکەوتی جاسەنە و ماڵەکەی حوسێن حوزنی بکەینە دوو شوێنەواری شایستە

فەرهاد عەونی

رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٦ لە دیدارێکی بەڕێز د.بەرهەم سالّح سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی کوردستاندا، داوای قیرتاوکردنی ڕێگەی ئەشکەوتی **(جاسەنە)**مان لێ کرد و جەنابیشیان هەر ئەو ساتە ئەمری بە جێبەجێ کردنی دا.

پاشانیش ئەنجوومەنی سەندیکا، بە هاوکاری نوسینگەی سۆرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، توانی شوێنەواری ماڵەکەی خوالێخۆشبوو حوسێن حوزنی موکریانی، کە ڕووبەرەکەی ٤٥٥مەترەیە، بکڕێتەوە.

لە سەروتارەکەی ژمارەی پێشووی **(ڕۆژنامەنووس)**دا نووسیبوومان با چی دیکە ئەشکەوتی **(جاسەنە)** لەبیر نەکرێ!

ئاشکرایە ئەشکەوتەکەی جاسەنە شەرەفی ئەوەی بەرکەوتووە کە لە لایەن شێخی نەمر، واتە مەلیکی کوردستان، لە ساڵی (١٩٢٣)دا بکرێتە بارەگای ڕاگەیاندن، ئەوەتا حکومەتەکەی لە کاتی پاشەکشەیدا لە سلێمانییەوە بەرەو جاسەنە ئەوەی لەبیر نەچووە کە شۆڕش و حوکمداریەتی ئامرازی ڕاگەیاندنی دەوێ، دیارە ڕاگەیاندنی ئەوکاتەش تەنیا دەرکردنی ڕۆژنامە بووە، لێرەدا دەبێ ئەوەش لە بیر نەکرێ کە **(بانگی حەق)** تەواوکەری ڕۆژنامەکانی **(بانگی کوردستان)** و **(ڕۆژی کوردستان)**ی حکومەتی کوردستانی خۆی بووە.

دیسان ئاشکرایە لە ساڵی ١٩٢٥یش بەهەشتی حوسێن حوزنی موکریانی لە ڕوانگەی بیری کوردایەتی و ڕووناکبیری چاپخانەکەی لە ڕێگەی **(حەلەب)**ەوە هێناوەتە **(ڕەواندز)** خۆیشی بە تەنیا باڵ تێیدا بۆتە وەستا و شاگرد و وێنەگر و چاپکەری چاپخانەکە و نووسەری گۆڤارەکەی **(زاری کرمانجی)** بوو، لە ڕۆژنامەگەریدا کە ئەگەر بەراوردێ لەگەڵ کاری ڕۆژنامەگەری کوردی ئەمڕۆی پێ بکرێ، بێگومان بە یەقینەوە دەڵێم کارەکەی لە کارە سەختەکەی (تاق بستان)ی کێوی بێستوون کەمتر نەبووە.

بۆ هەر هەموومان نەنگ و شووڕەیی دەبێ، ئەم دوو شوێنە پیرۆزە لەبیر بکرێن، بۆیە لەم ڕوانگەوە ئێمە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئاهەنگی ئەمسالّمان لە جاسەنە دەست پێدەکات و لە ڕواندز تەواو دەبێت، دووا قسەشم ئاراستەیە بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەمر بفەرموون بە دروستکردنی دوو بالاخانەی نموونەیی کە شایانی ئەو دوو ڕووداوە مێژوویییە بێ، لە کاروانی ڕامیاری و ڕۆشنبیری کوردی بە مەبەستی پاراستن و بەرزڕاگرتنی ئاسەواری **(بانگی حەق)** و **(زاری کرمانجی)** و خاوەنە سەربەرزە لەبیرنەکراوەکانییەوە و بکرێتە مەزاری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و میوانانی بیانی، ئەوەش بە مەبەستی پێشاندانی ڕووی شارستانی و ڕۆشنبیری گەلی کوردستان شان بە شان داکۆکی کردن لە خاکەکەدا کە هەردووکیان تەواوکەری یەکن.

"20"

رۆژنامەنووس

گۆڤاڕێکی وەرزیی تایبەتە بە کلتوری رۆژنامەنووسیی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات

www.kurdistanjournalists.com rozhnamanoos@yahoo.com

خاوەنی ئیمتیاز:
- فەرهاد عەونی

سەرنووسەر:
- عەبدوللا زەنگەنە

جێگری سەرنووسەر:
- خالید بەکر ئەیوب

سکرتێری نووسین:
- دوکتۆر ئازاد عوبێد

دەستەی نووسەران:
- رەفیق سالح
- موسەدەق تۆقی
- هەژار حاتەم
- هێرش رەسوڵ

تایپ و نەخشەسازی:
- کاوە فاروق
- هەوار محەمەد عەلی
- گۆران جەمال
- یادگار زوار

ناونیشان: هەولێر- شەقامی کوردستان
"شەست مەتری"- گەڕەکی زانیاری

Tel: +964 66 229 4800
Mobile: +964 750 456 8886 سەرنووسەر

– دیاریی ژمارە.....کوردێکی یەکڕەنگ ٣
– (بانگی حەق) یەکەمین رۆژنامەی شۆڕشی کوردستان.....
..... د. کەمال فوئاد ٤٣
– دۆزینەوەی دەستنووسی ژمارە (١)ی (بانگی حەق) .....
..... د. نەجاتی عەبدوڵڵا ٥٢
– (بانگی حەق) نموونەی رۆژنامەنووسی بەرگری.....
..... د. محەمەد دلێر ٦٣
– خوێندنەوەیەکی نوێی (حوزنی موکریانی).....
..... مومتاز حەیدەری ٧٩
– (سەروتار) لە گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا.....
..... شادمان مەلا حەسەن ٩١
– دۆزینەوەی (٧) ژمارەی دیکەی گۆڤاری (کوردستان).....
..... رێناس نەورۆزی ١٠٣
– رۆژنامەوانی لە کوورەدا..... رابەر خۆشناو ١١٣
– (کۆمەڵە) ئۆرگانی کۆمەڵەی رەنجدەران.....
..... نەوزاد عەلی ئەحمەد ١١٥
– هونەری مانشێت لە رۆژنامەوانیدا..... و: کارزان محەمەد ١٠٦
– سەرەتایەک بۆ مێژووی رۆژنامەنووسی کوردی.....
..... بەهادین ئەحمەد ١٤٣
– پەیڤەکانی وەفاداری د چلینا سـەیدایی نڤیسکارو رۆژنامەڤان
(حافز قازی)دا..... موسەدەق تۆڤی ١٧١
– دەزگا و ئامرازەکانی جیهانگیرییەتی میدیا.....
.....محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری ١٧٩

• وێستگەی رۆژنامەنووس

– لە وۆرک شـۆپێکدا بۆ نوێنەرانـی راگەیاندنی وەزارەتەکانی
حکومەتی هەرێمی کوردستان..... تاریق کارێزی ١٩٣
– ئازادیا بیروبۆچوونا د رۆژنامەڤانیا دەڤەرا بەهدینانداً.....
.....غەریب مەحمود ١٩٩
– دیاردەی بوونی وشەو زاراوەی بیانی لە ناو نووسینی رۆژنامە
و گۆڤارو.....شوان سەرابی ٢٠٥
– ئایا ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنـی جێگرەوەیە یان ڕکابەریی
رۆژنامەگەریی چاپکراوە؟.....حامید محەمەد عەلی ٢١١
– فەرید نەزها نەتەوەپەروەر و رۆژنامەنووس.....
..... ن: یۆنان هۆزایا. و: هیمەت کاکەیی ٢١٥
– رۆژنامەوان..... راستی گورگەشینی ٢٢٠

• هەواڵ و چالاکییەکان

.....ئا: دیار خالید – جەمال حوسێن ٢٢١

دیاریی ژمارە

کوردێکی یەکڕەنگ

دیاریی ئەمجارەی **(رۆژنامەنووس)** بە یەکجار دوو رۆژنامە و گۆڤارێکی سەرەتا و کۆتایی سەردەمەکەی شێخ مەحمود لە خۆ دەگرێت، دانانی ئەم سێ رۆژنامەیەش لەم ژمارەی گۆڤارەکەماندا و ئاوەها بەم شێوەیە هەر یەکە و هۆ و هۆکاری خۆی هەیە.

١ ـ بانگی هەق.

بانگی هەق/ بانگی حەق، بە رێنووسی کۆن وەکو دەبینن نووسراوە **(بانک حق)**، هەر یەکە و بە جۆرێک لە سەری نووسیوە و لێی دواوە، دیارە لە هەموان زووتر **(ئەدمۆندس)** ئەم رۆژنامەیەی پێ ناساندووین، پێناسەیەکی وای بۆ کردووە دواتر هەموان یەک لە دوای یەک ئاماژەیان بۆ بۆچوونەکەی ئەو کردووە، بەڵام وا دیارە لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمان و لە یادی ١١٢ ساڵەی رۆژی رۆژنامەگەریی کوردیدا هاوکارمان نەجاتی عەبدوڵڵا زۆربەی ئەم بۆچوونانە هەڵدەوەشێنێتەوە، لە لایەکی دیکەوە هاوکارانمان رەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەم رۆژنامەیەیان چاپ کردۆتەوە، هەر ئەو کات پاشکۆیەکی ئەم رۆژنامەیەشیان دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەوەی شایانی سەرنجە ئەوانیش نەک هەر هەڵەیەکی زۆر سەرنج راکێشیان بە سەردا تێپەڕیوە، بەڵکو ئەوسا هەڵەکەشیان خستۆتە نێو بابەتەکەی د. کەمال فوئاد، خاڵێکی راست و دروستی دوو توێی بابەتەکەی ئەویان لە کتێبێکیان بە ناوونیشانی **(سێ رۆژنامەی رۆژگاری شێخی نەمر)** بە هەڵە نووسیوەتەوە، ئەوەتا لە خاڵی سێیەمی **(عەلاوە)**ی رۆژنامەکەدا ئاماژە بۆ ناوی **(محەمەد حەسەن بەگ)**ی کاتبی خەستەخانەی



سلێمانی ئەوسا کراوە، کەچی لە هەمان خاڵی ژمارە (٣) رۆژنامەکەدا کراوەتە **(شوکری ئەفەندی کوڕی کەریم عەلەکە ئەفەندی)**، دیارە ئەم خاڵانە هەر هەموویان بەراوردکردن و پێداچوونەوەیان دەوێ و لە کات و ساتی خۆیدا دەبێ قسەیان لەسەر بکرێ.

لە کۆتایی هەر سێ ژمارە ئۆرژینالەکانی ئەم بڵاوکراوانەش، بۆ ئاسانی خوێندنەوە، هەردوو ژمارەکەی **(بانگی حەق)** و پاشکۆکەیمان بە رێنووسی نوێ نووسیوەتەوە.

٢ ـ زاری کرمانجی.

هەر ئێمە لە ژمارە (٩)ی **(رۆژنامەڤانی)**ی ساڵی ٢٠٠٢دا دۆسییەکی زۆر تێر و تەسەلمان لەسەر **(زاری کرمانجی)** و خاوەنەکەی و لایەنە هونەرییەکانی ئەم گۆڤارە بڵاوکردۆتەوە، بە راستی ئەوسا ئێمەش هەستمان دەکرد ژیانی

(حوزنی) پڕ لە هەوراز و نشێوە و زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە تا ئێستا لە سەریان نووسراوە، ئێمە لای خۆمانەوە دەستخۆشی لە مومتاز حەیدەری هاوکارمان دەکەین کە لە بابەتەکەیدا مەسەلەی تەمەنی **(حوزنی)** وروژاندووە، بە تایبەتی کە ئێمەش لە سەرچاوەیەکدا دیومانە وا ئاماژەی بۆ کراوە لە ساڵی ١٨٨٢دا لە دایک بووبێ تەنانەت بیرمە جارێکیان ئەم خاڵەم لەگەڵ **(کوردۆ)**ی گیوی موکریانی باس کردووە و ئەویش لاری لەسەر ئەم بابەتە نەبووە، لە لایەکی دیکەوە ئەو وێنەیەی **(حوزنی)** کە بە تەنیا راوەستاوە و گۆپاڵێکی بە دەستەوەیە، وێنەکەشی لە ساڵی ١٩٣٢دا بڵاوکردۆتەوە دەتوانین بڵێین ئەم وێنەیە هی ئەوە نییە تەمەنی حوزنی ئەوسا (٤٠) ساڵێک بووبێت، بەڵکو زۆر ڕێی تێدەچێ ئەوسا تەمەنی نزیکەی (٥٠) ساڵ زیاتر بووبێت، ئەوەتا لێرەدا ژمارە (١)ی گۆڤارەکەمان بە ڕەنگی شێوەی خۆی چنگ نەکەوتووە، بۆیە وێنەی بەرگی جیاوازی چەند ژمارەیەکی جیاوازمان داناوە، لە پاڵیشیاندا دوا ژمارەی گۆڤارەکەمان، واتە ژمارە (٢٤)مان بە ڕەنگی خۆی داناوە.



٣ ـ تێگەیشتنی ڕاستی

ئەو سەرچاوانەی کە جاران باسی ئەم ڕۆژنامەیەیان دەکرد، هەر یەکەو پێناسەیەکیان بۆی کردووە، ئەوە بوو لە کۆتایی حەفتاکاندا، د.کەمال مەزهەر هەموو ژمارەکانی لە کتێبخانەی **(مەتحەف)** لە بەغدا خوێندبۆوە و هەمووی ڕوونووس کردبوو، پاشان لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی لە دووتوێی کتێبێکدا لەسەر بڵاوکردبۆوە، لەوێدا دکتۆر کەمال وا ئاماژەی بۆ نووسەرە سەرەکییەکانی کردووە کەوا **(مێجەرسۆن)** و **(شوکری فەزڵی)** بووبن، دیارە هەر د. کەمال کەلێنێکی لەسەر شوکری فەزڵی جێ هێشتووە، ئەوەبوو دواتر هاوکارانم لە **(بنکەی ژین)** ژمارە ئۆرژینااڵەکانی ئەم ڕۆژنامەیەیان چنگ کەوتبوو، هەموو ژمارەکانیان وەکو خۆی و بە بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک بڵاوکردۆتەوە، هەر لەم ماوەیەشدا **(کەمال ڕەئووف محەمەد)**ی تۆژەر بەدواداچوونێکی لەسەر کتێبەکەی د.کەمال کردووە، ئەویش ڕایەکی بنەبڕی لەسەر کارکردنی **(شوکری فەزڵی)** لەم ڕۆژنامەیەدا نەداوە.

لەم یەک ـ دوو مانگەی دوای خێرومەندێک سەری لە ئەمینداری گشتی کتێبخانەکەی **(دار الوثائق العراقیة)**، د. سەعد بەشیر ئەسکەندەر دابوو، هەموو ژمارەکانی لەسەر (CD) و بە ڕەنگی خۆی بۆ هێناوین، ئەوەی ئێمە لەم ڕۆژنامەیە تێبینیمان کردووە، لەمەودوا هیچ کام لە تۆژەرانمان پێویست ناکات گومانیان لەسەر کارکردنی **(شوکری فەزڵی)** لەم ڕۆژنامەیەدا بمێنێ. ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی ئەو زاتە هەندێ بابەتی لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردۆتەوە و تیایدا باسی کورد و کوردستان دەکات، هەرچەندە ناوی خۆی لەسەر هیچ کام لە بابەتەکانی دانەناوە، بەڵام لێرەدا ئێمە زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێین بەڵێ ئەم بابەتانە هی ئەو زاتەن و ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی هەر هەمان ئەم بابەتانەیش لە **(بانگی کورد)**ی ساڵی ١٩١٤دا بە زمانی تورکی و بە ئیمزای شوکری فەزڵی بڵاوکراونەتەوە.

لە هەر (٦٧) ژمارەی ڕۆژنامەکە ئێمە لێرەدا ژمارە (١) و (٢٣) و (٦٥) کە بەرامبەر ژمارە (٦٧)ی ڕۆژنامەکەیە بە ڕەنگی خۆی بۆ بەرچاوڕۆنی خوێنەران داناوە.

ژمارە ۱ — بانگ حق

بانگ حق

اعلانات به دیریك
۳ آنه دسینریت
تاریخ تأسیسی

بوهموشتیك مراجعت به
قرارگاهی عمومی دکریت
۲۸ مارت ۱۳۳۹

ناشکی به طوب و بومبا سر افرازه بانگ حق
سیاسی ، ادبی ، اجتماعی ، غزتەیکی رسمیه له قرارگاهی عمومی
اردوی کوردستان طبع دکری
غایه واصلی استحصالی حقوق کوردانه

سال ۱ | ژمارە ۱ | پنجشمبه | ۲۸ مارت ۱۳۳۹ | ۱۱ شعبان ۱۳٤۱

بسم الله الرحمن الرحیم

[انما المؤمنون اخوة]

۱ــ له بیاننامەی پیشو که به تأریخ ۸ مارت ۱۳۳۹ نوسرابو ، دور و دریژ بیانمان کردبو که ایمه مقصد و غایەمان سعادت و سلامتی اسلام و قوم نجیب کورده ، ایمه به دو رابطه برای یکین ، اولا اسلامین ، ثانیا هموکوردی ، ام دورابطەیه ایمەی وها یکدل و یك امل کردوه که هیچ کس به هیچ لونی ایمه له یك جوی ناکاتەوه ، له عزم و مجاهدات ملیەی خومان فراغت ناکین .

۲ــ وقتی که طیارەی انکلیز شمار سلیمانی به بومبا بومباردمانی کرد و مال ومندال وعیال بی‌گناه و بی دسـتەلاتی ام ملته معصومەی آگر بارین کرد ، ماهیت و معنای مواعید و معاونی انکلیز به نواوی معلوم بو ، ام ظلم و وحشیه له عصر مدنیتەدا بو معنای انسانیت و بشریت شائبەیکی بخیع خونریزانەیه . ام بخایمەی مسئولی ، احتمال بعضی مأمورین انکلیز که تابع هوا و هوس و سوء اجتهادات سقیمەی خویان بون ، امه البت زمان حسابی دەبینی ، ام بخایمه که وا بسر شار

سلیمانی هاتوه و ام نجاوزه هیشتا به سر دیهات ام ماله هزاره ده‌کری ، ایمه بو نشر و اعلانی فراغت ناکین ، حکومات متحده امه بگریته جمیع اعتبار البت روزی (غیرة الله) دیته غلیان ، قهر منتقم آلهی تجلی ستاتر عیون بصیرت و عبرت ده‌بی .

(ولا تحسبن الله غافلاً عما یعمل الظالمون) .

۳ــ بلی ! بعضی ماموران انگلیز له خصوص کردستان جنوبی سیاستیکی زور سقیمیان گرت ، مقصد و امل امانه ، ام کورده مظلومه ام عنصر اسلامه قهر و تدمیره ، حالبو کورد ، عزم و ایمانیان قائمه ، له ری اسلامیت و سعادت خوی له هیچ قسداکاریك لا نادا ، الحمد لله بی قوت و بی قدرت نین ، عزم و ایمانی کورد ، به عون و عنایتی باری بدخواهان و منافقین مایوس و سرنگون اکا [ولاتحزن ان الله معنا] .

٤ــ امرو روز غیرته ، روزی مروته ، اوردوی کوردستان به قوماندان و ضابطان و افرادیوه التحاق منیان کرد ، طرف طرف بجاهدین شار و قوای مایه‌ی اکراد ، له احضاراتیکی متوالیدا خریك و مشغولن ، ایمه هنا روحان له بذل نا مالی بو استخلاص و اعتلای اسلام و ملت کورد ، به عزم و ایمانیکی نواو صرف اجتهاد و مقدرت اکین ، پشتمان به خوا و روحانیی حضرت خیر کائنات قائمه [حسبنا الله ونعم الوکیل نعم المولا و نعم النصیر] .

۵ــ اهل شار سلیمانی و توابی وهمو قوم کورد امین ومطمئن بن که ایمه لسر سعادت و خیری اوانین به قصه‌ی بعضی منافقین و بدخواهان ، اسلام و کورد اغفال نین ، هیچ وخق ایمه بوملت خومان ضرر مان نابی ، اگر بعضی بدخواهان و خود پسندان بزمانی ایده معلومات فروشی وقصه‌ی پرو پوچیان کرد باوریان پی مه‌کن ، ام نوعانه له خومان دور بخه‌ره ، امانه کابم تحره به افسادات تعقیبی منفعت شخصیه‌ی خویان ده‌کن مستوجبی نفرت و جزان له‌اوردوی کوردستان دا نیه ام نوعانه نیه .

٦ــ وکو حس کردوه اهالی له تشکیلات جنه‌ی ایمه کونخانه شبهوه ، موجب شبهه وتردد هیچ نیه ام جنسانه بو مخالفین و متمردین حقوق کورد تشکیل کراون ، ده‌کونه فعالیت ، ام چنانه قسماً عیان وقسماً مجهول وپنهان ، غایه واملی ام چنانه عینی غایه و املی اوردوی کوردستانه ، معطوف سعادت و استخلاص قوم کورداته .

۷ــ انشاالله قریباً فوز ونصرت اسلام وکورد خوی ده‌بوینی ، توفیقات له خداوندی عالیانه‌وه‌یه خوا لسر حق و خیری اسلام و کورد ، لامان نادا و موفقمان بکا آمین ا...

باش قوماندان و ملك کوردستان

محمود

بانك حق　　صحیفه ۱

بانگ حق

اعلانات به دیریك
۳ آنه دسینرت
تاریخ تاسیسی

بوهموشتیك مراجعت به
قرارگاه عمومی دكریت
۸ مارت ۱۳۳۹

ناشكی به طوب و بوبا سر افرازه بانگ حق
سیاسی ، ادبی ، اجتماعی ، غزته‌یكی رسمی به له قرارگاه عمومی
اردوی كوردستان طبع دكری
غایه واملی استحصالی حقوق كوردانه

سال ۱　زماره ۳　پنجشمبه　۱۲ نیسان ۱۳۳۹　۲۶ شعبان ۱۳٤۱

تبریك رمضان مبارك

به شسرف حلول (شهر رمضان الذی انزل فیه القرآن) [بانك حق] تبریك همو عالم اسلام دەكا . خوا ملت كورد وكو اقوام سائره له جهل و اسارت سر افراز و به كمال سرور و موفقیت نائل آمال ملیهٔ خوی وحقوق سیاسیه ومدنیه بكا. آمین بحرمت سید المرسلین .

بو قوماندان مفرزهٔ هشتم پیاده

۱ ــ طرف طرف مراجعت به ایمه دكری كه هیئتیكی مدافعهٔ ملیه تشكیل بكن ، لسر آرزو و مراجعات متوالیهٔ ملت كورد ام هیئته ذاتاً له خویهوه تاسی كردوه .

۲ ــ هتا ایسته له طرف صاحبیكی غیرت و مروت ۷۰۰۰ و له طرف ذاتیكی تر،وه ۳۰۰۰ روپیه و له طرف ذاتیكی ثالث و رابع هر یكی باری شكر به ناوی اوردو و مجاهدین و قوای ملیهٔ كوردستان تبرع كراوه ام ذواته نشر و و اعلانی ناوی خویان موافق نه‌بینی ، له طرف ارباب خویهوه معلومه ، اعمال صالحه بی‌مكافات نابینی خوا ام ملته اسلام و كورده بكاتی به حق و استقلال خوی .

۳ ــ بو مجلس وكالت مدافعهٔ ملیه تعلیماتیك گیرایه قلم صورتی به بچراوه‌بی روانه كرا . ایمه اساساً بو استراحت و سعادت اسلام و كورد ترجیح همو مشكلاتیكان كردوه لسر ایمه و اجبه همو آرزویكی ملت اسلام و كورد بجی بهینین لبرامه ایوه‌یش به موجب ام تعلیماته بكونه فعالیت . [وماالنصرالا من عندالله] .

باش قوماندان و ملك كوردستان
محمود

تعلیماته بو هیئت مدافعه‌ی ملیه

۱ — (تعاونوا علی البر و التقوی صدق الله العظیم .

۲ — هیئت مدافعه‌ی ملیه مجهوله ذواتی ام هیئته یك ترپش ناامن هموملات کورد اعضای ام هیئته یه .

۳ — ام هیئته مجلسیکی وکالتی میه ، ام مجلسه رئیسی قدملی یوزباشی سید عبد الرزاق افندی قوماندان مفرزهٔ هشتم ، اعضاکانی مصطفی افندی حاجی حمه صعید قومیسر و وکیل ضابط ابراهیم افندی یه کاتب ام هیئته شکری افندی کوری کریم علکه افندی یه .

٤ — اصحاب تبرع ناو و شهرتیان داخل دفتری تبرعات ناکری ، له دفتر تبرعات ژماره‌ی متسلسل وضع اکری ، تبرعات له ژیرام ژماره‌دا قید و تثبیت اکری ، اوی آرزو بکا لکل ام ژماره دا ناو و شهرتی خوی قید اکا .

٥ — مقابل تبرعات مطلقا له طرف مجلس وکالت مدافعه‌ی ملیه مقبوضیك ادری ، لم مقبوضه امم و شهرتی دهنوسری و نومروی متسلسلی دهبی ، ام مقبوضه به دست اصحاب خیرات و تبرعاته وه دهمینی ، بن قوجانی ام مقبوضه که له مجلس وکالت امینیته‌وه ناو و شهرتی حساوی ناکری ، نومروی متسلسلی لمبر دهبی .

٦ — بم صورته که معامله کرا ، اصحاب تبرعات درجه‌ی حمیت و مروتیان له ژیر نومروی متسلسلی خویانا عندالایجاب نشر و اعلان دهکری که لم اعلانه اصحاب خیرات ناویان معلوم نابی ، لکن له خوی کمیت معلوم دهبی .

۷ — بو اوردوی کوردستان و مجاهدین و قوای ملیه‌ی اسلام و ملت کورد همو شتیك ترك و تبرع اکری وکو پاره ، اسپ ، ایستر ، اسلحه ، پیخانه ، جامانه ، کلاو ، کراس ، درپی ، قماش جل ، جاکت ، پانطول ، دولاق ، کوردی ، کوش ، سخمه ، بطانیه ، کابو ، مثقالی ، چیت ، دستمبر ، هتا درزی ، دزو ، شکر ، چای ، کاور ، رخ ، رون ، پرنج ، سابون ، یاسك ، نوك ، آرد ، جو ، باج ، بیل ، خاکناز ..... الخ

۸ — تبرعات له طرف مجلس وکالته وه وردهگری و دهخریته انبار ، به پیچ روژ دهفعه‌یك مجلس وکالت دفتریکی تبرعات تنظیم و تقدیم مقام پاش قوماندان اوردوی کوردستان اکا .

۹ — له طرف مجلس وکالته وه دفتریکی منتظم تبرعات و قیدیکی انبارئی خطا و سهو ترتیب و تنظیم اکری ، امه له ژیر مسئولیت رئیس و کاتبه ، اعضاکان له اعضای فعاله معدوده .

۱۰ — امرو روژی غیرته ، روژی مروته ، چاکه و خراپه‌ی امرو کوم نابی ، له دنیا و آخرت حسابی دهبیرهوه . (فمن یعمل مثقال ذرة خیرا یره و من یعمل مثقال ذرة شرا یره) صدق الله العلی العظیم .

پاش قوماندان و ملك کوردستان

محمود

هەوالنامەی کتێب

سال یەکم کوڤاریکی اجتماعی تاریخی فنی ادبیە ژمارە ۲

صاحب امتیاز و مدیری مدیر اداره

سید حسین مکریانی عبدالرحمن گیو

بوهمو چیتك مخابرا تك مدیر مسوول ده کریت

مز آبونه پیشین نه یت قبول ناکریت

سالی ۱۲ روپیه

بو دروه مز بوسته ی دیقه صر

تاریخی ده رکوتنی

۱۲ ذی القعده الحرام سالی ۱۳۴۴ ه

ئا مزره که ی ز رکرماهی له روانده ز

بەرگی ژمارە ۲ ساڵی یەکەم



بەرگی ژمارە ٥ سالّی یەکەم


گوڤاریکی اجتماعی تارخی فنی ادبی مایگی یە

ZARI KIRMANJI

خیەدی دەیری — مدیر ادارە

سید حسین میکریانی — عبد الرحمن

بو هموشتیک مخابرە لەتک خیەدی دە کریت

سالی دوازدە روپیە یە

بو درەوەمزی پوستەی دیتیسر

مزا بو نە پیشین نە پیە قبول ناکریت

تارخی دامزراندنی

دوازەی ذی القعیدە سالی هزار دیسەدو چل وچوار

لە دو اندزلە مزرکەی زار کرمانجی دامزرا

سال یکم ژمارە ۸ — ۲۰ شباط — ۱۹۲۷

بەرگی ژمارە ۸ سالّی یەکەم



بەرگی ژمارە ۱۲ سالّی دووەم

سالی حەوتەم
(٠)
شـــەمو

زارکرمانجی

ژمارە ٢٤
(٠)
٢٣ تموز ١٩٣٢

تەربیـــە

دەوری ژیان و پی‌گەیشتن لەکی مسوگەلە ؟

ژانا و تیگەیشتوانی پر هۆشی ملتە بەختەوەرکان بۆ بەخیوکردن و ژیانی منداڵ چۆار دەوریان داناوە ، وەلە بناغەی خانو بەرەیان چواندوە .

دەوری یەکەمین

لە یەکەمین ساڵەوە هەتا چۆار سالانە پەروەرشی منداڵ لە قوتابخانەی کۆش و باوەشی دایك دایە .

بەوەدەلین بناغەی ژیان و تربیەیی خانو بەرەی پی‌گەیشتن سەرمهندسی ئەو بناغەیە حکومتەوەمهندسیی دامەزراندن و بنچینە ریك خستن دایکە .

ئەگەر حکومەت نقشەی بناغەکە چاك بکێشـــی وەبە اصولی سەربەرشتی بکات وەبەشرطی دایکیش زانابی لە کاربردنا بناغە زور قایم و جوان دادەمەزریت وەلە سەرشکایکی شایستە دیتە وجود ، وەترسی روخاندنی لی ناکری

دەوری دووەم

لە چۆار هەتا حەوت ساڵانە بەدەوری میانەناو براوە ئەوەدەورەش بەماموستا و باوکەوە خەریکی ریکی و بەروەرشی ئەن هەردو یەکەوە پیویستی یارمەتی یەکترن ، ئەمیان بی ئەوی تر ناجح نابی .

بلام ماموستا بەتەنها بۆبەفسادان و پوچ کردنەوەی تربیەوەوەاخلاق مدخلی دارتەلە باوك .

باوك هەرچند بکۆشی وەلە تربیەی منالا رەنجبەری ماموستا لەمدرسەدا دەتوانی تیکی بدا ، ئەوەش لەهەموکەس آشکەرایە ، وەنەبی انکار بکری .

خوئەگەر ماموستای چاك و باوکی دل سوڕ بەیەك دلی بۆتربیەدانی بکوشن منداڵ بۆ چۆنەدەوری سیەم زور زو آمادەدەبی ، نمونەی ئەزانە لەمکتب مشاهدە ئەکرین منداڵی ریزی یەکەم بۆ چونەدووەم سیەم درسەکانی سـاز نەکردبی ابقا ئەکری .

جا ئەوزیش هەروەو ئەچی ، ئەگەر ماموستا زانابی وەباب نەزان منداڵ لەسەدا هەشتا ســەرنــەکەویت ، وەئــەگــەرباب چـاك بیت و ماموستا نـەزان ! منداڵ تحة السفر دەدەرەجە بەرەوژیر ئەرزا !.

دەوری سیەم

ئەوەندەی بە تکاملی بناغەی ناوەندێ ، ئەوێشی بە تەنها لەگەردەنی ماموستادایە ، لە حەوت هەتا پازدە سالانەیە .

ماموستای هۆشیار کە دەوری سیەمی دەست بە نقشی گوناگونی علم و فن و اخلاق و تربیە ئەی رازینیتەوە وەگەڕەی هونەری تیا بەکار دەبا ، بۆژیانیکی هەتاهەتای راوەستاو پایەداری ئەکات .

وەئەگەر بەرآوەژوبو ! بەرآوەژوی دەخا ! گۆشەوەی دایبك ، گۆشەوەی باوك و ماموستا ، مصرف و ازیتی حکومت بەبادا ئەدات لەبری استفادە کردن ضرر ! وەلەباتی انسانیکی زرینگ ، جانی و دورندە پیك حاصل ئەبی ، دایبك و باب دوچار بەسەرایشەو ازیت ، وەحکومت ناچاری مصرف و زحمت ئەکەری ئەوەندەورە مهمترین ادواری حیات وەنازکترین ژیانی مندالە ، تربیەیی اخلاق و بەراوەژوی تربیەی دینیی و بەراوەژویی ، تربیەیی فنی و علمی و أدبی و اقتصادی و اداری و .... وەبەرآوەژویی ، هەموو لەودەورە دایە ، ئەوەندەورە وجدانی ماموستاو میشکی شاگرد امتحان ئەکات .

دەوری چوارەمین

دەوری دوایی پی دانی تربیەیە لە پازدە هەتا بیست و چوار حکومتی مشفق و مهربان دەرعهدەی ئەکا .

ئەگەرچی هەرچوار ادواری ژیان بەراستی قانونیی تربیەی حکومتەوە چاوەدێری حکومت و مصرفی حکومت بی دەگەیینیت چونکە :-

۱- دایبك دەبی دایبکیکی متفنن بی وەمندالی لە دائرەیکی فن دا بەخێوبکا ، ئەوە دایبکەش لەسەردەستوری حکومت فیرکرا و پی گەیاندرا بی .

۲- ماموستاش بەمعاش و مصرفی حکومت نەك بەخێری خۆی و اولادانی خەریکی پەروەرشی مندالی ملت ئەبی .

ئەگەرچی مرەبی بەراستی ملت حکومتەوەمندالی ملت اولادی حکومتەوە حکومت باوکی دل سوڕی ملتەدەبوایە زور لە تربیەی اولادی ملت وشیار بی وەلەدەسیسەو مەکری دایەنو مرەبیەکان آگادار بی .

حکومت بۆمکتبیکی ابتدائی چند ریز (صنف) ی سەدو ئەوەندە دینارە بەمعلم و فراش ئەدات کەلە تربیەدانی مندالی سەمی بکەن وەمندالی پەروەردە بکەن بۆژیانیکی چاك و بەکەلك .

حکومت هیندەپارە لەریگای معارف صرف ئەکا کەپیاوانی کارلەدەست هات و بۆپیی بگەیینن و ملت لەجهات رزگار کەن نفاق و شقاق و فسادی فریدەن ریشەی پیسی هەلکەنن و بیهاوێژن

ماڤیەتی

خدوك

آوی خۆاردنـ

آوی کاریز کە لە آوی بیرو جۆگە پاکترو صحی ترە لە کوردستانا زورە ، وەآوی کانی وە کو آوی ترنیە ، پیـــس نابی ، لە هیندی کانی دا موادی کیمیاوی بە کاك هەیە ، وەئەو کانیانەش تخصیص کراون بۆ معالجەی نەخۆشی ، وەکو : ڤیشی ، گارلسپارد ، وەایڤیان بۆ نەخۆشـــی معدە ، گورچیلە ، وەنەخۆشی شەکر ، هیندیکیان تخصیص کراون بۆ خۆشـــتن و تداوی وەکو : ایکس لەبان ، بادن بات ، حەلوان ، وەحەمام علی .

بارانا ویش ئەخوریتەوە اگەر لە چالیکی پاك و تەمیزو صحی دابی ، لای ایمە باوەر ناکەم شتوا بی .

آوی بیر بەکلکی خۆاردنەوە نابیت لەبەر ئەو موادی معدنیەی کە تیایە وەکو : کالسیوم ، نیترات ، نیتریت ، وەآمونیا ، ئەمانە جهازی هظمی تیك ادەن وەئەبنە سەبەبی نەخۆشی ڤوتیرو یاگرژی شادەمارەکان .

آوی جۆگە کەلە هیندی جیگا وەك و (کارکوك) لیی ئەخزنەوە لازمە زور چاویری بکری بەپالاوتن و تعقیم کردنی بە کلورین .

وەنەبی آوی کانیش لەهەمو جیگەیکا پاك و تەمیزبی وەبۆ خۆاردنەوە دەس بدا ، (سلیمانی) شاهدەبۆ ئەمە .

لە (سلیمانی) دا کراوە بەباوی ئەبی هەمو مالی حوضیکی تیابی ، بەگونچ کاریز لەسەر چاوەوەئەچی بۆمالان یامزگەوتان .

اگەر لەمزگەوتەوە بۆمالان بیت وەکو مزگەوتی آوزەمان پاشا ، لەسلیمانی ئەو آوە بەملیون میکروبی انواعی نەخۆشی بۆاو مالانە ابات بەواسطەی بلغم و چلمی اوانەی کەدەس نویژی لی اشون جگە لە چلك و پیسی دەس و پیی یان ، خۆ اگەر لەمالانا بۆسەر کانیکە جگە لەچلم و بلغم بەروی گوشی تیا اشوری وەاینری بۆمالانی تر ، گرانابی ، سیل ، دیزەنتری ، وەبلهارزیا بەم واسطەیە بلاو ابیتەوە .

تەنیا آویك لەسەر چاوەوە بە ۱۰ - ۱۵ مالا رانابوری ، وەلەهەر مالیك بەملیون مکروب گرد اکاتەوە وەدابەشی اکا بەسەر ئەوی ترا .

آوی کاریز نەك لەمالانا کەئەو بیتە حوضەوە پیس ابی ، لەبور سەر چاوە کەوە لەهیندی مال سەری کاریزەکە هەل ادەنەوە وەآوی لی هەلینجن .

ایستا لیمان آشکربو کەآوی پاك و خاوین و صحی لای ایمە نیە !! تا هەیە

ئاوی پاك ، بەلام کەم ، ئا ئا اگر وانە بوایە وەچاوبری ئاوەکان باش بکرایە زور کەم نەخۆش ابینرا لەکوردستانا چونکە هەوای صحی یە ، مناظری طبیعیەی بیشمارە ، اگر چەند دل سوزیکمان تیا هەل کەوی وەتی بکوشی ، چاری ئاوەکانیمان بکەن بیشك لەسەدا ٦٠ ـ ٧٠ نەخوشی کەم اکا .

اگر بمانەوی لەشیکی ساغ و کەلەیکی پر لەپیر وەهۆشمان بیی ابی هەول بدەین بۆئاوی پاك و صحی ، واز لەحوض بینین ، هەموی بکەین بەلولە (بۆری) وەبەم رەنگە دابەش بکری بەسەر مالانا ، جگە لەئاوی پاك و خاوین رزگاریشە لەدەسی گونج شکان ، آوز برین ، وەمیراوز .

گیاندار بی آوز ناژی ، انسان ناتوانی مدەتیکی کەم نزیکی حەفتەیك آوز نەخواتەوە ، بەلام اتوانی هەتا چەند حەفتەیك خواردن نەخوا ، آوز زور پیویستە بۆمحافظەی موازنەی لەش ، انسان روژی دو لیترە آوز لەلەشی دیتە دەرەوە ؛ بەگو ، میز ، آرەق ، وەهەلم ، انجا ابی جی اوە پر بکاتەوە وەشەوو روژی دو لیترە آوز بخواتەوە ، ئەوی لەچیشتا ، چا ، قاوە ، وەدوایە ئەویش ئەچیتە سەر ئەوە .

لەوەقتی خواردنا آوز خواردنەوە باشە لەدوای خواردن زو نابی آوز بخوریتەوە تا فرمانی هضم کردن ضعیف نەکا وەنابیتە سەبەبی مانگو بونی معدە وەتیك چونی ، واچاکە لەپاش خواردن بەدو سعات آوز بخوریتەوە ، وەنیو سعات لەپیش خواردنیشا بەکەلکە ، لەپیش نوستنو وەقتی لەخەو هەستان آوز خواردنەوە انسان ملایم ئەکا .

والازمە انسان لەخوی رابینی بە آوز خواردنەوە مقداریکی کافی ، وەخوی محروم نەکا لەم عنصرە هەرزانە وەبسیطە ، مەگر وەقتی کە توشی نەخوشییك بی وەآوز خواردنەوە زور خراپ بی بوی وەکو ؛ استقا .

آوز کەم خواردنەوە گورچیلە مانگو ئەکا وەیارمەتی کۆمەل بونی خوی ئەدا ، وەهیزی اعصابەکان کەم ئەکا ، وەقبوضیت ئەدا ، وەهەناسەی انسان سوار ئەکا .

بەغدا فەرهاد

سەربهوردیا کوردا تی

مي

عصری سیزدەمینی هجری

—(*)—

سەربهوردی گەوزەو ناودارانی کورد لەسالی هەزارو دو سەدی هجري هەتا هەزارو سیە سەد .

لەم کەوزانەدا یك بەیك ئەو پیاوە گەورانە باسي ئەکەین وەدەی خەینە بەر چاوی خوێندەوارە خۆشەویستەکانیی زارکرمانجی .

وەئەزانە بەکتیبیش تقدیمیان ئەکري ، لەعصري سیزدەمینەوە هەتا عصری چوارەدە بەرگی یەکەمین و لەاولی ئەم عصرەوە هەتا ئەمرو بەبەرگی دوەم ئاوڕ نراوە .

— بەرگی یەکەمین —

۱ـ خان ابدال خان

خان ابدال خان کوردە وەلەعشیرەتی جهان بیگی (جهان بگلو) ولاتی خوراسانە ، پای تەختی (ساری) بو باب و بابیری حکم داري اۆخاکەبون ، خان ابدال خان پیاویکی بەشهامت وآزاوخاوەندشان وسپاو لەشکر بو .

کریم خانی زەند شهنشای ایران زوری خۆش دەویست وەجیگای بەرزی پی دابو ، وەبەحکم داریکی ناسی بو .

تقي خانی زەند لەطرف کریم خانەوە کرا بەسەرداری رەی ، (تهران) وەفیروزکوە ، لەگەل خان ابدال خانا تیکی داو پەیمان و شروطی کریم خانی لەتەکا بەخیۆ نەکرد وەبهانەی پی گرت خان ابدال خان هەرچندە کۆشا کەپەیمان شکینی نەکا ، تقی خان تەنگەي پی هەلچنی وەهەراسانی کرد ، ناچار خان ابدال خان رەشتەی بیکەتی پساندو خۆی لەحکومتی زەند پچریوە .

سالی هەزارو سەدو نەوەدو سیە کریم خان لەشیراز بەآمرزشی یەزدان شاد بو ، آقا محمد کوري حسن خانی قاجارلە شیرازەوە بۆتاران هەلات ، هاواری لەخان ابدال خان کرد کەرزگاري کات .

خان ابدال خان بەشەش سەد مال کوردی جهان بیگیەوە یارمەتی کرد ، وەخستیە سەر آزەزوو هەزاداری حکم رانیي وەشەر لەگەل کوردەکانیی زەندا .

لەشکریکی قورسی بۆآقا محمد ریك خست و بەگژ تقی خانیدا کرد ، وەتقي خانی گرت ، وەرەی خستە دەست .

مرتضي قلی خانی قاجار که برای آقا محمد بو له شکریکی له استراباد سازداو چوو سه ر آقا محمد ، (له سواد کوه پیشي پي گرت) .

خان ابدال خان سپاهي کوردانی آماده کردو چو پیشی به سپاهی مرتضی قلی گرت ، وه مه تهریزی دوژمني گرت و شه رو کوژتار ده ست پی کرا .

له دوای گه لیک کوژتار مرتضي قلی خان شکا وه مصطفا خانی برای که وته به رسمی اسپي خان ابدال خان وه ئه مانی خواست وه بوورا ، کورده کان گه لیکیان کوژتار کردو تالانیکی زور وه دیلکی بی ژماریان له قاجاران گرت .

خان ابدال خان به شادی وه کیفه وه گه راوه شاری ساری وه له شکرو اسپاب سازی ده ست پی کرد .

سالی هه زارو سه دو نه وه دو پینج براکانی آقا محمد له هه مو لایه که وه ده ستیان به سه ر کیشی کرد .

هه مو قبایلي تورکمان چونه سه ر شاری (بارفروش) له سه رای خوید ا ده وره ي آقا محمدیان دا ، آقا محمد هاواری له خان ابدال خان کرد که فریای که وی .

خان ابدال خان له ساریه وه به قاجارو تورکمان کوژتن که وته ریگا وه خوی گه یانده بارفروش بلام له پیش گه یشتنی دا رضا قلی خاني قاجار آوری له سه رای آقا محمد به ردا .

تاریخی قاجار جلدی بیکه م لاپه ره ی (۲۱) ده لیت ئه و هه مو ثباته ی آقا محمد بوچاوه ری خان ابدال خان بو .

بلام فایده ي چی که خان ابدال خان گه یشتی سه را آوري گرتبو وه سوتابو آقا محمد له نیو آوردا ده ژیاو چاوه ری بو .

له پریکا خان ابدال خان گه یشتی قاجاری شکاند وه دوژمنی ده ربه ده ر کرد وه آقا محمدی له نیو آوری سوزنده وه له ده ست دوژمنی رزگاز کرد ، وه امراو خان زاده کاني قاجاری به کوت و زنجیر چس کردن .

که له شکری قاجار شکا رضا قلی خان و جعفر قلی خان و مصطفا قلی خان که خوانینی قاجاربون به یکه تی له شکریکی شه رکه ریان له تورکمان آماده کردو چونه سه ر (ساري) .

خان ابدال خان به حه وسه د پیاوي آزای کوردانه وه چو پیشی بی گرتن وه ده ستیان به شه رو کوژتار کرد ، شکسته یکی پیس که وته نیو کورده کانه وه خان ابدال خان به هه زار ازیت ته نها خوی رزگار کرد وه له میدانی خوینانی

بۆی دەرچۆ خۆی گەیاندەوە ساری .

خان ابدال خان لەشکریکی دیکەی کۆکردەوە بۆسەپینی زۆ بەسەر قاجارەکانی دادا ، گەلیکی کوژتار لێی کردن ، وەدوژمنی شکاندو گەراوە نێو شار .

جاری سێیەم قاجاریەکان زۆریان هێناو دەوڕەی شاری ساریان دا ، خان ابدال خان بۆیان دەرکەوت لەپاش گەلێك کوژتار بەتەنها خۆی رزگار بو بەپەلە خۆی کوتایە نێو شار ناچار بو لەمالی خم گەریك دا خۆی شاردەوە ، کەشەو بەسەردا بیت بۆلایك خۆی رزگار کات .

قاجارەکان بەکوژتار رژانە نێو شاری ساریەوە ، محمد قلی خانی لاری جانێی رەهبەری کردن خان ابدال خانیان گرت لەسەرای خۆی دا بەزنجیرو پالەهەنگ چسیان کرد .

مرتضی قلی خان شاری ساری خستە دەست خۆی وەحکومتی تیا دامەزراند ، بەوجورە پای تەختی امارەتیکی کورد بو بەقوربان وەبنەمالەیکی گەورەی کورد پوچ کراوە .

سالی هەزارو نەوەدو شەش خان ابدال خان تەمای بو خۆی لەچس رزگار کات ، کەلەدەری شار ریزیان کرد بۆچس خانە دەستیان کرد بەکێشانی ، مرتضی قلی لەوەآگادار کرا ، مرتضی قلی سەری خان ابدال خانیان بری وەبەدیاری بۆآقا محمدیان نارد .

خان ابدال خان بودامەزراندنی حکومتی قاجار خوی وەبنەمالەی چند سالی کردە فیدا .

ماڤیەتی

س . ح . موکریانی

وظیفه

لەکتیبی (ریگای سەرکەوتن بولاوانی کورد) کە چاپ نەکراوە .

(انسان خیوی نفسی خوبیتی) کەیکی وابو ئەتوانی بزانی وظیفە چیە وەچون بەجی اهینری .

عزم و ارادە واسطەیکی زور پیویستە بوژیان : چونکە بەردارە ، بەرەکەشی بەجی هیناني وظیفەیە .

بزانن قوتابییەك ، یا مأموریك کە وظیفەیکی درا بەسەرا وە بەجی هینانی چەند مستریح و بەختیار ئەبی !

(وظیفە شتیکە کە بەعقل و وجدان مجبورین بیکەین) انسان ئەتوانی بەحی جهینی ئەبی وظیفەی خۆی بناسی وەبزانی .

ئەوشتەی انسان سوقی نەکردنی وظیفە ئەکا نفعی شخصی ، خودپەرستی ، تەمەلی

وەترسنوکی یە .

لە بەرئەوە لازیکی فضیلتکار وەخیۆی عزم ئەبی خۆی بپاریزی لە نفعی شخصی وەخود پەرستی .

بەلی منفعت قوەی محرەکەیە ، بەلام ئەوە بەچەشنیکی ترە .

انسان بۆژیانی خۆی ، بۆتیر کردنی زگی خوی ئەبی لە دائرەی عقل و اخلاق و وجدان دا هەول بدا وەبەسایەی سەکی خویەوە قومیك وەیازگی چند هەزاریکی لە بیر نەچی وەبۆژیانی خوی نەبی بەسببی محو وەضرری کسی تر .

مشهور عالمی انگلیز (لورد أڤبەری) ئەلی (وامەزانن تەمەلی لەوظیفەتانا بنوینن رحت ئەبن ، نە ، ئەوە زور خرایە ، بوشتیکی وەیا آنی وەیا بو شخصیك استقبال وەحیاتی وطن وەملتیك فیدا کردن ، بۆآنەیك هەزار روپیە لە دەس دان کاری عقلی سلیم و وجدانی بەرز نیە .)

شاعری انگلیز مشهور (وردورث) ئەلی (انسانی بەوجدان وەصاحب عزم توکل بەخوا هەمو وظیفەیکی بەجی ئەهینی وەئەگەر وظیفە ایجابی بکا وەکوشتنی خۆشی تیا بی هەر بەجی دینی !)

کیف وەهەوەسیش وەکو منفعتی شخصی دوژمنی وظیفەیە ، انسانی بەعزم و ارادە ، بەاخلاق و نیگەیشتو مغلوبی حرص و هەوەس نابی وەهەمو وەختی مەردانە وظیفەی خۆی ئەکا .

بزانن وەمزیتی ئەوکسانە وجداناً تدقیق بکەن کەژن و منالی خۆیان ، مال و حالیان بەرەللا ئەکەن وەبی شەرمی وجدان وەخوا خەریکی زوسپیەکان ئەبن وەپارە صرف ئەکەن وەبەوچەشنە مالی خۆیان زیران ئەکەن ، مال و خیزانیان سەرگەردان ئەکەن وەلەخزمتی ولات وەقومی خۆشیان رائەکەن .

بزانن لە حقیقت دا ئەوکسانە چند بی مزیت ، چند بی شرف وەبی وجدان وەروەشن ، تەماشای حالی ئەوچەشنە سفیل و مال زیرانانە بکەن وەلیکی بدەنەوە وەعبرت وەرگرن وەلە بی اخلاقی وەبی ارادەیی دوور کەونەوە .

انسان ئەبی بویە وظیفە بەجی بهیلی کە وظیفەیە ، ئەگەر بۆنفعی خۆی ، بومرامیکی رەزیلانەی خۆی بیکا عیبە دنائتە .

وظیفەش دوچەشنە (وظائفی شخصیە ، وظائفی وطنیە) کەدوەمیان چونکە بووطنە ، بوداکی شیرینمانە لەوی تر پیویستترو مقدسترە .

وەختی کەولات کەوتە ژیر پی زور

وەختێکدا کە ئەو ملەتە فیلاکەت و سفالەتەوە ئینسانی کە مەرد وەبەوجدان بێ هەمو وظیفەیەکی تری لە بیر ئەچێتەوە وەرائەکا بۆیەچی هینانی وظیفەی وطن ، چونکە شەرف و سلامتی وطن قانونیکی أعز و أقدسە .

لەجەنگی بەینی ألمان و فرانسەدا - ۱۸۷۰ لە فرانسە ئەك هەریاوژن و منالیش دەستیان دایە چەك و سلاح ، مال و حالیان بەچی هیشت چون بۆبەرابەری دوژمن وەزوریان لەوری یەدا فیدا بون ، مشهور (ڤیکتور هوگو) بەم چەشنە وصفی ئەو ژنە نازدارانە ئەکا کە چونە جەنگەوە (ئەم آفرەتە عزیزانە کە بۆرزگاری ولات چوبونە جەنگەوە لە وظیفەی وطن و رستگاری ولات و ملت و شەرف زیاتر هیچیان لیك نەئەدایەوە نە برسیەتی ، نە ترسی و تالوکە ، نە سەرماو گەرما ، نەروتی و قوتی ، نەدەنگی توپ و تفنگ ، نەمردن وەهیچ شتی ئەو آفرەتە عزیزانەی نەئەترسان :

هەمو ئەنها بۆ ولاتی مقدس ، بۆاجرای وظیفە !)

ئەوانەی ئەبن بەسببی پیشکەوتن و بەرزبونی ملت ئەژانەن کە صاحبی وجدان و عقل و عزمن .

زمان

بۆشاعریکی کورد ، لەدفتری خاطرەیك کە حوت سال لەمو پیش نوسراوە

هەمو ئەزانین زبانی ملت و نیشانەی موجودیتی قوم بەزمانەوە راوەستاوە .

یونان لەپاش ون بونی مفاخر ومدنیتو کۆنیی بەمان خۆی ژیانەوە .

ایران لەدوای بەخاك بونی آثار و أساطیری بەفیردەوسی سەرکەوتەوە وەنەکەوتە ژیر تەوقەوە .

عرب لەدوای سەرنگونی مدنیتی امویە وەأندلس وەسبأ بەزبان مایەوە .

لەگەل هەمو انقلاباتی زەماندا کوردیش تاایستە زمانی خۆی پاراستوە وەبە (کوردی) مایەوە ، چونکی جیگا کەیان سەخت و بەرزو دور بو ، لەبەرئەوە لەهەمو تیکەلییك آسودە وەآزادە بون .

بەلام جنایشتان ئەی زانن کە لەمەولا چونکە ئەوکسانە دایم وظیفەیان ئەناسن وەبەچی هینانیا توزیکی تر) ناکەن و ناسلەمنەوە .

لەبەرئەوە هەمو لاریك ئەگەر زبانی خۆشی تیابی ئەبی وظیفەی خۆی بەچی بینی وەبی عزم وەترسنوك وەتەمەل نەبی .

شاهو

ئەم دوریه ، ئەم انزاویه ناميني وه نابی بمینی ، سەخق و دوری جیگا لەآقارتیکەی علم و مدنیتدا نامینی و باوی نیه !

کـورد ، دره نـگ و زو ، ئەبـی بکەوێته ریی ژیانەوه ، بکەوێته دەس بزوی و تیکەلی ، لەومیدانەدا ، لەوجدالەدا ئەگەر (زبان و ادبیات) ی کۆنی پاریزری وەبهیلی (کـورد) ئەمینی وەئەوی ، ئەگینا مردن و نەمان محققه .

زمان ، کتیبی پی ئەنوسـری ، قاعدو الفبای پۆنەکری وەپی نەنوسری نامینی وەدوام ناکا ، ملت بەزمانەوه ، زمانیش بەنشرو تعمیمەوه بەنگە ، کورد بە (کـوردی (ژیاوه وەماوه وەئەگـەر بیەوی بمینی و بژی ئەبی تا أبد (کوردی) بمینی و سەرکەوی ، بەکوردی قسە بکری ، بنوسری وەبخوێنری !

ئەمانە هەمو ایوەش ئەی زان ، بەلام رەنگـە یالەبـیرت چوبیتەوه ، یاگویی نەدەیتی .

خۆشتان ئەیزانن کەوظیفەی سەرخستن و هیشتن وەجوان کردنی زمان هی ایوەیە ، چاك ئەیزانن کەشعرو أدبیات چند تأثیری زوری هەیـە ، ایەش چند شاعریکمان هەیە : دلیان خۆش بو وبمان همت ئەکەن زمانە شـیرینەکەمان زیندو ئەگەنەوه وەزیکی ئەخەن ، چاومان رۆن بو وبمان ایتر اصول و ریگەیەك ، رونق و لطافتیك ئەدەن بـەزمانـەکەمان وەبەهەمو هیزی خۆیان تی ئەکۆشن بۆژیان و بەرزی !

کەچی حیـف هیچیمان دیارنـەبو وەزمانەکەشمان ئەوا خەریکە کۆیر ئەبیتەوه وەدوا بکەوی !

زمانەکەمان یعنی ملتەکەمان ئەرزی وەئەروا ، ئەمە زور چـاك لیك بدەنەوه بزانن چند گران و دل سوزە !

هیوای گەورەمان بەابوه بو کەنەبیلن زمانیی (نالی ، حاجی قادرو مصباح) بکوژیتەوه .

وامان زانی بەاشعارو غزلیاتیی جوان و باش ئەلاوینەوه بەگوی منالانی ملت دا وەزمانەکەمان رەنگین ئەکەن .

لەآخرپا شعریکتانم چـاو پی کـەوت بەخۆشیەوه خوێندمەوه : أفسوس ! یأس لەسـەر اومید چند ناخۆشـە ! اوهەمو اومیدە ، اوهـەمو خـۆشـیە بـەبا جـو وەنەما !! چونکی هیوامان وابو کەلەپاش اوندە تجربـەو رابواردنە ایتر واز اهینین لەشعرو غزلی کۆن و شیرین وەبەتەمای شـعری حـسـی ، ملی وەأدبـیت بوین وەبەتەماین !

آیاچ ملتیك هەیە ، جنـابی شاعر

لە عصریکی وا نازك وە حیاتی دا ، لە وەختی هەژل تەقەلادا کە بەوی پی بگاو سەرکەوی هەمو (أدبیات) ی ملیەی هەرشقی بی سود وە بی غایە بی ! چ ملتیکی تر هەیە لە عصری فن و علم دا ، لە زەمانی عرفان و صنعت دا شاعرە پرهۆشەکانی ، لە پاش هەمو رابواردنیك ، لە شعر دا باسی (مژگان و چاوی کاڵ وەلیوی آڵ و .) بکەن ؟

هەتاکەی واگالتە بەم زمانە شیرینە ئەکەن ، هەتاکەی بەزەبیتان بە (کوردی وە کورد) دا نابیتەوە ؟ بروا بفرمون حەزم نەئەکرد ایتر شتی وا لە جنابتان ببینم وە بەهەمو هیزی دلەوە چاوەروانی شعری گەلی لەوە علویترمان ئەکردی !

هندی کس هەیە ، ناتوانم بلیم شاعر ، هەر بۆناۆ وەشورەت شعری (بی سەروبن) ئەنوسن ! بەڵام جنابت وەامثالی ایوە نابی وابن وە ابی دایم گەلی لەوانە وورد بن ! چونکی ایوەش ایزانن ایتر زەمانی اوشتە بی کارانە نەما وە هەتا ایستەش لە بەرامانە بوین بەهیچ وەزمانە کەشمان پیش ناکەوی .

ایتر بەهەمو چەشنی هیوامان وایە لە مەولا نوکی قلمت رەش نەکەی وە تنزلی شتی وانە فرمون .

چاوەروانین کە بە اشعاری ملی وە فکری وە أدبی (خزینەی زبان) مان پربکەنەوە وە زمانکمان سەربخن

نەوروز

کاکەلەی نویسراوو گوتە

دیوانی نالی ، مصطفی بگ کوردی ، یاری ، بە کۆشەوەو غیرەتی جنابی لاوی غیور (مەریوانی) چاپو پەرت کران ، آثاری ئەو شاعرە کوردانە بە تأریخچەی ژیانیانەوە نشر کردو آثاری گەلیك بەکەلکیشی لەدەست چاپ دایە .

جلدی یەکەمی بەدوجزم میژوی کوردانی رابردو لەطرف معالی امین ذکی بگ بەناوی کوردوەکوردستان اثریکی زور بەقیمت طبع کراوە کوردو کوردستانی بەوگەزهەرە گران بهایە ژیاندەوە .

هاوار کۆواریکی کوردی پرفن و جوان لەسەر دەستوریکی تازەی زور چاك لەطرف گەورەری بیکتای بنەماڵەی خاوەندشان و غیرەت بدرخان پاشا جنابی امیر جلادت عالی بەگ وە لەشام گەزنگی ئەنگاوت .وژی پرتریشك سپیدەی داوەهەتاوی پیروزی هەلات .

سیپارە یەکی پراو فوائد لەطرف ماموستای بەرگ دروان جنابی بشیر مشیر افندی وە نشر کرا .

زارکرمانجی : سەرکەوتن و بەرزبون و پایەداری ئەو ذاتە گەورانە وە بەردەوامی نشریاتیان لەخزا ئەخوازین .

خۆشەویست راگرتن و دەست خستنی ئەو آثارە گران بهایانە لەبەرملت ئەپاریزنەوە .

به‌لهجه‌ی گۆران

هه‌لبه‌ستی میرزا شفیع سابلاغی

علیك السلام فریشته‌ی شـــریف

رشته‌ی خداوه‌ند کار خانه‌ی لطیف — شام و شه‌رت و به‌ین وفای شریفت
کروه مه‌له‌کان سه‌رتاپات زه‌ریف — بغدا ده‌بالای بـــه‌رزو لطیفت
بـۆبانیی فرش بینایم چاۆ بۆۆ — حلب به‌أدب ریزه‌ی زیز داریت
مژه‌م وه‌پەڕژین به‌ژن و بالات بۆۆ — حریر به‌دندان ریزه‌ی مرواریت
رومان سه‌ران سه‌رتاوه مصرو شام — قه‌زوین به‌انگشت صافی بی غوشت
نه‌داران قیمت بالای تۆته‌مام — کاشان به‌قیمت سه‌رپەنجه‌ی کاوشت
استه‌مول وه‌ته‌خت بان تاقی دیده‌ت — شماقی نه‌مشك مایه‌ی مشك تات
اسپهان به‌ابروی قلم کشیده — گەنجه به‌کۆی گەنج بی خیسم وخطات
بخارا به‌غار مـــژه‌ی چیده‌ت — ایران و توران رومان سه‌ران سه‌ر
بلخ به‌نیۆنگای ناوکی دیده‌ت — پایه‌نداز بـۆ سولی ناز پـه‌روه‌ر
ختا به‌خنده‌ی میلی ســـالانت — قیبله‌م له‌ۆساده تۆسلام کردن
خوته‌ن به‌نوخته‌ی خورده خالانت — زیندەگیم جه‌حال مرده‌ن ویرده‌ن
کشمیر به‌گونای گول غنچه‌ی ره‌نگت — خسته‌و پشیو حال شایی به‌طالم
قندهار به‌قند قمچیو سه‌ربه‌ندت — پیکیای به‌یکان دو لیموی کالم
طایف و یمن به‌دوری تاسه‌ت — بیتابور به‌عطر شه‌و بۆی هه‌ناسه‌ت

(۰)

زارکرمانجی

﴿ کۆواریکی اجتماعی أدبی تأریخی فنی کوردیه ﴾

چونکه خۆیندەواره‌کانی زارکرمانجی له‌پاره دانی آبونه بی‌مه‌رحمه‌ت بون له‌به‌رئه‌وه ئه‌م کـۆواره کوردیه دو سـال له‌نشریات که‌وت ، ایستا بۆیه‌هـانه بریتی مشتریه خۆشه‌ویسته‌کان هه‌رژماره‌یکی ئه‌م کۆواره‌مان کرده ۱۰ فلس

یەك سه‌ره مخابره به‌ناۆی خیوی زارکرمانجی‌وه ئه‌کری .

(خیۆی و سه‌رنویسه‌ری زارکرمانجی حسین حزنی موکریانی)

(رواندز له‌مه‌زرکه‌ی زارکرمانجی دامه‌زرا)

ژمارەدە (۱) ۱ کانون ثانی ۹۱۷ — روزی سێشمە — ۱۸ ربیع الاول ۱۳۳۶ صالی یکم

تێگەیشتن راستی

بو ناو مملکت — بودەرەوە
روپیە — روپیە
بو ۱۰۰ ژمارەدە ٦ — ۸
بو ۵۰ ژمارەدە ۳ — ٤
قیمتی هر ژمارەدەیی آنە یکە

مخابرەلە کل ادارەخانە روژنامە
دبی بکری ژمارەدە ۱۷۸/۹
بویشتەیی کە موافق مسلکمان
بی دبنوسین اگرنەبی نایکەدینوە
هر هفتە دوچار دەردچی

روزنامەیکی سیاسی واجتماعی وخادمی یك بولك وسربستی کردانە

(مسلك)

(تی کەیشتنی راستی) خدمتی یك بون وسربستی وسرکەوتنی کردان اکا. امرو هەمو اقوامی عالم خریکی بەجی هینانی ام امیدە مبارکن وکەلکیان لەپاش کوششیکی پیاوانەیی کەیشتن. هرفکری کەبەترازوی علم وعقل نەپورابی عرضی ناکین، هرایشی کەبەناقی کردنەوە چالك درنەچوبی کردنی روانابینین.

بەدلیکی صاف بەروحیکی پاك هرچی بەعملی کورد برایان بی ایلین واینوسین وهەمیشە مردیی اوان ویاریی حکومت معظمەی بەریتانیا امیدەدەکین. خوا اوستاومان بکادابەآرزوی خومان شادبین.

چاکەی حکومتی بریتانیای معظم
بو عراق

عراق ـ لەم شرەعالمکیرەدا لەهەمولانوجوانانیکی زوری بەکوشتن دراکە براستی قوتی اژنووهیزی دستی، بختیاری آیندەیی بون. لەبەرامەام وولاتەخندەبارەهەمولایەکی لەزوری هەتیوانی هەناسە سارد وبیوە ژنانی بی کس ودرهەمیشەدەکریا. هەزاران مال ویران بو، سوتا، ولك جکری خانەخوی بوبەکوی زوخال. هەزاران باغو جوکو وزەوی بی خاوەندما. رزق، شترملك روژ بەروژ کەم، فقیر وهەژار تاهات زوردەبو. کەلی کس ایوارە بی چرادەما، شەوبی شیوسەریان انایەوە.

هەمولایەك پرلەشیوەنو هاوارو گریانو باوکەروبو. بی سەری وبی دەری هەمو ولاتانی خەم بارکرد. بی ایشی، بی بازاری خلقی لەکیانی خوی بی زارکرد.

عراقیە بی چارەکان لەژیر باری گرانی خوینیزام هەموشوروشەرە، ام هەموخەم وخەفەتە دەیان نالاند. حکومتی اتحادیەی تورکیەدەی بیستوکوی نەدەدایی، دەمی لەزوقوصفای خوی نەکوت. چونکی لەلای وابوکەخوی بەمردنی عراقیەکان زیندودەبی توە. دیان ویست عربو کرد وارمنی وجولەکە ونصاری هەمو بەکوشتن بدنوتنها قومی تورك بمینیتوە دایەلك دل بنوتوران بکرنوحکومەتیکی کوردەبینەناو. ام ظالمانەام جاهلانەلەباتی دلخوشی عراقیەکان بدنو وبەزمانی لوس بەکوشتیان بسپیرن دائما بەخائینیان لەقلم ادانورفیان هلستاندن آخر امەحالیان بو بویەبەم دەردەچون. خوینی بی کوناهان کرتنی پەشوکان خویان بەفناداهەناسەی مظلومان اکری تی بەردان.

ای جامع دنیا وقیامت بخیالات
اوروژەکە روبی نەاوت بونەامت بو نالی

آخری خوا حکومتی معظمەی بەریتانیای بوعراقەکان رخصاند حکومەتەظالمەعاجزەکەیان دورکردووهەموی لەکوتە وزنجیر بی رحمی اوان نجاتدا. لەحالی نزعی گیرانەوە دوبارە ژیانەوە.

هەموکس بەسربستیکی تەواو کەرایەوەسەرایشوکاری خوی. آداب دینیەی اسلام وملی ترزورچالك را کیرا. لەظرفی چند روژیکا لەخلقی عراق لەهەموجی پیاوی چاکو پاکیان هەل بژاردو لەسەرایشی حکومەتی دایان مەزراند. بەم نوعەبناغەی حکومتیکی بەعدالتیان دانا. کس دخلی بەسرکوە نەماهەموولك یەك لەژیر سیری بیدمشکی عدالتی حکومتی معظمەی بەریتانیا حیاتیکی خوش رادەبورن. لەنوجوانانی ولات کەلی پولیسیان ترتیب داکە بەهیچ نوعی لەهیتەکانی پیشونا کەن. اوان بەبرطیلیکی کم کلی حقیان لەکەل دینی خویان دفروت بدخلق کوبرو کەری کردبون. امان لەری، لەبی ناوی راستی خویان قربان دەکن اوولاتەکەجاران، بەژاندارمەو وعسکریکی زورنەباندەتوانی ایشکی بکرن ام رو بەچند پاسەوانی نکهداری دەکری. محکمەی شرع وصلح وبدایت واستئنافیان کردەوەاماداوای خلق وکو حکومتی پیشوبەزوزور وتکانابینن. بەذرە بین قانونو عدالت [illegible] دەکەن. جادەی

مملکت بەچرای الکتریك روشن کرا شو لە کەل روژ اوندە فرقی نما.

زید کە زمین ناز کند بر فلك امشب
سبحان تعالی کە کواکب بزمینند

ملا محمد سنندجی

خلق لە بە را وروشنایی یە کە شر لە کە ل مانکوا ستیرەدەکا ئاساعت ششی شەو بە هوسی خویان هاتوجر دە کەن. چندمانکی لە مەو پیش بو چرایکی تەنە کەهەمو اواتیان دە خواست . او ئاریکی یە لەکوی ام روشنایی یە لە کوی او زوی یاتە کە جاران سی یکیکی لە برطلم نەدە چەنرا امرو هەمو سەوز اکاتە وە حکومتی معظمەی بەریتانیا کە نموجویکی زوری یە فلاحەکان داوایشی تەواوبو اسان کردن .

حکومتی رابوردو بەخوشی یی ، بەترشی بی زرقیکی زوری کوکرد بووە لەپاشا لەهر جی یی کە شکا هیندیکی یاسوتاند یابەجی هیشت . بەم نوعەکە لیکی لە ناوچو . زرق کم بو کرانی سەرەتای دەرکوتبو لەم چندانە تەواو تنکەی یەخلق هلکیشا . حکومتی معظمەی بەریتانیا بو هینانی شتی خوردەمنی سیکی زری کرد . بەقیمتکی هەزران برسی ی ولایت تیر وپرو شادمان بون لەتاو هر هەشت نوروژا بەدەستی پیاوی خوی کە نمو جوو پرنجو خودمایەکی بی حسابی لە اهالی بەش اکا وروژ بە روژنانیان ادا ایش وکاریکی هەمو روژی ی بو پیدا کردن ملیان دایەهرکسی یەقدر خوی دستی کوتوا کوی وعمریکی التونین وزیوین رادە بویری .

(تلغرامەکانی رویتر ۲۹ کانون اول ۹۱۷)

(میدانی خوراوا)

لشکر کیر (هیك) الی دشمن پەلاماری دایەجی یەکانمانو راندمانەوە . لە (ابهی)وجنوبی (پولکابل) تویی کرتە خطەکانمان جند شریکی هوایی کزا حوت کولارەی دشمنمان خست . رەوەیك لە کولارەکانی ایمە جی هینەکانی اوانی کولە باران کرد ورەوەیکی تریشمان نارنجەکی ـ بومبا ـ هاویشتە ناو شاری (مانهایم) واکری تی بەربو .

ـ ایتالیان ـ

ایتالیانەکان الین : (کول دلروسو) وشاخی (فالبلا) مان کرتەوەو نەمان توانی پاریزکاری یان بکەین . دشمن بوامان کە پەلامار بداتەکیوی (کراپا) هرلشکر دینی وخوی کواکاتاوە وجی لە سر شاخەکان تتداکا لە چەپی (فرنزلا) شریکی زور بە شدت کرا .

(روسیە)

خبر نویس رویتر لە پترغراد : الی روژنامەی (پرافدا) نوسی کە هوردوی (اوکرانیة) نشمین لشکر کیری روکاری (رومانیە) وخوراوای جنوبی ی کرتو وهەمو تلغرافخانەکان داکیر کر لشکر کیر (چرپاچیف) هردوروکاری کردبە روکارکی اوکرانی . حکومتی اوکرانیە امری بەهەمو قوزاقەکانی ولاتی خوی داکە بینە ژیر سلاح .

بترغراد : (تروتسکی) وتی املاکی یکانە دروسیەکان داکیراکەین .

اودسا : هەرای (اودسا) کە لەپاش کشتن سرکردەی ایشك کرە سورەکان ـ جوانیکی جولەکەیو ـ قەوما بو دوایی ی هات .

ك . ن : مکسمالیەکان کوشتی (چرپاچیف) یان بنیاد نالە بەرامە جوارکس لە وان یندکرا سفیر روما لە پاریس ام خیرەی تصدیق کرد وتی فرمانبری دورستی لە ناولشکری روکاری شری رومانیا دستی پی کردوە .

امستردام : وکیل تلغراف مکسمالیەکان نقل لە (تروتسکی) اکا دلی اگر المانیەکان تەنکمان بی هەل چتن بوقبول کردنی شروطی کە تاجیان بی بە حق ایمە لشکریکی بە قوت کواکەین کە حملەیان بکەرینیتوە .

اخبار جوی جری

لە فلسطین وە رسماً نوسرا کە لە شرەکان اوی تا ایستا ۹۹ توب و۴۰۰ عربەی یار ۱۱۰ مترالیوزو۷۰۰۰ کولە وکەل منوداکی شر ورزقمان دست کوت .

هوردوی

رویتر خبری وەر کورتوە کە (الیك السلوفال) لە فرانسەدا ترتیب دکری لە (۱۲۰۰۰۰) کسە کە لە مەو پیش خویان تسلیم روس وسرب کردبو .

ژمارەدە (۲) ٥ کانون ثانی ۹۱۸ روزی شمە ۲۲ ربیع الاول ۱۳۳٦ صالی یکم

بو ناو مملکت بودەرەوە
روپیە ۹ روپیە
۱۰۰ ژمارەدە ٦ ۸
بو ٥٠ ژمارەدە ۳ ٤
قیمتی هر ژمارەدەیی آنە یکە

تی کەیشتن راستی

مخابرەلە کەل ادارەخانە روژنامە
دبی بکری ژمارەدە ۱۷۸
نویشتەیی کە موافق مسلکمان
بی دینوسین اکرنەبی نایکەدینوە
هر هفتە دوجار دەردچی

روزنامەیکی سیاسی واجتماعی وخادمی یك بون وسربستی کردانە

﴿کردستان﴾

چەخیریکی [لەرومیان] یعنی لە ترکاندی

کردستان چوار صد صال لمەوپیش بیاریەی سر فرازی اوسای کردان ملا ادریسی بتلیسی چوە ژیر حکمی سلطان سلیم عثمانی لەو روژەوە تا امرو چەخیریکیازدی . ام سؤالە معنیدارە بی شك جوابی ـ هیچە ـ کردان هەمو وقتی سربست وآزا ژیابون یاری خدمتو بندەکی کیان بەشانو باهوی خویان لایق نەدەدی کەلی لەو پیش باوك وباپیریان هەمو یکە سلاحشوری میدانی مردی زمانی حاکانی بابل وآشور وفارس ومیدیە بون [قردیش] کە کیخسروە بدستیاری اوان هنکاوی ظفری هاویشتە (تراکیا) وە لە سرحدی روم وعجمدا دوسی هەزار صال وك قلای آسنین لەجی خویان نە بزوتن بزوری خویان لە شروشوری کەلی پادشاهانی کورە کوردی پیشو رزکاربون مرزبانانی کردان بوفیر بونی فن وفیل شر مندالی خویان انادەدە (روما) وقتی کە روشنایی دینی اسلام شرق داگیر کرد وعرب تجومی بردە سر مملکتی عجم کردنی لەو سرحدە مردیکی نەواویان نواند .

لەزمانی عباسیەکان پیاوی کورە کورە یان پی کە یشت لەحلوان لرستانی کورە وبچوك . لەشارەزور لەدیاربکر خلاصە لەهەمو کردستان کەلی صال صاحبی تخت وتاج وطبل وعلم بون لپاشا اوانیش وك عرب توشی بلای ترك وتاتار هاتن ـ خوامال ویرانیانکاوکو کردی چونکی جیکی او ایان نەهیشت ـ پریشان مان دایانە پاشوە اما دیسان لەسربستی ومردی خویان نەکەوتن سختی جیان وبلندی طبیعتیان پوناغەدانانی حکومتی بچوك بچوك یاریەیدان فائدەی چی لە پاشا وکوعرضمانکرد اوانیش بەدستی سلطان سلیم عثمانی بەفنا چون هەتاچند صال لەمەوپیش حکومتکی بچوکی (بابان) مابو اویشیان لەناوبرد .

کردان بی سرمانەوە حکومتی ترك هیچ سری بی برز نەکردن وچاوی بی نەکردنەوە دادوبارە بنە سرخویانو معنای قومیت ویك بون نی بکەنو بەقوتی علم لەکشکشی ام پریشانی یە رزکار بنو حق بقایان بە عالم بسلمین چارەی کردان امروك عرب بە حکومتی معظمەی بەریتانیا پشت بستە چونکی چاوی لەمالو ملکی کس نیە ارزوی ازادکردنی اقوامە حکومتی امریکا دست نیژ اوە (قنادا) و (ایرلاندا) و (مصر) و (هندوستان) لەسایەی اوا زورچاك سربستدەژین لە (ترکیا) بەتمای دلخوش بون شتیی بە ای کرد برایان .

تلگرافات رویتر ۲ کانون الثانی ۱۹۱۸

پتروکراد : خبر نویسی تایمس الی : مکسیالیە کان بویەحوت منصبی حکومتیان باشترا کیە راستبووە کان بخشی چونکی زور چاك زانیان کەزوربنی لەجمیتی عمومیەدالە طرف اوانەدەمینیتوەو بولشفکە کان ایتر ناتوانن زمامی حکومت بدس بکرنو خویان سربست بمینتوە .

زوریخ : مدیری بەخبر کردنی سپای المان اقراری کردونی مشکلە بو المانیا کە رزقیکی زووری لەروسیە دست بکەوی .

پتروکراد : لشکری روکاری قفقاسیالشکر کیر (کرالوف) یان لە کەل براکی وهەمو ضابط وارکانە حربەکی بەجاری کوشت .

لە (پکین) وە خبر هات کە بولشفکە کان لەوشرە کەلە (ارکتسك) قەوما وکیلی قونسلوسی فرانسە وچند فرانسزیکیان

گوشت شارەکە کری کرتوە وخلق لەبرسانە دەمرن .

پترو کراد : او هیئت بحریەی المانیە کەلەمەو پیش هاتە پترو کراد مذاکرەی بطال کردنی ایشی بحری کرد . هیئتیکی چل کسی ترپش لەم نزیکانە اکاتە پترو کراد اما امە لە المان ونمسوی وترك وبلغار مرکبە وبو مذاکردی کاروباری تجاری وایش ترهاتوە .

پترو کراد : امر درا بەداگیر کیردن هاموپارە وشوشە التونی بانقەکان .

خبر نویس رویتر لە (بترو کراد) وە بە تلغراف الی: مرخصە کان روسیە اشارتیان کردە مادەی سیمین او مذاکرەنامەی صلحە کە لە طرف دولتانی ناونجی ی اوروپا ترتیب کرابو وبحثی ادارە کردنی خوبخویی قومان دکاوتیان امادەیە معنای آشکار نیە پیچی زورە ممکنە لە پاشا بی بە سببی کوم بونی ام حقانە دیسان ممکنە کە امشرەآخری بی و واوقومەبچوکانە باستقلال وسربستی خویان نەکەن واچا کە کە ام حقانە بمعاهدەی صلح پاریز کاری بکری .

میدان فلسطین

لە فلسطینوە : حملە مان بردە سر دوشمن ولە کەلی جی درمان پراندو داگیرمان کرد لە پاشا تورکە کان بیاریەی المانە کان هیومیکی زور بشدتیانکردە سرمان شر ۲۶ ساعت دوامی کرد اما لشکر گیر (الانجی) مولەتی نەدان بە لشکرە ازاکی ورکە را یە سربانو شکاندنی وبە تدرایی دومیل ونیوچوە ناو خطەکیانەوە کەدی تورکە کان لەبەر زوری ضرر وازیان لەهجوم هینا بەلشکرە کە یەوە هەلی کوتایە سر راستە ری نابلس ودوشمنە کانی لەو جیانە در کردر ارضیکی ۷ میل دریژ و ۳ مرکزی بە قوتی کرت جاران لە بین قدس ودوشمن مرکزیکی بو ایستا کە بوبە چوار . دوشمن لەم شرانەدا زوری چو هەزار کسی کوژ را وشش صدی اسیر ورگیرا وبیست متراليوزی ضایع کرد .

دیسان لە فلسطینوە : لە شمالی ی تدسدا پیش کەوتین و ۷۰۰ اسیر مان کرت و ۱۰۰۶ کڤرا ومان ژمارد .

خبری جوی جوی

پاریس : لورد (درپی) تلغرافیکی بو روژنامەی (ماتن) نارد . الی: امل وایە کەلشکر انکلیز لە پیش امە کە صالی حالی تەواو بی بکەری نەوە مملکتی خویان. وقتەحق کرەو لە قوت بیاتەوە . لورد (سسل) لە تلغرافیکیا الی: لەبەردی انکلیز وفرانسزکان صالیکی زور بەشقت هەیە اما بظفر رایدە بوین چونکی کرانی ی شیری امریکا ترازوی حربی لاسەنك کرد .

پاپوریکی انکلیزی لەساحلی فرانسەدا عسکر انکلیز اکاتە دری بوروکاری حربی فرانسە



ژمارده (۳۳) ۸ نیسان ۱۹۱۸ — دوشمبه — ۲۶ جمادی الاخره ۱۳۳۶ صالی یکم

یونانو مملکت بوده‌ره‌وه
روبیه
یو ۱۰۰ ژماره‌ده ۶
یو ۵۰ ژماره‌ده ۳
قیمتی هرژماره ده‌پی آنه یکه

پی کەیشن راستی

بخابره‌له‌کل اداره‌خانه روژنامه
دبی بکری ژماره‌ده ۱۷۸
نویشته‌یی که موافق مسلکمان
بی‌دینوسین اکرنه‌بی نایکه‌رینوه
هر هفته‌جاری ده‌ردجی: له بغداد

روزنامه‌یکی سیاسی واجتماعی وخادمی یك بون وسربستی کردانه

میدان غرب وهجوم المان یاخود انتحار عمومی

دولتان مرکزی له اول شره‌وه تا امرو له همو لاوه تنکیان پی هلچنراوه ودوریان کیراوه . له برامه اقتصادیاتیان روژ بروژ روی له کمی یو وله برنبون برك وخوراك بی‌طاقت بون . وهر چند ـ قانون اقامه‌یان ـ یعنی شتیك له چی شتیکی تردانان ـ بهزار نوع استعمال وارکیر وورکیر کرد فائده‌ی نبخشی . چاره‌ی هائله‌ی احتیاج وداهیه‌ی برسیتیان پی نکرا وهمو له روح خویان بیزار بون. اخری کار قراریاندا باانتحارعمومی یعنی ـ همو بجباری خو بکشتن دان ـ وناویان تاهجوم .

چندمانکی لمو پیش به [هندنبرك]یان وت برك وخوراك المان تموز ابریتوه. وتی قید ناکه ایمه له اول نیسان له (پاریس) دبین . ایمه له وقتی خویدا ام ادعایه‌مان بدروی نیسان له قلم دابو. چونکه اوروپا بی یه کان له نیساندا بوکالته قصه درو یکتری الین. امرو نیسانه جناب (هندنبرك) بوج داخلی پاریس نبو بوج له دور پاریسدا وقته روبح بدا بدستوه .

چند روژ لمو پیش هجوم معهود یاخود انتحار مطلوب دست پیکراوخوین بی کناهی روز له جبهه‌ی غربدا ریژرا. فائده‌ی چی المانه‌کان له همو هجومیکدا لشکریکی زوری خوی دها ویثرینه کروی هژدهای شر وام جانوره خوین واکر فشانه بخیو دکا وخوی یواش یواش بمردن دسپیری وله دلی خویدا الی له شردا مردن له ببرسینی مردن چاکتره . دشمن تاامرو بهجوم چند جیکی کرت اما له کل اوکسانه‌که بکشتنی دان هیچ مناسبتی نیه بلی هجوم یأس تأثیریکی هیه . حلقا له هجوم المان دمی بوباخبر بون وعاقبتکه یان چاك لیك دابووه وهر چه لازم بوپیکیان هینا . امرو جبهه‌ی انکلیز وفرانسه ولك بحرا کرین وکیوی آسن وایه بوی بسرار ضدا روین یاخود له هوادا فرین وله بحرمله کردن قابل نیه . باوجود امان وکو دولتان مرکزی محصورنین .لهمو اطراف هرجیکیان بوی بویان دی وله‌سر هیچ پکیان ناکوی وخصوصاً اوثبانه که دینوین دشمنش تقدیری دکا . کسی تماشای ام حاله چاك بکاله لای معلوم دبی که هجوم المان له انتحار بولاوه هیچ‌ترنیه له‌مسافه یکی دوره‌وه پاریس دانه بر توپی غاز وحشتیکی نامسبوق وعلامت مأیوسی یه . ژن ومندال هراسان کردن کارپیاوی بقوت نیه .

بر له امه المانیا شری غواصه‌یی اعلانکرد ومغایر حقوق دول کلی ضرری به‌دولتان بی‌طرف کیاندوقاعدهٔ (غرقش کن وماهم درمیان) بدستور العمل خوی کرد وبی معنایی ونا پیاویکی زوری نواند امانه همو علامت نومیدیه . مملکتان نامستحکم ودولتان بی طرف توش ضرر کردن . نه‌نیشانه کوره‌یی یه ونه ظفری پی تأمین دکری. همو مان دزانین که سواحلی انا طول وسوریه همو مستحکم نیه بو چی واپوره کان انکلتره که امرو له ناو بحر سفید دا حاکم مطلقن وقوتیان به همو شتیك دشکی تاامرو مملکتیکی ساحلیان ندایه برتوپ چونکه امان به همو معنای کلمه انسانن ضرر به فقیر وهژار ناکه پنن دزانن امانه‌له شردا مدخلیان نیه هر جیك قوتی تیدا بی بواوی هجوم دبن. امه مسلمه که لشکرشکا مملکت له خویه‌وه تسلیم دبی چند روژ لمو پیش انکلیزه کان پلاماری عانه‌یان دا وقوت ترکیان لوی تارومار کرد . که زانیان لوی قوت ولشکر نما وازیان لی هینا چونکی تمایان نیه اهالی ازعاج بکن له شردا دائماقوت پلاماری

قوت ادا واهالی ومملکتان بی طرف دمینن قانون حرب مقتضای وایه .

والحاصل هجوم چند روژه المان دلالت له اتحار عمومی دکا . که انسان وازی له روحی خوی البته به تنك حیاتی کسی ترنابی .

— تاریخ ومشاهیر کورد —

قوم کورد له شعبه‌ی آری وله فرقه‌ی زندیه‌ن اثار عتیقه به (کوشی) یان ومؤرخ قدیم یونان وروم به (کردوخی) یان ناو دبا قوم کرد له زمانیکی کلی پیشووه له روژ هلاتی (دجله) ساکن یون وتا ایستا محافظه‌ی موجودیت وعادت وزمانی خویان کردوه امه دلالت لوه دکاکه طبیعتیکی ثابتیان هیه . اما تاریخ پیشویان وکو تواریخ قومان تر هیشتا چاك درنکوتوه تا حفریاتیکی طریف له اراضی (بین النهرین) نکری تاریخ قدیمیان معلوم نابی اما امنده دزانین که قوم کورد هموو وقتی آزاد مستقل ژیاون ومحکومیتی کسیار قبول نکردوه . تاریخ (قرون وسطی) ی کورد قیمتکی هیه له برایه ایستا بحث لوزمانه یان دکین .

له پاش امه که ترکان حکومت عظیمه ی عباسیان تیك شکاند وجیان بوخویان و (دیلمی) یه کان خوش کرد قوم کوردش سری برز کردوه واستقلال پیدا کردوچند حکومتکیان هینایه ناو حکومت (بنی حسنویه) و (بنی عنان) و (بنی مروان) و واتا بکیاز (لور) کوره وپچوك و (بنی ایوب) و کلی امارت تریان شهرتیکی تاریخیه بقیمت هیه له برامه به صره دیانوسین تاقوم کورد تی بکه‌ن که چند ماضیکی محتشمیان بووه .

(۱) حکومت بنی حسنویه

ام حکومته له صالی ۳۵۰ هجری له طرف حسنویه کوری حسین کوردی تأسیس کرا .

ام حکمداره کورده چون توانی ام حکومته تأسیس بکا : اوی تماشای تاریخی کردبی دزانی که اوترکانه‌ی (المتصم) بپاره کرنی واردویکی لی تشکیل کردن نخته نخته قوتیان پیدا کرد وکلی جارله ناو خویاندا متفق دبون ودستیان له اینسی خلافت وحکومت ، وله بربی علمی تیکسو ومکانیان دداله ام احواله خلافت عباسیه شیوا وله هولا حکومات سربخو بواسطه پاوان بکارهاته ناو . قوم کوردش بالطبع لم حاله پریشانه استفاده‌ی کرد وچونکی جیان هموو شاخ وداخ وسخته چاکتر هاته دست وچند حکومتیکی مناسبیان تأسیس کرد .

حسنویه : امیر کردان (برزیتیه) بو خالوان اویش : (وندادو) و (غانم) کوران امیر احمدی کوری علی امیر کردان (عیشانیه) بون وپنجا صال نواحی (دینور) و (همدان) و (نهاوند) و (صامغان) وبعضیکی (اذربایجان) تا (شهرزور) یان اداره دکرد وهر یکیکیان لشکرکی چند هزار کسی بو . صالی ۳۵۰ (غانم) وفاتی کرد . کوری (دیسم) له‌جی دانشت مرکزی قلمه‌ی (قسنان) بو له پاش مدتیك (ابوالفتح بن المید) چوبکژ دیسما وهمو قلمه کانی استیلا کرد [قسنان] و [غانم اباد] لوجمله یه بون . و [نداد] ش صالی ۳۴۹ . وفاتی کرد . کوری ابو الغنایم عبد الوهاب له‌جی دانشت تا کردان [شادنجان] اسیریان کرد وبو [حسنویه] یان هنا .

(حسنویه) ش همو قلعه کان اوی زوط کرد له برامه که [حسنویه] لوجیانه هیچ معارض نما حکومتیکی کوره‌ی هینایه ناو حسنویه حکمداریکی سیاسی ومقتدر بوقسیکی مهم کوردی هینایه ژیر اطاعتی وخوی وله پریشانی رزگاری کردن . قلای (سرماج) ی به بردی تا شر او درست کرد وله [دینور] دا مرکوتیکی خوشی منتظمی بنیادنا . له [حرمین] دا خیرات ومبراتیکی زوری بو . صال ۳۶۹ وفاتی کرد وله پاش او اختلاف کوته ناو کوره کانی امانه هندیکیان میل [فخر الدوله] وهندیکیان میل [عضد الدوله] بویهی بون حسنویه حوت کوری بو : [ابو النجم بدر] و [ابو العلاء] و [عبد الرزاق] و [عاصم] و [ابوعدنان] و [بختیار] و [عبد الملك] بختیار له‌قلای [سرماج] بوکه همو ذخیره ومال لویدا بو محاربه‌ی له کل [عضد الدوله] کرد ومطیعی بو اما له پاش مدتی روی لی ورگیراویش لشکریکی کوره‌ی نار ده‌سر وقلای سرماج واوانی تری همو زوط کرد . وله ناو همو یاندا [ابو النجم بدر] ی هل بژاردوله‌جی باوکی نصب کرد چونکی

ابو النجم بدر زور عاقل ومدبر بو .

دوایی دی

— حوادث محلیه —

﴿ مجلس بلدیه ﴾

مجلس دائرەی بلدیه بو حساب روژ جمعه ۲۹ اذار ساعت ٤ زوالی یاش نیوه رو کوبووه . مجلس عبارت بوله حضرت حاکم عسکری س . ج هوکر وحضرت وکیل نائب حاکم عسکری رئیس بلدیه‌ی طرف [دصافه] مستر (پترد کوکینو) وحضرت نائب حاکم عسکری طرف (کرخ) میجر (ولر) وحضرت مفتش صحیه : میجر (کودین) واعضای بلدیه حضرت حمدی بك بابان وحضرت عبد المجید بك الشاوی وحضرت الحاج محمود اوطراچی وحضرت مناحیم صالح افندی وحضرت اسکندر افندی عزیز وحضرت یهودا افندی زلوف .

حاکم عسکری نطقیکی دا وایش پاری دائرەی بلدیه‌ی بیانکرد . وتی: بلدیه له مدتی صالیکدا ایشیکی زوری دی . اول ایشیك که لایق شکرانه محافظه امنیت مملکته وخدمت اطفائیه (اکر کوژیر) امانه بقدر امکان له اهالی هل پژیران چه محافظان مملکت چه اطفائیه ایش حاکیان دی رسم بلدیه وکوزمان ترك ورکیرا .

وله پاش هاتن اردوی انکلیز بمدتیکی کم هو کولانی کوره وبعض پچوك یه نوری الکتریق روشن بو .

خسته خانه یك بو درمانکردن حیوانات درست کرا .

شماردەی مالان وکولانان دانرا وعددیان ورکیزاو قیمتی بوتقدیر کرا ومختاران بو کرەکان هل بژیررا . وله حزیران که قیمتی خوردەمنی کران بو حکومت مجلسیکی بوفروتن ام شتانه تعین کرد روژ بروژ مقدار کافی به اهالی فروت خسته‌خانه ملکیه تازه کرایه‌وه والات وادوات تازه ایجادی بوهینرا وله تەنشتیه‌وه اخراخانه یکی بودرست کرا . بوسرایت نکردن (آوله) همتیان کرد ادارەی قصابخانه وله‌خصوص تمیزی غیرتیکی زور تواندرا . آوپالیورا . بواورشنی جاده عربه هینرا بومعاونت فقرا کلی جمعیت تأسیس کرا .

وله‌پاشاوتی زراعت امصال زور چاکه طبیعی تجارت اینده‌ش عال دبی املم هیه که نائل ترقیایکی زوربین .

حکومت حاضره منع هاتن دغل ودان وروئی خارجی کرد بو . اما که چاوی پی کوت قیمتیان کران دبی رخصتی‌دا به اهالی وتجار هرمقداری که آرزو بکن له‌خارجه‌وه بی (پاص) بینن .

واپوری انج وشمشوع

حکومت حاضره امر بدانه‌وی واپوره‌کانی انج وشمشوع کرد . تا دغل‌ودان بو اهالی له بصراوه بینن وهر زانی روبدا . ام مرحمته کلی شایان شکرانه .

حکومت حاضره رسم جمره‌کان وبعضی کارو کسب عموی خسته مزایده‌وه وبم نرخه له‌سر ملتزمه‌کانی قراری کرت .

۱ تجارت شط : به ۳۷۰۰۰ روپیه دا . پار صالیش اونده‌بو .

۲ له دباله پرینوه : به ۲٤۰۰۰ روپیه‌درا . له‌پار صال ۱۲۰۰۰ روپیه‌ی زیادی هیه .

۳ جسر خر : ٤٤۰۰۰ روپیه‌درا. پار صال ۲٦۰۰۰ بو .

اری تماشای زیادی ام رقمانه بکا دزانی حکومت حاضره بو تزید واردات مملکت چند سعی وچون له همو خصوصدا بدقتیکی تواوه همت صرف دکا. بوعمران وترقی ملك دبی همو ایشیك واپك بهتری .

﴿ اخبار نجف الاشرف ﴾

پولیس نجف الاشرف تزید کرا. سده‌ی هندیه چاك بسترا . مسافرین هندی‌هو روژدسته بوزیارت حضرت امیر المؤمنین دبن . لم هفته‌یه دا دون له (۲٤) روپیه حقه‌ی هانه‌سر [۱٤] روپیه. حکومت بو تسهیل کاروکسب پاره‌ی وردەی زوری هینا ام حاله اهالی ممنون کرد .

— بعقوبه —

حاکم سیاسی بعقوبه ام صال بو خصوص زراعت همتیکی زوری نواند. مقداری لم ارقامه چاك وحافریتوه . رقه‌کان عدد فدان نشان ادن :

بلدروز (۵۰۰) مهروت (۱۰۰۰) شهرمان (۳۰۰) خراسان (۳۳۷) خالص شرق (۲٤٤) غربی (۲۳۰) عثمانیه (۲۷۲) العزیه (۱۰۰) البدعه والراشدیه

(٢٨٨) وزیریه (٧٠) دلی عباس (٣٠٠) مجموع (٣٢٤٢) فدانه .

ادبیات کورد

حاجی قادر لەشاعیرە مجددە کانی کردە خلق کویە . شعرە کانی تر وخوشە ،راندانە یە . روزترین شعری اجتماعی یە لە روژنامە کان ایندە دا لە اثاری اوی بفکر مانابی درجی دکین اما لیرادە غزایکی مهم تاریخی واجتماعی دنوسین الی :

اگر کردیك قصه ی بابی نزانی
معین دا یکی .... بابی ....
صلاح الدین ونور الدین کردی
غزیران جزیرە وموش ووانی
مهلل اردشیر ودیسم شیر
قباد وباز ومیرار دلانی
امانه پاکیان کردن نهایت
لەبربی دفتری ونوسینه فانی
کتیب ودفتر وتاریخ وکاغذ
بکردی گر بنو سرایه زبانی
ملا وشیخ ومیر پادشامان
هتا محشر دما نام ونشانی

میدان عراق

فی ٣١ مارت سنه ١٩١٨

لەباش ایه که طلیعه‌ی ایمه لەسردی فرات ٧٣ میل لە ژور (عانه) پیش کوت وبغیر از چند الملن که اسیری کردن کسی لەدشمن نەدی لشکری ایمه ذخیره واسلحه یکی روز دشمن سوتاند وله عانه گرایەوه پاشەوه عدد اسیر کەیشته پنج هزار .

تلگراف رویتر

٢ نیسان : دیوان حرب الی : له روکاری شر روژ آوادا تبدلیك نیه . اوپلامارانه کەدشمن شوی دوی نیسان بو روکاری فرانسه له (اورلقر) و (کریفین) هینا بوی برباد کرا .

٣ نیسان لەخبر یکی دا انکلیزی الی: کولارەکان ایمه له بلندیکی کم وه ١٧ تون بومبای هاویشته سر پیادەی دشمن وجیبانی تر . وکولارەکانی دشمنش لەبلندیکی کموه لەقسم راست روکاری ایمه لشکرمانی دایه برمترالیوز ١٧ کولارەمان خست و ١١ مان ون کرد . کولارەکانی ایمه شو چند تون بومبای هاویشته سر دوارامکای ری اسن راشکرکای وقلیات دشمن وهمو بسلامت گرانەوه .

لەخبر یکی فرانسوی دا الی: توپی دوطرف بشدت ردوبدلی کرد . باخصوص لەبین (لاسنیی) و(موندیه) وتوپه کان ایمه لەروژهلاتی (کنتنی) همو دشمنی دایه برکوله . وقولیکی کشف کورەی دشمن له راستی روژ اوای (حرفه) که له کناری چپی روباری (واز) ، پلاماری هینا وعسکر ایمه گراندیه پاشەوه .

خبر یکی انکلیزی که امرو پاش نیوەروهات الی: دشمن لەلای (قانپو) پلاماریك بشدتی هینا ولەباش شریکی مدەش گراندمانەوه پاشەوه وهند یکمان لی کوشت وهند یکمان اسیر لی کرت وکەایت، مان استیلا کرد ١٠٠ اسیرمان لەدشمن کرت همولەومانه که لەسیر، ولەچپی دوژهلاتی «پولکاپیل» و «لنس» له ٣١ اسیرمان زیادتر هینا .

لەخبر یکی پاش نیوه روی فرانسویه کان دا الی : توپ اکردان له روکاری راست زیاد بو . دشمن له راستی (موری) له بین فورزیل و «ماپی» و «رنفال» پلاماری دایی ونزمه یکی خطی بردمانی کرت . اما له جی تر کراند مانوه پاشەوه . ولەچپی «مون» هجوم دشمنمان کیرایەوه وپلامار مان هینایه سردشمن ومرکزه کانی خومان لەچپی «پلمون» کورەکرد و ٦٠ اسیر مان کرت. وروەی کولارەی ایمه له ٣١ مارت ١٢٠٠٠ کیلوغرام بومبای هاویشته سردی اسن وجی عسکر له «هام» و «شفری» و «نوایون» وجیبانی تر . اکری بردایه ارامکای ری اسن له «شولن» . ومترالیوزکانی له بلندیکی کم منطقه‌ی «روا» بسرجی عسکر دا خالی کرد وکولارەی ایمه ودشمن بشرهاتن هینه کانی ایمه ٨ وتوپه کانمان شش ٢ ی خست .

لشکرکیر (هیك) امشو الی : شر له همو روکاری شر نسبة سکونی پیدا کرد . دوینی شو بعض شری محلی بو ام صبحینیه له نزیکی (فوش) و (هبترك) المان زورمان کشت ودو مترالیوزمان دست کوت واو اسرانه که له (ایت) کرتمان که یشته ١٩٢ امانه شش ضابطیان تیداهیه .

ژمارده (٦٥) ٢٧ کانون ثانی ١٩١٩ دوشمه ٢٤ ربیع ثانی ١٣٣٧ سالی یکم

بوناو ممکت بوده‌ره‌وه
بیه روپیه
بو ١٠٠ ژماره‌ده ٦ ٨
بو ٥٠ ژماره‌ده ٣ ٤
قیمتی هر ژماره‌یی آنه یکه

یکه‌یشتن راستی

مخابره‌له کل اداره‌خانه‌ی روژنامه
دبی بکری
نوبسته‌یی که موافق مسلکمان
بی‌دینوسین اگرنه‌بی‌نایکه‌رینیوه
هر هفته جاری ده‌ردجی: له بغداد

روزنامه یکی سیاسی واجتماعی وخادمی یك بون وسربستی کردنه

انقلابه کیران جویه وادارەی ملك جویه

کس انکاری ناکا که جمعیت اتحاد وترق له وقتی خویدا تا ١٠ تموز ٣٢٤ همتیکی کوره‌ی نواند چونکه استبدادی عبدالحمیدی له ناو برد ومشروطیتیکی اداره‌ی هینایه ناو وترکیایکی تازه وجوان سری بلندکرد . او زمانه همو جوانانی ترك وعرب وکرد وارمن وروم داخلی ام جمعیته بون وهموبه یکه‌وه سمیان ده‌کرد . چندکسی لوان که سودای حکومتیان بو له پاش اعلانی انقلاب دستیان کرد به مخابه‌تی دوسته به‌همته کانی خویان وناوی اتحاد وترقیان هربه خویان لایق ده‌دی له برامه‌زور کس لیان جوی بووه وجمعیتی تریان تشکیل کرد وجمعیتی وکوفداکارانی ملت واحرار وحریت واتئلاف ودیموقرات‌هانه‌وجودچونکه‌له‌حکومت مشروطه دا جمعیتی جوی جوی ومصادمه‌ی افکار طبیعیه. جمعیتی اتحاد وترق له‌امه‌که انقلابه‌کی کیراوظیفه‌ی امه بوایش بداته مجربه‌کار اشناکان وخوی له‌کل امور خیریه‌واقتصادیه ومعارف خریکی بی تا پیاوی مقتدری لی هل بکوی امجادست بداته اداره‌ی ملك طمع میدانی امه‌ی نه‌دا وایان زانی هر کسی که بتوانی انقلاب بکیری دتوانی اداره‌ی ملکش بکا والحال امه زور نادره چونکه اداره‌ی ملك محتاجی تجربه وتأملکی زور دور ودریژه وله برامه اوروديان کرته دست وخلافی اصول دستیان کرد به کوشتن وبرین مخالفه کان وضرب المثلی - ناز بونانه واوکوشت بو قصاب-یان تواو له‌فکر برده دری ونابی نظریه‌ی-من منم توکیی-بون وهر چند پیاوی کوره‌ی وکو کامل پاشا خریك بون که نیان بکه‌ینن اداره‌ی ملك بم نوعه وبه خوبادان نابی هیچ ممکن نبو جمعیتی اتحاد وترق لحظه‌یی له کلی شیطان نهسانه خواربی وکو طاووس به‌زوبال رنکین انقلاب کیری خویان مغرور بون تا له بهشتی اداره‌ی سلطنت درکران وله کل خویان مالی همو ترکه کانیان به قورکرت . ایش بنده نابریته‌وه چونکه‌ام ظالمه‌یی عقلانه حکومتیکی کوره‌یان له ناو برد امه وکو پاره‌ی حکومت له کیسه یانا تا مینیته‌وه . هرچی ترك هیه له اطرافی عالم امرو له علیهیانن. همو طلبی مجازاتیان ده‌کن. امه کافی نیه که له ملك درکرین وله اوروپادا سرسری بن .

سیری مصر یه عثمانلیه کانی مصر چی الین بوپادشای عثمانی

قسمیکی زور لوعثمانلیانه که له‌مصر دان عریضه یکی تلغرافیان بوپادشای عثمانلی نارد ونیدا الین :

اوسیاسته‌ی که جمعیتی اتحادوترق له‌داخل وخارج‌دا تعقیبی کرد حکومتی عثمانی خسته ناو ام مهلکه‌یه‌وه وهیچ فائده‌یکی نبو . حیف هزار حیف بو سمیانه که پیاو چاکی ام حکومته بو اصلاحی اداری صرف کرد . هیچ شبهه نیه که روزی جلوس ایوه بو ام حکومته مظلومه‌مسکینه فاتحه‌ی خیره له بر امه ام موادە عرضی عتبه‌ی شاهانه‌ی ایوه ده‌کین واسترحامی امه ده‌کین که زمان مساعد بواجرای پاش نخری .

(١) بلاو کردنه‌وی مجلس مبعوثانه چونکه به صورتیکی غیره مشروع انتخاب کرا وبه‌کمالی سربستی دست به انتخاباتیکی قانونی کردنه .

(٢) عزلی اعضای اعیانه چونکه امانه جمعیتی اتحاد وترق تعیینی کردن وجائز اوسانی قانونیه نین .

(٣) له وزارتی توفیق پاشادا له جمعیتی اتحاد وترق کس تعیین نکری .

(٤) عفوی عمومی بواو مجرمه سیاسیانه

اعلان بکری که له‌طرف جمیتی اتحاد وترقیه‌وه له‌مه‌وپیش محکوم کرابون .

(٥) اعاده‌ی محاکه‌ی اوکسانه که به جرائمی عادیه‌متهم بون چونکه جمیتی اتحاد وترقی جرمی سیاسی به عادی له قلم ادا.

(٦) محاکمه وتوقیفی اووزارته که حکومتی بی‌فائده مجبوری ام حربه کرد .

ومحاکه‌ی اووزارانه اتحادیه که ده ساله اداره‌ی اموری حکومتی عثمانی کرد وارتکابی جرمیکی زور وشریکانی جنایت جمیتی اتحاد وترقی کرد ویاریه‌یدا ورؤسای اتحادی ترکه نفوذیان له‌حکومتدا بو اوانش وها .

(۷) داخستنی همو جمیتکاهه‌کانی اتحاد وترقی که امرو له‌ممالکی عثمانیدا موجوده ومحو کردنی فکر ومسلکی ام جمیته به تواوی تا حکومت روی راحت ببینی .

تی که یشتن راستی : له‌مه وپیش خبردرا که له استه‌مولدا ۲۰۰ کس له جمیتی اتحاد وترقی توقیف کرا وحکومت عثمانی داوای اوکسانه‌ی کرد که التجایان به المانیا کردبو ودیسان خبر درا که حکومتی المانیا انور وجمال وناظم وبعض یولداش اوانی توقیف کردوه انشاء الله ام خبرانه همو راست ده‌بی وا ظالم به مجازاتی خوی بکا اما فائده‌ی چی — له پاش باران کپنك —

شکانی سپارتاکوسیه‌کان

امستردام: لو تلغرافه‌ی که له المانیاوه هاتوه‌وادفامریته‌وه حرکتی سپارتاکوسیه‌کان له همولا یه‌کدا خاودبیته‌وه .

برن : تلغرافیکی براین خبریداکه شروشور سپارتاکوسیه‌کان برایه‌وه ۱۲ ام مانگه شر نهایتی هات وچار چاردنکی سلاحیکی کم‌له‌دوائری روژنامه کان دی . روژنامه‌کان کرانه‌وه سر ایش خویان . حکومت بوکرنی لبخت وروزا لکسنبرك واخهودن ورادیك امری اصدار کرد .

۱۶ ك ۲

تلغرافیکی دوینی برلین خبریداکه عساکر سپارتاکوسیه‌کانیان له‌کره‌کی (موالی) درکران وکلیلیان لی اسیر کرتن وسلاحیکی زوریان لی سندن . وله‌شاردااسایش حکمفرمابووحکومت محافظی مسلح به اسباب حربیه‌ی تازه‌ی تعیین کرد .

۱۷ ك ۲

قوپنهاف : تلغرافیکی براین که مکتبی (وولف) ه هاتوه خبریدا که‌ابنخت شوی دستکیر کرا ویکی له محافظان کوشتی . وکه عساکر روزا لکسنبرك یان کرت ونمایان بو له ماله کیه‌وه نقلی عربه‌ی کن هندی خلق پلاماری دایه‌و وکوشتی .

حکومت پورتغال بیانامه یکی نشر کرد لودا الی : اوشور وشری له‌ایره هلکیرسا وبولشفکه‌کان اکریان پیوه‌ده ناکوژایه‌وه .

استعفای وزارتی ایتالیا

وزارات ایتالیاله خصوص مسئله‌ی دلماچیا وجزائرینانیه که که به‌معاهده یکی حفیه‌ی صال ۱۹۱۵ مربوطه استعفای کرد . بارون سونینو دیه‌وی شروطی ام معاهده‌یه همووی نانشنی اما اشتراکیه‌کان بریاست پیسولانی له سرامه‌ن که‌له کل چکوسلوفاکه‌کان متفق ببین (وروز نکاتیس) و (تیرول) شمالیان نابزنر بوتخلیه بکن .

تازه کردنی متارکه

امستردام : ۱۷ ك ۲ : هرارزبرکر دوینی پاش نیوه روله (تریف) معاهده‌ی دریژ کردنی زمانی متارکه‌ی امضا کرد .

له‌تازه کردنی معاهده‌ی متارکه‌دا شرط کراکه المانیاله اولی شباطدا ۵۸۰۰۰ ماکینه‌ی زراعی همه نوع تسلیم بکا . اوکسانی که اذیت اسرای حلفایان‌دا همو مجازات بدرین وحلفا کان حق داخل بونی قلاکان ستراسبورك راست بوخویان محافظه ده‌کن .

پاریس : له معاهده‌ی متارکه‌ی تازه‌دا شرط کراکه بو نظارتی احوالی او اسیرانه‌ی روسه که له المانیاوه بو مملکتی خویان‌ده کرینه‌وه ده‌بی هیئتیکی دولی تشکیل بکری . وام هیئته‌ش له برلین کوده‌بیته‌وه دیسان شرط کرا که اوالات وادوانه‌ی له بلچیقا وفرانسه سندراوه ده‌بی همو اعاده بکری واو همو ژیر بخرانه که تواو بوه وممکنه بخریته سر او تسلیم واوی درست دکری خراب بکری وهمو پاپوری تجاری المانیا بخریته ژیر تصرف حلفا دا رزق بی نقل بکری .

مرشال فوش له قصه یکی خویدا الی : المانیا مبالغه له احتیاجی خویدا ناکا اما برسیتی له‌مسه‌زوره ولوه‌ش

تا ترسی که اصولی بولشفکی له‌المانیادا زور بلاو بیتەوه . له‌لای وایه‌که به‌جاری راست دبیته‌وه وام‌وجه‌یه‌به غازی زهرالود له‌خوی دوراخانه‌وه .

رویتر خبریز الی ظن دبری که‌له‌لای روژآواله عساکرالمانیامقداری ٥٠٠,٠٠٠ هیه له بر امه حلفا ناتوان لشکری بکیشنه‌وه پاشی وجودیان لوی‌لازمه بومنع کردنی اوان له‌لای چپی ایران وخراسان .

مجلس روژنامه نویسه‌کان ومؤتمری صلح

پاریس: ١٧ ك٢ نوینرانی روژنامه نویسه‌کانی حلفا وامریکا کوبونه‌وه وقراردان له سر ام موادەدا .

اولا تأمینی نشر کردنی هومذاکراتی مجلس صلح . دوم دەبی بیانناماه‌کان تواوبی . سیم غیر از ام بیاناناماه دەبی خلاصه‌ی مذاکره‌کانش هو روژی تبلیغ بکری دا بی به رهبری خبر نویسه‌کان وبه‌کمال سربستی فکری خویانی له‌سر بنوسن. چوارم مقاومه‌ی هو معارضه یك ده‌کن له خصوص سربستی قصه له بیتی نوینری صلح وروژنامه‌نوسه مسؤوله‌کان بی. پینجم ام هیئته طلبی وکو یك بونی روژنامه نوسه‌کانی حلفاونه بونی رقابت ونظارت له شارانی حلفادا . ششم او روژنامه نوسایه‌که شارانی دنوینن دەبی حاضری جاسه‌ی رسمی کردنه‌وی مجلس صلح بین غیراز امه‌که‌دەبی هو له‌هو جاسه یکی مجلسدا حاضر بن .

کرانه‌وی اسیر حرب عراق

خبرمان زانی که اول قسی له اسیرانی حربی عراق که ژمارده‌یان هزاره ٢٤ مانك له بصاوه بو بصره حرکت ده‌کن .

مجلسی صلح

پاریس ١٨ ك ٢ : خلقیکی زور له بردی نظارتی خارجیه دا کوبونه وه وروژنامه نوسه‌کان وسینماتوغراف وصورنکره‌کانش حاضربون بوامه‌ی سیری چونی نوینران بو مجلس صلح بکن . واول کسی که بو اوی هات مسیو (جول کنیون بو واوانی تریش دو وسه شوینی کوتن . وله پاش امه که‌داخلی نظارتی خارجیه بون له‌ناوچه‌ی الکونکرة) وناوچه‌ی سفارت بون که پشتنه ناوچه‌ی (دەلورلوج) ولوی هرکس له جی مخصوص خوی دانیشت. وکه رئیس ولسن هات خلق صدایکی استحسانی بو بلدیان کرد . اویش نختی را ویستا وبوروژنامه‌نوسه کان بتسمی کرد. واوی جمال نوینره‌کانی دروشانده وه نوینری هند وحجاز بوز چونکه‌هو به‌عمامه‌ی خوش رنگه‌وه عرض اندامیان کرد . ورئیس پونکاره وکو رئیس ولسن استقبال کرا . نوینره‌کان جماعت جماعت دستیان کرد بقصه . وقصه له بینی رئیس ولسن ومسیو کلمانسو دریزبوه . وروژنامه نوسه‌کانی حلفا لو تلاره دا نیشتن که به سر زمینی (دەلورلوج) دادیروانی مسیو پونکاره ساعت ٣ زوالی پاش نیوه‌رو داخل بو وروی کرده کرسی ریاست وئوی خطبه‌یکی افتتاحی بزمانیکی فصیح خویند وحضار هو راویستا بون . وله‌اثنای خطبه‌دا لوید جورج داخل بو ورئیس ولسن نیوه لای کرد بوه خطبه که واستحسان کارانه سری ده‌له‌راندە وه .

وله پاش امه که رئیس پونکاره خطبه‌که‌ی خوی تواو کرد ملازم (منتو) به انگلیزی ترجمه‌ی کرد ونوینری صلح هو له‌سر میزی صلح دانیشتن ژماردەیان ٧٢ رئیسیان مسیو پونکاره بو وله لای راستی رئیس ولسن ونوینره امریکاییه‌کان وله‌لای چپی لوید جورج ونوینری بریتانیه‌کان دانیشتبون وکابه‌کانیش له پشت مسیو پونکاره جیبان کرت بو .

وله‌پاش امه‌که ریاست به‌کلمانسو درا مجلس موافقتی له سر امه کرد که هریکی له‌دولتان پینج کوره رئیسیکی نانی بی . له‌پاشا ندا مسیو کلمانسو دستی کرد قصه وشکری رئیسی‌ولسن ومستر لوید جورجی بجی هینا بو او صداقته که در حقیان کرد ولزومی مجازات مسببه‌کانی ام شره‌ی کیشایه سلکی بیانه‌وه ومجلسی بو خصوص جمعیتی امم تشویق کرد . وتی : اول امر یکه که له‌دانیشتن ابنده‌دامذاکره دەبی بکری امه‌به‌واوری‌دایه‌حضاروتی ایوه مایه‌ی جمعیتی امنك دەبی سعی بووجودی بکن وهمو شتیکی عزیزی له‌یدا دریغ نکن . وهیچ شبهه‌یه‌که ایوه همو تا بوامه اهلن . ایمه نائل ام مقصدەنابین الاینه‌که‌بی محاباقوت بدینه سرخومان ویکنری بو ریك خستن

اومصلحتانه که به‌شوشی تی ده‌که‌زدا بشریت خوشحال وبی غم وبلندجاه بی. اومقصد که هدفی ام مجلسه یه حکم کردنی آشیتیه له‌عالمدا له‌سرمان لازمه ام‌ایشه خیرا وجاك ببینین. واحراری له‌سرمجازاتی اوانه‌ی کردکه کناهی‌ام حربه‌یان هلکرت.

قفقاسیا

قوتیکی عسکری بریتانیا جو بو قفقاسیاکه لوی ترکه‌کان دربکا ترکش به‌کمال سرعت دردەچن وله پیش که یشتنی بریتانیه کان جنایتیکی زوریان ارتکاب کرد.

کشتی لبخت

خبری براین تأیید کشتی لبخت وروزا لوکسنبرك ده‌کا له باش امه‌که له اطرافی المانیا دستکیر بون.

سعی لبخت فائده‌ی نبو

تلغرافیکی براین خبریدا که تقه لای عمله اشتراکیه سرجوکان هرای ایش ته کردنیان فائده‌ی نبو وکلی له عمله کان دستیان کردوه به‌ایش له لیجنغ هرای ایش نکردز قومار وزنامه کانیان مجبوی اوه کران که اعتراض لو جرمانه بکن که له برلیندا کرا.

حدودی رین

لشکر کیرفوش خطبه‌یکی له حضوری خبر نوسه حربیه کانی امریکا خوینده ووتی هجومیك له لای (رین) ده‌وه حاضر کرا بو که المانه کان هیچ نیان دتوانی خویانی‌ل رزکار بکن وبیانی اوه‌ی کرد حدودی رین حدودی طبیعیه محافظه‌ی فرانسه ومدنیت باو ده‌بی المانه کان لوی دوردا بویستین بواسطه‌ی رین ناتوانی ایتر اوضربه یه تکرار بکاته وه که صالی ۱۹۱۴ به فرانسه‌یان کەیاند رین حائلیکی مشترکه بو همو حلفا وضامنی صلحه بو همو اقوام وواسطه‌ی رزکاری مدنیتی عالمه.

دیدان مجلسی صلح

پاریس: ۱۹ ك ۲ روژنامه‌ی (تان) نوسی که رئیس ولسن وردوسای وزاراتی پنیج دولته کورده که وناظران خارجی اوان صبحینی مذاکره‌ی مشکلاتی روسیه ده‌کن. ولو مذاکرانه‌ی که هتا ایستا دوامی کرد هر اوان اشتراکیان کردوه غیر از اجتماعی عمومی دویی.

شرکتی تلغرافی هاقاس‌الی: مسیو کلمانسو لوانایه‌دا که‌بیانامه‌یکی عمومی له مجلسی مبعوثاندا ده‌خوینده وه‌وتی او اختلافی آرایه که له مجلسدا روادا امریکی طبیعیه اکر همو متفق بونایه احتیاجی بوکوکردنه‌وی مجلس نه‌ده ما دیاره غرض له موازنه‌ی مصلحتی جوی جویه. مساعده‌ی نشیری مذاکرات ده‌کری هر شتیك ده‌بی نه‌بژوی اویش که‌دوانیك معارضه‌ی رئیس حکومتیکی تر بکا. ووتی: جمعیتی امم طفره‌بازی‌یه اکر تواو بوامه سعی نکن که‌بی‌به امریکی حقیق. واوسفیر فرانسه‌ی روسیه که چند روژ له‌مه وپیش له ارکنجل هاتیوه حاضری ام مجلسه بوواحوالی روسیه‌ی بیان کردوتی واومقصده که فرانسه تعقیبی ده‌کامه‌یه که‌همو دولاتانی تر موافقتیکی تواویان له ناودا حاصل بی. ومنعی کرانه وی مصیبتی شران بکا.

۲ کانون ثانی

بیانامه یکی پاریس خبرادا که نوینری پنیج دولته کوره ام بیانیه کوبونه‌وه‌ومسیو [نوتس]ی سفیرامه‌والی بو بیان کردن. وله مجلسی صبحینی‌دا له‌خصوصی روسیه‌وه‌مسیو (سکانبوس) ی سفیر دانیمارقه‌ش که لم چندانه دا له بتر سبورغه‌هاتوه قصه دکا.

انتخاباتی جمعیتی عمومیه‌ی المانیا

امستردام ۲۰ك ۲: المانیا بو به‌۳۷ منطقه‌ی انتخابیه بوهلبژاردنی افرادی جمعیتی عمومیه. وحق انتخاب درا به همو پیاو ژنیك که له‌سن ۲۰ صالیان وام انتخاباته‌ش له‌قاعده‌ی نسبی جاری ده‌بی ونتیجه‌ی اخری له ۲۵ ام مانکه دردەکوی.

انتخاباتی براین بی‌امه‌ی شتی‌رویدا نواوبو. ولوانایه خلقیکی روزکوبوبو نه‌وه وژنانیکی زوریان له‌نادا بو که به‌صبرنوره‌ی خویان چاوه‌ری ده‌کرد وله عساکر حکومت قوتی کوره چوبونه ناو مرکزه مهمه‌کان وقوتی ترینش به‌پی وبه اوتومبیل بومحافظه ده‌کران وقرعه له برلین وپوتسدام وسیندو زور واسع بو واوخبرانه‌ی که له‌شارانی تره‌وه اویش دلالت له وسعت انتخابی اوی ده‌کاوغیر ازشتی جزئی هیچ روی نه‌داوه.

ئیعلانات به دێرێک
٣ ئانه دەسێنرێت

بۆ هەموو شتێک موراجەعەت
بە قەرارگاهی عمومی دەکرێت

تەئریخی تەئسیسی
٢٨ی مارتی ١٣٣٩

ناشکێ بە تۆپ و بۆمبا سەرفرازە بانگی حەق
سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی، غەزەتەییکی رەسمیە لە قەرارگاهی عمومی
ئۆردووی کوردستان تەبع دەکرێ
غایە و ئەمەلی ئیستیحصالی حقوقی کوردانە

سال ١ | ژمارە ١ | پێنجشەممە ٢٨ی مارتی ١٣٣٩ | ١١ی شەعبانی ١٣٤١

بسم الله الرحمن الرحیم

(انما المؤمنون اخوة)

١- لە بەیاننامەی پێشوو، کە بە تەئریخی ٨ی مارتی ٣٣٩ نووسرابوو، دوورودرێژ بەیانمان کردبوو کە ئێمە مەقصەد و غایەمان سەعادەت و سەلامەتی ئیسلام و قەومی نەجیبی کورردە، ئێمە بە دوو رابیتە برای یەکین، ئەوەلەن ئیسلامین، سانییەن. هەموو کوردی. ئەم دوو رابیتەیە ئێمەی وەها یەک دڵ و یەک ئەمەل کردووە کە هیچ کەس بە هیچ لەونێ ئێمە لە یەک ناکاتەوە، لە عەزم و موجاهەداتی ملیەی خۆمان فەراغەت ناکەین.

٢- وەختێ کە تەیارەی ئینگلیز شاری سلێمانی بە بۆمبا بۆردوومان کرد و ماڵ و منداڵ و عەیالی بێ گوناه و بێ دەستەڵاتی ئەم میللەتە مەعصومەی ئاگرباران کرد، ماهییەت و مەعنای مەواعید و معاوەنەتی ئینگلیز بە تەواوی مەعلوم بوو، ئەم زوڵم و وەحشییەتە لەم عەصرە مەدەنییەتەدا بۆ مەعنای ئینسانییەت و بەشەرییەت شائیبەییکی فەجیع و خوێنڕێژانەیە ئەم فەجایعەی مەسئولی، ئیحتیمالی بەعضێ مەئمووریین ئینگلیز کە تابیعی هەواو هەوەس و سوئی ئیجتیهاداتی سەقیمەی خۆیان بوون. ئەمە ئەلبەت زەمان حیسابی

دەبینێ ئەم فەجایعە کەوا بەسەر شاری سلێمانی هاتووە و ئەم تەجاوزە هێشتا بەسەر دێهات ئەم میللەتە هەژارە دەکرێ، ئێمە بۆ نەشرو ئیعلانی فەراغەت ناکەین حکومەتی متەمەدینە ئەمە نەگرێتە سەمع ئیعتیار ئەلبەت رۆژی **(غیرةالله)** دێتە غەلەیان. قەهری مونتەقیمی ئیلاهی تەجەلی ساز عیونی بەصیرەت و عیبرەت دەبێ. **(ولا تحسبن الله غافلا عما یعمل الظالمون)**.

٣- بەلێ بەعضێ مەئموورانی ئینگلیز لە خصوصی کوردستانی جنوبی سیاسەتێکی زۆر سەقیمیان گرت. مەقصەد و ئەمەلی ئەمانە، ئەم کوردە مەزلومە، ئەم عونصوری ئیسلامە قەهرو تەدمیر حال بۆ کورد، عەزم و ئیمانیان قائیمە، لە ریێ ئیسلامیەت و سەعادەت خۆی لەهیچ فیداکارییەک لانادا، ئەلحەمدولیلا بێ قووەت و بێ قودرەت نین، عەزم و ئیمانی کورد، بە عەون و عینایەتی باری بەدخواهان و مونافقین مەئیوس سەرەنگون ئەکا **(ولاتحزن ان الله معنا)**.

٤- ئەمرۆ رۆژی غیرەتە، رۆژی مرووەتە، ئۆردووی کوردستان بە قوماندان و هەیئەتی زابوتان و ئەفراد‌ییەوە ئیلتیحاقی منیان کرد، تەرەف تەرەف موجاهیدینی شارو مللییەی ئەکراد، لە ئەحضاراتێکی متەوالید خەریک و مەشغولن، ئێمە هەتا روحمان لە بەدەنا مابێ بۆ ئیستخلاص و ئیعتیلای ئیسلام و میللەتی کورد، بە عەزم و ئیسباتێکی تەواو صەرفی ئیجتیهادو مەقدەرەت ئەکەین، پشتمان بەخوا و روحانییەتی حەضرەتی فەخری کائینات قائیمە **(حسبنا الله ونعم الوکیل نعم المولی ونعم النصیر)**.

٥- ئەهلی شاری سلێمانی و تەوابیعی و هەموو قەومی کورد ئەمین و موطمەئین بن کە ئێمە لە سەر سەعادەت و خەیری ئەوانین بە قصەی بەعضێ مونافیقین و بەدخواهان، ئیسلام و کورد ئیغفال نین، هیچ وەختێ ئێمە بۆ میللەتی خۆمان زەرەرمان نابێ، ئەگەر بەعضێ بەدخواهان و خودپەسندان بە زمانی ئێمەوە مەعلومات فرۆشی و قصەی پڕوپووچیان کرد باوەڕیان پێ مەکەن. لەم نەوعانە خۆتان دوور بخەنەوە، ئەمانە کە بەم تەحرە بە ئیفسادات تەعقیبی مەنفەعەت و شەخصیەی خۆیان دەکەن مستەوجبی نەفرەت و جەزان لە ئوردووی کوردستاندا جێی ئەم نەوعانە نییە.

٦- وەکو حسم کردووە ئەهالی لە تەشکیلاتی چەتەی ئێمە کەوتوونەتە شوبهەوە. موجبی شوبهە و تەرەدود هیچ نییە ئەم چەتانە بۆ موخالفین و موتەمەردین حقوقی کورد تەشکیل کراون، دەکەونە فەعالییەت، ئەم چەتانە قیسمەن عەیان و قیسمەن مەجهول و پەنهان، غایە و ئەمەلی ئەم چەتانە عەینی غایە و ئەمەلی کوردو کوردستانە، مەعطوفی سەعادەت و ئیستیخلاصی قەومی کوردانە.

٧- ئینشائەللا قەریبەن فەوزو نوصرەتی ئیسلام و کورد خۆی دەنوێنی تەوفیقات لە خوداوەندی عالمیانەوەیە، خوا لەسەر حەق و خەیری ئیسلام و کورد، لامان نادا و موەفەقمان بکا، ئامین!...

باش قوماندان و مەلیکی کوردستان
مەحموود

تەعلیماتە بۆ هەیئەتی مللییە

١ - (تعاونوا علی البر والتقوی)
صدق الله العظیم

٢ - هەیئەتی مودافەعەی میللیە مەجهولە، ذەوات ئەم هەیئەتە یەکتریش ناناسن. هەموو میللەتی کورد ئەعضای ئەم هەیئەتەیە.

٣ - ئەم هەیئەتە مەجلیسێکی وەکالەتی هەیە. ئەم مەجلیسە رەئیسی قەدەملی یوزباشی سەید عەبدولڕەزاق ئەفەندی قوماندانی مەفرەزەی هەشتەمە، ئەعضاکانی مستەفا ئەفەندی حاجی حەمەسەعید قۆمیسەر و وەکیل زابت ئیبراهیم ئەفەندییە کاتبی ئەم هەیئەتە محەمەد حەسەن بەگی کاتبی خەستخانەی سلێمانیە.

٤ - ئەصحابی تەبەڕوع ناو و شوهرەتیان داخیل دەفتەری تەبەروعات ناکرێ لە دەفتەری تەبەڕوعات ژمارەی موتەسلسل وەضع ئەکرێ. تەبەڕوعات لەژێر ئەم ژمارەدا قەید و تەسبیت ئەکرێ، ئەوی ئارەزوو بکا لەگەڵ ئەم ژمارەدا ناو و شوهرەتی خۆی قەید ئەکا.

٥ - موقابیلی تەبەڕوعات موطلەقەن لە تەرەفی مەجلیس وەکالەت مودافەعەی مللییە مەقبوضێک ئەدرێ، لەم مەقبوضە ئیسم و شوهرەت دەنووسرێ و نومروی متەسەلسیلی دەبێ، ئەم مەقبوضە بە دەست ئەصحابی خەیرات و تەبەروعاتەوە دەمێنێ، بن قوچانی ئەم مەقبوضە کە لە مەجلیس وەکالەتی ئەمێنێتەوە ناو و شوهرەتی حاوی نابێ. نومرەی موتەسلسلی لەسەر دەبێ.

٦ - بەم صورەتە کە موعامەلە کرا. ئەصحابی تەبەڕوعات دەرەجەی حەمییەت و مرووەتیان لە ژێر نومروی موتەسلسیلی خۆیانا عند الایجاب نەشر و ئیعلان دەکرێ کە لەم ئیعلانە ئەصحابی خەیرات ناویان مەعلوم نابێ، لاکین لەخۆی کەفییەت مەعلوم دەبێ.

٧ - بۆ ئۆردووی کوردستان و موجاهیدین و قیوای میلییەی ئیسلام و میللەتی کورد هەموو شتێک تەرک و تەبەڕوع ئەکرێ وەکو: پارە، ئەسپ، ئێستر، ئەسلیحە، جبەخانە، جامانە، کلاو، کراس، دەرپێ، قوماشی جل، چاکێت، پانتۆڵ، دولاق، گۆرەوی، کەوش، سوخمە، بەتانیە، کلیم، چیت، دەستەسڕ، هەتا دەرزی، دەزوو، شەکر، چای، کاوڕ، بەرخ، رۆن، برنج، ساوەر، نیسک، نۆک، ئارد، جۆ، پاچ، بێڵ، خاکەناز.. الخ

٨ - تەبەڕوعات لە تەرەفی مەجلیس وەکالەتەوە وەردەگیرێ و دەخرێتە ئەنبار، بە پێنج رۆژ دەفعەیێک مەجلیس وەکالەت دەفتەرێکی تەبەڕوعات تەنزیم و تەقدیم مەقامی باش قوماندانی ئوردووی کوردستان ئەکا.

٩ - لە تەرەفی مەجلیس وەکالەتەوە دەفتەرێکی مونتەزەمی تەبەڕوعات و قەیدێکی ئەنباریی خەتەئوو سەهوو تەرتیب و تەنزیم ئەکرێ.

ئەمە لەژێر مەسئولیەتی رەئیس و کاتیبە و ئەعضاکان لە ئەعضای فەعالە مەعدودە.

١٠ - ئەمڕۆ رۆژی غیرەتە، رۆژی مرووەتە، چاکە و خراپەی ئەمڕۆ گوم نابێ، لە دونیا و ئاخیرەت حیسابی دەبینرێ (**فمن یعمل مثقال ذرة خیرا یره ومن یعمل مثقال ذرة شرا یره**) صدق الله العظیم

باش قوماندان و مەلیکی کوردستان
مەحموود

تعلیمانە بو هیئت مدافعەی ملیە

١ – (تعاونوا علی البر و التقوی) صدق الله العظیم .

٢ – هیئت مدافعەی ملیە بجەو لە ، ذواتی ام هیئتە یك ئریش ناقاسن ، هرو ملت کورد اعضای ام هیئتەیە .

٣ – ام هیئتۀ مجلسیکی وکالتی هیە ، ام مجلسە رئیسی قدملی یوزباشی سید عبد الرزاق افندی قوماندان مفرزۀ هشتم ، اعضا کانی مصطفی افندی حاجی حمە سعید قومیسر و وکیل ضابط ابراهیم افندییە کاتب ام هیئتە محمد بك حسن بکی کاتب خستەخانەی سلیمانییە .

٤ – اصحاب تبرع ناو و شهرتیان داخل دفتری تبرعات ناکری ، لەدفتر تبرعات ژمارەی متسلسل وضع اکری ، تبرعات لە ژیرام ژمارەدا قید و تثبیت اکری ، اوی آرزو بکا لکل ام ژمارەدا ناو و شهرتی خوی قید اکا .

٥ – مقابل تبرعات مطلقا لە طرف مجلس وکالت مدافعەی ملیە مقبوضیك ادری ، لم مقبوضە اسم و شهرت دەنوسری و نومرەی متسلسل دەبی ، ام مقبوضە بە دست اصحاب خیرات و تبرعاتە وە دەمینی ، بن قوچانی ام مقبوضەکە لە مجلس وکالت امینیتەوە ناو و شهرتی حساری نابی ، نومرەی متسلسل لسر دەبی .

٦ – بم صورتە کە معاملە کرا ، اصحاب تبرعات درجەی حیت و مروتیان لە ژیر نومرەوی متسلسلی خویانا عندالایجاب نشر و اعلان دەکری کە لم اعلانە اصحاب خیرات ناویان معلوم نابی ، لکن لە خوی کیفیت معلوم دەبی .

٧ – بو اوردوی کوردستان و مجاهدین و قوای ملیەی اسلام و ملت کورد هموشتیك ئرك و تبرع اکری وکو پارە ، اسپ ، ایستر ، اسلحە ، جبخانە ، جامانە ، کلاو ، کراس ، درپی ، قماش جل ، جاکت ، پانطول ، دولاق ، کوڕەوی ، کوش ، سخمە ، بطانیە ، کلیم ، مثقالی ، چیت ، دستەمر ، هتا درزی ، دزو ، شکر ، چای ، کاور ، برنج ، رون ، پنیر ، ساور ، نیسك ، نوك ، آرد ، جو ، باج ، بیل ، خاکناز ..... الخ

٨ – تبرعات لە طرف مجلس وکالتەوە وردەگری و دەخریتە انبار ، بە پینج روژ دفعەیك مجلس وکالت دفتریکی تبرعات تنظیم و تقدیم مقام باش قوماندان اوردوی کوردستان اکا .

٩ – لە طرف مجلس وکالتەوە دفتریکی منتظم تبرعات و قیدیکی انباری بی خطا و سهو ترتیب و تنظیم اکری ، امە لە ژیر مسئولینی رئیس و کاتبە ، اعضاکان لە اعضای فعالە معدودە .

١٠ – امرو روژی خیرتە ، روژی مروتە ، جاکە و خراپە امرو کوم نابی ، لە دنیا و آخرت حسابی دەبینری . [فمن یعمل مثقال ذرة خیرا یره ومن یعمل مثقال ذرة شرا یره] صدق الله العلی العظیم .

باش قوماندان و ملك کوردستان

محمود

هەواڵنامەی کێبڕکێ

ئیعلانات به دێرێک
٣ ئانه دەسێنرێت

تەئریخی تەئسیسی

بۆ هەموو شتێک موراجەعەت
بە قەرارگاهی عمومی دەکرێت

٨ی مارتی ١٣٣٩

ناشکێ بە تۆپ و بۆمبا سەرفرازە بانگی حەق
سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی، غەزەتەیێکی رەسمییە لە قەرارگاهی عمومی
ئۆردووی کوردستان تەبع دەکرێ.
غایە و ئەمەلی ئیستیحصالی حقوقی کوردانە

سالّی ١ | ژمارە ٣ | پێنجشەممە | ١٢ نیسانی ١٣٣٩ | ٢٦ی شەعبانی ١٣٤١

تەبریکی رەمەزانی موبارەک

بە شەڕەفی حلولی **(شهر رمضان الذي انزل فيه القرآن)** **(بانگی حـەق)** تەبریکی هەموو عالەمی ئیسلام دەکا. خوا میللەتی کورد وەکو ئەقوامی سائیرە لە جەهل و ئەسارەت سەر ئەفرازو بە کەمالی سرووڕ و موەفەقیەت نائیلی ئامالی مللییەی خوی و حقوقی سیاسییە و مەدەنییە بکا. ئامین بوحورمەت سید المرسلین.

بۆ قوماندانی مەفرەزەی هەشتەمی پیادە

١ ـ تـەرەف و تـەرەف مـوراجـەعـەت بە ئێمە دەکـرێ کـە هەیئەتێکی موداڤەعەی میلّییە تەشکیل بکەن، لەسەر ئـارەزوو و موراجەعاتی متەوالییەی میللەتی کورد ئەم هەیئەتە زاتـەن لە خۆیەوە تەئسیسی کردووە.

٢ ـ هەتا ئیستە لە تـەرەفی صاحیبێکی غـیـرەت و مـرووەت ٧٠٠٠ و لـە تەرەفی زاتێکی تـرەوە ٣٠٠٠ روپـیـەو لە تەرەفی زاتێکی سالیس و رابیع هـەر یەکێ بارێ شەکر بە ناوی ئوردوو موجاهیدین و قیوای میلّییەی کوردستان تەبەڕوع کـراوە، ئەم زەواتە نەشرو ئیعلانی ناوی خۆیان موافیق نەبینی، لە تەرەف ئەربابی خۆیەوە مەعلومە، ئەعمالی صالحە بێ موکافەئات نامێنێ، خوا ئەم میللەتە ئیسلام و کوردە بگەینێ بە حەق و ئیستیقلالی خۆی.

٣ ـ بۆ مەجلیسی وەکـالـەت موداڤەعەی میلّییە تەعلیماتێک گیرایە قەڵەم صورەتی بە پێچراوەیی رەوانەکرا. ئێمە ئەساسەن بو ئیستراحەت و سەعادەتی ئیسلام و کورد تەرجیحی هەموو موشکیلاتێکمان کردووە، لەسەر ئێمە واجیبە هەموو ئارەزوویێکی میللەتی ئیسلام و کورد بەجێ بهێنین لەبەر ئەمە ئێوەیش بە موجیبی ئـەم تەعلیماتە بـکـەونـە فەعالییەت **(ومـا النصر الا من عندالله)**

باش قوماندان و مەلیکی کوردستان
مەحموود

تەعلیماتە بۆ هەیئەتی مللییە

١ ـ **(تعاونوا علی البر والتقوی)**
صدق الله العظیم

٢ ـ هەیئەتی مودافەعەی میللیە مەجهولە، ذەوات ئەم هەیئەتە یەکتریش ناناسن. هەموو میللەتی کورد ئەعضای ئەم هەیئەتەیە.

٣ ـ ئەم هەیئەتە مەجلیسێکی وەکالەتی هەیە. ئەم مەجلیسە رەئیسی قەدەملی یوزباشی سەید عەبدولڕەزاق ئەفەندی قوماندانی مەفرەزەی هەشتەمە، ئەعضاکانی مستەفا ئەفەندی حاجی حەمەسەعید قومیسەر و وەکیل زابت ئیبراهیم ئەفەندییە کاتبی ئەم هەیئەتە شوکری ئەفەندی کوڕی کەریم عەلەکە ئەفەندی.

٤ ـ ئەصحابی تەبەڕوع ناو و شوهرەتیان داخیل دەفتەری تەبەروعات ناکرێ لە دەفتەری تەبەڕوعات ژمارەی موتەسلسل وەضع ئەکرێ. تەبەڕوعات لەژێر ئەم ژمارەدا قەید و تەسبیت ئەکرێ، ئەوی ئارەزوو بکا لەگەڵ ئەم ژمارەدا ناو و شوهرەتی خۆی قەید ئەکا.

٥ ـ موقابیلی تەبەڕوعات موطلەقەن لە تەرەفی مەجلیس وەکالەت مودافەعەی مللییە مەقبوضێک ئەدرێ، لەم مەقبوضە ئیسم و شوهرەت دەنووسرێ و نومروی متەسەلسیلی دەبێ، ئەم مەقبوضە بە دەست ئەصحابی خەیرات و تەبەروعاتەوە دەمێنێ، بن قوچانی ئەم مەقبوضە کە لە مەجلیس وەکالەتی ئەمێنێتەوە ناو و شوهرەتی حاوی نابێ. نومرەی موتەسلسلی لەسەر دەبێ.

٦ ـ بەم صورەتە کە موعامەلە کرا. ئەصحابی تەبەڕوعات دەرەجەی حەمییەت و مرووەتیان لە ژێر نومروی موتەسلسیلی خۆیانا عند الایجاب نەشر و ئیعلان دەکرێ کە لەم ئیعلانە ئەصحابی خەیرات ناویان مەعلوم نابێ، لاکین لەخۆی کەفییەت مەعلوم دەبێ.

٧ ـ بۆ ئۆردووی کوردستان و موجاهیدین و قیوای میللییەی ئیسلام و میللەتی کورد هەموو شتێک تەرک و تەبەڕوع ئەکرێ وەکو: پارە، ئەسپ، ئێستر، ئەسلیحە، جبەخانە، جامانە، کلاو، کراس، دەرپێ، قوماشی جل، چاکێت، پانتۆل، دولاق، گۆرەوی، کەوش، سوخمە، بەتانیە، کلیم، چیت، دەستەسڕ، هەتا دەرزی، دەزوو، شەکر، چای، کاوڕ، بەرخ، ڕۆن، برنج، ساوەر، نیسک، نۆک، ئارد، جۆ، پاچ، بێڵ، خاکەناز.. الخ

٨ ـ تەبەڕوعات لە تەرەفی مەجلیس وەکالەتەوە وەردەگیرێ و دەخرێتە ئەنبار، بە پێنج ڕۆژ دەفعەیێک مەجلیس وەکالەت دەفتەرێکی تەبەڕوعات تەنزیم و تەقدیم مەقامی باش قوماندانی ئوردووی کوردستان ئەکا.

٩ ـ لە تەرەفی مەجلیس وەکالەتەوە دەفتەرێکی مونتەزەمی تەبەڕوعات و قەیدێکی ئەنباریی خەتەئوو سەهوو تەرتیب و تەنزیم ئەکرێ.

ئەمە لەژێر مەسئولیەتی رەئیس و کاتیبە و ئەعضاکان لە ئەعضای فەعالە مەعدودە.

١٠ ـ ئەمڕۆ ڕۆژی غیرەتە، ڕۆژی مرووەتە، چاکە و خراپەی ئەمڕۆ گوم نابێ، لە دونیا و ئاخیرەت حیسابی دەبینرێ **(فمن یعمل مثقال ذرة خیرا یره ومن یعمل مثقال ذرة شرا یره)** صدق الله العظیم

باش قوماندان و مەلیکی کوردستان
مەحموود

(بانگی حق)

یەکەمین رۆژنامەی شۆڕشی کوردستان

د. کەمال فوئاد

ئەم بابەتەی کە لێرەدا دەیخوێننەوە، (١٢) ساڵێک بەر لە ئەمڕۆ، لە رۆژانی یادی (١٠٠) ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی، لە پاشکۆی گۆڤارێک بە ناوی **(مرۆڤایەتی)** بڵاوکراوەتەوە، ئەنجوومەنی بەڕێزی سەندیکا پێیان باش بوو جارێکی دیکە لەم **(ژمارە تایبەتییە)**ی گۆڤاری **(رۆژنامەنووس)دا** وەکو خۆی بڵاوی بکەینەوە. دیارە **(د. کەمال فوئاد)** ی تۆژەری بابەتەکە لە نووسینەوەی دەقەکەدا ڕێنووسێکی تایبەتیی بەکارهێناوە، بۆیە ئێمە هیچ دەستکارییەکی ڕێنووسی دەقەکەمان نەکردووەو وەکو خۆی بڵاودەکەینەوە.

(رۆژنامەنووس)

ئەگەر **"کوردستان" (قاهیرە، ١٨٩٨/٤/٢٢) یەکەمین رۆژنامەی کوردی بێت، "بانگی هەق"** یەکەمین رۆژنامەیە کە لە لایەن بزوتنەوەیەکی چەکداری کوردەوە بڵاو کرابێتەوە.

ئەم رۆژنامەیە پاش ئەوەی شێخ مەحمود (١٨٨٢ - ١٩٥٦) سلێمانی ی بە جێهێشتووە **(سەرەتای مارتی ١٩٢٣)** لە لایەن "قرارگاهی عمومی اردوی **(بارەگای گشتی ی لەشکری) کوردستان"**ەوە لە ئەشکەوتەکەی جاسەنە **(نزیک سوورداش)** چاپ کراوە. تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچووە. ئێمە ئێستا ژمارە ١و٣مان لە بەر دەست دایە. ژمارە ٢ هەر بە دەستنووسی ماوەتەوە. وەک لە وتارێکی ئەدمۆنس دا دەر ئەکەوێت، ئەو تەواوی ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە و رۆژنامەی **"رۆژی کوردستان"ی داوە بە کتێبخانەی زانستگای کامبریج)**[١]. یەکێک لەو کارە باشانەی لە بیست و پێنج ساڵی رابوردوودا لە بڵاوکردنەوەی کوردی دا بەرچاو ئەکەوێت، سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە کوردی یەکانی پێشووە)[٢]. ئەم کارە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم رۆژنامە و گۆڤارانەی لە نەمان رزگار کرد، نەوەی نوێ ی بە سامانی ئەدەبی ی پێشوومان زیاتر ئاشنا کرد و سەرچاوەیەکی گرنگ و باوەڕپێکراوی خستنە بەردەست کە

بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و ئەدەبی و میژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتد.. بایەخێکی تایبەتی ی هەیە. **"بانگی هەق"** یەکەم رۆژنامەیە کە لە لایەن هێزێکی سیاسی ی چەکداری کوردەوە بڵاوکرابێتەوە لەبەر ئەوە، سەرەڕای کەمی ی ژمارە و لاپەڕەکانی، بەڵگەنامەیەکی گرنگە بۆ زیاتر شارەزا بوون و تێگەیشتنی راستی لە بارەی بزوتنەوەکەی شێخ مەحمود و ئامانجەکانی یەوە. رۆژنامە و گۆڤارەکانی پێشوومان گەلێک لایەنی شاراوەمان بۆ ئاشکرا ئەکەن و زانیاری ی بە نرخمان ئەخەنە بەردەست لە بارەی کۆمەڵگای کورد و باری کوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردەوە، چونکە سەرچاوەی یەکەم دەستن، بە تایبەتی لە بارەی ئەو سەردەمانەوە کە تیا بڵاو کراونەوە، منیش بە نیازی دەرخستنی لایەنێکی تری بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و سروشت و ئامانجەکانی لە سەرەتای بیستەکان دا، لەسەرچاوەی خۆیەوە بە بۆنەی سەدەمین سالڕۆژی رۆژنامەگەریی کوردییەوە، بە هەلم زانی ئەم باسە پێشکەش بە خوێندەوارانی کورد بکەم.

ژمارەی یەکەمی " **بانگی هەق" (بانگ حق)** رۆژی پێنج شەممە ١١ی شەعبانی ١٣٤١/٢٨ی مارتی ١٣٣٩ (١٩٢٣) بە دوو لاپەڕە (٢١×٣٣) سم دەرچووە، لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی دا بە گەورەیی نووسراوە: بانگ حق، لە تەنیشتی راست و چەپی ناوی رۆژنامەکەوە نووسراوە " **تأريخ تأسيسى ٢٨ مارت ١٣٣٩**" لە ژێریا " **ناشكى بە طوب و بومبا سرافرازە بانک حق**"، "سیاسی، ادبی/ اجتماعی، غزتەیکی رسمیە لە قرارگاهی عمومی اردوی کوردستان طبع دکری، غایە املی استحصالی حقوق کوردانە"، ئەمجا سال ١ ژمارە پنجشمبە ٢٨ مارت ١٣٣٩ ١١ شعبان ١٣٤١. هەموو ژمارەکە بریتی یە لە یەک وتار، ئەویش پێکهاتووە لە رووبەرێکی زۆر فراوان کە بریتی یە لە ٢ ستون پێکهاتووە. بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز باشتر لە ناوەڕۆکی ئەم دوو ژمارەیە ئاگادار بێت، لە خوارەوە ناوەڕۆکەکانیان بە ڕێنووسی نوێ بڵاو ئەکەینەوە. بە نیازی بەراوردکردنیش وێنەی هەردوو ژمارەکە ئەخەینە بەرچاو.

بسم الله الرحمن الرحيم
(انما المؤمنون اخوة)

١- لە بەیاننامەی پێشوو، کە بە تاریخی ٨ی مارتی ١٣٣٩ نووسرابوو، دوورودرێژ بەیانمان کردبوو کە ئێمە مەقسەد و غایەمان سەعادەت و سەلامەتی ئیسلام و قەومی نەجیبی کوردە، ئێمە بە دو رابیتە برای یەکین، ئەوەلەن ئیسلامین، ثانی یەن. هەموو کوردین. ئەم دوو رابیطەایە ئێمەی وەها یەک دڵ و یەک ئەمەل کردووە کە هیچ کەس بە هیچ لەونێ ئێمە لە یەک ناکاتەوە، لە عەزم و موجاهەداتی میللی یەی خۆمان فەراغەت ناکەین.

٢- وەقتێ کە تەیارەی ئینگلیز شاری سلێمانی ی بە بۆمبا بۆردوومان کرد و مالّ و منداڵ و عەیالی بێ گوناه و بێ دەستەڵاتی ئەم میللەتە مەعصومەی ئاگرباران کرد، ماهیەت و مەعنای مەواعید و موعاوەنەتی ئینگلیز بە تەواوی مەعلوم بو، ئەم زوڵم و وەحشتە لەم عەصرە مەدەنییەتەدا بۆ مەعنای ئینسانییەت و بەشەرییەت شائیبەیەکی فەجیع و خوێنڕێژانەیە. ئەم فەجایعەی مەسئولی ئیحتیمال بەعزێ مەئمورینی ئینگلیز کە تابیعی هەواو هەوەس و سوئی ئیجتیهاداتی سەقیمەی خۆیان بوو. ئەمە ئەلبەت زەمان حسابی دەبینێ. ئەم فەجایعە کەوا بەسەر شارێ سلێمانی هاتووە وە ئەم تەجاوزە هێشتا بەسەر دێهاتی ئەم میللەتە هەژارە دەکرێ، ئێمە بۆ نەشرو ئیعلانی فەراغەت ناکەین. حکوماتی موتەمەدینە ئەمە نەگرێتە سەمع ئیعتیبار ئەلبەت رۆژی **(غیرەالله)** دێتە غەلەیان. قەهری مونتەقیمی ئیلاهی تەجەللای سەتاری عیونی بەصیرەت و عیبرەت دەبێ. **(ولا تحسبن الله غافلا عما يعمل الظالمون).**

٣- بەڵێ بەعزێ مەئمورانی ئینگلیز لە خصوصی کوردستانی جنوبی سیاسەتێکی

زۆر سەقیمیان گرت. مەقصەد و ئەمەلی ئەمانە، ئەم کوردە مەزڵومە، ئەم عونصوری ئیسلامە قەهرو تەدمیر بکەن حال بو کورد، عەزم و ئیمانییان قائیمە، لە ریّی ئیسلامی یەت و سەعادەی خۆی لەهیچ فیداکاری یەک لانادا، الحمدلله بیّ قووەت و بیّ قودرەت نین، عەزم و ئیمانی کورد، بە عەون و عینایەتی باری، بەدخواهان و مونافقین مەیئووس سەرەنگون ئەکا **(ولاتحزن ان الله معنا)**.

٤- ئەمڕۆ رۆژی غیرەتە، رۆژی مرووەتە، ئۆردوی کوردستان بە قوماندان و هەیئەتی زابتان و ئەفرادی یەوە ئیلتیحاقی منیان کرد، تەرەف تەرەف موجاهیدینی شارو قیوای مللی یەی ئەکراد، لە ئەحزاراتێکی موتەوالید خەریک و مەشغولن. ئێمە هەتا روحمان لە بەدەنمانا مابیّ بۆ ئیستخلاص و ئیعتیلای ئیسلام و میللەتی کورد بە عەزم و ئیمانێکی تەواو صەرفی ئیجتیهادو مەقدەرەت ئەکەین، پشتمان بەخوا و روحانییەتی حەزرەتی فەخری کائینات قائیمە **(حسبنا الله ونعم الوکیل، نعم المولی ونعم المصیر)**.

٥- ئەهلی شاری سلێمانی و تەوابیعی و هەموو قەومی کورد ئەمین و موطمەئین بن کە ئێمە لە سەر سەعادەت و خێری ئەوانین. بە قسەی بەعزیّ مونافقین و بەدخواهان، ئیسلام و کورد ئیغفال نەبن، هیچ وەختیّ ئێمە بۆ میللەتی خۆمان زەرەرمان نابیّ، ئەگەر بەعزیّ بەدخواهان و خودپەسندان بە زمانی ئێمەوە مەعلومات فرۆشی و قصەی پڕوپووچ یان کرد باوەڕیان پیّ مەکەن. لەم نەوعانە لە خۆتان دوور بخەنەوە، ئەمانە کە بەم تەحریە ئیفسادات تەعقیبی مەنفەعەت و شەخصیەی خۆیان دەکەن موستەوجیبی نەفرەت و جەزان، لە ئوردووی کوردستاندا جێی ئەم نەوعانە نی یە.

٦- وەکو حیسم کردووە ئەهالی لە تەشکیلاتی چەتەی ئێمە کەوتوونەتە شوبهەوە. موجیبی شوبهە و تەرەدود هیچ نی یە. ئەم چەتانە بۆ موخالفین و موتەمەڕڕدینی حقوقی کورد تەشکیل کراون، دەکەونە فەعالی یەت، ئەم چەتانە قیسمەن

عەیان و قیسمەن مەجهول و پەنهان، غایە و ئەمەلی ئەم چەتانە عەینی غایە و ئەمەلی کوردو کوردستانە، مەعطوفی سەعادەت و ئیستیخلاصی قەومی کوردانە.

٧- ئینشائەللا قەریبەن فەوزو نەصرەتی ئیسلام و کورد خۆی دەنوێنی تەوفیقات لە خوداوەندی عالی یانەوەیە، خوا لەسەر حەق و خێری ئیسلام و کورد لامان نادا و موەفەقمان بکا، ئامین!...

"باش قوماندان و مەلیکی کوردستان"

مەحمود

بەم جۆرە ژمارەی یەکەمی رۆژنامەکە کۆتایی دێت.

ژمارەی دووەمی وەک لە سەرەوە باسمان کرد لە بەردەست دا نی یە. ئەدمۆیس لە وتارەکەی دا ئەڵێت کە دەستنووسەکەی دەست کەوتووە بەڵام چاپ نەکراوە، چونکە بەڕێوەبەری چاپخانەکە داوای ئیمزای نووسەری وتارەکان و رەزامەندی ی شێخ مەحمودی کردووە لەسەر چاپکردنی. هەروەها ئەڵێت کە ناوەڕۆکەکەی لە ناوەڕۆکی ژمارەی یەکەمی ئەچێت ١).

ژمارەی سێ یەمی **"بانگی هەق"** رۆژی پێنج شەممە، ٢٦ی شەعبانی ١٣٤١/١٢ی نیسانی ١٣٣٩ (١٩٢٣) دەرچووە. بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی هەر وەک ئەوەی ژمارەی یەکەم وایە، ئەمجا بەم جۆرە دەست پێ ئەکات:

"تەبریکی رەمەزانی موبارەک"

بە شەرەفی حلولی **(شهر رمضان الذی انزل فیه القرآن)** **(بانگی حەق)** تەبریکی هەموو عالەمی ئیسلام دەکا. خوا میللەتی کورد وەکو ئەقوامی سائیرە لە جەهل و ئەسارەت سەر ئەفرازو بە کەمالی سروور و موەفەقییەت نائیلی ئامالی مللی یەی خوی و حقوقی سیاسی یە و مەدەنی یە بکا. ئامین بە حورمەتی سید المرسلین.

"بۆ قوماندانی مەفرەزەی هەشتەمی پیادە"

١ ـ تەرەف تەرەف موراجەعەت بە ئێمە دەکرێ کە هەیئەتێکی موداڤەعەی میللی یە تەشکیل بکەن، لەسەر ئیارەزوو و موراجەعاتی متەوالی یەی میللەتی کورد ئەم هەیئەتە زاتەن لە خۆیەوە تەئسیسی کردووە.

٢ ـ هەتا ئێستە لە تەرەفی صاحبێکی غیرەت و موروەوەت ٧٠٠٠ و لە تەرەف زاتێکی ترەوە ٣٠٠٠ روپیەو لە تەرەف زاتێکی ثالث و رابع هەر یەکێ بارێ شەکر بە ناوی ئۆردوو موجاهیدین و قیوای میللی یەی کوردستان تەبەروع کراوە، ئەم زەواتە نەشرو ئیعلانی ناوی خۆیان موواڤیق نەبینی، لە تەرەف ئەربابی خۆیەوە مەعلومە، ئەعمالی صالیحە بێ موکافات نامێنێ، خوا ئەم میللەتە ئیسلام و کوردە بگەیەنێ بە حەق و ئیستیقلالی خۆی.

٣ ـ بۆ مەجلیسی وەکالەتی موداڤەعەی میللیە تەعلیماتێک گیرایە قەلەم، صورەتی بە پێچراوەیی رەوانە کرا. ئێمە ئەساسەن بو ئیسراحەت و سەعادەتی ئیسلام و کورد تەرجیعی هەموو موشکیلاتێکمان کردووە، لەسەر ئێمە واجیبە هەموو ئیارەزوێکی میللەتی ئیسلام و کورد بەجێ بهێنین لەبەر ئەمە ئیوەیش بە موجیبی ئەم تەعلیماتە بکەونە فەعالییەت **(وما النصر الا من عندالله)**

"باش قوماندان و مەلیکی کوردستان"

مەحمود

ل٢:

تەعلیماتە بۆ هەیئەتی موداڤەعەی مللییە

١ ـ (تعاونوا علی البر والتقوی) صدق الله العظیم)

٢ ـ هەیئەتی موداڤەعەی میللیە مەجهولە، زەواتی ئەم هەیئەتە یەکتریش نای ناسن. هەموو میللەتی کورد ئەعزای ئەم هەیئەتەیە.

٣ ـ ئەم هەیئەتە مەجلیسێکی وەکالەتی هەیە. ئەم مەجلیسە رەئیسی قەدەملی یوزباشی سەید عەبدولڕەزاق ئەفەندی قوماندانی مەفرەزەی هەشتەمە، ئەعزاکانی مستەفا ئەفەندی حاجی حەمەسەعیدی قۆمیسەر و وەکیلی زابت ئیبراهیم ئەفەندی یە، کاتبی ئەم هەیئەتە شوکری ئەفەندی کوڕی کەریم عەلەکە ئەفەندی یە.

٤ ـ ئەصحابی تەبەڕوع ناو و شوهرەتیان داخیلی دەفتەری تەبەڕوعات ناکرێ، لە دەفتەری تەبەڕوعات ژمارەی موتەسلسل وەزع ئەکرێ. تەبەڕوعات لە ژێر ئەم ژمارەدا قەید و تەسبیت ئەکرێ، ئەوی حەز بکا لەگەڵ ئەم ژمارەدا ناو و شوهرەتی خۆی قەید ئەکا.

٥ ـ موقابیلی تەبەڕوعات موظلەقهن لە تەرەفی مەجلیس وەکالەتی موداڤەعەی مللییە مەقبوزێک ئەدرێ.

لەم مەقبوزە ئیسم و شوهرەتی دەنووسرێ و نومروی موتەسەلسیلی دەبێ.

ئەم مەقبوزە بە دەست ئەصحابی خەیرات و تەبەڕوعاتەوە دەمێنێ، بن قۆچانی ئەم مەقبوضە کە لە مەجلیس وەکالەتی ئەمێنێتەوە ناو و شوهرەتی حاوی نابێ. نومرەی موتەسلسلی لەسەر دەبێ.

٦ ـ بەم صورەتە کە موعامەلە کرا. ئەصحابی تەبەڕوعات دەرەجەی حەمییەت و مرووەتیان لە ژێر نومروی موتەسلسیلی

خۆیانا عند الایجاب نەشر و ئیعلان دەکرێ که لەم ئیعلانە ئەصحابی خەیرات ناویان مەعلوم نابێ، لاکین لەخۆی کەیفایەت مەعلوم دەبێ.

٧ ـ بۆ ئۆردوی کوردستان و موجاهیدین و قیوای میلییەی ئیسلام و میللەتی کورد هەموو شتێک تەرک و تەبەڕوع ئەکرێ وەکو: پارە، ئەسپ، ئێستر، ئەسلیحە، جبەخانە، جامانە، کلاو، کراس، دەرپێ، قوماشی جل، چاکێت، پانتۆڵ، دولاق، گۆرەوی، کەوش، سوخمە، بەتانیە، کلیم، مثقالی، چیت، دەستەسڕ، هەتا دەرزی، دەزوو، شەکر، چای، کاوڕ، بەرخ، ڕۆن، برنج، ساوەر، نیسک، نۆک، ئارد، جۆ، پاچ، بێڵ، خاکەناز.. الخ

٨ ـ تەبەڕوعات لە تەرەفی مەجلیس وەکالەتەوە وەردەگیرێ و دەخرێتە ئەنبار، بە پێنج رۆژ دەفعەیێک مەجلیس وەکالەت دەفتەرێکی تەبەڕوعات تەنزیم و تەقدیم مەقامی باش قوماندانی ئوردووی کوردستان ئەکا.

٩ ـ لە تەرەف مەجلیس وەکالەتەوە دەفتەرێکی مونتەزەمی ئەمە لە ژێر مەسئولیەتی تەبەڕوعات و قەیدێکی ئەنباریی خەتەئوو سەهوو تەرتیب و تەنزیم ئەکرێ.

ڕەئیس و کاتیبە و ئەعزاکان لە ئەعزای فەعالە مەعدودە.

١٠ ـ ئەمڕۆ رۆژی غیرەتە، رۆژی مرووەتە، چاکە و خراپەی ئەمڕۆ گوم نابێ، لە دونیا و ئاخیرەت حیسابی دەبینرێ **(فمن یعمل مثقال ذرة خیرا یره ومن یعمل مثقال ذرة شرا یره)** صدق الله العظیم

باش قوماندان و مەلیکی کوردستان

مەحمود

ژمارەی سێ یەمیش بەم جۆرە کۆتایی دێت. سەرنج و تێبینی لەسەر ناوەڕۆکی هەردوو ژمارەکە و وتارەکەی ئەدمۆنس هەڵ ئەگرین بۆ دەرفەتێکی تر.

ئەوەندە لە بارەی ئەو دوو ژمارەی **"بانگی هەق"**ەوە، سودی ئەزانین ناوی ئەو ڕۆژنامانەش بهێنین که پێش **"بانگی هەق"** له سلێمانی دەرچوون لەگەڵ هەندێک سەرنج و تێبینی لە بارەی وتارەکەی ئەدمۆنس ـ هەوە که لە خوارەوە ناومان هێناوە، ناسینی ئەو ڕۆژنامە و خوێندنەوەیان زۆر گرنگن بۆ زانینی ئەو بارەی که لە کوردستانی خواروو لە ئەنجامی جەنگی جیهانی ی یەکەم هاتبووە کایەوە، بە تایبەتی بۆ تێگەیشتنی سیاسەتی ئنگلیز لە بارەی مەسەلەی کوردەوە و زانینی ئەو بیروباوەڕانەی ئەو سەردەمە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا باوبوون:

پاش تێکچوونی ئیدارەی یەکەمی شێخ مەحمود، کە دوای نەمانی دەسەڵاتی عوسمانی لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ لە سلێمانی دامەزرابوو، بە دیل گرتنی شێخ مەحمود لە دەربەندی بازیان (١٩١٩/٦/١٩) و ڕەوانەکردنی بۆ بەغدا و پاشان بۆ هیندستان٣)، ئنگلیزەکان هاتنە ناو شاری سلێمانی و جلەوی کاروباریان گرتە دەست. بە نیازی پڕوپاگندە بۆ سیاسەتی خۆیان و بەربەرەکانی ی نفوزی تورک لە ناو کوردا ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی **"پێشکەوتن"**ەوە بڵاوکردەوە. یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ١٩٢٠/٩/٢٠ و دوا ژمارەی (١١٨) لە ١٩٢٢/٧/٢٧دا دەرچووە، هەر ژمارەیەکی بریتی بووە لە چوار لاپەڕە (٢١×٣٣کم)، هەفتەی جارێک یان دووجار دەرچووە، ئەمیش وەک **"تێگەیشتنی راستی"** (بەغدا، ١٩١٨ ـ ١٩١٩) مێجەرسۆن سەرپەرشتی کردووە، که ئەو کاتە حاکمی سیاسی ئنگلیز بووە لە سلێمانی. ناوەڕۆکی ئەم ڕۆژنامەیە ریتی بووە، لە ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندە بۆ سیاسەتی ئینگلیز، وتاری زانستی و ئەدەبی و هۆنراوەو دەنگ وباسیش بڵاوکردۆتەوە، چەند ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامە، وتاری لە کتێبخانەکانی سلێمانی دا پارێزراوە. لەگەڵ بڕیاری گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی لە دەرچوون وەستاوە.

پاش وەستانی **"پێشکەوتن"** لە دەرچوون، "بانگی کوردستان" دەرچووە وەک ئۆرگانی **" جەمعی یەتی کوردستان"** که له

١٩٢٢/٧/٢١دا بە سەرۆکایەتی ی حاجی مستەفا پاشای یامولکی (سالی ١٩٣٦ کۆچی دوایی کردووە) دامەزراوە. یەکەم ژمارەی **"بانگی کوردستان"** لە ١٩٢٢/٨/٢ دەرچووە، هەر ژمارەیەک لە ٤ تا ٦ لاپەڕە پێک هاتووە (٢١×٣٣سم)، هەفتەی جارێک دەرچووە، لە چاپخانەی حکومەت لە سلێمانی چاپ کراوە. ژمارە سیانزەهەمی لە ١٩٢٢/١١/٣ دەرچووە، ئیتر لە دەرچوون وەستاوە تا ١٩٢٣/٦/٨، لە جێگای ئەم **" رۆژی کوردستان"** دەرچووە بە سەرپەرشتی ی م. نوری **(شێخ صالح ١٨٩٨ - ١٩٥٨)** وەک ئۆرگانی ئیدارەی دووەمی شێخ مەحمود. یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە ١٩٢٢/١١/١٥ دەرچووە، ژمارە و گەورەیی لاپەڕەکانی هەر وەک رۆژنامەی پێشوو بووە، لە هەمان چاپخانەش چاپ کراوە کە پاشان بووە بە چاپخانەی شارەوانی **(بلدیە)**. لەگەڵ چوڵ کردنی سلێمانی لە لایەن شێخ مەحمودەوە لە دەرچوون وەستاوە، ژمارەی پانزەهەمی لە ١٩٢٢/٣/٣ دەرچووە، ئیتر شێخ مەحمود شاری بە جێ هێشتووە و **"بانگی هەق"**ی لە دەرەوە دەرکردووە، وەک لە سەرەوە باسمان کرد.

"بانگی کوردستان" جارێکی تر هەر لە سلێمانی یەک ژمارەی لێ دەرچووە، ژ - ١٤. لە لاپەڕەی یەکەمی ئەم ژمارەیەدا وا نیشان ئەدات، کە دەرنەچوونی لە ماوەی هەشت مانگی رابووردوودا لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی بووە: **"لەبەر بەعزێ ئەسباب و مەوانیع لە پاش نوسخەی (١٣) وامان موناسیب زانی بو کە تەعتیلی نەشرییات بکەین. ئێستا موستەعینەن بیلا غەزەتەی بانگی کوردستان کەوتە ساحەی ئینتشار"** بەڵام بێ گومان دەرنەچوونی لەو ماوەیەدا لەبەر ئەوە بوو کە گۆڕاوە بە رۆژنامەی **"رۆژی کوردستان"** وەک لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی یەکەمی **"رۆژی کوردستان"**دا روون کراوەتەوە.

جارێکی تریش **"بانگی کوردستان"** ٢ ژمارەی لێ دەرچووە، ئەمجارەیان لە بەغدا (١٤ - ١، ١/٢٨، ١٤ - ٢، ٢/١٥، ١٤ - ٣، ١٩٢٦/٤/١٠). هەموو ئەم ژمارانە بە چوار لاپەڕە دەرچوون. ئیتر بە تەواوی لە دەرچوون وەستاوە.

هەر لەو سەردەمانەدا رۆژنامەیەکی تر لە سلێمانی دەرچووە کە ناوی **"امید استقلال/ ئومێدی ئیستیقلال"** بووە. ڕێبازی ئەم رۆژنامەیە وەک هی **"رۆژی کوردستان"** بووە. لەو کاتانەدا دەرچووە کە ئنگلیزەکان بۆ ماوەیەک سلێمانی یان بە جێ هێشتووە. ژمارەی یەکەمی لە ١٩٢٣/٩/٢٠دا دەرچووە، دوا ژمارەی (ژ - ٢٥) لە ١٩٢٤/٥/٢٥دا دەرچووە. لە نووسەرەکانی: ئەحمەد صەبری، رەفیق حیلمی، حسێن ناظم، ئەمیش هەر بە چوار لاپەڕە دەرچووە لە گەورەیی **"رۆژی کوردستان"**دا.

پاش ئەوەی سلێمانی ش وەک ناوچەکانی تری ویلایەتی موسل خرایە سەر دەوڵەتی عیراق، رۆژنامەی **"ژیانەوە"** وەک رۆژنامەیەکی حکومی دەرچوو (ژ - ١، ١٩٢٤/٨/١٨، ل٤)، ئەمجا **"ژیان"** و **"ژین"** لە لایەن پیرەمێردەوە (١٨٧٦ - ١٩٥٠)، کە پاش کۆچی دوایی خۆشی لەسەر دەرچوون بەردەوام بوو. تەواوی ژمارەکانی **"رۆژی کوردستان"** و **"بانگی کوردستان"** لە لایەن مامۆستا خەزنەدارەوە سەر لە نوێ بە ئۆفیست لەگەڵ پێشەکی و سەرنج و تێبینی ی پێویست دا بڵاوکراونەوە ٤٤)، ئەمەش ئەرکی سەرشانی خوێندەورانی کورد ئاسانتر ئەکات بۆ زانینی باری ئەو سەردەمەی کوردستان و ئەو بیروڕایانەی لە کوردستانی خواروو **(عیراق)**، هەموو خوێندەوارێکی کورد کە بە تەنگ زانینی راستەقینەی باری کوردستانی خواروەوە بێت لە کۆتایی جەنگی جیهانی ی یەکەمەوە تا ناوەڕاستی بیستەکان، کە پلەیەکی گرنگە لە مێژوی گەلی کوردا، ئەبێت چاوێک بەم رۆژنامانەدا بخشێنێت، چونکە رووداوەکانیان دەم و دەست تۆمار کردووە و گەلێک زانیاری یان تێدایە، کە روناکی ئەخەنە سەرباری ئەو کاتەی کوردستان و مێژوی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لەو پلەیەدا و ئەو بۆچوون و ڕێبازانەی لەو

سەردەمەدا باوبون.

ئەو ڕێبازانەی لەو سەردەمەدا لە کوردستانی خوارو بەدی ئەکران بریتی بوون لە:

یەکەم/ ڕێبازی سەر بە تورک، کە بە **"جلخوار"** ناویان دەرکردبوو[٥]، ئەمانە هەستی ئایینی ی کوردیان بەکار ئەهێنا، وەک گەلێکی موسڵمان دژی ئنگلیزی **" کافر و غەیرە دین"**.

دووەم/ ڕێبازی سەر بە ئنگلیز کە لایان وابوو بۆ گەیشتنی کورد بە ئامانج دۆستایەتی ی ئنگلیز پێویستە [٦].

سێ یەم / ڕێبازی روناکبیران، کە بە زۆری ئەفسەر و خوێندەوار بون، بە تایبەتی ئەوانەی پێش جەنگ لە ئەستەمبوڵ خوێندبویان و لەگەڵ **"ئینقلابی عوسمانی"**دا (١٩٠٨) ژیابوون. ئەمانە، کە بە "مونەووەر" ناسرابوون، وەک بڕوایان بە تورک و ئنگلیز نەبوو، لە شێوە ـ حوکمی شێخ مەحمودیش رازی نەبون، ئامانجیان کوردستانێکی سەربەخۆ و پێشکەوتو بو، جەمال عیرفان، کە لە سەرەتای کانونی یەکەمی ١٩٢٢دا کوژرا، نوێنەری ئەم ڕێبازە بو. شێخ مەحمود لە نێوان ئەم سێ ڕێبازەدا دامابو، ئەیویست لە ژێر سەرکردایەتی ی خۆی دا شتێک بۆ کورد پێک بهێنێت، بەڵام نەی ئەزانی چۆن. لە لایەکەوە هەستی هاو ئایینی لەگەڵ تورک ئەیجوڵاند، لە لایەکی ترەوە بڕوای وابوو بۆ گەیشتن بە ئامانج دۆستایەتی ی ئنگلیز پێویستە، لەبەر ئەوە ڕاڕایی لە هەڵوێستەکانی زۆر بەدی ئەکرێت.

تا ئەو کاتە ئنگلیز مشت و مڕی لەگەڵ تورکیا بەردەوام بوو لەسەر ویلایەتی موسڵ، بەڵێنی سەربەخۆیی بە کورد ئەدا و تورکیای بە مەسەلەی کورد ئەترسان، کاتێکی بە پێ ی پەیمانی لۆزان لەگەڵی ڕێکەوت (١٩٢٣)، مەسەلەی کورد نەک هەر لە سیاسەتی ئنگلیزدا نەما، بەڵکو ئەوپەڕی زەبر و زەنگی بەکارهێنا بۆ بە زۆر داگیرکردنی کوردستانی خواروو کردنی بە بەشێک لە دەوڵەتی تازە دروست بوی عیراق و یارمەتی دانی بۆ سەرپانکردنەوەی هەموو بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی گەلی کورد و پەیمان بەستن لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ دا کە هەمیشە چەند بەندێکی بۆ سەرکوت کردنی کورد تەرخان کرابو. وەک لە پەیمانی سەعدا باد (١٩٣٧) و پەیمانی بەغدا (١٩٥٥)دا بەدی ئەکرێت.

لەم رۆژنامەدا ناوی زۆر نوسەری ئەو سەردەمە بەرچاو ئەکەوێت، کە وتار و هۆنراوەی جوان و ڕێک و پێکیان نووسیوە، بە داخەوە لە مێژوی کوردا وەک پێویست هەقیان نەدراوەتێ زۆربەی زۆری خوێندەواران هەر ناویشیان نەبیستوون، بۆ وێنە: ئەحمەد صەبری، ئەحمەد فەوزی، حسێن ناڤم، شێخ نوری شێخ بابا عەلی، مستەفا شەوقی و گەلێکی تر.

سەرەڕای دەنگ و باسی ناوخۆ و جیهانی، رۆژنامەکان زۆر بایەخیان داوە بە هەواڵی بەشەکانی تری کوردستان، بە تایبەتی کوردستانی ئێران کە ئەو سەردەمە بزوتنەوەیەکی بە هێزی تێدا بووە بە سەرۆکایەتی ی سمایل خانی سمکۆ، بۆ وێنە بڕوانن ئەم چەند بەیتە، کە لە کۆتایی هەواڵێک دا لە بارەی سمایل خانەوە بڵاوکراوەتەوە:

"بکێشە خەنجەرت سمکۆ بدە نەعرە هەتا توران
سەلامێ کە لە شاهرای کە یارە بۆ هەمو کوردان"
"نیهایەت دە بە قاجاران کە جای قاجار لە تورانە
وەلێ جای پەهلەوی و فورسان تەواوی مولکی ئێرانە"
"دەسا دێبوکریان هەڵسن لەگەڵ مەنگور بە ئازانە
ببەستن ڕێ ی فیراری شا، ئەسیری کەن بە مەردانە" [٧]

ئەدمۆنس لە وتارەکەی دا ئەڵێت: تاقیکردنەوەی دووەمیشمان لەگەڵ شێخ مەحمود سەرکەوتوو نەبوو..[٨] وە وای

پیشان ئەدات کە شێخ مەحموود لە خۆیەوە سلێمانی ی بەجێ هێشتووە، نەک بۆ پاراستنی شارەکە لە بۆمباردمانی هێزی هەوایی ئینگلیز، بە هیچ جۆرێکیش باسی بۆمباردمانی سلێمانی و دەوروبەری ناکات، کە چەند جار لە لایەن هێزی هەوایی ئینگلیزەوە بۆمباردمان کراوە و زیانی گەورە لە دانیشتوانی کەوتووە. لە ژمارەی یەکەمی **"بانگی هەق"**دا باسی ئەم بۆمباردمانانە کراوە، بەڵام دای ناوە بە گوناهی هەندێک لە کاربەدەستان، نەک سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد **"ئەم فەجایعە مەسئولی یحتمال بەعزێ مەئمورینی ئینگلیز کە تابیعی هەوا و هەوەس و سوئی حسابی دەبینێ...."**. ئەمیش وەک **"رۆژی کوردستان"** هیوای بە ئینگلیز نەبڕیوە. ئەم واهیمەیە تا ئێستاش بەرۆکی بزوتنەوەی کوردی بەرنەداوە. هێزی چەکداری کورد لە هەموو دەور و زەمانێک دا، بە هەموو باڵەکانی یەوە، ئامادە بووە بۆ وت و وێژ و رێکەوتن لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان دا، هیواشی وابووە کە داخوازی یەکانی لەسەر دەستی ئەو داگیرکەرانەدا دێتە دی! شێخ مەحمود لەم بارەیەوە گلەیی ی لێ ناکرێت، کوردستانی ئەو کاتە زۆر جیاواز بو لە هی ئێستا، کوردایەتیش خاوەنی ئەو هەمو تاقیکردنەوانە نەبوە.

دەرچوونی **"بانگی هەق"** گۆڕانێکی چۆنایەتی بو لە بزوتنەوەی کوردایەتی دا بۆ یەکەم جار بزوتنەوەیەکی چەکداری کورد لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەیەک هەواڵ و راگەیاندنی بڵاو ئەکاتەوە. ئەوەی زیاتریش سەرنج رائەکێشێت ئەوەیە کە شێخ مەحمود لە تەنیشت "ئۆردوی کوردستان"ەوە، هەیئەتی مودافەعەی میللی یە" و تەشکیلاتی چەتە"ی دامەزراندووە یەکەمیان **"هێزی پێشمەرگە"** و دووەمیان **"هێزی بەرگری میللی"**ی ئەمڕۆ ئەگرێتەوە. **"تەشکیلاتی چەتە"**ش بە پێ ی ئەو ئەرکانەی لە ژمارەی یەکەمی **"بانگی هەق"**دا بۆیان دیاری کراوە، ـ ئەوە ئەگرێتەوە کە ئەمڕۆ پێ ی ئەڵێن **"پێشمەرگەی ناو شار"** ئەم چەتانە بۆ موخالفین و موتەمەڕڕیدینی حقوقی کورد تەکشیل کراون.. قیسمەن عەیان و قیسمەن پەنهان، غایە و ئەمەلی ئەم چەتانە عەینی غایە و ئەمەلی ئۆردوی کوردستانە..." ـ ژ/١، ل/٢. **"چەتە"** وشەیەکی تورکی یە، بە دەستەیەک رێگر و جەردە ئەڵێن، بەڵام بێ گومان لێرەدا بەو مانایە بەکار نەهاتووە.

ئەدمۆنس لە کۆتایی وتارەکەی دا ئەڵێت **"ناوی رۆژنامەکە بە مەبەست وا دانراوە کە مانایەکی ئایینی ببەخشێت، هەق لە تەصەووف دا خوا ئەگرێتەوە"**.

جگە لەم رۆژنامانە، بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کورد لەو سەردەمەدا، بە تایبەتی ئەوانەی بە چاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری رووداوەکانیان کردووە، وەک ئەحمەد بەگی ساحێبقران (١٨٧٨ ـ ١٩٣٦)، شێخ محەمەدی خالصی (١٨٧٤ ـ ١٩٢٥)، شوکری فەضلی (١٨٧٠ ـ ١٩٢٦)، جەمیل صائیب (١٨٨٧ ـ ١٩٥١) و هتد....

سەرچاوەیەکی بەنرخن بۆ زانین و هەڵسەنگاندنی باری کوردستان لەو رۆژانەدا.

پەراوێز/

١) بڕوانە:

C.J. EDMONDS: A Kurdish Neewspaper: Rozh – i Kurdistan – Journal of the Central Asian Society، Vol. XII، Part I، p. 89\90، London 1925.

٢ ـ لە بیست وێنە سالّی رابوردوودا ئەم رۆژنامە و گۆڤارانە سەر لە نوێ چاپ کرانەوە:

ـ کوردستان، یەکەمین رۆژنامەی کوردی (١٨٩٨، ١٩٠٢)، بەغدا ١٩٧٢ لە لایەن نووسەری ئەم وتارەوە.

ـ رۆژی کوردستان (١٩٢٢ ـ ١٩٢٣)، بەغدا ١٩٧٣ لەلایەن جەمال خەزنەدارەوە.

ـ تێگەیشتنی راستی، (١٩١٨)، بەغدا ١٩٧٨ لە لایەن دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەدەوە.

ـ رۆژی کورد، (١٩١٣)، بەغدا ١٩٨١ لە لایەن مامۆستا جەمال خەزنەدارەوە.

– م. ئەمین بۆز ئەرسەلان، ژین کۆڤارا کوردی – ترکی (١٩١٨–١٩١٩)، ئۆپسالا، بەرگی یەکەم، ١٩٨٤، بەرگی دووەم، ١٩٨٥ ، بەرگی سێیەم، ١٩٨٦، بەرگی چوارەم، ١٩٨٧، بەرگی پێنجەم، ١٩٨٨.

٣ ـ لە سەرەتادا شێخ مەحمود حوکم درا بە ئیعدام، پاشان حوکمەکەی گۆڕا بە دە ساڵ بەندی و دورخستنەوەی بۆ هیندستان، دورخستنەوەی شێخ مەحمود نەبووە هۆی ئارامی لە کوردستان، لەبەر ئەم هۆیەوە بۆ ترساندنی تورکەکان، ئنگلیزەکان شێخ مەحمودیان بەرەڵا کرد و رێگایان دا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، باسی گەڕانەوەی شێخ مەحمود و بەرەوپیرەو چوونی بە دورودرێژی لە **"بانگی کوردستان"**دا نوسراوە (ژ ـ ٩، ١٩٢٢/١٠/٨) پێش ئەوە بە چەند هەفتەیەک ئنگلیزەکان سلێمانی یان چۆڵکرد و ئیدارەیان دا بە شێخ قادری برای شێخ مەحمود، کە هەڵبژێردرا بە سەرۆکی ئەنجوومەنی میللی (هەمان رۆژنامە ژ ـ ٦، ١٩٢٢/٩/١٨) لە ١٩٢٢/١٠/١٠دا شێخ مەحمود یەکەم کابینەی حکومەتی خۆی بە سەرۆکایەتی ی شێخ قادری برای دامەزراند (هەمان رۆژنامە ژ ـ ١٠، ١٩٢٢/١٠/١٥) لەم کاتانەدا تەنها چەند ئەفسەرێکی ئنگلیز بەرەبەرە سلێمانی یان چۆڵ کرد، ئەمجا هێزی هەوایی ی ئنگلیز دەستی کرد بە بۆمباردمانی سلێمانی و دەوروپشتی، لە سەرەتای مارتی ١٩٢٣دا شێخ مەحمود شاری بە جێ هێشت، وەک لە سەرەوە باسمان کرد.

٤ ـ بەغدا ١٩٧٣، ١٩٧٤.

٥ ـ مامۆستا هاوار ئەڵێ: "جارێک لە تۆفیق وەهبیم پرسی ئەو جل خواردە لە چی یەوە هاتووە، وتی کابرایەک هەبو **(هەرچەندی کرد ناوەکەی نەهاتەوە بیر)** زۆر دەم هەراش بوو، سەر بە تورکەکان بو، پڕوپاگندەی بۆ ئەکردن، چاکەتەکەی هەمیشە خوار بوو، لایەکی دائەکەوت، ئیتر هەر کەسێک سەر بە تورکەکان بوایە بە ناوی ئەو کابرایەوە پێ یان ئەوت جل خوار" ـ کوێرەوەری و بیرەوەری، ل٩٥، لەندەن ١٩٨٤.

٦ ـ ئیستاش زۆر کەس، بگرە زۆر پارتی و رێکخراو، لەو باوەڕەدان کە بۆ سەرکەوتنی مەسەلەی کورد ئەبێت زلهێزێک پشتیوانی ی لێ بکات.

٧ ـ "بانگی کوردستان"، ژ ـ ٩، ل٦، ١٩٢٢/١٠/٨. لە ژمارەیەکی تری **"بانگی کوردستان"**دا لە بارەی سمکۆوە ئەم هەواڵە بڵاو کراوەتەوە" "سمکۆ و عەجەم، بینا لە ئەخباری ئەستەمولّ غەزەتەی الرافدان نوسیویە کە لەشکری سمکۆ داخل تەبریز بووە. وەزارەتی طەهران لە خەوفا طهلەبی موعاونەت و ئیمدادی لە فیرقەی یازدەهەمی بۆلشەویک **(روسیە)** کردووە.

"صەبا هەڵسە دەخیلت بم بڕۆ بۆ لای چاری سمکۆ
بڵێ تاوی بدا ئەسپی هەتا تەبریز و قافلان کۆ"؟
"هەموو کرمانجی کرمانشاه به ئاواتن به جان و دڵ
سنه حاضر هەمو خەڵقی دەڵێن بێ لەشکری سمکۆ"

(ژ ـ ٥، ١٩٢٢/٩/٤). ژ ـ ١٠/ ل٤، ١٩٢٢/١٠/١٥ هەواڵی داگیرکردنی شاری ورمێ)ی بڵاوکردۆتەوە لە لایەن سمکۆوە. بەم بەیتەش کۆتایی بە هەواڵەکە هێناوە، **"دەسا کوردان به قوربانتان هەمو یەک بن وەکو شێران/ رەهابن تا خودا بیی کا له زوڵمی دائیمی ئێران"**.

٨ ـ هەمان وتاری پێشوو.

دۆزینەوەی دەسنووسی ژمارە(١) ی (بانگ حق)

ڕاستکردنەوەیێکی میژوویی

د.نەجاتی عەبدوڵڵا
پاریس

هەوالنامەی کتێب

چەند ساڵێکە لە سایەی وتارەکەی ئیدمۆندز **(ڕۆژنامەیەکی کوردی: (ڕۆژی کوردستان) کە بە تایبەت لەبارەی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)** ی نووسیوە و لەوێدا لابەلا لە بارەی ڕۆژنامەی **(بانگی حەق)** ئەم چەند زانیارییانەی نووسیوە : " **ژمارە یەکی لە ٨ ی ئادار دەرچووە**" و لەبارەی ژمارە (٢)ش نووسیویە کە هەر بە هەمان ڕەخنەی تووندو تیژی ژمارە (١) نووسراوە، بەڵام هەرگیز چاپ نەکراوە . دواتریش لە پەراوێزی کۆتایی وتارەکەیدا هەواڵێکی گرینگی نووسیویە: " **کۆکراوەی تەواوی ژمارەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان و بانگی حەق بۆ کتێبخانەی زانکۆی کامبریدج ڕەوانە کراوە**". لە ڕێگەی ئەم وتارە دەمزانی کەوا دەبێ ئێستەکە کۆکراوەی ژمارەکانی بانگی حەق لە کتێبخانەی ناوبراو پارێزراو بن. کاتێکیش مامۆستا ڕەفیق سائح و سدیق سائح سەرجەمی ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموود یان لە بەرگێکدا بەناوی **(ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود)** دووبارە چاپکردەوە خوا هەڵناگرێ خزمەتێکی گەلێک گەورەیان پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کرد. بەڵام کەلێنێک لە نێوان ژمارە (١) و ژمارە (٣) دا هەبوو و لەبارەی ئەم ڕۆژنامەیە نوسیویانە: تەنیا دوو ژمارە (٣,١) و پاشکۆیەکی لێ بڵاوبۆتەوە: ژ ١-٢٨ ی ٣ ی ١٣٣٩ ڕۆمی (١٩٢٣)، ژمارە ٣-١٢ ی ٤ ی ١٣٣٩ (١٩٢٣). دواتر لەبارەی ژمارە (٢) شەوە لە زاری ئەدمۆندزەوە دەنووسن کەوا ناوەڕۆکەکەی وەک هی یەکەم ژمارە بووە، چاپنەکراوە و

بسم الله الرحمن الرحیم

[و الله خیر الناصرین]



دەستنووسی ژمارە ١ی (بانگی حەق) ٨ی مارتی ١٣٣٩
ئەرشیفی زانکۆی کامبریدج



A KURDISH NEWSPAPER: ROZH-I-KURDISTAN.

[Typescript of an article published in Je g the Royal Central Asian Society
Vol [illegible] pp. 83 —]

هەوالنامەی کتێب

وتارەکەی ئیدمۆندز
دەستنووسی ژمارە ١ی (بانگی حەق) ٨ی مارتی ١٣٣٩
ئەرشیفی زانکۆی کامبریدج

بەدەستخەتی هێلراوەتەوە. لەبەر ئەمە پێم وایە **(لێرەدا قسە هی کاک سدیق سالح-ە)** کە ویستراوە ژمارەیەکی تازە دەربکرێ، لە بریی (ژ٢)، ژ(٣) ی سەرخراوە و پاشکۆکەیشی خراوەتە بریی (ژ٢)(٣).

ئێمە بۆ بە شوێن داچوونی سۆراغی ئەم ژمارە (٢)ە کە بە قسەی ئەدمۆندز بە دەستخەتی هێلراوەتەوە کاتالۆگی کتێبخانەی کامبریدج مان پشکنی و لەوێدا هەموو ژمارەکانی بانگی حەق لەگەڵ سەرجەمی ژمارەکانی ڕۆژی کوردستان پێکەوە هەڵگیراون و لەژێر کۆدی .Adv a.١٢٥,١ پارێزراون و لەناو زانیارییەکانی ناو کاتالۆگەکەشدا ئەوە ڕاگەیەندراوە کەوا ژمارە (٢) ی بانگی حەق دەستخەتە. ئەمە بۆ من هەوالێکی یەکجار خۆش بوو و هەر زوو بە ڕێککەوتن لەگەڵ کتێبخانەی زانکۆی سۆربۆن و کتێبخانەی بریتانیا توانیمان کۆپییەکی سەرجەمی ئەم فایلە بەردەست بخەین. هاوکات لەگەڵ کۆکراوەکە وتارەکەی ئەدمۆندزیشی لەگەڵ بوو کە لەسەر ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان-ی نووسیووە و ئیمزای ئەدمۆندز خۆیشی بەسەرەوەیە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٢ و سەرەتای ساڵی ١٩٢٣دا ئیدی دەسەڵاتی ئینگلیز گەیشتبووە بڕیارێ کۆتایی لەبارەی چارەنووسی کوردستانی جنووبی و بەستنەوەی یەکجارەکی کوردستان بە عیراقەوە. ئەم بڕیارە ئیدی گەڕانەوەی بۆ نەبوو و لەسەر بنەمای ڕەنگڕشتنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی کۆلۆنیالیزمی بریتانیا لە عیراق داڕشترابوو و یەکەمین ئاڵقەی دروستکردنی عێراقی تازە داپلۆسین و ڕوخانی حکومەتی میلییەی شێخ مەحموود بوو. ئینگلیز هەر لە کۆتایی مانگی شوباتی ١٩٢٣-ەوە بە فڕۆکە کەوتنە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە بەسەر

بانگ حق

(بانگی حەق) ژمارە ١ (ڕاستیەکەی ژمارە ٢) ی ٢٨ی مارتی ١٣٣٩
ئەرشیفی زانکۆی کامبریدج

(بانگی حەق) ژمارە ٣ ی ١٢ی نیسانی ١٣٣٩
ئەرشیفی زانکۆی کامبریدج

شاری سلێمانی بۆ خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحموود و هەڕەشەی داگیرکردنی سلێمانی. شێخ مەحموود لەژێر فشاری ئینگلیز ناچاربوو شەوی ٢ لەسەر ٣ ی ئاداری ١٩٢٣، کاتژمێر ٩ ی پاشنیوەڕۆ سلێمانی چۆڵ بکات(٤) و شێخ لەگەڵ خۆیدا ئەو چاپخانەی ڕۆژی کوردستانی پێ چاپ دەکرا هەڵدەگرێ و شەوی ٤ لەسەر ٥ ی ئادار ئەشکەوتی جاسەنە کرا بە بارەگای گشتیی لەشکری کوردستان **(قەرارگاهی عوومووميي ئـۆردووی کـوردسـتان)**. بە ڕاستی ئەمە جێگەی لێوردبوونەوەیە چۆن شێخ مەحموود شەوی ٥ ی ئادار دەگاتە ئەشکەوت و سێ ڕۆژ دواتر لە ٨ ی ئادار یەکەم ژمارەی بانگی حەق بڵاودەکاتەوە کە هەموو نووسینەکانی ئەم ژمارەیە و هەموو ژمارەکانی دواتر لە نووسینی شێخ مەحموود خۆیەتی، بەم پێیە جێگەی خۆیەتی شێخ مەحموود لە ڕیزی ڕۆژنامەنووسە پێشەنگەکانی کورد دابنرێ.

ئێمە دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کە ئەوەی ئەدمۆندز لای وایە دەسنووسی ژمارە (٢) و لەسەر دەسنووسەکە خۆیشی بە قەڵەمێکی دار لە سەرەوە نووسراوە ژمارە (٢) کە من پێم وایە ئەمە سۆنگەی سەرچیخ چوونی ئەدمۆندزە و کۆمەڵێک لێکۆلەرەوەی کوردیش بە شوێن ئەم هەڵەیەداچوون ئەوە لە ڕاستیدا هەر تەنیا دەسنووسی ژمارە (١) ە. ئەم دەسنووسە کە بریتییە لە دوو لاپەڕە مێژووی ٨ ی مارتی ١٣٣٩ ی بە سەرەوەیە ئەمە مێژووی دەرچوونی ڕۆژنامەکەیە کە من پێم وایە ئەم ژمارەیە وەکوو ژمارە (١) لە مێژووی ٨ ی مارت بڵاوکراوەتەوە (لە دووەم ژمارە(١) دا کە لە ٢٨ ی مارتی ١٣٣٩ دەرچووە ئاماژە بەم بەیاننامەیەی ٨ ی مارت

کراوە کە بەداخەوە ئێمە ئێستە هەر تەنیا دەسنووسی ئەم ژمارەیەمان لەبەردەستە کە لێرەدا ئێمە هەم دەسنووسەکەمان وەکوو خۆی دووبارە بە ئیملای تازە نووسیوەتەوە و هەم کۆپی دەسنووسەکەشمان بڵاوکردۆتەوە بە دەستوخەتی شێخی نەمر خۆی بڵاوکردۆتەوە. هەرچۆنێک بێ گریمانە مەنتیقییەکان لە دوو خاڵ بەدەر نییە، ئەم دەسنووسە بێگومان چاپکراوە، بەڵام یا ئەوەتا هەر تەنیا وەکو بەیاننامەیەک بڵاوکراوەتەوە یان ئەوەتا وەکو ژمارە یەکی ڕۆژنامەکە **(٨ی مارت)** بڵاوکراوەتەوە کە تا ئێستە ئەم ژمارەیە یان ئەم بەیاننامەیە بە چاپ کراوی نەدۆزراوەتەوە کە ڕەنگە هەر نەشدۆزرێتەوە. بارتەقا و شێوەی دەسنووسەکە هەر بە هەمان شێوەو ستایلی **(دووەمین ژمارە ١ ی ٢٨ ی مارتە**). وا دیارە کە ویستوویانە ژمارە ٢ دەربکەن بە هەڵە نووسیویانە ژمارە (١) ٢٨ ی مارتی١٣٣٩ و لە لای چەپیشەوە مێژووی دەرچوونی ڕۆژنامەکە هەر بە هەڵە نووسراوە ٢٨ ی مارتی١٣٣٩) بۆ دەرکردنی ژمارەی دواتر هەست بە هەڵەکە دەکرێ بۆیە هەم ژمارەی ڕۆژنامەکە دەکەنەوە بە ژمارە (٣) و هەم لە لای چەپیشەوە مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکە ڕاستەدەکەنەوە بۆ (٨ی مارتی ١٣٣٩). سەرباری ئەم ڕاستییە کە ڕاستکردنەوەی مێژووی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لە ٢٨ ی مارتی١٣٣٩ بۆ (٨ی مارتی ١٣٣٩). مانای وایە کە ئەو ژمارە ١ یەکەی مێژووی ٢٨ ی مارتی١٣٣٩ بەسەرەوەیە لە ڕاستیدا ژمارە (٢) ی ڕۆژنامەکەیە. هەر لەگەڵ دەسنووسی ژمارە یەکی بانگی حەق بە مێژووی ٨ ی مارت، وتارێکی تورکی عوسمانی بە ناوی **(کوردلر حقوقی عصریەلی)** لەگەڵ دایە دوای وتارەکە پەراوێزێک بەم چەشنە بە کوردی نووسراوە **(بۆ جەنابی موستەشار باش قوماندان و مەلیکی کوردستان. صاحب مقالەکە لازمە مقالەی خۆی ئیمزا بفەرمویت و لە پاش ئیمزای صاحب مەقالە لە تەرەف حەزرەت باش قوماندان اعزەم و مەلیکی کوردستان تەصدیق بکرێت)** "دەسنووسی ژمارە ١". هەر لە داوێنی وتارەکە بە قەڵەمێکی دار نووسراوە **(ئیمزا مەعرووف)** کە بە ڕاستی ئێمە بۆمان ساغ نەکرایەوە داخۆ ئەم **(مەعرووف)** ناوە کێیە؟ ئایا ناوی خۆیەتی یان ناوێکی خوازراوەیە؟ بەگوێرەی سەرنجدانی ئێمە ئەم ناوە ڕەنگە دواتر دوای هێنانەوەی لە چاپخانە نووسرا بێت، وا دیارە ئەم دەسنووسە کە بە شیمانەی زۆر هی ژمارە (١) بووە و کاتی خۆی لە چاپخانە هێنراوەتەوە و چاپنەکراوە و دواتریش سوپای ئینگلیز دەستیان بەسەر چاپخانە و دەسنووسەکەدا گرتووە و دەسنووسەکەو دەسنووسی ژمارە یەکی بانگی حەق کەوتۆتە دەست ئەدمۆندز و دواتر لە ڕێگەی ئەمەی دواییش نێردراوە بۆ کتێبخانەی کامبریدج. دواییین ژمارەی ڕۆژنامەی بانگی حەق ژمارە (٣) یە کە لە ١٢ ی نیسانی ١٣٣٩ بڵاوکراوەتەوە و دوو ڕۆژ دواتر **(١٤ ی نیسانی ١٣٣٩)** ئەشکەوتی جاسەنە لە لایەن ئینگلیز داگیر دەکرێ و ڕۆژنامەکە و چاپخانەکە دەکەوێتە دەست ئینگلیز، کە من دڵنیام ئەگەر ئەم بستە خاکە ئازادکراوە و چاپخانەکە نەکەوتبایە دەست ئینگلیز چاومان بە زۆر ژمارەی دیکەی بانگی حەق دەکەوت.

من وای بۆ دەچم هەم ناونانی ڕۆژنامەکە **(بانگی حەق)** و هەم هەموو دروشم نووسینەکانی ڕۆژنامەکە هەر لە نووسینی شێخی مەحموود خۆی بووە. لە ژێرەوەی ڕۆژنامەکە نووسراوە **(ناشکی بە تۆپ و بۆمبا سەرفرازە بانگی حەق. سیاسیی، ئەدەبی، ئیجتیماعی، غەزەتەیەکی ڕەسمییە لە قەرارگاهی عمووموویی ئۆردووی کوردستان تەبع دەکرێ، غایە و ئەمەلی ئیستحصالی حقووقی کوردانە)**. سەرنجێک لە ناوی ڕۆژنامەکانی دەورانی بزووتنەوەی شێخ مەحموود (بانگی کوردستان، ڕۆژی

کوردستان، ئینجا باز دەدات بە **(بانگی حەق)** و لە دواتریشەوە دواینجار بە **(ئومێدی ئیستقیلال)** سەردەنێتەوە.

ئێمە ئێستە دوای ٨٧ ساڵ دەسنووسی ژمارە یەکی **(٨ی مارتی ١٣٣٩)** ی بانگی حەق بڵاودەکەینەوە کە بە دەستوخەتی شێخی نەمر خۆی نووسراوە هەم وەکوو ژمارە یەکی بانگی حەق و هەم وەکوو یادگارییێکی شێخی نەمر دەکەینە دیاری دەستمان بۆ یادی ١١٢ ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و هەزار درود بۆ ڕۆحی ئەو سەرکردەیەی کە تا مرد بۆ کورد ژیا.

بۆ تەواو ڕاستکردنەوەی مێژووی دروستی هەر سێ ژمارەکەی بانگی حەق وا لەم خشتەیەی خوارەوە مێژووی دەرچوونی هەرسێ ژمارەکە بە دروستی دەنووسینەوە.

ژمارە	مێژووی ڕۆمی	ڕۆژ	مێژووی زایینی
١	٨ی مارتی ١٣٣٩	پێنجشەممە	٨ ی ئاداری ١٩٢٣
٢	٢٨ ی مارتی ١٣٣٩	* چوارشەممە	٢٨ ی ئاداری ١٩٢٣
٣	١٢ ی نیسانی ١٣٣٩	پێنجشەممە	١٢ ی نیسانی ١٩٢٣

دەسنووسی ژمارە – ١
بسم الله الرحمن الرحیم
والله خیر الناصرین
تاریخ ٨ ی مارتی ٣٣٩

١- پێنج مانگ لەمەو پێش بەناو و شمولی عمومی کوردستانی جنووبی بۆ تەشکیلی حکومەتێکی کوردی **(ئینگتەرە)** لەسەر هیجان و فەعالیەتی عەشایر مەجبوریەتێکی حەس کرد، لە سلێمانی دەستکرا بە تشبثات و تەشکیلات لەگەڵ مشاورین و مەئموورینی ئینگلیز دووروردرێژ کەوتینە موزاکەرە، لەبەر ئەوەی کە هیجان و قیامی عەشایر بە تەشکیلی ئیدارەی حکومەتی سلێمانی مبدل سکون و ئاسایش بوو ئینگلیز دەستی کرد بە بەهانە گرتن، لە وەعد و میثاقی خۆی نکولی کرد، گەلێ موشکیلات و ئیفساداتی تولید کرد، لاکین ئێمە لە حوسنی نییەت لامان نەدا، بۆ ئەوەی کە بە شکلێکی موستەخسەن ئیستقیلال و سەربەخۆیی کورد ئیستحصال بکرێ لە ئەثنای موزاکەرەدا موقابیل موطالەبات و بیانووی ئینگلیز گەلێ فیداکاریمان ئیبراز کرد لاکین نیهایەت، بە وەسیلە، بە بێ ئیجاب بە طیارە ئەهالی شاری سلێمانی تەهدید کرد، تەشکیلاتی میلییەی ئێمە بە بەیاننامەی خۆی ڕەسمەن ئیخلال کرد. بۆ ئیفساد و ئیخلالی گەلێ سەعی و کۆششی کرد، فەقەت قەومی نەجیبی کورد کە بە ڕەئی و تەنسیبی خۆیان منیان بۆ ڕەئیس و مەلیکی خۆیان ئینتیخاب و قەبوڵ کردبوو بەم ئیفسادات و اخلالاتە ئیغفال نەبوو. بۆ دەرچوونی من لە سلێمانی ئینگلیز ئەهالی بە طیارە تەهدید کرد ئەشراف و ئەهالی قەصەبە(*) دەرچوونی منیان موناسیب نەبینی، مودەتێک لەسەر تەلغرافخانە ئیسترخاصی بەقای منیان کرد، و لەژێر ڕیاسەتی شێخ قادر ئەفەندی(*) هەیئەتێک چوو بۆ کەرکووک، لاکین ئینگلیز بە بەهانە بوو و هیچ گوێی نەدایە ئەم ئسترحامە و مودافەعاتی ئەشارف و ئەهالی، ئەو ڕۆژە کە هەیئەتمان گەیشتە کەرکووک، بۆ دەرچوونی من و تێکدانی ئیدارەی مللیەی کوردستان ئەصراری کرد، بە طیارە هاتنە شاری(*) سلێمانی بە بۆمبا مەملەکەتیان بۆمباردومان کرد، لەم بۆمباردومانە گەلێ خانوو خراپ بوو، بەعزێ کەس مال وێران بوو، گەلێ مندالّ و عەیالی بێ دەسەلّات تەلەف بوون، ئەم وەحشەتە، بەڵێ ئەم تەجاوزە کە بۆ ئەم ئەهالییە بێ گوناهە ڕەوا بینرا ئەلبەت بێ جەزا نامێنێ، عالەمی مەددەنییەت و ئینسانییەت حیسابی ئەمە دەپرسێ **(غیره الله)** دێتە غلیان. ئەم وەحشەتە، ئەم ضولم و ئیعتسافە مەربووتیەت و صەداقەتی ئەشراف و ئەهالی تەئیید کرد لاکین من ئیستراحەت و سەلامەتی مەملەکەتم تەرجیح کرد، بۆ

ئەوەی کە ئینگلیز رەفعی بۆمباردومانی ئەهالی بێ گوناه بکا، لە میانەی فیغان و و وداعی ئەشراف و ئەهالی مەملەکەت لەشار دەرچـووم، بۆ سەلامەتی ئەهل و مـاڵ و منداڵی سلێمانی قەصەبەم موقەتەن تەرک کرد، ئۆردووی کوردستان بە قوماندان و هەیئەتی ضابتان و ئەفراديیەوە ڕەفاقەتی منیان تەرجیح کرد، ئەمانە لەگەڵ عەشایر و ئەفرادی میللەتی کورد بۆ موداڤەعە و ئیستیحصالی حورڕیەت و ئیستیقلالیەتی کوردستان هەتا ڕۆح لە بەدەنیانا بمێنێ لـەگـەڵ ئینگلیز مـوجـاهـەدە و مـوداڤـەعـە دەکـەن، خوا موعین و دەستگیری هەموو چاکان بێت.

٢-مەقصەدم لەگەڵ کەسدا شەڕکردن نییە، موخالەفەتی حەقی کەس ناکەم، لاکین بـۆ حـقـوقـی مـەشـروعـەی میللەتی کـورد تەجاوزی کەسیش ڕەوا نابینم، ئەو ضابتان و ئەفرادەی خەبەریان نەبووە لە دەرچوون هەتا یانزەی مانگی مارت ئیلتیحاقی ئێمە بـکـەن، ئـەوانـەی کـە لـەسـەر تـەشـویـق و ئیغفالی بەعزێ موفسیدین لە قطعەی خۆیان جوێ بوونەوە دووبارە هەتا یانزەی مانگی مارت ئەگەر بێن و ئیلتیحاق بکەن لە جەزا عەفویان ئەکەم.

٣- ئـەوانـەی عـەسـکـەرن و مـامـووری حکومەت بوون و ئەوانەی خۆیان بە موسڵمان و کورد حیساب دەکەن ئەبێ بە ئەمری من هیچ خدمەتێک و هیچ مەئموریەتێک قەبوڵ نەکەن، من بە ئینتیخاب و ڕەئی عمووومی ڕوئەسا و ئەفرادی میللەتی کورد بە مەلیکی کوردستان قەبوڵ کراوم.

٤-هەتا ئۆردووی کوردستان بە عەول و عینایەتی بـاری مضفرا داخـلـی شـاری سلێمانی دەبـێ بۆ مەنفەعەتی ئینگلیز و بەعزێ موفسیدین هیچ کەس مەئموریەت قەبوڵ بکا بە قراری شـورای میللەت بلا ئستیثنا جەزای ئیعدامە، ئەو عەسکەرانە ئەو



It is now generally conceded that the Kurdish language is not merely a dialect of Persian but a remarkably pure Aryan tongue with a distinct individuality. Nevertheless before the war Kurdish was not ordinarily written; only poetry had to any extent been committed to writing and even as Kurdish verse was regarded much as dialect poetry is regarded in Europe.

This, like so many other things, was changed by the war when both sides set to work to fan the flames of a new nationalism among the subject races of enemy governments. The Turkish Empire was most vulnerable to such propaganda in its Arab and Kurdish elements. The effects on the Arabs are well known and are attested to-day by the three infant kingdoms of Hijaz, Iraq, and Trans-Jordan. The results in Kurdistan are less familiar and, in any case, seem likely to be soon forgotten.

The Treaty of Sèvres, article 64, reads as follows:

"If within one year from the coming into force of the present Treaty the Kurdish peoples within the areas defined in Article 62 shall address themselves to the Council of the League of Nations in such a manner as to show that a majority of the population of these areas desires independence from Turkey, and if the Council then considers that these peoples are capable of such independence and recommends that it should be granted to them, Turkey hereby agrees to execute such a recommendation, and to renounce all rights and title over these areas. The detailed provisions for such renunciation will form the subject of a separate agreement between the Principal Allied Powers and Turkey. If and when such renunciation takes place, no objection will be raised by the Principal Allied Powers to the voluntary adhesion to such an independent Kurdish State of the Kurds inhabiting that part of Kurdistan which has hitherto been included in the Mosul Vilayet.

This dream of an independent Kurdistan was destined not to be fulfilled. In the northern country, the area defined in article 62 of the treaty, the idea had taken no shape before the



11.

for God. Number 2 consisted of a similar diatribe but was never printed. The manuscript fell later into the hands of the present writer: it had been returned by the printer with an endorsement to the effect that articles were to be signed by the author and countersigned by His Excellency the Commander-in-Chief and King of Kurdistan.

Number 3, of 12th April, also a half sheet of foolscap, contains only instructions and a set of rules, signed by Mahmud for the formation of a committee of national defence. This was the last issue.

A complete collection of Bang-i-Haqq has been sent to the Cambridge University Library.

وتارەکەی ئیدمۆندز- ئەرشیفی زانکۆی کامبریدج

سالّح زەکی

شێخ مەحموود حەفید

ضابتانەی کە ماونەتەوە هەتا یانزەی مارت ئیلتیحاقی ئۆردوو نەکەن بە قراری دیوانی حربی عەسکەری غیابیا حوکمی ئیعدامیان دراوە.

٥-ئەهالی شار و دەرەوە دەبێ بە هەموو مەوجوودیەت و قوەتییان نەیەلّن قووەت و عەسکەری ئینگلیز داخیلی ناویان ببێ، ئەمە بە قراری شورای میللەت ئەمرەکەم موخالیف

ئەم قرارە هەر کەسێ حەرەکەت بکا یەعنی قوەتی ئینگلیز دەعوەت بکا، حەرەکەتیان تەسهیل بکا، بۆ موداڤەعە و دەرکردنیان سەعی و موجاهەدە نەکا، لەپاش تەحقیقات کە تەبەینی کرد بریاری شورای میللیە غیابیا حوکمی ئیعدام دەدرێ.

٦- فمن یفعل مثقال ذرة خیرا یره و من یعمل مثقال ذرة شرا یره صدق الله العظیم.

٨ ی مارتی ١٣٣٩

باش قوماندان و مەلیکی کوردستان.

* ئەم وشانەی ئەم نیشانەیان لەبەردەم دایە، لێیان دلّنیا نیم.

سەرچاوەو پەراوێز:

1- C.J.Edmonds، A Kurdish newspaper "Rozh-i Kurdistan"، In Journal of the Central Asian Society، Vol XII، part I، 1925، pp: 8390-

2 Ibid، p.90

(٣) ڕەفیق سالّح و سدیق سالّح، ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، سلێمانی، ٢٠٠٣، لا: ٦-٧

(٤) ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی دووەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٧١، لا:٧

* بەهەلّە لەسەر ڕۆژنامەکە نووسراوە **(پێنجشەممە)**، ڕاستییەکەی ئەم ڕۆژە ڕێککەوتی **(چوارشەممە)** دەکات.

(بانگی حق) نموونەی رۆژنامەنووسیی بەرگری

د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد میسری
زانکۆی سلێمانی

پێشەکی:

مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی، هەر لە یەکەم خۆناسینەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا تا کۆتایی سەدەی بیستەم، پڕە لە ئەزموونی هەڵکەوتە و تایبەت، کە ڕەنگە لە رۆژنامەنووسیی نەتەوەکانی تردا نموونەیان کەم بێت، گەر بە وردی و بە هەموو ڕووەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەوە بە هۆکاری سەرهەڵدان و گەشە و بەرەو پێشچوون و شکست و قەدەغەکردنی هەر رۆژنامە و گۆڤارێکدا بچینەوە، لەو ڕاستییە دەگەین کە چارەنووسیی ئەو بڵاوکراوانە بەند بووە بە خواستی ئازادی و سەرفرازی نەتەوە و هەوڵی شکاندنی بێ دەنگی و هاوار و دەنگدانەوەی ئەو ستەم و سانسۆر و چەپاندنەیە کە بە درێژایی مێژوو، داگیرکەران بەسەر کوردیاندا سەپاندووە، هەر جارەی بە جۆرێ و لە هەر قۆناغێکدا بە شێوازێ ڕێگر بوون لە چاپ و بڵاوکردنەوە. داگیرکەرانی کوردستان چاک لەو ڕاستییە تێگەیشتوون کە رۆژنامەنووسیی هەوڵی برەودانە بە هۆشیاری نەتەوەیی، هەر لەو ڕێگایەوە هەوڵی دەستەبژێر دەرئەکەوێ کە دەتوانن هەمووان لەسەر خوانی رۆژنامەنووسیی کۆبکەنەوە و میللەت تەیار بکەن، بەمەش گیانی ناوچەگەرێتی و پەرتەوازەیی لاواز دەبێت و ناسنامەی هاوبەش و بەرنامەی ڕێکخراوەیی گەشە دەسێنێ، هەر لەبەر ئەوە دوژمنان تا سەر ئێسک دژی هاوردنی چاپ و رۆژنامەنووسیی سەربەخۆ و نەتەوەیی بوون، بەڵام بە باریکی تردا، بە مەبەستی پڕوپاگندە و چەواشەکاری و پتەوکردنی پێگەی دەسەڵاتی خۆیان کاریان

بۆ دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی داوە.

لە مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا تا ڕاپەڕین، هەموو ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی لە کەش و هەوای ئازاد و دوور لە سانسۆری دەسەڵات دەرچوون، تەمەن کورت بوون و هەمیشە وەک چۆن لە ڕووی هێزەوە داگیرکەر هەوڵی سەرکوتکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی داوە بەو شێوەیەش بەرنامەی بۆ کپکردنی دەنگی ناڕەزایی دارشتووە و بە هەموو شێوەیەک دژ بە قەڵەمی ئازا و ئازاد وەستاونەتەوە، لەو هەل و مەرجە سەخت و دژوارەدا، تەنیا ڕێگا لە بەردەم دەستەبژێردا کە دایمەزراندنی چاپ و رۆژنامەنووسیی بوون، ڕوو لە تاراوگە بکەن و لە هەر شوێنێ پەراوێزێ بۆ ئازادی مابێتەوە **(کوردستان)**ێ چاپ بکەن، یان لە سەردەمی حوکمداری خۆمالێدا **(بانگی کوردستان و ڕۆژی کوردستان و ئومێدی ئیستقلال)** و **(کوردستان، نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵانی کورد)** بەوپەڕی لەخۆبوردەییەوە چاپ و بڵاوبکەنەوە، رۆژانێکیش پەنا بەرنەوە بەر دۆستە هەمیشەیی و ئەزەلییەکەی کورد کە شاخ و ئەشکەوتەکانی کوردستانن، وەک **(بانگی حەق)** کە لە ئەشکەوتی جاسەنەدا و دوور لە دەستی داگیرکەری ئینگلیز بە ئەرک و ماندووبوونێکی زۆر، دوو ژمارەی چاپکراو و ژمارەیەکیش بە ڕەشنووسیی مایەوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو دوو ژمارەیەی (بانگی حەق ژ١ و ژ٣)، بە ئومێدی ئەوەی ئەم هەوڵەش لە پاڵ ئەو نووسین و ساغکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە دێرینانەدا، شوێنی ببێتەوە بە سەرنج و تێبینی وردو و زانستیانە کەلێنەکانی پڕ بکرێتەوە و دەوڵەمەند بکرێت.

بانگی کوردستان

ئاوڕێکی مێژوویی:

بەو پێیەی رۆژنامە زادەی ناوەند و کۆمەڵگای خۆیەتی هەر بۆ ئەو ناوەندە و کۆمەڵگایە گوتار ئاڕاستە دەکات و هەوڵی ڕێنوێنی و پێشڕەوایەتی دەدات، پێویستە بەو هەل و مەرجە ئاشنا بین کە رۆژنامە، یان گۆڤار و بڵاوکراوەکەی تێدا دەرچووە.

(بانگی حەق) بە ریزبەندی دوای **(بانگی کوردستان و ڕۆژی کوردستان)**ە (١٩٢٢ - ١٩٢٣) لە ڕووی ئامانج و هەڵوێستی سیاسییەوە یەکن و ئەگەرچی زمانی گوتار و یەکاڵاکردنەوەی ململانێیەکان جیاوازییان هەیە.

ناکرێ بێ چاپخانە ببینە خاوەنی رۆژنامەنووسیی، چاپخانە

ئەو زەرورەتەیە کە بۆتە هۆی بڵاوکردنەوەی شارستانیەت و نوێبوونەوە و گواستنەوەی بیر و تۆماری ئەزموونی نەتەوەکان و بایەخدان بە زمان و کولتوور و رێگا والاکردن بۆ دەربڕینی بیروڕا و رووکردنە رای گشتی بە شێوەیەکی راستەوخۆ.

دوای ئەوەی **(مێجەرسۆن)** خرایە جێگەی **(مێجەر نوئێل)**، **(سۆن)** چاپخانەیەکی هێنایە سلێمانی و ئەم چاپخانەیە بووە یەکەم دەزگای چاپ لەم شارەدا. ئەم هەوڵەی **(سۆن)** لەو کارە باش و بایەخدارانەیە کە توانی ئەم پیشەیە بەم ناوەندە ئاشنا بکات و پیشەیەکی نوێ بە خەڵکی ناوچەکە بناسێنێ و هەر لەم چاپخانەیەوە رۆژنامەیەکی هەفتانەی بە ناوی **(پێشکەوتن)** دەرکرد لە ١٩٢٠/٤/٢٩ تا ١٩٢٢/٧/٢٧ سەد و هەژدە ژمارەی بڵاوبووەوە[١].

هەر ئەم چاپخانەیە بوو کە رۆژنامەکانی دواتری پێ دەرچووە و دواتر گواستراوەتە بۆ ئەشکەوتی جاسەنە.

لێرەدا پێویستە کەسایەتی **(سۆن)** وەک داگیرکەرێک بخەینەوە یاد وەک د. کەمال مەزهەر دەڵێ:

((وەک هەر داگیرکەرێکی دی، ژەهر و هەنگوینی تێکەڵ بە یەکدی دەکرد، زۆرجار پەنای دەبردە بەر هێرشی زەبر و زەنگ، زۆرجاری واش هەبوو دەستی یارمەتی بۆ هەندێک درێژ دەکرد و ئەم و ئەویشی دەکڕێ، بەڵام وەکو ئەوروپاییەکی پێشکەوتوو بیری دەکردەوە، لە تەک ئەوەشدا کوردناسێکی گەورەبوو، لەبەرئەوە وای بە پەسەند زانی چاپخانەیەکی گەورە دابمەزرێنێ))[٢].

پێشکەوتن

بەشێکی زۆری نووسەر و شاعیری ناوچەی سلێمانی بە هۆی ئەم چاپخانەیەوە پەیوەندییان لەگەڵ رۆژنامەنووسیی کوردی پەیداکرد و بە نووسین و بەرهەمەکانیان تێکەڵ بە ژیانی رۆژانەی خەڵک دەبوون، ئاماژەیان بۆ دیاردە چەوت و زیانبەخشەکانی ناو کۆمەڵ دەکرد کە هۆکاری دواکەوتن و پەرتەوازەیی میللەت بوون.

دیارە ئامانجی رۆژنامەی **(پێشکەوتن)** وەک رۆژنامەیەکی ڕەسمی، سیاسەتی ئینگلیزی بەرامبەر بە کورد و ململانێی لەگەڵ تورک و دەوڵەتی سۆڤیەتدا دەخستە ڕوو، کە زیاتر بەڵێن و گفتی ئایندەیی بوون وەک رۆژنامەی **(تێگەیشتنی ڕاستی ١٩١٨ - ١٩١٩)** پڕوپاگندە بوون بۆ داگیرکەری نوێ و دابڕانی کورد لەو سۆزە ئایینیەی بۆ تورکیای هەبوو.

((لەبەر ئەوە رۆژنامەکە هەستی نەتەوەیی کوردی پشت گوێ نەخست مەبەست رۆژنامەی (پێشکەوتن)ە، بەڵکو دەکرێ بڵێین پاڵی پێوەنا بەرەو پێشەوە، بەڵام بێگومان

بەو شێوەیەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیادا بگونجێ))[٣].

ئەو کورتە باسەی **(پێشکەوتن)** بۆ دیاریکردنی سەرەتای چاپ و بڵاوکردنەوەی بوو لە شاری سلێمانیدا کە دواتر بڕەوی سەند و ڕێچکەی نوێی گرت.

(بانگی کوردستان ١٩٢٢/٨/٢ - ١٩٢٢/١١/٣) کە بە ناوی **(ڕۆژنامەیەکی عیلمی، ئەدەبی حوڕ و سەربەست و میللی))**یەوە بە زمانی کوردی و فارسی و تورکی دەرچوو، هەر لەو چاپخانەیە **(چاپخانەی حکومەت)** چاپکرا و بڵاوبۆوە.

کە مستەفا پاشا خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری بەرپرس و سەرنووسەری بوو[٤].

(بانگی کوردستان) وەک زمانحاڵی **(کۆمەڵەی کوردستان)** کە لە ١٩٢٢/٧/٢١ دامەزرا، **((ئامانجی ئەوەبوو خەڵک هان بدات بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی کورد، تەکانێکی گەورە بە بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی بدات و بڵاوکردنەوەی زانست و زانین و هۆشیارکردنەوەی گەل دواتر (بانگی کوردستان)پانتاییەکی باشی بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی دامەزراندن و تەشریفات و جموجۆڵەکانی شێخ مەحمود تەرخان کردبوو))**[٥].

(بانگی کوردستان) لە خوولی یەکەمیدا کە (١٣) ژمارەی لێ دەرچووە (١٩٢٢/٨/٢ تا ١٩٢٢/١١/٣) ژ (١٤ لە ١٩٢٣/٦/٨) دەرچووە[٦].

بە بەراوردی **(بانگی کوردستان)** لەگەڵ **(پێشکەوتن)**دا دەبینین زۆر ڕاشکاوانەتر و بێ سانسۆر و سڵەمینەوە گوتاری ئاڕاستەی ناوەندەکەی دەکات بە هەر سێ زمانی کوردی و فارسی و تورکی بەو هەوڵی هۆشیارکردنەوەیەی قۆناغێکی گرنگی دوای شەڕی یەکەمی جیهانییە.

دەبێ ئاماژە بکەین کە **(بانگی کوردستان)** لە ژمارە (١٠)ەوە بە تەواوی بۆتە زمانحاڵی دووەم حکوومەتی کوردستان[٧] بەمەش چالاکی و هەواڵی **(جەمعیەتی کوردستان)** لاواز بووە، بایەخی زیاتری بە ئەرکی نوێ داوە.

بەم شێوەیە ئەم ڕۆژنامە بووە پێداویستییەکی دووەم حکوومەتی کوردستان **(بانگی کوردستان)** (١٩٢٢/٩/٣٠ تا ١٩٢٢/١١/٣) توانی بەیاننامە و هەواڵ و ڕووداوە گەرمەکانی ڕۆژانی چۆڵکردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی پڕوپاگندەی تورک و مەرام و مەبەستیان بخاتە ڕوو و بەرپەرچیان بداتەوە.

(بانگی کوردستان) پێگەی بۆ هاتنە ناوەوەی ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە کاروباری دەوڵەت خۆش کرد کە **(ڕۆژی کوردستان)**ە.

((لەدوای گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە ١٩٢٢/٩/٣٠ و دامەزراندنی کابینەی تازەی حکومەتی کوردستان سەرەتا (بانگی کوردستان) و دوایی (ڕۆژی کوردستان)ی کردۆتە زمانحاڵی حکومەتەکە، خۆیشی لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ بە دواوە لە حکومدارەوە کردووە بە مەلیکی کوردستان))[٨].

(ڕۆژی کوردستان) ((ئۆرگانی حکوومەتی کوردستانی جنووبی، کە شێخ مەحموود ڕایگەیاند و داوای ئازادی و سەربەخۆیی دەکرد، لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، هەمیشە ڕای خواستەکانی کوردی ڕوون دەکردەوە، بە گەرمیشەوە سۆز و هەستی بەختەوەرانەی خۆی لە سایەی حکوومەتی شێخ مەحموددا دەردەبڕی، کە وای دەبینی هیوا و ئاواتەکانی ڕزگاربوون لە دەست بێگانەی تێدا بەرجەستە بووە))[٩].

لەو ڕۆژگارەی کە **(ڕۆژی کوردستان)** تێدا دەرچوو و بڵاوبۆتەوە ١٥ ت٢ ١٩٢٢ تا ٣/ مارت ١٩٢٣، لە ڕووی سیاسی ئارامییەکی بە خۆیەوە بینیوە، ئەم دەرفەتە لە ئازادی و دووڕە سانسۆر و کرانەوە بە ڕووی سەردەمێکی نوێی ڕۆژنامەنووسیدا، نووسەر و شاعیرانی هاندا لەلایەک بە نووسین و گواستنەوەی هەواڵ، دەستەبژێر و خوێندەواران لە مەبەست و مەرامی دوژمنان

بە ئاگا بێتەوە و لەلایەکی ترەوە بە گەش بینییەکی زۆر و سۆزێکی نەتەوایەتییەوە بۆ ئایندە بڕوانن و وەک پێویستی ئەو قۆناغە دەست بۆ کەم و کورتییەکانی راکێشێ، ئەو هۆکارانەی کە دواتر بوونە هۆی شکست و ئاوابوونی دەسەڵاتی کوردی، بە واتایەکی تر لە لایەڕەکانی **(رۆژی کوردستان)**دا بەدەر لە ستایش و پیاهەڵدانی ئەو رۆژگارە کە بە ڕاستی خەونی لە مێژینەی کورد بووە و چرای هیوایەکی هەڵکراوە بوو بۆ ئایندە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رۆژگارە بێ گرفت و کەم و کورتی نەبووە و وەک رەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا دەنووسێ: **((ڕێ و شوێنێک کە لە هەڵسوڕاندنی کاروباری عەشایەرییدا لەسەری ڕۆیشتبوون، بۆ تەکبیر و ڕای ئیشی حکوومەت بە کەڵک نەدەهات، ئەوانەی کە ئەیانتوانی لە حوکمدا نزیک ببنەوە لەم بابەتانەدا بوون، دەست و پێوەندی نەفام و نەخوێندەوار، دەوروپشتی چاو برسی و دوا تاڵان کەوتوو، نۆکەری خەنجەر لە پشت و عەشایەری تفەنگ لە شان.**

هەرچەندە لە بەغداوە هەتا لە تورکیاوە هەندێ لە زابتە کوردەکان هاتبوونە سلێمانی و لەو سەردەمەدا هەندێ خوێندەواری باش و نیشتمانپەروەر لەوێ بوون و ئەیانویست کە دەس لە ناو دەس تێبکۆشن و یارمەتی حوکمدار بدەن، بەڵام ڕێککەوتی تاقمی دەوروپشتی حوکمدار و ئەمانەی تر نەگونجا و تاقمی یەکەم لە بەینی حوکمدار و تاقمی دووەمدا لە خەنجەر و دەمانچە، دیواڕێکی دروست کردبوو))[10].

هەر بۆ بیرهێنانەوە و دیاریکردنی لە یەکچوون و جیاوازی لەنێوان **(بانگی کوردستان)** و **(رۆژی کوردستان)**دا پێویستە بە خێرایی ئەو دوو لایەنە بخەینە ڕوو، تا دواتر لەگەڵ **(بانگی حەق)**دا هاوسەنگی و ئاڕاستەکانیان لێک بدەینەوە.

لە ڕووی لە یەکچوونەوە، بەشێک لە قەڵەمە دیارەکانی **(بانگی کوردستان)** لە **(رۆژی کوردستان)**دا ناو و ناوبانگیان هەیە و بە نەفەس و گوڕ و توانای بەردەوامەوە، وتاری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی دەنووسن، لەوانە **(شێخ نوری شێخ سالّح، م. نوری، عەلی کەمال باپیر، ڕەفیق حیلمی.)**

هەردوو ڕۆژنامەکە وەک ڕۆژنامەی نەتەوەیی پێناسە دەکرێن و لە قۆناغی گواستنەوەدان لە دەسەڵاتی داگیرکەرەوە بۆ دەسەڵاتی خۆمالّی، کە بۆ یەکەمجارە دەسەڵاتێکی کوردی ڕۆژنامەی سەربەخۆی هەبێت و ڕاستەوخۆ نیاز و مەرامی نەتەوەیی خۆی تێدا جاڕ بدات و وەڵامی دژ ڕاگەیاندنی نەیارانی کورد بداتەوە، بەڵام لە ڕووی ئاڕاستەی سیاسی بەرامبەر ئینگلیز و تورک **(بانگی کوردستان)** زیاتر متمانەی بە گفتەکانی ئینگلیزە و دژ بە مەرامی تورکەکانە دیارە ئەم بۆچوونە کاریگەری بیری **(مستەفا پاشا یامولکی)** پێوەیە کە بەرهەڵستکارێکی توندی مستەفا کەمال بووە.

((بەڵام ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) سیاسەتێکی میانڕەوانەی گرتووە و لە ڕێگای وتارەکانییەوە، هەوڵی داوە پارسەنگی لایەنگری ئینگلیز و تورک تا ڕادەیەک ڕابگرێ و چاوەڕوانە ئەنجامی هەڵوێستی بە کردەییان دەرکەوێت، بە تایبەت ئینگلیز کە وای نیشان داوە هەر لە گفتوگۆدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و نائومێد نەبووە لە پەیمانی ئینگلیز، نە هێرشی کردۆتە سەر و نە بە پشت و پەنای داناوە))[11].

لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ڕۆژگاردا بە ماوەیەکی کەم، دەرکەوت کە هەموو بەڵێن و گفتەکانی ئینگلیز تەنیا بۆ ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە و سەقامگیر کردنی دەسەڵاتی خۆیان بووە و وەک دیقید ماکداوڵ ئەڵێ **((بەریتانیا لە ئەیلولی ۱۹۲۲ بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تورکەکان، لە شێخ مەحموود خۆش بوو، هێنایەوە کوردستان، ئەم کارە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و سوود وەرگرتن لە هەستی ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەسەندووی ناسیۆنالیزمی کورد، وەک سێبەرێکی لە بەرامبەر پڕوپاگندەی تورکچییەکان بوو. بەریتانیا پێویستی بە شێخ مەحموود هەبوو، چونکە**

بە هۆی سیاسەتی کەم کردنەوەی بودجە، هێزێکی نەبوو لە کوردستان بە کاری بهێنێ))[١٢].

گەر ئەم بۆچوونەی دیقید ماکداوڵ بە هەڵوێستی رۆژانی کۆتایی دووەم حکومەتی خواروو بەراورد بکەین، لەو ئەنجامە نزیک دەبینەوە کە ئینگلیز لە یەکەم رۆژی داگیرکردنی عێراقەوە*، بەرنامەیەکی دروستی بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەبووە و ناکۆکی ناوخۆ و چەند هەڵوێستی سەرکردە کوردەکان و ناوچە جیاجیاکانی کردۆتە بەهانەی پاشگەزبوونەوە.

(رۆژی کوردستان) لە دوا ژمارەیدا کە رۆژی ١٩٢٣/٣/٣ دەرچووە، لە وتارێکیدا کە بە ناوی **(تەخلیەیەی سلێمانی)**ەوە نووسیویەتی کە زمانحاڵی دەستەی **(رۆژی کوردستان)**و بە ئاشکرا گێڕانەوەیەکی خێرا بە یەکەم رۆژانی هاتنی ئینگلیز و چۆڵکردنی سلێمانی و دواتر دامەزراندنی حکوومەتی خواروو و بۆمبارانی سلێمانی لە رۆژانی ١٩٢٣/٣/٢ و وێنەیەکی ئەو کارەساتە بە یاد دەهێنێنەوە کە بەسەر پایتەختی حکومەتی خواروو‌ی کوردستاندا هاتووە و دەردەکەوێ چۆن ئینگلیز وەلامی خواستی ئازادی بە بۆمباباران و هێرشی نا بەرامبەر، داوەتەوە:

((وەختێ کە حکومەتی ئینگلیز سلێمانی تەخلیە کرد، ئەهالی خاریج و داخل لە پاش ئەوە کە خەبەری ئەم واقعە کتوپڕەیان زانی، تا مانگێکیش کەس نەی زانی چیە و لەبەر چەبوو و بۆچی تەخلیە کرا لەمەدا چە سرێک چە سیاسەتێک هەیە، بە هەر نەوعێ و هەر تەشیش بوو تا ورود و مواصەلەتی حەزرەتی مەلیک، لە تەرەف جەنابی شێخ عبدالقادر ئەفەندییەوە ئاسایشی عمومی تەئمین کرا.

لەپاش مواصەلەتی حەزرەتی مەلیک و وەزعیەتی مەملەکەت خرایە شکڵێکی حکومەتییەوە، ئەم شکڵە فەوق مەئمولە لە سایەی هیمەتی خدا پەسندانەکەی حەزرەتی مەلیکەوە، ئەمە پێنج شەش مانگە دەوام دەکا و لە زەرفی ئەم مودەتەدا بۆ تەرویجی ئامالی حکوومەت ئینگلیز و تەشکیلی حکومەتێکی کوردیە، لێرەوە موتەعەدد هەیئەت، مورەخەص بۆ کەرکووک و بۆ بەغداد بۆ موزاکەرە رۆیشتوون و هاتوون و ئەم موحیتە دائیمەن بۆ رۆژێکی وا یەعنی بۆ تەشکیلی حکومەتێکی کوردیە چاوەڕوانی لوتفی حکومەتی ئینگلیز بوون و موتەمادیەت سەعی بۆ ئیدامەی دۆستایەتی حکومەتی ئینگلیز کردووە، کەچی مەعەل تەئەسووف موقابل بەم دۆستایەتیە، حکومەتی ئینگلیز ئەم میللەتە مەزڵوومە بە بۆمباردووەمان تەهدید و تەخویف ئەکا، تیناگەین مەعنای

چییە و لەبەرچییە عەجەبەن حکومەتی فەخیمە لە تەرەف کوردێکەوە تەهدید کرا کە ئێرەی تەخلیە کرد یاخود موقابل بە خۆی هیچ قوەتی لە کوردستاندا شک ئەبا کە مدافەعەیەک بکا.

ئەگەر غەیری حوریەت و ئازادی میللیەی خۆمان دەعوایەکی ناحەقمان لێ واقیع بووە، باشە و ئیللا ژن، منالّ فەقیر و خانووی ئەم میللەتە گوناهی چیە کە بومباردمان ئەکرێ یاخود حکومەتی فەخیمەی ئینگلیز لە خوێن رشتنی ئەم میللەتە چەاستفادەیەک ئەکا. تێناگەین))*

(**رۆژی کوردستان**)(١٣)

دوای بۆمبارانی شاری سلێمانی بە نوێترین فڕۆکەی ئەو رۆژگارە و بەو شێوەیەی کە (رۆژی کوردستان) وێنای کردووە، بارودۆخی ناوشار و دەوروبەری تێکچووە و گیان و مالّی هاوڵاتیان لەبەر مەترسیدا بووە، شێخ مەحمود پێش ئەوی سلێمانی بە جێ بهێڵێ وەک (ئەحمەد خواجە) باسی دەکات شەوی ١٩٢٣/٣/١ کۆبوونەوەیەکی گشتی بە مەئمورانی حکومەت کردووە و لەو کۆبوونەوەیەدا راستەوخۆ هێرشی کردۆتە سەر سیاسەتی ئینگلیز و ئەو پەیمان و گفتەکانی بە کوردیان دابوو بە تەفرەکاری بە ناڕاست و ئالّۆز باس دەکات، شێخ بە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە دەڵێ **((هەموو کۆشش و مەرایی و خوێن ڕشتنمان بەرامبەر بە ئینگلیز، بێ سوود مایەوە، قلکزەردەکانمان (دوور نیە مانای دوژمن یا معارەزە یا ناحەز بێ) من بە سوچدار دەزانن، راست ناکەن یا نازانن یا تەفرەمان دەدەن و ئێمەیان کردووە بە گۆپالّی دەستیان بۆ ساغکردنەوەی موصڵ، نەک بۆ ئێمە یا بۆ عەرەب، بۆ مەرامی خۆیان دەیخەنە سەر بەغداد کە بۆ کوژاندنەوەی ناوی کوردە...))**(١٤)

روژکوردستان

١٥ تشرین ثانی ١٩٢٢

دیارە لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری چۆڵکردنی سلێمانی دراوە و شێخ بڕیار دەدات شار جێ بهێڵێ و ڕوو بکاتە ئەشکەوتی جاسەنە وەک م. ر. هاوار باسی دەکات:

((بەر لەوەی یەکەم ژمارەی بانگی حەق دەربچێت شێخ مەحمود بەو چاپخانەیە بەیانی ژ (١)ی چاپ کرد و بڵاوی کردەوە، کە لێی نووسراوە ژمارە (١) سالّی ١٩٢٣ی ٨/مارتی/١٣٣٩ ڕۆمی)) هەروەک لە ژمارەیەکی **((بانگی حەق))**دا ئاماژە بەو بەیانە دراوە.

ئەو بەیانە کە لە چوار خاڵدا چڕ کراوەتەوە، زۆر خاڵی گرنگی وروژاندووە و وەک یەکەم بەیاننامەی شۆڕشە

و بەرگرییە لە سەربەخۆیی کورد و خستنەڕووی راستەقینەی سیاسەتی ئینگلیز، دەکرێ مەبەست و ئاراستەی بەیاننامەکە بەم شێوەیە روون بکەینەوە:

١ ـ دوای پێنج مانگ لە دامەزراندنی حکومەتی خواروویی کوردستان، هەوڵی گۆڕانی سیستمی خێڵەکی و عەشائیری بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و دابین کردنی ئاسایش بۆ سلێمانی و دەوروبەری، ئینگلیز دەست بەرداری سیاسەتی فێڵ و چەواشەکاری نەبووە، لەو ماوەیەدا بەردەوام گفتوگۆ لەنێوان حکومەتی کوردستان و ئینگلیزدا بەردەوام بووە، کورد بە دڵسافی و نییەت پاکییەوە داواکانی خستۆتە روو، بەڵام لایەنی بەرامبەر نکوڵی لە هەموو بەڵێن و پەیمانەکانی پێشووی کردووە و دڵپاکی و فیداکاری بۆ میللەت و مافی ڕەوا، بە فرۆکە و هێرشی سەربازی وەڵام دراوەتەوە.

٢ ـ هێرشی فڕۆکەکانی ئینگلیز مەحکوم دەکات و بە دژی هەموو کارێکی مرۆڤ پەروەرانەی دەشوبهێنی و کە چۆن بەوپەڕی دڕندەییەوە پەلاماری ژن و منداڵ و هاوڵاتی بێتاوان دەدەن، تەنانەت دوای ئەوەی شێخ مەحموود و ئۆردووی کوردستان سلێمانی جێ دەهێڵن تا بەهانە نەدەن بە دەستەوە بۆ بۆمباران کردنی شار و شارۆچکەکان، بەڵام ئەم بەڵێن و گفتانە ئینگلیز وەک پێشوو بۆ چەواشەکاری و کاری پڕوپاگندە بووە هەر لەم خاڵەدا شێخ بە ناوی ئەو ئەفسەر و فەرماندە و هێزەکانی شۆڕشەوە پەیمان بە خەڵکی کوردستان دەکات کە لە پێناوی بە دەست هێنانی مافەکانیاندا، هەموو فیداکارییەک بنوێنن گیان و ماڵیان بەخت بکەن، بەم شێوەیە گیانی ورە و درێژەپێدانی خەبات نوێ دەکاتەوە.

٣ ـ شێخ مەحموود بە ئاشکرا مەبەستی روون دەکاتەوە کە شەڕ فرۆش نییە و دژی مافی کەسی ناوەستێتەوە، بەڵام ڕێگا نادات کەس مافی کورد زەوت بکات، هەر لەم خاڵەدا هۆشیاری دەداتە هەموو ئەو ئەفسەر و مەئموورانەی تا ١٩٢٣/٣/٨ پەیوەندییان بە شۆڕشەوە نەکردووە، تا ١٩٢٣/٣/١١ خۆیان بگەیەنن ناوچە ئازاد کراوەکان و بەو کارەیان نیاز پاکی خۆیان نیشان دەدەن و لێبوردنی گشتی دەیانگرێتەوە.

٤ ـ لەم خاڵەدا **(باشی قوماندارانی و مەلیکی کوردستان)** جەخت لەسەر شەرعیەتی حکومەتی خواروویی کوردستان دەکاتەوە بەهۆی ئەوەی بە هەڵبژاردن و ڕای گشتی میللەت بە مەلیکی کوردستان هەڵبژێردراوە، هەر لەبەر ئەوە دەسەڵاتی ئینگلیز بە داگیرکەر و دژە ئیسلام باس دەکات و وە هۆشیاری دەداتە هەموو دانیشتوان و ئەفسەر و مەئموورەکان کە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە نەکردووە، نابێ بە هیچ جۆرێ هاوکاری داگیرکەر بکەن و لە سایەی ئەودا خزمەت بکەن، بە پێچەوانەوە وەک بڕیاری شورای میللەت سزایان لە سێدارەدانە(١٥).

٥ ـ دوای بیست ڕۆژ بەسەر بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ١٩٢٣/٣/٨دا ڕۆژنامەی بانگی حەق چاپ دەکرێت و لە بارودۆخێکی ناسک و ئاڵۆزدا دەبێتە پەیامی شۆڕشی چەکداری وەک دکتۆر کەمال فوئاد کە باسێکی لەبارەی ناساندنی هەردوو ژمارەکەی **(بانگی حەق)**ەوە بڵاو دەکاتەوە لەو بارەیەوە دەڵێ: **((ئەگەر ڕۆژنامەی کوردستان کە لە ١٨٩٨/٤/٢٢دا لە شاری قاهیرە دەرچووە بە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بژمێرێ ئەوا ڕۆژنامەی بانگی حەق بە یەکەمین ڕۆژنامە دەژمێرێ کە لەلایەن سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی چەکداریی کوردەوە بڵاوکرابێتەوە)**(١٦).

پێشتر د. کەمال مەزهەر بە چەند دێڕێ ئاماژەی بۆ ئەم ڕۆژنامەیە کردووە، ئەنووسێ **((تا نیسانی ١٩٢٣ سێ ژمارەی لێ دەرچوو، ژمارە سێی دوو لاپەڕەیە و ڕۆژی پێنج شەممە ١٢ی نیسانی ١٣٣٩، ٢٦ی شەعبانی ١٣٤١ی لەسەر نووسراوە، وا دیارە تەنها ئەو سێ ژمارەیەی لێ دەرچوو، چونکە زۆری نەخایاند کە شێخ مەحموود ناچار بوو ناوچەی سوورداش بەجێ بهێڵێ و چاپخانەکە بەو جۆرە کەوتەوە دەست ئینگلیز** کە دیسان گواستیانەوە سلێمانی و

پاش ماوەیەک **(ژیانەوە)**یان پێ دەرکرد[١٧].

فاروق عەلی عومەر لە ماستەرنامەکەیدا **(رۆژنامەگەری کوردی لە عیراقدا، بەراییەکان ١٩١٤ ـ ١٩٣٩ بە سوود وەرگرتن لە چەندین سەرچاوە مێژوویی لەگەڵ خستنەڕووی دەقی هەر دوو ژمارەی (بانگی حەق ١، ٣) بە ڕێنووسی ئەمڕۆ)** دەڵێ:

((بانگی حەق رۆژنامەیەکی (سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی، غەزەتەیەکی ڕەسمی بوو) لە ئەشکەوتی جاسەنە لە ناوچەی سووداش ـ باکووری سلێمانی ـ لەلایەن (قەرارگاهی عمومی ئۆردوی کوردستان)ەوە دەردەچوو، تەنیا سێ ژمارەشی لێ دەرچووە (یەکەمیان لە ڕۆژی بیست و هەشتی ئاداری ساڵی ١٩٢٣، دووەمیان چاپ نەکرا و ڕەشنووسەکانی لە چاوەڕوانی ڕەزامەندی شێخ مەحموددا مانەوە، سێیەمین ژمارەشی لە ڕۆژی دوازدەی نیسانی ساڵی ١٩٢٣دا دەرچووە، بەپێی چەمکێکی ئایینی ناوی (بانگی حەق)ی لێنرا، هەروەک (ئەدمۆندز)ی حاکمی سیاسی ئەو کاتەی کەرکووک دەڵێ (ناوی رۆژنامەکە بە مەبەست وا دانراوە کە مانایەکی ئایینی ببەخشێت، حەق لە تەسەوفدا خوا دەگرێتەوە).

رۆژنامەکە بە قەبارەی (٣٣/٢١سم و بە دوو لاپەڕە دەرچووە، لە ژێر ناوەکەشیدا ئەم ڕستەیە نووسرابوو (ناشکێ بە تۆپ و بۆمبا سەرفرازە بانگی حەق) ناوەڕۆکی رۆژنامەکەشی بریتی بوو لە هەواڵ و ڕاگەیاندراو و ڕوونکردنەوە، تەنانەت ژمارەیەکی بریتیە لە تەنیا وتارێک)[١٨].

دوای بەسەرکردنەوەی ئەو قەڵەمانەی بە هەوڵ و توانای زانستی خۆیان ئەو ژمارەیەی (بانگی حەق)یان خستۆتەوە بەر باس و بایەخ پێدان، لێرەوە هەوڵ دەدەین شیکارییەکی دیکە بۆ ناوەڕۆکی ئەو دوو ژمارەیە بکەین کە هەر چەندە دوو ژمارە و دوو وتارە، بەڵام وەک د. کەمال فوئاد ئەڵێ ((دەرچوونی (بانگی حەق) گۆڕانێکی چۆنایەتییە لە بزوتنەوەی کوردایەتیدا بۆ یەکەم جار بزوتنەوەیەکی چەکداری کورد لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک هەواڵ و ڕاگەیاندنەکانی بڵاو ئەکاتەوە))[١٩].

ئاڕاستە سیاسییەکانی ناو (بانگی حەق):

لەگەڵ ئەوەی لە ژێر ناوەکەیدا نووسراوە (سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی بەڵام زیاتر ئەرکی سیاسی لەخۆ گرتووە و لەوەش زیاتر زمانی ئوردووی کوردستانە و لایەنی سیاسی و سەربازی دوو مەبەستی ئاوێتە کراوی ئەو ڕۆژنامەیەن، لەو دروشمەدا کە لە سەرەوەی ڕۆژنامەکەدا نووسراوە **(ناشکێ بە تۆپ و بۆمبا سەرفرازە بانگی حەق)** ئاماژەیە بۆ ئەو شەڕەی لەنێوان لەشکرێکی تەیار بە چەکی نوێ، بەڵام بێ بڕوا، بێ ئامانج شەڕ دەکات لە بەرامبەردا هێزێکی تر وەستاوە کە **(غایە و ئەملی استحصالی حقوقی کوردانە)** کە بە چەکی بیروباوەڕ و سووربوون لە سەربەخۆیی و گێڕانەوەی ئەو حەقەی کە دوژمن نکوڵی لێ ئەکات و میللەت دەست بەرداری نابێت، پێدەچێت ئەو دروشمە لەو وتە زایە وەرگیرابێت کە ئەڵێ **(الحق یعلو ولایعلی علیه)** بە مانای حەق سەردەکەوێ و هیچ هێزێک بەسەریدا سەرناکەوێ، ئەم بڕوا بە خۆبوونە ئەو بنەمایەیە کە لە هەموو گفتوگۆکانی ئەو پێنج مانگەی دووەم دەسەڵاتی کوردیدا جەختی لەسەر کراوەتەوە و هەر جارەش ئینگلیز بە بەهانەیەک بەرپەرچی داوەتەوە لە وتارەکانی **(بانگی حەق)**دا هەوڵێکی چڕ دراوە بۆ وروژاندنی سۆزی ئایینی و دابەشکردنی بەرەی شەڕ بۆ بەرەی ئیسلام و لەپاڵیدا کورد و بەرامبەرەکەی دژە ئیسلام کە ئینگلیزە دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵس و کەوتی ئینگلیز و ئەو بەڵێن و گفتە بەتاڵانەی ساڵانی کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی بە کورد و نەتەوەکانی تر ئەدا، بۆ نموونە ڕۆژنامەی **(تێگەیشتنی ڕاستی)** ژ١١ی ٥ی شوباتی ١٩١٨ دەنووسێ **((کورد قەومێکە دائیمەن ئیسپاتی مەوجودیەتی کردووە و ناوی لە تەواریخی عالەمدا هەیە، حەیف** نییە کە ئەم قەومە ئازایە لەناو ئەقوامی تازە

خۆی نیشان نەدا، ئەمڕۆ زەمانێکە کە هەموو ئەقوام داوای حەقی خۆیان دەکەن بۆچی کورد لە هەموو جێ جەمعیاتی عیلمییە تەئسیسی و تەئریخی ئەدەبیاتی خۆیان تەدوێن ناکەن..... ئینگلیز کە قەومێکی عادلن ئەڵبەتە سەعادەتی کوردیشیان دەوێ...)[٢٠] لەناو گفت و رۆژنامەکانی سەر بە ئینگلیزدا وەک **(تێگەیشتنی ڕاستی و پێشکەوتن)** زۆر لەو پاڵپشتی و هاندانە دەخوێنینەوە کە دواتر هەموو بە پێچەوانەوە شکاندەوە، شێخ مەحموود لە **(بانگی حەق)**دا هەوڵ ئەدات پیاوانی ئایینی و کۆمەڵایەتی خەڵک کە موسڵمانن و بە هەموو بیروباوەڕێکیانەوە تەنانەت نەتەوەکانی دراوسێ بۆ بەرەیەکی ئایینی پشت بەست بە بنەماکانی ئایینی ئیسلام رابکێشێ و هەوڵ بدات:

١ ـ بەرەی دژ بە دوژمن کە ئینگلیزە بە ئایینی ئیسلام و کۆمەڵگای کورد و دەوروبەری نامۆیە، فراوان بکات و زیاتر بۆمباباران و کوشتارەکانیان بە هێرش کرانە سەر ئایین بناسێنێ و دواتر هێرش کردنە سەر نەتەوە.

٢ ـ هەوڵ بدات نەتەوە دراوسێکان لە ڕێگای سۆزی ئایینییەوە هان بدات کە ببنە پاڵپشت بۆ بزوتنەوەکەی.

٣ ـ وەرەی ئەو کەسانە بڕوخێنێ کە کورد بوون و تا ئەو کاتە هیوایان بە گفتەکانی ئینگلیز ماوە، هۆشیاریان دەکاتەوە کە هاوکاری دوژمن بە هەر شێوەیەک دژ بە ئایینە بە پلەی یەکەم و دواتر دژ بە کورد و مافەکانیەتی، ئەوەتا لە ژمارە یەکدا نووسراوە **((ئێمە مەقسود و غایەمان سەعادەت و سەلامەتی ئیسلام و قەومی نەجیبی کوردە))** ئێمە بە دوو ڕابیتە برای یەکین ئەوەلەن ئیسلامین، سانییەن هەموو کوردین ئەم دوو ڕابیتە برای یەکین ئەو وەلەن ئیسلامین، سانییەت هەموو کوردین ئەم دوو ڕابیتە ئێمەی وەها یەکدڵ و یەک ئەمەل کردووە کە هیچ کەسی بە هیچ لەونێ ئێمە لە یەک جودا ناکاتەوە....))[٢١]

شێخ مەحموود زۆر بە وردی وەک کەسێکی شارەزا لە ئایینی ئیسلام هەموو بۆچوونەکانی بە ئایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) سەلماندووە و بەمەش ڕێگای بۆ شێوازی کاریگەری ڕاست و خۆیان کورت خایەن خۆش کردووە، بە مەبەستی وروژاندنی بە کۆمەڵ لە پێناوی دروستکردنی ڕای گشتی و کۆکردنەوەی هەڵوێست و هەستی تاکەکان لە دەوری پەیامێکی ئایینی، نەتەوەیی، نیشاندانی کورد وەک قوربانی و دوژمنەکەی وەک جەللاد کە وێنەی ڕاستەقینەی ئەو حاڵەتەیە و بە ڕۆژنامەکەی ڕاستگۆیی دەگوێزرێتەوە ئەڵێ **((ئەم زوڵم و وەحشەتە لەم عەسری مەدەنییەتەدا بۆ مەعنای ئینسانیەت و بەشەرییەت شائیبەیەکی فەجیع و خوێنڕێژانەیە))**[٢٢] تۆمارکردنی ئەم کارەساتە زیاتر پاڵپشت بۆ دروشمی بەرەنگاری و بەگژداچوونەوەیە.

لە ژمارە **(یەکدا)** خاوەن وتار هەوڵ دەدات ئەو بۆچوونە بسەلمێنێ کە تا ئەمڕۆش هەندێ مێژوونووس لەبارەیەوە کۆکن، ئەوەش جیاوازی نێوان فەرماندە سیاسی و سەربازییەکانی ئینگلیزە لەبارەی کێشەی کوردەوە هەر لەوێدا ئاماژە لەوە دراوە کە **((بەعزێ مەئموورینی ئینگلیز کە تابیعی هەوا و هەوەس و سوئی ئیجتیهاداتی سەقیمەی خۆیان بوو، ئەمە ئەڵبەت زەمەن حیسابی دەبینێ.... بەڵێ بەعزێ مەئموورانی ئینگلیز لە خسوسی کوردستانی جنوبی سیاسەتێکی زۆر سەتیعیان گرت، مەقسەد و ئەمەلی ئەمانە ئەم کوردە مەزڵومە، ئەم عونسوری ئیسلامە قەهر و تەدمیر بکەن))**[٢٣] دیارە ئەو دەستەیە کە ناویان لە ڕۆژنامەکەدا نەهاتووە و تەنیا بە هێما باسکراون ڕەنگە زیاتر مەبەستی سیاسەتی میجەرسۆن و **(ئەدمۆندز)** بێت کە بەوە ناسراون بە تۆندی دژایەتی شێخیان کردووە و بەڵام کەسێکی وەک گوڵد سمیث کە دوای مێجەرسۆن بووە حاکمی سلێمانی هەوڵی دا ئەو بێزارییەی لەناو خەڵکدا بەهۆی ڕەفتاری مێجەرسۆنەوە پەیدابوو بوو نەی هێڵێ و تەقەڵای ئەوەی دا

دڵی خەڵک رازی بکات))[٢٤]

جیاکردنەوە کاراکتەر سیاسییەکانی ئەو رۆژگارەی ئینگلیز لەلایەن سەرکردەیەکی کوردەوە زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەر یەک لەو حاکمە سیاسیانە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو کاریان کردووە و پێویستییان بە زمان و هەڵسوکەوتی دیبلۆماتی جیاواز بوو، ئەگینا وەکوتر هەموان بەرنامەیەکی ستراتیژی حکومەتی بەریتانیایان جێبەجێکردووە و نەیانتوانیوە لەو چوارچێوە زیاتر پەل بهاون و سیاسەت لە مێژەوە لای ئەوان لە مەزاج و ئاراستە و خوولیا و پلانی تاکە کەس جیاکراوەتەوە.

بەو هۆیەوە ئەرکی راگەیاندن لەناو سیستەم و چوارچێوەی دەسەڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەم ناوچەیەدا، نەک لە رۆژانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵکە تا ئەمڕۆش ئەرکی سیاسییە، بە جۆرێک کە کەناڵەکانی راگەیاندن گەر بە دەست حیزب و حکومەت و شۆڕشەوە بن لە خزمەت شیکردنەوە و ئاراستەکردنی گوتاری سیاسی دان بە دوای ئەو ئەرکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و پەروەردەکردن و بەختەوەر کردن دێت.

دیارە لە دەرفەتێکی بەرەنگاری و ململانێنی مان و نەماندا بەو توانا کەمە و چاپخانە ماندووەوە هەر ئەوەندە دەکرێ لە ئەشکەوتێکی دوورە شاردا، رۆژنامەیەکی دوو لاپەڕەیی و یەک وتاری پەخش و بڵاو بکرێتەوە، لە راستیدا شار بنکە و بارەگای چاپ و چاپخانەیە و لەناو ئەو کۆدەنگییەدا لە ئاڵۆزی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی لە شاردا هەیە، پێویست بەوە دەکات کەناڵی دواندنی کۆمەڵگا لەناو خۆیاندا دروست ببێت کە رۆژنامەیە، بەڵام ئەو حاڵەتەی لە شاخ و ئەشکەوتەوە پەیام ئاراستەی شار بکرێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئیرادە و سوور بوونە لە سەر ماف و سەربەخۆیی.

هەردوو ژمارەی (١) و (٣)ی بانگی حەق پانۆرامای ئەو رۆژگارەیە و بە زنجیرەیەکی مێژووی ورد، بەڵام کورت و پڕ مەغزا لە دوێنێ و ئەمڕۆ و بەیانی دەدوێ:

لە ژمارە یەکدا، ئاماژە بۆ بەیاننامەی رۆژی ١٩٢٣\٣\٨ دەکات کە ئامانج خۆشی بەختی کوردانە و جەخت لە سەر ئیسلام بوون و کورد بوون دەکاتەوە کە هەردووکیان لە لایەن دوژمنەوە بوونەتە ئامانج، کەواتە هەموان با لە یەک بەرەدابن مێژووی کورد بە مێژووی ئیسلامەوە گرێدەداتەوە و بەمەش هەوڵی کردنەوەی بەرەیەکی فراوانە بەرامبەر بە ئینگلیز. لە خاڵی دووەمدا باس لە کاروکردەوەی نوێی ئینگلیز دەکات، کە چەند هەفتەیەک لەوەوبەر بە بۆمبا **((مااڵ و منداڵ و عیال بێ گوناهوو بێ دەسەاڵتی ئەم میللەتە مەعسومەی ئاگرباران کرد))**[٢٥]

لە ژمارە یەکی **((بانگی حەق))** دا هەوڵی ئەو پەیوەندیە جەماوەرییە باس دەکات کە دەستە دەستە پەیوەستن بە شۆڕشەوە لە ئەفسەر و هێزی میللی و فیداکارانی شار هەروەها جەماوەر لەوە دڵنیا دەکاتەوە کە هەموو ئەوانەی پەیوەندیان کردووە بە شۆڕش و بڕوایان بە سەرکردایەتی شێخ مەحموود هەیە هەتا دوا هەناسە بۆ رزگاری و سەرفرازی کۆشش دەکەن و ئەو شەڕەی لەگەڵ دوژمندا دەیکەن لە خانەی جیهاد دایە لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام و میللەتی کورد.[٢٦]

هەردوو خاڵی ٦، ٥ لەو بەلاغەی لە ژمارە یەکدا هاتووە، تەوەرێکی گرنگی سیاسی دەخاتە روو کە شۆڕش و پێشتر حکومەتی خواروووی کوردستان رووبەڕووی بۆتەوە و نەیانتوانیوە چارەی بکەن، کە ئەو دیاردەیە **(پروپاگندەی سیاسی)** کە وەک شێوەی واتەواتە لە ناو خەڵکدا کاریگەریی خۆی کردووە و دوژمنێکی سەرسەختی نهێنی بووە کاری لە وڕەی خەڵک و دەوروبەر کردووە، هەر لەبەر ئەوەش ئەو پڕوپاگندە رەشە کە لە پاڵ و بە ناوی لایەنێکەوە واتەواتە بڵاو دەکاتەوە کە لێی بێ ئاگایە و مەبەستی ئاژاوە و نائارامی و دروستکردنی گومانە لە نێوان سەرکردە و خەڵکدا، ئەو

هەوڵانە بە واتـەوات نـاوزەد دەکەین کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە بە شێوەی زارەکی کە لەو رۆژگار و سالانەدا بە تایبەت رۆژنامەیەکی تر نەبووە رۆڵی راگەیاندنی دژ ببینێ، دیارە کەنالی واتەواتە ئاسانتر بووە بە تایبەت لەو قۆناغە ناسکەدا کە ئـارەزووی لایەنگیری سـۆزداری زاڵە و زۆرینـەی خەڵک نەخوێندەوار بـوون و بە دوای هەواڵێکی سەرپێچیدا دەگـەڕان، کە سەرەداوێکی راستیان پێ ببەخشێ، لە ساتی شەڕ و قەیرانی دابڕانی شـۆڕش و خەڵک و درەنـگ گەیشتنی هەواڵی راست و باوەڕپێکراو، زەمینە بۆ واتـەوات خۆش بوو کە کار لە عەقلە سادە و کورت بینەکان بکات ئـەوانـەی زوو کاریان تێ دەکرێت، دیارە سەرچاوە بۆ واتەواتەکان نادیار بوون و هەمیشە لە خزمەتی بڵاوکەرەوەدا بوون، ئینگلیز لە سالانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دواتر دا ئەزموونی باش و بەرنامەڕێژیان بووە لە بواری بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی پڕپاگـندەی سیاسی و جـۆرەکـانـی دژی نەیارەکانیان و لە هەر کات وسەردەمێکدا کام کەنالیان زیاتر کاریگەر بووبێ سوودیان لێ وەرگرتووە وەک رۆژنامە و رادیـۆ و کەنالی زارەکی...هتد.

واتـەوات دوو مەرجی سەرەکی هەیە بۆ بڵاوکردنـەوە و کاریگەری، کە بریتین لە بایەخ و تەم و مژ، بایەخی هەواڵەکە گرنگی بە لایەنی زۆرینەی خەڵکەوە و بەرەو رووی دەچن و دڵەراوکێ و گومانیان لا دروست دەکـات، دیـارە ئەو هەواڵە کورتانە لە ناو تەم ومژی بـارودۆخی ئاڵۆزی سیاسی و سەربازیدا کاریگەریی خۆی دەکات توانای راکێشانی سۆزی ناوەندەکەی هەیە.

(هارولد لاسویل) لە باسی ئەنجامەکانی پڕوپاگندەدا دەڵێ:

١. تەیار کردنی خەڵک بۆ رکابەرایەتی دوژمن.

٢. پـاراسـتـنـی هـاوپـەیـمـانـییـەتـی لـەگـەڵ دۆستەکاندا.

٣. هـەوڵی بەدەستهێنانی لایەنگیری لە لایەن ئەو کەس و لایەنانەی لە کێشەکەدا بێلایەنن خـاوەن پـڕوپـاگـنـدە پێوستی بە هاوکاری هەیە.

٤. تـێکـشـکـانـدنـی هـێـزی مـەعـنـەوی دوژمن.[٢٧]

دیارە باشترین ئەو شێوازانەی لە پڕوپاگندە و واتەواتدا بە کاردێت، بریتین لە شێوازی دووبـارە بـوونـەوە، قەبە کـردن، شێوازی ئاسانی دەربڕین و ئاراستەی کۆمەڵکردن.... هتد.

دوژمنانی حکومەتی خواروووی کوردستان بۆ ئەو ئامانجە تایبەتییانە، ئەو شێوازانەی بەکار بووە و دیارە کاریگەریی زۆر هەبوو تا کار گەیشتە ئەوەی لە ژمارە یەکی (بانگی حـەق)دا نـووسـەری وتـار یـان دارێـژەری ئـەو بـەلاغـە روو لـە خەڵکی سلێمانی و دەوروبـەری بکات بە بێ سڵەمینەوە بڵێ **((بە قسەی بەعزێ مونافقین و بەدخواهانی ئیسلام و کورد ئیخفال نەبن، هیچ وەختێ ئیمە بۆ میللەتی خۆمان زەرەرمـان نابێ ئەگەر بەعزێ بەدخواهان و خودپەسندان بە زمانی ئیمەوە مەعلومات فرۆشی و قسەی پروپووچیان کرد باوەڕیان پێ مەکەن، ئەو نەوعانە لە خۆتان دوور بخەنەوە، ئەمانە کە بەم تەحرەیە ئیفسادان تەعقیبی مەنفەعەتی شەخسییەی خۆیان ئەکەن، مەوستەجیبی نەفرەت و جەزان. لە ئوردووی کوردستاندا جێی ئەم نەوعانە نییە))**[٢٨]

لـێـرەدا سـەرنـجـمـان بـۆ مـەتـرسـی ئـەو دەستەیە رادەکێشێ کە پڕوپاگندەی ئەوە بۆ بزووتنەوەی بەرەنگاری ئینگلیز دەکەن کە دژە میللەتە و هەوڵ دەدەن بڕوای زۆرینەی خەڵک بـەرەو هەڵچوون و بەربەرەکانی شـۆڕش بـەرن، ئەو کەسانە وەک تارمایی لە تاریکیدا بە ناوی سەرکردەوە و کەسانی ناو بزووتنەوەکەوە واتەوات بڵاو دەکەنەوە. هـەر لـەبـەر ئـەوە دەسـت نیشان کردنیان زەحمەتە و مەترسی ئەوەیان لێ دەکرێت دژە بکەنە ناو ئوردووی کوردستانەوە. هەر لەبەر ئـەو لە (بانگی حـەق)دا هۆشیاریان دەداتێ کە ئەو هەوڵەیان مایە پووچە و لە

ناو بـەرەی شۆڕشدا ئامانجیان دەکەوێتە روو، دواتـر بە سـزای گـەل دەگـەن. دیـارە واتـەوات گومانی لە ناو خەڵکدا بەرامبەر بە ئوردووی کوردستان دروستکردووە بۆ بەرپەرچی ئەو واتە واتانە، جارێکی تر شێخ مەحموود هـەوڵ دەدات نەیارەکانی بەوە بترسێنێ کە جگە لە هێزی ئاشکرا، بەشێکی هێزی ئـۆردووی کوردستان بە نهێنی کار دەکـەن و دەتـوانـن پلانەکانیان پـووچـەل بکەنەوە، هەروەها هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان جەماوەر و ئۆردووی کوردستان توند و تۆڵتر بکات و درزی گومان و بێ متمانەیی پڕ بکاتەوە. ئەوەتا دەنووسێ: **(وەکو حیسم کردووە ئەهالی لە تەشکیلاتی چەتەی ئێمە کەوتوونەتە شوبهەوە، موجیبی شوبهە و تەرەدوود هیچ نیە، ئەم چەتانە بۆ موخالفین و موتەرەدینی حقوقی کورد تەشکیل کراون، دەکەونە فەعالیات، ئەم چەتانە قیسمەت عەیان و قیسمەت مەجهول و پەنهان غایە و ئەمەلی کورد و کوردستانە مەعتوفی سەعادەت و ئیستخلاسی قەمی کوردانە)**[٢٩]

م. ر. هـاوار بـە باسـکردنـی رۆژگـاری شۆرشەکەی شێخ مەحموود ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەو هەلومەرجە تەواو لە بار بووە بۆ زاڵ بوونی واتەوات و لەخشتەبردنی زۆرینـەیـەک لـە خـەڵک. لـەم بـارەیـەوە دەنووسێ **((شۆڕشەکەی شێخ مەحموود لە رۆژێکی زۆر تاریک و پڕ لە تەنگوچەڵەمەدا رووێدا، کە هێشتا میللەتی کورد لە دوای گرانی برسێتی و ڕەش و رووتی شەڕی جیهانی هێشتا تێر سکی خۆی نەخواردبوو، لێشاوی خەڵات و بەراتی ئینگلیز زۆر کەسی لە خشتە بردبوو سکەی رووپیە ئیمانی بە زۆر کەس گۆڕی بوو))**[٣٠]

ئەمەجگە لەوەی خوێندەوار و رووناکبیران کەم و دەگمەن بوون و لە هەڵوێستی سیاسی و پشتگیری شێخ مەحموودا ڕاڕا و بە گومان بوون و لەبەر ئەوەی شارەزای توانا و فرت و فێڵی ئینگلیز بوون کە بڕوای بە مافی کورد و سەبەخۆیی کوردستان نەبووە، لەبەر ئەوە ئەو ململانێیان بە نابەرامبەر زانیوە، بۆیە ئومێدیان بە مـانـەوەی حوکمداریەتەکەی شێخ مەحموود نەبووە.[٣١]

لە کۆتایی ژمارە یەکدا، ئومێدی سەرکەوتن بە میللەتی کورد دەدات و لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتی و بۆمبارانەدا لەگەڵ دەستەبالایی دوژمـن لـە یـەدەک و سـەربـاز و چەکی نوێدا، بـەڵام رۆژی سەربەخۆیی بە نزیک دەزانـێ کە ئەم لایەنە گەشبینییە، پێویستە لە گوتاری سیاسی و سەربازییدا هەبێت، هەمیشە سەرکردە نەتەوەیی و میللییەکان لە دژوارترین رۆژگاری شەڕ و پێکهەڵپژاندا، لە رووخانی وڕەی زۆرینەدا، ئەمان ئاسۆی سـەرفـرازیـمـان بینیوە و بـەمـەش وڕە و خۆڕاگریان بە بەر هێز و بـەرەی میللەتدا هێناوەتەوە.

((ئینشائەللا قەرییەن فـەوز و نەسرەتی ئیسـلام و کـورد دەنـوێنـێ. تـوفیقـات لە خواوەندی عالییانەوەیە خوا لە سەر حەق و خێری ئیسلام و کـورد لامـان نـادا و موەفەقمان بکا ئامین!...))[٣٢]

وەک سەرنج دەدەین سەرکەوتنی کورد و ئیسلام لەم گەشبینییە بە ئایندە، ئاوێتە بووە و مەبەست و وروژاندنی رای گشتی و سۆزی ئایینی خەڵکە بەرامبەر بە ئینگلیز، دیـارە ئـەو کاریگەرییەی **((بانگی حـەق))** ئامانجی بووە لە ناو میللەتانی دەوروبـەر و تـەنـانـەت بەشەکانی تـری کوردستاندا جێبەجێ نەبووە ئەوەش بە هۆی سنووری بڵاوبوونەوەی. رۆژنامەکە بچووک بووە و ڕێژەی خوێندەوار کەم بـوون و لەلایەکی تـرەوە، ئـەم رۆژنـامـەیـە وەک **((بانگی کوردستان))** و **((رۆژی کوردستان))** لە ناو شـارەوە راستەوخۆ خەڵکی نـەدواندووە، بەڵکە سانسۆرێکی بە هێز، شورای شاری لێ تەنیووە و دوژمن وەک چۆن بە فڕۆکە و بۆمبا دژی بزووتنەوەکەی شێخ وەستاوە، بـەو قورساییە بە واتـە وات و پروپاگندە و جـەنـگی دەروونـــی و قـەدەغـەکـردنـی بڵاوبوونەوەی دەنگ و باسی بزووتنەوەکە لە هەر کەنالێکەوە بووە بە گژیا چۆتەوە، تا دواتـر ئەشکەوتی جاسەنەی گرتووە و

چاپخانەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ سلێمانی. ژمارە سێی **((بانگی حەق))**کە دوو لاپەڕەیە، لە سەرەتای مانگی ڕەمەزانی کردۆتە دەرفەتی پیرۆزبایی لە جیهانی ئیسلام لە لایەک و نوێکردنەوەی ئامانجی میللەت کە خۆی لە مافی سیاسی و مەدەنیدا دەبینێتەوە، لە لایەکی ترەوە گریدانی خواستە نەتەوەییەکان بە بۆنە ئایینییەکانەوە، لەو هەلومەرجەدا پێویستیەکی گرنگ و چارەنووس ساز بووە، جەخت کردنەوەیە بۆ جارێکی تر لە سەر دوو بەرەی ململانێیەکەدا ئیسلام و کورد لە لایەک و دوژمنی دژ کورد و ئیسلام لە لایەکی ترەوە، لەو پیرۆزباییەدا **(باشی قوماندان و مەلیکی کوردستان)** خواستە سیاسییەکانی لە چوارچێوەی پەیامێکی ئایینیدا دەخاتە ڕوو، ئەمەش جۆرێکە لە شارەزایی و هەلومەرجەکە و هەوڵی کاریگەریی لە سەر دوو ئاستی ئایینی و نەتەوەییدا.

دوو بەشی تری ژمارە سێ، دوو تەوەرە، یەکەم: شێوەی نامەی ڕەسمی و گشتی وەرگرتووە، کە ئاراستەی **(قوماندانی مەفرەزەی هەشتەمی پیادە کراوە)**، ئەم جۆرە لە نامە شێوازێکی پەخشانی هونەرییە، ناوەرۆک و مەبەستی نووسەر جێبەجێکردنی ناوەرۆکی نامەیە، وەک فەرمانی سەربازی و کارگێڕی زەبری خۆی هەیە، **((نامە وەک فۆرم لە ڕووی زمان و وێنەی هونەری و بابەتی ڕەوانبێژی و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی کاریگەر بە زەبر، وەک مەبەست و ناوەرۆکی، گرنگی خۆی هەیە))**[٣٣]

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هونەری نامە نووسین لە رۆژنامەکانی حکومەتی خواروو کوردستاندا شوێنی بەرچاوی دیاری هەبووە، بەتایبەتی نامەی گشتی کە بە زمانی عەرەب ڕەسمی **یا(السلطاني)** و **(الديواني)** پێ دەڵین.[٣٤]

ئەو نامەیە دەکرێ وەک نامەی گشتی و فەرمانی سەربازی بخوێندرێتەوە، لە خاڵی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەوەی جەماوەرێکی باش ئامادەییان هەیە بۆ بەرگری، بەڵام ڕێک نەخراون و پەرش و بڵاون، لەبەر ئەوە مەلیک مەحموود داوا دەکات دەستەیەکی بەرگری میللی دروست بکرێت کە ئاڕەزوومەندانە ئەو دەستەیە دروست بووە و پێویستە فەرمان و ڕێنمایی لە (باش قوماندان و مەلیکی کوردستان)ەوە وەربگرن.

بایەخدان بە هێزی بەرگری میللی لەو ڕۆژانەدا زۆر پێویست بووە، لەبەر ئەوەی **((کە داموددەزگاکانی دووەم حوکمدارێتی لە سلێمانی دامەزرێنرا، پێکهێنان و ڕێکخستنی سووپا هێزی بەرگری میللی یەکێک بووە لەو کارە گرنگانەی کە خرابووە بەرچاو، لەگەڵ ئەوەشدا دەرامەتێکی کەم دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نەبووە کە بتوانرێ ئەو سوپا و هێزی بەرگرییەپڕ چەک بکرێ و بگەنرێتە ئەوەی پێی بوترێ سوپایەکی ڕێکوپێک و ئەو بەڵێنانەی ئینگلیزەکان دابوویان بە شێخ مەحموود بۆ پشتگیری کردنی، هەمووی هەر بریتی بووە لە قسەی ڕووت و بێ سەروبەر))**[٣٥]

بۆ کۆمەک کردنی ئەو هێزە کەسانی نیشتمانپەروەر کە لەبەر ئەوەی نەکەونە بەر شاڵاوی ئینگلیز، ناویان نەهاتووە، بە پارە و خواردەمەنی هاوکارییان کردووە، ئەمەش جۆرێکە لە هاندان و بیرخستنەوە کە هەموان پێوستە لە پێناوی سەرکەوتنی **(ئاڕەزووی میللەتی ئیسلام و کورددا)** درێغی نەکەن.

لە خاڵی سێیەمدا: باسی ئەو ڕێنماییانە دەکات کە بۆ هێزی بەرگری میللی داڕێژراون و وێنەی بە هۆی ڕۆژنامەی **((بانگی حەق))** و هەر لە ژمارە سێدا بڵاوکراوەتەوە و بۆتە بەرنامەی کاری هێزی بەرگری میللی.

بۆ دامەزراندنی ئەو هێزی بەرگرییە، بە پێویست زانراوە دوو ئەنجوومەن هەبن، یەکێکیان بە نهێنی بە شێوەیەک ئەندامەکانی یەکتر نەناسن، ئەنجوومەنێکی تر کە نوێنەری ئەوانن بە ئاشکرا ناویان هاتووە، لەبەر پێویستی هێزی میللی و لەشکری بەرگری بە کەرەسەی شەڕ و خواردن و پارە، دەستەیەک بۆ ئەو مەبەستە ناویان هاتووە و بەرپرسن لە تۆمارکردنی ئەو کەرەسانە

و ناوی نهێنی ئەوانەی هاوکاری شۆڕش دەکەن، ئەمەش بۆ دڵنیایی ئەو کەسانەی گومان لەوە دەکەن یارمەتییەکانیان ناگاتە شوێنی مەبەست،

لە تەرەف مەجلیسی وەکالەتەوە دەفتەرێکی مەنتەزەمی تەبەروعات قەیدێکی ئەنبار بێ خەتا و سەهو تەرتیب و تەنزیم ئەکرێ، ئەمە لە ژێر مەسئولیەتی ڕەئیسی و کاتبە ئەعزاکان لە ئەعزای فەعالە))[٣٦]

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەتوانین ئەنجامەکانی بە چەند خاڵێ چڕ بکەینەوە:

١. ڕۆژنامەکانی دەسەڵاتی حکومەتەکەی خواروی کوردستان **(بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستقلال)**، یەکەم ئاشنابوونی دەسەڵاتی نەتەوەیی کوردە بە ڕۆژنامەنووسی و چاپخانەکە بوونە مێژووی ئەو ڕۆژگارە و لایەنی شاراوەیان بۆ ئاشکرا کردووین.

٢. **(بانگی حەق)** لەگەڵ ئەوەی تەنیا دوو ژمارەی بە چوار لاپەڕەی لە ئەشکەوتی جاسەنەدا لێدەرچووە، بەڵام لە ڕووی چۆنیەتییەوە گرنگی و بایەخی زۆری هەیە و وەک ڕۆژنامەیەکی بەرگری و داکۆکیکەر لە مافی نەتەوەیی کورد و شایەتحاڵی ئەو زوڵمەی لە لایەن ئینگلیزەوە بەرامبەر ئەو میللەتە کراوە.

٣. **(بانگی حەق)** بەردەوامی ئەو حکومەتەیە کە پێشتر لە شاردا فەرمانڕەوایی کردووە، بەمەش جەخت کردنەوەیە لە سەر ڕەوایی حوکمڕانی کورد لە دەرەوەی شار و ئەو دەنگەیە کە بە نووسین بوونی خۆی دەسەلمێنێ و گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی بۆ دوژمن چۆڵ ناکات.

٤. دەکرێ و لە جێی خۆیەتی **(بانگی حەق)** وەک یەکەمین ڕۆژنامەنووسی سەربازی لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا دەست نیشان بکەین، لەبەر ئەوەی هەردوو ژمارەکە خواستی ئەوەیە هەر تاکە کەسێک پەیوەست بن بە بەرگری میللی و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی میللەت، ئەرکی بەرگریکردنە لە راستییەکان و دژی ئەو واتەوات و پروپاگندانە دەوەستێتەوە کە دوژمن لە ڕێگای بڵاوکراوەکانییەوە ئاراستەی ناوەندەکەی دەکرد.

٥. **(بانگی حەق)** پێداویستییەکی گرنگ بوو بۆ هێزی شۆڕش لەو کاتەدا، تا پەیوەندی جەماوەر و فەرمانڕەوایی نەپچڕێت و هێزەکان لە گۆشەگیریدا نەمێنێتەوە.

٦. **(بانگی حەق)** جارێکی تر گرنگی بایەخی **(رای گشتی)**یمان بۆ دەردەخات، ئەگەر چی بەدەستهێنانی رای گشتی زیاتر بۆ ئەرکی سیاسی دەگەڕێتەوە، بەڵام هێزی شۆڕش و بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکان ناتوانن بەردەوام بن، ئەگەر رای زۆرینەی خەڵک و جەماوەریان لەگەڵ نەبێت، بە تایبەتی ئەو شەڕەی نێوان کورد و ئینگلیز کاری کردۆتە سەر ژیانی هەموو تاکێکی کورد لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری، چ لە ڕووی مادی و چ لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە بێت.

٧. بۆ یەکمجار ڕێنمایی بە شێوەی نووسراو و خاڵبەندی بۆ هێزی بەرگری میللی لە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی تری کورددا بڵاو دەکرێتەوە و ریزبەندی تەشکیلاتی هێزی شۆڕشی دیاری دەکات، وەک **(ئوردووی کوردستان، مجاهدین، قیوای میللیە)** و هەموان لە ژێر سایەی **(باش قوماندان و مەلیکیی کوردستان_مەحموود)** یەک دەخات.

٨. ئەگەر چی لەو قۆناغە ناسکەدا، ڕێکخراوێکی پتەو و تۆکمە نەبووە کە بێتە پاڵپشتی هێزی شۆڕش، بەڵام لە ناو لاپەڕەکانی **(بانگی حەق)**دا ئاماژە بۆ هەوڵێکی سەرەتایی کراوە بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی نهێنی و دەستەیەکی ئاشکرا بۆ خۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کار و ئەرکەکانی هێزی بەرگری میللی، ئەوانەی لە ناو شۆڕش و لە شاخن ئاشکران و ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی دوژمن دان نهێنی و تەنانەت نابێ یەکتریش بناسن.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١. بڕوانە رۆژنامەی پێشکەوتن، علی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتار و سیروان بەکر سامی، پێشکەوتن ١٩٢٠-١٩٢٢، هەولێر، ١٩٩٨.

٢. د.کەمال مەزهەر، چەمکێک لە مێژووی یەکەم چاپخانەی کوردی لە سلێمانی، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی کەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٥، ل١٥٤.

٣. بڕوانە فاروق عەلی عومەر، رۆژنامەگەریی کوردی لە عیراقدا، بەراییەکان ١٩١٤-١٩٣٩. و. تاریق کارێزی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل٨٤.

٤. بڕوانە: ژمارەکانی (بانگی کوردستان).

٥. فاروق عەلی عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل٨٦-٨٧.

٦. رفیق سالح، سدیق سالح، رۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمود، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٥.

٧. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٥.

٨. ئەو سەرچاوەیە، ل١٩.

٩. فاروق عەلی عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

١٠. رەفیق حیلمی، یادداشت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٨، ل٦٧.

١١. د.محەمەد ئەمین میسری، رۆژنامەنووسیی کوردی و بزووتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەسەلاتی سیاسی کورددا لە مێژووی هاوچەرخدا (١٩٢٢٢-١٩٢٤)، لە چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، زنجیرە ٣٩، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٤٧،٤٦.

١٢. دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٣٤-٣٣٥.

١٣. رۆژنامەی (رۆژی کوردستان)، ژ ١٥ س١، شەممە ٣ئامارت ١٩٢٣، ل٣، (رێنووسەکەی خراوەتە سەر رێنووسی نوێ_ تویژەر).

١٤. م. (هاور)، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروو کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩١، ل٤٩٨.

١٥. بڕوانە: دەقی بەیاننامەکە، سەرچاوەی پێشوو، م. ر. هاوار، ل٢١٠.

١٦. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٥١١. بڕوانە: گۆڤاری پڕشنگ ساڵی ١٩٨٥، بەرلینی رۆژئاوا، پاشکۆی گۆڤاری مرۆڤایەتی، سلێمانی ١٩٩٨\٤\٢٢.

١٧. د.کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٨، ل٢٢٠.

١٨. فاروق عەلی عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

١٩. د.کەمال فوئاد، گۆڤاری پڕشنگ، ژ٢، بەرلین، تەموز ١٩٨٥، ل١٥.

٢٠. رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی)، ژ١١، ١٩١٨\٢\١٥، ل١ (وتاری قەومی کورد).

٢١. بانگی حەق، ژ١ ١٩٢٣/٣/٢٨.

٢٢. هەر ئەو ژمارەیە.

٢٣. هەر ئەو ژمارەیە.

٢٤. م. ر. هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧.

٢٥. بانگی حەق، ژ١.

٢٦. بڕوانە: خالی چوارەم لە ژ١، بانگی حەق.

٢٧. بڕوانە: سعد سلمان عبدلله، النشاط الدعائی لليهود في العراق، مكتبة مدبولی، مصر، ١٩٩٩، ل٣١.

٢٨. بانگی حەق، ژ١.

٢٩. بانگی حەق، هەر ئەو ژمارەیە.

٣٠. م. ر. هاوار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل ٢٨٠.

٣١. م. ر. هاوار، هەر ئەو سەرچاوەیە و ئەو لاپەڕەیە.

٣٢. بانگی حەق، ژ١.

٣٣. د.محەمەد دلێر ئەمین میسری، سەرچاوەی پێشووو، ل ١٥٥.

٣٤. بڕوانە: عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٨، ل٢٣٨.

٣٥. م. ر. هاوار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل٣٤٩.

٣٦. بانگی حەق، ژ٣، ل٢.

خوێندنەوەیەکی نوێی "حوزنی موکریانی" گەورە رۆشنگەری سەردەمی خۆی



مومتاز حەیدەری

بەرایی..

لەو رۆژەوە کە لە رێگای گۆڤاری گەلاوێژی پێشڕەوەوە، من ئاشنایەتیم لەگەڵ وشەی شیرینی کوردی، بەخوێندن و نووسینەوە، پەیداکردووە و دەستم بەخوێندنەوە کردووە، پەیتا پەیتا، زانیاریم لە بارەی رەوشی ئەدەبی، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، رۆژنامەنووسی، مێژوویی، تا دەگاتە ژیانی ئەو گەورە مرۆیانەی کە سەرتاپای مێژووی هەمەلایەنی کورددییان دروست کردووە، یەکێک لەوانەی، کە دەمێکە بەسەرسامییەکی زۆرەوە تەماشای دەکەم..! حوزنی موکریانییە، بە پێی توانای ئاستی خوێندەواری و لێکدانەوەم، حەزم کردووە، لێی نزیک ببمەوە، ئەوەی بۆم کرابێ، شتێک لە بارەی ئەو گەورە مرۆڤەوە بنووسم و پێشکەش بە نەوەی نوێی بکەم. ئەوە دیارە، بۆ یەکەم جار لە ٢٠ی/٩ی /١٩٧٢، بە یادی (٢٥) ساڵەی کۆچی دوایی ئەو پیاوە لەو کۆڕە بەرفراوانەدا، کە کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی لقی هەولێری ئەوسا سازی کرد، کورتە نووسینێکم لە ژێر سەردێڕی: **((سەرەتای لێکۆڵینەوەیەک: حوزنیی رۆژنامەنووس))** پێشکەش کرد. شایانی وەبیر هێنانەوەیە ئەوسا بە گشتی مایەی رەزامەندی رۆشنبیران بوو. هەمدیسان جارێکی دیکەش لە میهرەجانی رێزگرتن، پاش (١٦) ساڵ لە شاری هەولێر، ساڵی (١٩٨٨)، کە لە لایەن دەزگای هاوکاری بۆ بڵاوکردنەوە و رۆشنبیری کوردی

بە هەماهەنگی **(د. کوردستانی موکریانی)** بەڕێوەچوو، بابەتێکم لە ژێر ناوی: حوزنی قوتابخانە، پێشکەش کرد، کە بریتی بوو لە دوو بەش: یەکەمیان کورتە نووسینێک لە بارەی گەورەیی حوزنی موکریانییەوە. دووەمیشیان گفتوگۆیەکی تایبەتی بوو، هەمدیسان لە بارەی حوزنی موکریانییەوە، کە رۆژی ١٤ی/٦ی/١٩٨٤ بە ئامادەبوونی مامۆستا عەزیز گەردی **(دکتۆر)** ئەنجام درابوو. جارێکی دیکەش بە بۆنەی دەرچوونی گۆڤاری هەولێرەوە، دیسان بە دوو ئەلقە – دووبەش- کورتە لێکۆڵینەوەیەکم، بەناوونیشانی **(زاری کرمانجی-ی نەتەوەپەروەر، نیشانەی مەزنی حوزنی پێشڕەوە)**، بڵاوکردەوە. هەروەها لە دیداری حوسێن حوزنی موکریانی، کە بەدەستپێشخەری وەزارەتی رۆشنبیری – بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن لە شاری سلێمانی، لە ساڵی (٢٠٠٥) ئەنجامدرا، کورتە لێکۆڵینەوەیەکم لە ژێر سەردێڕی: **(حوزنی گەورە مرۆی کورد و یادی حەفتا ساڵەی گۆڤاری رووناکی)** پێشکەش کرد. دیارە، لە پاش کۆچی دوایی تا رۆژگاری ئەمڕۆکە، بەدەیان نووسین لەگەڵ دوو نامەی ماستەر لە بارەی ئەو گەورە مرۆڤەوە نووسراوە، بەڵام بە لای منەوە، بەگشتی، تا ئێستا نەتوانراوە، لەسەرووی هەموویان بەخۆشمەوە، بەتەواوی شوێنی هەرە رەوای خۆی لە رەوتی مێژوویی – کولتووری کورد، بەتایبەتی بەپێی گەورەیی قەبارەی بەرهەمە هەمەلایەنەکانی و تێکڕای کاروکردەو چالاکییە هەمە جۆرەکانی: شاکاری ئەدەبی، هونەری، رۆژنامەنووسی، بە تەواوەتی نەخوێندراوەتەوە..! لەوەش رۆشنتر، لایەنی گەورەیی عەقڵی زانیاری و زانستی و ئاست و جۆری بیرکردنەوەی شی نەکراوەتەوە...!! هەڵبەتە ئەو مەسەلەیە، وا بە ئاسانی جێبەجێ ناکرێ، بەڵکو دەبێ لەبەر رۆشنایی زانست و لێکۆڵینەوە لە بارەی سەرتاپای بەرهەمەکانی و بە سەرپەشتی دەستەیەکی پسپۆری تایبەت، ئەنجام بدرێ.

من لێرەدا دەمەوێ، بە پێی توانای سنووردارى خۆم، - ئەوەیش بە پەلە- لەو دەرفەتەدا، کە یادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردییە، خوێندنەوەیەکی نوێ لەبەر رۆشنایی ئەو پێشکەوتنە مەزنەی کولتوورو راگەیاندن و تەکنەلۆژیا لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا، چ دەورێکی هەرە مەزن لە پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی دەگێڕن..! ئەوەتە حوزنی موکریانی، پێش (٨٥) ساڵ، کتێبی چاپ کردووە، کە سەرچاوەیەکی هەرە گرنگی ئەو پێشکەوتن و تەکنەلۆژیایە بووە. سەیرکەن لە ژمارە

(٢٣)ی زاری کرمانجی لە سەرووی لاپەڕە (٢-٣)دا دەڵێ: **(عیلم تاکو ئێستا لە نێو ئێمەدا قەدری پەیدا نەکردووە)**. بەڵێ: زۆر بە تۆندی باسی – عیلم- دەکات، بە دڵنیاییەوە دەزانی تەنیاو تەنیا – عیلم – **((زانست))** سەرچاوەیەکی هەرە مەزنی پێشکەوتنی مرۆڤایەتییە..!!

ئەوەتە جارێکی دیکە دووپاتی دەکاتەوە و دەنووسێ: **(ژیانی و بەرزبوونەوەی عیلم بە مەتبەعەیە، نە بە خودپەرستی و – الانانیە م.ح – جەهل..)** بەڵێ مێژوو دەڵێ: ئەورووپا بە داهێنانی ئامێری چاپ (چاپخانە لەسەدەی شازدەدا، بە یەکەمین کودەتای کولتووری و پێشکەوتن دەژمێرێ. لێرەدا، پرسیارێکی گەورە دێتە پێشەوە: ئەگەر ئەو مرۆڤە خاوەن عەقڵێکی گەورە و رووناکبیر نەبوایە، چۆن بیری لە چاپکردنی کتێب و دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار دەکردەوە..؟! بۆیە مایەی سەرنج راکێشانە، کە تائێستا بەلێکۆڵینەوەی وردو زانستی، وەڵامی ئەم پرسیارە گەورەیە لە بارەی حوزنییەوە نەدراوەتەوە؟! وا بزانم کاتی ئەوە هاتووە، بگرە پێویستیشە، بە بەرنامە و نەخشەیەکی هەمەلایەنی زانستی و بە هێمنی و شێنەیی، پسپۆرانی کورد وەڵامەکە بدەنەوە. هاوکات دەبێ ئەوەش بگوترێ، کە لەبەر کۆمەڵێک هۆی سیاسی، نەتەوەیی، رەوشی زێدە نالەباری گەلی کوردستان بە گشتی، نەک تەنیا هەر حوزنی بە تەواوی نەخوێندراوەتەوە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر مرۆڤە گەورەکانی کورد نەخوێندراونەتەوە.

دیارە، ئەمڕۆ رەوشی ئێستەی کوردستان زۆر لەبارە، کە بەدەیان زانکۆو پەیمانگەی خوێندنی بالا و بەسەدان کەناڵی رۆژنامەنووسیی و راگەیاندن و مەڵبەندی رۆشنبیری بوونی هەیە، هاوکات کەشوهەوای ئازادی نووسین و لێکۆڵینەوە بێ سنوورە، بۆیە پێویست دەکا لەمەودوا، بە پێی بەرنامە و نەخشەیەکی سەرتاسەری نەتەوەیی، بە تەواوی دەست بکرێ بە خوێندنەوەی ئەو گەورە مرۆڤانەی کوردستان.

من بەش بەحاڵی خۆم حەز دەکەم، جارێکی دیکە، وەکو سەرەتایەک حوزنی بخوێنمەوە و یەکەم هەنگاویش لە بارەی مەسەلەی راستی و ناراستی تەمەنەکەیەتی..؟! چونکە لای من مایەی گومانێکی گەورەیە، کە بە پێی سەرچاوەکان تەنیا ٥٧ ساڵ ژیاوە..؟! هاوکات خاوەنی ئەو بەرهەمە زۆرەش بێت..؟ یان ساڵی (١٩٠٤) مامۆستایەتی کردبێت، لە کاتێکدا لە دایکبووی ساڵی (١٨٩٠)ە؟!

لێرەدا، پێشەکی یەکەی دکتۆر کوردستان موکریانی، کە

بۆ کتێبی **(سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی** – بەرگی یەکەم، لاپەڕە (١٥) نووسیویەتی: (١٨٩٠)(؟) دەکەمە بنەمای وروژاندنی پرسیارەکەم، کە بە لای منەوە، ناکرێ حوزنی موکریانی مێردمندالّ بووبێت و ساڵی ١٩٠٣ بەدوای خوێندن دەگەڕێ و مەهاباد جێ دەهێڵێ و بەرەو مەراغە و تەورێز رۆیشتووە، کەچی دەبینین ساڵی (١٩٠٤) لە یەریڤان مامۆستایەتی کردووە...؟! ئەوەتە دکتۆر کوردستان دەنووسێ: **((١٩٠٣-١٩٠٠) بۆ بەردەوامبوونی لە خوێندندا مەهابادی جێهێشتووە و بەرەو مەراغە و تەورێز رۆیشتووە. (١٩٠٤) ماوەیەک لە یەریڤان ماوەتەوە، دواتر هەر لەوێدا بووەتە مامۆستای کوڕەکانی شەمسەدینوف و حاجی یوسف بەگ و وانەی زمانی کوردییانی پێ گوتووەتەوە و بۆ ئەم مەبەستە چەند کتێبێکی منداڵانی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی))** هەر لەلاپەڕە (١٥)دا د.کوردستان دەڵێ: **(((١٩٠٧) رووی لە رووسیا کردووە و تێیدا خوێندوویەتی و بە مۆرچێتی بەتیپی فارسی و لاتینی و خۆشنووسی خۆی بەخێوکردووە))** هەروەها نووسیویەتی: کە پاش یەک ساڵ (١٩٠٨) چووتە ئیستانبول و لەوێش خوێندوویەتی. هتد لێرەدا. حەز دەکەم دووپاتی ئەوە بکەمەوە، لەمەڕ ساغکردنەوەی تەمەنی حوزنی موکریانی شت تێکەڵ نەکرێ، مەسەلەی گەورەیی حوزنی موکریانی لای من، بەر لەوانەی لە بارەی حوزنی موکریانییەوە، نووسین، یان لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، بەخودی بەڕێز د. کوردستانیشەوە، گەورەییەکەی بڕاوەتەوە و چەسپاوە. بۆیەش حەز دەکەم تا بتوانم لە بارەی گەورەیی ئەو مرۆڤە کاری باشتر ئەنجام بدەم. هەڵبەت هەوڵدانی ئەم جارە **(ئەم نووسینەیە)**، کەواتە مەسەلەی ساغکردنەوەی ساڵی لە دایکبوونی پاش (٦٣) لە کۆچی دوایی، شتێکی ئاساییە، بەهیچ جۆرێ لە گەورەیی ئەو زاتە کەم ناکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، باشتر هەقی دەردرێتی و لە شوێنی مێژوویی خۆی دادەنرێ.

جا با بگەڕێینەوە، لە بارەی ناوەرۆکی ئەو چەند دێڕە نووسینەی د. کوردستان – بەپەلەش بێت – وردبینەوە، چەند پرسیارێک هەڵدەگرێ و ساغکردنەوەی دەوێ..! دەبێ لەمەودوا پسپۆڕەکانی مەیدانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی ئەم کارە بکەن. هەڵبەت لێرەدا، لەبەر کەمی پانتایی نووسینەکە، وەکو پرسیار لەمەڕ ناکۆکییەکانی نێو ئەو چەند دێڕەو ئەوانی دیکە دەخەینە بەرچاوان: باشە چۆن دەبێ تەمەنی (١٣) ساڵانە (١٨٩٠-١٩٠٣) بە دوای خوێندن دەگەڕێ و کەچی بە (١٤) ساڵان: (١٨٩٠-١٩٠٤) خۆی لە یەریڤان دەبینێتەوە و دەوری مامۆستایەتی دەگێڕێ..؟ هاوکات پاش ساڵێک، ئەم جارە بۆ خوێندن روو لە رووسیا دەکات..؟! چ جۆرە خوێندنێک..؟! باشە یەریڤان (پایتەخت – یان شارێکی گەورەی ئەوسای ئەرمینیا کە لە چوارچێوەی رووسیای قەیسەریدا بووە؟ دیسان پاش مانەوەی ساڵێک، نازاندرێ چۆن فێری زمانی رووسی بووە و چۆن و چی خوێندووە..؟! هەروەها ساڵی (١٩٠٨) روو لە ئیستانبول دەکاو لەوێش دەخوێنی...؟! چ دەخوێنی و چەند لەوی ماوەتەوە..؟! هیچ دیار نییە. هتد..!!

جارێکی دیکە. دەڵێم پێم وایە، حوزنی موکریانی پێش ساڵی (١٨٩٠) لە دایک بووە.. گومانیش لەوەدا نییە، کە خاوەن توانا و بەهرەیەکی گەورە بووە؟! بەپێی سەردەمی خۆی رووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بووە، تەنانەت، پێ دەچێ، خاوەن جەستەیەکی بەهێز و وەرەیەکی پۆڵایین بووبێ..! ئەگەرنا چۆن لەو سەردەمە دواکەتووەدا، ئەوەندە شارو وڵاتان بگەڕێ. !! بەراستی ئەوە کارێکی ئاسان نەبووە..!! یان هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەم پێیان کردووە، کە ئەو بەرهەم و چالاکییە هەمەلایەنە لە رەوشێکی دواکەوتوو و دژواری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، رۆشنبیری ژیانی کوردەواری، ناکرێ لەو تەمەنە کورتەدا (٥٧ ساڵ) ئەنجام درابێ..؟! لێرەدا نموونەیەک دێنمەوە، تەنیا بۆ

بەراوردکردن، کە مایەی سەرنج راکێشانە. سەیری ئەو وێنەیە بکەن، کە لەگەڵ نوێنەری بالاڵی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی لە عێراق: سێرفرایز هێمفریز سالّی ١٩٣٢ وەرگیراوە، واتە تەمەنی حوزنی (٤٢) سالان بووە.! بزانە ریش و رووخساری دەم و چاوی لە مرۆیەکی زیاتر لە شێست سالّی دەکات..! هیوام وایە، پسپۆرانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە و مەسەلەی تەمەنی راستەقینەی بدۆزنەوە.

هاوکات دیسان مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ لە ژیانی ئەو گەورە پیاوە لێکۆڵینەوەیەکی وردی دەوێ، لە بارەیەوە بکرێ، ئەویش مەسەلەی تا چەند باوەڕی بە ئایین هێناوە..؟!

بەڵای منەوە، بە پێی ئەو بەرهەم و چالاکی و گەڕانی بە چەند وڵاتێکی بیانی و بە پێی تێگەیشتنی خۆی، مرۆیەکی عەلمانی **(سکولاریزم)** بووە، لەوەش رۆشنتر، بیروباوەڕی چەپگەری پەسەند کردووە و هاوکات بەدرێژایی ژیانی وەکو رۆشنبیرێک لە دەرەوەی دەسەڵات بووە و بگرە هەردەم لە چوارچێوەی بیری ئۆپۆزسیون – بەرهەڵستکار دیارە. بۆ نموونە لە گۆڤاری رووناکی حوزنی باسی: **(ئەفکاری فاسیدە)** و **(جمودی ئەفکار)** دەکات، ناوی ڤولتێرو کارل مارکس و بیکن بە مرۆڤی مەزنیان دەژمێرێ و داوای پەیڕەوکردنی نموونەی بیروباوەڕی ئەو گەورە بیرمەندانە دەکات، تاکو کۆتی دواکەوتن و بیروباوەڕی کۆنەپەرستی وردوخاش بکرێ. لەوەش زیاتر ئەو گەورە بیرمەندانە بە مرۆی **(موبارەک ـ پیرۆز)** دەژمێرێ..!! حوزنی ئەگەر رووناکبیرێکی رەسەن نەبووبێ؟ چۆن کارل مارکس بە موبارەک دەژمێرێ؟! لە کاتێکدا لەو سەردەمەدا (هەولێر ١٩٣٥) هیچ جۆرە کەسی مارکسی، یان رێکخراوی مارکسی، تەنانەت کتێبیش بوونی نەبووە..!! زێدە بە کورتی، ئەگەر یەکێک شارەزای نووسین و رێبازی بیرمەندێک نەبووبێ و بڕوای پێی نەبێ، چۆن بە **(موبارەکی)** لە قەڵەم دەدا و بە خەڵک دەڵێ. ئەوانە چرای رووناکی کۆمەڵن..!!

لە لایەکی دیکەوە، هەر لە چوارچێوەی مەسەلەی رووناکبیری و عەلمانی، یان بە واتەیەکی ورد پرۆسەی رۆشنگەری، لە زۆربەی زۆری کتێب و چاپەمەنییەکان – تەنانەت بە پێی ئەو سەردەمە ئایین پەروەردییە – ناوی خوای زۆر نەهێناوە، بەڵکو بابەتی ئایینی بەدەگمەن بڵاوکردۆتەوە، لە کاتێکدا نازناوەکەی بە **(سەید)** ناسراوە..! بۆ زیاتر سەلماندنی ڕاوبۆچوونەکانم، نموونەیەک دێنمەوە، لەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ مامۆستا سەعید ناکام، رێکەوتی ١٩٨٤/٦/١٤، لە شەقڵاوە، بە ئامادەبوونی مامۆستا عەزیز گەردی **(دکتۆر)**، ئەنجامم داوە، یەکێ لە پرسیارەکان، ئەوە بوو: **(بۆ حوزنی لە مەملەکەتی سعودییە جێگیر نەبوو..؟)** لە وەڵامەکەیدا، مامۆستا سەعید ناکام بەدەنگی خۆی تۆمار کراوە و تائێستا ئەو بڕگەیە بڵاونەکراوەتەوە، دەڵێ: **(لە حوزنیم پرسی بۆ لەوێ نەمای – واتە لە وڵاتی سعودییە، شاری مەککە))**، فەرمووی ئەوەی من بۆی چووم وانەبوو..!

شتی سەیر، سەیر هەبوو، بۆیە لەوێ نەمامەوە گەڕامەوە..!

زێدە بەکورتی، دووپاتی دەکەمەوە، بۆ ئەوەی ئەو گەورە پیاوانە، وەکو پرۆژەیەکی کولتووری، رووناکبیری، مێژوویی، نەتەوەیی، بە تەواوەتی بخوێندرێنەوە، دەبێ بە بەرنامەیەکی نوێ لێکۆڵینەوەی پسپۆڕەکانی مەیدانەکە، ئەوەیش نەک تەنیا هەر لە بارەی حوزنی موکریانییەوە، تۆژینەوەی فراوانترو قوواڵتر بکرێ، بگرە ژمارەیەکی زۆر لەو گەورە مرۆیانی کورد بە **(هەر دوو رەگەزەکەیانەوە)** تائێستا بە تەواوەتی نەخوێندنراونەتەوە، نموونەی **(حاجی قادری کۆیی، مەلای گەورە، عەلائەددین سەجادی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، مستەفا پاشا یامولکی و بەدەیان و سەدانی دیکە، پەیتا پەیتاش ئەنجام بدرێ.**

حوزنی گەورە رۆشنگەری سەردەمی خۆی:

لە بەشی یەکەمی، ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا، وەکو سەرەتایەک، بە گشتی باسی گەورەیی حوزنی موکریانیم کرد، کە لە چەند جەمسەرێکەوە، ئەو گەورەییەی وەدەست هێناوە. هاوکات بە پێی ناوونیشانی بابەتەکەش، دەمەوێ بە دیدی سەدەی ٢١ جارێکی دیکەش – ئەگەر زۆر بە پەلەش بێت، بە پێی توانا و دەرفەت، حوزنی بخوێنمەوە.

دیارە، بە پێی ئەو دەورە مەزنەی، کە لە مەیدانی دەوڵەمەندکردنی کولتووری کوردی بە هەموو رەهەندەکانییەوە، گێڕاویەتی، بە تایبەتی لە مەیدانی پێشکەوتن و نوێکردنەوەدا، بەڵکو لەبەر رۆشنایی سەرجەم بەرهەم و جۆرەکانی بیرکردنەوەی بۆ بوارەکانی ژیان و هۆکارەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، حوزنی موکریانی هەڵبسەنگێنین، ئەوە بێگومان، بە کۆڵەگەیەکی کرداری رۆشنگەری لە کوردستان دەژمێرێ، ئەوەتە داوا دەکات، کە پەیڕەوی پەیام و رێبازی کەڵە رۆشنگەرێکی ئەوروپایی، نموونەی بیکن – بیکۆن – ی ئینگلیزی بکرێ..!! دیارە میژووی رۆشنگەری لەسەر ئاستی جیهان، بە تایبەتی ئەوروپا مەڵبەندە دەوڵەمەندەکەی بووە، هەروەکو سەرچاوەکانی کولتووری و رووناکبیری باس دەکەن، رۆشنگەری، بە شێوەیەکی گشتی، ئاماژە بۆ چەشنێک لە بیرکردنەوە دەکات کە پشت بە ئەقڵ و ئەقلانییەت دەبەستێت، یان بڵێین رۆشنایی خۆی لە ئەقڵەوە وەردەگرێت. هتد. هەڵبەت لەو سەردەمەدا سەرەتای تارمایی رۆشنگەریی گەیشتووەتە کیشوەری ئاسیا و ئەفەریقا، بە تایبەتی وڵاتی میسرو ئەستەنبولی پایتەخت، سەبارەت بە کوردیش، پرۆسەی رۆشنگەری، تازە بە ساکاری چەکەرەی دەکرد، لە رێگەی ئەو گەورە پیاوانەی کورد، کە گەڕابوونەوە کوردستان، بە تایبەتی بۆ شاری سلێمانی، جگە لە حاجی قادری کۆیی نموونەی، پیرەمێرد، مستەفا پاشا یامولکی، مستەفا شەوقی، ئەمین زەکی بەگ و بە دەیانی دیکە. هاوکات



مەڵبەندی لە دایکبوونی حوزنی موکریانی


شاری رواندز

بوونی ئینگلیز لە کوردستان، نموونەی مێجەرسۆن لە سلێمانی، هەروەها دەرکردنی رۆژنامەی پێشکەوتن. هتد جا لێرەدا، هەر وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێی کردووە، ئەگەر زۆر بە وردی و لەبەر رۆشنایی زانست و قانونی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، تەماشای ناوەرۆکی بەرهەمەکانی، بە تایبەتی رۆژنامەنووسی بکەین، بەڵای منەوە، بەدڵنیاییەوە دەڵێم: حوزنی بە گەورە رۆشنگەرێکی سەردەمی خۆی دەژمێرێ..! هەڵبەت هەروەکو ئاشکرایە، پرۆسەی رۆشنگەری بە بەکارهێنانی ئامرازی ئەقڵ دەستی پێکردووە و بە رەخنەی زانستی و فەلسەفی لە ئەقڵی کۆمەڵایەتی گەشەی کردووە.

پێناسەیەکی کورتی حوزنی:

لێرەدا، بە پێویستی دەزانم، بەر لەوەی هەندێ نموونە لە بەرهەمەکانی حوزنی، زۆر بە کورتی و چڕی، بۆ سەلماندنی، کە گەورە رۆشنگەرێکی سەردەمی خۆی بووە، شی بکەینەوە، زێدە بەکورتی پێناسەی حوزنی بکەین، کە لە نووسینەکانی دیکەشمدا لە بارەی ئەو گەورە رووناکبیرەوە، وام نووسیوە.

کەواتە حوزنی کێیە...؟!

ئەو مندااڵە بوزورگەبوو، کە چاوی بە دیمەنە جوانەکانی **(سابلاخی موکریان)** لە باوەشی کوردستانی رۆژهەڵاتی داگیرکراودا، لە خێزانێکی ئاسایی چاوی هەڵهێناوە و وەک ئەستێرەیەکی زێدەگەش، لە شەوی تاریکی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، نەخوێندەواری و رۆشنبیری و رەوشی ئاڵۆزی نەتەوەیی، درەوشاوەتەوە. هاوکات مێشکە گەورەکەیشی بە خوێندنی مزگەوتەکانی کوردستان و مەڵبەندی زانیاری و رۆشنبیرییەکانی رووسیا، ئەستەمبوڵ، پاریس، سوریا . هی دیکە، زاخاو دراوە. واتە ئەو هۆکارانەش، زانیاری و زانست و هونەرو تاقیکردنەوەیەکی زۆری کەم وێنەی بەم مرۆڤە خاوەن بەهرەی هەمەجۆرو ژیر بەخشیوون، کە لە ئەنجامەکەیدا نەک تەنیا بۆتە چرایەکی زێدەگەش، بگرە سورەیایەکی حەفت تیشکی زێدە رووناک و گەشی مەیدانی دۆزینەوە و تۆمارکردنی بەشێکی رابردووی دێرین و ونکراوی کولتوور و مێژووی

ڕەسەنی کورد. کەواتە ئەو مرۆڤە هەر بە گەورەیی لە دایک بووە. بۆیەش پاشدان، ئەو میَردمندالّە بە گەورەیی و دووربینی سەیری دەوروبەری خۆی کردووە و ڕەوشی زێدە دژواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەتەوەیی و سیاسی بەسەرکردۆتەوە. لەوەش زیاتر و گرنگتر بیری لە چارەسەرکردنی ئەو ڕەوشە نالەبارەی هەمەلایەنی کورد کردۆتەوە، بۆیەکە هەر زوو لە هەرەتی لاوییەوە، بە دوای ڕاستییەکاندا گەڕاوە، وەک باڵندەیەکی تینوو و تەنگەتاو کراو لە شەقەی باڵی داوەو وێڵ و عــەودالّ و ســەرگــەردانی خوێندن و خوێندنەوەی وشــەی ڕەسەنی زمانەکەی و بیری کوردایەتی بــووە. جا هــەوارگــەی جۆربەجۆری لەم شار و ئەو شــار، ئــەو وڵات و ئــەم وڵات خستووە..!! هەڵبەت پاش گەڕان و سوڕانێکی زۆر دوا قۆناغ شــاری مەککە جێ دێڵێ و خۆی لە وڵاتی شام، پەروەردەی دەوڵەتی فەرەنسی، وڵاتی پیشەسازی و ڕۆشنبیری و مەڵبەندی **(عەبدوڵڵەحمانی کەواکبی)** وەک شارەزایەک لە مەیدانی خوێندەواری و گرنگی چاپ و کتێب و زانست دەدۆزێتــەوە و لە شاری حەلەب جێگیر دەبێ..!

حوزنی و ڕۆشنگەری:

هــەروەکــو لە لاپــەڕەکانی پێشوودا، من حوزنی موکریانیم بە گەورە ڕۆشنگەرێکی کــورد پێنــاســە کــرد. ئێستــاش لــەبــەر ڕۆشــنــایــی هــەنــدێ پــەرەگــرافــی نووسین و ڕاوبــۆچــوونــەکــانــی – زۆر بــە پــەلــە – دەیسەلمێنم، کە ئەو پێناسەیە پڕ بە پێستی خۆیەتی..!

دیارە، کێشوەری ئەورووپا لە ماوەی ئەو سێ سەد ساڵی دوایی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەستکەوتی هەرە گــەورەی پیشەسازی و زانستی و هونەری و ڕووناکبیری لە تێکڕای بوارەکانی ژیان بەدەست هێناوە، تەنانەت لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە هەرە مەزنەی تەکنەلۆژیا بۆشایی ئاسمانیشی گرتۆتەوە و گەیشتۆتە هەسارە هەرە دوورەکان. جا یەکێ لە هۆکارە هەرە گرنگ و کاریگەرییەکان، لە ماوەی ئەو سێ سەد ساڵەدا، داهێنانی ئامێری چاپ کردن **(چاپخانە)** بــووە..! کە ئەورووپاییەکان بە کودەتایەکی هەرە مەزنی تێکڕای پێشکەوتنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی دەژمێرن. ئەوەتە حوزنی موکریانی، لەو سەردەمە ئێجگار دواکەوتــووەی کۆمەڵی کــــوردەواری، ســــەردەمــی داگیرکردنی نــەتــەوەیــی و کوردستــانێکی وێــران و پاشکەوتوو، چۆن باسی گرنگی و گەورەیی ئامێری چاپ و کاری چاپکردن لە بۆ کوردان دەکات..؟!

حوزنی موکریانی لە ژمارە (٢٣) لاپەڕە (٣)دا، بابەتێکی زۆر گرنگ لەمەڕ دەوری ئامێری چاپ، نووسیویەتی، پاش (٥) ساڵ، دووبــارە لە بارەی ئامێری چاپ و گرنگی – عیلم – لە گۆڤاری ڕووناکی گرنگییەکی باشی پێیان داوە.

حــوزنــی موکریانی لــە ژێــر ســەردێــڕێ: **(ژیانی و بەرزبوونی عیلم بە مەتبەعەیە، نەک بەخودپەرستی و جەهل))** دەڵێ:

((لە جێگایێکا مەتبەعە هەبێ، خودپەرستی فرۆش نابێ، لە جێگایێکا ئەو هەبوو، مەتبەعە نابێ، ئــەوەش قسەیەکی ڕاست و قسەی ڕاستــر ئەمەیە مەتبەعە پــەردەی جەهل دەدڕی و خودپەرست لە ڕوو دەکەوێ، ئەو لە ڕوو کەوتنەش دەبێتە مایەی نان بڕینی و چاو هەڵنەهاتنی، دەبێتە تەوەزەلی، نیشاندانی فرۆفێڵ، خودپەسند لە دەوری خەوتن و شــەوی جەهلدا بە نەشری تــەوەزەلی نان پەیدا دەکەن. مەتبەعە لێیان تێکدەدا، چونکە حەز لە زانین و عیلم ناکەن، ئەدەب و فەن و سەرکەوتنی میللەتییان دڵخواز نییە، جا لەبەر ئەوانە پەردەیەک دەخەنە بەرچاوی میللەت، تاکو فــەزل و خزمەتی مەتبەعە نەکەوێتە بەرچاو، لە بەندیخانەی جەهلدا خەوتن و بە ناوێکی چاکتر کارو خزمەتی خۆیان پێدەکەن، نە کارو ئیشی ئەوان.

خودپەرستان بە میللەت دەڵێین نزیک بوون بە مەتبەعە..!! ئەوانیش نابن! لە عیلم و فەن و سەرکەوتن و خوێندن و دەرمانکردنی نیفاق

و هاو بژتنی جەهل بە کوێری ئیتاعەتییان دەکەن و دەکەونەن پشتییانەوە! ئەوانیش جەهل بە عیلم نیشان بە بێچارەکان دەدەن، گوایە! بۆ مەتبەعە رێگایەکی دیکە هەیە کە بتوانێت خودپەرستەکان بخاتە بەرچاوی میللەت، کە خودپەرست و مالّ خۆری دەکەن. هتد).

ئەم وتارە، لاپەڕەیەکی سێ ستوونی پڕ کردۆتەوە، ناکرێ هەر هەمووی لەم دەرفەتەدا، وەکو نموونە بخرێتە بەرچاوان، لەگەڵ ئەوەشدا، چەند دێڕێکی دیکەی بۆ زیاتر سەلماندن بە نموونە دێنمەوە و پێویستیشی بە شیکردنەوە نییە، چونکە زۆر بە ڕۆشنی بیروباوەڕەکەی لەمەڕ زانست – عیلم – و مەتبەعە **(ئامێری چاپ)** دووپات دەکاتەوە: **(چۆن دەبێ نەتزانی بێت! ئەم عەسرە کە ئێمە تێداین، عەسری موبارەکی سەرکەوتنە** و **بەرزبوونی عیلم و فەنە، عەسری تەئلیفات.. و کتێب و نەشری مەعاریف و مەتبوعات و خوێندنە، ئەوانەش هەموویان بە مەتبەعە نەبێ، چۆن دەبێ؟ تۆ بۆچی نایەڵی میللەت لە ماشێن و ئالەتی سیحر، ئامێری موعجیزە نوێنی چاپ ئاگادار نەبێ کە بە ڕۆژێ هێندە هەزار هەزارە نوسخە کتێبە دەینووسیتەوە، یاخود هەتا مریشک لێ نەبڕێت هیچی بە نەسیب نەبێ.؟))هتد**

دیسانەوە، لە بارەی گرنگی ئامێری چاپ **(مەتبەعە)**، هەر دەرفەتێکی بۆی ڕەخساوە، حوزنی زۆر بە پەرۆشەوە، باسی کردووە، تاکو دەسەڵات و کۆمەڵانی خەڵک، بە تایبەتی ڕۆشنبیران، لە دەوری هەرە گرنگی چاپخانە ئاگادارین. ئەوەتە پاش (٥) سالّ لە یەکەم نووسینی لە گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە (٢٣)، دووبارە لە گۆڤاری ڕووناکی دەڵێ: **((هەموو زانا و تێگەیشتووەکانی میللەتی ڕاقییە، لەوە گەیشتوون و زانیویانە کە مایەی سەرکەوتن و بەرزبوونەوە و گەیشتنە ئارەزووی بڵندی هەموو میللەتێک بە مەتبەعەو مەتبوعاتە، جا لە پاشان مەکتەب ـ قوتابخانە م. ح ـ و خوێندنە.**

چونکو میللەتێک مەتبەعە و مەتبوعاتی نەبێ دەردی دەرمان ناکرێ و مەکتەب و خوێندەواریش ئەمڕۆکە بە مەتبوعات و مەتبەعەوە پێش دەکەوێت و دەتوانی خۆی بنوێنێت.

میللەتە سەرکەوتوو و بەختەوەرەکانی جیهان هەر ئارەزوێکی دڵیان هەبێ بە هۆی مەتبوعاتەوە نیشان بە هاوزمان و هاوڕەگەزەکانیان دەدەن، هەر چێتێکی بیانەوێ دەکەنە کتێب و نامیلکە لە چاپی دەدەن و دەیخەنە بەرچاو، سوودی ئیقتیصادی، کۆبوون، یەکدی ناسین، خۆنواندن، ڕابردوویی، چۆبی، دەمی ـ هاوچەرخ، م.ح ـ هاتوویی ـ دواڕۆژ ـ بەسەرداهاتن، وەیان بەرز بوون، سەرکەوتن بۆ پێشەوە بردنی عیلم، بڵندکردنی فەن و صەنعات، زانین، تێگەیشتن، کڕین و فرۆشتن، تیجارەت، کێلگە و جووت، بەندەی کاروپیشە سەرخستن، بە مەتبوعات پێ دەگەیەنرێ....)هتد

ئەمە بەشی یەکەم وتاری گۆڤاری ڕووناکییە، کە لە بارەی گرنگی چاپخانە و چاپەمەنییەوەیە، ئەوەی ڕاستی بێت سەرتاپای وتارەکە بەڵگەنامەیەکی کولتووری ـ سیاسی مەزنە.

دیارە، تێکڕای پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەمەڕ دۆزینەوەی زانست بووە.. بە کورتی لەو ڕۆژەوە نووسین سەری هەڵداوە، مێژووی مرۆڤایەتی بە دوو بەش ناوزەد کراوە، (پێش مێژوو، واتە نووسین نەبووە، پاش مێژوو واتە سەرهەڵدانی نووسین....! ئا لێرەوە، زانست و داهێنان بەپێی ڕەوش و ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە ئەنجامی چالاکی هۆشیارانەی مرۆڤەوە، لە بەر ڕۆشنایی پلان و نەخشەیەکی داڕێژراوەدا، دەوری کاریگەریی خۆی لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا گێڕاوەو تا گەیشتوتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ، کە بە ڕۆژگاری زانست و تەکنەلۆژیا دەژمێردرێ.

لێرەدا، دووبارە، دووپاتی دەوری خودی گۆڤاری زاری کرمانجی وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ پەرەسەندنی بۆچوون و

بیروباوەڕی حوزنی موکریانی، لەمەڕ پێشکەوتنی زانست و زانین، چەندین وتاری نووسەرانی دیکە بڵاو کردۆتەوە، کە هەمان ڕێباز و پەیامی خودی حوزنی موکریانی دەسەلمێنن، بۆ نموونە پێش (٨٤) ساڵ، نەک تەنیا گەلی دواکەوتووی کوردستان، داگیرکراوی بێ قەوارەیەکی سیاسی، بەڵکو میللەتە خاوەن دەوڵەتەکانیش لە خەوی غەفڵەت و ناهۆشیاریدا بوون، ئەوەتە وتارێکی گرنگ لە ژێر سەردێڕی: **((عالیم و جاهیل))** بە ئیمزای لاوێکی کورد **(ع.ن.م کۆیی)** لە ژمارە (٥)ی لاپەڕە (١٥) و (١٦)دا بڵاوکراوەتەوە، بە داخەوە، کە زۆر بە زەحمەت دەخوێندرێتەوە ـ مرۆ هەندەی دی بە گەورەیی حوزنی و دەوری رۆشنگەری گۆڤاری زاری کرمانجی و نووسەری بابەتەکە ـ بە پێی ئەو رۆژگارە ـ سەرسام دەبێ....! لێرە، ئەگەر بە کورتیش بێت، هەندێ دەستەواژە لەم وتارە دەگوازینەوە، بۆ ئەوەی، جارێکی دیکە، بۆ ڕاوبۆچوونەکەمان دووپات بکەینەوە، ناوەڕۆکی وتارەکە بەر لە هەموو شتێ دەوری عیلم و زانین، عالیم و جاهیل لە یەکتری جیادەکاتەوە و سەرچاوەی پێشکەوتنی هەر هەموو شتێک، دیاردەیەک، بە زانست دەبەستێتەوە و تەنانەت، بۆ زێدە سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی نووسەرەکە، پەنا دەباتە بەر قورئان و ئایەتێکی بە نموونە دێنێتەوە و بەوەش ناوەستێ، ئایەتەکەش وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، تا زیاتر خوێندەوار و خەڵک باشتر لە گرنگی ئایتەکەی لەمەڕ گەورەیی ـ عالیم ـ بگەن.

هەر وەکو لە پێشەوە ئاماژەم پێی کردووە، بەداخەوە وتارەکە زۆر بە زەحمەت دەخوێندرێتەوە، ئەگەر نا باشتر بوو دەقی وتارەکە هەر هەمووی دووبارە بە ڕێنووسی ئەمڕۆکە بخرابایە بەرچاوان. لێرەدا، هەر چۆن بێت، چەند دێڕێکی دەگوازینەوە، کە لە ژێڕ سەردێڕی: **(عیلم و جەهل)**ە.

عیلم و جەهل:

لە ڕستەی یەکەمدا دەڵێ: **((عیلم بە شەراپین ـ دەماری لەش ـ هەموو شتانە، بە نەفع ترین ـ هەموو کەسانە، کلیلی دەرگەی هەموو خێراتە.. هتد))** جا لێرەدا چەند بە وردبین و لە ڕوانگەی زانستی دەروناسی، عیلمی بە ڕەوشی ئابووری و ژیانی خەڵک بەستۆتەوە. هتد یان دەڵێ: **((هەر عیلم بوو ئەوروپای نەجات دا، لەو عەسرە تاریکەدا، گەیاندە ئەم عەسرە، ڕووناکەی ئێستا کە عەقڵی بەشەر تێدا موتەحییرە ـ سەرسامە ـ تەسخیری تەبیعەتییان ـ سروشت ـ کرد، وە بۆ تەئمینی ژیانی خۆیان ئەنواعی عەجاباتیان دروست کرد.. لە شوێنێکی دیکەی وتارەکەدا هاتووە: عیلم وەکو چرایەکی ڕووناک لەناو هۆدەیەکی تاریکی جەهل دابنرێ وایە ـ تەبیعیە ـ کە بەبێ ئەو چرایە تێگەیشتنی ماهیەتی ئەشیای ئەم هۆدەیە مومکین نییە. بەم جۆرەش تەرەقیکردنی میللەتێک بە بێ عیلم مەحاڵە خسوسەن ئەو میللەتانەی لە ئەوەل نەشئەت دان، کە لەواندا بە قەومی کوردان، لەسەرمان وا لازمە، کە لە فێربوون و بڵاوکردنەوەی عیلم و مەعاریف هیچ سستی نەکەین، تا ئێمەش وەکو میللەتانی تر ئیشی خۆمان بۆ خۆمان بکەین و لە موداخەلەی میللەتێکی ئەجنەبی ئیستیغنا بکەین...هتدد.))**

دیسان لەبارەی سەلماندنی کە حوزنی موکریانی بە ڕۆشنگەرێکی گەورەیی سەردەمی خۆی دەژمێرێ، پێم باشە، ئەگەر زۆر بە کورتیش بێت، خودی گۆڤاری زاری کرمانجی لەلایەنی پیشەییەوە، واتە لەلایەنی گواستنەوەی هەواڵ و دەنگوباس هەمەلایەن هەڵبەسنگێنن. هاوکات زۆر بە وردی دەبێ ئاستی پێشکەوتنی ئامرازەکانی گەیاندن و پەیوەندی ـ کردن ـ ی ئەو سەردەمە **(پێش لە ٨٠ ساڵ زیاتر)** ئاگادار بین لەگەڵ دەستنیشانکردنی شوێنی دووردەستی دەرچوونی گۆڤاری زاری کرمانجی – ڕواندز– کە شارێکی بچکۆلانەی باوەشی شاخ و داخ بووە، هەروەها زێدە کەمی کارمەندی ڕۆژنامەنووسی لە شارەکانی کوردستان و

دەرەوەی، زێدە بەپێچەوانەی، ئەم رۆژگارە، رۆژگـاری دنیای ناولەپی دەست، لەوەش زیـاتر، دەبینین ژیـانـی کـوردەواری ئەو سەردەمە چۆن رووبـەڕووی ژمارەیەکی زۆر گرفتی گەورەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، نەخوێندەواری، هەژاری، نەخۆشی کوشندە، سیاسی و نەتەوەیی بووە، ئەوجا کە سەیری جۆری هـەواڵ و دەنگوباسەکانی گۆڤاری زاری کرمانجی بـکـەن: چـەندین هـەواڵ و دەنگوباسی گرنگی زانستی، سیاسی، رۆشنبیری، داهێنانی تەکنەلۆژیا. هتد..

جا بۆ وەدەست هێنانی ئەم جۆرە هەواڵ و دەنگوباسانە، چەند زەحمەتی کێشاوە، ئەوە خۆی لە خۆیدا، نیشانەی کارامەیی و ئاستی رۆشنبیری و پیشەی رۆژنامەنووسی دووپـات دەکـاتـەوە، لـەوەش زۆر گرنگتر، ئەو هەواڵ و دەنگوباسانەی لە گۆڤارکەدا بـڵاوکراوەتـەوە، وەکـو ئامرازی خەباتێکی شارستانی کاریگەر لە پێناو پێشکەوتنی کـۆمـەڵی کـــوردەواری بـەکـاری هێـنـاوە. هاوکات هەندێ لەو هەواڵانە بەدواداچوونی بۆی کردووە، زیاتر بۆ خوێنەر بەنووسینی خـۆی رۆشنی کـردۆتـەوە..!! لێرەدا لەبەر کەمی دەرفـەت تەنیا هەندێ ناوونیشانی هەواڵەکان دەخەینە بەرچاوان: (فۆتۆکۆپی – ئیستینساخ – تێلگراف، شەمەندەفەر، فرۆکە، کارەبا، تەلەفزیۆن، کامیرە، چاپخانە، هونەری کۆلین، بەدەیان ناوونیشانی دیکە. هەڵبەت هـەڵـبـژاردن و بـڵاوکردنـەوەیـان، هاوکات لەبارەیانەوە نووسیویەتی، بێگومان ئـەوە بەپرۆسەیەکی کولتووری زانستی دەژمێردرێ.

دەرئەنجام:

حـوزنـی مـوکـریـانـی هـەر لـە سـەرەتـای دەرکەوتنی وەکو رۆشنبیرێک، دەچێتە خانەی هەڵگرانی ئاڵای رۆشنگەری، بەتایبەتی پاش ئەوەی دەست بە بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی دەکات، بگرە چاپخانە و چاپەمەنی دەبێتە تاکە پەرستگاکەی. (هەڵبەت دەرکردنی گـۆڤـاری زاری کرمانجی وەک نموونە، بەپێی سـەردەمـی خـۆی بـەو نـاوەرۆکـە دەوڵەمەندەی، بێگومان بەڵکو بەدڵنیاییەوە دەڵـێـم حـوزنـی مـوکـریـانـی بـەیـەکـێ کـەم وێنە لە یانەی رۆشنگەری ئەو سەردەمە دەژمێردرێ، لەوەش زیاتر و لەسەردەمی گۆڤاری رووناکی پێشڕەو، پاش (٥) ساڵ مەسەلەکە گەیشتۆتە لووتکەی رێباز و بیروباوەڕی پەیڕەوکردنی **(ئەقڵانییەت)**، واتە رۆشنگەری و مەیلی **(النزعە – چەپڕەوی)**..! بۆ زیاتر سەلماندن زۆربـەی بابەتەکانی گۆڤاری رووناکی قوتابخانەیەکی زانستی و بیری رۆشنگەرییە.

بەکورتی، حوزنی موکریانی، حەوزەیەکی بـیـری نـەتـەوەیـی و زانـسـت پـــەروەری و رووناکبیری بووە، بۆیە بەپێی سەردەمی خۆی بەگەورە رۆشنگەرێکی کورد لە قەڵەم دەدرێ..

لـە کۆتاییدا، ئومێد دەکـەم، ئـەم کورتە لێکۆڵینەوەیە، لە بارەی حوزنی موکریانییەوە، بەخوێندنەوەیەکی نوێ بژمێرێ و مایەی رەزامەندی هەموولایەک بێت.

هەولێر – کوردستان
٢٠١٠/٣/٨

سەرچاوەی ئەم کورتە لێکۆڵینەوە

١- گۆڤاری زاری کرمانجی.
٢- پێشەکی زاری کرمانجی د. کوردستان موکریانی.
٣- پاشکۆی رۆژنامەی عیراق – مومتاز حەیدەری.
٤- گۆڤاری کاروان: مومتاز حەیدەری
٥- گۆڤاری رووناکی.
٦- ٧٠ ساڵەی گۆڤاری رووناکی – مومتاز حەیدەری.
٧- گۆڤاری هەولێر: ژمارە (٢٠٠١) مومتاز حەیدەری.



هەواڵنامەی کێبڕکێ

(سەروتار) لە گۆڤاری (زارکرمانجی)دا (١٩٢٦ـ١٩٣٢ ڕواندز)

شادمان مەلا حەسەن

دەروازەیەک:

هەر لێکۆلیار یان نووسەر و مێژوونووسێک بیەوێ بابەتێک لەسەر مێژوو یان مێژووی ڕۆژنامەنووسیی و چاپەمەنی کوردی بنووسێ، بەبێ ڕەت بوون بە لای کتێب و **(چاپخانەی کوردستان)**ی بەهەشتی سەید حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٩٣-١٩٤٧)(١)، ئەوە دەڵێم: بە دڵنیاییەوە بازدانە بەسەر زانیارییەکی زۆر و چەردەیەک لە مێژووی ڕۆشنگەری کوردی و بابەتەکەش ناتەواو و کرچ وکاڵ دەبێ. ئەگەر زیادەڕۆیی نەکەین لە وەسف و گێڕانەوە، ئەوە دەتوانین بڵێین موکریانی گۆتنبێرگی کوردە. چونکە گەر **(یۆهان گۆتنبێرگ)** (٢) بۆ یەکەم جار چاپخانەی داهێناو گۆڕانی گەورە و کاریگەری لە بڵاوکردنەوەی کتێب و نووسین بەشێوەیەکی بەربلاو و ژمارە زۆر و یەک شێوە نووسین و دوور لە تێکچوونی ناوەڕۆک و دەستکاری کردنی نووسینی دەق وەک خۆی کەوا چۆن نووسراوە لەیەکەم جاردا. بێگومان هەر داهێنانی چاپخانەش بوو وایکرد ڕۆژنامە لەدایک ببێ و خوێندن و خوێندەواریش بە شێوەیەکی بەربلاو پەرە بسێنێ و سەرجەم مرۆڤایەتی لێی سوودمەند ببن. حوسێن حوزنی موکریانیش گۆتنبێرگی کورد بووە. چونکە یەکەم کەسک بووە چاپخانەیەکی خۆمالّی بە دەست بخات و ئەم شارو ئەو شار و دێهاتی کوردستانی پێ بکات و خۆی پێتی کوردی بۆ دابتاشێ و گۆڤار و کتێبی کوردی پێ چاپ بکات، ئەویش تەنیا و تەنیا لە پێناو خزمەتکردنی میللەتەکەی و هۆشیارکردنەوەی لە خەوی بێئاگایی و غەفڵەت. ئەگەر کەسانێک هەڵکەوتووبن و لە پێناو ڕزگاری کوردستان بە چەک و ڕاپەڕین بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان وەستابوونەتەوە و زۆرجار گیانی

خۆیان فیدا کردبێ ئەوە دیسان بە دڵنیایەوە دەڵێم: کەسێکی وەک حوزنی موکریانی هیچی لە سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد کەمتر نەبووە، ئەگەر لە هەندێکیان زیاتر نەبووبێ، گەر ژینگە و باری جوگرافی و سیاسی و کۆمەلایەتی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کوردەواری تاوتوێ بکەین و تەواوی ژمارەکانی بە چەند هاوکێشەیەکی حیسابیدا ببەین و ئەنجام ئەو ژمارەی بۆمان دەردەکەوێ هی ئەوە نییە ئەم جولە سەرکێشییەیی پێ بکرێ. بەڵام موکریانی سەرکێشیەکەی کردووە و بە باشی دەرچووە و بە مانای وشەش پانتایەکی باش و دیاری لە لاپەڕەکانی مێژوو و مێژووی ڕۆژنامەنووسیی و فەرهەنگ و وێژەی کوردی تۆمار کردوە. کاری ڕۆژنامەنووسیی و نووسین و چاپخانە لای ئەم کەڵەپیاوەی کورد ئەوەندی وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بووە، ئەوەندە کارێکی پیشەیی و ئارەزوو نەبووە، هەرکاتێ بە لاپەڕەکانی گۆڤار و کتێب و نووسینەکانیدا بچینەوە ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کەوا حوزنی موکریانی چەندە تێکۆشاوە و مەبەستی بووە میللەتەکەی وشیار ببێتەوە و

جوهانز گوتنبیرغ

ڕوو لە خوێندن و خوێندەواری بکات. چونکە باش دەرکی بەم مەسەلەیە کردووە هەر کاتێ میللەت هۆشیار بۆوە ئەوە بە دڵنیایەوە ڕۆژی ڕزگاری و ئازادی نزیکە. ئازادی کوردستان خەونی گەورەی ئەم پیاوە بووە. بۆیە هەمیشە لەهەموو نووسینەکانی(**شیعر – چیرۆک- مێژوو –پەخشان**) هەر شتێکی نووسیبێ ئازادی و خۆشەویستی نیشتمانەکەی کوردستان تێیاندا ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە کاتێ دەڵێن بۆ مێژووی هەر لایەنێکی کۆمەلی کوردەواری لە چەرخی بیستەم و پێشووتریش بە حوکمی نووسراوەکانی ناتوانرێ بە لای ئەو لاپەڕانەدا نەچین کەوا بەهەشتی حسێن حوزنی موکریانی نووسیویەتی و تۆماری کردوە. گەر بە ڕاست و ڕەوان لە بارەی حوزنی موکریانییەوە بڵێین، ئەم گەورە ڕۆشنبیرەی کورد بەزیادەوە خزمەتی گەورەی پێشکەش میللەتەکەی کردووە و قەرزاری کورد نییە، بەڵکو کورد قەرزاری ئەو بووە. چونکە ئەم مرۆڤە بە هەستە لە یەکەم چرکەساتی خۆناسینی لە ژیاندا تاکو ئەو ساتە وەختانەی بۆتە هاونیشتمانی شاری خامۆشان و دونیای ڕۆشنی جێهێشتووە، نەتەوە و نیشتمانەکەی فەرامۆش نەکردووە و بەردەوام بووە لە خزمەتکردنی و خەمی گەورەی بووە کەوا دەبێ پێش بکەوێ وەک سەرجەم میللەت و وڵاتانی تری پێشکەوتووی جیهان، چونکە هیچی لەوان کەمتر نەبووە. بەڵام ئەو خزمەتانەی ئەو کردوونی ڕۆژگاری خۆی بە کەم کەس دەکراو، کراوە. کەواتە هەر ناو و نازناوێک، کە گەورەیی ئەم پیاوە بسەلمێنێ، شایستەیە بە باڵای ئەم شۆڕەسوارەی مەیدانی خەباتی ڕۆشنبیری کوردیدا ببەخشرێ.

سەروتار لە گۆڤاری زاری کرمانجی:

سەروتار لەگەل سەرهەڵدانی ڕۆژنامە و گۆڤار سەری هەڵداوە و بۆتە یەکێک لە هونەرە دیار و بەرچاوەکانی ڕۆژنامە و گۆڤار تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان شێواز و لایەنێکی ڕەچاوکراوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانە .جا ئەو بڵاوکراوەیە گشتی بێت یان تایبەتمەندی لایەن و بابەتێکی دیاری کراو بێت .وەک سیاسەت – ئابووری – ئەدەب – کۆمەلایەتی – سەربازی

– هتد. مەبەستیش لەسەروتار زیاتر خستنە بەرچاوی هەموو ئەو کێشە و دەستکەوت و گۆڕان و پێشهات و ڕووداوانەیە کەوا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لە سەر ژیانی گشتی ولات یان ئەو چین و تۆیژە کۆمەڵایەتییانە هەیە کە بڵاوکراوەکە وەک جۆرێک لە زمانحاڵیان دەردەچێ. زۆرجار سەروتار شیکردنەوەی سیاسەتی حزبێک یان دامەزراوەیەک یان حکومەت و ولاتێک دەخاتە ڕوو کەوا دیدی ئەوان بۆ مەسەلە هەنووکەییەکان ئەمانەیە. جا ئەم سەروتارە سەرنووسەری ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە بینووسێ یاخود یەکێ لە یاریدەدەرانی یان هەرکەسێکی تری وابەستە بەم ڕێبباز و چوارچێوە ئاراستەکراوە. تایبەتمەندی ئەم هونەرە ئەوەیە کەوا دەبێ لە کاتی ئاراستەکردندا گوزارشت لە واقیع بکات و هۆکارەکان بە سادەیی و ڕەوانی شی بکاتەوە و لە کۆتاییشدا پێشنیاری بەسوود و گونجاوی وا بخاتە ڕوو کەوا لە توانای لایەنی جێبەجێکار هەبێ لە بەرنامەی نزیکی کاری خۆیدا هەولی جێبەجێکردنی بدات.

سەروتار وەکو کردنەوەی لاپەڕە یان دەستپێکی ڕۆژنامە یان گۆڤارە بۆ خوێنەرانی تاکو سەرنجیان بۆ خوێندنەوەی کێشەی گەرمی ڕۆژ ڕابکێشێ. بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لەژیانی کۆمەلایەتی دەدوێن. سەروتار بۆ دەستەیەک یان گروپێک یاخود جەماوەرێکی فراوان ئاراستە دەکرێت. مەرج نییە بابەتەکە سیاسی بێت. بەڵکو سەبارەت بە هەر دیاردەیەک دەبێت، کە کێشە و ئاستەنگەکانی ڕۆژ لەو ناوچەیە نیشان دەدات. شێوەی دەرکەوتنی سەروتار بەپێی نەخشەساز و بڕیاردەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکە دیاری دەکرێت. هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤار یەکسەر لە لاپەڕەی یەکەم دا دایدەنێن. ڕۆژنامەی واش هەیە لە لاپەڕەی دووم و سێیەم دایدەنێ. واتە سەروتار شوێنێکی دیاریکراوی نییە و دەتوانرێ شوێنی بگۆڕی .زۆرجار بڵاوکراوەکان وەک پێویستێک بۆ نیشاندانی بوونی پانتایی ئازادی لە بڵاوکراوەکەیاندا لە سووچێکی سەرەتای ڕۆژنامە و گۆڤارەکەیان یان لە لاپەڕەی

حوزنی موکریانی

کۆتایی دەنووسن تەنیا سەروتار تەعبیر لە ڕای ڕۆژنامەکەمان یان گۆڤارەکەمان دەکات .ئێستا ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانیش زۆربەیان ئەم دەستەواژەیە دەنووسن.

هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی سەروتارئەمانەن:

١_ سەروتار دەبێت شێوازی نووسین و گێڕانەوەی سادە بێت، واتە وا لە خوێنەر بکات کەوا گرفتێکی بۆ شیدەکاتەوە و لەکۆتاییشدا ڕێگای چارەسەر بۆ دادەنێ.

٢_دەولەمەند بکرێت بە فاکتی گرنگی ڕووداو و ڕاستییە گەرمەکان، ئەوکەسەش کە دەینوسێ دەبێ تەواو شارەزاو لێهاتوو بێت و دوور لە هەڵچوون و تورەیی بینووسێ، بەڵکو دەبێ واقیع بە تەواوی بە سەریدا زاڵ بێت.

٣_ باس لە کێشە سەرەکییەکانی تەواوی خەڵک و تۆیژە کۆمەڵایەتییەکان و وڵات بکات.

٤_ بە زمانێکی وا بنووسرێ، کەوا ئەوانەی سەروتارەکەیان ئاراستە دەکرێ بە ئاسانی تێ بگەن و کاریگەرییشیان لە سەر دابنێت. واتە دەبێ بە زمانی گشتی یاخود زۆرینەی خەلکی

وڵات بنووسرێ(٣).

سەروتارەکانی زاری کرمانجی:

هەرچەندە گۆڤاری زاری کرمانجی زمانحاڵی هیچ دەستە و ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبووە. بەڵام دەکری بڵێین زمانحاڵی میللەتێک بووە، وەک لە تەواوی بابەتە هەمەلایەنەکانی ناوەخنی گۆڤارەکە لێوەی دەدوێ. تەنیا لە ژمارە نۆدا نەبێ لە دوای ناوونیشانی سەروتارەکە بە ناوی **((ڕزگاری لە نەزانین))** نووسراوە پاشماوەی سەرگوتاری ژمارەی حەوتەمین. بەڵام لە ڕاستیدا بە هەڵە نووسراوە حەوتەمین، بەڵکو ژمارەی هەشتەمینە. بە شێوەیەکی گشتی گۆڤارەکە لێی نەنووسراوە ئەم وتارە ئەوە سەروتارە. بەڵام لە تەواوی ٢٤ ژمارەکەی ئەم گۆڤارە گرانبەهایە و لە لاپەڕەکانی سەرەتاییدا بەو وتارانە دەستی پێکردوە، بە پێی ئەو هەموو بنەمایانەی لە سەرەوە باسمان لە تایبەتمەندی سەروتار کرد. ئەم وتارانە ڕێک سەروتارن، چونکە زۆربەیان بە شێوەیەکی وا نووسراون تەواوی هونەرەکانی سەروتاریان تێدایە. لە تەواوی ژمارەکاندا سەروتارەکان کەوتوونەتە لاپەڕەی دووەم یان سێیەم. چونکە گۆڤارەکە بەرگی هەبووە، بەڵام لە ژمارەکانی کۆتایی وەک **(١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤)** سەروتارەکان کەوتوونەتە لاپەڕەی یەکەم، چونکە گۆڤارەکە بەرگی یەکەمی نییە و بێوێنەیە، لە ڕووی نەخشەسازییەوە زیاتر لە شێوەی ڕۆژنامە دەچێت.

بە شێوەیەکی گشتیش سەروتارەکانی گۆڤاری زاری کرمانجی بەسەر سێ جۆرە هونەری ڕۆژنامەنووسی دابەش بوونە:

یەکەمیان: هونەری چیرۆک واتە بەسەربردەیەک یان پەندێک یان ڕووداوێکی لەمێژینە یاخود دەقێکی پیرۆز دەستی پێکردوە و تێکهەڵکێشی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم کراوە .

دووەمیان: هونەری پێشنیار واتە لە ئەنجامی ئاراستەکردنی فکرەیەک بۆ چاکردن و جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەک کەوا سوودی بۆ کۆمەڵگا هەبێ جا لە هەر بوار و لایەنێکی ژیان بێت.

سێیەمیان: هونەری ڕووداو یان واقیع واتە لە ئەنجامی ڕووداوێک یان بڕیارێکی دەولەت یاخود واقیعی ڕۆژ لە دیاردەکانی ناو کۆمەڵگای ئەو ڕۆژگارەی کوردستان سەری هەلداوە و لایەنە باش و خراپەکانی دەستنیشان کردووە (٤).

لە بەشەکانی دواتری ئەم لێکۆلینەوەیەدا هەڵسەنگاندن و پۆلێن کردنی سەروتارەکانی گۆڤاری زاری کرمانجی هەموو سەروتارەکان دیاری دەکەین کەوا لە سەرەوە دابەشی سەر هونەرەکانمان کرد .

گۆڤاری زاری کرمانجی:

دوای ئەوەی بەهەشتی حوزنی موکریانی لە ساڵی ١٩٢٥ خۆی و چاپخانەکەی، لە سەر داوای سەید تەهای نەهری یەکەم قائیمقامی ڕواندز لە سەردەمی حکومەتی تازەی عیراق دەچێتە ڕواندز (٥)، یەکسەر دەست دەکات بە خۆئامادەکردن لە ڕووی یاسایی و کەرستەسازی تاکو لە ڕۆژی ١٢ ی ذی قەعدەی ساڵی ١٣٤٤ ی کۆچی بەرامبەر ٢٥ی ئایاری ساڵی ١٩٢٥ زایینی، یەکەم ژمارەی گۆڤاری زاری کرمانجی دەرچوو. بەم پێیە ئەم گۆڤارە بووە یەکەم گۆڤاری کوردی کەوا لە سەر خاکی کوردستان و بە چاپخانەیەکی خۆماڵی کوردی و تەواوی لاپەڕەکانی بە زمانی کوردی پیتی عەرەبی(٦) چونکە بەر لەم مێژووە هیچ گۆڤارێک لە هیچ بەشێکی کوردستان دەرنەچووە (٧). گۆڤاری زاری کرمانجی لە دووەم لاپەڕەی، واتە لە یەکەم لاپەڕەی ناوەوە، بەم شێوەیە لە لایەن سەیدحوسێن پێویستی دەرچوونی بۆ خوێنەران بەیان کردوە.

زارکری کرمانجی و شئونی

هەر چەند تەماشا دەکریە و بە چاوی دیتن دەبیندرێت تێەدەگا کە لەم عەصرەدا پێشکەوتنو تەرەقی ئەساسی لە سەر دوو کار دادەمەزریە. **((یەک))** مەتبوعات دووەم مەکتەب هەر ملەتێک ئەو دوو لازم مەلزومانەی نەبوو ملیتی بۆ ئیسبات ناکرێت و چتێکی ئەحوالی خۆی بە بێگانە و دۆست بداتە زانین ئەو هەردووانەی سەرەوە بۆ مللەت و وەتەن فائدە بکا لێرەوە

چەند ساڵێک ئەوانەم لە خەیاڵخانەدا دێناو دەبرد تاکو ئەم مەتبەعەیەم هێنا گۆڕێ و بۆ نەشریات گەیاندمە ڕواندز. وەسی تەسمیەی بە **(زاری کرمانجی)** ئەمەیە کە خزمەتی لوغت گوتی کوردان و تاریخ و ئەدەبیات و صنعت و فەن نەشر بکا و لە مستقبل و دا کتێبی کوردی چاپ دەکا بۆ ژیانەوەی ناوی و ئەسەری گەورە و ڕوئەسایانی کوردستان و سال تا دەیان دەکۆشیە لە هەر لایکە چتێکی داخل بە مەسلەکی **((زاری کرمانجی))** بێە بە مەمنونییەوە نەشری دەکا.

سەید حوسێن

سەروتاری یەکەم ژمارە لە لایەن کەسێک نووسراوە بە ناوی **((لاوێکی کورد))** لەلاپەڕە سێدا بڵاوکراوتەوە،چونکە لاپەڕەی دووەم پارچە شیعرێکە بە بۆنەی دەرچوونی گۆڤارەکەیە. سەروتارەکە بەم دوو دێڕە دەستی پێکردوە **((بۆ مدیر ڕۆژنامەی زاری کرمانجی خوشەویست تقدیم دەکرێت اظنا ئەم دو سێ قسەیەم لە ڕۆژنامەکەتانا داخل بکەن و ئیتر ئیحترام))** ناوونیشانی سەروتارەکە بەم شێوەیە **((بۆ پێشکەوتنی کورد چیمان پێ لازمە))** ئەم سەروتارە بە چیرۆکی پێشکەوتنی وڵاتان دەست پێدەکات و نموونە بە یەکێتی ئیتالیا و ئەلمانیا و ژاپۆن دەهێنێتەوە قسەیەکی گەورە سیاسەتمەداری نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمی ئەلمانیا **(بسمارک)**(٩) دەهێنتەوە بەم شێوە **((خۆ وەکو ئەو مامۆستا مقدەسانەی ئەلمانیان غالب کرد بەسەر فەڕەنسەدا لەسالی #٧٠#دا حەتا جەنگاوەری ئەلمان (بسمارک) لە خطبە یەکی دا ئەلیە من لە لەشکری معلمان مەمنون ترم لە لەشکری حربی؟ چونکی ئەوان ڕوحی ملیەتی ئەلمانیان خستە مێشکی منالانی وەتەنە وە))** مەبەست لە هێنانەوەی ئەم بەسەرهات و چیرۆکانە بۆ هاندانی گەلی کورد کەوا بە لای خوێندن و خوێندەواری دا بچن تاکو وڵات پێشکەوێت ئەمەش تەنیا بە مامۆستایان دەکرێت لە کۆتایی سەروتارەکەدا بەم شێوەیە پێشنیاری کردنەوەی خانەیەکی پێگەیاندنی مامۆستایان دەخاتە بەردەم گەورە سەرکردەکانی ئەو ڕۆژگارەی کوردان و نووسیویەتی ئەو زاتانەی کە خۆیان بە سەرکردەی کوردان دائەنێن ئەگەر دارالمعلمینک بکەنەوە بە شەرتێک دارالمعلمین جێ ئەوە ببی بێت ١٠-١٥ ساڵ لە (٧٠-١٠٠) کورد فێری خوێندن ئەبێ و بەمە جەهل لە وەتەنی ورده ورده محو ئەبێتەوە وە تەبەقەیەکی بە ئەخلاقی منەوری حەقیقی بۆ مستەقبەل ئەم ملەتە لێقەوماوە مهیأ و حازر ئەکەن و لەگەڵ ئەمەش دا لەناو تاریخی نهضتەی کورد جێگا یەکی بە حورمەت دا ئەنێن و کە مردن بە مەسئولی نامرن و ئیسباتی ئەکەن کە کوردن. ئیتر خوا ئەوانە نەکوژێت کە بۆ کورد هەوڵ ئەدەن.

((لاوێکی کورد))

لە ژمارەی (٢ و ٣)دا سەروتارەکەدا لە لایەن حوزنی خۆی نووسراوە بە ناوی حەسەن کوردستانی سەروتارەکە لەسەر شاری ڕواندزە و کورتە میژوێکی ڕواندزی باس کردوە بەم ناوونیشانە **(شار: ڕواندز-ئەمڕۆ و ڕواندز_ دوێنی و ڕواندز_ سبەینێ)** دوای ئەوەی باس لە گرنگی هەمەلایەنەی شاری ڕواندز دەکات و چەند پێشنیارێک دەخاتە بەردەمی حکومەت بۆ باشتر ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی ڕواندز بە تایبەت کردنەوەی چەند مەکتەبێک لە گوندەکانی دەوروبەری، بەم چەند دێڕەی خوارەوە کۆتایی بەسەروتاری ژمارە دوو هێناوە **(((زاری کرمانجی) ئێمەش ئیفتخار دەکەین بەمە کە بۆ خدمت کردنی وەتەن و کۆشین بۆ ملتم هما دەپاتەختێکی تأریخی وەکو ڕواندز و لەسایەی مەرحەمەتی عەدالت پشتیوانێکی وا گەورەدا _ ژیانم دەلیلی سەعادەت بەختە وەری و لەمرافەرزیە. تەمەنام ئەوەیە لە خودا کە ئەو ملەتە نەجیبەمان بگەێنێتە مەقصودی.))**

لەژمارە (٣)دا سەروتارەکە بە بێ ناوونیشانە هەر چەندە ئاماژەی پێ نەدراوە، بەڵام دیارە تەواوکەری سەروتاری ژمارە دووەمینە .کەوا چەندین نموونە و هۆکاری هێناوەتەوە تاکو گەلی کورد ڕوو لە خوێندن بکەن و خۆیان لە دواکەوتن و نەزانین ڕزگار بکەن تاکو لە چەند دێڕێکی کۆتاییدا نووسیویەتی مادامەکو وایە ئەوەلەن لازمە لەسەر ڕجال**(پیاوە گەورەکان)**

مەملەکەت پاش تر لەسەر ئەولیای **(خاوەن)** منداڵەکان ملەت .وەخت لە دەست خۆ نەدەن فرصەت نەفەوتێنن هەر یەک لەوان بە حەسب قدرەت و دەرەجە علاقەداری خۆیان چشتێ کە عاید بە سەعی و متەعەلق بە همەت ئەوانە ڕۆژی زووتر تشبثی پێ بفەرمون بۆ تەئمین: تەرەقی و سعادەت و پێشکەوتن حال و استقبال ملت و مەملەکەتەکەمان بکۆشین. نوستن بەسە غفلت کافیە ئەمڕۆ هاتن لەبن عەیب و عارێکی زۆر گەورەدا بڕوانن ئەم ئەحوالەمان چە قەدر شەرم ئاوەرە. کە لە **(سەدی)** خوێندەوار نیە. هەر بە لای کە توش ماندەبێت و هەر موصیبەتی کە دێتە سەرمان ئەگەر نفاقە ئەگەر لە بەینی یەکدانە ئەگەر مولتەقای یەک تربوونە هەموی باعث جەهالەتە".

دوای ئەوەی لە دوا دێڕ تەمەنای ئەو ڕۆژە دەکات تاکو جەهل و نەزانین نەمێنێ لە ناو میللەتەکەمان ئەوکات مردنی پێ خۆشە. ئیتر لە ناو دوو کەوانە نووسیویەتی **(حسن کوردستانی)**. هەروەها لە سەروتاری ژمارە (٤)دا کەوا دەچێتە هونەری چیرۆکەوە لە ژێر سەردێڕی (تەربیەت و نەزانین) سەروتارێکی درێژی نووسیوە سێ لاپەڕەی گۆڤارەکەی گرتووە. تێیدا باس لە پەروەردەی ڕاست و ناڕاستی مرۆڤ دەکات، بەتایبەت منداڵ چۆن پەروەردە دەکرێت لە سەرەتادا بەم شێوەیە نووسیویەتی **((خودای پەروەردگار قابلیەتێکی کە لە انسان دروست کردووە بۆ چاکەیە. واستعدادێکی کە داویە بۆ: خویریەتی و تێکدانی ئەو چاکی یە و بەدەست دایک و باوکیشە کە بە چاکی گەورەی بکا یان بە بای دەدا تربیە بە چوار چت پەیدا دەبیت: بە کۆشین، بە دەن، نەفس، عقل. ئەگەر بەخێر بەخێوی کەن بە قوەت ئەو چوارانە تەربیەی بۆ دەبیتە خیر، وەگەر بەشەڕیشی پەروەردە بکەن وەردەگەڕێتەوە سەر شەڕ))** بەم شێوەیە وتارەکەی درێژە پێدەدات ئامۆژگارییەکەی بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە کەوا منداڵەکانیان لە سەر ڕێگای ڕاست پەروەردە بکەن تاکو نەوەیەکی بە ئەخلاق و تێگەیشتوو پێ بگات بۆ کوردستان. لەکۆتایی سەروتارەکەدا بەم ناوە خۆی کردۆتە نووسەری سەروتارەکە **(س .ح.موکریانی)**.

لە ژمارە (٥)دا سەروتارێک لە لاپەڕەکانی دووەم و سێیەم نووسراوە و ناوی کەسی لەسەر نییە، لەژێر سەردێڕی **(محتاج زانین-علم-ین)** ئەم سەروتارە پێشنیار دەکات کەوا پێویستە خەلکی ئێمە فێری زانست و زانیاری ببن، تاکو ژیانیان خۆش بێت و وڵاتەکەمان بە شێوەیەکی مەدەنیانە پێش بکەوێت. تاکو لە کۆتایدا دەنووسێ **((بابەس بی فەقیری ودەربەدەری هەموو کەسێک لە سایەی ئەو گەنجەیەوەیە کە کورسینشینی مەجالسن با ئێمەش وەکو ئەو عالمە ڕاقیەی متەمەدنانە لەزەت لە ژیانمان ببینین لە سایەی علمەوە خۆمان بناسین و لەپاکی و پیسی حالی بین))**. ئەم سەروتارە دەچێتە خانەی هونەری پێشنیارەوە.

لە ژمارە (٦) سەروتارێک بە دوو بەش لە لایەن "فەهمی زرکی"ناوێکەوە نووسراوە بە ناوی **(داری مازوو)**، لە هەردوو بەشدا باس لە گرنگی و سوودەکانی داری مازوو دەکات .هەروەها خەلکی کوردستان چۆن بتوانن سوودی زیاتری لێببینن. بەڕاستی زۆر گرنگە بۆ گۆڤاری زاری کرمانجی لەو سەردەمەدا باس لە بەرهەمێکی خۆماڵی بکات، وەک یەکێ لە سەرچاوەکانی دەرامەتی خەڵکی کوردستان. ئەم سەروتارە دەچێتە هونەری واقیع. وەک بابەتێکی دەگمەنی ئابووری ڕۆژنامەنووسی کوردی ئەو سەردەمە دادەنرێت. لە سەرەتای بەشی دووەمی سەروتارەکە نووسیویەتی **((داری مازوو سوتەمەنیەکی چاترە ڕەژیش(خەلوز) لەو دروست دەکرێت پەڕیشی بۆ بزن خواردنێکی قەویە. کورد ئەو شاخانە دەبڕن و دەیکەنە ئەنبار(عەمبار) زستانان دەیدەن بە بزنان. هەر چی عەردی دارەچلو تێدا هەبی بۆ ئاژوتنی زۆر چاکە چونکە دارەکە ڕەگی خۆی لە عەردی کور دەچەقێنێت توێنییتی دەکێشی))**.

لە ژمارە (٨)دا سەروتارێک نووسراوە لە سەرەوە بە دێڕێکی گەورە نووسراوە (ڕزگاری لە نەزانین) هەر بەم ناوونیشانە لە ژمارەکانی (٨-

٩-١٠-١١-١٣-١٤) بەردەوام بووە هەرجارەی بە ناوی یەکێک کەوا زۆربەیان هەر بەهەشتی حوسێن حوزنی موکریانییە. لەم سەروتارانەدا زیاتر باس لە ڕەوشی ڕووناکبیری و خوێندن و خوێندەواری و هەوڵەکانی گەورەپیاوانی کورد بۆ ئەم بواره باسکراوە. لە پەناوەش ڕەخنە لە حکومەت گیراوە، کەوا کەمتەرخەمە لە هەندێ بەڵێن سەرەڕای ئەوەی نیشتمانپەروەری واتە پێشخستنی زانست و زانیاری و کشتوکاڵ و پیشەسازی. لە ژمارە ٨دا بە ناوی **(وطن خۆشویستن چۆن دەبی)** بەم شێوەیە دەستی پێکردوە **((ئەی ولات بۆچی تۆم خۆش دەوێ. بۆیە تۆم خۆش دەویت چونکو لەناوت دەژیم و بەتەبعت و بەرەکەتی تۆ گەورە دەبم و بەهەولی تۆ تەنەفس دەکەم.))** بە شێوەیە تاکو بەشی یەکەمی تەواو دەبێ لە ژێرییەوە نووسراوە (گوی). لە ژمارە (٩) وتارەکەی تەواو کردووە نووسیویەتی پاشماوەی سەرگوتی ژمارە حەوتەمین. بەڵام لە ڕاستیدا هی ژمارە هەشتەمینە، هەروەها ناوی هیچ نووسەرێکی لەسەر نەنووسراوە، کەوا خاوەنی ئەم بەشە بێت.

لە سەروتاری ژمارە (١٠)دا وتارێکی بڵاوکردۆتەوە و کردوویەتی بە سەروتار و بەشی دووەمی وتارێکە کەوا لە ژمارەی پێشووتر واتە ژمارە (٩) بڵاویکردۆتەوە بەناوی **(ردیە بۆ وەکیلکی...ملەت)**، تێدا ڕەخنە لە نوێنەرەکانی کورد دەگرێ، کەوا بەکاری بەرگریکردن لە مافی میللەتەکەیان خەریک نینە و بەکاری تری نابەجێ خەریکن. بۆیە لە ژمارە (١٠)دا و لە ژێر سەردێڕی زنجیرە سەروتارەکانی **(ڕزگاری لە نەزانین)** کردوویەتی بە سەروتار و بەڵێنامەی وڵاتی بریتانیا گەورە بە کوردیان داوە وەبیر ئەو وەکیلانەی میللەت دەهێنتەوە، کەوا ئیدارەیەکی لامەرکەزی بۆ کوردان دابمەزرێنن. لە چەند دێڕێکدا بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات **((قراراتێکی کە لجنەی ئومەمی بە واسطە دەولەتی بریتانی گەورە و پشتیوانمان بۆ بەجی هێنان و اجراکردن ئەوامر بیانیان فەرموو بو و هەمو جرائیدی دونیاش نشریان کرد خصوصا جرائدی عراق و بە تایبەتی جریدەی الاوقات البغدادیە غراء ژمارە ٤٢٤٧ موافق بە ١٨ رمضان ١٣٤٤ بە عەرەبی نەشریان کرد بو لە ژیر عنوانی (لامرکزیة الکوردیة) لە ٢٥ ئازار ١٩٢٥دا مادە بە مادە باسیان کردبو ئەمەیە کە دەفەرمون))** لە خوارەوە دەقی بڕیارەکەی بە کوردی بڵاوکردۆتەوە تاکو وەکیلەکانی کورد بە پشت بەستن بەم قرارە دیفاع لە حقوقی ئیداری و فەرهەنگی و مەعاریفی کوردستان بکەن. هەروەها دەبێ بڵێین ئەم سەروتارە دەچێتە هونەری واقیع.

لە سەروتاری ژمارە (١١)دا لە ژێر سەردێڕی زنجیرە وتاری **(ڕزگاری لە نەزانین)** دا کەوا سێ لاپەڕەی گرتووە و بەناوی ـس.حـ نووسیویەتی باس لە گەورە پیاوانی کوردستان دەکات کەوا تاکو دەچنە سەرکورسی دەسەلات چەندین پەیمان و بەڵێن دەدەن،کەچی دوای ئەوەی حوکمیان کەوتە دەست پەشیمان دەبنەوە و دەڵێن ئێمە پەیمانی وامان نەداوە و بۆ کورسی و پایەی بەرزتر هەوڵ دەدەن. نموونە بەسەرکردەی وڵاتانی تر دەهێنتەوە کەوا چۆن ئازایانە تێدەکۆشن تاکو ئامادەیی ئەوەیان هەیە لە پێناو ماف و خۆشی و پێشکەوتنی میللەتەکانیان بچنە بەرپەتی سێدارە بەم شێوەیە سەرەتا نووسیویەتی **((وطن پەروەری_ بەڕاستی ئەمڕۆکە کوردستانی ئێمە لەحالێکی وا دایە کە بە دڵی هەموو زانایەکی پێ بیروتبت وەنیە .کە کەسێک بۆ سەرکەوتن و بلندی بکوشێت و ئەوە بیت کە لە ڕێگای معاریف و صنعت و کار و کاسبی و تجارەتیدا وەختی بەسەریا پەیوەست لە ڕێگای وطن و ملەتا مال و ثرواتی خەرج کات)) لە بەشێکی تری وتارەکەدا پێکهاتەکانی خەلکی کوردستان بەسەر چواربەش دابەش دەکات وەکو نووسیویەتی "هەر چیکو ئەهالی ملەت کوردانە لە سەر چوار بەشن یەکێک دەولەمەند و صاحب ملک و تجار .دووەم ڕوەسای جسمانی وەکو ئاغا و بەگ و میران. سێیەم گەورەی دین و ڕئیس روحانین وەک شێخ و مەلا و فەقێ ین. چوارەم فەقیر و هەژار و کاسب و فاعلە و ڕەنجبێرە کارەکەرن.))** ئەم

سەروتارە دەچێتە هونەری واقیع.

لە ژمارە (١٢)دا سەروتار چۆتە لاپەڕەی چوارەم، چونکە لاپەڕەکانی ٢-٣ شیعرێکی شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی بڵاوکردۆتەوە. لە لاپەڕەی چوارەمدا سەروتارێکی یەک لاپەڕەیی بڵاوکردۆتەوە، هیچ ناوێکی لە سەر نییە. سەروتارەکە باس لە پەروەردەی منداڵانی کورد دەکات و بێبەشیان لە خوێندن لە ژێر سەردێڕی (هەمو لەخۆمانەویە و لێی مەسەببین). سەرەتا بەم شێوەیە نووسیویەتی **((ئێمە گەلێک هاوارمان کردوە و دیسا هەر هاوار دەکەم و دەبیژم کە منداڵەکانمان زۆر مەغدور دەکرین لەباتی پێشکەوتن وەپاش دەکەون لە هەموو بزوتن و کۆشەوەیەک دا بە دلخوازی خۆیان ناگەن هەموو کەس دەزانێت سەبەبی بلندی ملەت و ئاوەدانی وطن مەکتەبە، مەکتەبیش بە تەحصیل منداڵ پێ دەگەیی نیت تەحصیلیش بە مامۆستای تێگەیشتو وەدەست دەکەوێ، مامۆستا علم دەکاتە هەیکەلیکی مجسم و لە نێو مێشکی منداڵی ساوا جێی دەکاتەوە))**. ئەم سەروتارە دەچێتە هونەری پێشنیارەوە.

لە ژمارە (١٣)دا یەکێک لە پیاوە ناوادارەکانی دەشتی هەولێر وتارێکی کورت و بەپێزی نووسیوە و موکریانیش کردوویەتی بە سەروتاری ئەم ژمارەیە. لە ژێر سەردێڕی (ڕزگاری لە نەزانین) کەوا بەم شێوەیە نووسیویەتی **((قسەی ڕاست- معارف واسطەیە بۆ تەرەقی هەم بۆ سعادەت. ئێمە کە لەم بەهرەیە بێ بەرین هاوارمان بە هیچ لایەکا ناگات، وە ئیتر اضمحلال وە محو بوونەوەشمان ئەفکار ناکرێ. وە هەر لەم ڕووەوە هەموو ڕۆژێ بە تریشقەی هەورێکی بەلای ناگهانی وە بەبایی سمومی نەگبەتی پەرش و بلاو بوونەتەوە، ئەوەتا أسبابی ئەم خەزانی عمرە وەموبتەلای مان لەم علەت و ئافاتە هەر بێ ئەفکاریە. بەم شێوەیە درێژەی پێدەدا تاکو لە کۆتایدا نووسیویەتی. بۆ ئەمەی ئێمەش لەو عەدالەتەی کە حکومەتی بریطانیا بە جهانا بلاوی کردۆتەوە. بەشداربین زۆر بە ئومیدبووین بەلام بەم حالّە مەحرومییەتمان حملی سەر ژێر چە لیفەیەکی سیاسەتی بکەم نازانم. وا ئەپاڕێمەوە کە عدالەتەکەی ئیمەش بەش داربین))** لەکۆتایدا نووسراوە **((کوڕی ابراهیم اغا رئیسی عەشیرەتی دزەیی –مشیراغا))**(٨) ئەم سەروتارە دەچێتە هونەری واقیعەوە. چونکە باس لە واقیعی پەروەردەی کوردستان و پەیمان و بەلێنەکانی ولاتی بریتانیای گەورە دەکات، کەوا بە میللەتانی ژێردەستەی دابوو.

لە ژمارە (١٤)دا سەروتارێکی دووردرێژی هەر لە ژێر سەردێڕی **(ڕزگاری لە نەزانین)**دا بڵاوکردۆتەوە بە ناوونیشانی دووەمی _ژیان و هۆگری کوردان_ لەم سەروتارەدا باس لە دەورانی ڕابردووی کورد دەکات کەوا مرۆڤی گەورەی خاوەن فکر و صەنعەتکاری بەناوبانگی لێهەلکەوتووە و میژوویێکی پڕشنگداری هەیە، بۆیە پێویستە ئێستاش ڕۆلەکانی بە باشی تێبکۆشن و تاکو میللەتەکەیان پێش بخەن و ژیانێکی مەدەنیانەی سەردەمیانە بهێننە کایەوە، ئەمەش هەموو بە ڕێگای فێربوون و زانست و زانیاری دەکرێ. تاکو لە بەشێکدا نووسیویەتی **((لە ئەدوارانی رابردووی کوردان دا موئەریخ و موئەلیف و حوکەما و فەیلەسوف و صەنعتکار و تێگەیشتوانێکی کە هاتونە ڕو بە علم و فضل ناوبانگیان کردوە لە خزمەتی بەشەریت و ئینسانی دا خۆیان بە عالەمی تەمەدن و ئەهلی فنون داوەتە ناسین))** لە کۆتاییدا بەم چەند دێڕە کۆتایی پێهێناوە ((ئەگەر بێتو خووڕەوشتی خۆمان چاک نەکەین: لەم گەنجینەیە بەری و بێبەش دەمینێنەوە. لە دەست نەزانین: دامای".

ئەم سەروتارە دەچێتە هونەری چیرۆک.

لە سەروتاری ژمارە (١٥)دا بابەتێکی گرنگی میژوویی نووسیوە، کەوا باس لە ڕەگ و ڕیشەی زمانی کوردی دەکات. لە ژێر سەردێڕی **(بۆ مێشک ڕونان نووسراوی بەتاک)** بە وشەی جریوە ناوی دەبات لە کۆتاییدا بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنەوەی زمانی کوردی داوا لە هەموو کوردان دەکات کەوا یارمەتی بدەن نووسیویەتی **((بیرم کردەوە ئەم کارە پیرۆزە و بەفرە بەدەس من پێکهاتنی بۆ من بەختیاری و کامەرانییە لەبەر ئەمە دەسم کردە**

جریوە گردکردنەوە و دامەزراندنی لە مێشک ڕونانی پێ خوازم ئەمەیە هەمو دەس بەجریوە کوردی گردکردنەوە بکەن هەر چییەکیان دەس ئەکەوێت و پێویستمان بێ لێیان داوا ئەکەین. بۆ کارێکی وا پیرۆز لە هەموو کوردی یاریدەمان دەوێ وەلێ یاریدەی تەواوی لە یەزدانەوەیە)). ئەم سەروتارە ناوی کەسی لەسەر نییە دیارە کەوا بەهەشتی موکریانی خۆی نووسیویەتی دەچێتە هونەری پێشنیارەوە.

لە ژمارە (١٦)دا گۆڤارەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە زیاتر لە شێوەی ڕۆژنامەیە بەرگی نەماوە دەرچووە. لەم ژمارەیەدا سەروتارێکی یەک لاپەڕەی نووسیوە بە بۆنەی هاتنی مەندوبی سامی بۆ عیراق. ئەویش داواکارە چاوی لە میللەتی کورد بێت و هاوکاری بکات بۆ پێشکەوتنی،لە سەرەتادا نووسیویەتی **((بە مناسەبەتی تشریفهێنانی مەندوبی سامی تازەی بریتانی گەورە بۆ عراق فەخامەتمەئاب سیرکلبرت کلایتۆن خۆشەویستمان. بە هاتنی ئەو گەورەپیاوەی بەرزە جێگایە هەموو ملەت کورد خۆیان بە سەرفراز و بەختەوەر دەزانن و بە ئومێدەوارن کە بەعەدالەت و دادخواهی همەتەوە ڕۆژبەڕۆژ ئازادی و سەربەستی ڕەگەز و تیرەی کوردان ڕوو لە بەرزبون بکا_ لە کۆتاییدا نووسیویەتی_ ئومێد ئەکەین لە سایەی ئەو گەورەپیاوەوە مطبوعات و نەشریاتی کوردی تەرەقی بکا وا ئومید دەکەین وەکو بابێکی میهرەبان دەستی پیرۆزی بەسەروپۆتراکی کوردی بێکەس دا بینی و ڕووی خۆشەویستی بخاتە سەرمان. بە زبانی هەموو کوردێکەوە عەرضی بەخێرهاتن دەکەین و موفەقییەت و دەوامیش لە خوای تەک و تەنیا دەخوازین))** ئەم سەروتارە دەچێتە هونەری ڕووداو و واقیع.

لە ژمارە (١٧)دا سەروتارێکی دووردرێژی لە سەر چوونی گەورە ناودارانی ئەوکاتەی کوردستان بۆ بەغدا بە بۆنەی هاتنی مەندوبی تازەی سامی و بەڕێکردنی مەندوبی پێشوو**(سێر هنری دوبس)** هەر وەک لە ژمارە (١٦)دا باسی لە هاتنی کردبوو بۆ عێراق نووسیوە، کەوا وەک نواندنی صەداقەت چوونە و پێویستە هەمیشە کورد ئاوا یەکگرتوو بن و داکۆکی لە مافە ڕەواکانی خۆیان بکەن. لە سەرەتادا بەم ناوونیشانە و بەم شێوەیە نووسیویەتی **((چووینی ناردراوانی کوردستان بۆ بەغدا و صداقت نواندنی ملەت نەجیبی کورد.**

هەروەکو لە جێگایانی باوەڕێ کراومانەوە زانیەوە هەمو ڕۆژئەساو گەورەکانی کورد لەگەڵ متصرفە خۆشەویستەکانی لیواکانی کوردستان هەر یەک بە دیاری و پێشکەشێکی شایستەی گەلێک چاکە وە بۆ نشاندانی صداقتی ملەت نجیب کورد و ڕاستیان لە خدمەت دەولەت شتیوانی گەورەدا بۆ بەریکردن و دیتنی فخامەت سیرهنری دوبس تەشریفیان چونە بەغدا)). ئەم سەروتارە دەچێتە هونەری ڕووداو –واقیع– لە ژێرییەوە نووسراوە .س.ح.داماو. دیارە ئەم ناوەش هی موکریانی خۆیەتی.

لە ژمارە ١٨ سەروتارێکی یەک لاپەڕەیی نووسیوە باس لە مێژووی بەڕێکەوتن و گەیشتنی مەندوبی سامی **(سیرکلبرت کلای تۆن)** دەکات لە لەندەنەوە تاکو بەغدا و هیوای ئەوە دەخوازێ چاوی لە کوردان بێت. هیچ ناوێکی لە سەر نییە و دەچێتە هونەری واقیع.

لە ژمارە (١٩)دا سەروتارێکی یەک لاپەڕەیی نووسیوە بە ناوی **(خدۆک)** لەم سەروتارەدا کە لە ژێرسەردێڕی **(کورد بەچی سەردەکەوێ؟)** باس لە بەرەوە پێش چوونی مەعارف و خوێندن دەکات لە کوردستان، هەروەها گرنگیدان بە زمانی دایک و ئەو کتێبانەی کەوا لە لایەن گەورە زانایانی کورد، دەنووسرێ پێویستە بخرێنە ناو پڕۆگرامی خوێندن. لە کۆتایی سەروتارەکەدا نووسیویەتی **((جگە لەوەش پیاوی بە ئەخلاق و دلپانی–دلپاکی.ن_ ملەتپەرستی بکا بۆ ئێمە کە لە هێنانە وجودی مەعارف ملەتی سەعی بکا هەر تەئلیفێ کە بە کوردی کرا لە پاش مزاکرە بیخاتە نموونەی معارفەوە ئەگەر وا بوایە و پیاوی گەورەی پەروەری کورد هەبوایە و مەعارف لە خۆمان بوایە کتێبی کە (تۆفیق وهبی بەگ)تازە تەئلیفی کردوە دەخرا مەکتەبەکانی کوردستانەوە هەموو منداڵەکان ئیستیفادەیان لێ دەکرد))** ئەم سەروتارە دەچێتە هونەری پێشنیارەوە. چونکە

هەم ڕەخنە دەگرێ و هەم پێشنیار دەکات.

لە ژمارە (٢٠)دا سەروتارێکی دوورودرێژی نووسیوە بە ناوی **(کوردستان گەلێک لە مەعارف محروم کراوە)** تێدا باس لە ڕەوشی پەروەردە دەکات لە کوردستان و بەراوردی جنوبی عیراق و شاری موصل دەکات. کەوا جیاوازییەکی زۆر لەم ڕووەوە هەیە و ڕەخنە لە وەزارەتی مەعارف دەگرێ و قسە و هەولی چەند نائیبێکی کوردی نووسیوە لە مەجلیسی مەندوبین، کەوا بۆ باشکردنی ڕەوشی مەعارفی کوردستان کردوویانە. سەروتارەکە بە ناوی **(خدۆک)** نووسراوە. بۆ یەکەمجار لەم گۆڤارە پاشماوەکەی چۆتە لاپەڕەکانی کۆتایی و ئاماژەشی پێدراوە. لە سەرەتادا بەم شێوەیە دەنووسێ **((ئەمڕۆکە لیواکانی کوردستان بە نسبەت لیواکانی جنوبی عراقەوە لە مەعارف مەحرومین و دەتواندرێ بێتە گوتن کە هیچ بە ئەهمیەت ڕانەگیراوە وە نەکەوتۆتە بیری وەزارەت معارفەوە کە بە چاوێکی عادلانە تەماشای مەعارف کوردستان بکا))** ئەم سەروتارە دەچێتە هونەری واقیعەوە.

لە ژمارە (٢١) دا سەروتارەکەی بە ناوی **(مەکتەبی کوردستان لەبڕی سەرکەوتن بەر ئاوەژو دەچێت)**ئەم وتارە بە دوو بەش نووسراوە بەشی یەکەمی لەم ژمارەیەدا سەروتارە. بەڵام بەشی دووەمی لە ژمارە (٢٢)دا وەک بەشی دووەم بە وتارێکی جیا بڵاو بۆتەوە. نووسەرەکەشی **(دامـاو)**ە واتە بەهەشتی موکریانی خۆیەتی. لەم سەروتارەدا باس لە خراپی مەکتەبەکانی لیوای هەولێر دەکات، کەوا هیچ گرنگییەک بە خوێندنی کوردەکان نادرێ، بەڵکو هی جوولەکەکان زیاتر گرنگی پێدراوە. هەروەها تێکەلی هەوالێکی ڕەئیسی عصبە الامەی کردووە کەوا سۆراغی خوێندنی کردووە لە مەندوبی سامی ئایە کوردەکان بە زمانی کوردی دەخوێنن یان بە زمانی عەرەبی. کەوا نووسیویەتی **((ڕئیسی عصبە الامم سالی ١٩٢٨ لە جەلسەی تشرینی ثانی لە فەخامەتمەئاب ڕمستر بۆردیلۆن وەکیلی معتمدی سامی یان پرسی بو کە لە مدارسی کوردانی لیوای هەولێر بە عەرەبی تحصیل دەکرێ؟ فەخامەتمەئابیان بەم جۆرە جوابی دابۆوە. کە (هیچ نقصانێک وەها ڕوی نەداوە) بەڵام لە پرسیاری یەکەمیندا باس لە بەکارهێنانی لغت عربی بە صفت لغت فیربون. وە لە هەمی دووەم داباس لە فێربونی لغت عربی لە مدارسی کوردان فەرمورابو.))**

ئەم سەروتارە دەچێتە هونەری واقیعەوە.

لە ژمارە (٢٢) دا سەروتارێکی درێژی بە ناوی **(-مەکتەبەکانی سلێمانی دوێنە و ئەمڕۆکە- خاکی شارزور(کانی)** علم و فەن و عرفان و هونەرە) لەم وتارەدا کە بە ناوی خدۆک نووسیویەتی باس لە مێژووی مەکتەب و ناوەندەکانی خوێندنی شاری سلێمانی و دەوروبەری دەکات کەوا چۆن بە هەزاران خوێندەواریان لە هەموو بوارەکان پێگەیاندوە بە تایبەت ڕۆلی بنەماڵەی بابانە لەم بوارەدا. هەروەها کردنەوەی مەکتەبی ڕوشدییەی سەربازی عوسمانی **(سالّی ١٢٢٨ کۆچی کرایەوە)** زۆر گەورە ئەفسەر و مەئموری بۆ سەرتاپای دەوڵەتی عوسمانی پێگەیاندوە. لە وتارەکەدا دێتە سەر مەکتەبەکانی ئەمڕۆ و دەوری چەند مامۆستایەکی خەمخۆر و نیشتمانپەروەر بەرز دەنرخێنێ. لە کۆتایی سەروتارەکەدا نووسیویەتی **((سلێمانی ئەمڕۆ جاهلەکانیشی هیندەی زاناکانی دەرەوە بە مەعرفەت و تێگەیشتنن. ملەتی سلێمانی بە تەبیعەت. زرینگن وە حەز لە معارف و تەرەقی دەکەن. خۆزی لیواکانی دیکەی کوردستان سەر مەشقێکی چاکیان لە سلێمانی وەرگرتبا وەکو بۆ بەرزبون بکۆشابان وە معارفی ترقی پێ بدایە)).**

-خدۆک-" ئەم سەروتارە دەچێتە هونەری چیرۆک.

لە ژمارە (٢٣) دا سەروتارێکی کورتی نووسیوە وەک وەڵامێک بۆ ئەندامێکی عصبە الامم، کەوا بەرانبەر سکالای میللەتی کورد لە سەر خوێندنی کوردی. لێرەدا لەبەر گرنگی وەڵامەکە و هەستی مەسئولانەی گۆڤاری زاری کرمانجی بەرانبەر مافێکی ڕەوای میللەتی کورد، تەواوی سەروتارەکە دەخەینەوە ڕوو کەوا

بەم شێوەیە.((خوێندن و معارف کوردستان لە عصبەالأمم دا.

کوردستان مەغدوریەتی تحصیل و معارفیان بە شکایەت خستۆتە بارەگای عەدالەتپەنای کۆمەلەی ئەقوامەوە هەلبژردراوی جەلسەی شازدە هەمی کۆمیسیۆن انتدائات دایمی کۆمەلەی ئەقوام جنیوە_ لە شەشی تشرینی دوەم هەتا بیست و شەشی مانگ سالی ١٩٢٩ ژمارەی بەرگی #٥٨٣٠# م#١٩٢# کانونی یەک سالّی ١٩٢٩ لە جینەوە.

لە خصوص خوێندن و تحصیلی شاگردەکانی کوردان لە مەکتەبی عالی عارەبەکاندا بەعارەبی خوێندن مغدور بونیان عضوی مجلس عصبەالامم فەخامەتمەئاب **(مستر مل دننڤیک)** لە مەجلس دا اشارەتی دا بەوە و فەرمووی. کوردەکان لەوە شکایەت و گازاندە دەکەن کە ئەهمیەت بە تحصیل کردنی شاگردەکانی کورد و تەسهیلات بە معارفیان نەدراوە و **(تەماشای لاپەڕەی ١٩٢ تقریرات مەندوب سامی عراق بکەن)** بەلاّم لە مەکتەبەکانی گەورەی عارەباندا بەریەک خستن و دامەزراندنی کتێبانی تەدریس بە نیوەیی یەعنی نیوێک بە کوردی و نیوەکەی دیکەی بە عارەبی، دەبی و لازمە تەسهیلاتی زۆرچاک بە کوردەکان بدرێ.مستر بۆرایلون وەکیلی معتەمەدی سامی دەلێت لەبەر ئەمە کە اتفاقێکی ڕوێداوە کەتحصیلی عالی کوردەکان بە لۆغەتی عارەبی بێ. جگە لەوەشی هەرچیکو کتێبی تەدریسات ئەمڕۆکە هەموو بەعارەبی بۆ کوردەکان زیاتر بە منفعتە.

زارکرمانجی: مەتلەبی ئەو مەنفعەتە لەوەدا چی یە؟ ئەگەر لە نەزەری دینی دابێ عولەمای کوردستان لە مزگەوتەکاندا لە هەموو علماکانی عەرەبستان لە لۆغەتی عارەبی و علومی پێشویی دا ئاگادارترن و زۆرتر تألیفات و قید و قیودیان لەو خصوصەوە هەی. وە ئەگەر مقسد لە علومی عەسری و خوێندنی مدرەسەکانی حازربیت لە هیچ دەمێکدا شاگردی کور لە لۆغەتی عارەبی استفادەی نەکردوە وەئەگەر تحسیلی ابتدایی و متوسطة ش بی منداڵەکانمان لەپاش کوردی خوێندن سەعی لە لۆغەتی ئەوروپا بکەن بە مەنفعەت ترە.

ئەم سەروتارە ناوی کەسی لەسەر نییە و دەچێتە هونەری واقیع.

لە ژمارە (٢٤) دا کەوا دوا ژمارەی گۆڤاری زاری کرمانجیە سەروتارێکی جوان و بە پێزی نووسیوە کەوا باس لە پەروەردە دەکات، بە تایبەت پەروەردەی منداڵ و میللەت و ڕزگاربوون لە نەزانین چەندین نموونەی زیندووی ولاّتان دەهێنتەوە، کەوا هەولیان داوە بۆ ڕزگاربوون لە نەزانین. سەروتارەکە بە ناوی **(خدۆک)** نووسراوە و لە کۆتایی نووسراوە ماویەتی. بەلام ئەو بەشەی ماوە چاوی بە دونیا هەلّنەهات چونکە تەمەنی زاری کرمانجی تەواوبوو. لە کۆتایی ئەم سەروتارەدا نووسیویەتی: **((حکومەت هینده پاره له ڕێگای معارف صرف ئەکا که پیاوانی کار لەدەست هات و بۆ پیی بگەیینن و ملەت له جەهلت ڕزگار کەن نفاق و شقاق و فسادی فریدەن ریشەی پیسی هەلکەنن و بیهاوێژن))** ئەم سەروتارە دەچێتە هونەری چیرۆک.

ئەنجام :

دوای تاوتوێکردنی سەرجەم سەروتارەکانی گۆڤاری زاری کرمانجی، سەروتارەکان زۆر بابەتیانە نووسراون بەپێی ئەو هونەرە ڕۆژنامەنووسیانەی دابەشمان کردووە نووسراون و تێکهەلّکێشی سەرجەم ڕووداوەکانی ئەوکاتەی کوردستان بووە و پەنجەی لە سەر تەواوی خالّە نەڕێنی و ئەڕێنی داناوە و هۆکارە دەرەکی و ناوخۆکانی کێشە و ڕووداوەکانی کوردستانی خستۆتە ڕوو و پێشنیار و چارەسەری گونجاوی بۆ داناوە. لە سەرجەم کێشە گەرمەکانی میللەتەکەی دواوە. ئەگەرچی گۆڤارەکە لە بنەڕەتدا سیاسی نەبووە. بەلاّم گەر بە وردی لێی بکۆلینەوەی سیاسەت بەشێکی دانەبڕاوە لەم گۆڤارەدا. هەر بە هۆی سیاسەتیشەوە، بڕیاری کۆتایی تەمەنی لە لایەن دەسەلاّتدارانی ئەوساکەی عێراقەوە دەرچووە. لە کاتی گەڕانمان بەنێو لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە بەنرخە چەند ڕاستییەکمان بۆ دەرکەوت:

١_ گۆڤارەکە وەک زمانحاڵی نەتەوەی کورد

خۆی نواندووە. چونکە لە هەموو ڕووداو پێشهاتێک خەمی گەورەی ئەو مافەکانی میللەتی کورد بووە.

٢_ بە زمانێکی کوردی زۆر جوان و پاراو نووسراوە. دوور لە گیانی ناوچەگەری و موهاتەراتی شەخصی.

٣_ بۆ کاتی خۆی سەرەڕای لاچەپی شوێنی دەرچوونی و خراپی هۆکارەکانی هاتوچۆ و پەیوەندیکردن، کەچی ئاگاداری سەرجەم ڕووداوەکانی جیهان و کوردستان و دەوروبەری بووە، وەک لەسەروتارەکانی دیارە.

٤_ ئەم گۆڤارە زۆر گشتگیر بووە و لە هەموو بابەتێکی کەوا لەناو کۆمەڵگای پێشکەوتوودا هەیە باسی لێوەکردووە. تێکۆشانی باشی بۆ وشیارکردنەوەی میلەتی کورد کردووە، تاکو پێش بکەون وەک سەرجەم میلەتانی جیهان. سەروتارەکانیشی زیاتر ئەو بابەتانەن کەوا هانی خەڵک دەدات خۆیان ڕزگار بکەن لە نەزانین و منداڵەکانیان بە باشی پەروەردە بکەن.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- دکتۆر کەمال مەزهەر، حوزنی موکریانی ڕۆژنامەنووس و زاراوە مێژوییەکان، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)، هاوینی سالی ٢٠٠٢_ هەولێر.

٢- یۆهان گۆتنبیرگ گەورە داهێنەری ئەلمانی بۆ چاپ، لە ساڵی ١٤٤٧، لە ساڵی ١٣٩٨ لە دایک بووە ولە ساڵی ١٤٦٨ کۆچی دوایی کردوە، بەداهێنانی چاپ گۆڕانی گەورەی لە چاپکردنی کتێب کرد.

٣- شادمان مەلا حەسەن، هەواڵ و سیاسەت لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (١٠)، ساڵی ٢٠٠٧، هەولێر.

٤- پرۆگرامی بەشی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامەنووسی) کۆلیژی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی.

٥- سەید حسێن حوزنی موکریانی، مێژووی میرانی سۆران، چاپی دووەم، هەولێر ساڵی ١٩٦٢.

٦- دکتۆر کوردستانی موکریانی لە چاپکردنەوەی سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری زاری کرمانجی لە ساڵی ٢٠٠٢ لە هەولێر، نووسیویەتی یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری ڕواندز، لە ڕاستی یەکەم گۆڤاری کوردی سەرخاکی کوردستانە.

٧- لە ساڵی ١٩١٤ گۆڤارێک لە سابڵاغ (مەهاباد) و دەوروبەری بڵاو بۆتەوە لە لایەن مسیۆنێرە ڕۆژئاواییەکان، بەڵام لە کوردستان چاپ نەکراوە. لەساغکردنەوەیەکی عبدالله زەنگەنە لە شاری شیکاغۆی ئەمەریکا چاپکراوە و لە کوردستانی ئێران بڵاوکراوەتەوە.

٨- مشیر کوپری برایم ئاغای دزەیی لە پیاوە بەناوبانگەکانی ناوچەی مەخموور و دەشتی هەولێر بووە و لەچەندین ڕووداوی ناوچەکە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست ناوی برایم ئاغا دێت.

٩- ئۆتو ئیدوارد لیوبود فۆن بسمارک (١٨١٥-١٨٩٨) بەیەکێ لە پیاوە گەورە و بەهێزەکانی ئەلمانیا دادەنرێ. لە ساڵی ١٨٦٢ پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت تاوەکو ساڵی ١٨٩٠، توانی لەم ماوەیە یەکێتی ئەلمانیا دروست بکات بەناوی ئیمپراتۆریەتی ئەلمانیا .بەتایبەت دوای شکاندنی سوپای فەڕەنسای ناپلیۆنی سێیەم لە ساڵی ١٨٧٠، هەموو دەوڵەتە بچوکەکانی سەر ڕووباری ڕاینشی لکاند بە ئیمپراتۆریەتی ئەلمانیاوە.

١٠- شادمان مەلا حەسەن، ڕۆلی گۆڤاری زاری کرمانجی لە گەشەپێدانی ڕۆشنبیری کوردی دا، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (١)، ساڵی ٢٠٠٤، هەولێر.

١١- گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی)، ژمارەکانی (١١ ،١٢)، ساڵی ٢٠٠٣، هەولێر.

١٢- سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری زاری کرمانجی، پێشەکی دکتۆر کوردستان موکریانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢.

دۆزینەوەی (٧) ژمارەی دیکەی گۆڤاری (کوردستان)ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و بڵاوکراوەی دیکە

دیاری لەلایەن: ڕێناس نەورۆزی/بڕۆکسل

لە ئەنجامی گەڕان و لێکۆڵینەوەم لە کتێبخانەی تاکەکەسی و کتێبخانە گشتییەکان و ئەرشیفخانەی زانکۆ و پەیمانگا و مۆزەخانەکانی وڵاتانی ئەورووپادا تا ئێستا سەدان ڕۆژنامە و گۆڤاری دەگمەنی کوردیم دۆزیوەتەوە، کە بە زمانەکانی کوردی و زمانەکانی دیکەن. بە گوێرەی توانا و دەرفەت وێنەی زۆربەیانم گرتۆتەوە و زانیارییەکانم لەلای خۆم تۆمارکردوونە و هەوڵدەدەم هەر جارەی چەپکێک زانیاری و بەرگی بڵاوکراوەیەک یان چەند بڵاوکراوەیەک لە ڕۆژنامە و گۆڤارە هەرگیز نەبینرا و نەبیستراوەکان بڵاو بکەمەوە. ئەوەی ئەمجارە دەمەوێت وێنەکانیان بڵاوبکەمەوە و هەڵوەستەی لەسەر بکەم دۆزینەوەی (٧) ژمارەی دیکەی گۆڤاری **(کوردستان)**ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردە لەئەورووپا، کە ژمارە: (١)ی لە مانگی ١٩٥٨/٣ دەرچووە. تا ئێستا هەموو ئەو سەرچاوە کوردییانەی لەسەر ئەم گۆڤارەیان نووسیوە ئاماژەیان بەوە کردووە کە ژمارە (١٦) دوا ژمارەیەتی لە ساڵی ١٩٧٢ دەرچووە، یان نووسیویانە تەنیا (١٦) ژمارەی لێدەرچووە و ئیتر وەستاوە. ئەوەی زیاتر مەبەستمە ئاماژەی

پێبکەم کە لەناو ئەو ژمارانەی دۆزیومەتەوە (۳) ژمارەی دیکەی دوای ژمارە (١٦)ەن، واتا ژمارەکانی (۱۷) و (۱۸) و (۱۹). هەروەها (٤) ژمارەی دیکەی جیاواز کە دووانە بە جووتە دەرچوونە ئەوانیش ژمارەکانی (۷و۸) و (۹و۱۰)یە. بە دۆزینەوەی ئەو ژمارانە بە تایبەتیش ژمارەکانی (۱۷) و (۱۸) و (۱۹) کۆمەڵێک راستی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت لەسەر مێژووی گۆڤارەکە و خەباتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا. لێرەدا دەمەوێت زۆر بە کورتی و تەنیا لەسەر لایەنە تەکنیکییەکانی گۆڤارەکە بنووسم و لایەنەکانی دیکەی گۆڤارەکە وەک: بابەتەکانی، نووسەرەکانی، وێنە دەگمەنەکانی ناو گۆڤارەکە پێویستییان بە لێکۆڵینەوەکی فراوان هەیە. ئەو ژمارانەی دۆزراونەوەتەوە بریتین لە:

ژمارە: (۷و۸) لە ساڵی ١٩٦١ بە (٤٤) لاپەڕەی شێوە گۆڤاری ناوەندی دەرچوونە و وێنەداراە. سەرجەم بابەتەکان بە زمانی ئینگلیزین.

ژمارە: (۹و۱۰) لە مانگی ١٩٦٥/٧ (٤٤) لاپەڕە دەرچوونە و پێوانە گەورە و وێنەداراە. سەرجەم بابەتەکان بەزمانی ئینگلیزین.

ژمارە: (۱۷) لە ساڵی ١٩٧٤ دەرچووە و پێوانە گەورە و وێنەداراە و لاپەڕەکانی زنجیرەیان بۆ دانەندراوە و نزیکەی (٥٠) لاپەڕەیە. سەرجەم بابەتەکان بە زمانی ئینگلیزین.

ژمارە: (۱۸) لە ساڵی ١٩٧٦ بە (٣٦) لاپەڕە دەرچووە و هەمان پێوانەیە و وێنەداراە. سەرجەم بابەتەکان بە زمانی ئینگلیزین. لەسەر ئەم ژمارەیەدا ناوونیشان: بەرلین – ئەڵمانیا نووسراوە، بەڵام لەبەرگی ناوەوەیدا نووسراوە کە لە لەندەن چاپکراوە.

ژمارە: (۱۹) لە ساڵی ١٩٨٣ بە (٦٨) لاپەڕە دەرچووە. پێوانە گەورە و وێنەداراە. سەرجەم بابەتەکانی ئەم ژمارەیەش هەر بە زمانی ئینگلیزین. لەسەر ئەم ژمارەیەدا ناوونیشان: بەرلین – ئەڵمانیا نووسراوە. تا ئێستا دیارنییە ئەم ژمارە (۱۹)یە دوا ژمارەیە یان ژمارەی دیکەی بەدوادا هاتووە!؟ هەوڵدەدەم لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەمەش یەکلا بکەمەوە. ئەگەر ناوەندێکی پشتگیری و هاوکاری هەبێت تایبەت بۆ ئەم بواراە بە دڵنیاییەوە لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتیش لە سەرانسەری ئەورووپادا زۆرترین رۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەدۆزرێنەوە!

هەر لەگەڵ وێنەی بەرگی ژمارەکانی گۆڤاری **(کوردستان)**، بەرگی یەکەمی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٧٩ی گۆڤاری **(ئازادی)**ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و بەرگی گۆڤاری **(کوردستان بولتەن)**ی ساڵی ١٩٨٨ و بەرگی ژمارە: (۱۱)ی ساڵی ١٩٦٣ی بڵاوکراوەی **(کوردستان)** کە بە زمانی فرەنسی لە بەلجیکا دەرچووە بۆ ئەم ژمارەیە بە دیاری ناردوومە کە تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکی کوردیدا ئاماژەیان پێنەکراوە و لەسەریان نەنووسراوە(*).

(*) ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین رۆژنامەنووسی هاوکارمان نەوزاد عەلی ئەحمەد هەموو ژمارەکانی ئەم گۆڤارەی پەیداکردووتەوەو لەگەڵ (بنکەی ژین) رێک کەوتوون سەرجەمیان چاپ بکاتەوە.

(رۆژنامەنووس)


KURDISTAN
Kurdish Students' Society in Europe
PRICE THREE SHILLINGS


KURDISTAN
Kurdish Students' Society in Europe
PRICE FOUR SHILLINGS


KURDISTAN
ANNUAL JOURNAL OF KSSE
VOL. XVII
1974


KURDISTAN
ANNUAL JOURNAL OF THE KURDISH STUDENTS SOCIETY IN EUROPE
1976


KURDISTAN
ANNUAL JOURNAL OF KURDISH STUDENTS
SOCIETY IN EUROPE -KSSE- 1983



KURDISTAN

BULLETIN D'INFORMATION

Nº 13

ADRESSE:

B.P. 63

BRUXELLES 1

PUBLIE PAR LA REPRESENTATION GENERALE DE LA REVOLUTION KURDE

Mai 1966

LE GOUVERNEMENT IRAKIEN REJETTE L'OFFRE DE POURPARLERS DES KURDES

A la suite de la mort du président irakien survenue la nuit du 13 au 14 avril dernier, le gouvernement irakien fit part de sa politique à l'égard du mouvement national kurde.

Commentant la déclaration des autorités de Bagdad, le Général Barzani fit la déclaration suivante qui fut radiodiffusée le 26 et le 27 avril par la "Voix du Kurdistan Libre":

" 1. Les déclarations du Premier Ministre Bazzaz sont modérées, mais la politique de son gouvernement reste ferme et dure."

" 2. Les Kurdes n'ont pas de visées séparatistes, mais exigent l'application de leurs droits nationaux légitimes."

" 3. Les Kurdes aspirent à la paix et ce sont les gouvernements irakiens successifs qui ont toujours ouvert l'attaque contre les Kurdes."

" 4. Les Kurdes sont prêts à entamer des pourparlers si le gouvernement irakien y consent."

La réponse irakienne ne se fit pas attendre. Dans la nuit du 2 au 3 mai l'armée irakienne entama une offensive en règle contre le Peuple Kurde, rejettant ainsi unilatéralement l'offre de pourparlers faite par le Président du Conseil du Commandement de la Révolution Kurde.

Voici le résumé des opérations militaires entreprises par l'armée irakienne:

(1) L'offensive militaire fut précédée par des bombardements d'artillerie accompagnés de bombardements aériens dans la région de RUWANDUZ. Cette opération fut renforcée surtout à partir du 1er mai.

(2) L'offensive générale partant de la région de RUWANDUZ vers l'axe HAJ-OUMRAN fut entamée le 2 mai après minuit. Les forces irakiennes qui ont pris part à cette attaque étaient composées de la Ière Division, renforcée par deux brigades de la IIème Division et soutenues par l'artillerie et l'aviation. Plus de 5000 mercenaires participaient à l'action.

../..


The
Kurdistan
bulletin
No. 3839


AZADÎ
KSSE
KXKE
KOMELEY XWÊNDIKARANÎ KURD LE EWROPA - A. F.
VEREINIGUNG KURDISCHER STUDENTEN IN EUROPA - B. R. D.
hêjmar 5
NR.
SALÎ 2591
1979

رۆژنامەوانی لە کوورەدا

رابەر خۆشناو



ئەم ناوونیشانەی سەرەوە کتێبێکی (١٥٠) لاپەڕەیی، پێشمەرگە و نووسەر و رۆژنامەوان **(رەهبەر سەید برایم بەرزنجی)**یە، لەساڵی ٢٠٠٩ لە سلێمانی چاپکراوە.

ئەم کتێبە لە بنجدا گۆشەیەکی رۆژنامەوانی بووە بەناوی **(دەسەڵاتی چوارەم)** و لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

دەستپێکی کتێبەکە پەیڤێکی فەرید زامداری شاعیر و رۆژنامەوانە، تێدا باسی نووسەری کتێب دەکات لە رۆژانی شاخ وەک پێشمەرگەیەکی دیار و عاشقە خوێندنەوە و نووسینی شیعر.

بابەتەکانی ئەم کتێبە هەمووی لە بواری رۆژنامەوانی کوردی دەدوێن لە کات و ساتی جیاجیا نووسراون و بابەتی ناسک و جوانی وروژاندووە.

ئەمەش ناوی بابەتەکانن:

لەجیاتی پێشەکی، حەزرەتی حاجی و بواری رۆژنامەوانی، رۆژنامەی کوردستان. مانگی ئاسمانی رۆژنامەگەری کوردی، نەجۆ ئەو ئەستێرە جوانەی رۆژنامەگەری

کوردی، ئەشکەوتی جاسەنە، ناشکێ بە تۆپ و بۆمبا سەرفرازە **(بانگی هەق)**، زاری کرمانجی یەکەمین گۆڤاری کوردییە لە **(رواندز)** دەرچووبێت، گوڵێکی لە باخی وشەی پیرەمێردی پیرەکورد، شۆڤڵ لە ویژدانی پێشمەرگە و لەبەردەمی رۆژنامەنووساندا، پەیامنێری گۆڤاری نزار لە کۆیە کێ بوو، رەخشانی دەسەڵاتی چوارەم، دکتۆر فاروق عەلی عومەر پێشەنگی ئاوڕەنگی ئەکادیمی رۆژنامەوانی کوردی، بێوار تاکە گوڵی نارنجی لە وڵاتی گوڵ، پەیام و کارەسات، هۆڵی بەدرخان فێرگەی رۆژنامەنووسان، لەیادی رۆژنامەوانیی کوردیدا **(رۆژنامەوانێکی کورد بووە سەرۆک کۆمار)**، چەپکێ سەرنج بەدەست رۆژنامەنووسانەوە، تەق تەق: یەک ئاسۆی رووناکی هەیە چونکە رۆژنامەی **(تاک)**ی هەیە، **(تاک)** لە تەقتەق، تاک: شەتڵە نەمامی دەم زێی زێڕین، ئینتەرنێت و کێشەی ناوزڕاندن، ئێرە دەنگی گەلی کوردستانە، لە پریشکێکەوە کڵپە هەڵدەستێ، گوڵ و فرمێسک بۆ پۆل مۆران و تیری لۆ، لە ئەمەریکا و ئوستراڵیاوە بۆ گۆمەڵا، رۆژنامەی **(هەواڵ)** و دەسەڵاتی چوارەم، رۆژنامەوانی لە کوورداً، هامووں لە ئاوێنەی رۆژنامەوانیدا، نووسین لە جەرگەی رووداو پەسەندترە، لە بن لولەی تفەنگ، قەڵەم نەشکا!، سایە و ساباتێک بۆ رۆژنامەنووسانی ئەکادیمی، گرتنی یەکەم تابیعە و رۆنیۆی لە شۆڕشی نوێ، رۆژنامەنووسەکان هەڵەبجەیان گەیاندە لوتکە، گۆڤاری کەکۆن..،



ئەم بابەتانە لەم گۆڤار و رۆژنامانە بڵاوبونەتەوە. وێڕای دەست خۆشیمان لە نووسەر بە هیوای بەرهەمی پتر و بەپێزتر.

نووسەر لە ١٩٥٧ لە کۆیە لەدایک بووە، بەکالۆریۆسی لە زانکۆی سلێمانی لە بەواری راگەیاندن وەرگرتووە. بڕوانامەی کۆلێجی سەربازی قەڵاچۆلانی وەرگرتووە.
خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (رۆژنامەوان) و (کەکۆن)ە چەندین بەرهەمی دیکەشی چاپکردووە.

گۆڤاری ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان - عێراق

ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

خوولی یەکەم



نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید

سەرنجێک

دوای گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ سێ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حزبی و نیمچە حزبی، لە کۆتایدا لەگەڵ بەرپرسی یەکێک لە دەزگاکان ڕێککەوتم کە دەست بە چاپکردنەوەی کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی سەردەمی خەباتی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بکەین، لەو ڕووەوە منیش دەست و بردم لێکرد و خوولی یەکەمینی گۆڤاری " **کۆمەڵە**" و " **هەواڵنامەی کوردستانی عیراق**" م ئامادە کرد، دوای چاپکردنیان بڕیارماندا کە بە شێوەیەکی سنووردار دابەشییان بکەین واتە نەخرێتە بازاڕ و تەنیا لە کتێبخانە حکومییەکان دابندرێن و بەسەر لێکۆڵەران دابەش بکرێن بە مەبەستی سوود لێوەرگرتنیان و بەکارهێنانیان وەک سەرچاوە و ڕزگارکردنیان لە فەوتان. بەڵام بەداخەوە ئەوە دوو ساڵە ئەو دوو کتێبە لەو دەزگایە کەوتووە و ڕەنگە چاپیان نەکەن چونکە هەر ڕۆژە و بیانوویەک دەچنن.

بۆ ئەوەی خوێنەران لە زانیارییەکانی ئەو دوو کتێبە بێ بەش نەبن و منیش هەست بە ئاسوودەیی بکەم وا لە دوو توێی گۆڤاری **(ڕۆژنامەنووس)** دا تەنیا بەشی یەکەمی ئەو کتێبە بڵاودەکەمەوە کە لە ژێر ئەم ناوونیشانەدایە " **کۆمەڵە، ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بەرگی یەکەم، خوولی یەکەم**"

ئەمەش دەقی بەشی یەکەمی کتێبەکەیە و بەشی دووەمیشی بریتییە لە ئۆرگینالی هەر ٩ ژمارەکەی خوولی یەکەمی گۆڤارەکە

که هیوادارم له کاتی چاپکردنی کتێبەکەدا ئۆرگینالّی ژمارەکانیش بلّاوبکەمەوە:

ئەم پرۆژەیە!

بەشێکی زۆر لە ئەدەبیاتی حزبایەتی لە کوردستاندا بە تایبەتیش خەباتی نهێنیان فەوتاوە، ئەوەی کە نەفەوتاوەش، تا ئێستا بە شێوەیەکی ڕەسمی و بە پلانێکی زانستی مشوری کۆکردنەوەیان نەخوراوە، هۆکاری ئەو بێ پلانییەش نازانرێت چییە!؟ ئەو ئەدەبیاتە بریتییە لە چەندان جۆر و شێوە و شێواز، کە بەشێکن لە مێژووی هەڵکشان و داکشانی ئەو حزبانە، لەو بوارەدا چەند کارێکی چاپکراو دێنە بەرچاو، کە بریتین لە کاری شەخسی. لەبەرئەوەی ئەرشیفێک دانەمەزراوە بۆ ئەو ئەدەبیاتە بۆیە ئەو کارانە پڕن لە هەڵە و کەموکوڕی.

لەو ئەدەبیاتە، ئەوەی کە لێکۆڵەران هەوڵ دەدەن خۆیان لێی دوورەپەرێز بگرن، مێژووی ناکۆکییەکانی حزبی کوردییە، بە تایبەتیش ئەو ڕۆژانەی کە فیشەک و نووکی قەڵەم هاوهەڵوێست و هاوکار و هاوریزی یەکتر بوون، ئەو مێژووە، نەریتێکی باوی ناو مێژووی زۆربەی حزبەکانی جیهانە. لە جیهانی دیموکرات و وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بە هۆی بوونی ئەرشیف و ئەرشیفخانەی هەمەجۆر تەواوی ئەدەبیاتی ئەو حزبانە بە لایەنە جوان و ناشیرینەکانیان پارێزراون، بەڵام لە لای ئێمە تا ئێستاش دەیان لێکدانەوەی سەیر و سەمەرە بۆ چاپکردنەوە و پاراستنی ئەو ئەدەبیاتە دەکرێت، ئێ خۆ ناکرێت، هەر تەنیا مێژووە جوانەکان بنووسینەوە.

لە پێناوی خوێندنەوەی هەردوو دیوی ئەدەبیاتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان وا دەستمان بەم پرۆژە بچووکە سنووردارە کرد، کە هیوادارین هیچ کەس و لایەن و گروپ و کەسێک بە گومانەوە سەیری نەکات و خوێندنەوە و لێکدانەوەی نێگەتیڤی بۆ نەکات، کۆکردنەوەی ئەو ئەدەبیاتە، هەر تەنیا ئەدەبیاتەکانی ڕۆژە ناکۆکەکان نییە بەڵکو هەوڵ دەدەین بە گوێرەی توانا زۆربەی هەرە زۆریان کۆبکەینەوە و بە چەند دانەیەکی سنووردار پێشکەش بە کتێبخانە ڕەسمییەکانیان بکەین و بۆ فرۆشتن ناخرێنە بازارِ، پرۆژەکەش هەر تەنیا پەیوەندی بە چاپکردنەوەی ئەدەبیاتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە نییە، بەڵکو هەوڵ دەدەین، تەواوی ئەدەبیاتی حزبە کوردی و کوردستانییەکان کۆبکەینەوە و بەو شێوەیە بیانپارێزین.

ئەگەرچی ڕەنگە زۆرترین زنجیرەی ژمارەکانی ئەم پرۆژەیە بکەوێتە ئەستۆی من، بەڵام پێویستە هەموو لایەک بزانن کە لە نووکەوە تا دوا نووک کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئەو ئەدەبیاتە لەسەر من تاپۆ نەکراوە، هیوادارم ئەم سەرەتایە ببێتە هۆی دامەزراندنی ئەرشیفێکی ڕێک و پێکی ڕۆژنامەگەریی نهێنی " **پێشمەرگایەتی**" کوردی، کە لەسەر بنەمایەکی زانستی دابمەزرێت.

پێشەکی

زیاتر لە ٢٧ ساڵە دەستم بە ئەرشیفکردنی ئەدەبیاتی نهێنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان کردووە، بە تایبەتیش دوای ناسین و کارکردن لە ریزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کە بوومە خوێندکاریش لە بەشی کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین ئاشنایەتی باشترم لەگەڵ جۆرەها کتێب و کتێبخانەی دەوڵەتی و شەخسی پەیدا کرد، هەر زوو هەستم بە هەژارییەکی بێ ئەژمار کرد لە کتێبخانەکانماندا بە تایبەتیش بۆ کتێبی سیاسی و ئەدەبیاتی پێشمەرگە بۆ قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی نەتەوەکەمان، کە وەک دەزانین ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان

ئەوەندە درێندەو دیکتاتۆر و فاشی بوون و فاشین، خەڵکی خوێندەوار ناتوانێت بە ئەوپەڕی ئازادی ئەو جۆرە ئەدەبیاتانە لە کتێبخانەکاندا دابنێت، نەخوازەڵلا لە کتێبخانە دەوڵەتی و رەسمییەکاندا.

لە ماوەی ئەو ٢٧ ساڵەدا سەدان پارچە کاغەز و بڵاوکراوە و رۆژنامە و گۆڤاری نهێنیم کۆکردۆتەوە، ئەگەرچی لە دوو زەمەنی جیاوازدا چەندان بەڵگەو ئەدەبیاتی دانسقەم فەوتاون، بەڵام ئێستاش کتێبخانەکەم پڕە لە بەڵگەنامە و گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوەی نهێنی، کە هەر هەموویان شایان بە چاپکردنەوەن، بە تایبەتیش لەوەتەی لە ئەوروپا دەژیم، کتێبخانەکەم دەوڵەمەندتر بووە و زۆربەی کاتەکانم بۆ ساغکردنەوەی ئەو ئەدەبیاتە تەرخان کردووە.

تا ئێستا لەو بوارەدا زیاتر لە ١٠ کتێب و جۆرەها وتار و لێکۆڵینەوەم نووسیوە و زیاتر ئەو ئەدەبیاتەم چاپکردۆتەوە کە نەبۆتە جێگای گومان و لێپرسینەوە.

دەستپێکی ئەم پڕۆژەیە، بە خستنەڕووی خوولی یەکەمی گۆڤاری کۆمەڵە دەست پێ دەکەین، کە لەم خوولەدا تەنیا ٩ ژمارەی لێ دەرچووە، زۆربەی هەرە زۆری ئەم ژمارانە لە دەرەوەی کوردستان بە تایبەتیش لە ئەوروپا دۆزراونەتەوە.

نەوزاد عەلی ئەحمەد
ستۆکهۆڵم- سوید
١٣-٤-٢٠٠٩

رۆژنامەگەریی کۆمەڵە و کۆمەڵە

کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان لە ١٩٧٠/٦/١٠ دامەزراوە و دەسپێکی چالاکییەکانی لە چەند بەیاننامەو بڵاوکراوەیەکی سنووردار بترازێت ئەگەرنا چالاکی رۆژنامەگەریی نەبووە، کۆمەڵەی نابراو کە پاشان لە ساڵی ١٩٧٨ ناوەکەی کرا بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، چالاکییەکانی بەسەر ئەم ٢ قۆناغدا دابەش دەکرێت:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی رێکخستنی سەرەتایی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥

قۆناغی دووەم: قۆناغی خەباتی چەکداری ١٩٧٦- ١٩٩١

لە قۆناغی یەکەمدا، کۆمەڵە دەستپێکی چالاکییەکانی بە رێکخستن و هۆشیار کردنەوە و ئەلقە رۆشنبیرییەکان دەست پێکردووە، هەر زوو بووە کوانوویەک بۆ کۆکردنەوە و رێکخستن و سەدان کەسی بە ئاکاریی شۆڕشگێرانە پەروەردە کردووە، لەم قۆناغەدا تەنیا ٣ ژمارەی لە بڵاوکراوەیەک بە ناوی " **ئاڵای سوور**" دەرکەردووە، ئەگەرچی تا ئێستا ئەو بڵاوکراوەیە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام چەندان کەس تەئکیدیان لە بڵاوکراوەیەکی لەو شێوەیە کردۆتەوە.

قۆناغی دووەم: دەتوانین ئەم قۆناغە ناودێر بکەین بە قۆناغی ئەرکە قورسەکان، کە لە دوای ١٩٧٥ دەست پێدەکات و بەرای من ئەگەر رێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان نەبوایە، شۆڕشی نوێ لەو ماوە کەمەدا نەدەکەوتە سەرپێ، کۆمەڵە کۆڵەگە پتەوەکەی شۆڕشی نوێ بوو، لەم قۆناغەدا کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ئەم بڵاوکراوە و گۆڤارانەی دەرکردووە:

- **ئاڵای شۆڕش:** لە مانگی ئەیلوولی ١٩٧٧ یەکەمین ژمارەی لێ دەرچووە، شەهید ئارام لە قەرەداغ دەریکردووە، هەر ئەم ژمارەیەی لێ دەرچووە، چونکە ساڵی ١٩٧٨ کاک ئارام شەهید کرا.
- **ڕاپەڕین:** ئۆرگانی لقی دەرەوەی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان بووە و لە ئەوروپا دەرچووە، ساڵی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ دوو ژمارەی لێ دەرچووە.
- **کۆمەڵە:** ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی

مارکسی- لینینی کوردستان" **کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان**" بووە، یەکەمین ژمارەی لە پایزی ١٩٧٨ دەرچووە و دوا ژمارەش لە نیسانی ١٩٨٧ دەرچووە، گۆڤاری کۆمەڵە بەسەر ئەم ٣ خوولەدا دابەش کراوە:

خوولی یەکەم: ٩ ژمارەیە و یەکەمین ژمارە لە پایزی ١٩٧٨ دەرچووە و دوا ژمارەش لە زستانی ١٩٨١ دەرچووە، ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ ژمارەکانی ئەو خوولە.

خوولی دووەم: واتە ساڵی ١٩٨٢، لەم خوولەدا ٦ ژمارە دەرچووە.

خوولی سێیەم: ساڵی ١٩٨٥ دەست پێدەکات تا ١٩٨٧ و لەم خوولەدا ١٦ ژمارەی لێ دەرچووە.

بە گشتی گۆڤارەکە ٣١ ژمارەی لێ دەرچووە.

فۆرم و ناوەڕۆکی گۆڤاری کۆمەڵە

دامەزراندنی کۆمەڵە لە نێو ڕەحمێکی ئاوێزان بە ترس و خوێنبەربوون لە دایک بوو، زەمەنێک بوو کە پێویستی بە مۆدێلی تازەی چەپ و چەپگەرایی هەبوو، کە ئەو مۆدێلە جیاواز بێت لە مۆدێلە کلاسیکییەکەی حزبی شیوعی عیراقی. لە دایک بوونی کۆمەڵە، وەرچەرخانێکە لە کۆمەڵی کوردەواری کە بە هەق گۆڕانکاری بە دوای خۆیدا هێنا کە تا ئێستاش کۆمەڵێ پرسیاری سەرسامکەر و وروژێنەری بە جێ هێشتووە، بەڵام غەدرێکی گەورەی مێژوویی لە کۆمەڵە و کادرانی کۆمەڵە و لە بزووتنەوەی چەپ و چەپگەرایی لە کوردستان کراوە، وەک بینیمان، بە بڕیارێکی عەفەویانەی بێ واتا لە ناوەڕۆک و فۆرمدا، ناو و مێژووی کۆمەڵە تێکەڵاو بە ڕووباری پان و بەرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرا و تا ئێستاش نەک ئەلقەیەکی دیراسی مێژوویی بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان سازنەکراوە، بەڵکو هەوڵ نەدراوە ئەدەبیاتەکەشی کۆبکرێتەوە بە مەبەستی چاپکردن.

کۆمەڵە، بۆتە نەریتێکی بلیسەدار لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان و گۆڤاری کۆمەڵەش لاپەڕەیەکی پڕشنگدارە لە نێو مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا نەمبینووە کە لێکۆڵەران دیراسەیەکی ئەکادیمی سەبارەت بە گۆڤارەکە بنووسن.

کۆمەڵە، لە فۆرمدا، زیاتر بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکرێت:

جۆر و شێوەی یەکەم " سەرەتا" : لە شێوەی مەلزەمەی ئاسایی دەرچووە و نووسینەکان بە تایپێکی سادە تایپکراون و بابەتەکانیش لە ڕووپەڕی ماکێتدا بە یەک ستوون هاتوونەتە خوارەوە و ناوونیشانەکان یان بەدەست، یاخود بە پێتچنین نووسراون، هونەرکاری بە ڕووپەڕی ژمارەکاندا دیار نییە، ئەمە زیاتر بەندە بە قۆناغی یەکەمی گۆڤارەکە، بە تایبەتیش ٥ ژمارەکەی سەرەتا.

جۆر و شێوەی دووەم: گرنگی زۆر بە دیزاینی گۆڤارەکە دراوە و قەبارەکەی لە فۆڵسکابدایە، دابەشی دوو کراوە و لە یەک ستوونی بابەتەکاندا کراونەتە دوو ستوون و بە گوێرەی جوانکاری ستوونەکان گۆڕاون. ئەگەر دیزاینی ئەوسای گۆڤارەکە بە بڵاوکراوەکانی تری شۆڕش بەراورد بکەین، یەکێکە لە گۆڤارە پێشکەوتووەکانی ئەوسا، هەروەها گۆڤارەکە بەرگی تایبەتیشی بۆ کراوە و زیاتریش بەرگی کارتۆن بەکارهاتووە، تا جۆری ئامێری تایپکردنەکەش گۆڕاوە، ئەمەو سەرەڕای ئامێری چاپکردنەکەش، کە پێشتر زیاتر ڕۆنیۆ بەکارهاتووە لەم جۆرەیاندا ئامێری فۆتۆکۆپی و ئۆفسیت بەکارهێنراوە.

کۆمەڵە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی، زیاتر کاری لەسەر دیراسەکردن و بەدواداچوونی

بابەتەکانی ڕۆژ کـردووە، ئەگەرچی لە سەرەتادا لێکدانەوەکان ئەوەندە قوواڵ و زانستی نین، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ هەڵگشانی کێرڤی شۆڕشدا گۆڤارەکەش لە ڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکانیدا بەرەو پێشەوەچووە.

کۆمەڵە، لەبەر ئەوەی گۆڤارێکی وەرزی بووە، بابەتەکانی لە باری زمان و ڕێنووسدا گرنگیان پێدراوە و بە زمانێکی سادەی ڕۆژنامەگەرییانە بابەتەکانی نووسراون و ئامادەکراون.

وەک هەر بڵاوکراوە و ئۆرگانێکی تری نهێنی، هەموو بابەتەکان بە بێ ئیمزا یاخود بە ناوی خواستراو بڵاوکراونەتەوە، ئەگەرچی ئیمزای هەندێک نووسەر دەناسرێنەوە، بەڵام هەوڵم نەدا ڕەزامەندییان وەربگرم سەبارەت بە ئاشکرا کردنی ناوەکانیان، بۆیە تیشکم نەخستە سەر درکاندنی ئەو ناوانە.

بە خوێندنەوەی ژمارەکانی کۆمەڵە، هەم لە ئاڕاستەی کارکردنی گۆڤارەکە دەگەین، هەم لە ناوەڕۆکی بابەتەکاندا.

گۆڤاری کۆمەڵە، زۆربەی هەرە زۆری ژمارەکانی جارێکی تر لە دەرەوەی کوردستان بە تایبەتیش لە ئەوروپا کاتی خۆی چاپکراونەتەوە، هەر ژمارەیێک کە لە کوردستان دەرچووە و گەیشتۆتە دەرەوە جارێکی تر دەقاودەق بە هەمان دیزاین چاپکراوەتەوە، تەنیا چەند ژمارەیێک نەبێت بابەتەکانی جارێکی تر بە تایپێکی پێشکەوتوو تایپ کراون و پاشان دیزاین کراونەتەوە، ئینجا چاپکراونەتەوە، من بۆ ئەم کتێبە بە گوێرەی توانا کارم لەسەر هەردوو چاپەکەدا کردووە.

ئیندێکسی ژمارەکانی ئەم خوولە

ژمـارە ١، پایزی ١٩٧٨،٣٠ لاپەڕەیە، قەبارەی فۆلسکابە.

بە بۆنەی وەرزنامەی کۆمەڵەوە، ل ١ و ل٢

فاشیستەکانی عیراق سوپاکەیان بۆ کوێ ئەنێرن:

بۆ " جبهەی شیمالی بانی جولان"، یاخود بۆ چیاکانی کوردستان؟ جوامێر .. ل٣ تا



ل٥
خەباتی گەلان:
ئیران: " جزیرەی ئارام" یا " گۆمی خوێن" ؟ پوشو.. ل٦ تا ل ١٣
بەسەر ئاوی حەمامیشەوە پیاوەتی وەها ناکرێت.. ل١٤
خومەینی دەرئەکەن و پێشوازی لە شابانو ئەکەن.. ل١٤
رژێمی عیراق چەند مرۆڤ دۆستە!. ل١٥
دەزگاکانی ئۆتۆنۆمییە درۆزنەکە ئەو دەسەڵاتانەی دراونەتێ کەم نین، هیوا .. ل١٥
لە دەفتەری سەروەری دا، جەماڵە رەش: بەڵێنامەی قارەمانەتی.. ل١٦ تا ل٢٣
باسێکی تیۆری: چۆن ماکسیزم- لینینیزم فێر ئەبین؟ لە نووسینی: توانا.. ل٢٤ تا ل٢٩
دەرچوو لە خاکی کوردان
حیزبی بەعسی بێ ویژدان!.. ل٢٩
ئازادی بۆ تێکۆشەرانی کوردستان.. ل٣٠
بۆینباخی ستولیبین، بۆینباخی بەعسی.. ل٣٠

ژمارە ٢، زستانی ١٩٧٩، ٣٤ لاپەڕەیە، قەبارەی فۆلسکابە.

لە یادی قارەمانێکی نەمردا.. ل١
چەند رواڵەتێکی نوێ ی پیلانەکانی دوژمن بۆ بەگژاچوونی شۆڕشی کوردستانی عیراق، جوامێر.. ل٢ تا ل١٠
بۆچی وەرزنامەکەمان ناوی نراوە " کۆمەڵە" ؟ ئاوڕدانەوەیەک لە رابردووی نزیک. ل١١ تا ل١٤
رەگەزپەرستانی عیراق پێشکەوتن و ئاوەدانی دێننە کوردستانەوە!.. ل١٤
گرتنی هێڵی راست و دروستی سیاسی و ئایدیۆلۆجی سەرکەوتن ئەهێنێتە دی، باوکی ئاوارە ل١٥ و ل١٦
لە دەفتەری سەروەری دا
ئەبوبەکری شێخ نوری: لوتکەی بڵندی بیروباوەڕ... ل١٧ تا ل٢٣
فاشیستەکانی عیراق چۆن رەفتار لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان ئەکەن؟ ... ل٢٣
ئەبێ کێ لە کێ ببوڕێت؟.. ل٢٤ و ل٢٥
کاربەدەستە فاشستەکانی عیراق حورمەتی پەیمان و رێکەوتنە جیهانییەکانیش ناگرن! .. ل٢٥
وەرن بە دەنگ ئازادیخوازانی عیراق و کوردستانەوە... ل٢٦ تا ٢٩
بانێکە و دوو .. ل٢٩
خەباتی گەلان، ئیران: چارەنوسی شۆڕش و راست چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ناو ریزەکانی گەل، پوشو ... ل٣٠ تا ل٣٤
حەملەی پاک و تەمیزی لە شاری سلێمانی.. ل٣٤
گیانی ئەم هاوولاتی یانە لە مەترسی دایە.. ل٣٤

ژمارە ٣، زستانی ١٩٧٩، ٥٤ لاپەڕەیە، قەبارەی فۆلسکابە.

گەلانی قارەمانی ئیران! یەکەمین سەرکەوتنتان پیرۆز بێت و هەموو رۆژێکتان هەر سەرکەوتن بێت. ل١
بەرەو پێکهێنانی حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان، جوامێر.. ل٢ تا ل٥٣
ئازار و بەهار، شیعر، ب. ا. .. ل٥٣
ئەی ئازادیخوازانی دنیا، وەرن بە دەنگ ئازادیخوازانی کوردستانەوە!.. ل٥٤
رۆڵە قارەمانەکانی کوردستان بە خوێنی خۆیان مێژووی نوێ ی گەلەکەمان ئەنووسنەوە.. ل٥٤
سەروەری بۆ هاوڕێ بەختیار خالید.. ل٥٤
خوێنی شەهیدان، خانەی موعینی و محمد کریمی بە فیڕۆ ناچێ... ل٥٤

ژمارە ٤، بەهاری ١٩٧٩، ٣٤ لاپەڕەیە،


بەرەو پیکهینانی حیزبی پیشرەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان

کۆمەڵە

ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکس - لینینی کوردستان

ژمارە / ٣ / زستانی ١٩٧٩

قەبارەی فۆلسکابە.

بیرەوەرییەکی تاڵ بەڵام پڕ تەجروبەی هێژا.. ل١ تا ل١٤

لە سااڵرۆژی شەهید بوونی هاوڕێ م. ا. پۆلا، " شەماڵ " و خاکی زەیتون و لیمۆ. ل١٤ تا ل١٦

فرۆفێڵەکانی شۆڕشی چەواشە شارەزابن، جوامێر.. ل١٧ تا ل٢٢

هەندێ لە گیروگرفتەکانی ئێستای جەنگی پارتیزانی، ج. صادق... ل٢٣ تا ل٢٨

لە دەفتەری سەروەری دا، هێزی بیروباوەڕ لە بەرامبەر باروت و قورقوشم


کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن

بەرەو پیکهینانی حیزبی پیشرەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان

بەرەو پیکهینانی یەکێتی رێزەکانی گەلی کوردستان

کۆمەڵە

ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان

ژمارە / ٤ / بەهاری ١٩٧٩



و پۆڵادا.. ل٢٩ تا ل٣٤
شەهیدبوونی مامۆستا عزیز محمودی قارەمان.. ل٣٤

ژمارە ٥، هاوینی ١٩٧٩، ٣١ لاپەڕەیە، قەبارەی فۆلسکابە.
ڕێبازی کۆمەڵە.. ل١ تا ل٣
تاکە حیزب یان بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو، بەمۆ.. ل٤ تا ل٧
شەهید بوونی " سیروان" ی نەمر و هاوڕێکانی... ل٨ و ل٩
رزگاربوونی دوو هاوڕێ.. ل٩
خەباتی چەکداری چۆن تێ دەگەین؟؟؟ ج. صادق... ل١٠ تا ل١٥
لە کاتێکدا ئەم ژمارەیە لە ژێر چاپ دابوو... ل١٥
ناکۆکی ئەتەقێتەوە.. ل١٥
جەماهیر دیواری بێ دەنگی ئەڕوخێنێ، ئەسکەندەر.. ل١٦ تا ل١٨
مانگرتنی کرێکارانی چوارقورنە.. ل١٨ و ل١٩
لێکدانەوەی ڕووداوەکان.. ل١٩ تا ل٢١
یادێکی نەمر.. ل٢٢
کوردستان یان نەمان.. ل٢٢ و ل٢٣
لە دەفتەری سەروەریدا، نامەیەکی تەواو نەکراو، شەهید حاجی چاوشین.. ل٢٣ تا ل٢٥
شەهید چرۆیە گوڵی سەرکەوتن ئەگرێ، شەهید هوشیار صالح.. ل٢٥ و ل٢٦
بیرەوەریەک لەگەڵ شەهید عمر عبدالله دا، فەرهەنگ.. ل٢٧ تا ل٢٩
نامەیەک بۆ شەهید ئارام، شیعر، ئاسۆ.. ل٢٩
هاوڕێ ی شەهید کاک هاشم ئەحمەد زادە... ل٣٠ و ل٣١

ژمارە ٦، پایزی ١٩٧٩، ٣٢ لاپەڕەیە، لە قەبارەی فۆلسکابدایە.
ڕێبازی کۆمەڵە.. ل١ تا ل٤
ڕوخاندنی رژێم و خەبات کردن دژی ئیمپریالیزم، ج. صادق.. ل٥ تا ل٨
چەند تێشکێ بەسەر هەندێ لایەنی خەباتی کۆمەڵەدا، باوکی ئاوارە.. ل٩ تا ل ١٦

هەوالنامەی کۆمەڵە


کۆمەڵە

ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان/عێراق

ژمارە ٦/ پایز ١٩٨٧

له پێناو ئەدەبێکی شۆڕشگێڕدا، کۆسرەت... ل١٧ تا ل٢٠
چەند راستیەکی تر، میدیا.. ل٢١ تا ل ٢٨
دوا نامە، شیعر، هەڵاڵ کوێستانی.. ل٢٩ تا ل٣٢

ژمارە ٧، مایسی ١٩٨٠، ٢٨ لاپەڕەیە، قەبارەکەی تۆزێک لە فۆلسکاپ بچووکترە.

ڕێبازی کۆمەڵە. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیەیە، یان پەلەقاژەی سەرەمەرگە؟.. ل١ و ل٢
فرفێڵەکانی شۆڕشی چەواشە شارەزابن، هەروەک شۆڕش هەیە، شۆڕشی چەواشەش هەیە. ل٣ تا ل٧
کورتە باسێکی کۆبونەوەکانی


کۆمەڵە



سەرکردایەتی کۆمەڵە . ل٨ و ل٩
رووبەرووبونەوەیەک لەمەڕ یاسای گشتی و یاسای تایبەتی .. ل١٠ تا ل١٩
دیموکراتییەتەکەی الفارس العربی- صدام!!!.. ل١٩
١٠ هەفتە لە تەمەنی کۆمۆنەی پاریس چیمان فێر دەکا؟... ل٢٠ تا ل٢٢
دیاریيەکی سوور، شیعر، هە- کوێستانی. ل٢٣ و ل٢٤
ئارام. یان ئەو شەپۆلەی لە رووباری ئەم شۆڕشەدا تەواو نابێ، شیعر، شەهاب عوسمان. ل٢٥ و ل٢٦
مانگرتنی کرێکارانی کانە بەردەکانی ناوچەی سلێمانی. ل٢٧
لاپەڕەی دوایی: زەردەخەنەی قوتابی یەک، پتر سانسۆرکردنی نوسراوی کوردی. ل٢٨

ژمارە ٨، هاوینی ١٩٨٠، ٤٤ لاپەڕەیە، لە بارەی نیو فۆلسکابدایە.

چەک هەڵگرتن و پێشمەرگایەتی. ل١ تا ل١١

گرنگی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا. ل١٢ تا ل٢٦

حیزبی پێشڕەو و کۆمەڵی فرەچینی کوردستان. ل٢٧ تا ل٣٤

هەڵوێی سوور تەجروبەیەکی قارەمانانەی خوێناوی، خەلیل مەسعود عزیز. ل٣٥ تا ل٤٢

سەرنجێک..

ناوەڕۆک...

سەرنج: بۆ ئەم ژمارەیە دوو جۆرە چاپم لە ژێر دەستدابوو، چاپی شاخ و چاپی دەرەوەی وڵات لە ئەوروپا، لە هەردوو چاپەکە هیچ گۆڕانکاری نیە، تەنیا بابەتەکانی چاپەکەی دەرەوە جارێکی تر تایپ کراونەتەوە و بە دیزاینێکی تر چاپ

هەوالنامەی کۆمەڵە



کراوەتەوە و چاپێکی جوان و ڕێک پێکە، ژمارەی لاپەڕەکانی چاپەکەی ناوەوە ٤٨ لاپەڕەیە، بەڵام لە چاپەکەی دەرەوەدا ژمارەی لاپەڕەکان بۆتە ٤٦ لاپەڕە، وەکو وتم بابەتەکان دەستکاری نەکراون و دەقاودەق تایپ کراونەتەوە.

ژمارە ٩، زستانی ١٩٨١، ٥٤ لاپەڕەیە و لە قەبارەی نیو فۆلسکابدایە.

ئەمڕۆ شەهید ئارام لە هەموو کاتێک

زیندووترە.. ل١ تا ل٨
پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، ئالقەی ناوەندی خەباتمانە. ل٩ تا ١٨
مەسەلەی نیشتمانی و دۆست و دوژمنە راستەقینەکانمان.. ل١٩ تا ل٣٠
دژی ئوپۆرتۆنیزم.. ل٣١ تا ل٤٢
باشترین هاوپەیمانی جوتیاران کێن؟ ل٤٣ تا ل٥٣
سەرنج: بۆ ئەم ژمارەیە سوودم لە چاپەکەی دەرەوە وەرگرتووە.

هونەری مانشێت لە رۆژنامەوانیدا

نوسینی: د. نەعیم بەدیعی، د. حسێن قەندی
وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

سەرەتایەک:

(مانشێت)(١) ڕێنمای خوێنەرە بەرەو خوێندنەوەی هەواڵەکە، ڕستە یاخود دەربڕینێکە کە ناسنامە دەداتە هەواڵ، دەتوانێ خوێنەر بەرەو خوێندنەوەی بابەتەکە هان بدات یاخود خوێنەر لە خوێندنەوەی پاشگەز بکاتەوە.

خوێنەری ڕۆژنامە دینامیکییەو بابەتە جۆراوجۆرەکان هەڵدەبژێرێت، ئەو توێژینەوە جۆراوجۆرانەی لەسەر خوێنەرانی ڕۆژنامە ئەنجام دراوە، نیشانی دەدات کە خوێنەر بەمەبەستی دابینکردنی **(پێداویستییە هەنووکەیی و ئایندەییەکان)**و ئاگاداربوون لە ژینگەی دەوروبەری خۆی، هەموو بابەتەکانی ڕۆژنامەکە ناخوێنێتەوە، بەڵکو ئەوانە هەڵدەبژێرێت کە جێگەی مەبەستی خۆیەتی.

لە ڕۆژنامەدا، بابەتەکانی یەک لاپەڕە لەڕووی گرنگی و بەرجەستەییەوە، ململانێی ئاشکراو هەندێک جار نهێنیشیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. وەرگر بە نۆڕین لە مانشێتە جۆراوجۆرەکان، ئەو بابەتانەی هەڵیاندەبژێرێت کە بەلایەوە سەرنجڕاکێشە و بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بە کارو ژیانییەوە هەیە، و پاشان دەیانخوێنێتەوە. لەبەرئەم هۆیە، نووسینی مانشێتی گونجاو لەپێناو هاندانی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی هەواڵ کارێکی ئاسان نییە.

مانشێت لە زۆرینەی ڕۆژنامەکاندا، فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ بایەخپێدانی خوێنەران بە ڕۆژنامەکان. زۆرینەی خەڵک بەخوێندنەوەی مانشێتەکانی **(لاپەڕە یەک)**ی ڕۆژنامەکە، کە بە کۆشکی ڕۆژنامەکانەوەیە، ڕۆژنامەکان دەکرێن. لەبەرئەم هۆیە، زۆرینەی ڕۆژنامەکانی ئێران بە بەرێبازی **(پیشاندان)** و بەمانشێتی گەورە ئارایشت دەکرێن. لەم چەشنە ڕۆژنامانەدا، گەورەیی یاخود بچووکی مانشێت، خۆی لە خۆیدا گرنگی دەداتە هەواڵ.

***تایبەتمەندییەکانی مانشێت**

بەمشێوەیە، دەتوانرێ ناوی چەندین تایبەتمەندی بۆ مانشێت بهێنرێت:

-خستنەڕووی پەیامی هەواڵ بەشێوەیەکی پوخت و چڕکراوە.

- هاندانی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ترۆپک

(لید)و دەقی هەواڵەکە **(کرپینی رۆژنامەکە)**.
- دەستنیشانکردنی گرنگی و هەڵسەنگاندنی بابەتە جۆربەجۆرەکان.
- جیاکردنەوەی بابەتەکانی رۆژنامەکە لەیەکتر.
- یارمەتدانی جوانکاریی لاپەرەکانی رۆژنامەکە.

بەم پێیە، بەگوێرەی گرنگی مانشێت لە هەڵسەنگاندن و بەخشینی پلەی یەکەم بە ڕووداوەکان، دەبێ مانشێتی هەواڵ بەورەکاریی و ڕوونییەوە پوختەی گرنگترین بابەت بخاتەڕوو. بەگوزارشتێکیتر، مانشێت دەبێ بتوانێ بەکەمترین دەستەواژە زۆرترین چەمک و مانا بگەیەنێت، بەبێ ئەوەی مانشێت شێوەی پەیامێکی تەلەگرافی بەخۆوەبگرێت.

***ڕێساکانی مانشێت نووسین**

(مانشێت) بەگشتی دوای ڕێکخستنی هەواڵ دەنووسرێت و هەواڵنێر دەبێ ڕێساکانی مانشێت نووسین هەروەک هەواڵ نووسین بناسێت. لە نووسینی مانشێتدا، دەبێ ئەو خاڵانە لەبەرچاو بگیرێت تا بتوانرێ مانشێتێکی سەرنجڕاکێش، گونجاو، دروست و شیاوی تێگەیشتن بخرێتەڕوو، هەرچەندە لە هەندێ هەلومەرجی کاتی هەواڵنووسینەکەدا بەگوێرەی جۆری ڕووداوی هەواڵەکە، هەندێ جیاوکێش هەیە.

ئەو خاڵانەی کە بەپێی توانا دەبێ لە مانشێت نووسیندا ڕەچاو بکرێت بریتین لە:
- مانشێت پێویستە بەپێی توانا لەگەڵ بابەتی پرۆپک **(لید)**ی هەواڵەکە، هەماهەنگ و گونجاو بێت و بابەتی ترۆپکەکە بەشێوەیەکی چڕکراوە بخاتەڕوو. لەو بابەتانەی بەرێبازی مێژوویی یاخود بەپێی زنجیرەی ڕووداوەکەن، بۆ ڕێکخستنی هەواڵ بەکاردەهێنرێت، هەروەها لە هەندێ لە مانشێتە **(لێهەڵێنجانەکان)**دا **(کە دواتر باسی دەکەین)** مانشێت و ترۆپک دەکرێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتردا هەماهەنگ نەبن.
- مانشێت دەبێ ڕوون، وردەکارو بێ گرێوگۆڵ بێت.
- لەبەرئەوەی مانشێت بەبێ فرمان زۆربەی جار دەبێتە دروشم، دەبێ بەپێی توانا فرمانی تێدابێت، تەنیا لەو هەلومەرجانەدا نەبێ، کە ئەنجام دان یاخود ئەنجام نەدانی کارێک ئاڵۆزیی بۆ خوێنەر تیادا نەبێت.
- هەڵبژاردنی فرمانی گونجاو، کلیلی سەرکەوتنە لەنووسینی مانشێتدا.
- تەنیا لەکاتە پێویست و جیاوکەکاندا نەبێت، دەبێ خۆ لە نووسینی مانشێتە پرسیاریەکان بپارێزرێت.
- دەبێ لە نووسینی مانشێتدا فرمانی نەرێنی بەکارنەهێنرێت، تەنیا لەکاتی ڕوونەدانی ڕووداوێکدا نەبێت کە بەدڵنیاییەوە دەبوایە ڕووبدات کە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکار یان کۆمەڵە هۆکارێکی گرنگەوە ڕووی نەداوە(٢).
- لەمانشێتدا دەبێ خۆ لە دووبارەبوونەوەی وشە بپارێزرێت.
- دەبێ لەمانشێتدا خۆ لەوردکردنەوەی دەستەواژەکان بپارێزرێت.
- هەتاوەکو مانشێت کورتتر بێت گونجاوترە **(بەومەرجەی گرنگترین پوختەی بابەت بەشێوەیەکی ورد بگەیەنێت)**.
- لە سەرەتای مانشێتدا دەبێ خۆ لە نووسینی وشەی زیادە و هەندێ دەستەواژەی وەک (بۆ)، **(لەپێناو)**، **(لەگەڵ)** و هاوشێوەکانیان بپارێزرێت.
- لەڕووی هەڵبژاردنی دەستەواژە هاوشێوەکانەوە، دەبێ شێوەی ڕواڵەتیانەی مانشێت لەبەرچاوبگیرێت.
- بەهەمان شێوەی ترۆپک **(لید)**، مانشێتی گواستنەوە بەشێوەی وتەگواستنەوەی راستەوخۆ تەنیا لەکاتێکدا ڕێگەپێدراوە کە مانشێتەکە تایبەتمەندییەکانی سەرەوەی تیادابێت. بەدەر لەمە، دەبێ لە نووسینی مانشێتدا چەمکی بابەتەکە بەشێوەی وتە گواستنەوەی ناڕاستەوخۆ لەبەرچاوبگیرێت.

***مانشێتی گشتی و مانشێتی دیاریکراو**

بەهەمان شێوەی کە وترا، مانشێت دەبێ وردەکـارو بێ گرێوگۆڵ بێت و پەیامی هـەواڵەکە بـەڕوونـی بـخـاتـەڕوو. بەگشتی مانشێتە گشتییە دیـاری نـەکراوەکـان کە بەبێ سوودوەرگرتن لە فرمان دەنووسرێن، بـەشـێـوەیـەکـی کـەمـوکـورتـیـدار پـەیـامـی هـەواڵەکە دەخـەنـەڕوو. دەبـێ بـۆ بابەتی هەواڵەکە، خۆ لە نووسینی مانشێتە گشتی و دیاری نەکراوەکان بپاریزرێت و پەیامەکە بەشێوەیەکی ڕاشکاو بنووسرێت.

بنۆرە ئەم مانشێتە:

کۆنگرەی نێودەوڵەتی ڕێزلێنانی ئیبراهیمی یونسی لە ئیران

ئەم مانشێتە ئاڵۆزەو ئەوە دیاری ناکات کە ئەم کۆنگرەیە بەڕێوەچووە یاخود لە چ کاتێکدا بەڕێوەدەچێت. ئەگەر لەکاتێکدا کاتی **(ئەمڕۆ یاخود سبەی یاخود...)** بۆ مانشێتەکە زیاد بکەین **(دواتر باسی لێوەدەکەین)** مانشێتەکە دەبێتە خاوەنی مانایەکی دیاریکراو، بەڵام بەشێوەی فرمان واتا:

کۆنگرەی ڕێزلێنانی ئیبراهیمی یونسی سبەی لەتاراتە

تا فرمانی بۆ زیـاد نەکەین، لە ئاڵۆزی ناچێتە دەرەوە، بێگومان لەوانەیە بوترێ کە ئەم مانشێتە دەتوانرێ بە **(سەرمانشێت)** کامڵ بکرێت، واتا فرمان لە **(سەرمانشێت)**دا بەکاربهێنرێت، بەم شێوەیە

سەرمانشێت: سبەی بەڕێوەدەچێت

مانشێتی سەرەکی: کۆنگرەی ڕێزلێنانی ئیبراهیمی یونسی لەتاران

دەبێ سەرنج لـەوە بدرێت کە مانشێتی سەرەکی هەمیشە دەبێ سەربەخۆو بەبێ یـاریـدەدەر، مـانـایـەکـی تـەواوی هەبێت، چونکە مانشێتی سەرەکی هەواڵێکە کە پتر لەهەر بابەتێک سەرنجی خوێنەر بۆخۆی کێش دەکات، لەبەرئەم هۆیە دەبێ جگە لە بەشەکانیتر، مانشێتە سەرەکییەکە دیاریکراو و خاوەن مانا بێت. تەنانەت کاتێکیش مانشێت بەشێوەی **(وتەگواستنەوەی ڕاستەوخۆ)** دەنووسین، دەبێ مانشێتی سەرەکی بەبێ لـەبـەرچـاوگـرتـنـی **(سـەرمـانـشـێـت)** یـاخـود بەشەکانیتری مانشێت، خاوەنی مانایەکی دیاریکراو و بێ گرێوگۆڵ بێت. بەم شێوەیە مانشێتی جێمەبەست بـەفـرمـانـەوە مانا دەگەیەنێت.

کۆنگرەی ڕێزلێنانی ئیبراهیمی یونسی لەتاران بەڕێوەدەچێت

لـە مانشێتەکانی **(گـواسـتـنـەوە)**دا ئەگەر پەیڤەری ڕستەکە لە پلەی یەکەمدا بێت، دەبێ لە مانشێتی سەرەکیدا دابندرێت.

نموونە:

سەرۆک کۆمار: ئێمە مەلاعەبدولکەریمی مودەریس بە میللی، ئیسلامی و جیهانی دەزانین.

لەکاتێکدا کە گوێزەرەوەی هەواڵەکە لە پلەی دووەمـی گرنگیدا بێت **(گرنگییەکی کەمتری هەبێت)**، هەرکاتێک سەرمانشێت بەهۆی کەمبوونی شوێنەوە یاخود لەبەر هەر هۆکارێکیتر لە نەخشەسازی کۆتایی لاببرێت، زیان بە مانشێتی سەرەکی هەواڵەکە ناگەیەنێت

نموونە:

بەڕێوەبەرایەتی هەڵسەنگاندنی فێرکردنی وڵات

ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی بەکالیۆریا هەفتەی ئایندە ڕادەگەیەندرێت

لەم چەشنە بوارانەدا، ئەگەر سەرمانشێتیش لابـبـردرێـت، مانشێتی سـەرەکـی نابێتە گرێوگۆڵ، چونکە بەشێوەی مانشێتێکی سەربەخۆی مانادارو دیاریکراو کار دەکات.

***بەشەکانی مانشێت**

لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، بۆ هەندێ لە بابەت و هـەواڵـەکـان، کۆمەڵەمانشێتێکیتر بە پیتی بچووکتر لە سەرەوەو خوارەوەی مانشێتی سەرەکیدا دادەنـدرێـت. بـەم پێیە مانشێت ئەم بەشانە لەخۆدەگرێت:

-مانشێتی سەرەکی:

بـەو مانشێتەی کـە گرنگترین بابەتی هەواڵەکە دەخاتەڕوو، پێی دەڵێن مانشێتی سـەرەکی. لە هەندێ لە هەواڵەکاندا، ئەم

مانشێتە تاکە مانشێتی هەواڵەکەیە، لەبەرئەم هۆیە بەبەراورد لەگەڵ مانشێتە لاوەکییەکاندا بەپیتێکی گەورەتر دەنووسرێت.

نموونە:

مانۆڕی هاوبەشی هێزە چەکدارەکان لە کەنداوی فارس بەڕێوەدەچێت

دەبێ ئەوە ڕەچاو بکرێت کە لە کۆتایی مانشێتی سەرەکیدا خاڵ داناندرێت، بەڵام لەناو ڕستەی مانشێتدا سوود لە نیشانەکانیتر وەردەگیردرێت.

-سەرمانشێت

مانشێتێکە کە لەسەروو مانشێتی سەرەکییەوە دادەندرێت و بە پیتی بچووکتر **(نزیک بە پیتی دەقی هەواڵەکە)** دەنووسرێت. سەرمانشێت پێشەکی یاخود پاشەکی مانشێتی سەرەکییە و یاخود بەشێوەی سەربەخۆیە. لە مانشێتە یەک یاخود دوو ستوونییەکاندا، سوودوەرگرتن لە سەرمانشێت بەشێوەی **(سەربەخۆ)** یاخود **(پاشکۆ)** گونجاو نییە.

نموونە:

سەرمانشێت: لەلایەن باندێکی قاچاغچییەوە

مانشێتی سەرەکی: ٥٠٠ کیلۆ هێرۆئین لە بەغداد دۆزرایەوە

نموونە:

سەرمانشێت: بەڕێوەبەرایەتی کار

مانشێتی سەرەکی خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ فەرمانبەران هەژمار دەکرێت

بەهەموو شێوەیەک، سەرمانشێت دەبێ بەجۆرێک بێت کە لە لابردنیدا، زیان بە مانشێتی سەرەکی هەواڵەکە نەگەیەنێت.

***ژێرمانشێت(٣)**

ژێرمانشێت، دوای مانشێتی سەرەکییە **(بەگشتی لە لاپەڕە یەکدا)** و بە پیتی بچووکتر دەنووسرێت. بابەتی ژێرمانشێت تەواوکەری مانشێتی سەرەکی و سەرمانشێتە یاخود لە ئەوان سەربەخۆ دەبێت، بەهەرحاڵ مانشێتی سەرەکی پێویستە بەبێ ژێرمانشێتیش چەمک و مانایەکی سەربەخۆو کاملّی هەبێت.

سەرمانشێت: بەڕێوەبەرایەتی گەشتیاری وڵات

مانشێتی سەرەکی:

بەرفرو کەردەلول ناوچەیەکی بەرفرەوانی وڵات دەگرێتەوە

ژێر مانشێت:

هاتوچۆ لە ناوچە شاخاوییەکاندا بە سەختی ئەنجام دەدرێت

***پوختەمانشێت**

هەندێک جار کە هەواڵ درێژ بێ و بابەتی جۆراوجۆری لەخۆگرتبێ، دەتوانرێ دوای مانشێتی سەرەکی یاخود ژێرمانشێت پوختەیەک لە بابەتە گرنگەکان بەشێوەی ڕستەی سەربەخۆ بخرێتەڕوو.

پوختەمانشێت لە زاراوەی پسپۆڕیدا **(لامانشێت)**یشی پێدەڵێن کە بە ئەستێرە یاخود خاڵی گەورە لەسەرەتای ڕستەوە جیادەکرێتەوە.

لامانشێتی هەواڵە درێژەکان یاخود بابەتگەلێکی وەک ڕاپۆرت، هەڤپەیڤین یاخود وتارە درێژەکان وەک فاکتەرێکی فرەچەشن لە نەخشەسازی و جوانکاریی لاپەڕەشدا بەکاردەهێنرێت تا چاوی خوێنەر لە لابەلای وشە وردەکانی دەقی بابەتەکە ماندوو نەبێت و جوانکاریی لاپەڕەکەش زیاد بکات. لەبەرئەم هۆیە لامانشێت لەو چەشنە هەلومەرجەدا لەناو چوارچێوەیەک یاخود بەبێ چوارچێوە، یەک یاخود چەند ستونێک دەخرێتەڕوو.

نموونە:

سەرمانشێت: بەسوودوەرگرتن لە فڕۆکەی (کورستان-٢٥) لە دهۆک

مانشێتی سەرەکی: یەکەمین هێڵی ئاسمانی دهۆک- بەغداد کرایەوە

ژێرمانشێت: فڕۆکەی (کورستان-٢٥) ٣٠٠سەرنشین و ٥٠٠تەن هەڵدەگرێت

پوختەمانشێت: * فڕۆکەی (کورستان-٢٥) مەودای نێوان هەردوو شاری دهۆک و بەغداد کە (٧٥٠) کیلۆمەترە، بە دوو کاتژمێر دەیبڕێت

پوختەمانشێت: *هەر سەرنشینێک دەتوانێ تا (٥٠) کیلۆ بار بەبێ بەرامبەر لەگەڵ خۆیدا

ببات.

دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە سوودوەرگرتنی زۆر لە **(پوختەمانشێت)** لە هەواڵێکدا، دەتوانێ خوێنەر لە خوێندنەوەی دەقی هەواڵەکە پەشیمان بکاتەوە.

***ناومانشێت(٤)**

ناومانشێت بەگشتی چەند وشەیەک یاخود پەرەگرافێکی کورتە کە لەناو هەواڵە درێژو هەواڵە ئاوێتەییەکاندا، بۆ جیاکردنەوەی بابەتە جۆراوجۆرەکانی هەواڵێک بەکاردەهێنرێت.

لەم جۆرە هەواڵانەدا سوودوەرگرتن لە ناومانشێت نەک تەنیا پێویست و بایەخدارە، بەڵکو ئاسانکارییەکی زۆر بۆ خوێنەر دروست دەکات.

ئەندازەی پیتەکانی ناومانشێت لە ئەندازەی پیتەکانی دەق گەورەترە، چونکە دەبێ بەشێوەیەکی دیاریکراو بەنۆرینێک بۆ ستوونی هەواڵەکان، بکەوێتە بەرچاو. دەبێ وردەکاریی لە ئەوەدا بکرێت کە سوودوەرگرتن لە مانشێتە لاوەکییەکان وابەستە بە گرنگی و ئەندازەی هەواڵەکەوە، لەزۆرینەی بوارەکاندا دەتوانرێ تەنیا نووسینی مانشێتی سەرەکی بەزیادکردنی سەرمانشێتەوە بەس بێت.

***کاتی فرمانی مانشێتەکان**

لە مانشێت نووسیندا وابەباش دەزانرێت کە ئەگەر ڕووداوەکە پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەبوو، فرمانی مانشێتەکە بەشێوەی **(ڕابردووی تەواو)** بێ و لەکاتێکدا کە پەیوەندی بە ئایندەوە هەبێ بەشێوەی **(هەواڵی ڕانەبردوو)** بێت، چونکە سوودوەرگرتن لە فرمانی ئایندە، لەڕوانگەی خوێنەرەوە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی هەواڵەکە دوورتر دێتەبەرچاو.

نموونە (١): (ڕابردووی تەواو)

سەرۆک کۆمار چووە ناو پاکستانەوە

نموونە (٢): (هەواڵی ڕانەبردوو)

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا هەفتەی ئایندە بۆ عیراق دەڕوات

نموونە (٣):

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا هەفتەی ئایندە دەیەوێ بۆ عیراق بڕوات

***مانشێتەکانی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە (مانشێتە گەورەکان)**

ئەو مانشێتانەی کە لە لاپەڕە یەکەمی ڕۆژنامەکاندا دادەندرێت، لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە لەسەربنەمای کۆمەڵە پێوەرو بەهایەکی تایبەتی هەڵدەبژێردرێت.

لە دەستەی نووسەرانی زۆرینەی ڕۆژنامە مەزنەکاندا، ئەنجوومەنێکی پێکهاتوو لە سەرنووسەر و بەرپرسانی بەشە جۆراوجۆرەکانی دەستەی نووسین **(سەرۆک بەشەکان)**، مانشێتەکانی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە هەڵدەبژێرن.

لە قۆناغی یەکەمدا، بەرپرس بەشەکان بەگوێرەی ئەو بەرپرسیارێتییەی کە بەسەر بازنەی هەواڵیانەی خۆیاندا هەیانە، کۆمەڵە مانشێتێکی پێشنیازکراو دەخەنەڕوو، کە بەگشتی لە یەک یاخود دوو مانشێت تێناپەڕێت. دوای خستنەڕووی مانشێتەکان، ئەنجوومەنەکە بڕیار لە هەڵبژاردنی مانشێتەکانی لاپەڕە یەک دەدەن و لەنێو دەیان مانشێتدا، مانشێتە گونجاوەکان هەڵدەبژێرن. هەڵبژاردنی مانشێتەکان، دوای شرۆڤەکردنی لایەنەکانی هەواڵەکان ئەنجام دەدرێت، لەڕاستیدا ئەنجوومەنەکە، مانشێتەکان بەگوێرەی سیاسەتی هەواڵ، ستراتیژو ئینتیمای ڕۆژنامە، وەرگرەکان و کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی هەڵدەبژێرن.

لەم نێوانەدا، بەگوێرەی شێوە و نەخشەسازی باوی ڕۆژنامەکە **(مانشێتی هەواڵی سەرەکی لاپەڕە یەک)**(٥) لە نەخشەسازی یەک مانشێتی و دوو مانشێتی **(لە نەخشەسازی دوو مانشێتیدا)** هەڵدەبژێردرێت. مەبەست لە مانشێتی یەکەم و دووەم، مانشێتە گەورەکانە، چونکە هەندێ لە ڕۆژنامەکان سوود لە چەند مانشێتێکی پەیوەندیدار بە هەواڵە جیاوازەکانیش وەردەگرن.

گرنگی هەڵبژاردنی مانشێتی هەواڵی سەرەکی لاپەڕە یەک **(مانشێتی**

سەرتاسەری)، هەمیشە لە مانشێتەکانیتری ئەم لاپەڕەیە زۆرتـرە، چونکە ئەنجوومەن **(یاخود سەرنووسەر)** لەڕێگەی هەڵبژاردنی مانشێتی سەرەکی **(لاپەڕە یەک)**ەوە دەڵێت کە گرنگترین هەواڵەکانی رۆژنامەکە ئەو مانشێتە هەڵبژێردراوە، یاخود:**(ئەی خوێنەر! گرنگترین هەواڵی رۆژنامەکە ئەم هەواڵەیە)**.

ئاشکرایـە هـەر خوێنـەرێک بـەگوێرەی پەیوەندی ڕووداوێـک بە کارو ژیانییەوە، گرنگی و بـەهـای هـەواڵـەکـە دەستنیشان دەکات.

لە سەرەتاکانی دەیەی (١٩٧٠)دا دیدگایەک کـە بـەنـاوی **(بـەرجـەستـەسـازی)** یـاخـود **(بەئەوڵەوییەتدانان)**(٦)ی میدیاکان لەلایەن **(دۆنالدشۆو)** و **(ماکسویڵ مەک کۆمبز)**(٧)ەوە خرایەڕوو، ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکات کە میدیاکانی هـەواڵ بـە مـەزنکـردن یاخود بەرجەستەکردنی ڕووداوە جۆراوجۆرەکان، هـەوڵ بۆ گەیاندنی دیدگا تایبەتییەکانی خۆیان بۆ وەرگرەکان دەدەن. لەڕوانگەی ئەم تیۆرەرانەوە، مەزن و بەرجەستەکردنی بابەت لە میدیاکانی هەواڵدا دەبێتەمایەی ئەوەی کە وەرگرەکانیش، هەروەک میدیاکان، ئەو بابەتە بە بەرجەستەو گرنگ بزانن. ئەوان دەڵێن ئەگەر میدیاکانی هەواڵ **(چاپەمەنی، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن)** بەم کردەیە نەتوانن گۆڕانکارییەکی ڕەفتارییانەی پەسەندکراو لە وەرگرەکاندا بهێننەئاراوە، بەلایەنی کەمەوە دەبنە مایەی گۆڕانکارییەکی بەرجەستەی ئەبستمۆلۆژی لە وەرگرەکاندا. بەهەمان شێوەی کە لە تیۆرینەوەکانی دواتر نیشانی دەدەن، دەبێ ئەم خاڵە ڕەچاو بکرێت کە خوێنەری رۆژنـامـە گرنگی و بەهای هەر هەواڵێک بەسەرنجدان لە پەیوەندی ئەو ڕووداوە بە کارو ژیانییەوە، دەستنیشان دەکات و کاریگەرییە ئەبستمۆلۆژییەکان و جۆش وخـرۆش و ڕەفـتـاری میدیاکان **(چ کورتمەودا چ درێژمەودا بێت)** وابەستە بەم مەسەلەیەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا مانشێت کۆمەڵە ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە: خستنەڕووی هەواڵ لە چڕترین شێوەدا، جیاکردنەوەی بابەتەکان، بەئەوڵەویەتکردنی هەواڵەکان بەگوێرەی ئەندازەی مانشێتەکە **(پۆینت)**(٨)، هاندانی وەرگر بۆ خوێندنەوەی هـەواڵ، دانـانـی کـاریـگـەریـی لـەسـەر ڕای گشتی و بەکارهێنانی لە نەخشەسازی و جوانکارییەکەیدا.

***مانشێت و نۆڕین بۆ ئایندە**

مانشێت دەبـێ هـەواڵ لـەخۆبگرێت و لەهەمان کاتدا نۆڕینی بۆ ئایندە هەبێت. ئەم کارە دەبێتەمایەی ئـەوەی کە هەستی بـەدواداگـەڕانـی خـوێـنـەر ببزوێنێت بۆ خـوێـنـدنـەوەی هـەواڵـەکـە. بـەم چەشنە تایبەتمەندییەوەیە کە مانشێت بەئەرکەکەی خۆی هەڵدەستێت و خوێنەر بۆ خوێندنەوەی هەواڵ دەبزوێنێت.

بۆ ئەوەی بتوانرێ مانشێت بگۆڕدرێ بۆ فاکتەری بەدواداگەڕانی خوێنەر و لەڕاستیدا مانشێتەکە بنۆڕێتە ئایندە، بنـۆڕە ئـەم بنەمایە:

١-دەسـتـەواژەی یـەکـەمـی مانشێتەکە پێویستە بـەجـۆرێـک هـەڵـبـبژێردرێت، کە زۆرترین کاریگەریی لەسەر خوێنەر دابنێت، لـەبـەرئـەم هـۆیـە نـابـێ کۆمەڵە وشـەیەکی بێرۆح و سست و وشەی زیادە لەسەرەتای مانشێتەکەدا بەکاربهێنرێت. وشەی یەکەمی مانشێتەکە دەبـێ لێدانی یـەکـەم لـە بیری خوێنەر بـدات و بەگوێرەی ئـەو مانایەی هـەیـەتـی، چـاوی خـوێـنـەر بـدۆزێـتـەوەو کاریگەریی لەسەر هەستی ئەو دابنێت.

شەبەیخونی دەریایی-ئاسمانی ئەمریکا بۆسەر عیراق

٢-ناسینی باری سۆزداریی وشەکان لە مانشێت نووسیندا گرنگییەکی باڵای هەیە. لەبەرئەوەی هەر دەستەواژەیەک دەتوانێ ماناو بابەتێکی تایبەت بگەیەنێت. ناسینی وشـەو ماناکەی یارمەتی مانشێت نووس دەدات تا مانشێتەکان لە سیفەتی جۆراوجۆر دووربـخـاتـەوە، بـەکـارهـێـنـانـی سیفەت لەمانشێتدا هـەروەک هـەواڵ قـەدەغـەیـە، چونکە مانشێت لە واقیعیبوون و بابەتیبوون

دووردەخـاتـەوەو هـەم دادوەریکـردنـیش دەهێنێتەئارا، لەکاتێکدا دادوەریی و بڕیاردان ئەرکی مانشێت نووس نییە. بۆنموونە بنۆڕە ئەم مانشێتە کە لەیەکێک لە رۆژنامەکاندا بەچاپ گەیەندرابوو:

پڵنگێکی درێندە دوای بریندارکردنی ٣ کەس لەپێ خرا

مانشێتەکە سەرەڕای درێژبوونی، سوودی لـە سیفەت وەرگـرتـووە، سروشتییە کە پڵنگ گیانلەبەرێکی ماڵی نییە، بەڵام بۆچی لـە مانشێتەکەدا وشـەی درێـندە **(سیفەت)** بەکارهێنراوە.

پێدەچێ مانشێت نووس مەبەستی بووبێت بایەخ بە بریندارببوونی (٣) مرۆڤ بدات و جۆشوخرۆشی مانشێتە کە زیاتر بکات. بەهەرحاڵ نە بەکارهێنانی سیفەت گرنگی پێدەبەخشێت و نە درێژدادڕیی و ماندووێتی کە ئەم مانشێتەکەی هێناوەتەئارا.

٣- ڕیتم لەمانشێتدا: زیادەڕۆیی نییە کە بوترێ مانشێتێش وەک نیوەبەیتێک یاخود بەیتێک پێویستە کێش یا ڕیتمی هەبێت تا دڵنشین و دڵگیر ببێت. هەندێ لە مانشێتەکان لەسەر هێڵێکی ڕاست دەجوڵێن و ئاوازێکی تاکڕیتم و ڕاستەدروستیان هەیە:

نموونە:

سەرۆکی هەرێم چوو بۆ دیمەشق

ئەلف ——————— بێ

مانشێتەکە لە خاڵی **(ئەلف)**ەوە تا **(بێ)** بێ جوڵەیەو یەکڕیتمی هەیە، بەبێ ئەوەی کە بەرزو نزمی کاریگەریی لەسەر دەربڕینی هەبێت.

جوڵەی شەپۆلانە: مانشێتەکە لەم دۆخەدا لەسەر درێژیی شەپۆل، جوڵەیێکی هاوسەنگ و ڕێکخراوی هـەیـە. ڕیتمی مانشێتەکە دڵگیرە کە بە سوودوەرگرتن لە دەستەواژە ڕیتمدارەکان نووسراوە

نموونە:

هـەفـتـەی داهـاتـوو؛ سـارد، بـاران و بەفراوبیە

ئەلف بێ

جوڵەی لێدان(٩): مانشێت لـەم دۆخـەدا ڕیتمێکی شێواو یاخود پچڕپچڕی هەیە، ئاراستـەکانی لـەسـەر هـەمـوو وشـەیـەک دەنیشنەوەو وشەکەی دواتری دەجوڵێنێت.

نموونە:

کوردەتا لەعیراقدا شکستی خوارد

ئەلف بێ

جـۆری هـەڵـبـژاردنـی دەسـتـەواژەکـان بەگوێرەی ڕیتمەکانیان، وابەستە بە جۆری ڕووداوەکەوە

سەرمانشێت: سەرۆک کۆمار لە هەڤپەیڤین لەگەڵ تایم:

مانشێتی سەرەکی: سەرۆک کلینتۆن نەبیتە ئەرک

ئەلف بێ

جوڵەی شەپۆلانە

ماوەی دیاریکراو تەواو بوو

جوڵەی لێدان

زیادبوونی نرخ قەدەغەیە- ئەنجوومەن

جوڵەی لێدان

لێهاتوویی لـە مـانشێت نـووسـیـندا بە بەردەوامبوون و پاراستنی پرەنسیپ و ڕێسا بەراییەکان دێتەئارا، هەنووکە مانشێتگەلێکی جـۆراوجـۆر لـە بـڵاوکـراوەکـانـدا بـەرچـاو دەکەوێت، بەڵام ڕۆژنامەنووسانی لاو دەبێ سەرنج لەوە بدەن کە بەبێ سەرتاپاگیریی بنەما و ڕێسا کلاسیکییەکانی مانشێت نووسین و ڕاهێنانی بەردەوام لەسەر مانشێتە سادەکان، ئەگەری دەرکەوتنی داهێنان لە مانشێت نووسیندا کەمتر دێتەپێش.

***فرەچەشنی لە مانشێت نووسیندا**

هـەر تەکنیکێک لـە مانشێت نووسیندا بەکاربهێنرێت، دەبێ بتوانێ مانشێتەکە بکاتە شیاوی خوێندنەوە، لەهەمانکاتدا بەرجەستە

و دڵگیری بکات.

دروستکردنی جۆشوخرۆش لە مانشێتدا بەمەبەستی جەنجاڵکردن نییە، مانشێت دەبێ خوێنەر شەیدا بکات، چاوی لەسەر مانشێتەکە دابنێت و کار لەسەر هەست بکات. لەڕاستیدا جۆرەها مانشێت لەپێناو ئاسانکاریی لە مانشێت نووسینی گونجاوتردا بەکاردێت. ناسینی جۆرەکانی مانشێت، مانشێت نووسین ئاسانتر دەکات.

***مانشێتەکانی لێهەڵێنجان**

مانشێتەکانی لێهەڵێنجان، لەڕاستیدا هەڵێنجانی دروستی مانشێتە لە هەواڵ یاخود کۆمەڵێک لەهەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵە ئاوێتەییەکان. ئەم مانشێتانە ئامانجەکەی بریتییە لە: گواستنەوەی وتەی ناڕاستەوخۆ، تێگەیشتن و مانای گشتی هەڤپەیڤین، وتاردان، دەرەنجامێکی گشتی یا کۆتایی یا کورتەیەکی سەرجەم هەواڵەکان یا ڕاپۆرتەهەواڵەکانە.

مەسەلەی گرنگ لەم چەشنە مانشێتەدا ئەمەیە کە ستراتیژی ڕۆژنامەکەو پسپۆڕیی لەڕۆژنامەنووسیدا ڕوانینی مانشێت نووس دەگۆڕن. سەرنج لەسادەترین جۆری ئەم چەشنە مانشێتانە بدە:

وتەکانی سەرۆک کۆمار دەربارەی ڕۆڵ و ئەرکی ژنان لەکۆمەڵگادا

خوێنەر بەبینینی ئەو چەشنە مانشێتە، تێدەگات کە وتەکانی سەرۆک کۆمار دەربارەی **(ژنان)**ە. لەم شێوازەدا، گرنگترین مەسەلەی وتاردانەکە کە دەربارەی ڕۆڵ و ئەرکی ژنان بووە یاخود تەنیا بابەتی وتاردانە لەم بارەیەوە بووە، ئەوا مانشێتنووس لە مانشێتەکەدا دایدەنێت. ئەو چەشنە مانشێتانە بەگشتی و لەکۆی گشتی وتاردانەکەدا، هەڤپەیڤین یاخود ڕاپۆرت و هەواڵی لا ئامادە دەکەن.

نموونە:

١-وتەکانی وەزیری ناوخۆ دەربارەی سەقامگیرکردنی ئاسایش لە پارێزگاکانی خۆرهەڵاتی وڵاتدا.

٢-هەڤپەیڤینی وەزیری دەرەوە دەربارەی ڕۆڵی عیراق لەسەقامگیریی ناوچەکەدا.

٣-نوێترین ڕاپۆرت لەبارەی شەڕەکانی باشووری عیراق.

٤-هێرش و بەرگرییەکی بەربڵاو لە شەڕی بێوێنەی سەدە لە کەنداوی فارس.

٥-ستراتیژی ئەمریکا بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا.

دەبێ سەرنج لەوە بدرێت کە ئەم جۆرە مانشێتانە سەرەڕای ئەوەی کە فرمانیان لە کۆتایی دەستەواژەکەدا نییە، بەڵام بەمانشێتێکی گشتی و نادیاریکراو هەژمار ناکرێن، چونکە چەمک و ماناکەی کاملە و تەنیا فرمانی مانشێتەکە بەهۆی جوانی ڕستەکەوە لابراوە. ئەمە یەکێکە لەو بوارانەی کە دەتوانرێ لە مانشێت نووسیندا چاوپۆشی لە دانانی فرمان لە کۆتاییەکەیدا بکرێت. مانشێتەکانی لێهەڵێنجان هیچ کاتێک بەشێوەی وتەگواستنەوەی ڕاستەوخۆ لە وتاردانەکان و هەڤپەیڤینەکاندا نانووسرێت.

خاڵێکی بایەخداریتر لە نووسینی مانشێتەکانی لێهەڵێنجاندا، تێگەیشتن و هەڵێنجانی مانشێت نووسەکەیە لە هەڤپەیڤین یاخود وتاردان یا لە هەربایەتێکیتری هەواڵەکە. واتا مانشێت نووس دەبێ سەرنج لەوە بدات کە بۆنمووونە لە هەڤپەیڤیندا، پەیڤدەر ئاگادارکەرەوەیە. هەروەها وتاربێژ، بابەتێک یاخود مەسەلەیەکی شرۆڤە کردووە یاخود ئاراستەی کردووە. لەم ڕووەوە دەستەواژەکانی **(جەختکردنەوە)**، **(شیکردنەوە)**، **(ڕێنمایی)**، **(ئاگادارکردنەوە)**، **(ڕوونکردنەوە)**و **(وتاردان)** پێویستە لەجێی خۆیدا بێت و لەڕاستیدا بەپێی تێگەیشتنی راستودروستی مانشێتنووسەکە سوودی لێوەربگیردرێت.

شرۆڤەی گۆڕباچۆف بۆ پرۆسیسی (پرۆسترۆیکا) لە سۆڤییەت

هۆشداری سەرۆک کۆمار بۆ لایەنگرانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا

مانشێت نووس لەوانەیە لە خوێندنەوەی هەواڵەکە بگاتە ئەم چەمکەی کە ئاگادارکردنەوە یاخود هۆشداریی ئەنجام

دراوە، لەکاتێکدا کە هەمان وشەی ئاگادارکردنەوە یاخود هۆشداریی لە خودی هەواڵەکەدا بوونی نییە. بۆنموونە سەرۆکی شارەوانی لە هەڤپەیڤێنێکدا ڕایدەگەیەنێت کە گرتنی ڕێگای پیادەڕۆکان لەلایەن گشت چینەتوێژەکانەوە سەرپێچییەو دەڵێت سزا بۆ ئەنجامدەران دەستنیشان کراوە، یاخود سەرپێچیکاران دەستگیر دەکرێن. لەم بەشەی هەڤپەیڤینەکەدا بۆنی ئاگادارکردنەوەی لێدێت و دەتوانرێ بەم چەشنە گوزارشتێکی لێهەڵبهێنجرێت:

ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی شارەوانی لەبارەی گرتنی ڕێگاوە

ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی شارەوانی چین و توێژە سەرپێچیکارەکان دەستگیر دەکرێن

بنۆڕە ئەم مانشێتانەیتر کە سوود لە ڕێبازی لێهەڵێنجان وەرگیراوە:

شا و جەنەڕاڵ، کابوڵیان سووتاند
ڕۆژنامەی (ابرار-۱۳۷۲/۱۰/۱۲)

کارەبا بۆ هەموان گران بوو
نرخی خۆتان هەژمار بکەن، ئەمەش خشتەکەیە
ڕۆژنامەی (ابرار-۱۳۷۲/۱۱/۵)

دەبێ سەرنج لەم خاڵەش بدرێت کە زۆربەی جار، مانشێت نووس بەهۆی هەستیاربوونی بابەتی وتاردانەکە یاخود هەڤپەیڤینەکەو حەز نەکردن بە بەرجەستەکردنی بابەتەکان، سوود لەم جۆرە مانشێتانە وەردەگیردرێت. جەخت لەسەر ئەوەش دەکرێتەوە کە مانشێتەکانی لێهەڵێنجان دەبێ لە مانشێتە گشتی و نادیارەکان جیا بکرێتەوە کە بەگشتی ئاڵۆزو بێ ناوەڕۆکن.

***مانشێتەکانی سەلماندن(۱۰)**

ئەو جۆرە مانشێتانەیە کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە بە ئامانجگەلێکی دیاریکراو دەنووسرێن: ڕێنماکردن یاخود بزووواندنی ڕای گشتی، پڕوپاگەندە بۆکردن و بەرجەستەکردنی کارێک یاخود بابەتێکە لەناو کۆمەڵگادا، زەمینەخۆشکردنە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێکی تایبەتی، خستنە ژێرکاریگەریی دەستەیەک یاخود توێژێکی کۆمەڵگایە و بەشێوەیەکی گشتی پڕوپاگەندەی ناڕاستەوخۆ بۆ هاندان و سەپاندنی پڕوپاگەندەی پەیامی هەواڵێک دەکات.

لەم جۆرە مانشێتانەدا، دەستەواژەکان ڕۆڵێکی هەستیارو بنەڕەتیان هەیەو پێویستە سەبارەت بەهەڵبژاردنیان هەستیار بین. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مانشێتە پڕوپاگەندەییەکان و ناسینەوەیان، دەتوانرێ لەم چەشنە مانشێتانەدا ناوی بەکارهێنانی سیفەت بهێنرێت، بەڵام دەبێ سەرنج لەوە بدرێت بەکارهێنانی سیفەتی هەڵسەنگاندن بەتەنیا، مانشێتەکە ناکات بە پڕوپاگەندەیی بۆ نمونە بەکارهێنانی سیفەتی **(مەزنترین)** دەربارەی بنیاتنانی پردێک لە وڵاتەکەدا سیمای پڕوپاگەندەیەکی جێمەبەست بە مانشێتەکە نادات. ئەگەر بنووسین **(مەزنترین پرد لەسەر ڕووبارێ سیروان بنیاتنرا)** و بەبەراورد بە پردە کۆنەکانی ئەم ڕووبارەش وابێت، ئەم مانشێتە ناونانێین پڕوپاگەندەیی یاخود سەلماندن.

لە مانشێتی سەلماندندا جۆرە ڕەگوڕیشەیەکی سیاسی- پڕوپاگەندەیی تیادا دادەندرێت. هەروەک وترا بەهەرئەندازەیەک بابەتەکە لەچەمکەکەدا نەک لەڕواڵەتدا بسەلمێنرێت، ئەوا مانشێت نووس لەئامانجەکەی نزیکتر بۆتەوە.

نموونە:

۱-عێراق بە پێشنیازی ئەمریکا بۆ دانووستان دەربارەی کوێت ڕازی بوو

۲-ڕەزامەندی عیراق بۆ دانووستان لەگەڵ ئەمریکادا ڕاگەیەندرا

۳-ڕێککەوتنی عێراق و ئەمریکا بۆ دانووستان لەجنێف

ئەم سێ مانشێتە، لە ڕواڵەتدا یەک مانا و چەمک دەگەیەنن، واتا لەگەڵ بوونی جیاوازی لە شێوەی ڕواڵەتدا، مانایەکی یەکگرتوو دەگەیەنن، بەڵام کاریگەری مانشێتی (٣) بەهۆی شێوەو سوودوەرگرتن لە دەستەواژەی **(ڕێککەوتن)** بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر خوێنەر زیاترەو گەیەنەری هاوڕایی و هاودڵی هەردوو وڵاتەکەیە.

بەشێوەیەکی گشتی لە مانشێتەکانی سەلماندندا، سەرەڕای شێوەی ڕواڵەت و چەمکی ناواخن، ئەوەی لە مانشێتەکە هەڵدەچۆڕێت و کاریگەرییەکی پتری هەیە ئەوا جێگەی مەبەستە. لەبەرئەم هۆیە، لەم چەشنە مانشێتانەدا دەبێ سوود لەو دەستەواژانە وەربگیرێت کە باریکی سۆزدارانەی پتریان هەیە. بایەخدان بە باری سۆزداریی دەستەواژەکان و بەراوردکردنی نێوان دەستەواژە هاوواتا و دژیەکەکان و فرەمانایی دەستەواژەیەک لە مانشێتی سەلماندندا ڕۆڵێکی بنچینەیی هەیە، لەوەش گرنگتریش ئەوەیە کە دەستەواژەی یەکەمی مانشێتەکە دەبێ بۆ سەرنجڕاکێشان یەکەمین لێدان لە خوێنەر بدات، بۆنموونە دەبێ بایەخ بەوە بدرێت کە لەنێوان دەستەواژەکانی **(کاردانەوە)** و **(ڕەتکردنەوە)** کامیان دەتوانن بۆ گەیاندنی مەبەستەکە، یاریدەی مانشێت بدات.

هەروەها دەستەواژەکانی **(هەڵوەشان و کەوتن)** و وشەکانی (پێڕۆ) و **(سیستەم)** یاخود **(ڕژێم)**ی حکومڕانی و دەستەواژەکانی **(ڕەزامەندی)** یا **(ڕێککەوتن)** یا **(سازش)**، **(مرد)** و **(کۆچی دوایی)** و **(مالئاوایی)** و **(نەمان)** و **(لەناوبرا)** و هاوشێوەکانیان، هەریەکەیان باریکی سۆزداری جیاوازیان هەیە.

*مانشێت و ترۆپک

لە کتێبە ڕۆژنامەوانییەکاندا، بەگشتی وا ئامۆژگاریی دەکرێت کە مانشێت لە ترۆپکی هەواڵەوە هەڵبهێنجرێت. بۆ ئەم مەبەستەی کە خوێنەر خێراتر بچێتە ڕەوتی هەواڵەکەوە، چونکە ئەگەر لە پەرەگرافی یەکەمدا **(ترۆپک)** ڕوونکارییەکی زیاتر نەبینێت، لەوانەیە واز لە درێژەدان بە خوێندنەوەی هەواڵەکە بهێنێت. ئەمە ڕاستە و دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام لەهەندێ هەلومەرجدا بەتایبەتی لە نووسینی مانشێتەکانی لێهەڵێنجاندا، **(دوو مانشێتییەکان)** یاخود ئەو ڕووداوانەی دوو مانشێتیان هەیە، لەوانەیە خوێنەر بەکەمێ درەنگەوە ڕوونکارییەکە دەستەبەر بکات.

*ڕووداوەکان بەدوو مانشێتەوە

ڕۆژنامەوانی گوتەزایەکی زانستی و هەواڵیانەیە، هەرلەبەر ئەم هۆیە داهێنان و چێژ بە بنەمای بنچینەیی ئەم پیشەیە دەژمێردرێت. نووسینی دوو مانشێت بۆ ڕووداوێکی هەواڵ، لەهەمانکاتدا کە پێویستی بە زانین و بینین هەیە، خۆی هونەرێکەو مانشێت نووسە پیتۆڵەکان ئەم چێژو هونەرەیان لەگەڵ زانستی ڕۆژنامەوانیدا ئاوێتە کردووە.

هەندێ لە ڕۆژنامەکان بۆ ئارایشی لاپەڕەی یەکەم، لەبارەی ڕووداوێکەوە یاخود ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، سوود لە دوو مانشێتی **(دوو دێڕیی)** وەردەگرن. لە ئێران، ڕۆژنامەی (ابرار)(١١) یەکەمین ڕۆژنامەی ئێرانییە کە سوودی لەم شێوازی مانشێت نووسینە وەرگرتووە.

*دوومانشێتییەکان چین؟

(دوو مانشێتی) بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەواڵە فرەبابەتییەکان یاخود هەواڵە ئاوێتەیی و هەندێک جار بۆ تاکبابەتەکان دەنووسرێن. هەردوو مانشێتەکە لەیەکتر جیاوازن، لەهەمانکاتدا کۆمەڵە پەیوەندییەکیشیان بەیەکترەوە هەیە. ئەم پەیوەندییە کەمتر ڕواڵەتیانەیەو پتر لە ماناکەیدایە. لەبەرئەم هۆیە لەسەرەتاوە تائەندازەیەک دابڕانێک لەنێوان مانشێتەکاندا بەرچاو دەکەوێت و لەهەمان کاتدا دەبێتەمایەی بزواندنی خوێنەریش.

هەردوو مانشێتەکە دەتوانرێ بەترۆپکی **(شیکاریی- فرەهەواڵی)**ی بنووسرێت، یاخود مانشێتێک لە ترۆپکی یەکەمەوە و مانشێتی دووەم لە بەشی دواتری هەواڵەکەوە بێت. لەبەرئەوەی دوو مانشێتییەکان لە هەواڵە فرەبابەتییەکان یاخود هەواڵە ئاوێتەییەکاندا دەنووسرێت، دەتوانرێ مانشێتەکان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی هەواڵەکەشەوە هەڵبهێنجرێت.

لەڕوانگەی شێوازەوە، مانشێتی یەکەم دەبێ بەبێ کۆتایهێنان بە فرمان بنووسرێت و مانشێتی دووەم بەفرمان کۆتایی پێبهێنرێت. هەرچەندە لە هەندێ هەلومەرجدا بۆ بایەخی جوانکاریی مانشێتەکە دەتوانرێ هەردوو مانشێتەکە بە فرمانیش کۆتایی پێبهێنرێت. فرمانی کۆتایی مانشێتی دووەم پتەوییەکی زۆرتر بە مانشێتەکە دەدات، لەڕووی ماناوە مانشێتەکەش رۆشنترو ڕوونتر دەکات.

بنۆرە یەکەمین **(دوومانشێتی)** کە لە یەکێک لە رۆژنامەکانی وڵاتدا بڵاوکراوەتەوە:

نموونە:

داخوازی جیهانی بۆ یارمەتیدانی خەڵکی عیراق بەغداد هێشتا لەژێر ئاگردایە

رۆژنامەی (ابرار-١٣٦٩/١٠/٢٩) - ل١

ئەم دوو مانشێتە کە لە هەناوی زنجیرە ڕووداوێکی وابەستە بەیەکترەوە نووسراوە، ئەم مانایە دەگەیەنێت کە خەڵکی عیراقی ژێر بۆردومانە ئاسمانییەکاندا پێویستیان بە یارمەتی هەیە.

هەروەها بەشرۆڤەکردنی هەواڵەکە سەرنج لەوە دەدەین کە ئەم دوو مانشێتە لە چەند هەواڵێک ئاوێتە کراوەو دەربارەی **(جەنگی نەوت)** نووسراوە کە مانشێتی یەکەم بە فرمان کۆتایی نەهاتووە. ئەم دوو مانشێتە لەکاتێکدا کە لە دوو هەواڵەوە نووسراوە، لەهەمان کاتیشدا هەم پێکەوەیی و ماناو هەم پەیوەندییەکی ڕواڵەتیانەی هەیە، بەڵام هەمیشە ئەو چەشنە دیاردەیە ناهێنێتەئارا.

نموونە:

نەبەردی دەستەویەخە لە کوێت

هێزەکانی هاوپەیمانان دەستدرێژیان بۆسەر خاکی عیراق کرد

رۆژنامەی (ابرار-١٣٦٩/١٢/٦) - ل١

پەیوەندی ڕواڵەتیانەی ئەم دوو مانشێتانە لەگەڵ یەکتردا لە مانشێتەکەی پێشوو کەمترە، بەڵام بە شرۆڤەی هەواڵەکە پەیوەندییەکی مانداری ڕاستەوخۆ بەیەکترەوە پەیدا دەکەن. ئەم مانشێتە خوێنەر دەبزوێنێت.

نموونە:

پێداگری خەڵکی کوردستان بۆ پێکهێنانی کۆنفرانسی ئیسلامی

بەرەی دووەم دژ بە عیراق لە تورکیا کرایەوە

رۆژنامەی (ابرار-١٣٦٩/١١/١) - ل١

پەیوەندی مانداری ئەم دوو مانشێتە لە مانشێتی پێشوو زۆرترە و پتر حەزی بەدواداگەڕانی خوێنەریش دەبزوێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا جوانکاریی ئەم مانشێتانە، خۆی لە خۆیدا خوێنەر ڕاکێش دەکات.

ئەم دوو مانشێتە لە کۆی ڕووداوەکانی ناوچەکە **(قەیرانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٧دا)** نووسراوە، بەڵام خوێنەرە ئاساییەکانی رۆژنامەکە لە نۆڕینی یەکەمدا لەوانەیە بەخێرایی پەیوەندییەکە نەدۆزێتەوە، بەڵام بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو مانشێتە هەستی شەنوکەوکردنیان دەبزوێت و ئینتیما بۆ خوێندنەوەی ترۆپک و دەقی هەواڵەکە پەیدا دەکات. ئەم جۆرە مانشێتانە لە چاپەمەنی ئێمەدا هەنووکە بۆتەباو و خوێنەران بەم چەشنە مانشێتانە ئاشنان.

نموونەکانیتر:

١) جەزائیر لەلێواری جەنگی ناوخۆیی بەرەی ڕزگاری ئیسلامی بووە (نهێنی)

رۆژنامەی (ابرار-١٣٧٠/١٠/٢٥) - ل١

٢) جەزائیر، حکومەتی پیاوە هەڵنەبژێراوەکان

بەرەی ڕزگاری ئیسلامی داوای لە خەڵک کرد وڵات ڕزگار بکەن

رۆژنامەی (ابرار-١٣٧٠/١٠/٢٤) - ل١

٣)پێشوازی نێودەوڵەتی لە پێشنیازەکەی ئیران

تاران بووەناوەندی هەوڵەکانی ئاشتی لەناوچەکەدا
رۆژنامەی (ابرار-١٣٦٩/١١/١٧) - لا ١
١) نووسینی مانشێت لە هەواڵی فرەبابەتیدا(١٢)
سەرۆک کۆمار لەناو تورکمانەکاندا
بەکارهێنانی بەنداوی (بێخمە) کەوتەکار
٢- نووسینی مانشێت لە هەواڵی تاکبابەتیدا
فڕینی خوێنین لە ئاسمانی هەولێر
١٣٢ گەشتیار کوژران
٣) نووسینی مانشێت لە هەواڵی فرەبابەتی بەسودوەرگرتن لە ڕێبازی لێهەڵێنجان
موشەکی تۆماهۆک لە ناوچەکەدا
زەنگی مەترسی لە کەرکوک و موسڵ لێی دا
٤) نووسینی مانشێت لە هەواڵە ئاوێتەییەکان
هێرشی ڕۆکێت بۆ سەفارەتەکان
دیبلۆماتەکان بەغدادیان جێهێشت
٥) نووسینی مانشێت لە هەواڵە ئاوێتەییەکان بەسوودوەرگرتن لە ڕێبازی لێهەڵێنجان
لقە خوێناوییەکانی گوێز لە (هەورامان)
هێرش بۆسەر سەربازەکانی ئەمریکاو بەریتانیا دەستی پێکرد

***مانشێت بە فرمانی نەرێنی**

ئایا مانشێت نووس ڕێگەی پێدراوە کە لە مانشێتدا سود لە فرمانی نەرێنی وەربگرێت؟ وەڵامەکەی نەخێرە، چونکە فرمانی نەرێنی ڕێنمایی ئەنجامدانی کارێک ناکات، کەواتە هەواڵێک ڕووی نەداوەو کاتێک هەواڵیش ڕوونەدات کەواتە پێویستی بەبڵاوکردنەوەش نییە، بەڵام دەتوانرێ لەڕوویەکیترەوە بنۆڕدرێتە مانشێت بە فرمانی نەرێنییەوە.

کاتێک کە ڕوونەدانی فرمانێک، خۆی بە ڕووداو و هەواڵ هەژمار دەکرێت، لەوچەشنە بارودۆخەدا دەتوانرێ سوود لە فرمانی نەرێنی وەربگیرێت کە هەڵبەتە بابەتەکە دەگمەنەو وابەستە بە هێزی جیاکردنەوەو لێهاتوویی مانشێتنووسەکەوە.

نموونە:

وردەکارییەکانی تەقەکە لە زمانی شایەتحاڵەکانەوە
تەقاندنی ٥ گوللە، ئارامی سەرۆک کۆماری نەشێواند
رۆژنامەی (ابرار-١٣٧٢/١١/١٣)

***مانشێتە پرسیارییەکان**

بەشێوەیەکی گشتی مانشێت نابێ پرسیاریی بێت، چونکە پرسیارکردن لەخوێنەر، کاردانەوەی نەرێنیانەی تیادا دروست دەکات، هەر لەکاتێکدا دەتوانین مانشێتی پرسیاریی بنووسین کە پرسیارەکە لەهەمان کاتدا خۆی وەڵامیش بێت.

تێڕوانینی مانشێت نووس و گەمارۆدانی ڕووداوەکان، یارمەتی دەدات تا بتوانێ مانشێتێکی پرسیاریی لەجۆری **(روانین بۆ ئایندە)** بنووسێ کە وەڵامی پرسیارەکەش بداتەوە. هێزی پێشبینی مانشێت نووس ڕۆڵێکی گرنگ لە نووسینی مانشێتە پرسیارییەکاندا دەگێڕێت. لەڕاستیدا خوێنەر بە خوێندنەوەی مانشێتی پرسیاریی، دەبێ وەڵامی پرسیارەکەش لەمانشێتەکەوە وەربگرێتەوە.

بنۆڕە ئەم مانشێتە. ئەم مانشێتە لە زنجیرە ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە قەیرانی ناوخۆی جەزائیر نووسراوە و مانشێتنووس بەپێشبینی ئەمەی کە میلیتاریستەکان دەسەڵات لە جەزائیردا دەگرنەدەست، هەنگاوی بۆ نووسینی مانشێتی پرسیاریی هەڵێناوە. لەگەڵ بەدواداچوونی هەواڵەکەشدا بۆ خوێنەر ڕۆشن دەبێتەوە کە میلیتاریستەکان لە جەزائیر هاتوونەتەسەرکارو سەرەنجام مانشێتەکە بە ئامانجی خۆی گەیشتووە.

جەزائیر، ئامادەگی خەڵک بۆ پێکهێنانی حکومەت
سوپا کودەتا دەکات؟
رۆژنامەی (ابرار-١٣٧٠/١٠/٨)

*** مانشێتە نەناسراوە هەواڵییەکان**

مانشێتە نەناسراوەکان بەو مانشێتانە

دەوتـرێـت کـە بـەشـێـوەیـەکـی جـیـاو بەجەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی زاراوە نمایشی و خوازراوەکان، بۆ هەندێ لە هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵەکاندا دەنووسرێت.

بەکارهێنانی ئـەم مانشێتانە، بۆ هەموو هـــەواڵ و ڕووداوەکـــــان نـاگـونـجـێـت. بەشێوەیەکی گشتی دەتـوانـرێ لەهەواڵە هـونـەریـی، ڕووناکبیریی، ڕووداوەکـــان، کـۆمـەڵایـەتـی، کەشناسی و بەدەگمەنیش لەسیاسی و ڕەخنەیی بەکاربهێنرێت.

١) سـولـەیـمـانـی دوێـنـێ شـــەو لـەئـاودا نغرۆبوو.

٢) قـەیـرانـی کـوردی تـورکـیـا لـەبـەردەم دووڕیانی: (جەنگ و ئاشتی)

٣) دوێنێ لە شارەزوور خۆڵ باری

***ڕۆڵی مانشێت لە چاپەمەنیدا**

ئەم مەسەلەیەی کە شێوە بەسەرناوەڕۆکدا زاڵـە یاخود نـا، لەنێو ڕۆژنـامـەنـووسـان و پسپۆڕانی ڕۆژنامەوانیدا باسگەلێکی فراوان هەیە. بەهای باوەڕپێکراو لەگەڵ فرەچەشنی و سەرتاپاگیریی لە شێوەدا، دەتوانێ ئاستی ناوەڕۆکیش بـەرز بکاتەوە. گرنگییەکەی لـەوەدایـە کە بتوانرێ لەڕێگەی شێوەوە، ژمارەیەکی زۆرتری خوێنەران بۆ چاپەمەنی ڕاکێش بکرێت. ڕۆڵی مانشێت ڕێنماکەری خوێنەرە بەرەو هەواڵەکەو ئەم ڕێنماییەش دەبێ سەرنجڕاکێشان، تازەیی، بانگەشە، سـەلـمـانـدنـی تـێـدابـێـت. زاڵـبـوون بـەسـەر دەستەواژەکان، وردیی لە دروست نووسین و گەمارۆدانی هـەواڵ، کلیلی سەرکەوتنی مانشێت نووسینە.

لـەوێـدا کـە مـانـشـێـت لـەسـەر مـانـاکـەی ڕادەوەستێت، دەستـەواژەکان و وشەکان ڕۆڵێکی بنچینەییان هەیە. مانشێت نووس دەبێ بەسەر زمانە بەکارهێنراوەکەیدا زاڵ بێت، دەستەواژە تەڕو تازەکان بناسێت و جێگەی بەکاربردنیان بزانێت.

***هەڵبژاردنی شێوەی مانشێت**

بەراوردکاریی لەنێوان ناوونیشانی ئەو ڕووداوانـەی کە لە ڕۆژنـامـە بەراییەکاندا چاپ کرا لەگەڵ ئەو مانشێتانەی ئەمڕۆ لە چاپەمەنیدا دەبینرێت، نیشانی دەدات کە گۆڕان و وەرچەرخانی شێوەی ناونیشانەکانی هەواڵ و مانشێتەکان لەسەربنەمای زنجیرە تەکنیکێکی هونەریی و شێوە ئەندازەیی هاتۆتەئارا و ئامانجەکەشی سەرنجڕاکێشانی خوێنەرانە بەرەو مانشێتەکان.

لـە هـەڵـبـژاردنـی شـێـوەی مانشێتدا، بە پلەی یەکەم گرنگی ژمـارەی ستوونەکانی ڕۆژنامەکەو ژمارەی دێڕەکان لە ئەندازەی پیتەکان زیاترە. لە ڕۆژنامە بەراییەکاندا، مانشێتەکان زیـاتـر لێکچوونیان لـەگـەڵ ناوونیشانی فەسڵەکانی کتێبێکدا هەیە کە ئەمڕۆ پەی بەم خاڵە دەبرێت.

زۆرینەی ئەو شێوازانەی دەخرێتەڕوو، بۆ هەواڵە فرەستوونییەکان گونجاو نییەو شوێنی بەکارهێنانیان بۆ ئەو مانشێتانەی تا دوو ستوونن، گونجاوە.

١) مانشێتی یەک دێڕیی:

مانشێتی یەک دێڕیی مانشێتێکە کە وەک ڕاستەهێڵێک دەتوانرێ لەسەر یەک ستوون یـاخـود چەند ستوونێک درێـژە بکێشێت. نموونە:

جەنگ جارێکیتر بۆ بەغداد گەڕایەوە

٢) مانشێتی دوو دێڕی یەکسان:

مانشێتی دوو دێڕی بەگوێرەی ژمارەی سـتـوونـە بـەکـارهـێـنـراوەکـان بـەشـێـوەی چوارگۆشە یاخود لاکێشە دەبێت. نموونە:

نووسەرێکی کورد بـووە بەدەستـهـێـنـەری خـــەڵاتی کتێبی **(کریستیان ئەندرسن)**

٣) مانشێتی فرەدێڕی یەکسان:

ئەم جۆرە مانشێتە بەگشتی بۆ ئەو مانشێتە بـچـووکـانـەی کـە پیتەکانیشیان بچووکە، دەتوانرێ تا (٤) دێڕیشی بۆ بنووسرێت و ژمارەی ستوونەکانیش لە (١ تا ٣) ستوون بێت. نموونە:

یادداشتی لێکتێگەیشتنی هاریکاریی زانستی فێرکردن و تەکنەلۆژی عیراق و ئیران ئـەمـڕۆ ئـیـمـزا کـــرا.

٤- مانشێتی پێپلیکانەیی:
مانشێتی پێپلیکانەیی بەگشتی بۆ هەواڵە (٢ تا ٣) ستوونییەکان گونجاوە، دوو تا سێ دێڕ لەژێر یەکتردا دادەندرێت و شێوەیەکی ناهاوتەریبی دروست دەکەن، نموونە:

پارلەمانی کوردستان پێشوازی لە
داخوازیی چاکسازی لە حکومەتی هەرێمدا کرد

٥- مانشێتی هەڕەمی هەڵگەڕاوە:
مانشێتی هەڕەمی هەڵگەڕاوە کە بۆ هەواڵە دوو تا سێ ستوونییەکان گونجاوە، لە دوو تا سێ دێڕ پێکهاتووەو ئەندازەی دێڕەکانی لەسەرەوە بەرەو خوارەوە کەمتر دەبێتەوە. نموونە:

تیپی تۆپی پێی کوردستان بە سەرکەوتن
بە سەر تۆپی پێی بەغدا
بوو بە قارەمانی ئاسیا

٦) مانشێتی سێگۆشەیی:
ئەم مانشێتە لەڕووی شێوەوە، بەپێچەوانەی مانشێتی هەڕەمی هەڵگەڕاوەیەو بەدێڕی بچووک دەستپێ دەکات و بەدێڕە گەورەکان کۆتایی پێدێت و شێوەیەکی سێگۆشەیی بەخۆوەدەگرێت. نموونە:

کوردستان
بە سەرکەوتن بە بەغدا
بوو بە قارەمانی تۆپی پێی عێراق

سەرەڕای ئەم شێوازانە، دەتوانرێ کۆمەڵێک مانشێتیتریش ڕەچاو بکرێت، بەڵام دەبێ ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیرێت کە دەتوانرێ شێوەی مانشێت لەگەڵ ئەندازەی هەواڵیشدا دەستنیشان بکرێت. هەواڵە دڕێژەکان بەدڵنیاییەوە مانشێتگەلێکی گەورەیان دەوێت و ژمارەی دێڕەکانیش پەیوەندی بەئەندازەی هەواڵ و ژمارەی ستوونە تەرخانکراوەکان بۆ هەواڵەکەوە هەیە. بەهەرحاڵ لە مانشێتە دوودێڕو فرەدێڕییەکاندا، هەر دێڕێک وەک بەیتی شیعر کار دەکات، وشەکان ناشکێنرێت و دەبێ بەجۆرێک دێڕبەندی بکرێت کە خوێندنەوەی مانشێتەکە بۆ خوێنەر خێراتر بکات.

***شێوەکانیتری مانشێت**

- مانشێتی نیوەهەڕەمی بۆلای چەپ نموونە:

****
****
****

- مانشێتی نیوەهەڕەمی بۆلای ڕاست: نموونە:

****
****
****

- مانشێتی سێگۆشەیی بۆلای چەپ نموونە:

****
****
****

-مانشێتی سێگۆشەیی بۆلای ڕاست نموونە:

****
****
****

-مانشێتی نایەکسان بۆلای چەپ نموونە:

****
******
****

-مانشێتی نایەکسان بۆلای ڕاست نموونە:

****
******
****

- مانشێتی نایەکسان و چڕکراوە نموونە:

****
******
****

***خاڵبەندی لە مانشێتدا (نیشانەدانان)**

بەڵەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵەی کە بەکارهێنانی ڕەمزو نیشانەکانی ڕێزمان، پێشینەیەکی ئەوتۆی لە زمانی فارسیدا نییە، لەبەرئەم هۆیە هێشتا پێگەو بەرپرسیارێتی ئەم نیشانانە لە هەستماندا جێگیر نەبووە، بەڵام لەبەرئەمەی کە خاڵبەندی یاریدەیەکی زۆری تێگەیشتن لە بابەتەکە دەدات و تێگەیشتنەکەی ئاسانتر دەکات و ئاڵۆزکاویی ناهێڵێت، بەکارهێنانی لەزمانی بەکارهێنراوی ڕۆژنامەدا، گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

نیشانەدانانەکان بە جیاوازییەکی کەمەوە لە مانشێتەکانیشدا بەکاردەهێنرێت، بەسوودوەرگرتن لەو نیشانانە دەتوانرێ مانشێتەکان کورتترو لەڕووی پەیبردن بە ماناکەشییەوە ئاسانتر بکرێت. لەم ڕووەوە، بەکارهێنانی نیشانەکان لەم باسەدا تەنیا لەبارەی مانشێتەکانەوە شرۆڤە دەکرێت.

١-خاڵ (.)

خاڵ لەکۆتایی ڕستە تەواوەکاندا بەکاردەهێنرێت و دەبێتەمایەی ئیستێکی درێژخایەن، بەڵام لە مانشێتدا خاڵ (.) تەنها بۆ کورتکراوەکان بەکاردەهێنرێت.

نموونە:

هەڵمەتی پڕوپاگەندەیی ڕادیۆی بی.بی.سی

بۆ ڕێبەرە کوردەکانی عیراق توندتر دەبێت

٢-ڤێرگول (،):

ڤێرگول ڕەمزی ئیستێکی کورتە، ڕاوەستانێکە کە لە مانشێتدا بەگشتی لە جارێک زیاتر بەکارناهێنرێت و هەندێک جار لە مانشێتدا دەبێتە جێگرەوەی (و)،(١٣) نموونە:

١-حکومەتی هەرێم، تورکیای بە دەستوەردان لە کەرکووک تۆمەتبار کرد

٢-ئامانجی سیستەمی نوێ، لەناوبردنی سنوورەکانە

٣-٢٠٠ کوژراو، ١٥٠٠ بریندار و ٣٠٠ میلیۆن دینار زیانی دەرەنجامی لافاوی باکووری وڵات بوو

٣-خاڵ و ڤێرگول (؛):

خاڵ و ڤێرگول نیشانەی ئیستێک یاخود ڕاوەستانێکە کە ئەم ئیستە بێگومان لە ڤێرگول زیاترو لە خاڵ کەمترە.

لە مانشێتدا بۆ جیاکردنەوەی دوو دەستەواژەی بەڕوالەت سەربەخۆ، بەڵام پەیوەندیدار بەیەکتر بەکاردەهێنرێت. لە دەستەواژە ڕوونکارییەکانیشدا بەتایبەتی لە مانشێتدا، دەتوانرێ بەکاربهێنرێت.

نموونە:

١-بڵاوبوونەوەی بەیاننامەیەکی نەناسراو لە (بەغداد)؛
حکومەتی عیراقی خستەژێر ڕەخنەوە

٢-کۆبوونەوەی سەرانی بزووتنەوەی نابەرپرسیارێتی لە جاکارتا
بوژاندنەوەی ڕۆڵی ژیاریانە لە جیهاندا

٤-دوو خاڵ (:):

نیشانەی **(دوو خاڵ)** بەرلە گواستنەوەی وتەیەک دادەندرێت و لەبری فرمان بەکاردەهێنرێت. هەروەها نیشانەی **(دوو خاڵ)** لە درێژەی بڕیار یاخود هەژماکردن و خستنەڕووی بەشەکانی بابەتێکدا بەکاردەهێنرێت.

نموونە:

١- **سەرۆک کۆمار:** گۆڕان لە سنورەکانی

ناوچەکەدا
قبوڵ ناکەین
٢- ئاماژەکاری نیویۆرک تایمز بۆ کۆشکی سپی:
دوژمنایەتی زیاتر لەگەڵ ئیران
٣- یەکێتی ئەوروپا: بەڵێ، نەخێر
فەرەنسییەکان ئەمڕۆ دەنگ دەدەن
٤- ٦ شێخی عەرەب لە بەیاننامەیەکدا: دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئیران

٥- نیشانەی گیومە (" ")
نیشانەی وتەگواستنەوە یاخود گیومە ("") لەسەرەتاو کۆتایی وتەگواستنەوەی ڕاستەوخۆدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەمانشێتدا لەبەرئەوەی گیومە بۆ دەستەواژە درێژەکان بەکارناهێنرێت، زیاتر بۆ دەستنیشانکردنی زاراوە یاخود دەستەواژەیەکی تایبەتی بەکاردەهێنرێت.
١-ڕۆڵی "مافیا" لەناو سیاسەتمەداران و پۆلیسی عیراقدا
٢-هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ڕێگاچارەی سیاسی دەربارەی "کەرکوک"

٦- نیشانەی داش (-)
نیشانەی داش بۆ جیاکردنەوەی ڕستە یاخود دەستەواژەیەکی دژیەکە، لە مانشێتدا زیاتر بۆ بەیەکەوەبەستنەوەی بەشەکانی وشەیەکی دووبەش بەکاردەهێنرێت.
هەروەها ئەم نیشانەیە لە کۆتایی مانشێتدا لەبری نیشانەی (:)یش دادەندرێت، بەمشێوەیە ناوی گوێزەرەوەکە یاخود پەیڤەری ڕستەکە لە کۆتایی مانشێتەکەدا دادەندرێت.
نموونە:
١-پرۆژەی ئەمریکی بۆ داماڵینی چەک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست- جگەلە ئیسرائیل
٢- مەحوی شاعیرێکی کوردی- ئیسلامییە
٣-گۆڕان لە سنوورەکانی ناوچەکەدا قبوڵ ناکەین- سەرۆک کۆمار

٧-نیشانەکانی پرسیار (؟) و سەرسوڕمان(!)
لەبەرئەوەی مانشێت دەبێ ڕوون، شایستەو شیاوی تێگەیشتن بێت، هەربۆیەشە کەم کات ئەوە دێتەپێش کە نیشانەی پرسیار (؟) و نیشانەی سەرسوڕمان یاخود سەرنجڕاکێشان کە بەگشتی لەو ڕستانەی دەربڕی هەستەسۆزی دەروونییە، بەکاربهێنرێت.
لەیەکێک لەو بابەتە جیاوکانەدا، یەکێک لە ڕۆژنامەکانی تاران دەربارەی ڕووداوەکانی جەزائیر ئەم مانشێتەی لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسیبوو
جەزائیر، ئامادەگی خەڵک بۆ پێکهێنانی حکومەت
سوپا کودەتا دەکات؟
ڕۆژنامەی ابرار-١٣٧٠/١٠/٨- لا١

-نیشانەی سەرسوڕمان
نموونە:
جەنابی وەزیر! گرانی هاوار دەکات

٨-نیشانە ماتماتیکییەکان لە مانشێتدا
زانستی ڕۆژنامەوانی ئەم تایبەتمەندییەی هەیە کە لەبەرئەوەی هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ هەست و هزردا هەیە، داهێنان لەو بوارەدا بەشێوەی بنەچەیەکی گومان لێنەکراو دەخرێتەبەرچاو. نوێکاریی و داهێنان لەگەڵ ڕۆژنامەوانیدا ئاوێتە بووە، هەرلەبەرئەمەشە وەرچەرخانەکان لەم زانستەدا ڕۆژانەییە. ئەم داهێنانە دەچێتە خزمەت وەرگرەکانەوە، تا سەرەڕای جوانکاریی لە شێوەدا، چۆنییەتی پەیوەندی لەگەڵ وەرگرەکانیشیدا چاکتر بکاتەوەو خێراتری بکات.
سود وەرگرتن لە نیشانە ماتماتیکییەکان لە مانشێتی ڕۆژنامەشدا دەچێتە بازنەی ئەم داهێنانەوە، هەرچەندە سود وەرگرتنی ڕاستەدروست لەم نیشانانەو ئامادەگی بۆ بەشیاودانانیان، مەرجێکی پێویستە.
بنۆرە نموونەگەلێک لەم مانشێتانەی کە بۆیەکەمین جار لە ئیران لە یەکێک لە

رۆژنامەکانی ولاتەکەدا تاقیکراوەتەوەو پێشوازیشی لێکراوە:

سەرمانشێت: لە کۆبوونەوەی دانیشتوانی سوداندا ڕاگەیەندرا

مانشێتی سەرەکی: ٥٠ ولات + ٥٠٪ی سەرچاوەکان + ناوچەی سوق ئەلجەیشی ئۆمەتی ئیسلام دەبێ سیستەمی نوێی جیهان پێکبهێنن- سەرۆک کۆمار

رۆژنامەی ابرار-١٣٧٠/٩/٢٤-لا١

نموونە:

١- (٢+٦) پێکهاتەی نوێ بۆ ئاسایشی شاری کەرکووک

٢- دابەشبوون X دابەشبوون

ئایندەی کۆمارە بەرژەوەندەاوبەشەکان

پەراوێزەکان:

١- Headline (E.)، titre (F).

٢-بۆنمونە ئەنجام نەدانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لەکاتی خۆیدا، پاشگەزبوونەوەی سەرۆکی ولاتێک لە سەردانەکەیدا بۆ ولاتێکیتر، ئەنجام نەدانی پرۆژەیەک کە بڕیاربووە جێبەجێ بکرێت.. هەریەک لەم کارانەی کە دەبوایە ئەنجام بدرێن و جێبەجێ نەکراون، لای خوێنەر سەرنجڕاکێشە (و-ک).

٣- Deck (E). Soustitre (F).

٤- Subhead.

٥-Banner Headline.

٦-Agenda- Setting.

٧- Donald Shaw، Maxwell McCombs.

٨- Point

٩- ئەم شێوازە بە جولانی (پارچە سێگۆشەیی)ش ناودەبرێت، چونکە بەرز و نزمییەکی زۆری لە ڕیتمی دەربڕیندا هەیە (و-ک).

١٠- Persuasive Heads.

١١- رۆژنامەی (ابرار) لەلایەن دامەزراوەی (ابرار) بۆ چاپ وپەخش لە شاری تاران بڵاودەکرێتەوە، ئێستا خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی (سەید محەمەد سەفی زادە)یە، خاوەنی کۆمەڵێک پاشکۆی وەک (ابرار اقتصادی، ابرار ورزشی و...هتد)ە. (و-ک).

١٢- بۆ تێگەیشتنی زیاتر، هەندێ لەم نموونانەم کردووە بەکوردی (و-ک)

١٣- -ڤێرگول بۆ ئەم مەبەستانەش بەکاردەهێنرێت:

ا) بۆ جیاکردنەوە و ژمارەکان:

نموونە: دەستکەوتی سوپای دەوڵەت لە دوژمن ١٠ فڕۆکە، ٥ تانک، ١٠ دانە تفەنگ و ١٠ هەزار فیشەک بوو.

پێویستە ئەوە وەبیربهێنرێتەوە کە بەرلە دوابەشی ژمارەکان لەبری ڤێرگول، (واو) دادەندرێت.

ب) کاتێ لەڕستەیەکدا چەند وەسفێکی تیادایە، پێویستە ئەو وەسفانە بە ڤێرگول لێک جیابکرێنەوە.

نموونە: کوردە دێرینەکان ڕاستکردار، ڕاستگۆ، جددی و ئازا بوون.

پ) بەشێوەیەکی گشتی لەهەر بابەتێکدا کە دوابەدوای یەک هاتنی دوو وشەش ئەگەر ئاڵۆزی دروست کرد، دانانی ڤێرگول پێویستە.

نموونە: دوای بڕینی چەند قۆناغێک، خوونچەکان دەبنە میوە.

ت)لەهەردوولای گوزارشتێک یا ڕستەیەکدا کە ئەگەر لەنووسینەکەش لابببردرێت، مەسەلەو بابەتەکە تێک نەدات.

نموونە: قەڵای دمدم، لەکاتێکدا کە بەبەفر داپۆشرابوو، لەدوورەوە دەرکەوت.

سەرچاوە: روزنامه نگاری نوین، تالیف:دکتر نعیم بدیعی و حسین قندی، انتشارات دانشگاه علامه طباطبایی، فصل دوم

سەرەتایەک بۆ مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

بەهادین ئەحمەد*

• **دەستپێک:**

ڕۆژنامەنووسیی بەشێکە لە فەرهەنگ و شارستانییەتی هەر گەل و نەتەوەیەک و ئامرازێکە بۆ پاراستن و گەشەکردنی زمان. هەروەها ڕۆژنامەنووسیی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و ڕۆشنبیرکردنی تاک هەیە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەسەڵاتداران هەوڵیان داوە چاپخانەکان و ڕۆژنامەکان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و وەکو ئامرازێک بەکاری بهێنن، بۆ چەواشەکردنی جەماوەر و شێواندنی ڕاستییەکان و جوانکردنی ڕوخساری خۆیان و داکۆکیکردن لە سیاسەت و بەرنامەکانی خۆیان .

هەروەها دەسەڵاتداران لە ڕێگەی گرتنەبەری شێوازی جۆراوجۆرەوە بەردەوام هەوڵی سەرکوت کردن و ڕاوەدونانی ڕۆژنامەنووسانیان داوە، چونکە ڕۆژنامەنووسیی بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێ و دەتوانێت چاودێریی حکومەت بکات و لە هەمان کاتدا وەکو پردێک و ڕایەڵێک وایە بۆ پێکەوەبەستنی جەماوەرو دەسەڵاتی سیاسی.

• **سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی لای گەلانی دراوسێ:**

ڕۆژنامەنووسیی لای گەلانی دەوروبەر و دراوسێی وەکو **(عەرەب، تورک و فارس)** زووتر سەری هەڵداوە و بە هۆی ڕەخسانی هەل و زەمینەی لەبار بۆیان وەکو هۆکاری سیاسی و ئابووری و هونەری پێش نەتەوەی کورد ڕۆژنامەیان دەرکردووە کە زۆرینەیان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دەرچوون و لەسەر خاکی خۆیان و لە دەرباری دەسەڵاتداران و بە پارەی ئەوان و بە پشتگیری ئەوان

دەرچوون، بەڵام یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە وڵاتی تاراوگە لە میسر و بە شێوەی ئەهلی و لە سەر گیرفان و پارەی خۆیان لە لایەن نەوەکانی **(بەدرخان پاشا)** وە میری میرنشینی **(جەزیرە و بۆتان)** هەردوو برا **(میقداد میدحەت بەدرخان و عەبدورەحمان بەدرخان)** ی برایەوە بەناوی **(کوردستان)** وە یەکەم ژمارەی لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لە قاهیرە دەرچووە.

یەکەم ڕۆژنامە لە جیهاندا بە زمانی عەرەبی :-

لە دوای هێرشی سوپای فەرەنسا بە سەرکردایەتی **(ناپلیۆن بۆناپەرت)** لە نێوان سالانی (١٧٩٨ - ١٨٠١) و داگیرکردنی میسر لە لایەن ئەو سوپایەوە.

سوپای ناوبراو بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆی و، وەکو بەشێک لە پرۆپاگەندەی سیاسی بۆ جوانکردنی ڕوو و ڕووخساری خۆی لە بەرامبەر جەماوەری میسری عەرەبی، چاپخانەیەکی هێنایە ناوخۆی میسرەوە و دوو قوتابخانەی بە زمانی فەڕەنسی بۆ منالانی ئەو وڵاتە دامەزراند، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەیەکیشی بە زمانی عەرەبی بەناوی **(التنبیه)** دامەزراند کە بە یەکەم ڕۆژنامەی عەرەبی دادەنرێ کە لە جیهان دا دەرچووبێت.

لە سالی (١٨٢٨) (محمد علی پاشا) بە سوود وەرگرتن لەو چاپخانەیە و بۆ داکۆکیکردن لە سیاسەتی حکومەتەکەی ڕۆژنامەیەکی بە عەرەبی بە ناوی **(الوقائع)** دەرکرد کە ئەمەش بە یەکەم ڕۆژنامە دادەنرێ کە لەو کاتەدا لە لایەن خودی نەتەوەی عەرەبەوە دەرچووبێ.

یەکەم ڕۆژنامە لە جیهاندا بە زمانی فارسی:-

سەبارەت بە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامە بە فارسی کە لە جیهاندا دەرچووبێت دووڕای جیاوازی هەیە کە ئەمانەن :

١- هەندێ لە میژوونووسان دەڵێن کە گوایە یەکەم ڕۆژنامە بە زمانی فارسی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە دەرچووە لە هندستان لەشاری **(کەلکەتە)** لە سالی(١٨٢٠) بە ناوی **(مرآة الأحوال)**.

٢- ڕای دووەم دەڵێت یەکەم ڕۆژنامە بە فارسی لە تارانی پایتەختی ئێران لە دەربـاری حوکمی قاجارەکان لە سالی (١٨٣٧) بە ناوی **(کاغز الاخبار)** لە لایەن **(میرزا سالەحی شیرازی)** دەرچووە کە ناوی ڕۆژنامەکەی دەقاودەق لە وشەی (News paper)ی ئینگلیزییەوە وەرگرتووە.

- **یەکەم ڕۆژنامە لە جیهاندا بە زمانی تورکی:-**

وەکو لاساییکردنەوەی **(محەمەد عەلی پاشا)** لە میسر، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ بەرگریکردن لە سیاسەتەکانی **(بابی عالی)** لە**(ئەستەمبوڵ)** لەسالی (١٨٣١) بەناوی **(تقویم الوقائع)**ەوە دەرکردووە .

- **ڕۆژنامەی (کوردستان) یەکەم**

ڕۆژنامەی کوردی لە جیهاندا :-

لە دوای شکستهێنانی هەردووشۆڕشی **(بەدرخان پاشا)** میری میرنشینی **(جزیرە و بۆتان)** لە ساڵی (١٨٤٧) و **(شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری)** لە ساڵی (١٨٨٠) لە دژی تورکە عوسمانییەکان، بەهۆی ئەو سیاسەتە تونددەی کە عوسمانییەکان لە بەرامبەر کورد پیادەیان دەکرد و هاوکات وروژانی هەستی نەتەوەیی و گەشەکردنی ئاستی وشیاری نەتەوەی کورد، ژمارەیەک کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستانی باکور سەریان هەڵدا،هاوکات بزوتنەوەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری بەهێز لە دەرەوەی دەسەڵاتی عوسمانی لە دژی حوکمڕانی **(سوڵتان عەبدولحەمید)** سەری هەڵدا کە خۆی لەو کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییانەدا دەبینییەوە کە لە دەستی سوڵتانی ناوبراو و دار و دەستەکەی هەڵهاتبوون و ڕوویان کردبووە وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی وڵاتانی **(میسر، فەرەنسا، بەریتانیا و سویسرا و...هتد)** .

• کورد و دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە قاهیرە :-

گەلی کوردیش وەکو گەلانی تری دەوروبەر بۆدرێژە پێدان بە خەباتی سیاسی و نەتەوەیی خۆی و داکۆکی کردن لە مافە ڕەواکانی، بیری لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە زمانی خۆی کردەوە، پاش ئەوەی هەردووکوڕانی بەدرخان پاشا **(میقداد مەدحەت بەدرخان و عەبدلڕەحمان بەدرخان)**ی برای ڕوویانکردە قاهیرە لە ڕۆژی (١٨٩٨/٤/٢٢)دا یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە جیهاندا بە ناوی **(کوردستان)** لە لایەن **(میقداد مەدحت بەدرخان)**ەوە دەرچوو.

*** هۆکارەکانی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە (میسر):-**

١- بوونی سەربەخۆی و ڕزگاربوونی میسر لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، چونکە لە سەدەی (١٩)دا دووجارمیسر لە لایەن سوپای بێگانەوە داگیرکرا:

جاری یەکەم / لە ساڵی(١٧٩٩-١٨٠١) لە لایەن سوپای فەڕەنسییەوە بە سەرکردایەتی ناپلیۆن داگیرکرا وەیەکەم چاپخانە و یەکەم ڕۆژنامەی بە زمانی عەرەبی لێدامەزرا، کە ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشێکی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی لەو وڵاتەدا.

جاری دووەم/ لە ساڵی (١٨٨١) میسر لە لایەن سوپای ئینگلیزەکانەوە داگیرکرا، وەجۆرێک لە ئازادی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووسی تێدا سەری هەڵداوە و ئەم ناوچەیە بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا نەمابوو، بە تایبەتی لە دوای هەڵگەڕانەوەی **(محەمەد عەلی پاشا)** لە عوسمانیەکان لە ساڵی(١٨٢٨)دا.

٢- بوونی مافی پەنابەری و ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین وای کرد کە کوڕانی **(بدرخان)** پاشا بیر لە دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیە لە میسر بکەنەوە .

٣- دەرچوونی یەکەم یاسای چاپەمەنی لە میسر لەساڵی (١٨٨٢) کە ئازادییەکی باشی بۆ ڕۆژنامەنووسان دەستەبەر کردبوو.

٤- نزیکی پێگەی جوگرافی میسر لە سنوری دەوڵەتی عوسمانی، هاوکات قورسایی ئەم وڵاتە لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە لە ناوچەکە و جیهان .

٥- نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دا و دانەنان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و فشار خستنە سەر نووسەر و ڕۆژنامەنووسە کوردەکان .

*** گرنگی و بایەخی ڕۆژنامەی کوردستان:-**

١- ڕۆژنامەی کوردستان دەست پێشخەرییەکی گرنگ بوو لە بواری زمان و

فەرهەنگی کوردیدا، چونکە ئەم ڕۆژنامەیە بە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دادەنرێ کە لە جیهاندا دەرچووبێت و هاوکات یەکەم جارە کە زمانی کوردی جیاواز لە ڕابردوو کە تەنیا زمانی نووسینی ئەدەبی بوو وەکو هۆنراوە و پەخشان، زمانی ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەری هەڵدا و زمانی کوردی خرایە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان هەروەک **(د.کەمال فوئاد)**لە پێشەکی ژمارە کۆکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسیویەتی: **((تا کۆتایی سەدەی ١٩هەم زمانی کوردی تەنیا زمانی گفتوگۆ و شیعر بووە نەک نووسین، لەبەر ئەمە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی (١٨٩٨) بایەخێکی تایبەتی هەیە لە میژووی زمان و ئەدەبی نەتەوەکەماندا)).**

هەروەها **(عەلادین سەجادی)** لە کتێبی **(ئەدەبی کوردی)**دا نووسیویەتی: **((سەدەی (١٩)خەریکی تەواوبوون بوو لەم میژووەدا، کورد زمانەکەی بە هۆی ڕۆژنامەوە کەوتە سەر لاپەڕەی کاغەز ئیتر لەو وەختەوە بەدواوە پەخشانەکەی ڕۆژبەڕۆژ ڕوخسار و ناوێکی تری پەیدا کرد)).**

٢- ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە بایەخێکی گەورەی هەبووە، چونکە بە دریژەپێدەری خەباتی سیاسی و هەردوو شۆڕشەکەی **(بەدرخان پاشا و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری)** دادەنرێ کە لە دژی عوسمانییەکان ئەنجامیان دا. لە ڕووپەڕی زۆربەی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا ڕەخنەی توند لە سوڵتان (عەبدولحەمید) و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گیراوە . هەروەک **(د.کەمال مەزهەر)** میژوونووسی گەورەی کورد لە کتێبی **(میژوو)**دا نووسیویەتی :**(کوردستان بۆ خۆی سەرچاوەیەکی گرنگ و ڕەسەنە بۆ تێگەیشتنی زۆربەی لایەنی ژیانی سیاسی و ڕوناکبیری کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا و سەرەتای سەدەی ٢٠هەم)**.

٣- ڕۆژنامەی کوردستان بایەخێکی گەورەی هەیە لە ڕووی میژووییەوە بۆ تێگەیشتن لەو قۆناغە میژووییەی کە گەلی کوردی پێدا تێپەڕیوە و ئەوشۆڕشانەی کە دژ بە دەوڵەتی عوسمانی کراوە. هەروەها بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن و سەرهەڵدانی **(سوارەی حەمیدی)** بە ڕای **(د.کەمال مەزهەر)** زانیارییەکانی ناو کوردستان یاریدەدەری باشی میژوونووسی کورد دەدەن بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن و چالاکی نیشتمانپەروەرانی کورد لەو سەردەم و قۆناغە میژووییەدا .

٤- ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بووارێ زمان و ئەدەبی کوردیدا و بڵاوکردنەوەی ژیانی شاعیرانی کورد و هۆنراوەکانیان و پەخشانی کوردی بۆ نمونە : بۆ یەکەم جار ئەم ڕۆژنامەیە بە شێوەی زنجیرە داستانی **(مەم وزین)**ی شاعیری گەورەی کورد **(ئەحمەدی خانی)** بڵاوکردەوە کە بە شێوەی هۆنراوە داپڕشتبوو.

٥- ڕۆژنامەی کوردستان خوێندنگەیەک بوو بۆ وشیارکردنەوەی تاکی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری سیاسی و ڕۆشنبیریان .

دەرچوونی خولی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان :-

بۆ یەکەمجار لە میژووی کورددا یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی **(کوردستان)** لە ڕۆژی (١٨٩٨/٤/٢٢) لە لایەن **(میقداد مەدحەت بەدرخان)**ەوە لە قاهیرە دەرچوو، ئەم ڕۆژنامەیە لە خولی یەکەمیدا تێکڕا(٣١) ژمارەی لێ دەرچووە .

ماوەی (٤ ساڵ) بەردەوام بوو، واتە خولی یەکەمی لە نێوان ساڵانی (١٨٩٨-١٩٠٢) دەرچووە.

لە ژمارە (١-٤) میقداد بەدرخان

سەرنووسەری بووە، بە هۆی نەخۆشکەوتنی ناوبراو، لەژمارە (٥)ەوە عەبدولڕەحمانی برای لە بری ئەو ئەرکی سەرنووسەری ڕۆژنامەکەی لە ئەستۆ گرتووە .

بەهۆی ڕاوەدوونان و فشاری بەردەوامی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر سەرنووسەرەکەی، ئەم ڕۆژنامەیە لە شوێن و چاپخانەی جیاوازدا بە شێوەی پچڕ پچڕ دەرچووە بەم جۆرە :

ژمارە (١-٥)ی لە **(قاهیرە)** دەرچووە.

ژمارە (٦-١٩)ی لە **(جنێف)** پایتەختی سویسرا دەرچووە .

ژمارە (٢٠-٢٣)ی جارێکی دیکە لە **(قاهیرە)** دەرچووە .

ژمارە (٢٤)ی لە **(لەندەن)** پایتەختی (بەریتانیا) دەرچووە.

ژمارە (٢٥-٢٩)ی لە شاری **(فۆلکستۆن)** لە باشوری (لەندەن) دەرچووە.

ژمارە (٣٠-٣١)ی بۆ جاری دووەم لە **(جنێف)**ی پایتەختی **(سویسرا)**دەرچووە.

بە شێوەیەک ڕۆژنامەی ناوبراو لە ماوەی خولی یەکەمی تەمەنیدا لە سێ وڵات و چوار شاری جیاواز و پێنج چاپخانە دەرچووە.

ئەم ڕۆژنامەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٦٨) لە کتێبخانەی شاری **(ماربۆرگ)** لە ئەڵمانیا لە لایەن **(د.کەمال فوئاد)**ەوە دۆزرایەوە کە سەرجەم ژمارەکانی خولی یەکەمی (٣١) ژمارە بوو بە دەست کەوتن، بەڵام (٥) ژمارەی نەدۆزرایەوە کە ئەوانیش(١٠-١٢-١٧-١٨- ١٩) کە لەم ساڵانەی دواییدا چەند ژمارەیەکی ئەو(٥) ژمارە ونبووە دۆزرایەوە و لە ساڵی (١٩٩٨) لە هەولێر لە ساڵیادی (١٠٠) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لەلایەن بەڕێزان **(عەبدوڵڵا زەنگەنە و مەحموود زامدار)**ەوە نمایشکرا .

ئەم ڕۆژنامەیە دوا ژمارەی لە **(جنێف)** لە(١٩٠٢/٤/١٤) دەرچووە، ڕۆژنامەی کوردستان بە زمانی کوردی و بە شێوەزاری **(کرمانجی سەروو)** دەرچووە بەپیتی **(عەرەبی)** و بەخەتی **(فارسی)** چاپکراوە. ڕۆژنامەکە بە چوار لاپەڕە و بە قەبارەی (٢٥،٥×٣٢،٥سم) دوو هەفتە جارێک دەرچووە. لە ڕووی چاپ و جۆری کاغەزەوە لە ئاستێکی باش و پێویستدا بووە.

لە ڕووی جۆری نەخشەسازی و دیزاینەوە سەرنج ڕاکێش بووە بۆ سەردەمی خۆی و پەڕەی یەکەمی بە دوو**(ستوون ـ کۆڵۆم)** دەرچووە و پەڕەکانی ناوەوەی هەندێ جار بۆ سێ **(ستوون ـ کۆڵۆم)** دابەشکراوە .

- **ڕوودانی شۆڕشی (مەشروتە) لە دەوڵەتی عوسمانی و دەرچوونی خوولی دووەمی ڕۆژنامەی (کوردستان) :ـ**

خولی دووەمی ڕۆژنامەی کوردستان لە دوای شۆڕشی **(مەشروتە)** لە دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (١٩٠٨) لە لایەن **(ئەحمەد سورەیا بەدرخان)**ی برازای **(میقداد مەدحەت بەدرخان وعەبدلڕحمان بەدرخان)** لە شاری **(ئەستەمبوڵ)** بۆ جارێکی تر ڕۆژنامەی **(کوردستان)**ی دەرکردەوە، هەرچەندە تاوەکو ئێستا هیچ ژمارەیەکی ئەم خولەی ڕۆژنامەی ناوبراو لە بەردەستدا نییە و نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام بەپێی وتەی **(ئەحمەد سورەیا بەدرخان)** کە لە سەروتاری ژمارە یەکی خولی سێیەمی ڕۆژنامەی ناوبراودا بڵاوی کردۆتەوە باس لەوە دەکات کە ڕۆژنامەکەی تاوەکو ساڵی (١٩٠٩) بەردەوام بووە لە دەرچوون وە بە هۆی هێرشی سەربازی سوپای عوسمانی بە سەرکردایەتی **(جەنەڕاڵ مەحموود شەوکەت پاشا)** وە لە ڕۆژی (١٩٠٩/٤/١٤) بۆ سەر شاری ئەستەمبوڵ و دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کەسێتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی ورۆشنبیرانی کورد لە نێویاندا ناوبراو، ڕۆژنامەکە داخراوە.

خولی سێیەمی ڕۆژنامەی (کوردستان):-
پاش تێکچونی بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی و ئاوارە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی کورد لە ناویاندا **(سورەیا بەدرخان)** ڕوو دەکاتە قاهیرە و لەوێ نیشتەجێ ئەبێ، پاشماوەیەک بیر لە دەرکردنی خولی سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستان دەکاتەوە، بۆیە لە ڕۆژی (١٩١٧/٩/١٢) ژمارەی یەکەمی دەردەکات، ئەم خولە ماوەی ساڵێکی خایاندووە لە نێوان ساڵانی (١٩١٧-١٩١٨) دەرچووە و تێکڕا (١١) ژمارەی دەرچووە کە دواژمارەی لە (١٩١٨/٨/٢٨) دواتر لەدەرچوون وەستاوە.

کورد و شۆڕشی((مەشروتە)) لە تورکیا:
لە پاش دروست بوونی کۆمەڵەی **(ئیتیحاد و تەرەقی)** لەژێر فشاری ئەم ڕێکخراوەدا، دەوڵەتی عوسمانی ناچارکرا ژمارەیەک چاکسازی لە ساڵی(١٩٠٨) ئەنجام بدات کە بە شۆڕشی (مەشروتە) ناو دەبرێت.

لە ساڵی(١٩٠٩) بۆ یەکەمجار یەکەم دەستوری عوسمانی نووسرایەوە، هەر لەو ساڵەدا یەکەم یاسای چاپەمەنی ڕاگەیەنرا.

هەموو ئەمانە وایانکرد کە جۆرێک لە ئازادی سیاسی و ڕێکخراوەیی و ڕۆژنامەنووسی بێتە کایەوە، بۆیە لەم قۆناغەدا گەلی کوردیش وەکو هەرنەتەوەیەکی ژێردەسەڵاتی عوسمانی هەوڵیدا سوود لەم دەرفەتە وەربگرێ.

هەروەک لەم قۆناغەدا ژمارەیەک ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کوردی لە نموونەی **(کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد)** لە ساڵی (١٩٠٨) و کۆمەڵەی **(هیڤی)** قوتابیانی کورد لە ساڵی (١٩١٣) و **(کۆمەڵەی تەعالی کوردستان)** لە ساڵی (١٩١٨) لە شاری ئەستەمبوڵ لە لایەن ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران و کەسایەتییە سیاسییەکان و خوێندکارانی کوردەوە دامەزراون .

یەکەم / کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد و ڕۆڵی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا:
بە یەکەم ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و سیاسی کورد دادەنرێ کە بە شێوەیەکی ئاشکرا لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا دامەزرا .

ئەم ڕێکخراوە خاوەنی پەیڕەو و پڕۆگرام و بەرنامەی سیاسی و ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆی بووە. لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لە لایەن کوردەکانی ئەستەمبوڵەوە دامەزراوە، **(شێخ عەبدولقادری شەمدینی)** بە زۆرینەی دەنگ بە سەرۆکی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردراوە .

ئەم ڕێکخراوە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی وەکو زمانی ڕێکخراوەکە و دەربڕینی سیاسەت و بەرنامەکانی خۆی دەرکردووە.

لە دوای ڕۆژنامەی کوردستان، ڕۆژنامەی **(تەعاون و تەرەقی کورد)** کە بە تورکی عوسمانی پێی وتراوە **(کـورد تـەعاون تەرەقی غەزەتەسی)** بە دووەم ڕۆژنامە دادەنرێ کە لە میژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا دەرچووبێت، لە هەمان کاتدا بە یەکەم ڕۆژنامە دادەنرێ کە بە شێوەی فەرمی و ئاشکرا لە ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا دەرچووبێت.

هەروەها ڕۆژنامەی ناوبراو یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە کە بە شێوەزاری کرمانجی خواروو تێدا نووسرابێ، چونکە ڕۆژنامەی کوردستان هەموو ژمارەکانی بە زاری کرمانجی سەروو نوسراوە.

خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری نووسینی بەشە کوردییەکەی ڕۆژنامەکە **(پیرەمێرد)**ی شاعیر بووە. سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینی بەشە تورکییەکەی **(ئەحمەد جەمیل دیاربەکری)** بووە.

ئەم ڕۆژنامەیە تێکڕا (٩) ژمارەی لێدەرچووە بەشێوەیەک :
ژمارە (١)ی لە (٢٢ی تشرینی دووەمی

١٩٠٨) دەرچووە .
دوا ژمارەی ژمارە (٤) لە (١٧ی کانوونی دووەمـــی ١٩٠٩) دەرچـــووە. هـەمـوو ژمارەکانی بە سەریەکەوە (٨٨)لاپەڕەیە.
ئامانج لە دامەزراندنی ڕێکخراوی **(تەعاون تەرەقی)** بۆ سەلماندنی مافەکانی نەتەوەی کـورد بـووە لـە چـوارچـێوەی دەوڵـەتـی عوسمانیدا، بـەڵام تورکە ئیتحادییەکان سیاسەتێکی تۆندیان بەرانبەر کورد پیادە دەکرد.
بـۆیـە پـاش سـاڵێک لـە دامـەزرانـدنـی کاروچالاکی ڕێکخراوەکانی قەدەغە کرد و ڕۆژنـامـەکـەیـانـی داخـست و سـەرۆک و هـەڵسـوڕێنـەرانـی ئـەم ڕێکـخـراوەیـان بە تۆمەتی جـودا خـوازی و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی دا بە دادگا و ژمارەیەکیان زیندانی و غەرامەکردن.

دووەم/ کۆمەڵەی (هیڤی) خوێندکارانی کـورد و ڕۆڵـی لـەر ڕۆژنـامـەنـووسـیـی کوردیدا :-

کۆمەڵەی **(هیڤی)** خوێندکارانی کورد لە سـاڵی (١٩١٣) لە شاری ئەستەمبوڵ لە لایەن ژمارەیەک لە کەسایەتی سیاسی ڕۆشنبیری کوردەوە دامەزراوە.
هەرچەندە ئەم ڕێکخراوە لەژێر ناوی خوێندکاراندا خۆی ڕاگەیەنرابوو، بەڵام ژمارەیەکی زۆرکـەم لە خوێندکارانی لە ڕێزەکانیدا کاریان دەکرد، بەپێی پەیڕەوی ناخۆ و ئامانجەکانیدا دەردەکـەوێ کە ئـەم ڕێکخراوە خوێندکارییە لە شێوەی پارتێکی سیاسی کوردیدا کار و چالاکی ئەنجامداوە.
کۆمەڵەی ناوبراو هەوڵیداوە لە ڕێگەی دەرکردنی هەردوو گۆڤاری **(ڕۆژی کورد و هەتاوی کـورد)**ەوە خۆی بە جەماوەر ناسێنێ وە داکۆکی لە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بکات و هەوڵی پێشخستنی زمان و ئەدەبی کوردی و ڕێنووسی کوردی بدات و هەوڵی وشیارکردنەوەی تاکی کوردی بـدات و لە دەوری ڕێکخراوەکە کۆیان بکاتەوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کورد یەکییان بخات.

یەکەم/ گۆڤاری (ڕۆژی کورد) :-

گـۆڤـارێـکـی سـیـاسـی و ڕۆشـنـبـیری مانگانەی وێنەدار بووە بە هەردوو زمانی **(تورکی و کوردی - هەردوو شێوە زاری کرمانجی سـەرو و خـواروو)** لـە لایـەن کۆمەڵەی **(هیڤی خوێندکارانی کوردەوە)** لە ساڵی (١٩١٣) لە ئەستەمبوڵ دەرچووە.
خـاوەنـی ئیمتیاز و سـەرنـووسـەری **(عـەبدولکـەریم سلێمانی)** نـاسـراو بە **(عەبدولکەریم حاجی عەبدوڵڵا کەرکووکی زادە)** بووە.
گۆڤاری ناوبراو لەماوەی یەک ساڵی تەمەنیدا سەرجەم (٤) ژمارەی لێ دەرچووە بە شێوەیەک :
ژمـارە یەک/ لـە١٩ی حوزەیرانی ١٩١٣ دەرچووە.
دوا ژمارەی ژمارە چوار لە١٤ی ئەیلولی ١٩١٣ دەرچووە.

دووەم/ گۆڤاری (هەتاوی کورد):-

لە دوای داخستنی گۆڤاری **(ڕۆژی کورد)** لە لایـەن دەسـەڵاتـدارانـی عوسمانییەوە، ئەم گۆڤارە دەرچووە لە لایەن **(کۆمەڵەی هیڤی خوێندکارانی کورد)**ەوە وەکو دووەم گۆڤاری کۆمەڵەکە .
خـــاوەن ئیـمـتـیـاز و سـەرنـووسـەری **(عەبدولعەزیز بابان)** بووە، کە بە هەردوو زمـانـی **(تـورکـی و کـوردی)**دەرچـــووە. سـەرجـەم (١٠) ژمـــارەی لـێ دەرچـووە هەموو ژمارەکانی بە شێوەی سەربەخۆ دەرچوون، تەنیا ژمارە (٤-٥)ی نەبێت کە لە یەک بەرگدا دەرچووە.
ژمـارە(یـەک) لـە ٢٤/تشرینی دووەمـی /١٩١٣ دەرچـووە. وژمـارە (دە)ی لە ٣/ تەموزی/١٩١٤دەرچووە.

سێیەم / کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و ڕۆڵی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا :

بە سێیەم ڕێکخراوی کوردی دادەنرێت کە بە شێوەیەکی کارا هەوڵیداوە بۆ بەرزی کوردان و گەشەپێدانی کۆمەڵگەی کوردی و پێشخستنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی .

ئەم ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە کوردییە لە ساڵی (١٩١٨) لە شاری ئەستەمبوول لە لایەن کەسێتی یە بە ناووبانگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە کوردەکانەوە بە هاوکاری هاووڵایانی کوردی خەڵکی ئەو شارە و ناوچە کوردنشینەکانی دیکە دامەزراوە و سەرۆکی ڕێکخراوەکە (شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) بووە.

ئەم کۆمەڵەیە گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی دەرکردووە کە دواتر لە ژمارە (٣٤) بەدواوە بووە بە ڕۆژنامە.

لە ژمارە (١-٢٠)ی گۆڤارەکە **(حەمزە موکسی)** خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری بووە، پاشان لە ژمارە (٢١) تاوەکو (٣٤) مەمدوح سەلیم بووەتە سەرنووسەری.

- **سەرچاوەکان:**

١- ئاشنا، ئومێد، دیارییەک بۆ یادی سەد و یەک ساڵەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی ٤/٢٢ (١٨٩٨-١٩٩٩)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ١٩٩٩.

٢- ئەمین، نەوشیروان مستەفا، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانیی کوردی (١٨٩٨-١٩١٨)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١ .

٣- ئەمین، نەوشیروان مستەفا، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانیی کوردی سالانی نێوان دوو جەنگی جیهانی (١٩١٨-١٩٣٨)، بەرگی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٤- خەزنەدار، جەمال، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، چاپخانەی دار الحریة للطباعة والنشر، بەغداد، ١٩٧٣.

٥- زەنگەنە، عەبدوڵڵا، ڕۆژی کورد، گۆڤاری جڤاتی هێڤی قوتابیانی کورد (١٩١٣-ئەستەموول)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥ .

٦- زامدار، مەحمود، کوردستانی دایک، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.

٧- سەجادی، عەلادین، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥٢.

٨- سەجادی، عەلادین، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٧٨.

٩-عەلیاوەیی، د.عەبدوڵڵا، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٠٤ .

١٠- فوئاد، د.کەمال، کوردستان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، چاپخانەی ئیخلاس، بەغداد، ١٩٧٢.

١١- مەلا، ئیبراهیم، ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکو چاخی نوێکاری، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.

*** خوێندکاری دکتۆرا لە ڕاگەیاندن / زانکۆی سلێمانی و مامۆستای بەشی ڕۆژنامەنووسی لە پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی .**

سەرەتایەکی مێژوویی لە بارەی کار و چالاکی و گەشەسەندنی رۆژنامەنووسیی لە شەقڵاوە و دەوروبەری (١٩٩١ـ٢٠١٠)

ئامادەکردن و نووسینی:
سامان حەمەدەمین عەلی ـ شەقڵاوە

ئامانج لەم لێکۆڵینەوە:

ـ پارێزگاری لە سەرەتای سەرهەڵدانی چالاکی رۆژنامەنووسیی لە شەقڵاوە.

ـ ڕێزلێنان لە هەنگاوەکانی گەشەسەندنی رۆژنامەوانی.

ـ خستنە ڕووی ڕۆڵی رۆژنامەنووسان بۆ خزمەتی بواری رۆژنامەوانی.

ـ بە مێژووکردنی ڕۆڵی رۆژنامەنووسان لە کوردستان بە گشتی و شەقڵاوە بە تایبەتی.

ـ بەرەو پێش بردنی ئاستی چالاکی رۆژنامەنووسیی لە شەقڵاوە.

ـ خزمەتێکی گشتی بە بواری رۆژنامەنووسی بۆ کوردستان و شەقڵاوە.

پێشەکی

شەقڵاوە، خاکی هەوار و حەسانەوە و گەشت و سەیران، شاری شۆڕشگێڕی و سەرهەڵدان و بەرەنگاری، شوێن پەناگە و میواندار‌ی و کۆبوونەوەی ئەدیب و ڕۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و شاعیران و داهێنان و بەیەکەوە ژیان.

ڕەنگە بەم چەند دێڕەی سەرەوە کورتەیەکی لە نازناوەکانی شەقڵاوەم باس کردبێ، چونکە مێژوویەکی درێژ و زێڕینی هەیە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی گۆڕان و گەشەسەندنی تاکو ئێستا. ئەم شارە کاریگەریی هەبووە لەسەر ڕووداو و پێشهاتە مێژووییەکان بە بەراورد لەگەڵ

شوێنەکانی دیکەی کوردستان. هەڵکەوتەی جوگرافی شەقڵاوە یەکێکە لەو هۆیانەی کە ئەمی ناساندووە و گۆڕانی باش و پێشکەوتنی پێداوە کە وەکو هەواڕێک بناسرێ و لە هەموو وەرزەکانی ساڵ خەڵک سەردانی بکات، ئەو سەردان و ناسینە تێکەڵی و نزیکبوونەوەی لەگەڵ کولتووری جیاوازەکان بۆ ڕەخساندووە وای کردووە کاریگەریی بەسەر باوەڕ و نەریتی خەڵک هەبێت، بۆیە زیاتر و زووتر دەرکی بە گۆڕان و ئەرکەکانی خۆی کردووە لە گەشەسەندنی عەقڵی مرۆڤایەتی و کار و داهێنانی ڕۆژانە. یەکێک لەو چالاکییە گەرموگوڕانە بواری ڕۆژنامەوانییە کە گەشەی خێرا و بەرهەمی گرنگی هێناوەتە دی بە بەروارد لەگەڵ شارۆچکەکانی دەوروبەری و کوردستان بە گشتی و لە ئاست و توانای خۆی نەکەوتووە. ڕەنگە کات و هەوڵەکانی لێک جیاواز بن، بەڵام هەرگیز لە ڕەوتی گەشەسەندن دانەبڕاوە و بەردەوامی بە خۆی داوە. لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ سەرهەڵدانێکی تازەگەری و پڕ لە داهێنانی هێنا کایەوە نەک تەنیا بۆ پڕکردنەوەی ڕووی لاپەڕەکان، بەڵکو تێکهەڵکێشی ئەزموونێکی درێژ و داهێنانی بابەتی ڕووداوەکانی ڕۆژ و گۆڕانەکان شەقڵاوەی کردە خاوەن ڕۆژنامەنووسیی کارا و سەرکردە نەک تەنیا دیدی بۆچوونیان لە چوارچێوەی ناوچەی خوول بداتەوە. بەڵکو بە ڕادەیەک گەشەیان کرد تێڕوانیان بۆ ڕووداوە کوردستانی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش دەربڕن. دوای ڕاپەڕینیش نەک تەنیا بۆ شەقلاوە بەڵکو هەموو کوردستان بواری کار و دەرفەتی داهێنان زیاتر و فراوانتر بوو شەقڵاوەش شان بە شانی ئەم گۆڕانە و وەرچەرخانە گرنگە.

پێویستییەکی خواستراوی هەبوو بۆ زاخاودانی خەڵکی بە هەڵوێست و هۆشیاری خۆی کە کەناڵی نووسراو ویستراوی لێ دروستبێ وەکو ڕادیۆ و ساڵنامە، وەرزنامە، مانگنامە، چەندین بڵاوکراوە، بۆ بە زیندووی هێشتنەوە و ڕێزلێنان لە ڕۆڵی کاری جیاوازی ئەم ڕۆژنامەنووسانە بە بێ جیاوازی ئایدیای سیاسی و ئایینی لە

خوارەوە بە بەڵگە ئەو بەرهەمانە دەخەمە بەردەم خوێنەری بەڕێز بە پێی شوێن لە ناوەندی قەزایی شەقلاوە ئینجا شارەدێیەکان و بە پێی کاتی دەرچوونیان پۆلێنیان دەکەین وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ تێگەیشتن لە کار و ئامانجی کارکردنیان و هەوڵێک بۆ ناسینیان:

گۆڤارەکان (مەم)

یەکەمین بەرهەمی رۆژنامەوانی لە ناوەندی قەزایی شەقلاوە

سەرەتایی دەستپێکردنی یەکەم کاری رۆژنامەوانی لە شەقلاوە و دەوروبەری گۆڤاری **(مەم)** بوو، کە ژمارەی یەکەمی لە مانگی ١٩٩١/١٠ بە قەبارەی ٧٢ لاپەڕە لە لایەن دەستەیەک لە رۆژنامەنووس و نووسەرانی شەقلاوە بڵاوکرایەوە. **(مەم)** یان **(محەمەد مەولود مەم)** ناوی ئەو نووسەرە دیارەیە کە لە سااڵنی شەست و حەفتاکان جێ پەنجەی بەسەر تەواوی ئەدەبیاتی کوردییەوە دیار بووەو یەکێکە لە کەڵە نووسەرە دیارەکانی شەقلاوە. ئەم گۆڤارەش هەر بە ناوی ئەم کراوە هەر وەکو لە ژمارە یەکی گۆڤارەکە هاتووە وەکو

رێز لێنان بە بەردەوامی لەسەر رێبازی ئەدەبیاتی، ئەو بۆیە ئەم گۆڤارەش هەر بە ناوی ئەو کراوە. لە یەکەم ژمارەیدا نووسەر و رۆژنامەنووسانی دیاری شەقلاوە بابەتیان بە وتار، چیرۆک، شیعر بڵاو کردۆتەوە. ئەگەرچی لە نێوان ژمارە ١ و ٢ی جیاوازی لە ناوونیشانیدا هەیە، کە لە ژمارە (١) دەڵێ: گۆڤارێکی ئەدەبی گشتییە، بەاڵم لە ژمارە (٢) دەڵێ گۆڤارێکی کولتووری گشتییە، بەاڵم ناوونیشانی ژمارە (٢)ی دروستترە، چونکە جێی سەرجەم بەهرەکانی ئەدەبی تێدابۆتەوە بە وتار، شعر، چیرۆک، نۆڤلێت (چیرۆکی زۆر کورت)، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، میژوو، لە نێوان ژمارە ١ و ٢ی جیاوازییەکی زۆر و گرنگ هەبووە، دوای دەرچوونی ژمارە (١)ی وەکو سەرەتا کار لە ژمارە (٢)ی بەشداری زیاتر و گرنگتری تێدا کراوە و هاوکات بابەتی بە سوودتری تێدا بڵاوکراوەتەوە.

لە قەبارەش ئەو جیاوازییە بەدی دەکرێ، لە ژمارە (١) تەنها ٧٢ لاپەڕەی A٤ بووە، بەاڵم بە ژمارە (٢) بۆتە ١٣٦ لاپەڕە.

گۆڤاری مەم لە لایەن دەستەیەک لە رۆشنبیرانی ئەوکاتی شەقلاوە دەرچووە، سەرنووسەرەکەی **(سابیر رەشید)** و سکرتێری نووسین **(زرار عەبدوڵاڵ سەرتاش)** و دەستەی نووسەران **(ئازاد حمدامین، ئەبوبەکر خۆشناو، مەلا گچکە، خەلیل خۆرانی، سەردار قادر، مەجید حاجی رەحمان)** بووینە. کە دەتوانین بڵێین ئەو دەستەیە نووسەرانی سااڵنی حەفتاکان بووینە و تەنانەت لە بواریک زیاتر کاریان کردووە، جگە لەوەی لە بواری شیعر داهێنەر و سەرکەوتوو بووینە لە بواری نووسینی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، دەقی شانۆ، چیرۆک خاوەنی شاکاری گرنگ و بە پێز بووینە. هەر لەم گۆڤارە دەستەیەکی راوێژکاریش کە ئەوانیش **(ئیسماعیل بەرزنجی، تاریق جامباز، سەباح رەنجدەر، بورهان ئیبراهیم یەعقوب)**ن، دەتوانین بڵێین بۆ سەرەتای کار

و دەرچوونی بەرهەمی رۆژنامەوانی گۆڤاری مەم بایەخێکی زۆری هەبووە و هاوکات سەرەتایەکی باشیش بووە بۆ هەنگاوی کار و بەرهەمی زیاتر، ئەم گۆڤارە تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو ١ و ٢ لە ساڵی ١٩٩١، دواتر بە هۆی زۆری کار و فراوانبوونی پەیوەندییەکان، نەتواندرا بەردەوام بێت.



دەنگارە

سەرەتای چوونە نێو کاری رۆژنامەوانی راستەقینە و گۆڕانی نەریتی ناوچەیی:

سەرەتای کاری رۆژنامەنووسیی لە کوردستان و دوای راپەڕین بە بەراورد لەگەڵ ئێستا جیاوازی ئاسمان و ریسمان بووە. چ لە لایەنی ئازادی کارکردن یان داهاتی کارکردن یان پسپۆڕی کارکردن ئەمە و وێڕای چۆنیەتی ڕێکخستن و دارشتن و نەخشەسازی ناوەڕۆک بە گشتی بایەخێکی پێویست و گرنگ بووینە بۆ مەرجی کارێکی سەرکەوتووی رۆژنامەوان. سەرباری ئەوەی لە رابردوو کراوە و هەمانبووە، بەڵام سوودی لێ وەرنەگیراوە یاخود شێوە کارپێکردنەکەی دروست نەبووە. گۆڤاری دەنگارە سەرەتای ئەو کارە رۆژنامەوانییە بوو لە شەقڵاوە و کوردستان بە گشتی پێشینەیەکی باشی خستە بەردەم خوێنەران و رۆشنبیران لەسەر کاری رۆژنامەنووسیی وەکو گۆڤار و بەرهەمێکی ناوچەیی بۆ شەقڵاوە وەکو ناوەکەی کە بە ناوی دەنگارە کراوە، چونکە پێشتر زۆربەی دام و دەزگا حکومی و میلییەکان ناوونیشانی سەردەمی بەعسیان هەبوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی ناوی دەنگارە زۆربەی شوێن و ڕێکخراو و دام و دەزگا نازناوی خۆیان گۆڕی بەم ناوە و ناوی کوردی نەتەوەی و ناوچەیی، کەواتە دەتوانین بڵێین گۆڤاری دەنگارە ناوەکەی هەنگاوێک بوو بۆ دروست بوونی نەریتێکی ناوچەی و نەتەوەیی خۆدامالێن لە رابردووی داگیرکاری، کارە رۆژنامەوانییەکەشی داهێنانێکی تازەی کارکردن بوو لەسەر رۆژنامەگەریی کورد و **(شەقڵاوە)**یاتی. یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٩٨ کەوتە بەر دیدی خوێنەران دەستەی کارکردنی بریتی بوو لە **(خاوەن ئیمتیاز ئازاد حەمەدەمین و سەرنووسەر سەردار عەزیز خۆشناو ، سکرتێری نووسین: بێکەس حەمە قادر دەستەی نووسەران: موخلیس خۆشناو، سابیر رەشید، زرار عەبدوللا سەرتاش، مەجید عەبدولڕەحمان)**، ناوەڕۆکی بە گشتی ڕۆشنبیری بووە بابەتەکانی پێک هاتوون لە مێژوو، هونەر، دیمانە، بیرەوەری، وتار، ئەدەب. ئەو کەسانەی بە بابەت بەشداریان تێدا کردووە بریتی بووینە لە رۆژنامەنووس و نووسەری پێشکەوتووی شەقڵاوە و کوردستان، تەنانەت ئەو بابەتانەی بڵاویش کراونەتەوە بە پێنووسی هەر کەسایەتیەک بێت گوزارشتی لە شاری شەقڵاوە کردووە و باسی ڕۆڵی خەڵک و وەفای شارەکە و جوانی سروشتی کردوە، بۆیە ئەگەر بڵێین گۆڤاری دەنگارە تەنیا گۆڤارێکی رۆژنامەوانی پیشەیی رۆژ بووە غەدرێکی مێژوویی لێ دەکەین. بەڵکو گۆڤارێکی بنەڕەتی فێربوون و پارێزگاری و شارەزایی و خۆشەویستی کاری رۆژنامەوانی بوو

بۆ شەقلاوە و کوردستان وەکو نەریت و سەرەتایەکی گۆڤارێکی ناوچەی تایبەت، وێڕای ناوە پیرۆز و جوانەکەی **(دەنگارە)** کە بەو سەرچاوە ئاوییە دەڵێن سالانە لە وەرزی بەهاران لە بناری چیای سەفین هەڵدەقوڵێ.

بارودۆخی کوردستان کاریگەریی لە سەر رۆڵ و کاری رۆژنامەنووساندا هەبووە، چونکە نەبوونی دەرفەتی کار و هەوڵ دووچاری وەستانت دەکا، رەنگە ئەو بارودۆخەش دەرەکی یا ناوەخۆ بەربەست بووە کە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران نەتوانن رۆڵی خۆیان ببینن، هەلومەرجی کوردستان بە گشتی ماوەیەک دووچاری وەستان و نامۆ بوون هات، من هیچ ناوێکی نەخوازراو وەبیر خوێنەران و رۆشنبیران ناهێنمەوە، بەڵام بارودۆخێک بوو کاریگەریی نەرێنی بە سەر هەموو تاکێکی کوردی باشووردا دروست کرد، هیوای نەگەڕانەوە و سەرهەڵنەدانەوەی بۆ دەخوازین، شەقلاوەش وەکو بەشێک لەو بارودۆخە دووچاری ئەو هەلومەرجە نەخوازراوە بوو، بۆیە ماوەیەکی و چالاکی رۆژنامەوانی دووچاری وەستان بوو. هیچ بەرهەمێکی لێدەرنەچوو.

شەقلاوە:

هەنگاوێکی تر لە کاری رۆژنامەوانی دەرچوونی گۆڤاری شەقلاوە بوو لە هاوینی سالی ٢٠٠٤. ژمارە (١)ی ئەم گۆڤارە بە قەبارەی (٦٠) لاپەڕە بە رووبەری A٤ وەکو گۆڤارێکی وەرزی و رۆشنبیری گشتی بڵاوکرایەوە، کە تەوەرە سەرەکییەکانی ناوەڕۆکی بریتی بوون لە وتار، شیعر، چاوپێکەوتن، میژوو، سیاسی، هونەر، وەرگێڕان، هەواڵ و چالاکی رۆشنبیری، ئەگەر چی ناوونیشانی لاپەڕە و بابەتەکان دیاری نەکراوە و روون نییە، بەڵام بە گشتی ئەو تەوەرانەی کە باسمان کرد لە ناوەڕۆکیدا هاتووە، ئەم گۆڤارە خاوەن ئیمتیازی خوالێخۆشبوو **(سەردار میران)** بوو، سەرنووسەرەکەی **(سەرباز خۆشناو)** و راوێژکارەکەشی **(عەزیز هەریر)**ی بوو، ئەم گۆڤارە تەنیا (١) ژمارەی لێدەرچوو، لەبەر هەر بارودۆخێک بێت بەردەوام نەبوو، بەڵام تا رادەیەک تەکانێکی دایە بواری رۆژنامەنووسیی و بەشداری کردنی رۆشنبیران لە بڵاوکراوەکان و نەفەوتانی کار و بەرهەمی ئەدەبیان و کەسایەتییە رۆشنبیرەکانی شەقلاوە، لەنێوان رابردوو و ئێستایاندا. بەڵام لەگەڵ ئەو وەستانەش دووبارە لە ساڵی ٢٠١٠ بە هەمان ناونیشانەوە بە ناوی گۆڤاری شەقلاوە بەڵام ئەم جارەیان وەکو گۆڤارێکی مانگانە کەوتەوە بەر دیدی خوێنەران، بە نەخشەسازی و ناوونیشانی جیاوازتر و بەرفراوانتر لەگەڵ گۆڤارەکەی پێشووتر، چ وەکو ناوونیشان لە ناوەخۆ یا لە ڕێگای پەیامنێران و ئەنتەرنێت و تەلەفۆن وەکو هەوڵێکی باشتر و خێراتر بۆ گەیشتنی پەیامەکان و بابەتی بەشداران بە گشتی. خاوەن ئیمتیازی ئەم گۆڤارە **(سەرباز خۆشناو)**ە و سەرنووسەرەکەی **(کاوە عبدالقادر)**ە و جێگری سەرنووسەرەکەی **(نامق تۆفیق مەسیفی)** و بەڕێوەبەری

نووسینی سریانی **(باسل ئەپریم)**ە ناوەندە رۆشنبیرییەکانی پیرمام، کۆڕێ، بالیسان، باسرمە، هەریر، کۆمەڵەی رۆشنبیرانی شەقلاوە و کلدان بەشداری تێدا دەکەن. ناوەڕۆکی بریتیە لە وتار، چاوپێکەوتن، میژوو، وەرزش، ستون، بیرەوەری، بابەتی ئامادەکراو، بابەتی سریانی، بە گشتی هەندێ بابەتی تریشی دەچێتە خانەی رۆشنبیری گشتی وەکو بابەتی کۆمەڵایەتی و زانستی و پیشەیی و تاد. بە گشتی ئامانجی کارییان رۆشنبیری گشتی و چالاکی رۆژنامەوانی بووینە لە شەقلاوە.

هەورێ:

هەر لە ساڵی ٢٠٠٤ لە هەنگاوێکی تری چالاکی رۆژنامەوانی دەرچوونی گۆڤارێکی تر بوو بە ناوی هەورێ. **(هەورێ)** ناوی ئەو زنجیرە چیایە کە لووتکەکانی شەکرۆک و کلاوقاسمی تێدایە، یەکێکە لەو زنجیرە چیایانەی دوژمنان لە سەردەمی رژێمی بەعسی بە قورسترین هێز نەیتوانی ئەم زنجیرە چیایە داگیر بکات، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی سنووری کارگێڕی قەزای شەقلاوە، بۆیە ئەم گۆڤارەش هەر بەم ناوە کرا، ئەم گۆڤارە یەکەم هەنگاوی بە ناوی ساڵنامە دەست پێ کرد لە یادی کارەساتی ١٦/٤ی دۆڵی خۆشناوەتی، وەکو ڕێزلێنان لە قوربانیانی ئەم کارەساتە بە هەر سێ زمان کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی دەردەچوو. خاوەنی ئیمتیازی ئەم گۆڤارە **(بڵند اسماعیل جەرجیل)** بوو، سەرنووسەرەکەی **(سامان حەمەدەمین)** بوو کە دەکاتە **((ئامادەکاری ئەم لێکۆڵینەوەیە))**. دەستەی کارکردنی بریتی بوو لە **(ئەبوبەکر ئیسماعیل)** وەکو جێگری سەرنووسەر **(ئاکۆ عوسمان)** بەڕێوەبەری ئیداری، **(زیاد حمدامین)** بەڕێوەبەری بەشی ئینگلیزی و **(باسل خۆشناو)** بەڕێوەبەری بەشی عەرەبی، **(سەردار خۆشناو)** بەڕێوەبەری نووسینی کوردی، **(سالار یاسین)** بەڕێوەبەری هونەری، لەگەڵ دەستەیەک لە دەستەی نووسین.بە گشتی گۆڤارێکی سیاسی بوو، ناوەڕکی پێک هاتبوو لە وتار، بیروبۆچوون، دیمانە، بیرەوەری، یاد و بۆنەکان، ئەلبووم، بە دوو قۆناغ کاری کردووە لە نێوان ژمارە ١ تاکو ٣ تەواو کارکردنی لە چوارچێوەی سیاسی بوو، بەڵام لە ژمارە ٤ تا ٧ بووە گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی لەسەر داخوازی زۆربەی رۆشنبیران مانەوەی لەنێو بابەتی سیاسی بواری گەشەپێدانی بەرتەسک بوو، بەڵام دەرچوونی بە شێوەیە رۆشنبیری گشتی بواری کار و خزمەت زیاتر بوو بە رۆشنبیران و شەقلاوە بە گشتی، هەر بۆیە لە قۆناغی دووەمی کارکردنی گۆڕان بەسەر دەستەی کارکردنیشدا هات، وەکو دانانی بەڕێوەبەری نووسین **(ئەرسانیس باسا عبدالاحد)** وەکو بەڕێوەبەری تازە هاوکات لە دەستەی کارکردنیش رۆشنبیرانی لە شارەدێی بالیسان و هیران و هەریر و تەنانەت ناو هەولێریش بەشداریان تێدا کرد، هەر لەم قۆناغەی کارکردندا تواندرا پەیوەندییەکان فراوان و بەشداری رۆشنبیران زیاتر بکرێ، بە تایبەتی لەگەڵ رۆشنبیر و هونەرمەندانی

دەرەوەی ولات، بەڵام ئەوانەی خەڵکی شەقلاوەن، بە بەراورد لەگەڵ گۆڤارەکانی پێشتر دەردەچوون گۆڤاری هەورێ زۆرترین ژمارەی تاکو ئێستا لێدەرچووە بە شێوەی وەرزی و بە بڕی دابڕان لە ماوەی کارکردنی خۆی تاکو (٧) ژمارە بەردەوام بوو.

لە ماوەی کارکردنی بۆشاییەکی گرنگی رۆژنامەوانی لە شەقلاوە دروستکرد، چونکە زۆربەی نووسەر و رۆشنبیرانی دەرەوەی شەقلاوە رۆڵ و خەباتی شۆڕشگێڕی شەقلاوەیان دەسەلماند لە رۆژانی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی، هاوکات کەسانێک کاریان تێدا کرد توانیان لە ڕێی کارکردنیان خۆیان پێبگەیەنن و ببنە خاوەن بەهرەیەکی دیار و گرنگ.

بە گشتی جەختی لەسەر بە یەکەوە ژیان جیاوازی ئایینی و نەتەوەی و برایەتی و ئاشتی و رۆشنبیری و هۆشیاری نەتەوەیی دەکرد.

(الينبوع)

شەقلاوە جیا لە خەڵکی موسڵمان خەڵکی مەسیحیشی تێدا نیشتەجێیە سەرباری بە یەکەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان هەردوو لادا لە نەریت و کاریش هاوبەشن تێکەڵی و نزیکییان لەگەڵ یەکتردا هەیەو بواری پەیوەندییەکانیان تایبەتمەندییەکی ڕێز لێنراوی هەیە، ئەو دەرفەتە بۆتە هۆی ئەوەی کار لەسەر تایبەتمەندی ئایینی خۆیاندا بکەن، گۆڤاری یەنبوع یەکێکە لەو کارە رۆژنامەوانیەی بە دەست پێشخەری چەند رۆشنبیرێکی ئەم شارە دەربچێت، یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٩٢ کەوتە بەر دەستی خوێنەران بە شێوەی مانگانە لە ڕێی کەنیسەی شەقلاوە دەردەچوو. بە گشتی گۆڤارێکی ئاینییە و ناوەڕۆکی لە چەندین تەوەری جیاواز لە میژووی ئایینی و ئاشتەوای پێک دێت و پەیوەندییەکی بەرفراوانی هەبووە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی لوبنان و ئەردەن، تەنانەت بە بابەت و بیروبۆچوونیشیان بەشداریان تێدا کردووە، بە یەکەم گۆڤاری مەسیحییەکانی شەقلاوە هەژمار دەکرێ وەکو کاری رۆژنامەوانی و رۆشنبیری میژووی ئایینی مەسیحی. یەکەم سەرنووسەری ئەم گۆڤارە (**قەشە ئازاد صبری**) بووە دواتر لە لایەن قەشە زیا و سنور خۆرانی سەرپەرشتی کراوە بە گشتی تا ساڵی ٢٠٠٤ بەردەوام بووە ٤٤ ژمارەی لێدەرچووە. ئەگەرچی لە سەرەتاوە گۆڤارێکی ئایینی دەرچوو، بەڵام دواتر وەکو تێکڕای گۆڤارەکانی تر تەوەرەکانی تری بەرفراوانکراوە بۆ کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و بیروبۆچوون لە ماوەی کارکردنیدا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ناسینی میژووی شەقلاوە لە لایەنە جوگرافی و میژوویەکەی و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری گشتی لەنێو تۆیژی گەنجان بەتایبەتی.

کەناڵی دەنگی کوردستان رادیۆی شەقلاوە

ئەگەر پێمان وابێت تەنیا کۆڕ و کۆبوونەوە کاریگەریی هەبێ بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە لایەنە گرنگەکانی ژیان، ئەوا بە

هەڵەدا دەچین، چونکە کار و بەرهەمەکانی تریش وەکو بڵاوکراوە بە هەر قەبارەیەک و شێوەیەک دەنگ و ڕەنگی دوو ڕێگای گرنگترن کە هزر و بیروبۆچوونی خەڵک ڕێک بخات، دەتوانین بڵێین لە دوای ڕاپەڕین و فراوانبوونی دەرفەتی ئازادی کارکردنی ڕۆژنامەوانی زیاتر بوو، بە سوود وەرگرتن لەو ماوە میژووییە رادیۆی شەقلاوە لە پێشەنگی کارە تازە و پێویستییەکانی شاری شەقلاوە بوو وەکو دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی دەمەزرا لەسەر ئاستی کوردستان وەکو شارۆچکەیەک ببێتە خاوەنی ڕادیۆیەکی تایبەت بە خۆی یەکەم پەخشی خۆی بە ناوی دەنگی قوتابیان لەسەر شەپۆلی FM لە ناوەندی شەقلاوە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ دەست پێ کرد.

بۆ ئەو کاتی هەلومەرجی سیاسی گەلەکەمان نەک تەنیا لە شەقلاوە بە کاری ڕادیۆی، بەڵکو هەموو چالاکییەک بایەخی تایبەتی خۆی هەبوو، چونکە سەرەتایەک بوو بۆ تێکەڵبوون بە ژینگەی ئازادی بۆ هەموو کوردستان، ڕادیۆیەکیش تایبەت بە دەنگی قوتابیان بایەخێکی زێڕینی هەبووە بۆ کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی قوتابیان لە لایەنی نەتەوەیی بە تایبەتی، چونکە قوتابیانی ئەو کات لە هەر قۆناغێکی خوێندن و ئینتیما بووبن، ئێستا هەڵگری بڕوانامە و پسپۆڕی تایبەت بە خۆیانن بە واتایەکی تر پەروەردەکردنی ئەو کاتیان ڕەنگدانەوە و کاریگەریی هەبووە بۆ دروستکردنی کەسایەتیان بۆ ئەمڕۆ. بە گشتی ئەم ڕادیۆیە بە سێ قۆناغی ناوونیشان ڕەت بووە، بۆ خزمەتکردنی بارودۆخی کوردستان و شەقلاوە بە تایبەتی لە سەرەتادا بە ناوی **(دەنگی قوتابیان)**، دواتر بۆتە **(ڕادیۆی برایەتی)** دواتر بۆتە **(دەنگی کوردستان ڕادیۆ شەقلاوە)** شەپۆلی پەخشکردنی گواستراوە سەر AM. لە سەرەتای دەستکردنیان بە کاری ڕادیۆی ئەم بەڕێوەبەرانەی هەبووە **(هەڵمەت عەبدوڵڵا، شێرکۆ عوسمان، محەمەد هەڵەبجەیی، هەژار زەخۆک، سەرهەد تۆفیق)** بەرنامەکانیش بە گشتی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی و میژوویی بووە، وەکو **(وەرزش، هونەر، کەلەپور، ڕۆشنبیری)** دوو بەرنامەی بەردەوام و ڕاستەوخۆشی لە بەیانیان و ئێواران هەبووە، ڕۆژانە پێشکەش کراون، بێژەرەکانیشی کە لە کارەکانیان دانەبڕابن **(عوسمان مەجید هێدی، ئەمین محەمەد (حەیدەری)، لانە جەلیل باپیر، سیروان سالح، فاخیر سالح، چۆمان حەسەن، ئەرسەلان عومەر، چنار یوسف "هێڤی")** وەکو پسپۆڕ لە بواری ڕادیۆیی کاریان تێدا کردووە، بەڵکو لە هەندێ کات ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەش بووینە بە گشتی ئەمانە سەرنووسەر یا بەڕێوەبەری بەرنامەکان بوون وەکو **(ڕزگار کەمال، حەسەن خۆشناو، خەلیل بندیان، سرود بایز)** دەرهێنەر و کارە تەکنیکیەکانیش بریتی بوو لە **(ئاسۆ عبادلکریم، سەردار عەبدوڵڵا گۆران، خەسرەو، سێبور ئەبوبەکر، دانەر حەمەدەمین)** وێڕای گرنگی ڕۆڵی کاریان و گرانی ئەرکیان لە پاڵ بەرنامەکانی کوردی، ڕۆژانە بەرنامە و پەشخی تایبەتیش بە زمانی سریانی و عەرەبی هەبووە. بە گشتی ڕادیۆی شەقلاوە کاریگەری زۆری لەسەر هۆشیار بوونەوەی خەڵک لە لایەن سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبوو بە تایبەتی هاوکات سەرەتای دەروازەیەکی گرنگیش بووە، خەڵک بەشداری ڕاستەوخۆیان بە نامە ناردن هاوبەشی لە کار و بەرنامەی ڕاگەیاندن بکەن و بتوانێ داواکاری و ڕەخنە و پێشنیاری خۆی بخاتە ڕوو لە لایەنی سیاسی و ئیداری خەڵک ڕابهێنێ بەشدار لە بیر و بۆچوونی دەسەڵاتدا بکەن، ئەم کەناڵە تاکو ٢٠٠٠/٥/٢٧ داخرا و تێکە بە دەنگی کوردستانی عیراق کرانەوە.

رادیۆی ئازادی

ئەم کەناڵەش لە ١٩٩٤/٩/١ دامەزرا، سەرەتا بە ناوی رێگای کوردستان پەخشی خۆی دەست پێ کرد لەسەر شەپۆلی AM بە فیرکانسی ١٥٨٨. لە ساڵی ١٩٩٦ ناوی خۆی گۆڕی بۆ رادیۆی ئازادی پەخشەکەی ناو شەقڵاوە و شارەدێ و دێهاتەکانی دەگرتەوە، یەکەم بەڕێوەبەر **(خالد سلێمان)** بووە، دواتر **(عادل اسماعیل)** بووە تاکو ئێستا، بێژەرەکانیشی بریتی بوون لە **(جەمیل قادر، ئەرسەلان عومەر، عەدنان ابراهیم، گۆڤەند سلێمان، بێستون حەمەد، سندوس فیصل، هونەر محەمەد، ئاڤان جەمال، دڵڤین عومەر)**، دەرهێنەرەکانی بەرنامەکانیشیان بریتی بووینە لە **(عادل ابراهیم، هاوبەش عەزیز، هەندرێن حەسەن، سیروان سەرکەوت)** بەرنامە کاریان رۆژانە و هەفتانە بووە، بەرنامە هەفتانەییەکانیان بریتی بووینە لە **(تەندروستی، رەنگاڵە، مامۆستا و پەروەردە، بەدواداچوون، مندڵان)** بەرنامەی رۆژانەشیان بریتی بووە لە هەواڵ و بەرنامە راستەوخۆکان، ئێستا پەخشی بەرنامەکانیان لەسەر شەپۆلی FM بە فرینکۆسی ٩١،٣ لە بەرنامەی کاریان دایە بەرنامەی سریانیش پەخش بکەن بە شێوەی رۆژانە یەک کاتژمێر، ئەم کەناڵە تاکو ئێستا پەخشی بەردەوامە.

بڵاوکراوە رۆژنامەنووسییەکانی شەقڵاوە:

لەپاڵ کاروچالاکی رۆژنامەنووسیی ناوەند و کۆمەڵە و رێکخراوە رۆشنبیرییەکان، جەمسەرێکی تری کاری رۆژنامەنووسیی بوون بۆ هەواڵ، بابەت، وتار، رەخنە، داواکاری، بیروبۆچوون و بەدواداچوون. وێڕای بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی وەکو شیعر، چیرۆک، نۆڤڵێت، بەڵکو دەتوانین بڵێین بەرهەمێکی بڵاوکراوەی چالاکییە رۆشنبیرییەکان بوون بە تایبەتی بۆ ئەو نەوەی ئێستا پێگەیشتووە دەرفەتیان ڕەخساند بتوانن توانا و بەهرەی خۆیان تێدا بدۆزنەوە، وێڕای ئەم راستییەش لە بۆنە و یاد و بیرەوەرییەکاندا رۆڵیان هەبوو بۆ زیندوو کردنەوەی مێژووی نەتەوایەتی و بە سەرکردنەوەی رۆشنبیر و هونەرمەند و بۆێژانی شەقڵاوە، ئەگەرچی لە لایەنی یاسایی مۆڵەتی کارکردنیان نەبووە، بەڵام بواری ڕەخنەیان تێدا هەیەو تەنانەت بوونە هۆی قوڵکردنەوەی گیانی یەکتر قبوڵکردن و دەست نیشان کردنی پێویستییە سەرەکی و گرنگەکانی شەقڵاوە، کە بە گشتی بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

سەفین:

مانگنامەیەکی رۆژنامەوانی تەندروستی بوو لە لایەن بەشی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شەقڵاوە دەرچووە. ژمارە ١ی لە ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە، قەبارەی ٤ لاپەڕەی A3 بوو لە لایەن راگەیاندنکارانی رۆژنامەنووس **(سەردارخۆشناو، عوسمان مەجید، ئارام ئەکرەم)** سەرپەرشتی کراوە، لاپەڕەی یەکەمی تایبەت بووە بە سەروتاری ژمارە و هەواڵە تەندروستییە تازە و گرنگەکانی جیهانی و کوردستان و سنووری

سەفین
Sefeen

کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی قەزایی شەقلاوە لاپەڕەکانی ٢ ـ ٣ تایبەت بوون بە بابەتە رۆشنبیرییەکانی تەندروستی لە سوود و زیان و ئامۆژگاری و رووداوە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان لاپەڕە ٤ی کە دوا لاپەڕە بوو بریتی بوو لە بابەتی چاوپێکەوتنی پسپۆڕی تەندروستی و چالاکی و داهێنانە تەندروستیەکان و ستوونێکی بەردەوام بە ناوی دواپەیف کە ناوەڕۆکی ستوونەکە داواکاری و ڕەخنەڕی دەخستە ڕوو. بڵاوکراوەی سەفین ئەگەرچی لە لایەن دامەزراوەیەکی حکومەت دەردەچوو، بەڵام هاندەرێکی گرنگیش بوو فەرمانبەران بە ئازادی را و بۆچوونیان لەسەر رووداوەکانی ڕۆژ هەبێ بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی و شەقلاوە بە تایبەتی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بۆ بەردەم خوێنەران سایتی ئەنتەرنێتی تایبەت بە خۆی هەبوو بۆ بڵاوبوونەوەی ژمارە لە دوای ژمارە.

شەقلاوە:

دووەمین بڵاوکراوە کە لە لایەن دامەزراوەیەکی حکومەت کە لە شەقلاوە دەرچووبێت بڵاوکراوەی شەقلاوە بووە، کە لە لایەن قائیمقامیەتی قەزایی شەقلاوە دەردەچوو وەکو مانگانەیەکی ئازاد بۆ خەڵک و فەرمانگە حکومییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی بابەت و بیروبۆچوونی خۆیان. قەبارەکەی بریتی بوو لە ٤ لاپەڕە بە ڕووبەری A4 لاپەڕەی یەکەمی بریتی بوو لە هەواڵ و چالاکییەکانی قائمقامیەت و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەت لە شەقلاوە، لە لایەن چەند راگەیاندنکارێک سەرپەرشتی ئەم بڵاوکراوەیەیان دەکرا بۆ بابەتەکان و وەرگرتنیان لاپەڕەی دووەم و سێیەمی تایبەت بوون بە وتار و بیروبۆچوونی خەڵک و ڕۆڵی فەرمانگاکانی حکومەت لە ناو شەقلاوە لە لایەنی ئاوەدانی و کارکردن لاپەڕەی چوارەمی تایبەت بووە بە دیدار و چاوپێکەوتن و لێدوانی ئازاد بۆ خستنە ڕووی گیروگرفتەکانی خەڵک، ئەم بڵاوکراوەیەش تا ڕادەیەکی باش دەرفەتی ڕەخساند بۆ ڕەخنەی ئازاد و تەندروست و هۆیەکی گرنگیش بوو بۆ دۆزینەوەی کێشە لابەلاکانی حکومەت لە نێو دام و دەزگاکان و چارەسەر کردنیان لە ناو شەقلاوە بەتایبەتی. بە گشتی ئەم بڵاوکراوەیە (٧) ژمارەی لێ دەرچوو، ئامانجی گشتی ئەم بڵاوکراوەیە دەرخستنی

چالاکییەکانی حکومەت و پێداویستییەکان بوو لە ناو شەقلاوە.

شالوور:

ئەم بڵاوکراوەیە وەکو مانگنامە لە لایەن کۆمەڵە رۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی شەقلاوە بە ئامانجی رۆشنبیری گشتی دەردەچوو، بە قەبارەی ٨ لاپەڕە و بە رووبەری A4 خاوەنی ئیمتیازی ئەم بڵاوکراوەیە هەمان کۆمەڵەیە سەرنووسەری **(سەرباز خۆشناو)** و دەستەی نووسەرانی **(شەهێن تەها، ئیسماعیل ئاودێر، رەشید هەمزە، سەربەست مەجید)**ە. لاپەڕەی یەکەمی وەکو بڵاوکراوە رۆشنبیرییەکانی تر تایبەتە بە هەواڵەکان و سەروتاری بڵاوکراوە و پێشهاتە گرنگەکانی کوردستان. لاپەڕەی دووەمی بریتیە لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی رۆشنبیران لە ماوەی مانگی کارکردنیدا، لاپەڕەی سێیەمی بریتیە لە بابەتی ئەدەبی لە لایەن ئەندامانی کرمەڵە. لاپەڕەکانی چوارەم و پێنجەمی بریتییە لە دیداری بڵاوکراوە لەگەڵ رۆشنبیر و هونەرمەندان و رووناکبیرانی شەقلاوە، لاپەڕەکانی شەشەم و حەوتەمی تایبەتە بە خستنەرووی داواکاری و ڕەخنە و پێشنیاری رۆشنبیران و نووسەر و چالاکوانی شەقلاوە. لاپەڕە هەشتی تایبەتە بە هەواڵە تەنزەکانی ناو شەقلاوە و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وەکو پرسەنامە و پیرۆزبایی یاد و بۆنە گشتی و تایبەتییەکان، دەتوانین بڵێین ئەم بڵاوکراوەیە سەرجەم بەرهەمەکانی دەچێتە خانەی رۆشنبیری گشتی پەیوەست بە هەموو چین و توێژەکان و هەوڵدان بۆ تێکەڵاوکردنیان لەگەڵ چالاکییە مەدەنییەکان و رۆشنبیری لەگەڵ جەماوەر و دام و دەزگا حکومە و رێکخراوەکان. هاوکات کرانەوەی ڕەخنە و داواکاری خەڵک بۆ خستنە رووی داواکارییەکانیان.

بووکی کوردستان:

ئەم بڵاوکراوەیەش لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن ناوەندی رۆشنبیری شەقلاوە بە قەبارەی ٤ لاپەڕە و بە رووبەری A4 دەردەچوو، دەستەیەک سەرپەرشتی کارەکانی ئەم بڵاوکراوەیە دەکا کە لە **(ئەرسانیس باسا، سەلام حەسەن، عوسمان مەجید، عادل اسماعیل)** بوون، لاپەڕەی یەکەمی وەکو بڵاوکراوەکانی تر تایبەتە بە هەواڵەکانی شەقلاوە و گۆڕانکاری و پێشهاتەکان لە کوردستان، لاپەڕەی دووەم و سێیەمی تایبەتە بە بابەتە ئەدەبییەکان وەکو وتار، کورتە چیرۆک)، شیعر، بە گشتی بەرهەمەکانی لاپەڕەی ئەم بڵاوکراوانە بەردەوام نەگۆڕ بووینە بەڵکو زۆرجار لە شوێنی بابەتە ئەدەبییەکان گۆڕاوە بۆ چاوپێکەوتن یان خستنە رووی چالاکی ئەو ناوەند و کۆمەڵەیەی یا ئەو رێکخراوەی بڵاوکراوەکە بڵاو دەکاتەوە تایبەت بە خۆیان وەکو یادی دەمەزراندنیان یا سازدانی چالاکیەکی بەرفراوان، ئەمەش بۆ ئەوە بووە تاکو بتوانن چالاکی ئەندامانیان بگەینن جەماوەر بەشداری و تێکەڵی زیاتر لەگەڵ جەماوەر دروست بێت، لاپەڕەی چوارەمی ئەم بڵاوکراوەیە تایبەت بووە

بە چەند ستوونێکی بەردەوام کە لە لایەن رۆشنبیرانی شەقڵاوە نووسراون، بە گشتی ئەم بڵاوکراوەیەش دەچێتە خانەی رۆشنبیری گشتی جەماوەر و ئەندامانی ئەو ناوەندە بە تایبەتی.

کەژی سەفین:

جیاوازی ئەم بڵاوکراوەیە لەگەڵ بڵاوکراوەکانی پێشووتر گرنگ و بایەخدارە، چونکە ئەم بڵاوکراوەیە لە لایەن هیچ ناوەند و کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی خاوەن سەرمایەی کارکردن دەرنەچووە!، بەڵکو لە لایەن کۆمەڵە قوتابییەکی خۆبەخش و بەهرەمەند لە لێژنەی قوتابیانی پەیمانگای مەڵەبەندی مامۆستایان دەرچووە بە دوو هەفتە جارێک بڵاو دەکرایەوە، بە قەبارەی ٨ لاپەڕە و بە ڕووبەری A4 ناوەڕۆکی ئەم بڵاوکراوەیە بریتی بووە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی قوتابیان وەکو، وتار، شعر، پەخشان، هەندێ جار ڕاپۆرت و دیداری ڕۆشنبیرانیشی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو شوێن و ناوە زانستیەی خۆیان ڕەنگە لە هەندێ ژمارە باس لە بارودۆخی خوێندن و ناوەندەکانی خوێندن و بارودۆخی قوتابیان و مامۆستایان کراوە، بەڵام ڕادەی ئەدەبییەکەی زیاتر و بەرفراوانترە وەکو هەوڵێک بۆ ڕۆشنبیر کردنی قوتابیان بە ئەدەبیاتی کوردی ئەگەرچی لایەنە سیاسییەکەی لاوازە، بەڵام بە ڕادەیەکی باشیش لە ئاست تێگەیشتنی قوتابیان باس لە چارەسەر و ئامۆژگاری کێشە کۆمەڵایەتی و تایبەتی و کەسییەکانی نێوان ئافرەت و پیاویش دەکا، سەرپەرشتی ئەم بڵاوکراوەیە لە لایەن دەستەیەکی کارا و دیدە ڕۆشەن بووە کە بریتین لە: **(سەردار خەسرۆ، بەرپرسی لێژنەی قوتابیان، زەمەند گۆمەشینی، سەرپەرشتیار، دەستەی نووسەرانی بریتی بووە: لە چنار کەمال، هودا حەسەن، ئەختەر تاهیر، سامان ئەحمەد)**، ئەگەرچی ناوونیشانی لاپەڕەکانی دیاری کراو نەبووینە، بەڵام بە گشتی ناوەڕۆکی هەر هەشت لاپەڕەکەی بریتی بووە لە ئەدەبی، ئامادەکردن، ئامۆژگاری، زانیاری ئەدەبی و زانستی، میژوو و بابەتی مەدەنی، ئەم بڵاوکراوەیە لە ماوەی کارکردنی ٧ ژمارە بە بێ دابڕان لێدەرچوو. بە گشتی بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە و بابەتەکانی گەنجانە و سەرەتای بووینە بۆ دواڕۆژی قوتابیان.

گۆڤار و بڵاوکراوەکانی شارەدێی بالیسان:

بارودۆخی کوردستان تاکو سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینی بە هۆی دەست تێوەردانی دەرەکی و نەیارانی نەتەوەیی لە ناوخۆ، ئەمەش وای کرد دەسەڵات و خەڵک درەنگ بیر لە کەموکوڕی و پێویستیەکان بکەنەوە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بە تایبەتی شوێنەواری وێرانکاری مادی و مەعنەوی سەردەمی ڕژێمی بەعس. دێهاتەکان لە پێشەوەی ئەو کارەساتە دێن کە بەعس لەسەر نەخشەی مرۆڤایەتی سڕیەوە بە ئاوەدانی و گیانی وێران کردن، بۆیە دەبوایە هەنگاوی یەکەمی کابینەکانی کاری حکومەتی هەرێم لە دێهاتەکانەوە بەرەو شار بێت نەوەکو پێچەوانە، چونکە ئامانجی گرنگ و بەردەوامی دوژمنان و لە هەمان کات پاڵپشتی بە هێزی لایەنە سیاسییەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووینە. لەبەر کەموکوڕی ئەو پێویستیانە کاری ڕۆژنامەوانی زۆر بە درەنگەوە دەست پێ کرا و سەری هەڵدا، کە دەستیشی پێ کرد، بۆ ئامانجی ئاوەدانی و خستنە ڕووی پێویستییە مرۆیی و گوزەرانییەکان بووە بۆ بنەماڵەی کەسوکاری قوربانیانی کارەساتەکانی دوژمنان لە جیاتی خستنە ڕووی گرنگی و بایەخی میژووی و ئێستایدا، شارەدێی بالیسانیش بە سەرجەم دێهاتەکانییەوە پاڵپشتێکی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان

و زۆربـــەی لایـەنـە سیاسیە سـەرەکیـان بووە، لەبەر ئەو ئازادییەی خەباتی شاخی بـزووتـنـەوەی رزگـاریـخـوازی نـەتـەوەیـی هۆشیاری سیاسی زیاتر و قوڵتریان هەبووە، بۆ خزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەیمان بۆیە لەپاڵ هۆشیاری نەتەوەیی بەهرەمەندی ئەدەبیشی لـە بـواری شعر و چـیـرۆک و نووسین تێدا هەڵگەوتووە. ئەو بلاوکراوە و گۆڤارانەی لە دوای راپەڕین لە سەروی ساڵی ٢٠٠٠ دەرچـووون لە سەرەتا وەکو تێکڕای کـارە رۆژنامەوانییەکان بە کاری سەرەتایی دەست پێکرا، بـەڵام هەنگاو بە هەنگاو پـەرەی پێ درا، کـە بـەم شێوەی خـوارەوە رۆڵیان دەخەینە روو لە ماوەی کارکردنیاندا:

شازدەی چوار:

یەکەمین بـلاوکـراوە لـە دوای ئاسایی بـوونـەوەی بـارودۆخـی ئیداری و سیاسی کوردستان لە سنوری شارەدێی بالیسان کە بلاوکرایـەوە بـلاوکـراوەی ٤/١٦ بووە کـە لـە (١٠) لاپـەڕە و بـە رووی (A٣)ە. یـەکـەمـین ژمـــارەی ســاڵـی یـەکـەمـی لە ٢٠٠٤/٤/١٦ کەوتە بەردەستی خوێنەران کـە لـە لایـەن بـەڕێوەبـەرایـەتـی شـارەدێی

بالیسان دەرچووە. یەکەمین دەستەی کاری بلاوکراوە بریتی بووینە لە **(ئەدیبە عوسمان، ئەحمەد مستەفا، محەمەد جەمال، سەردار شێخ وەسانی)** بە گشتی بابەتەکانی هەر دە لاپەڕەی بلاوکراوەی بریتین لە: وتار، هەواڵ، کار و پرۆژە، رەخنە، ئامار، چاوپێکەوتن، داواکاری، شعر، چیرۆک، ئەگەرچی لاپەڕە سەرەکییەکانی بێ ناوونیشانن لای خوێنەر بە بەراورد لەگەڵ نووسەر و رۆژنامەنووس زەحمەتە بابەتەکان لێک جیا بکاتەوەبەڵام بە رادەیەکی باش رووبەری داوەتە بابەتەکان و بە نەخشەسازیێکی دروست بابەتەکان رێکخراون، ئەم بلاوکراوەیە وەکو ساڵنامەی یادی کارەساتی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان بۆ رێزلێنان لە رەنج و خەبات و قوربانی خەڵکەکە بە گشتی وەکو یەکەم هەنگاوی کـاری رۆژنـامـەوانـی دەرچـووە ئامانجی گشتی خستنە رووی رۆڵـی خـەڵـک لە خەبات و مێژووی ناوچەکە و رێزلێنان بووە لە کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی کارەساتی کیمیاباران بووە بە تایبەتی لە گوندەکانی شێخ وەسان، بالیسان، وەری، سـەروچـاوە قاسماوەی بالیسان، خەتێ، مەلەکان، بلەژێری، ژمارەکانی داهاتووی ئەم بلاوکراوەیە چووە قەبارەی گۆڤارێکی گـونـجـاو و شـایـەن بـە یـادی ٤/١٦/ و بەهرەمەندارنی نووسین و دەستەی کارکردن و مانەوەی لە ئەرشیفی رۆژنامەنووسیی کوردی.

شانزەی چوار:

لـە بـلاوکـراوەی ٤/١٦/ بـۆ دواتـر بۆتە گۆڤارێکی گونجاو و قەبارە و رووبـەری بابەتەکان فراوان و گرنگتر بووە و تەنانەت پەیوەندییەکانیش فراوان بکەن بۆ گەیاندنی را و بـۆچـوونـی خـەڵـک و کـەسـوکـاری شەهیدان و قوربانیانی کارەساتی کیمیاباران و ئەنفالکردنی دۆڵـی بالیسان، هـاوکـات دەسـتـەی کارکردنیشیان فراوانتر کردن بەم شێوەیە: خاوەنی ئیمتیاز ساڵح ئەکرەم

حەیدەری، دەستەی کارا: کەریم عەبدوڵڵا هەرتەلی، محمد جەمال، توانا موسلیح، سەردار عبدالرحمان، تاهیر سەمەد، ئەدیبە عوسمان، فەیسەڵ قادر، بەرزان شەلال، کاری نەخشەسازی توانا موسلیح.

بە بەراورد لەگەڵ بڵاوکراوەی سەرەتا لە نێو گۆڤارەکە بابەتی زانستی و پوختتر بەدی دەکرێن ئەگەرچی لە لایەنی پۆلێن کردن و ڕێزبەندی بابەتەکان کەموکوڕی هەیە، بەڵام لە قەبارە و ناوەڕۆک ڕێکخراوترە، قەبارەی ژمارەی یەکەمیشی لە ١٤٨ لاپەڕە پێک دێت، لە ماوەی کارکردنی کاری ڕۆژنامەوانییان توانیان ڕۆژنامەنووسیی و ئاستی گۆڕان و میژووی کارەساتی ٤/١٦ بخەنە ڕوو وەکو سالنامەیەکی ڕۆژنامەوانی.

ئاوێر:

ئەم بڵاوکراوەیە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٦ کەوتە بەر دەستی خوێنەران بە قەبارەی ٨ لاپەڕە و بە ڕووبەری A3 دەستەی کارکردنیان بریتیە لە **(خاوەنی ئیمتیاز: کەریم عەبدوڵڵا هەرتەلی، سەرنووسەر: ئەحمەد مستەفا، بەڕێوەبەری نووسین: توانا موسلیح، دەستەی نووسەران: محەمەد جەمال، ئەدیبە عوسمان، تاهیر سەمەد، بەرزان شەلال)** بە شێوەی مانگانە بۆ ڕۆشنبیری گشتی کار دەکات ناوەڕۆکی بریتییە لە بابەتی: سیاسی، میژوویی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پەروەردەیی، ڕەخنە، داواکاری.

ڕاز:

ئەم گۆڤارەش وەکو سالنامەیەک لە یادی ٤/١٦/ یەکەم ژمارەی لە ٢٠٠٨/٤/١٦ کەوتە بەر دیدی خوێنەران، دەستەی کار کردنی بریتین لە (**حەیدەر عەبدوللا: سەرنووسەر، دەستەی نووسەران:** حەسەن شێخ وەسانی، هاوکار عەبدوللا) بابەتەکانی ناوەڕۆکی بریتین لە **(ڕەخنە، بەدواداچوون، میژوو، ئەدەب، کولتوور و یادکرنەوە)** بە گشتی ئامانجی کاریان بریتییە لە داخوازی و چۆنیەتی بارودۆخی کاری کەسوکاری شەهیدانی کارەساتی کیمیابارانی و ئەنفالکردنی دۆڵی بالیسان، بە بەراورد لەگەڵ هەوڵە سەرەتاییەکانی ڕۆژنامەنووسیی لە سنووری شارەدێی بالیسان پێشکەتوو و ڕێکخراوە لە خستنە ڕووی گیروگرفتی خەڵک و پێداویستییەکانیان.

خۆشناوەتی:

هەنگاوێکی تری تازەی ڕۆژنامەگەریی



دەرچوونی گۆڤاری خۆشناوەتییە وەکو وەرزە گۆڤارێکی کولتووری ژمارە (١)ی لە ساڵی ٢٠٠٩ کەوتە بەر دیدی خوێنەران بە قەبارەی (٨٨) لاپەڕە و بە رووبەری A4، ناوەڕۆکی لە چەند تەوەری جیاواز پێک دێت: میژوو، دیمانە، ناودارانی پەروەردە، هەمەڕەنگ، بەڵام گرنگترین تەوەری ناوەڕۆکی ئەم گۆڤارە کە سنووری شارەدێی بالیسان پێویستی پێیەتی ئەویش پەروەردەیە، چونکە سەرجەمی خەڵکەکە لە بارودۆخی ناسەقامگیر ژیان تێکەڵی زۆر نەریت و گومانی دەروونی بووینە، خاوەنی ئیمتیازی ئەم گۆڤارە (**عەبدوللا بەردی**)یە و سەرنووسەری (**توانا موسلیح**)ە لەگەڵ دەستەیەکی نووسین کە بریتین لە (**محەمەد جەمال، کەریم هەرتەلی**).

کۆڕەنگ:

هەنگاوەکان و پێشکەوتنێکی تری رۆژنامەوانی لە سنووری شارەدێی بالیسان، دەرچوونی بڵاوکراوەی کۆڕەنگە بە شێوەی وەرزنامە، کە یەکەم ژمارەی لە پایزی ساڵی ٢٠٠٦ بە رووبەری A3 بە قەبارەی (٨) لاپەڕە کەوتە بەر دیدی خوێنەران، جیاوازی ئەم بڵاوکراوە و هەوڵە رۆژنامەوانییە لەگەڵ

کارەکانی پێشووتر سەرپەرشتی کردنی ئافرەتێکە وەکو قەڵەمێکی نوێ و بوێر لە بواری رۆژنامەگەریی کە بە گشتی دەستەی سەرپەرشتی کارەکانی بڵاوکراوەکە بەم شێوەیە (**ئەدیبە عوسمان: سەرنووسەر، هاوکاران:** ئاوارە حەمید، جێگر فەقێ، بەهمەن عەبدوللا، هەژار عەبدولسەمەد، تایپ: ئەوین فەتحوللا، نەخشەسازی: مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن (**دیاری نەکراوە مەکتەبی ناوەندی چ لایەنێکە!؟!**) بە گشتی سەرجەم بابەتەکانی رۆشنبیری گشتین ئەدەب، پەروەردە، هونەر، ئافرەتان، گەنجان، وەرزش، میژوویی، لەگەڵ چەند ستوونێک لە دوا لاپەڕە، بە هۆی ئەو جیاوازییەی لە پێشدا باسم کرد لەو بڵاوکراوەیە بواری زیاتر رەخسا ئافرەتان بەشداری بکەن لە کاری رۆژنامەنووس، رۆڵیان هەبێ وەکو لە سەروتاری ژمارە (١)دا هاتووە: (کۆڕەنگ مینبەری ئازادی ئێوەیە بۆ دەرخستنی بەهرە و تواناکانیان، بۆیە دەڵێم بخوێننەوە و بڵێن و بنووسن و هاوکارتانم، داهێنان و نوێگەری لە ئەرک و پیشە، پاکی و دڵسۆزیتان بۆ خاک و گەل، پێشکەوتن و خۆشەویستی وڵاتان ئامانجتان بێت). ئەم بڵاوکراوەیە تەنیا (٢) ژمارەی لێ دەرچوو، بە گشتی کارەکانیان دریژەپێدەری بڵاوکراوەی (**رەنج**)ە کە لە لایەن هەمان دەستە کاری لەسەر کرا بوو.

شێخ وەسان:

یەکەم ژمارەی ئەم بڵاکراوەیەش لە ساڵی ٢٠٠٦ وەکو یادنامەیەکی رۆژی ٤/١٦/ بە قەبارەی ٨ لاپەڕە و بە رووبەری A4 کەوتە بەر دیدی خوێنەران، سەرجەم بابەتەکانی تایبەتن بە بیرەوەری و خستنە رووی گوزەرانی کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی کارەساتی کیمیابارانکردن و ئەنفالی خۆشناوەتی بە گشتی و گوندی شێخ وەسان و شارە دێی بالیسان بە تایبەتی دەستەی کاری ئەم بڵاوکراوەیە بریتی بووینە لە: (**بێستوون عومەر: سەرنووسەر،**

هاوکاری عەبدوڵڵا، شوان خالد، ژاکاو محمد: لە دەستەی نووسەران، کاری تایپ و نەخشەسازی لە لایەن: حەسەن عومەر بۆ کراوە، ئەم بڵاوکراوەیە تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو.

بڵاوکراوەکانی شارەدێی هەریر:

لەم شارەدێیەش وەکو ناوچەکانی تر هەوڵی رۆژنامەنووسیی هەبووە، یەکەم بڵاوکراوە کە بڵاوکرابێتەوە لە لایەن دەستەیەک لە قوتابیان بووە بە ناوی:

ژیلەمۆی هەریری:

وەکو یەکەم بڵاوکراوەی لە ساڵی ٢٠٠٢ ژمارە **(سفر)**ی کەوتە بەر دیدی خوێنەران بە رووبەری A٤ بە قەبارەی (٩) لاپەڕە وەکو بڵاوکراوەیەکی مانگانەی رۆشنبیری گشتی لە لایەن یەکێتی قوتابیان لێژنەی ناوچەی هەریر، ناوەڕۆکی لە چەندین بابەتی جیاواز وەکو وتار، ئامادەکردن، بابەتی فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، سەرنووسەری ئەم بڵاوکراوەیە **(هیوا هاشم ئەرگوشی)**ە دەستەی نووسەرانی بریتین لە **(سیامەند سەیفەدین ئەرگوشی، مشیر خەریف، فەریق صدیق، سوهام خالد، هەدیە محەمەد)**

KHANZAD
خانزاد

خانزاد:

وەک لە پێشدا باسمان کرد ناوەندە رۆشنبیرییەکان رۆڵیان هەبوو لە بڕەودان بە چالاکی رۆژنامەنووسیی، هەریریش وەکو تێکڕای شارەدێیەکان بووە خاوەنی ناوەندی رۆشنبیری تایبەت بە خۆی، لە پرۆژەی کاروچالاکیان، بڵاوکراوەی خانزاد بووە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ یەکەم ژمارەی کەوتە بەر دیدی خوێنەران و رۆشنبیران ئەم بڵاوکراوەیە بریتیە: لە چوار لاپەڕە، وەکو بڵاوکراوەکانی تر لاپەڕەی یەکەمی بریتی لە سەروتار و هەواڵی هەریر و رۆشنبیری لەم سنوورە لاپەڕەکانی تریشی بریتییە لە وتار، چیرۆک، ڕەخنە، شعر. ئەم بڵاوکراوەیە لە لایەن دەستەیەک کاری تێدا دەکرێ کە بریتین لە **(دڵشاد گۆڤەندی، ئازاد تۆفیق، فەریق صدیق، مشیر سورچی، محەمەد وسو، محەمەد حوسێن پیرۆت، ئەحمەد لەتیف خورشید، شەوقی کانەبی)** تاکو ئێستا بەردەوامە لە دەرچوون.

بڵاوکراوەکانی شارەدێی کۆڕێ:

لە دوای ساڵانی ٢٠٠٠ شارەدێی کۆڕێ جموجۆڵێکی بەرچاوی لە لایەنی ئاوەدانی و چالاکی ڕێکخراوەیی و رۆشنبیری و رۆژنامەگەرییی بە خۆیەوە بینی، وەکو تێکڕای ناوچەکانی تر لە سەرەتا بە بڵاوکراوە دەستیان دایە کاری رۆژنامەوانی، دواتر قۆناغ بە قۆناغ پێشکەوتنی بە خۆیەوە دی کە بەم شێوەی خوارەوە بووە:

چرا:

بڵاوکراوەی چرا یەکەم ژمارەی ئەم بڵاوکراوەیە واتا ژمارە **(سفر)** لە ٢٠٠٨/٣/٣ کەوتە بەر دیدی خوێنەران، وەکو بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتی، کە لە لایەن قوتابیانی دواناوەندی کۆڕێ مانگانە دەرچووە قەبارەکەی (٨) لاپەڕە بووە بە رووبەری A٣، سەرجەم بابەتەکانی رۆشنبیری گشتین کە بەم شێوەیە

دابەشکراون، لاپـەڕەی یەکەمی تایبەتە بە هەواڵەکانی ناوەخۆی کۆڕێ سەروتاری بڵاوکراوە کە لە لایەن سەرنووسەرەکەی نووسراوە لەسەر پێشهاتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و سنووری شارەدێی کۆڕێ بە تایبەتی لاپەڕەکانی دوو سێ چوار تایبەتن بە وتار و دیمانە لەسەر بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لاپەڕەکانی پێنج و شەش و حەوت تایبەتن بە وەرزش و بیرەوەری. دوا لاپەڕەی بریتییە لە چەند بابەتی هەمەڕەنگ و ڕێکلام بۆ شوێنە گشتییەکانی ناوەخۆی شارەدێی کۆڕێ، ئەم بڵاوکراوەیە لە لایەن دەستەیەکی فـراوان سەرپەرشتی دەکرێت کە بریتین لە **(خاوەنی ئیمتیاز: م. ئومێد حسێن (فەخری) و سەرنووسەری محمد حەمید عەباس، دەستەی نووسەرانی بریتی بووە لە شالاو ئەیوب، شاخەوان تەلعەت، پێداچوونەوەی بابەتەکان دلێر ئیبراهیم)**. ئەم بڵاوکراوەیە تا (١٥) ژمارە بەردەوام بوو، بەڵام سەرەتایەکی گرنگ و ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەرییی لە شارەدێی کۆڕێ دانا بۆ هەنگاو و کاری زیاتر و باشتر.

دوین:

ئـەم بـڵاوکـراوەیـە یـەکـەم ژمـارەی لە ساڵی ٢٠٠٩ کەوتە بەر دیدی خوێنەران بە شێوەی مانگانە وەکو بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی، بە قەبارەی ٨ لاپـەڕە و بە ڕووبـەری A٣ بابەتەکانی ناوەڕۆکی بریتین لە: میژوو، بیروبۆچوون، وەرزش، کراوە، هەمەڕەنگ. دەستەی ئەم بڵاوکراوەیە بریتی بـوون لە **(خـاوەنـی ئیمتیاز: فایەق بیرێژی، سەرنووسەر:** دلێر شینۆ. جێگری سەرنووسەر: محمد خۆشناو، بەڕێوەبەری نووسین: دانـا تەها، سکرتێری نووسین: شالاو مەلا زادە، دەستەی نووسەران: فائز سـاڵـح، دلێر ابـراهـیـم، شـاخـەوان تەلعەت، نـەخـشـەسـازی: کـەیـوان ئـاژگـەی، دوای دەرچـوونـی ٤ ژمـارە گۆڤارێکی یاسایی مۆڵەت پێدراو.

دوین:

سەرەتا بـڵاوکراوەی دوین بـوو، پاشان کرایە گۆڤارێکی مانگانە، یەکەم ژمارەی لە ٢٠١٠/١/١٥ کەوتە بەر دیدی خوێنەران وەکو گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری گشتی، بابەتەکانی ناوەڕۆکی بریتین لە وتار، میژوو، کۆمەڵایەتی، پـەروەردە، وەرزش، هونەر، هەمەڕەنگ، چیرۆک، قەبارەی ٣٢ لاپەڕەیە و بە ڕووبـەری A4 دەستەی کارکردنیان هەمان دەستەی بڵاوکراوەی پێشووە، بەڵام هـەنـدێ گـۆڕانـکـاری و فـراوانـبـوونـی تێدا کراوە بەم شێوەیە **(خاوەنی ئیمتیاز: فایەق بیرێژی، سەرنووسەر: دلێر شینۆ، جێگری سەرنووسەر: محمد خۆشناو، بەڕێوەبەری نـووسـیـن: شـالاو مـەلا زادە، دەسـتـەی نووسەران: پەری عومەر، جوبرائیل هەرکی. شاخەوان تەلعەت، سیامەند سامی، فائیز ساڵح، دلێر ابراهیم، نەخشەسازی: کەیوان ئاژگەیی)**

کۆڕێ:

ئەم گۆڤارەش لەلایەن کۆمەڵە قوتابی و لاوێک مانگانە دەردەچێت، ژمارە (سفر)ی لە ١/ کانوونی دووەمی ٢٠١٠ وەکو گۆڤارێکی

رۆشنبیری بە قەبارەی ٣٤ لاپەڕە بە ڕووبەری A4 ناوەڕۆکی بابەتەکانی بریتین لە، وتار، سیاسی، کۆمەڵایەتی، بیروبۆچوون، چیرۆک، وەرزش، تەندروستی، لەگەڵ چەند چالاکییەکی ناوەندی رۆشنبیری کۆڕێ. دەستەی کارکردنیان بریتییە لە: شاخەوان بیرێژی خاوەنی ئیمتیاز، حەسەن صالح سەرنووسەر، جێگری سەرنووسەر سەرهەد عەبدولواحید، سکتێری نووسین شوان قادر، مەعسومە سالح، دەستەی نووسەران: زاهیر بناوی، زوبەیدا سامی، یوسف سامی، هەژار سالح، پەیامنێر: کاروان حەسەن، نەخشەساز: سەرکەوت کاکل.

رۆژنامە ئەلکترۆنیەکان:

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی کاری رۆژنامەنووسیی و چالاکی ڕاگەیاندن بە گشتی، بە سوود وەرگرتن لە پێشکەوتنی تەکنەلۆجی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستانیش بەربڵاوە، لەپاڵ کاری رۆژنامەنووسیی چاپەمەنی، رۆژنامەی ئەلیکترۆنیش هۆیەکی تری کار و چالاکی رۆژنامەنووسیی بووە. بۆ خستنە ڕووی تازەترین چالاکی و هەواڵ و پێشهاتەکان شەقڵاوەش وەکو بەشێک لەو پێشکەوتنە لە سەرەتایی سالی ٢٠٠٠ یەکەم سایتی رۆژنامەنووسیی تێدا کرایەوە و دواتر چەند سایتێکی تر کە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

WWW.SHAQLAWA.COM

یەکەم سایتی شەقڵاوە بووە لە سالی ٢٠٠٢ لە لایەن ڕاگەیاندنکار شێرزاد شێر لە وڵاتی سوێد کراوەتەوە، سەرجەم هەواڵەکانی جیهانی و ناوچەی و ناوەخۆ و شەقڵاوە تێدا بڵاو دەکرێتەوە، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بابەت بڵاو دەکاتەوە ئەم سایتە وەکو رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی هەواڵی خێرا و بابەتی گرنگ تایبەت بە شەقڵاوە بڵاو دەکاتەوە و تاکو ئێستا بەردەوامە.

WWW.SHAQLAWAPOST

ئەم رۆژنامەیەش لە ٢٠٠٧/١/١ بە هەوڵی چەند بەهرەمەند و رۆژنامەنووس و نووسەرێکی شەقڵاوە کرایەوە، خاوەنی ئیمتیازی **(حاکم ئازاد حەمەدەمین)**ە **(ئێستا سکتێری لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنووسانە)**، سەرنووسەرەکەی **(رزگار شەمعون)**ە لە لایەن چەند رۆژنامەنووسێکی لاو و نووسەر و مامۆستایانی ئەکادیمی هاوکاری دەکرێ،



تیکڕای بەشەکانی بریتییە لە هەواڵ، پەیامی هەفتانە، بابەتی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، میژوو، پەرتووک، بابەت بۆ گفتوگۆ، ڕیکلام، ڕەخنە، بیروبۆچوون، کاروچالاکییەکانی حکومەت، لایەنە سیاسییەکان، ئەرشیف. ئەم سایتە تاکو ئێستاش بەردەوامە و هەواڵی ڕۆژانە و خێرا دەخاتە بەر دیدی خوێنەرانی خۆی بە گشتی و شەقلاوە بە تایبەتی. ئەم سایتە کار و ئامانجی ڕۆشنبیری گشتییە و بۆ خزمەتی بەرژەوەندی خەڵک و پڕۆژەی ئایندەی حکومەت بۆ گوزەرانی خەڵک کار دەکات، هاوکات تاکە ڕۆژنامەیە بە بێ لایەنی دوور لە ئایدیای سیاسی و ئایینی کار دەکات بۆ خزمەتی شەقلاوە و کوردستان و خەڵک بە گشتی.

ئەنجام:

بە گشتی سەرجەم بەرهەمە ڕۆژنامەنووسییەکان سەرەتا و سەرچاوەیەکی گرنگی هۆشیاری نەتەوەیی و میللی بوونە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بۆیە دەتوانین ڕۆڵی کاریان لەم چەند خاڵەی خوارەوە پوخت بکەینەوە:

١ ـ گێڕانەوەی میژووی دوور و گرنگی نەتەوەیمان بۆ ئێستا لە ئێستاشەوە سوود لێ وەرگرتنی بۆ داهاتوو وەکو سەرچاوەیەکی کولتووری نەتەوەیی.

٢ ـ خستنە ڕووی ڕۆڵی خەباتی خەڵک بە گشتی و چین و توێژە جیاوازەکان بە تایبەتی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیماندا.

٣ ـ بێگوزەرانی و مەغدوریەتی کەسوکاری شەهید و قوربانیانی کارەساتەکانی سەردەمی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق لە گوزەراناو بواره جیاوازەکانی ژیان.

٤ ـ گێڕانەوەی سەرەتایی میژووی ئاوەدانی سنوورەکە بە گشتی ڕۆڵی خەڵک لە پەرەپێدا و بوژاندنەوەی لایەنە گرنگەکانی پێشکەوتن.

٥ ـ بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ناوچەییەکان بۆ خزمەت دواڕۆژ و بەرژەوەندی هاوبەش.

٦ ـ هەوڵێک بۆ ناسین و پێشخستنی سنوورەکە، لەگەڵ ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و دەرەوە بە گشتی.

٧ ـ بەهێزکردنی گیانی تەبایی و برایەتی لە نێو ریزەکانی کۆمەڵ و سڕینەوەی ناکۆکی و دوور کەوتنەوە لە ململانێی نابەرانبەر کە بەرژەوەندی گشتی دەخاتە مەترسی و ژێر هەڕەشە و گومان.

٨ ـ پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەیەکی هۆشیار و بە هەڵوێست بۆ وڵات، دژی نەیارانی نەتەوەییمان بۆ دواڕۆژی گەلەکەمان.

٩ ـ راهێنانی خەڵک بە گشتی لەسەر بەرگری کردنیان لە ماف و ئەرکەکانی خۆیان.

١٠ ـ هۆشیار کردنەوەی خێزان لەسەر بنەمای پەیوەندی شارستانی لە نێوان تاکەکان و دوورکەوتنەوە لە پەیوەندییە کۆنەکان.

١١ ـ بەهێزکردنی نەریتی دیموکراسی و پەرەپێدانی ئازادی و رێزگرتن لە یاسا و بنەما دەستوورییەکانی وڵات و بەرەو پێشبردنیان بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی خەڵک و دواڕۆژیان.

١٢ ـ لەبارکردنی دەرفەت بۆ پێگەیشتنی بەهرەمەندان ئەدەبی، هونەری، پیشەیی بەرەو دواڕۆژێکی شایەت بە خواست و توانایی خۆیان.

١٣ ـ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵک لە لایەنی سیاسی و هۆشیاری ئیداری.

١٤ ـ تێکەڵی و ئاشنایەتی لەسەر نەریت و باوەڕە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی و نێودەوڵەتی و پەیوەندییەکان بە گشتی.

١٥ ـ دەرخستنی توانا شاراوە و کپ کراوەکان لە نێو جەنگەڵی دواکەوتن و نەیارانی پێشکەوتن.

١٦ ـ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی و تەمەن و هاندانیان بەرەو پەیوەندی مرۆڤسالاری لەنێوانیاندا.

١٧ ـ بە زانستی کردنی نەریت و باوەڕە جیاوازەکان و دوورکەوتنەوە لە ئەفسانە و خەیاڵ کە مرۆڤ دووچاری پاشەگەردانی و دواکەوتن دەکات.

١٨ ـ پێشخستنی پیشەی رۆژنامەنووسیی بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی.

کۆتایی:

ئەو هەوڵەم سەرەتاییە بۆ هەنگاو و بەرهەمی باشترە بۆ نەفەوتان و گێڕانەوەی ئەو رەنجەی لە پێناوی داهاتوو دراوە و ئەوەی لە رابردوو کراوە بۆ داهاتوو سوودی لێ وەرگرین و پێشی بخەین، لە ئەنجامی ئەم بابەتە هەموومان گەیشتینە ئەو راستیە هێشتا لە سەرەتاین بۆ کاری زیاتر و فراوانتر و تەنانەت باشتریش، منیش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە، ئەو هەوڵەم دا تاکو رابردوومان پارێزراو و داهاتوومان رۆشەن بکەین، پەنا بە خوا و هیمەتی دڵسۆزانە بۆ ئایندە کار لەسەر دەرخستنی یەکە یەکەی ئەو بەرهەمانە دەکەم کە بە دێڕێک خزمەتیان بە سنورەکەم کردبێ، بە هەوڵی هەموو لایەکمان بۆ داهاتوو دەگەینە بەرهەمی باشتر و بە نرختر بۆ خزمەتی داهاتووی وڵات و سنوورەکەمان و گڕوتینی پەیامی نووسینمان دەکەینە دیاری بۆ نەوەی داهاتوو لە سایە و سێبەرییان وڵات بحەسێتەوە.

سەرچاوەکان:

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوودمان لەو بەرهەمە رۆژنامەوانیانە وەرگرتووە کە ناویان لە ناوەڕۆکی بابەتەکە هاتووە، کە هەندێکیان لای خۆمان پارێزراون و ئەوانی دیکەش دۆستانی رۆشنبیر و رۆژنامەنووس، لە پاڵ زانیارییی پێویست، گۆڤارو رۆژنامەکانیان بە دیاریی داوینەتێ.

پەیڤەکا وەفاداریێ د چلینیا سەیدایێ نڤیسکار و رۆژنامەڤان (حافز قازی)دا

موسەدەق تۆڤی

حافز قازی و موسەدق توڤی 29-7-2004 دهۆك

ب درێژیا دیرۆکێ ب سەدان کەسێن وەلاتپارێز ب ناچاری ژ وەلاتێ خوە مشەخت بوونە و ل پەنابەریێ و دەربەدەریێ هەموو رەنگێن ئێش و ئازارێن غەریبیێ و دووریا وەلاتی دیتینە، بەلێ کەسێن خوە راگر بووینە و بـــەردەوام د شـەرەنیـخێدا بوونـە دگـەل کاودانـێن سەخت و دژوار و بـەرامبـەری هەموو رەنگێن سـەختی و دژواریـــان بـەرخـوەدانـکریـە، تنێ هیڤی و ئومێدا وان ئەو بوویە تنێ چەند رۆژەکان یان چەند دەمژمێرەکان ب دیدارا وەلاتێ خوە شاد بنەڤە، یان چ نەبیت ئەگەر مرن د هەمبێزا وەلاتیدا بێنە ڤەشارتن. هیڤیا کتەکا کێم ژ ڤان وەلاتپارێزان بجە هاتیە د دوا رۆژێـن ژیانا خـوەدا ب دیـدارا وەلاتی شاد بووینە و هندەکان ژی گوریّ وان کەتیە د هەمبێزا وەلاتیدا.

یەک ژ ڤان نەمران سەیدایێ مە هەموویان حافزێ قازی بوو، ئەوێ ل شەڤا ٣ل سەر ٤ئادارا چوویێ وەغـەرا داویێ کری، یێ ئەڤرۆ دهۆکا هەردەم ل بەر دلێ وی شرین رێورەسمێن چل رۆژیا وەغەرا وی دگێریت. سەیدایێ مە چەند عاشقێ وەلاتێ خوە بوو، چەنند هەڤالێ دلوڤانێ پیر و گەنج و ژن و مێرێن مللەتێ خوە بوو، چەند دلسوژ و وەفـادارێ دەست و هەڤالێن خوە بێن نڤیسکار و رۆژنامەڤان و هۆنەرمەند بوو. خودایێ مەزن ژی هێژ پتر یێ دلوڤان و ب بەزەیی بوو دگەل وی. پشتی سەرهلدانا ١٩٩١ێ و مشەختیا ملیونی نەهێلا ئەو د کەسەرا غەریبیێ و دوریـا وەلاتیدا بژیت، هەر زوو سەقایەکێ هاریکار ل کوردستانێ هاتە پێش و و هەرێما فیدرالا کوردستانێ هاتە دامەزراندن، رێک ل بەر سەیدایێ حافز هاتەڤەکرن هەر سال جارەکێ یان پتر ژی ڤەگەریتەڤە کوردستانێ و چەند هەیڤەکان دگەل خوشتڤیێن خوە ب بۆرینیتن. دلوڤانیا هێژ مەزنتر ژی خودایێ مەزن دگەل سەیدایێ مە کری، د دەمژمێرێن دیماهیێ بێن ژیێ خـوەدا ژ پایتەختێ نەمسا ڤیەنا بگەهیتە پایتەحتێ کوردستانێ و ل دەمژمێر ٨،٥ێ شەڤا ٣ئـاداریّ بگەهیتە دهۆکا و ل دەمژمێر ١١،٥ێ

نازاد عوبێد-مەسەدق توڤی-رەفیق سالح-حافز قازی-عەبوللا زەنگەنە-ئیسماعیل 8-7-2005 دهۆك

هەر وێ شەڤێ بۆ دوا جار خاترا خوە ژ دهۆکێ بخوازیت، ئەو دهۆکا ل سالا ١٩٢٩ێ لاندکا وی هژاندی و ل سپێدەیا ٤ێ ئاداری هەر ئەڤ دهۆکە گیانێ وی ب یەکجاری هەمبێز بکەت. بەلێ سەیدایێ من دەمژمێرێن داوینێ بێن ژێ خوە ل دهۆکێ بۆراندن و دوا هەناسەیێن خوە ژی ژ بایێ پاقژێ دهۆکێ هەلکێشان و خاترا خوە ژ دهۆکێ خواست، ئەو دهۆکا هەردەم سەیدای دگوت: من پتریا باژێرێن مەزن و پێشکەتیێن جیهانێ دیتینە، بەلێ دهۆک ل نک من ژ هەموویان خوشتڤی تره.

ئەڤە بوو ئەو دلوڤانیا خودایێ مەزن ب سەیدایێ مە بری، د دەمژمێرێن دیماهیێ بێن ژێ خوەدا ب دیدارا وەلاتێ خوە باژێرێ خوە شاد بوو، وی ب خوە خاترا خوە ژ دهۆکا خوە خواست، بەلێ مخابن ئەم دوست و هەڤال و دلسۆژ و قوتابیێن سەیدای نەگەهشتین خاترا خوە سەیدای بخوازین. بەلێ ئەز وەسان هزر دکەم ئەڤە ژی دلوڤانیەکا دی یە رەحمەکا دی یە خودایێ مەزن دگەل سەیدایێ حافز کری، چنکو ئەو هەردەم ب کار و کریارێن خوە، ب جوامێری و مەردینیا خوە یێ دگەل مە دژیت، ب شوین قەلەم و تبلێن خوە، ب بەرهەمێن خوە ل ڤی جهی و جهێن دی یێ دیارە، نە ئەم ژ دیوانا وی دوورکەڤین و نە ئەو ژ دیوانا مە دوور کەتیە.

سەیدایێ من گیانێ تە ب بەهەشتێ شاد بیت، خوزی ئەم هەموو وەکی تە بشێین پەیاما خوە یا وەلاتپارێزی و کوردینیێ بگەهینین و سەرفراز و سەربلند بەرامبەری وەلاتی خاترا خوە ژ ڤێ دنیایێ بخوازین.

ئەگەر ببیتە عادەت د ڤان رەنگە هەلکەفتاندا ژیاننامەیا کەسایەتییێن مەزن ب سالا ژ دایکبوونا وان دەست پێ بکەین، چ خواندیە و چ ب داوی ئینایە و چ بەرهەم ل پاش خوە هیلانە و کەنگی وەغەرا داوینێ کریە ب داوی بینین. ئەز دبینم سەیدایێ حافز گەلەک ژ هندێ مەزنترە د دەلیڤەکا هوسا کورتدا مافێ وی بدەینێ و ئەرکێ وی ل سەر ملێن خوە راکەین، لەوما ئەز دێ ژ سالا داوینێ یا ژیانا وی دەسپێکەم و چەند هەلویستەکێن وی یێن مرۆڤایەتی و کوردپەروەری و رەوشەنبیری بەرچاڤ کەم:

* ل رۆژا ٢٠٠٩/٨/١٦ سەیدایی کارێ زڤرینەڤێ بۆ نەمسا دکر، بۆ سەرەدان و بۆ خاتر خواستنێ ئەم ل شوقا وی یا نوو ل تاخێ گرێ باسێ بووینە میڤان، هەرچەندە سەرێ چەند سالەکان بوو سەروبەرێ وی یێ ساخلەمیێ یێ باش نەبوو و چەند نشتەرگەرییێن گران بۆ هاتبوونە کرن، رۆژ ل دووڤ رۆژێ سەروبەرێ وی یێ ساخلەمیێ خرابتر لێ دهات و ئەو ژی لاواز تر و کێم شیانتر دبوو، بەلێ ژبەرکو سەیدای هەردەم هیڤی ب ژیانێ هەبوو و هەموو سپێدەیان بۆ رۆژەکا گەشتر د گرنژی، و ژ ئالیەکێ دیتر ڤە هەڤژین و هەڤال و دوتاما وی یا دلسۆژ وەفادار، خوشکا مە یا مەزن دایکا سیروانی ب باشترین رەنگ خزمەتا وی و چاڤدێریا سەروبەرێ وی یا ساخلەمیێ دکر، سەیدایێ پیرێ نەساخ و پەککەفتی بەردەوام

دیوانا وی ب میڤانان یا گەرم بوو و هەردەم دگەل میڤانێن خوە دگرنژی و ئەگەر میڤان ژی نەبانە دا ئەو تەلەفونێ بۆ هەڤالان کەت و گازی کەتە دیوانا خوە، د ڤێ سەرەدانێدا ئاخفتن هاتە سەر نڤیسکارێ ناڤدار محەمەدی مەلا کەریم دوستێ دێرینێ سەیدای کو نها ل سلێمانیێ یە، وان رۆژان من ژ هەڤالەکی بهیستبوو کو ئەڤ نڤیسکارە یێ نەساخە، دەمێ من ئەڤە بۆ سەیدای ڤەگێرای، سەرەرای ئێشا خوە گەلەک پێ خەمبار بوو و ژ من خواست ب هەر رەنگەکێ هەبیت هژمارا موباییلا وی پەیدا بکەم د اکو دگەل ب پەیڤیت و پرسیارا سەروبەرێ وی بکەت. ب رێکا هەڤالەکی ژ سلێمانیێ من هژمارا موباییلا وی دەستڤە ئینا و سەیدای تەلەفون بۆ هەڤالێ خوە محەمەدی مەلا کەریم کر و دلێ وی تەنا بوو و گرنژیڤە. ئەڤە ژی یەک ژ پەسنێن سەیدای بوو کو هەردەم یێ دلسۆژ بوو بۆ هەڤالێن خوە.

* ل ئێڤارا ٢٥ێ تیرمەها ٢٠٠٩ رۆژا هەلبژارتنێن پەرلەمانێ کوردستانێ، ئەز و هەڤژینا خوە ل بنگەهێ دەنگدانێ بووین ل خواندنگەها سەنا یا بنەرەتی ل تاخێ رەزان ژ نشکەکێڤە دایکا سیروانی هەڤژینا دلسۆژا سەیدای، ئەو ئافرەتا بۆ هەموویان سەلماندی ل پشت هەر زەلامەکێ مەزن ئافرەتەکا مەزن هەیە، گازی من کری کاک موسەدەق وەرە هاری بابێ سیروانی، دەمێ لێ زڤریم من دیت سەیدا ب پیراتی و نەساخی و لاوازیا خوەڤە ب ژیێ هەشتێ سالیێ خوەڤە یێ د تەکسیەکێدا و ب بالیفکا یا خوە گرتی، یێ هاتی پشکداریێ د هەلبژارتنێن پەرلەمانێ کوردستانێدا بکەت،،ئەو پەرلەمانێ ب هزارێن وەک وی ب درێژیا ژیێ خوە ل هیڤیێ بوون دامەزراندنا وی ببینن و دەنگێ خوە بدەنێ، گەلەک ب وێ هیڤیێ شاد نەبوون و هندەکێن دی وەک سەیدای ب چاڤێن خوە پەرلەمانێ کوردستانێ دیت، لەوما ب هەر رەنگەکی بیت سەیدای نە دڤیا ڤێ دەلیڤێ ژ دەست بدەت و یێ بلەزبوو ڤێ جارێ ژی دەنگێ خوە بدەت، هێژ من نە ئاخفتی سەیدای گۆت ئەگەر ئەز نەهێمە دەنگدانێ کی دێ هێت...!! ب هەر رەنگەکێ هەبیت من و خێرخوازەکی سەیدا دانا سەرکورسیەکێ و ب کورسیڤە برە بەر سندوقا دەنگدانێ، سەیدای دەنگێ خوە دا و ژ گرنژینا سەر لێڤێن وی دیاربوو یێ دبێژیت: سوپاس بۆ خودێ ڤێ جارێ ژی من دەنگێ خوەدا پەرلەمانێ کوردستانێ، خوزیێن وێ رۆژێ دەنگێ خوە بدەمە بەربژارێن کوردستانێ بۆ پەرلەمانێ عیراقێ. ب ڤی رەنگی مە سەیدا برەڤە و کرە د تەکسیێدا و دگەل هەڤژینا خوەیا دلسۆژ بەرەف مال چوون، پشتی چەند رۆژەکان بەرەف نەمسا زڤرینەڤە. و ڤێ جارێ ژی یێ بلەز بوو زوو بزڤریتەڤە کوردستانێ

هاشم نەتروشی و حافز قازی - موسەدق توفی 26-9-2005 باژێرڤانیا دهۆکێ

دوا ویّنەیێ سەیدای 2-1-2010

و پشکداریێ د هەلبژارتنێن پەرلەمانێ عیراقێ یێن ۷ ئاداریدا بکەت، بەلێ مخابن ئەڤ مرادا وی بجە نەهات و د رۆژا ڤان هەلبژارتناندا ئەم مژوولی بەهیداریا سەیدایێ خوە بووین. بەلێ دلسۆژ و وەفادارا سەیدای دایکا سیروانی هەرچەندە د رۆژا چواریێ یا بەهیدارییدا بوو پەیاما وی گەهاند دەستووری ژ بەهیداران وەرگرت و پشکداری د هەلبژارتناندا کر.

* دژیانا سەیدایێ حافزدا گەلەک رووداڤ و هەلویست هەنە سەیدای تێدا تایبەتمەندیەک هەیە یان کەسەکێ پێشەنگ بوویە تێدا، سەیدا ژ وان کەسان بوو یێن هەردەم د دەمێن تەنگاڤی و دژواریاندا رۆلێ خوە د گێرا و د هەوارا خەلکەکی دهات. سەیدا ل سالا ١٩٦٣ دگەهیتە ریزێن شۆرشا کوردستانێ ل دەڤەرا مالومە یا ماوەت، ل ویرێ وەک کەسەکی رەوشەنبیر و خودان سەنگەکا جڤاکی ریز لێ دهێتەگرتن. بەلێ سەیدایێ ژ زولم و ستەما رژیما بەغدا مشەخت بووی ل ناڤ شۆرشێ دەمێ زێدەگاڤیەکێ ل سەر مافێن مرۆڤی دبینیت خوە نەرازی دکەت، هەروەک دبیرهاتنێن خوە دا ڤەدگێریت: دەمێ ئەم ل گەریانەکێ ل دەڤەرا ماوەت من دیت نێزیکی پێنجی کەسەک ب ریز کەتبوونە پشت ئێک و قەستا ماوەت دکرن، وی دەمی سەیدا پرسیار ژ بەرپرسەکێ پێشمەرگەی دکەت:

– ئەرێ ئەڤە کینە هو ب عەسکەرکانی قەستا مەدکەن، ئەو بەرپرس د بەرسڤێدا دبێژیتێ:

– ئێخسیرن پێشمەرگەی ل دەڤەرا بەمۆ یێن یین ژ چەککرین و یێن ڤرێکرینە گرتیخانا ماوەت. کەیفا سەیدای هات و هزر کر کو ئەڤە پیاوێن حکومەتێنە و پرسیار دکەت: ئەڤە چ تەبانە:

بەرپرس دبێژیتێ: شیوعینە!! دەمێ سەیدا دزانیت ئەڤە چەکدارێن شیوعینە و و ل چیایێ بەمۆ بارەگایەک ڤەکریە و پێشمەرگەی ل دووڤ فەرمانا هندەک کاربدەستێن شۆرشێ هێرشکریە سەر وان و ئێخسیرکرینە، سەیدا دمینتە عەجێبگرتی و ب نەرزایبوونڤە دبێژیت: سەیرە شۆرش ڤێ سەرەدەریێ دگەل دلسوزترین کەس بۆ بزاڤا رزگاریخوازا کوردی بکەت و ب توندی هەلویستێ نەرازیبوونا خوە دیار دکەت.

* سەرەرای هندێ کو سەیدا د ژیانەکا خوشگوزەرانیدا ل باژێرەکێ وەک بەغدا یا وی چاخی ژیایە، بەلێ دەمێ دگەهیتە ناڤ ریزێن شۆرشێ ئەو ژی وەک هەر کەسەکێ دی یێ دەڤەرێن رزگارکری دژیت و خوە دگەل وی سەروبەری دگونجینیت یێ هەر وەلاتیەک و هەر پێشمەرگەک تێدا دژیا و نەڤیایە ژ وی خەلکێ جودا ببیت. د وێ سالێدا سەیدا دهێتە دەڤەرا بادینان ل کەسایەتیەکێ وی سەردەمی کو د هەمان دەمدا بەرپرسەکێ پێشمەرگەی بوو دبیتە میڤان، وەک ئەو ب خوە ڤەدگێریت: ئەو و هەردو کەسێن ئەو میڤانکری ل بەر چاڤێن نێزیکی بیست

1. محەمەد سالح جبرائیل
2. حافز قازی
3. محەمەد حەسەن بالەتە
4. نەمینێ نوسمان
5. عەبدولسەلام بالەتە

بەغداد - 1950

پێشمەرگەی، ل قولاچکەکا شکەفتەکێ فراڤینەکا پێکهاتی ژ برنجی و ئامانەکێ ئاڤکا باجانرەشکا و ئێکێ زەلاتێ و ئاڤە ماستێ کۆمدبن و تێر دخون. پاشتر سەیدا دبینیت هەر پێشمەرگەکی نانەکێ و خاریفکەکێ چایێ ددەنـێ، ژ وی بەرپرسی پرسیار دکەت:

– چیە هـەر ئەڤەیە فراڤینا پێشمەرگەی؟ بەرپرس دبێژیتێ: بەلێ!.

سـەیدا دبێژیتێ: ئەگەر من زانیبا ئـەم وێ فراڤینێ پێش چاڤێن پێشمەرگەی دێ خوین، و فراڤینا وان دێ نانێ بترسی و خاریفکەکێ چایێ بیت، خودێ وەکیلە من ئەو فراڤین نە دخوار!!.

سەرەرای کاودانێ دژواریێ وی سەردەمی، بەلێ سـەیدا وەک تەڤایی رۆژێـن ژیـێ خوە کەسەکێ رووگەش و دەڤ بکەنی بوو، ئەو پەیڤە ژ زمانێ وی دەردکەتن یێن گرنژین دئێخستە سەر لێڤێن خەلکەکێ دی، هەروەکی د بیرهاتنەکا خوەدا دگەل مام هـەژارێ شاعر و نڤیسکاری ناڤدار ل هەمان جە و د هەمان دەمدا ئانکو ل سالا ١٩٦٣ ڤەدگێریت:

ئێڤارەکێ ڕیا من و هـەژاری کەتە جهەکێ تەخت و راست، بێ کەڤر و تراش و ستارە، ب خافلەتی دو فروکێن مێک د سەر سەرێ مەرا بۆرین، فروکا دەورانـەک هەتا پشت گوندێ بریفکا دا و جارەکا دی ڤەگەریانە رەخێ مە.

هـەژاری گـوت: موحەقەق ڤان فروکا ئەم دیتین لەوا زڤرینەڤە.

مـە خـۆ ژ رێ لادا و روینشتینە تەنشت حەلانەکی، سەرێت خۆ پێکڤە نان و تەماشا کرە عەردی، ل هیڤیا بالەفرڤانی ماین کا دێ کەنگی کەرەمکەت و بەرێ رەشاشا خۆ دەتە مە!.

ئەمێ د وی حالی دا هەژارێ منێ دبێژیت:

– باشە ئەڤ حەلانێ ب رەخ مەڤە وەکی کێلێێ یە، هەکە ئەم کوشتین ژی دێ بۆ قەبرێت مە بیتە نیشانەکا دیار!!.

من گۆتێ:

قەت وێ هزرێ نەکە د خەما هندێ دا نەمینە، حەوجە ناکەت ژی قەبرێ تە چ کێلی هەبن دا خەلک ڤێ بکەڤیت، و پاشی وەعدە ل ڤێ روحێ کەتبیت هەچ کەسێ پرسیارا زیارەتێ پیرۆزێ تە بکەت ئەز ب شەخصێ خۆ دگەل بێم و چالا تو لێ بن ئاخکری نیشا بدەم..!!.

هەژاری ژ دل کرە کەنی و گۆت:

– های هـای، های هـای، ب خـودێ مـرادا تە حاسل نابیت و تو وێ رۆژێ ب چاڤێت خۆ نابینی، چونکە قەبرێ من و تە ئاها دێ ل ڤێرێ بیت..!

دێ ژ ژیانا پێشمەرگایەتیێ بـەرەڤ ژیانا رەوشەنبیریا سەیداچین، سەیدای بـەری هەر وارەکـی د وارێ رەوشەنبیریدا پتر خزمەتا گەلێ خوە کریە، د ڤی واریدا سەیدا ژ کەسێن پێشەنگ و چالاک و جهێ رەزامەندیا کەسێن ژ خۆ مەزنتر بوویە، هێژ سەیدا د قوناغا ناڤنجی دا چەند کەسایەتیەکان کاریگەری د ژیانا وی رەوشەنبیری و سیاسی و وەلاتپارێزیدا کریە و هـانـدایـە بـەرەڤ خـوە رەوشـەنـبـیـرکـرن و رۆژنامەڤانیێ بچیت، د ڤێ قوناغێدا کۆڤارێن **(الـهـلال)** یـا مـسـری و **(گـەلاوێژ)** یـا بـەغـدا و

کۆڤارێن کوردیێن لاتینی ییّن شامێ و دیوانا **(جەگەر خوین)**ی خواندینە، د ڤێ قوناغێدا و پاشتر ب رێکا مامێ خوە شەهید عەبدولرەحمان قازی تێکەلی دگەل کەسایەتییّن کوردپەروەرێن بەغدا پەیدا کریە و پێزانین ل سەر رێکخستنێن سیاسییّن کوردی و رووداں و شۆرشێن کوردستانێ پەیداکرینە، د قوناغا زانکۆییّدا ژی هێژ پەیوەندی و پێزانینێن وی بەرفرەهتر لێ هاتینە.

* ل سالا ١٩٥٤ێ سەر ژنوو **(یانەی سەرکەوتنی کوردان)** ل بەغدا دهێتە دامەزراندن، کو تاکە دەزگەهێ رەوشەنبیری جڤاکیێ کوردان بوو د وی سەردەمیدا، ل داویا ١٩٥٥و دەسپێکا ١٩٥٦ێ سەیدا دبیتە ئەندامێ دەستەکا رێڤەبەر و ژمێریاریێ یانەی، ئەڤە ب خوە نیشانا سەنگا جڤاکی و ناڤداریا وی بوو د ناڤەندێن کوردی ییّن بەغدا دا، ژ بەرکو د وی سەردەمیدا پرانیا کەسایەتی و بەرپرس و رەوشەنبیر و بازرگان و قوتابییّن کوردێن بەغدا ئەندام بوون د **(یانەی سەرکەوتن)** دا و هەر ب دەنگێن ڤان کەسان سەیدایێ حافز ببوو ئەندامێ دەستەکا کارگێریا یانەی، و هەر ب دەنگێن ڤێ دەستەکێ ژی ل سالا ١٩٥٧ دبیتە رێڤەبەرێ بەرپرسێ (شوونا سەرنڤیسەرێ نها) کۆڤارا (هیوا) کۆڤارا هەیڤانەیا (یانەی سەرکەوتنی کوردان) ئەوا یەکەم هژمارا وێ ل تیرمەها ١٩٥٧ دەرکەتی و هەتا هژمار ٨ بەردەوام دبیت ل سەر ڤی ئەرکی.

* پشتی دەرچوونا کۆڤارا هیوا و زێدەبوونا ئەندام و چالاکییّن یانەی، ژبەرکو ژێدەرێ دارایێ یانەی د وی سەردەمیدا تنێ ئابوونێن ئەندامان بوون، یانە دکەڤیتە دبەرتەنگیەکا ئابووریدا و نکاریت دراڤێ پێویست بۆ بریڤەبرنا کاروبارێن خوە دابین بکەت، ل ڤێرێ سەیدایێ حافز نە تنێ وەک ئەندامەکێ دەستەکا رێڤەبەر بەلکی وەک دلسۆزەکێ **(یانەی سەرکەوتن)** و ئارمانجێن وێ رۆلێ خوە دگێریت و د هەوارا یانەی دهێت و ب پێشنیازا سەیدای و هاریکاریا **(کۆمەلەی ئاوازی کوردی)** و هۆنەرمەند شەمالأ سائیب ل رۆژێن ٢٧ و ٢٨ ئادارا ١٩٥٨ دو ئاهەنگێن هۆنەری ل هۆلا مەلک فەیسەل یا بەغدا دهێنە گێران و داهاتێ وان کو ٩٥٠ دینارێن وی سەردەمی بوون بۆ یانەی دهێتە تەرخانکرن و هندەک ژ بارگرانیا دراڤیا یانەی چارەسەردکەن.

* سەیدا ل سالا ١٩٤٩ ل کولیژا بازرگانی و ئابووری- بەغدا هاتیە وەرگرتن، هەرچەندە سەیدایێ حافز ژ مالباتەکا هەیی و خودان شیان بوو، بەلێ هێژ ئەو قوتابی وی پشتا خوە ب رەنجا دەستێن خوە قاییمکریە ل سالا ١٩٥١ خوە ڤەدگوهێزیتە پشکا خواندنا شەڤێ یا هەمان کولیژێ و ب رۆژێ ل کومپانیا **(رشید عارف و شرکاءه)** وەک ژمێریار کار دکەت، زوو ل کاری شارەزا دبیت و د دەمەکێ کورتدا دبیتە جهێ باوەریا کومپانیێ و وەک سەیدا ب خوە ڤەدگێریت هەیی و نەیی تەسلیمی وی کرن. ب ڤی رەنگی سەیدا دەست ب کاری کریە و شیانێن وی ییّن ئابووری بەرفرەه بوون و ب ڤان شیانان شیایە پتر خزمەتا رەوشەنبیریا کوردی بکەت.

* ب رووداناا شۆرشا ١٤تیرمەها ١٩٥٨ێ ل بەغدا دەلیڤێن خزمەتا رەوشەنبیریا ل بەر سەیدای ب بەرفرەهی ڤەدبن، وەک رەوشەنبیر و رۆژنامەڤانەکێ چالاک د کەڤیتە د وارێ خزمەتا زمان و ئەدەبیات و رەوشەنبیریا کوردی، ل ١٦ تیرمەهێ وەک بەرپرسێ پشکا کرمانجیا ژووری ل رادیویا کوردی یا بەغدا کار دکەت، هەروەک ئەو ب خوە ڤەدگێریت: هەر وێ ئێڤارێ ل پشت میکروفونا ئیستگەهێ رویشتم و من بۆ ئێکەمین جار د میژوویا رادیویا کوردی دا، پەخشا دەنگوباسێن جیهان و لێکولینا سیاسی ب زارێ کرمانجی گەهشتنە گوهداران.

هەتا شوباتا ١٩٦١ بەردەوام دبیت ل سەر ڤێ ئەرکی، ب هاریکاری و هاندانا وی چەندین رەوشەنبیرێن دی ژخەلکێ دەڤەرێ وەک ل بەراهیێ سادق بەهائەدین و تەحسین ئەحمەد بەگ بەرواری و دووڤرا حەسەن جندی و محەمەد ئەمین ئوسمان و قاسم محەمەد پێدەیی، پاشتر ژی هەردو شاعرێن ناڤدار قەدری جان و جەگەرخوین و رەوشەنبیرێ کوردێ سوریێ محەمەد عەلی خوجە د کەڤنە د خزمەتا رادیویا کوردی یا بەغدا.

* هەژیە ل ڤێرێ بێژین یەک ژ بەرنامەییّن سەیدای ل رادیویا کوردی یا بەغدا پێشکەش دکرن بەرنامێ شێعر و موسیقا بوو و بەری سەیدا دگەل هەردو شاعرێن ناڤبری ل بەغدا هەڤدو بناسن، ب رێکا هەلبەستێن وان ییّن ب

پوستەی دگەهشتنە وی بەرنامەی ئەو دنیاسین و گوهدارێن کورد ژی ل هەلبەستێن ڤان دو شاعران ئاشنا بوون، لەوما ژی دەمێ ل چریا یەکەم ١٩٥٨قـــەدری جـان و ل بـهـارا ١٩٥٩ جەگەرخوین گەهشتینە بەغدا کەسێ ل بەراهیێ پێشوازی ل وان کری و ب ئەرکێ وان رابووی و جە و رێ بۆ دیتین سەیدایێ حافزێ قازی بوو .

* یەک ژ خزمەتێن دی یێن هەرە گرنگ یێن سەیدایی بۆ گەلێ کورد پێشکەشکرین، بەلاڤکرنا کۆڤارا **(رۆناهی)** بوو ئەوا هژمارا وێ یا یەکەم ل چریا یەکەم ١٩٦٠ ل بەغدا هاتیە بەلاڤکرن و دوا هژمارا وێ کو هژمار ٣ یا سالا ٢یە ل تەباخا ١٩٦٢هاتیە بەلاڤکرن. وەرگرتنا ئیمتیازا ڤێ کۆڤارێ و گیروبوونا وێ و بەرهەڤێێن بۆ بەلاڤکرنا وێ هاتینە کرن ئەو ب خوە چیرۆکەکا درێژ و پێدڤی ڤەگرتنا چەندین بەرپەرانە و بەری نها د پەرتووکا مە **(کۆڤارا رۆناهی، ڤەکولینەک دیرۆکی، رەوشەنبیری: دەزگەهێ سپیرێز-٢٠٠٥)** و د چەند دەلیڤەکێن دی دا ئەڤ چیرۆکە هاتیە بەلاڤکرن. بەلێ یا گرنگ ل ڤێرێ پێدڤیە بێتە گۆتن ئەڤ کۆڤارە ئانکو کۆڤارا **(رۆناهی)** یەکەمین کۆڤارا کوردی یەب زاراڤێ کرمانجا باکوور ل باشووریێ کوردستانێ و عیراقێ دهێتە بەلاڤکرن، یا هێژ گرنگتر ژی ئەوە کو سەیدای ئەڤ کۆڤارە ژ سەر کیستێ خوە بەلاڤکریە، و بۆ هەر هژمارەکێ سەیدای ١٢٠- ١٣٠دینار و هندەک هژماران ژی ١٥٠دینارێن وی چاخی ژ نک خوە مەزاختینە و ب ڤێ چەندێ ژی سەیدای دبیتە پێشەنگێ رۆژنامەڤانێن کوردێن خەلکێ دەڤەرا بادینان و یەکەم و دوا دەولەمەندێ خەلکێ دەڤەرێ یە یێ ژ سەرمایەیێ خوە پارە بۆ بەلاڤکرنا کۆڤارەکا کوردی تەرخانکری، و دەمێ ل سالا دووێ ژ ژیێ کۆڤارێ سەیدایێ حافز قازی مژوولی هندەک کارێن دی دبیت و ناگەهیت سەرپەرشتیا کۆڤارێ بکەت و وی دەمی ماۆستا هەژار ژی ژ بەغدا دوور دکەڤیت، سەیدایێ حافز داخوازێ ژ هەردو نەمران گوران و نـەژاد ئەحمەد عەزیز دکـەت کـارێ کۆڤارێ بریڤە ببەن و ئەو ئانکو سەیدا دراڤێ پێدڤی بۆ تەرخان دکەت.

هندی پەیوەندی ب کۆڤارا رۆناهی و ناڤەرۆکێ وێ ڤە هەی هەتا نها چەند بابەتەک هاتینە نڤیسین و کۆڤار ب خوە ژی ژ ئالیێ دەزگەهێ سپیرێز ل سالا ٢٠٠٥ سەر ژ نوو هاتیەڤە چاپکرن. بەلێ هەژیە ل ڤێرێ بێژین کۆڤارا رۆناهی دەرگەهەک ل بەر دەهان نڤیسکار و رەوشەنبیرێن کورد ب تایبەت یێن ب زاراڤێ کرمانجیا ژووری دنڤیسین ڤەکر کو بەرهەمێن خوە د ڤێ کۆڤاریدا بەلاڤ بکەن، کو ئەڤ دەلیڤەیە ل جهێن دی دەست وان نە دکەفتن.

هەر د واریێ کۆڤارا **(رۆناهی)**دا سەیدای پتر دەلیڤە دایە وان نڤیسکارێن نوو پێگەهشتی، یێن بەرهەمێن وان بـەری هنگی د چ جهێن دی دا

دهۆك ل سەردەمێ گەنجاتی یا حافز قازی دا.

نەهاتینە بەلاڤکرن، ناڤێن چەندین نڤیسکاران د کۆڤارا **(رۆناهی)**دا دهێتە دیتن کو بەری **(رۆناهی)** ناڤێ وان ل چ جهێن دیتر نینە و هندەک ژ وان پشتی **(رۆناهی)** ژ نڤیسینێ دوور کەتینە، ئانکو ئەڤ کەسە ب هاندانا سەیدایێ حافز و کۆڤارا **(رۆناهی)** هاتینە د وارێ نڤیسینێدا، هندەک جاران ژی جهێ هەلبەستڤان و نڤیسکارێن ناڤدارێن وی چاخی دایە یێن گەنج هەروەکی ئەو ب خوە ڤەدگێریت:

حافز ئەنوەر مایی ل بەغدا قوتابی بوو، هندی من بابێ وی دڤیا ئەو ژی ل بەر دلێ من یێ شرین بوو، ئێڤارەکێ هاتە جەم من یێ دو دل بوو هەکو پارچە شێعرەکا خۆ ل بن ناڤێ **(ئەرێ کوردین هەتا کەنگی)** نیشا من دای، پشتی من شێعر خاندی من دیت خورتێ مە یێ بەهرەدارە و پێویستی ب هاندانێ یە، وان رۆژان کوتایی ب چاپکرنا کۆڤارا رۆناهی دا هێت، من ژی گوتێ دێ هەولێ دەم ڤێ پارچە شێعرێ د ڤێ هژمارێدا بەلاڤکەم، ژ کەیفا دا ئەو چەند باوەر نەکر.

رۆژا دووێ ئەو شێعر من دا دەست سەیدایێ هەژار **(کو سەرپەرشتیا چاپکرنا کۆڤارێ دکر)**، دەمێ خاندی گوت: ئەڤە چیە؟

– ئەڤە شێعرەکا گەنجەکێ خودان بەهرەیە. تکایە ل ڤێ ژمارێ بەلاڤ بکە.

– من جهێ شێعرەکی ب تنێ یێ مای، ئەو ژی بۆ شێعرا سەیدا سالح یوسفی یە ئەو ژی ئەڤرۆ دێ هێتە چاپکرن.

– من هیڤی هەیە، شێعرا سەیدایێ یوسفی پاشبێخە ژمارەکا دی و ڤێ شێعرێ باتی وێ چاپکە.

– چەوا شێعرا سەیدایێ یوسفی پاشبێخم و ڤێ شێعرێ شوینێ چاپکەم ؟.

– برا هەرچی کۆڤارا شێعرا سەیدایێ یوسفی بگەهێتێ، ئێکسەر دێ بەلاڤکەت، بەلێ کی ڤێ خورتی دنیاسیت دا شێعرا وی بەلاڤکەت ؟، پاشێ ئەڤ خورتە شاعرێ پاشەرۆژێ یە، هەکە ئەم رێ نوهە بۆ جحێلا خوشنەکەین، باوەری ب خۆ نامینیت و دێ دەستا ژ نڤیسنێ بەردەن... هتد پشتی بگرو ڤەکێشا سەیدای دگەل هەژاری شیعرا ناڤبری ل هژمار (٥-٦) یا کۆڤارێدا هاتە بەلاڤکرن. ب ڤێ رەنگی ب هزرا خۆ، قەلەمی خۆ و ب سامانێ خۆ خزمەتا مللەتێ خۆ دکر.

* هەر د ڤێ وارێدا بێدڤیە بێژین نە تنێ کۆڤارا **(رۆناهی)**، بەلکی پەرتووکا **(مسالة توحید اللغة الکردیة)** ب پێشنیازا سەیدای ژ ئالیێ دکتور سەدیق ئەتروشی ڤە ژ ئنگلیزی هاتیە وەرگێران بۆ عەرەبی و ئەو ژی ل سەر کیستێ سەیدا سێ هزار دانە ژێ هاتینە چاپکرن. و هەموو پەرتووکێن سەیدای ژی ئەوێن پشتی سەرهلدانێ ژ بلی فەرهەنگا قازی کو ژ ئالیێ دەزگەهێ سپیرێز ڤە هاتیە چاپکرن، ئەڤێن دی هەموو سەیدای ژ کیستێ خوە چاپکرینە و هەروە ژی بەلاڤکرینە و ئەڤێن داینە پەرتووکخانان ژی جارەکێ پرسیارا فروشتنا وان نەکریە، ئەڤە ژی د دەمەکیدا بوو کو هەر بەرپرسەک یان دەزگەهەکێ سەیدای ژێ خواستبا ب سوپاس و رێزگرتنڤە د بەرهەڤبوون پەرتووکێن وی بۆ چاپکەن. ئەڤە ب خوە ژی بەلگەیەکا دی یە کو سەیدایێ حافزێ قازی نەتنی ب هزر و قەلەمێ خوە بەلکی ب سامانێ خوە ژی خزمەتا گەلێ کورد کریە و خوزی ب سەدانێن دی وەک وی د ناڤ گەلێ مە دا هەلکەفتبانە و ژ نها پاش ژی هەلکەڤن. ل داوییێ پێدڤیە ب کورتی بەرهەمێن سەیدای ب خواندەڤانان بدەینە نیاسین هەتا د دەمەکێ دی دا ڤەکولینەک بەرفرەهتر ل سەر بەرهەمێن وێ یێن چاپکری بێتە کرن:

– خاتی خانم، چیرۆکا نڤیسکارێ کوردێ ئەرمەنستانێ ژ تیپێن سلاڤی کریە تیپێن عەرەبی و ل ١٩٨٧ل هەولێرێ هاتیە چاپکرن.

– – کەسەر و کوڤان، هەلبەست، ب تیپێن لاتینی، دهۆک– ١٩٩٥

– ئێش و ژان، هەلبەست، دهۆک– ١٩٩٧

– بیرەوەری، دهۆک– ٢٠٠٣.

– بیرهاتن دهۆک– ٢٠٠٤.

– فەرهەنگا قازی، دهۆک– ٢٠٠٥.

– دیوانا قازی، هەلبەست، دهۆک– ٢٠٠٥.

– چارەنڤسێ مرۆڤەکی، چیرۆکێن وەرگێرای، دهۆک– ٢٠٠٥.

– سەرهاتی، دهۆک– ٢٠٠٥.

– کەلا دمدم، دیرۆک، دهۆک– ٢٠٠٥.

– سەلاحەدینێ ئەیوبی، دهۆک– ٢٠٠٥.

–– مذکرات، ب عەرەبی، بەرگێ یەکێ، دهۆک– ٢٠٠٦.

– مذکرات، بەرگێ دووێ، دهۆک– ٢٠٠٦.

دەزگاو ئامرازەکانی جیهانگیرییەتی میدیا

محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

جیهانگیریی دەزگاو ئامرازی خۆی هەیە کە لە پرۆسەی پەیڕەوکردندا پشتی پێ دەبەستێ، ئەو دەزگاو ئامرازانە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- کۆمپانیا فرە رەگەزەکان:

چالاکی ئەم کۆمپانیانە و شێوەی ئیشکردنیان بە یەکێک لە ڕواڵەتەکانی جیهانگیریی دادەنرێ، ئەم کۆمپانیایانە وەک دەزگایەک بەگرنگترین هێزی بەجیهانیکردن و ئامرازە کاریگەرییەکانی لەقەڵەمدەدرێ، کە خاوەن قەبارەیەکی زل و هەمەجۆری چالاکی و بەربڵاوی جوگرافییە لەسەرتاسەری جیهاندا، سەرەڕای توانای دابینکردنی پێویستییە جیهانییەکان و پێدانی قەرزو کۆکردنەوەی پسپۆری و شارەزاییە ئاستبەرزەکانی مرۆڤایەتی، ئەم کۆمپانیانە لە هەوڵی بەجیهانیکردنی ئابووریدان، کە دەیانەوێ بازاڕی جیهان هەمووی بکەن بە یەک بازاڕ کە لەژێر رکێف و چالاکی ئەواندا بێ، ئێستا لە جیهاندا نزیکەی ٤٠ هەزار کۆمپانیای فرە رەگەز هەیە کە دەرامەتیان لە نیوەی بەرهەمی گشتی جیهانی زیاترە، بەڵام کۆمپانیا گەورە بالادەستەکان تەنها ٥٠٠ کۆمپانیا دەبن کە ٤٧٢ کۆمپانیایان دەکەونە بەشی باکووری گۆی زەوی و ٢٨ کۆمپانیاش لە بەشی باشووریدا، کە دەرامەتیان لە ساڵی ١٩٩٦ دا گەیشتە ١١٤٣٥ تریلیۆن دۆلار، واتە دەرامەتی ئەم ٥٠٠ کۆمپانیایە یەکسانە بە ٤١٪ ی بەرهەمی ناوخۆی جیهانی و ٦٤٪ ی بەرهەمی گشتی ئەمەریکی.

ئەم هێزی بەجیهانیکردنە رۆڵی دەوڵەتی لە چالاکی ئابووریدا لاواز کردووە، کۆمپانیا فرە رەگەزەکان بەرە بەرە خەریکی جێگرتنەوەی دەوڵەتن، وایان لێهاتووە پێویستیان بە هەندێ خزمەتگوزاری دەوڵەت نییە، خاوەنی سیستمی ئاسایش و کۆمپانیای پۆستەی خۆیانن،

سەرەڕای ئەوەی پارەی تایبەتی خۆیان لەچاپ دەدەن لەسەر شێوەی کارتی دڵنیایی کە لەژێر چاودێری حکومەتدا نییە، زیاد لەمەش دەستیان گرتووە بەسەر دەزگاو خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا، تا ئەو رادەی کە گۆڕستانیشیان بەجیهانیی کردووە، بۆ نمونە لە کۆمپانیای خزمەتگوزاری ئەمەریکی (SCİ) بازاڕەکانی ئەمەریکاو ئەورووپاو ئەمەریکای لاتینی زۆر بەخێرایی گرتۆتەوەو کۆنترۆڵی زۆربەی کۆمپانیاکانی مردووناشتنی لە ٢٠ وڵاتی جیهاندا کردووە.

جیهانگیریی بارودۆخێکی وەها دێنێتە ئاراوە کە رامیاری تیایدا بێ دەسەڵات دەبێ و دەوڵەتی دیموکراتیش شەرعیەتی خۆی لەدەستدەدا بەهۆی کەوتنە ژێر رکێفی ئابووریەوە، بۆنمونە، گوێڕایەڵ بوون بۆ بۆڕسەکان دەبێتە هۆی زەوتکردنی دیموکراتییەت لە ئەنجامدا جیهانگیریی دەبێتە تەڵە بۆ دیموکراتییەت، چونکە تێڕوانینی خەڵک بۆ شتەکان بەگوێرەی پرۆژەی جیهانگیریی دەبێ و، دەسەڵاتی ئابووری سەرتاپای سیاسەت بەڕێوە دەبات لەگەڵ لەبەرچاونەگرتنی ئەو رەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە بەدوای خۆیدا دەیهێنێ، لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا ١٧ کۆمپانیای میدیایی گەورە نیوەی داهاتی هەموو هۆیەکانی میدیای دەست دەکەوت لە کاسێت و کێبڵ و ڤیدیۆ کاسێتیشی لەگەڵدابێ، ئەمەش وایکرد ژمارەی کۆمپانیاکان لە ٤٦ کۆمپانیاوە لە ساڵی ١٩٨١ دوای دە ساڵ ببێتە ٢٣ کۆمپانیا، ئامانجی ئەم کۆمپانیایانە کۆنترۆڵکردنی هەموو هەنگاوێکی دروستکردنی وێنەیە هەر لە سەرچاوەوە تا دەگاتە دەستی کڕیار، ئەم یەکگرتنە شاوڵییەی هۆیەکانی میدیا تاڕادەیەک دیاردەیەکی نوێیە، زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکان لەکۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە تا ساڵانی حەفتا سەربەخۆ بوون، لەوکاتەوە بەرەبەرە کەرتەکان دەستیان کرد بە یەکگرتن و ئیمپراتۆرییەتی رۆژنامەکان و پەرتووکە کۆکراوەکان و ستۆدیۆی سینەما یەکگرتووەکانی هێنایە ئاراوە، بەڵام لەسەرەتای هەشتاکاندا گەورەترین پرۆسەی یەکگرتن دەستیپێکرد ئەویش بە یەکگرتن و فرۆشتنی سەدەها هۆی میدیا، لەگەڵ نزیکبوونەوەی ساڵانی نەوەدەکاندا کۆمپانیا گەورەکانی ئەمەریکا تواناییان دەها کۆمپانیایتر قووت بدەن و نابووت بکەن، بەمشێوەیە رێگەیان بۆ خۆیان خۆشکرد ببنە کۆمپانیای هەزار ساڵەی ئایندە، رۆڵی بااڵدەستی خۆیان ببینن لە بواری فرۆشتن و رابواردندا.

لە جیهاندا ٢٤ کۆمپانیا هەن کە کۆنترۆڵی کەرتی گەیاندن و زانیاری و رابواردنیان کردووە، لە ناو ئەمانەدا پێنج کۆمپانیای گەورە کۆنترۆڵی ٨٠٪ هەواڵەکانیان لە جیهاندا کردووە کە بریتین لە (**رویتەرز، ئەسۆشیێتد پریس، یونایتد پریس، ئاژانسی هەواڵی فەرەنسی و ئاتارتاسی رووسی**)، کە هەموو رۆژێک نزیکەی ٣٢

جیهانگیریی بارودۆخێکی وەها دێنێتە ئاراوە کە رامیاری تیایدا بێ دەسەڵات دەبێ و دەوڵەتی دیموکراتیش شەرعیەتی خۆی لەدەستدەدا بەهۆی کەوتنە ژێر رکێفی ئابووریەوە

ملیۆن وشە پەخش دەکەن، سەرەڕای وێنەو مادەی تەلەفزیۆنی وێنەگیراو. بەمشێوەیە دەبینین سەرچاوەکانی پەخشکردنی هەواڵ و میدیا لە نێوان وڵاتانی جیهاندا بەشێوەیەکی ستوونی نەک ئاسۆیی گەشە دەکەن، ئەمەش پەخشکردنێکی یەک ئاراستەیە کە بیرو بۆچوونی بەهێزو بااڵدەست دەنوێنێ، کۆمپانیا ئەمەریکییە فرە رەگەزەکان لە بواری میدیادا کۆنترۆڵی دەزگا تەلەفزیۆنییە تایبەتییەکان دەکەن لە بیست وڵات لە ئەمریکاو باکووری لاتینیدا، هەروەها لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکان لە کۆی ٧٠٧ ئێزگەدا، لە خاوەندارییەتی ٥٦٥ ئێزگەی رادیۆییدا بەشداری دەکەن کە لەلایەن ١٣ دەزگاوە لە مەکسیک بەڕێوە دەبرێن، تەنها کۆمپانیایەکیش کۆنترۆڵی چوار کەناڵی کردووە لە کۆی شەش کەناڵی تەلەفزیۆنی لە شاری (**مەکسیکۆسیتی**). لە کۆلۆمبیا چوار دەزگای ئەمەریکی خاوەنی ٢٣١ ئێزگەی رادیۆیین لە کۆی ٣٨٦ ئێزگەدا، بەاڵم تەلەفزیۆنەکانیان لەژێر کۆنترۆڵی سێ دەزگای ئەمەریکیدان.

مەترسی قورخکردنی میدیا لەلایەن کۆمپانیا فرە رەگەزەکانەوە لە هەوڵی بەزاندنی دەسەاڵتی زانیاری- دارایی بۆ سنووری نەتەوەییەکاندا دەردەکەوێ، کە دیاردەی کلتووری نەتەوە- تێپەڕی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش کردارێکی بنەڕەتییە کە تارادەیەک و لە زۆر بواردا گۆڕانکاری لە میللەتاندا دروست دەکات بە شێوازێکی ئەلیکترۆنی نەک بەگفتوگۆی جوگرافی یان کلتووری نیشتمانی و نەتەوەیی، زۆر لە توێژەران ئەم دیاردەیە لە ناوەڕۆکدا بە (**ئەمەریکیکردن**) لەقەڵەم دەدەن، بەهۆی بااڵدەستی راشکاوانەی ئەمەریکا لەم بوارەدا، ئەم کۆنترۆڵکردنە بەرفراوانەی کۆمپانیا فرە رەگەزەکان لە بواری گەیاندنداو بەگوێرەی نمونەی (**جۆهان گالتونج**) کە لەم دیاردەیەی کۆڵیوەتەوە بۆتە هۆی دابەشکردنی جیهان بۆ دوو بەشی نایەکسان، کە ئەوانیش: (**ناوەند**)ی بااڵدەست کە بریتیە لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان و، (**پەراوێز**)ی دواکەوتوو کە رۆڵی شوێنکەوتوو دەبینێ لەم نمونەیەدا کە میدیای نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی شاوڵی کاری تێدەکات، لەسەرەوە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان و لەژێرەوە وڵاتە تازە گەشەسەندو و دواکەتووەکان.

ئەمەش لەئاکامی کۆنترۆڵکردنی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان بۆ ئامرازە نوێیەکانی گەیاندنەوە هاتۆتە ئاراوە، سەرەڕای کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی هەواڵ کە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاری دێنن بەبێ رەچاوکردنی بەرژەوەندی نیشتمانی وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان کە لەرووی ئابووری و تەکنیکی و زانستیدا دواکەوتوون و ناتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن، لێرەدا تێبینییەکی گرنگ لەبارەی وڵاتانی ناوەندەوە هەیە، چینێکە ١٪ی کۆنترۆڵی دارایی و میدیاو

پەخشکردنی هەواڵ و میدیا لە نێوان وڵاتانی جیهاندا بەشێوەیەکی ستوونی نەک ئاسۆیی گەشە دەکەن، ئەمەش پەخشکردنێکی یەک ئاراستەیە کە بیرو بۆچوونی بەهێزو بااڵدەست دەنوێنێ

مەترسی قورخکردنی میدیا لەلایەن کۆمپانیا فرە رەگەزەکانەوە لە هەوڵی بەزاندنی دەسەاڵتی زانیاری- دارایی بۆ سنووری نەتەوەییەکاندا دەردەکەوێ، کە دیاردەی کلتووری نەتەوە- تێپەڕی لێدەکەوێتەوە

یاسادانان و بەکارهێنانی سیاسەتمەدارانیان کردووەو دەسەڵاتیان بەسەر جیهاندا هەیە، بەهۆی کۆنترۆڵکردنی هەر سێ فاکتەری دارایی، میدیاو بەکارهێنان، ئەم چینە بەهۆی چەند کۆمپانیایەکی فرەرەگەز توانیویەتی کۆنترۆڵی جیهان بکات، کە بڕی فرۆشتنی لە ساڵی ١٩٩١ دا گەیشتە ٥،٢ تریلیۆن دۆلار، لە کاتێکدا ئاڵوگۆڕکردنی بۆ دراوە بیانییەکان لە سەرەتای نەوەدەکاندا گەیشتە زیاتر لە ١،٣ تریلیۆن دۆلار رۆژانە، ئەمەش دوو هێندەی ئاڵوگۆڕکردنی رۆژانەی ساڵی ١٩٨٩ یە، سەرەڕای زۆریی ئەم بڕە ئەوا ئاڵوگۆڕکردنی دارایی لە جیهاندا بە زۆریی لەلایەن کۆمەڵێکی کەمەوە ئەنجام دەدرێ کە بریتین لە نزیکەی (٣٠-٥٠) بانکی جیهانی، لە کاتێکدا چینی ١٪ی کۆنترۆڵی میدیاو زانیاری جیهانیان کردووە.

کاتێک **(بین باگیدیکیان)** ڕاگری فەخری کۆلیژی ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی کالیفۆرنیا چاپی یەکەمی لە پەرتووکی **(دەستبەسەراگرتنی میدیا)**ی لەساڵی ١٩٨٣ دا نووسی، پەنجا کۆمپانیا خاوەندارێتی کۆمپانیاکانی میدیایان دەکردو خاوەن دەسەڵات بوون. کاتێک ناوبراو لەساڵی ١٩٩٧ دا چاپی پێنجەمی لە هەمان پەرتووک بڵاوکردەوە، ژمارەی ئەو کۆمپانیا ئەمەریکییانە گەیشتە دە کۆمپانیا. بەهۆی هەبوونی سەرمایە و سامان و میدیاو بااڵدەستی تیایدا ئەوا (٣٠-٥٠) بانک و (١٠-٥٠) کۆمپانیای میدیا کۆنترۆڵی جیهان دەکەن و سیاسەتمەدارو حکومەتەکان لاواز دەکەن و لەناو دەبەن. ئەوەی لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ڕوویدا بەڵگەن لەسەر مەترسی یەکگرتنی سەرمایە و میدیا، کە جۆرە سەرمایەدارییەکی زانیاری- دارایی هێناوەتە ئاراوەو پشتی بەستووە بە یەکگرتنی دارایی لەگەڵ زانیاری و میدیادا، ئەمەش لەهەمان سەرمایەداری ئەنگلۆئەمەریکییە کە بانگەشەی سیستمی نوێی جیهانی بۆ دەکەن وەک ئایینێکی نوێ لە ڕامیاری نێودەوڵەتیدا، بەمەش سیستمی زانیاری – دارایی ڕۆڵی مێژوویی سەرمایە دەگۆڕێ لە خزمەتکاری ئابووری بۆ بوون بەبار بەسەر ئابوورییەوە.

ئەم سیستەمە سەرتاپای کۆمەڵگەو میللەتان بەکاردێنێ لەپێناو گەشەسەندنی ئابووریدا لە جیاتی ئەوەی گەشەسەندنی ئابووری وەک خزمەتکار بەکاربێنێ بۆ میللەتان، وەسفەکەی **(بریژینسکی)** ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکی پێشوو لەبارەی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ناوزەدیان دەکات بە **(کۆمەڵگەی تەکنۆترۆنی)** لەوانەیە ڕاست بێ، واتە ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە ڕووی کلتووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لەلایەن تەکنەلۆژیاو زانیاری و داهێنراوە ئەلکترۆنییەکانەوە دادەڕێژرێ و دروست دەکرێ، بە تایبەتی لەلایەن بوارەکانی کۆمپیوتەرو میدیاوە، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە ریکلامێکی کۆمپانیای **(سنگەر)** ی فرە ڕەگەز خۆی بەمشێوەیە وەسف بکات **(بەهێمنانە ئیش دەکەن بۆئەوەی دەست بەسەر جیهاندا بگرن)**، بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگ و کاریگەرەی ئەم کۆمپانیانە لە پڕۆسەی جیهانگیریدا دەیگێڕن لەڕێگەی بڵاوبوونەوەی ڕاستەوخۆیانەوە لەسەرتاسەری جیهانداو داڕشتنەوەی پڕۆسەی نوێی بەرهەمهێنان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، لەوەش گرنگتر هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی شێوازی بەکاربردن و خەرجکردنێکی نوێ و داڕشتنی کلتووریکی خەرجکردنی یەکگرتوو لەسەر ئاستی جیهان، بەهۆی بااڵدەستی لە بوارەکانی ڕێکلام و گەیاندن و میدیادا.

٢- ڕێکخراوو دەزگا نێودەوڵەتییەکان:

ئەم ڕێکخراوو دەزگایانە لەسیستمی جیهانگیریدا بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێن، بەهۆی شێوازی ئیشکردنیان و ئەو یاسایانەی کە لەسەری دامەزراون، **(سندوقی دراوی نێودەوڵەتی)** و **(بانکی نێودەوڵەتی بۆ بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە)** و **(ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی)** و **(ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری)** و، کۆبوونەوەکانی حەوت وڵاتە گەورەکەی جیهان و زۆر دەزگای ناحکومی دیکەی وەک دیداری داڤۆس و یانەی ڕۆما و.. هیتر، ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە دروستکردنی جیهانگیریی ئابووریدا، ئەمانە هەموویان یارمەتی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان دەدەن

بۆ جێبەجێکردنی جیهانگیریی بەشێوەیەکی پراکتیکی، بەهۆی بەرنامەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و مەرجەکانی بانکی نێودەوڵەتی و بەندەکانی رێککەوتننامەی گات، کە سەرقاڵی رێکخستنی بازرگانی جیهانین لە بەرژەوەندی ئەم بانک و کۆمپانیایانەدا.

سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی سیاسەتە بازرگانییە نیشتمانییەکان، بەمشێوەیە پێشێلی مافە بنەڕەتییەکانی میللەتانی جیهان دەکەن، بەتایبەتی لە بوارەکانی وەبەرهێنانی بیانی و هەمەچەشنی بایۆلۆژی و خاوەندارێتی فیکری تاکە کەسدا، بەواتایەکی دی دابەشکردنێکی سێ گۆشەیی نوێیە بۆ دەسەڵات، کە لەسەر هاریکارییەکی پتەو لە نێوان سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و رێکخراوی بازرگانی جیهانی بەندە لە سەرپەرشتیکردنیان لەسەر سیاسەتە ئابووریەکانی وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان و، لە سایەی سیستمی بازرگانی تازەوەو دامەزراندنی رێکخراوی بازرگانی جیهانی لەساڵی ١٩٩٤ شێوەی پەیوەندی لەنێوان ئەو دەزگایانەی کە لە ئەمەریکادان و حکومەتە نیشتمانییەکان گۆڕدران. جێبەجێکردنی رێنماییە سیاسییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی تەنها بریتی نییە لە رێککەوتنی نێوان دوو وڵات، بەڵکو زۆر لە بەندەکانی داوای گۆڕانکاری لەسیستمی وڵاتان دەکات وەک ئازادکردنی بازرگانی و گۆڕینی سیستمی وەبەرهێنانی بیانی، ئەمانەش بەشێوەیەکی هەمیشەیەی لە بەندەکانی رێککەوتنامەی رێکخراوی بازرگانی جیهانی چەسپاون و بوونەتە بەشێکی یاسایی.

مەترسی ئەم رێکخراوو دەزگایانە لە چەسپاندنی سیستمی جیهانگیریدا:

١- هەوڵدەدات چەمکێکی ئایدۆلۆژی لیبرالی **(سەرمایەداری لیبرالی)** بڵاو بکاتەوە، بە گرتنەبەری ئەو شێوازە سیستمی دراوی نێودەوڵەتی و سیاسەتە دارایی و ئابووری و بازرگانییانەی کە لە بەرژەوەندیدان.

٢- دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتییە بۆ راوێژکردن و هەماهەنگی لە نێوان حەوت وڵاتە گەورەکەی جیهان.

٣- بریتیە لە دەسەڵاتێکی مەعنەوی کە باکوور بەسەر باشوورو، دەوڵەمەندان بەسەر هەژاراندا زاڵ دەکات.

٤- بەهۆی ئامرازەکانی کارکردنییەوە تەنها رۆڵی مەعنەوی و سەرپەرشتیاری نابینێ، بەڵکو دەتوانێ یاساو داواکاریەکانی خۆی بەسەر وڵاتاندا بسەپێنێ لە بواری سیاسەتە دارایی و ئابووریەکاندا.

٥- ئەم دەزگایانە سەرەڕای بانگەشەی بۆ ئایدۆلۆژیەتی بازرگانی ئازاد، پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی بریتیە لە پەیڕەوکردنی پاراستنی بازاڕەکانیان کە مۆنۆپۆڵە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی کۆمپانیا فرە رەگەزەکان تیایاندا بااڵدەستن.

هەرچەندە سەردەمێکە میللەتانی جیهان بەدەست سیاسەتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتیەوە دەناڵێنن بەاڵم رێکخراوی بازرگانی جیهانی مەترسیدارترە، بەهۆی ئەو یاسایانەی هەیەتی لە بواری مامەڵە نێودەوڵەتییەکان بە شتومەک و خزمەتگوزاری و سەرمایەوە، بەدەگمەن دەبینی دەوڵەتێک هەرچەند گەورەبێ و خاوەن ئابووریەکی بەهێز بێ بەبێ زیان لەدەستی ئەم رێکخراوە دەربچێ. ئەرکی سەرەکی ئەم رێکخراوە بریتیە لە سەرپەرشتی و چاودێریکردنی پرۆسەی ئازادکردنی بازاڕو سیستمە دارایی و بازرگانییەکان، ئەم سێ دەزگایە وەک ئامێرێک لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بەکاردێ دوای ئەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتە ژێر هەژموونی ئەم وڵاتەوە، لەوانەیە هەرەسهێنانی ئابووری لە باشووری رۆژهەاڵتی ئاسیا نمونەی بەرچاوی ئەو هەژموونە بێ. قسەکەی **(جیسی جاکسۆن)** سەرکردەی رەشپێستی ئەمریکی لەمبارەوە بەکورتی ئەم سیناریۆیە دەخاتەڕوو کە دەڵێ "ئێستا گوللە ناتەقێنن و سێدارە دانامەزرێنن، بەڵکو سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی بەکاردێنن".

جیهانی ئەمڕۆ گۆڕانکاری زۆر خێرای بەخۆوە بینی بەهۆی شۆڕشی گەیاندن و

بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان، لەئاکامی پەیدابوونی کۆمپیوتەرو تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان و سیستمە ژمارەییەکان و شتی دیکەی تەکنیک بەرزەوە کە بوار بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان و بەڕێوەبردنی کارو سەرمایە و سامان ئاسان دەکەن لەسەرتاسەری جیهاندا و بەخێراییەکی لەرادەبەدەر. بۆیە مرۆڤ خۆی لە بەرابەر دیاردەیەکی جیهانی نوێدا دەبینێتەوە لە سەرئاستی جیهاندا، کە بریتیە لە پەیدابوونی جیهانێکی نوێ کە بەرە بەرە دروست دەبێ و لە بوارو سیستم و پێکهاتەیدا جیاوازە لە سیستمە پێشووەکان، هەروەها جیاوازە لە میکانیزمی ئیشکردنی و سیستمی گەیاندنییەوە. لەکاتێکدا جیهانی پێشوو بەهۆی ئابووری پیشەسازی و ئامێرە قورسەکان و هۆ میکانیکیەکانی گواستنەوەوە وەک کەشتی و فڕۆکەو ئۆتۆمبیل دروست دەبوو. هەروەها یەکگرتن و لێک جیابوونەوەی بەهۆی ئەو بیروبۆچوون و باوەڕانەوە دەبوون کە لە پەرتووکەکاندا نووسرابوون، ئەوا ئەمڕۆ جیهان بەهۆی مانگە دەستکردەکان و هۆکارەکانی میدیاو سامانە هێماییەکان و دەقە هەمەجۆرەکانەوە دروست دەبێ و یەکدەگرێ کە زۆر بەخێرایی ئەم سەرو ئەوسەری زەوی دەکات.

ئەگەر وتەکەی (**تۆماس گۆن**) بەکاربێنین لەباری شۆڕشە زانستییەکان، ئەوا شۆڕشی گەیاندن و زانیارییەکان بریتیە لەو شۆڕشەی کە سیستمی چەمکە کۆنەکان پشتگوێ دەخات و هەنگاو دەنێ بەرەو سیستمێکی چەمکیی نوێ، هەرچەندە تائێستا روالەتی ئەم سیستمە نوێیە بە رووبی دەرنەکەوتووە بەهۆی گۆڕان و پێشکەوتنی هۆیەکانی گەیاندن و زانیارییەوە ئەوا شێوەی بەرهەمهێنانیش گۆڕانی بەسەردا دێ لە ئەنجامدا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگۆڕێ. کلتووری ئەمڕۆ کلتووری پەرتووک و رۆژنامە و رۆژژمێر نییە، بەڵکو زیاتر کلتووری وێنە و زانیاری و کۆمپیوتەرو بانکەکانی زانیارییە، کەواتە بنەمای زانیاری گۆڕانی بە سەردا دێ سەرەڕای گۆڕان لە میکانیزم و هۆیەکانی بەرهەمهێنانییەوە.

ئەو ئامرازە تێکنەلۆژییە نوێیانەی بوونەتە هۆی گەشەسەندنی جیهانگیریی لەجیهاندا بێ گوێدانە جۆری نەژادو کلتووریان زانیاری بڵاو دەکەنەوە، بریتین لە:

١- پەخشی ئاسمانیی تەلەفزیۆن و رادیۆ:

هاتنە پێشەوەی تەکنەلۆژیای نوێ لە زۆر رووەوە کاری کردە سەر تەلەفزیۆن و بەرەو پێشی برد، ناردنی مانگە دەستکردەکان بۆ بۆشایی ئاسمان تەلەفیزیۆنی لە کەناڵێکی لۆکاڵەوە گۆڕی بۆ ناوەندێکی نێودەوڵەتی، ئەمڕۆ تەلەفزیۆن بەشێکە لەژیانی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە و بە زۆر شێوەش کاری کردۆتە سەر ستایلی ژیانی مرۆڤەکان. لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە بەشێوەیەکی گشتی ٧٪ ی خەڵک کاتی خۆیان

هەرچەندە سەردەمێکە میللەتانی جیهان بەدەست سیاسەتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتییەوە دەنالێنن بەڵام ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی مەترسیدارترە

جیهانی ئەمڕۆ گۆڕانکاری زۆر خێرای بەخۆوە بینی بەهۆی شۆڕشی گەیاندن و بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان، لەئاکامی پەیدابوونی کۆمپیوتەرو تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان و سیستمە ژمارەییەکان و شتی دیکەی تەکنیک بەرزەوە

به سەیرکردنی تەلەفزیۆن بەسەر دەبەن. ئەمڕۆ لەزۆربەی وڵاتانی جیهان کەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەت بە بواره جیاوازەکانی ژیان پەیدا بووە، کەناڵە تەلەفزیۆنییە لۆکاڵ و سەتەلایتەکانیش خەرجییەکی زۆریان پێویستە لەهەمان کاتدا قازانجی زۆریش دەکەن، قازانجەکانیش بەزۆری لە ڕێکلام و ئاگاداری و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندایە. زۆر لە تۆڕەران وەسفی هەردوو کەناڵی ڕادیۆو تەلەفزیۆن دەکەن بەوەی شێوازێکن توانای گۆڕگرتن و بیستن بەهێز دەکەن، تەلەفزیۆن بۆ گێڕانەوەی توانای قسەو متمانەکردنی شێوازی میدیا دەرکەوت، تەلەفزیۆن دیسان بۆ لاوازکردنی توانای قسە دەرکەوتەوە، پێشکەوتنی هێواشی تێگەیشتنی شیکاری ژیرانە، بەرژەوەندی پچڕ پچڕی خێرا لە زانیاری جگە لە زمانی پەیبردن دەستەبەری ئامادەکاری دروستبوونی ئەندێشە وێنەیە.

گرنگترین داهێنانەکانی سەدەی ڕابردوو بریتیە لە پەیدابوونی تەلەفزیۆن کە دروستکردنی زۆر بەخێرایی گەشەی سەند تا گەیشتە ڕادەی پەخشی ئاسمانیی، دواتر پەخشی ئاسمانی دیجیتاڵی هاتە ئاراوە کە هەنگاوێکی مەزنی لەبواری پەخشکردندا هاوێشت، تەکنیکی دیجیتاڵی توانی پەخشی چاکترو جۆراوجۆرتر بە نرخی کەمتریش پێشکەش بکات، هەروەها بواری زیاتر والا کرد لەبەردەم زیادبوونی کەناڵە ئیزگەیی و تەلەفزیۆنییەکانداو پەیدابوونی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر کە هەرسێ سیستمی میدیاو کۆمپیوتەرو گەیاندنی لەخۆگرتووە. بەمشێوەیە تەلەفزیۆن ئەم جیهانە گەورەیەی کردە شاشەیەکی بچووک کە بەهۆی ئامێری ریموت کۆنترۆڵەوە **(کۆنترۆڵکردن لە دوورەوە)** دەتوانی بەناویدا بسووڕێیتەوە، پەڵەیەک زەوی لەسەرتاسەری جیهاندا نەماوە کە مانگە دەستکردەکان پەخشی تەلەفزیۆنی بۆ نەنێرێ، بۆیە تەلەفزیۆن بەهۆی ئەو پەخشە بەرفراوانەیەوە **(هێزی گەورەی سێیەمە)** کە ژمارەی بینەرانی بە چەندان جار زیادیکردووە گەر بەراورد بکرێ لەگەڵ سێ ساڵ لەمەو پێش.

گرنگترین تۆڕی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی لە جیهاندا کە بە ئامرازێک لە ئامرازەکانی جیهانگیریی میدیا لەقەڵەم دەدرێ بریتین لە:

أ- تۆڕی (CNN) ی ئەمەریکی کە لە ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن (تیدتێرنەر) لە شاری ئەتڵەنتای ئەمەریکی دامەزراوە، لە پەخشکردنی هەواڵە ڕاستەوخۆکان بەدرێژایی شەو و ڕۆژ، بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە بەردەوامە، بە گەورەترین تۆڕی تەلەفزیۆنی جیهانی دادەنرێ کە تایبەتمەندە بە پەخشکردنی هەواڵەکان، ژمارەی بەشداربووانی ئەم کەناڵە گەیشتۆتە ٥٣ ملیۆن کەس لە ئەمەریکادا، لەشکرێکی بچووکی پەیامنێرانی هەیە کە ژمارەیان دەگاتە ٢٠٠٠ کەس و لە ١٢٠ وڵاتدا بڵاوبوونەتەوە،

شۆڕشی گەیاندن و زانیارییەکان بریتیە لەو شۆڕشەی کە سیستمی چەمکە کۆنەکان پشتگوێ دەخات و هەنگاو دەنێ بەرەو سیستمێکی چەمکیی نوێ

ناردنی مانگە دەستکردەکان بۆ بۆشایی ئاسمان تەلەفیزیۆنی لە کەناڵێکی لۆکاڵەوە گۆڕی بۆ ناوەندێکی نێودەوڵەتی

زۆر لە تۆێژەران وەسفی هەردوو کەناڵی ڕادیۆو تەلەفزیۆن دەکەن بەوەی شێوازێکن توانای گۆڕگرتن و بیستن بەهێز دەکەن

پەخشکردنی ئەم کەناڵە دەگاتە سەرتاسەری جیهان جگە لە جەمسەری باکوورو باشوور، بەهۆی بەکارهێنانی نۆ مانگی دەستکرد کە بە دەوری خولگەی زەویدا بڵاوکراونەتەوە.

ب- تۆڕی (BBC) بەریتانی، لە ساڵی ١٩٨٦ بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە دەستی بە پەخشکردنی خۆی کرد، پەخشی ئەم کەناڵە زیاتر لە ٥٠ وڵات لە جیهاندا دەگرێتەوە، ئەم تۆڕە هەواڵ و زانیاری پەخش دەکات و چوار کەناڵی جۆراوجۆری هەیە، لە ساڵی ١٩٩٤ پەخشکردنی بەزمانی عەرەبی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک رۆژانە بەردەوام بو و لە ساڵی ١٩٩٥ بووە ٢٤ کاتژمێر، بەڵام ئەمە تەنیا ساڵێکی خایاندو بەهۆی تەنگژەی دارایی لەکار راوەستا.

ج- تۆڕی (Euro News)، بە یەکەم تۆڕی هەواڵی تەلەفزیۆنیی ئەورووپی هاوبەش دادەنرێ، لەساڵی ١٩٩٣ دەستی بە پەخش کرد، دوای بەشداریکردنی (١٥) دەزگای تەلەفزیۆنی دەریای سپی ناوەڕاست تیایدا، ئەم کەناڵە لە شاری **(لیۆن)**ی فەرەنسییەو بۆ روبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی میدیای ئەمەریکی دامەزراوە. سەرەڕای ئەمانەش دەیان کەناڵی ئاسمانی نێودەوڵەتی و هەرێمی دیکە هەن.

٢- تۆڕی ئینتەرنیت: لە بەشی ئینتەرنێتدا بە وردی باسی لێکراوە.

٣- ئینترانێت و ئیکسترانێت:

لەم ساڵانەی دواییدا تۆڕێکی نوێ بەکاردێ بەناوی ئینترانێت و بۆتە بڕبڕەی پشتی زۆربەی کۆمپانیاکان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان لەناوخۆیدا، مەبەست لە **(ئینترانێت)** ئەو تۆڕە ناوخۆییەیە کە سنووری کۆمپانیایەکی دیاریکراو نابەزێنێ و دەرناچێ بۆ دەرەوەی کۆمپانیاکە هاوکات هەموو تایبەتمەندیەکانی ئینتەرنێتی تێدایە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە کەسانی دەرەوەی کۆمپانیاکە نییەو پەیوەندییەکە تەنها لەنێوان کارمەندانی کۆمپانیاکەیە.

ئینترانێت لەسەر هەمان سیستمی ئیمەیلی ئەلیکترۆنی دامەزراوە، هەرچەندە تەنها ئیشی گەیاندنە لەنێوان کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە، جا چ لەناو ئەو باڵەخانەدا بن یان لە وڵاتێکی تردا. لەو ئامارانەی کە دەزگای **(دیلگی)** ئەمەریکی لەسەر ٦٠٠ کۆمپانیای جۆراوجۆر ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە کە ٦٥٪ی ئەم کۆمپانیایانە بە کردەوە تۆڕی ئینترانێتیان هەیە، هەرچەندە ئەمە تۆڕێکی نوێ و خێراو رێکوپێکە لە بواری ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەناو دەزگایەکدا، هەندێ خەڵک گلەییان لە سەربەخۆیی سیستمەکە ئینترانێت هەیە کە خەڵکانی دەرەوە زانیارییان لەبارەی ناوخۆی کۆمپانیاکان نییە، لەکاتێکدا هەندێ کەسی دی سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەک لە پەیوەندی و گەیاندنی بەردەوامی ئەو پرۆژەیەدا دەبینن لەگەڵ کڕیارەکانیدا.

بەگوێرەی ئەو بۆچوونە، ئینترانێت پێویستە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەرەوەدا هەبێ، کەسانێک کە پەیوەندیدارن بەو دەزگایەو پێویستە هەردوولا ئاگایان لە بەڕێوەچوونی ناو ئەو دەزگایە هەبێ، بەم شێوەیەش تۆڕێکی نوێ هاتە ئاراوە کە تۆڕی **(ئیکسترانێت)**ە، بە واتای هەبوونی پەیوەندی لەنێوان دەزگایەک لەلایەک و کڕیارو هاوبەشەکانی لەلایەکیتر، کەوابوو ئیکسترانێت ئەڵقەی پەیوەندییە لەنێوان **(ئینتەرنێتی گشتی و ئینترانێتی تایبەت)**دا، کە بوار دەدات بە خەڵکانی بەشدار لە دەزگایەکدا ئاگاداری کاروبارەکانی بن، بەڵام بوار بە خەڵکانیتر نادات بگەنە ئەو زانیارییانە. کەواتە ئیکسترانێت تۆڕێکی تایبەتە کە ئینتەرنێت و ئامرازەکانی گەیاندنی گشتی بەکاردێنێ بۆئەوەی هەندێ لە زانیاری دەزگایەک بەشێوەیەکی دڵنیایانە و نهێنی بداتە خەڵکێکی دەرەوەی ئەو دەزگایە. بەمشێوەیە دەتوانرێ فرمانی کڕینی دراوەکان و نمایشکردنی بەرهەمە تایبەتییەکان و، ئامادەسازی بۆ کۆبوونەوەکان و دواترین هەواڵ پیشان بدرێ بەشێوازێک کە لەوەوپێش بواری پێ نەدرابێ، کەواتە **(تۆڕی ئیکسترانێت)** بۆتە ئامرازێکی خێراو ئاسان و کەمخەرج بۆ زانینی زانیارییەکان لەهەر کات و شوێنێکدا بێ، کە هۆیەکانی گەیاندن لەنێوان کۆمپانیاو خەڵکانی دەرەوەیدا هەبێ.

٤- تەکنەلۆژیای کێبڵ:

بەکارهێنانی تەلەفزیۆنی کێبڵی لە ویلایەتە

یەکگرتووەکان بووە پێویست، بۆ داپۆشینی ئەو ناوچە جوگرافیانەی کە ئاماژە تەلەفزیۆنییەکانیان پێناگات بەهۆی ئەو ئاستەنگانەی کە دێنە ڕێگەی هێڵی ڕێڕەوە ڕاستەکەی کە ناوی لێنرا ناوچەکانی تاریکی تەلەفزیۆنی. لەساڵی ١٩٤٨ یەکێک لە هونەرەکارانی ویلایەتی بنسلڤانیا بیری لەوە کردەوە ئەنتێنێک لەسەر لوتکەی یەکێک لە چیا نزیکەکان دابنێ بۆ وەرگرتنی پەخشی تەلەفزیۆنی لەڕێگەی شەپۆلەکانی شەپەنگی لەرەلەری و ڕاکێشانی کێبڵ لەو ئەنتێنەوە بۆ ناوچە نشینگەییەکە کە پەخشەکەی پێناگات. بەکارهێنانی سیستمی کێبڵی بووە پێویستییەک دوای ئەوەی جێبەجێکردنی تەکنیکە پێشکەوتووەکان و هانابردن بۆ شەپۆلە هێرتزییەکان زەحمەت بوو، ئەم سیستەمە خزمەتگوزاری هاوشێوەی چاودێری گشتی (Two Ways) پێشکەش بە بەشداربووانی کرد، کە پەیوەندی بە سیستمی کێبڵ دەکات لەحاڵەتی لەناکاوو بەشداربوویەک لەسەر ئامێری تەلەفزیۆنە تایبەتییەکەی. بەمدواییە هەنگاوی گەورە نرا لەم سیستەمە بەوەی تایبەتمەندی جیاواز لە تۆڕە کێبڵەکانی ئەمەریکا پەیدابوو بۆ ئافرەت و منداڵ و وەرزش لەسەرووبانەوە تۆڕی (Cable News Network CNN)ی هەواڵی.

ئەمڕۆش تەلەفزیۆنی کێبڵی بۆتە کارێکی بازرگانی گەورە لەمیانەی قەوارەی ڕێکلامە نیشاندراوەکان لە شاشەکانییەوەو لەوانەیە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەو بەکارهێنانە جۆراوجۆرانەی کە گەیاندنی کێبڵ وەدی دێنێ. بازدانی ڕاستەقینە لەمێژووی تەلەفزیۆنی کێبڵی لەدوای جوتبوونی لەگەڵ مانگە دەستکردەکان بە هەردوو جۆری هاوتایی ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ بوو لەساڵانی هەفتاکان. کۆمپانیاکانی کێبڵ بایەخی زیاتر دەدەن بەو ناوچانەی کە زۆرینەی دەوڵەمەندی لێ نیشتەجێ، بۆ دەسکەوتنی قازانجی خێرا. لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لە پیشەسازی کێبڵدا، دەکرێ پشت بە تەکنیکەکانی کێبڵەکانی ڕیشاڵە ڕووناکییەکان ببەستێ و بیگەیەنێتە ماڵان لەگەڵ بەستنەوەی بە خزمەتگوزاری مانگە دەستکردەکان، هەرچەندە هەندێ گومانیان لە مەودای بەردەوامی مانگە دەستکردەکان هەیە بە بەراورد لەگەڵ خزمەتگوزاری کێبڵی، بەڵام مانگە دەستکردەکان لەبواری پەخشی تەلەفزیۆنی و ئیزگەیی هەر بە دەستبالایی دەمێنێتەوە، خزمەتگوزاریی کێبڵیش کۆنترۆڵی بواری گەیاندنەکان دەکات بە هەموو جۆرە جیاوازەکانی. (CNN) بە نمونەیەکی ڕوون دادەنرێ لە جوتبوونی تەکنەلۆژی لەنێوان کێبڵ و تەکنیکی مانگە دەستکردەکان، کە کەناڵەکە بە مانگە دەستکردەکان وەردەگیرێ پاشان جارێکیتر لەڕێی کێبڵ یان شەپۆلەکانی (VHF-UHF) بۆ بەشداربوان پەخش دەکرێتەوە.

هاوکات تەلەفزیۆنی کارلێککار بەرهەمێکی سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیارییە، لەم سیستمەدا هێڵی کێبڵی تەلەفزیۆنی بە ناوەندی پەخش دەبەستێتەوە، بینەرانیش دەتوانن ئەو بەرنامانە هەڵبژێرن کە دەیانەوێ ببینن، ئەم سیستمە بواری ئەوەش دەداتە بینەر تا ڕای خۆی لەبارەی بەرنامەکان بدات و ئەو گۆرانی و فیلم و زنجیرانەش هەڵبژێرن کە دەیانەوێ ببینن، هەروەها ڕاستەوخۆ ئەو کاڵایانەش بکڕن کە لە ڕێکلامدا پیشان دەدرێ، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن و هەندێ وڵاتی ڕۆژئاوا ئێستا کار بەم سیستەمە دەکرێ.

٥- ڕادیۆی کورتە شەپۆل و دیپلۆماسیەتی گشتی:

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپاو لە ئەمەریکادا پەخشی ڕادیۆیی هەبوو وەک **(جەی بلاک)** دەڵێ:: "میدیای ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی سەدەی بیستەمە". ڕادیۆ کە بە یەکەمین ناوەندی ئەلیکترۆنی جەماوەری دادەنرێ، یەکەمجار بۆ گۆڕینەوەی پەیام تەنیا لەنێوان دوو کەسدا بەکارهاتووە پاشان بووە بە ئامێرێکی گرنگی پەیوەندیکردنی جەماوەری. پاش دۆزینەوەی شەپۆلی FM لە ساڵی ١٩٣٥ ڕادیۆ بازدانێکی گەورەی تری بەخۆوە بینی، چونکە ئەم لەرە لەرە توانی ژاوە ژاوە کەم بکاتەوەو لە زۆر ڕووش لە AM باشتر بوو. لە نیوەی دووەمی سەدەی

بیستەمەوە توانرا رادیۆ لە کەناڵێکی لۆکالەوە بکرێتە کەناڵێکی ئینتەرناشناڵ. لەگەڵ هاتنی تەلەفزیۆن، ئەگەرچی جەماوەری رادیۆ کەم بووەوە بەڵام رادیۆ پێگەی خۆی هەر لەدەست نەداو توانی شانبەشانی تەلفیزیۆن بەردەوامی بە پەخشەکەی خۆی بدات.

ئیزگە **(کە بەرنامە بە شەپۆلی کورت بڵاو دەکاتەوەو خەسڵەتی ئەوەی هەیە کە دەنگ دەگەیەنێتە مەودای دوور)** رۆڵی بەرچاوی هەیە لە گەیاندنی نێودەوڵەتیدا، لە شەڕی ساردا پتر لە ١٠٠ ئیزگە **(سەربازی ئیزگەی تایبەت)** بەرنامەیان ئاراستەی نەتەوەکانی دی دەکرد، بە ملیۆنان مرۆڤ بە زمانی جیاجیا گوێیان لە هەواڵ دەبوو سەربازی مۆسیقاو زانیاری و بەرنامەی جۆراوجۆر. جیاوازییەکی زۆر لەنێوان زمانەکاندا هەیە بەڵام گوێگر هەواڵی بەگوێرەی دڵی خۆی هەڵدەبژارد کە گوێی لێ بگرێ سەرباری ئەو مۆسیقایەی چێژی پێ دەبەخشێ. ئەو ئیزگانەی پەخشیان بە شەپۆلی کورتە، ئەو هەواڵانەی بڵاوی دەکەنەوە وەک رێکلام وایە بۆ ئەوانی دی، پێچەوانەی ئەوەش دروستە، هەروەها ئەو مۆسیقایەی لایەنێک پەخشی دەکرد بۆماوەی پتر لە پەنجا ساڵ مایەی بێزاری بوو بۆ ئەوانی دی. لە رێگەی ئیزگەوە، دیپلۆماسیەتی گشتی **(لە میانەی هەواڵەکانی حکومەتێک بۆ کارکردن لە حکومەتێکی دی یان گەلەکەی)** وردەکاری شەڕی ساردی کۆنترۆڵ کرد.

گوێگرانی ئیزگە **(ئەوانەی بە شەپۆلی کورت بەرنامە پەخش دەکەن)** تا ئێستا و بەردەوام روو لە زیادبوون، ئیزگەی (BBC) پتر لە دوو سەد ملیۆن گوێگری هەیە، پتر لە ٦٠٠ ملیۆن ئامێری رادیۆ لە جیهاندا هەن، نیوەی ئەو ژمارەیە لە ئاسیاو ئەفریقایە، ئەو هەواڵانەی بە شەپۆلی کورت و درێژ دەگوازرێنەوە سەلماندیان کە سەرکەوتووون لە هەڵسووڕاندنی قەیرانی سیاسی و هەوڵەکانی کودەتا لە وڵاتانی ئەفریقا. لە هەندێ حاڵەتدا ناکرێ رێگە لە پەخشی رادیۆی لۆکاڵ بگیرێ کەچی بە ئاسانی رێگە لە هاتنی رۆژنامە دەگیرێ، کاتێ کەسێک گوێ لە ئیزگەی (BBC) یان دەنگی ئەمەریکا دەگرێ دەزانێ چی لە وڵاتەکەیدا رووەدات جا ئەو کەسە لە هەر شوێن و دەوڵەتێک بێت.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ساردیش پەخشکردنی پڕوپاگەندە بەسەر هەندێ دەڤەری نائارامدا درێژەی کێشا، بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی بازنەی ئابووری لەسەر ئاستی جیهاندا، ئیزگەکان پتر بایەخیان بە کاروباری ئابووری و زانیاری و دارایی دا. هەرەسهێنانی ئابووری وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاو کاریگەری بەسەر ئابوری رۆژئاوا، باڵی کێشا بەسەر هەواڵی ئابووریانەی جیهان. سیخوڕی سیاسی بە سیخوڕی ئابووری گۆڕا، هەروەها لەبواری فیلمی سینەمایی و ڤیدیۆ کاسێت و دیسک و کۆمپیوتەر زیاتر بایەخ بە چەتەیی نێودەوڵەتی درا. لەبواری ئامێرەکانی میدیای نێودەوڵەتیدا، رێکلام و بازارگەری وەک ئەرک و فەرمانێکی یەکسان بە پڕوپاگەندەو دیپلۆماسییەتی گشتی تەماشا دەکرێ، ئەمەش پەیوەستە بە رادەی ئەوەی وەک خەرجیی رێکلام دەدرێ، بۆ بەڕێکردنی کاڵاو فرۆشتنی بە ئاسانی.

لەبواری ئیزگەی نێودەوڵەتیدا ویلایەتە یەکگرتووەکان تا ئەم کاتە بە خێرایی گەشە دەکات. چەندین ساڵ بەر لە دامەزراندنی ئیزگەی دەنگی ئەمەریکا، کۆشکی سپی و کۆنگرێسی ئەمەریکا رازیبوون بە دامەزراندنی خزمەتگوزاری هەمەجۆری ئازادی رادیۆ، بە زمانی ئەو نەتەوانەی کە دەیەوێ گۆڕانکارییان تێدا دروست بکات. سەبارەت بە پەخشی تەلەفزیۆنی ئەمەریکی، چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی هەن کە هەفتانە دوو هەزار کاتژمێر هەواڵ و بەرنامە بە (٦١) زمان پەخش دەکەن، کەسیش ناتوانێ ژمارەی بینەران بخەملێنێ، وێرای ئەوە ئاماژێک هەیە کە ئاماژەی بە (٨٦) ملیۆن کەس دەکات لە سەرانسەری جیهاندا کە بەرنامەی ئەو کەناڵانە دەبینن.

ئیزگە نێودەوڵەتییەکانی ئەمەریکا **(ئیزگە ئاراستەکراوەکان)** پتر لە ٣٥٠٠ کەسیان وەگەڕخستووە بۆ بەجێگەیاندنی کاری میدیاییان کە کاری ئیزگەیی دەکەن، کە جگە لە (BBC) هاوتاو هاوشانێکیان نییە. لە هەندێ ئەوروپای

رۆژهەلات و یەکێتی سۆڤیەتی جاران، ژمارەی گوێگرانی ئیزگەی دەنگی ئەمەریکا بەردەوام روو لە کەمی دەکات، چونکە لەو شوێنانەدا شـێوازی رۆژنـامـەگـەریـی ئـەوروپـا بـرەوی پەیدا کردووە دوای ئەوەی نوسینگەکانی لە ئـەوروپـا داخست، ئیزگەی دەنگی ئەمەریکا بایەخی میدیایی خۆی لە ئەفریقاو رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیادا چڕ کردەوە.

ئینتەرنێت و ئـامـێری پـەخشـی دیجیتاڵ لەرێگەی مانگی دەسـتـکـردەوە، کۆتایان بە سیستمی پەخشی ئاسایی هێنا کە پێویستی بـە وێستگەی نـاردن و بەهێزکردنەوە بوو لـە سـەرانسـەری جیـهـانـدا. ئـیـزگـەی دەنگی ئەمەریکاو ئازادیی ئەوروپاو ئەوروپای ئازاد کەوتنە وەشاندنی هـەواڵ و بەرنامەکانیان لە ماڵپەری ئەلیکترۆنی خۆیان، ئیدی گوێگر هەر هێندە کۆمپیوتەرێکی وابەستە بە تۆڕی ئینتەرنێتی هـەبێ، لەتوانایدایە هـەر کاتێک ئارەزوو بکات گوێ لە بەرنامەی ئەو ئیزگانە بگرێ. ئێستا ئیزگە نێودەوڵەتییەکانی ئەمەریکاو رۆژئاوا، وەک (BBC) و دیوتچ ویلی دەتوانن بژاردەیەکی گوێگرانی خۆیان لە ئەکادیمیست و قوتابیانی زانکۆو ئەندامانی حکومەت هەڵبژێرن، لەرێگەی زیادکردنی ماڵپەری ئەلیکترۆنی بۆ ئەو ئیزگانە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا یان بە وەرگرتنی پەخشەکەی بە ئامێری رادیـۆی دیجیتاڵ، گەیاندنی نێودەوڵەتی لەرێگەی ئەم کەناڵانەوە ئێستا خێراتر و کەمخەرجیترەو زۆر بە ئەستەم حکومەتەکان دەتوانن تەشویشیان بخەنە سەر.

٦- رادیۆی دیجیتاڵ:

پەخشی ئیزگەیی دیجیتاڵی کە بەهەردوو پیتی (HD) ئـامـاژەی بۆ دەکـرێ لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکاندا پەیدا بوو، جیاوازییەکەی لەگەڵ پەخشی ئیزگەی کلاسیکی لە سروشتی ئاماژە نێردراوەکانە، بە پێچەوانەی ئاماژە رادیۆییەکانی ئێستا، وێستگەکانی ئیزگەی دیجیتاڵی ئاماژەی تێکەڵ لە پەخشی ئاسایی و دیجیتاڵی پێکەوە دەنێرن. ئەم جۆرە رادیۆیە لەساڵی ٢٠٠٢ هوە لە ئەمەریکا بەکاردێ و ساڵێک دواتر بەهەموو ولاتاندا بڵاو بوەوە، پەیدابوونی ئەم جۆرە رادیۆیە دەنگی باشترە بە پێچەوانەی رادیۆی (AM) کە باکگراوەندێکی ژاوەژاوی هەیە بەهۆی بـارگـاوی کارەبایی سەقامگیرەوە. ئاماژە رادیۆییەکان ئەو تەنانە نابڕن کە دەکەونە رێگەیان بەڵکو دەگەڕێتەوە، ئەمەش ژاوەژاوو تێکەڵبوون لە دەنگ دروست دەکـات، کەچی رادیـۆی دیجیتاڵی دەنگێکی بێگەرد دابین دەکات لەبەرئەوەی بەجۆرێک دروسـتـکـراوە بـۆ چـارەسـەرکـردنـی ئـامـاژە پێچەوانەییەکان و کەمکردنەوەی ژاوەژاوو ئەو دەنگانەی کە لە پرێکدا زیادو کەم دەبن. بەهۆی رادیۆی دیجیتاڵییەوە دەتوانی گوێ لە چەندین ئیزگەی جیاواز بگریت کە ئەو ئیزگەیە فەراهەمی دەکـات، هەمووشیان لەسەر یەک شەپۆل بەبێ ئەوەی پێویست بە گۆڕینی بکات. چـاوەڕوان دەکـرێ تـا دوو ساڵیتر رادیـۆی ئاسایی بەتەواوی پەراوێز بخرێ بەتایبەتی لە رۆژئاوادا.

٧- میدیای کەسیی:

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، تاڕادەیەک جەماوەری تەلەفزیۆن و رادیۆ بەرەو کەمبوونەوە دەچن بە بەراورد لەگەڵ دەیەکانی پێشوودا، ئەمەش بـەزۆری بۆ بـڵاوبـوونـەوەی میدیای کەسی دەگەڕێتەوە، ئەمڕۆ خەڵک زیاتر کۆمپیوتەرو دی ڤی دی بەکار دێنێ وەک رادیۆو تەلەفزیۆن. ئەم شێوە میدیا تاکە کەسییە ئەلیکترۆنییە نوێیانە هەموو هۆکارەکانی کات بەسەربردن و سوود وەرگرتن بۆ بەکارهێنەرەکانیان دەستەبەر دەکەن و بەکارهێنەرانیش کۆنترۆڵی تەواویان بەسەریاندا هەیە و هـەر کاتێک بیانەوێ و چییان بوێ دەتوانن ببیستن و ببینن.

٨- میدیای تیلیکۆمونیکەیشن:

جۆرێکە لـە پـەیـوەندیـکـردن لـە دوورەوە بە بەکارهێنانی هۆکارە ئەلیکترۆنییەکان کە بۆ ئـەم مەبەستە دیزاین کـراون، هەروەکو لە فەرهەنگی وێبستەردا هـاتـووە ئەمجۆرە پێوەندیکردنە ناچێتە ژێر خانەی پەیوەندیکردنی جەماوەرییەوە، بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەی پـەیـوەنـدیـکـردن بـەهـۆی ئـامـێرەکـانـی وەکـو تیلیگراف و تەلەفۆن و...تـاد، ئەنجام دەدرێ. لە رێگەی ئەم میدیایەوە دوو کەسی زۆر لە

یەک دوور دەتوانن پەیوەندی بەیەکەوە بکەین، هەروەها لەلایەکیتر تاک دەتوانێ دەستی بگاتە زانیارییە دوور دەستەکان، چونکە ئەم میدیایە هەموو ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی وەکو تەلەگراف و تیلیتایپ و رادیۆو رادارو سەتەلایەتیش دەگرێتەوە، ئەم چەمکە هەندێجار ئەوەندە فراوان دەبێ هەموو میدیا ئەلیکترۆنییەکان دەگرێتەخۆو زۆرجاریش تێکەڵبوون و ئاڵۆزی دروست دەکات بەتایبەتی لەگەڵ میدیای جەماوەری، بەڵام خاڵی جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە تیلیکۆمیونیکەیشن تەنیا میدیا دووەکان دەگرێتەوە، بەمانایەکیتر جیاوازییەکە لە دوورییە نەک لە کەناڵەکان.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە زانیارییەکانی وەکو ئەوروپاو ئەمەریکا خەڵک پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ ئەم جۆرە میدیایەدا هەیە و لە پەروەردەو فێرکردن و کات بەسەربردن و بازرگانیش بەکاری دێنن. لە میدیای کەسی یان تاکە کەسیدا، ئەم میدیایە ڤیدیۆو سیدی و دیڤیدی و VCR و کۆمپیوتەرو کامکۆردو کامێراو...تاد دەگرێتەوە. تاکەکان کۆنترۆڵی تەواویان بە سەر هۆکارەکانی پێوەندیکردندا هەیە. **(جەی بلاک)** پێیوایە "ئەم جۆرە میدیایە بۆ ژیانی مۆدێرن زۆر پێویستە، چونکە مرۆڤی مۆدێرن زۆر حەزی لە ژیانی تایبەتمەند هەیە و حەزی لێیە خۆی کۆنترۆڵی شتەکانی بەدەستەوە". مرۆڤی هاوچەرخ زۆر کۆمەڵایەتی نییە و حەز بە تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دەوروبەری ناکات، لە کاتەکانی پشوو و بەتاڵیشدا بەکارهێنانی میدیای کەسی چاکترین هاوڕێیە.

٩- میدیای گشتی:

میدیای گشتیی ئەو میدیایەیە کە لە خزمەتی هاوواڵتیایە نەک دەسەڵات و، ئەو چالاکییانەی رادیۆو تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت.. هتد، دەگرێتەوە کە لەخزمەتی گشتیدان و هێڵە گشتییەکانی لەلایەن دەسەڵاتەوە دیاری دەکرێ، سەرچاوەی دارایی لەرێگەی ئابوونەی هاوواڵتیانەوە دەبێ. نمونەیەکی میدیای گشتی، ئیزگەی (BBC) ە بە رادیۆو تەلەفزیۆن ئینتەرنێتەوە. ئەو میدیایە ئەگەرچی لە پەیوەندییەکی راستەوخۆدایە لەرووی ئیداری و دارایییەوە لەگەڵ حکومەتی بەریتانی، بەڵام کاربەدەستانی ئەو ئیزگەیە هەموو کات بێلایەن و بابەتیانە سەیری رووداوەکانی کۆمەڵگە دەکەن و، لەرووی پیشەییەوە لە چوارچێوەی بابەت دەمێننەوەو بەرژەوەندی هاوواڵتی مەبەستە نەک حکومەت، رۆژنامەنووسی ئەو ئیزگە پرۆفیشنالانە کاری خۆی ئەنجام دەدات. یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی وڵاتانی دیموکراتی دابینکردنی میدیایە کە بەرگری لە مافی هاوواڵتی بکات، لە پەرلەمانیشدا لیژنەی تایبەت بە کاروباری میدیا هەیە بۆ چاودێریکردنی حکومەت لەرووی جێبەجێکردنی ئەرکەکان کە گرنگترینیان میدیای گشتییە.

سەرچاوەکان:

- ابراهيم دردير، لغة الإعلام اليوم، دار العلوم للطباعة و النشر، الرياض، ١٩٩٨.
- د. حنان يوسف، تكنلوجيا الإتصال و مجتمع المعلوماتية، ط٢، اطلس للنشر والأنتاج الأعلامي، القاهرة، ٢٠٠٦.
- خيرى خليل الجمايلي، الإتصال و وسائله في المجتمع الحديث، الاسكندرية، المكتب الجامعي الحديث، ١٩٩٧.
- سوزان القليني، تكنولوجيا الإتصالات و نظم المعلومات، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٩.
- د. مؤيد عبدالجبار الحديثي، العولمة الأعلامية و الأمن القومي العربي، ط١، الدار الأهلية للنشرو التوزيع، عمان، ٢٠٠٤.
- عبدالله زلطة، الإعلام الدولي، دار الفكر العربية، القاهرة، ٢٠٠١.

ویستکەی

هەوالنامەی کتێب

له وۆرک شۆپێکدا بۆ نوێنەرانی راگەیاندنی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

((لارس تالێرت)) راوێژکاری سەرۆک وەزیرانی سوید بۆ کاروباری راگەیاندن: زانیاریی حکومەت دەبێ بێلایەن بێت

تاریق کارێزی
وینە: ناز فەلەکەدین کاکەیی

رۆژی ٢٠١٠\١٢\٢٤ وەزارەتی رۆشنبیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە هاوکاریی حکومەتی سوید و راپەڕاندنی لە لایەن رێکخراوی قەندیلی سویدییەوە، وۆرک شۆپێک بۆ بەڕێز **((لارس تالێرت))** راوێژکاری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی سوید و بەرپرسی راگەیاندنی حکومەت، کە سەرپەرشتیی راگەیاندنی وەزارەتەکان دەکات، رێکخرا. ئەو وۆرک شۆپە لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆ لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو. لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند زانیارییەکی پەیوەست بەو وۆرک شۆپە بۆ خوێنەرانی **((رۆژنامەنووس))** بگوازمەوە.

راگەیاندن لە حکومەتی سوییدا

کەڵەکە بوونی ئەزموون و شارەزایی لە بواری کارگێڕیدا، رۆڵی کاریگەری هەیە لە پێشخستنی کاری دەزگاکانی حکومەتدا. هیچ حکومەتێک لە دنیای ئەمڕۆدا ناتوانێت راگەیاندن فەرامۆش بکات، یان لێی دوورەپەرێز بێت. کاتێک حکومەت وەک سیستەمێکی دەسەڵات، نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی گشتی **(کۆمەڵ)** دەکات، ئەو سیستەمە ناتوانێت لە زمانی میدیا بە دوور بێت. بە بارێکی دیکەشدا بەرژەوەندیی

گشتی دەخوازێت، کە راگەیاندن کەناڵێک بێت بۆ ئاگاداربوون لە کاروباری دامودەزگاکانی حکومەت، شەنوکەو کردنی شێواز و میکانزمی هەڵسووڕاندنی بەرژەوەندیی گشتی لە رووی دارایی و ئاستی خزمەت و دابین کردنی پێداویستەکانی تاک و کۆمەڵەوە.

سێ و دوو لەوەدا نییە کە حکومەتی سوید لە ئاستێکی پێشکەوتووتر لە حکومەتی هەرێم **(باشوور)**ی کوردستانداید. بەم قسەیە مەبەستمان نییە رەخنە لە حکوومەتی خۆمان بگرین، هێندەی ئاماژە بە رۆڵی هەبوونی ئەزموون و شارەزایی بکەین. هەروەها کاریگەریی کەڵەکەبووونی ئەزموون لە ئاکامی کارکردن کە دەبێتە مایەی کارامەیی لە راپەڕاندنی کاردا. بەر لەوەی بچینە سەر بابەتی راگەیاند لە حکوومەتی سوێددا، هەر وەک بەڕێز لارس تالێرت بەرپرسی راگەیاندنی حکوومەتی سوید باسی کرد. پێم باشە بە کورتی ئاماژە بە راگەیاندن لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەم.

من وەک کارمەندی راگەیاندن لە سەرۆکایەتیی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی د.فوئاد مەعسووم لە ساڵی ١٩٩٢دا، لەگەڵ هاوکارانم لە راگەیاندنی ئەنجوومەنی وەزیراندا، هەوڵمان دا ڕێسایەک بۆ کارکردنی خۆمان، ئەویش بە پێی تێگەیشتنی خۆمان لە پەیامی میدیا، دابنێین. چ بە ئابوونە یان بە بەخشین و دیاری هەوڵمان دەدا زۆرترین ژمارەی ئەو ڕۆژنامە کوردی و عەرەبیانەی لە کوردستان و لە بەغدا دەردەچوون، بە پێی پلەبەندییەک لە سەرۆکی وەزیرانەوە تا دەگاتە پرسگەی ئەنجوومەنی وەزیران، دابەش بکەین. بۆ سەرۆکی وەزیران د.فوئاد مەعسووم و جێگرەکەی د.ڕۆژ نووری شاوەیس، هەر بابەتێکی پەیوەندیی بە کاروباری حکومەت و ڕەوشی سیاسیی کوردستانەوە هەبووایە، کۆپیمان دەکرد و بە تێبینی و کورتە سەرنجی خۆمانەوە وەک کارمەندانی راگەیاندن، بۆمان ڕەوانە دەکردن. هەروەها لە هەر ڕۆژنامەیەکی کە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەهات، دانەیەکمان بۆ ئەرشیف دادەنا، کە دواتر ئەو ئەرشیفانەمان لە بەرگیش دەگرت.

راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو هەنگاوە بەراییەی ئێمەوە دەستی پێ کرد. ئێستا لە هەر وەزارەتێکی حکومەتی کوردستاندا بەشێ یان بەڕێوەبەرایەتیی راگەیاندن هەیە. خەڵکانی وێنەگر، ڕۆژنامەنووس و نووسەر کاریان تێدا دەکەن. لە پارێزگاکان و تەنانەت لە گەلێ فەرمانگەی کە لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی دان، راگەیاندن هەیە.

هەڵبەت راگەیاندن لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، بە تایبەتی لە دەزگاگەلی باڵادا، وێنە و هەواڵی دیدار و کۆبوونەوە و چالاکییەکانی بەرپرسانی باڵای حکومەت دەکەنەوە. لە چەند ساڵی رابردوودا راگەیاندنی دام و دەزگاکانی حکومەتی کوردستان گەلێ گۆڕان و ناميلكه و باڵاوکراوەیان چاپ و باڵاو کردووەتەوە. هەتا ئەم کاتەش راگەیاندن لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە پێی یاسا یان ڕێنمایی کار

ناکات. ڕێنمایی بەرپرسانی باڵا و شێوازی دید و بۆچوونی کارمەندانی راگەیاندن لە دەزگاکانی حکومەتدا، ئاراستەی کاری راگەیاندنی حکومەتیان دیاری کردووە.

لارس تالێرت راوێژکار لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی سوید دەربارەی راگەیاندن لە حکومەتی سوید گوتی: لە تەلاری سەرۆکایەتیی حکومەتی سویددا یەک هۆڵی تایبەت بە راگەیاندن هەیە. ئەو هۆڵە خەرجیی کەمی تێ دەچێت و هەموو جۆرە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیی تێدا گرێ دەدرێت. بەشی راگەیاندن لە نووسینگەی سەرۆکی حکومەتدا، هەموو جۆرە داتا و زانیارییەکی لەبەر دەست دایە. بەرپرسی راگەیاندنی سەرۆکی حکومەت، بەرپرسە لە راگەیاندنی هەموو وەزارەتەکان. لێرەدا دەردەکەوێت راگەیاندن لە حکومەتی سویددا پشت بە داتا و زانیاری دەبەستێت. لە هەمان کاتدا راگەیاندنی حکومەت بێ سەروبەر نییە، بەڵکوو تێکڕای راگەیاندنی حکومەت **(وەزارەتەکان)** بە بەرپرسی راگەیاندنی سەرۆکی حکومەت **(سەرۆک وەزیران)**ەوە گرێ دراون. ئەم سیستەمە یەک دەنگی و یەک شێوازی بە کاری راگەیاندن لە نێو حکومەتدا دەدات. سیمایەکی تایبەت و ڕوون و بێ گرفتی دەبێت.

بە گوتەی راوێژکارەکەی حکومەتی سوید، هەر وەزیرێکی ئەو حکومەتە سکرتێرێکی ڕۆژنامەوانیی هەیە، کە لە ڕووی سیاسییەوە دەست نیشان دەکرێت، هەروەها وەزارەتیش بەشی راگەیاندنی هەیە، بەرپرسی ئەم بەشە لە ڕووی سیاسییەوە بێ لایەنە و بە شێوەیەکی پڕوفیشناڵ و پیشەیی دەست نیشان دەکرێت. بڕوانە ئەم هێڵکارییە:



سکرتێری ڕۆژنامەوانی **(سیاسیانە هەڵدەبژێردرێت)** بەشی راگەیاندن **(بەرپرسی**

راگەیاندن پیشەییانە کار دەکات و پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە)

بە گوێرەی سیستەمی کاری راگەیاندن لە حکومەتی سوێددا، زانیاریی وەزارەتەکان دەبێ بێ لایەن بێت. هەروەها هەردوو باڵی میدیای ئەهلی و حکومی دەبێ متمانەیان لە نێواندا بێت. ئەگەر نا کار ناکرێت و پەیوەندی دروست نابێت. هەر کاتێک راگەیاندنی وەزارەت **(حکومەت بە گشتی)** سیاسەتی تێوە گلا، ئەو کات متمانەی خەڵک لە دەست دەدات. وەزیر و سکرتێری رۆژنامەوانییەکەی قسەیان سیاسییە، ئەوانی دیکە نا.

بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ خەڵک، پێویستت بە سیاسەت دەبێت. حکومەتی سوید سیاسەتێکی سادە و روونی هەیە، کە دەکرێ لەو دوو خاڵە چڕی بکەینەوە:

١. روون و کراوە و ئاشکرایە.

٢. تێگەیشتنی ئاسانە.

دواجار خەڵک بڕیار دەدات کە ئاخۆ راگەیاندنی حکومەت باشە یان خراپ. قسەی تەکنیکی دەبێ بە زمانێکی ئاسان بە خەڵکی رابگەیەنرێت. ئەگەر راگەیاندن سادە و روون و ڕەوان نەبوو، کەواتە خەڵک تێی ناگات. تێنەگەیشتنیش بێ متمانەیی لێ دروست دەبێت. هەمیشە زانیاری دەبێ بێ لایەن بێت. بۆ گەیاندنی زانیاری، پێویستە وەزارەتەکان هەماهەنگی لەگەڵ یەکدا بکەن. لە کاتی هەڵبژاردندا، بە مەبەستی ئەوەی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکاندا بێتە دی، دەبێ کۆبوونەوەی زۆر بکرێت. لە هەموو وەزارەتێکی حکومەتی سوێددا راگەیاندن هەیە. ئەوان بودجە و کارمەندیان هەیە.

بۆ بڵاو کردنەوەی زانیاری، هەر وەزارەتێک گوتەبێژێکی هەیە. لە سوید هەموو کارمەندانی راگەیاندن لەسەریانە کە زانیاری بە خەڵک بدەن. حکومەتی سوید (٤٥٠٠) کارمەندی هەیە. هەروەها ملیۆنێک فەرمانبەریشی هەیە.

لە نێو حکومەتی سوێددا تەنیا (٢٠٠) کەس کاری سیاسی دەکەن. هەموو کەسێک بۆی هەیە زانیاری بدات و هیچ کارمەندێکی حکومەت بۆی نییە زانیاری نەدات. ئەو (٤٥٠٠) کارمەندەی حکومەت هەمیشە زانیارییان پێ دەدرێت. حکومەتی سوید یەک ماڵپەڕی هەیە، یەک گۆڤاری ناوخۆ (بڵاوکراوە)شی هەیە.

لەگەڵ گۆڕینی هەر کابینەیەکدا، تەنیا (٢٠٠) کارمەندی سیاسی دەگۆڕێت. ئەو

(٢٠٠) کارمەندە پۆست و فەرمانیان سیاسی بووە، کە لە حکومەت دەردەچن هیچ موچە و بەراتێکیان پێ نادرێت. ئەوان وەک هەر کەسێکی ئاسایی بۆ پەیداکرنی بژێویی ژیان، دەچن کار دەکەن.

نوقڵ و مەیموون

بۆ روون کردنەوەی رۆڵ و کاریگەریی سەرکردە، بەڕێز لارس تالێرت راوێژکاری راگەیاندن لە حکومەتی سوید ئەم نموونەیەی بۆ باس کردین:

بۆ تاقی کردنەوە، لە ژاپۆندا هەموو رۆژێک نوقڵیان دەدایە ژمارەیەک مەیموون، لە پاش چوار مانگ نیوەی مەیموونەکان، فێری نوقڵ خواردن بوون. لە شوێنێکی دیکەی ژاپۆندا، نوقڵ درایە سەرۆکی مەیموونەکان، لە پاش چوار مانگ هەموو مەیموونەکان فێری نوقڵ خواردن بوون.

ئەو تاقی کردنەوەیە پەندی **(گەورە ئاو دەڕشێنێ و گچکە پێی تێ دەخشێنێ)**مان وەبیر دێنێتەوە. ئەگەر سەرۆکی فەرمانگە گەندەڵ بوو، دەبێ چاوەڕوان بین کە هەموو کارمەندانی فەرمانگەکە گەندەڵ بن. ئەگەر ئەویش باش بوو، ئەوان هەموو باش دەبن. بۆ بەرپاکردنی گۆڕان و چاکسازی، جێی خۆیەتی کە پشت بە (٢٠٠) کەسی نموونەیی ببەستریت. ئەوان دەبنە سەرمەشق و پێشەنگی چاکسازی.

پێشنیاری ئێمە

دوای ئەوەی بەڕیز لارس تالێرت بابەتەکەی پێشکەش کرد، وەڵامی پرسیاری نوێنەرانی راگەیاندنی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دایەوە. بەشداربووان بە سەر دوو گرووپدا دابەش بوون. هەردوو لایان چەند پێشنیارێکیان بۆ رێکخستنی کاری راگەیاندن لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خستە روو. گرنگترینیان ئەوە بوو کە بەرپرسی راگەیاندنی ئەنجوومەنی وەزیران، کۆبوونەوەی مانگانە لەگەڵ بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتەکان بکات. راگەیاندنی حکومەت بە تێکڕا بە گوێرەی رێسا و سیستەمێک کار بکات.

دەبێ دانی پێدا بنێین کە هیچ رێسا و رێنماییەک بۆ کاری راگەیاندنی وەزارەتەکان نییە. من لە راگەیاندنی ئەنجوومەنی وەزیراندا **(لە هەردوو کابینەی یەکەم و دووەمدا)**، هەروەها لە راگەیاندنی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو **(لە هەردوو کابینەی پێنجەم و شەشەمدا)** کارم کردووە. لە هەردووکیاندا تا رادەیەکی زۆر بە گوێرەی بۆچوونی خۆمان وەک میدیاکار و کارمەندی راگەیاندن کارمان کردووە. ئەوەندەی من ئاگادارم هیچ هەماهەنگییەک لە نێوان راگەیاندنی وەزارەتەکان و لە نێوان ئەوان و راگەیاندنی ئەنجومەنی وەزیراندا نییە. بگرە هەندێک جار بڕیارێکی گشتی دەردەچێت و هیچ هەڵدوارین و تەتەڵە کردنێکی تێدا نییە، کە رەنگە بۆ هەندێک لە وەزارەتەکان، زیانی لە قازانجی زیاتر بێت.

بۆ نموونە بڕیاری راگرتنی چاپەمەنیی وەزارەتەکان کە دەرچوو، هەندێک وەزارەت پێوەی پابەند نەبوون. ئێمە وەک وەزارەتی کشتوکاڵ **(ئێستا کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە)** گۆڤاری **(کشتوکاڵ)**مان راگرت. راگرتنی ئەو گۆڤارە، کە تەنیا ئۆرگانی وەزارەت بوو، زیانی زۆر لە قازانجی زیاتر بوو. چونکە ئەو گۆڤارە کە مانگانە بە شێواز و دیزاینێکی پوخت و رەنگاوڕەنگ، بە بابەتی باش و دەوڵەمەند و فرە رەنگ، بە کوردییەکی پوخت و پاراو دەردەچوو، سوودێکی زۆری لە رووی گەیاندنی هەمەجۆر زانیاریی ورد و تازە بە تێکڕای کارمەندانی بوارەکە و جووتیاران، هەبوو. هەزار دانەشی لێ چاپ دەکرا و بە سەر هەولێر، سلێمانی، دهۆک، گەرمیان، کەرکووکدا بڵاو دەکرایەوە. سەرجەم پارێزگاکان داوای دانەی زیاتریان دەکرد.

لە رووی تێچوونیشەوە، بودجەیەکی کەمی مانگانەی هەبوو، کە نزیکەی لە سەدا (٧٠)ی بۆ کڕینی پێداویستەکانی چاپ کردنی بوو، کرێی چاپخانەشی نەبوو، چونکە هەر لە چاپخانەی وەزارەتدا چاپ دەکرا، ئەوەی

دەمایەوە وەک پاداشت بەسەر نووسەران و کارمەندانداا دابەش دەکرا.

پاشبەندێک بۆ ڕێکخراوی قەندیل

لە بەر دوو خاڵ جێی خۆیەتی کە لێرەدا کورتە باسێک دەربارەی ڕێکخراوی قەندیلی سویدی بخەینە ڕوو:

١. ڕێکخراوی قەندیل لە سەرەتای نەوەدەکانەوە خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە خەڵکی کوردستان کردووە.

٢. وۆرک شۆپەکەش لە لایەن ئەو ڕێکخراوە بە جێ گەیاندرا، کە کونسوڵی سوید تێیدا ئامادە بوو.

وریا عەلی بەڕێوەبەری بەشی تەکنیک لە ڕێکخراوەکە گووتی، کە **((ڕێکخراوی قەندیل لە بواری پەرەپێدان و مرۆیی لە کوردستاندا کار دەکات))**. بەر لەوەی پرۆگرامی نێودەوڵەتیی **(نەوت بەرامبەر بە خۆراک)** بە پێی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٦دا پیادە بکرێت، خەڵکی کوردستان لە ژیانێکی زۆر زەحمەتدا بوون. باری ئابووری و ڕەوشی بژێویی خەڵک یەکجار خراپ بوو. پیاوان و ژنان و منداڵانی کوردستان هەموو هەوڵێکیان دەخستە گەڕ، بۆ دابین کردنی سێ ژەمە خۆراکی ڕۆژانەی خۆیان، ئەویش خۆراکێکی سادە و خراپ کە هەر بایی **(مەمرە مەژی)** بوو.

لەو کاتە دژوار و ئەستەمەدا ڕێکخراوی قەندیل ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە کۆمەک کردن و یارمەتیدانی خەڵکی کەم دەرامەت، دەست کورت، ئاوارە و لێقەوماوانی کوردستان، خۆراک و فریاگوزاریی سەرەتاییان پێشکەش دەکردن.

تا ساڵی ٢٠٠٣ش زۆربەی پرۆژەکانی ڕێکخراوی قەندیل، چ لە شار و چ لە گوند، لە بواری مرۆییدا بوون. لە پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام-بەعسەوە، ژیانی خەڵکی باشووری کوردستان چووە قۆناغێکی نوێوە. دوو هۆکار:

١. نەمانی ئابڵووقەی نێونەتەوەیی ئابووری لە سەر عیراق، هەروەها نەمانی جووت ئابڵووقەی ئابووریی بەغدا و نێونەتەوەیی لەسەر باشووری کوردستان.

٢. تەرخان کردنی بەشە بودجە لە بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان.

گۆڕانێکی گەورەیان لە ژیانی خەڵکی باشووری کوردستاندا هێنایە ئاراوە. ئەو گۆڕانە ئابووریە پاساوێکی لۆژیکی و واقیعانە بوو، کە ڕێکخراوی قەندیل پرۆژەکانی خۆی لە بواری مرۆییەوە بۆ بواری پەرەپێدان بگوازێتەوە.

ئێستا ڕێکخراوی قەندیل بە گوێرەی ستانداردی جیهانی، بەرنامەیەکی بۆ تۆڕی دابەش کردنی ئاو لە نێو شاری هەولێر گەاڵاڵە کردووە. ڕێکخراوەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر، ستراتیژێکی بۆ بەدواداچوون و کار پێکرنی پرۆژەکە داناوە. ئەو شارەزایانەی لە لایەن ڕێکخراوی قەندیلەوە ڕاسپێردران کە لە چەند گەڕەکێکی هەولێردا پێوانە بۆ ڕێژەی بەکاربردنی ئاو دابنێن، ئاشکرایان کرد کە لە مانگی ئەیلوولدا هەر تاکە کەسێک لە نێو شاری هەولێردا (٧٤٠) لیتر ئاو سەرف دەکات. لە مانگی کانوونی دووەمدا ڕێژەکە بۆ (٣٩٠) لیتر دادەبەزێت. هەڵبەت بە گوێرەی ستانداردی جیهانی ئەو ڕێژەی بەکاربردنی ئاوە یەکجار زۆرە. ئاو لەم ڕۆژگارەدا سامانێکی بەهادارە و دەکرێ پێی بڵێین (نەوتی سپی) یان **(نەوتی بێ ڕەنگ)**. ئێستا وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (١٥٧) هەزار پێوەری ئاوی بۆ ماڵان کڕیوە. کڕینی ئەو پێوەرانە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکدایە بۆ ڕێگرتن لە دیاردەی بە فیڕۆدانی ئاو.

ئازادیا بیروبوچوونا د رۆژنامەڤانیا دەڤەرا بەهدینانداا

غەریب مەحمود

ئسماعیل تاهر:

ئەو ئازادییا را دەربرینێ ئەوا ل دەڤەرا سۆران بکاردهێت بازرگانی کرنە ب رۆژنامەگەریێ و ئەو مانشێتێن مەزن ژی ژبۆ هندێنە دا پتر دانەییێن رۆژنامە و گۆڤارێن خۆ پێ بفرۆشن.

صەباح ئەترۆشی:

مە ئازادییا را دەربرینێ یا هەی لێ رۆژنامەڤانێ مە نزانیت دی چاوان بکارئینیت.

سەعید عوسمان:

مخابن ل دهۆکێ ئەو کەسێن دڤیابا هەلگرێن ئازادییا را دەربرینێ بان، ئەو بخۆ سانسۆرا ددانن و ئازادیێ دچەوسینن.

ئازادییا رۆژنامەڤانی ل دەڤەرا بەهدینان، بوویێ گەلەک پێنوسان بۆ لایێ خۆ راکێشایە و چەندین بابەت و هزر و بوچوونێن ژێک جودایێن زۆر ژ رەوشەنبیر و نڤیسەران، چ ل دهۆکێ یان ل هەڤلێر و سلێمانیێ هەمبێز کرینە کو هەر ئێکی لدووڤ بیرکردنەڤەیا خۆ بەرپەرێن رۆژنامە و گۆڤارێن مە خەملاندینە.

ناڤەرۆکا راپۆرتا ل خارێ دیارکری هەمان ناڤەرۆکێ بخوڤە دگریت و تێدا چەندین نڤیسەر و رەوشەنبیر و پێشکێشکارێن تیڤی و رادیۆیا راوبوچوونێن خۆ لدۆر ڤی بابەتی دەربرینە، دا پێکڤە خواندەڤانێن ڤێ راپۆرتێ بین و چەندەکێ ل سەر رادەو چاوانیا ئازادییا رادەربرینێ د کاروانێ رۆژنامەڤانیا دەڤەرا بەهدینانداا ئاگەهدار بین.

ل دەستپێکا راپۆرتا خۆ مە قەستا سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ تایێ دهۆک کر، بەرپرسێ سەندیکایێ **(اسماعیل تاهر**

اسماعیل تاهر جانگیر

سەباح ئەترۆشی

جانگیر)ل دۆر بابەتی گوت: ((بێ گومان مە رۆژنامە و گۆڤارێن ئازادێن هەین، هەموو رۆژنامە و گۆڤارێن مە تێرا هندێ د ئازادن، چونکی ئەم بیێت وەلاتەکێ ئازاد دا. پشتی سەرهلدانا سالا(١٩٩١) گشت قەیدو زنجیرێن شۆڤینی و دکتاتۆریێ هاتنە شکاندن، هەبوونا نێزیکی (٣٠)پارتێن سیاسی و نەمانا قەیدو زنجیرا بخۆ ئازادیە، ژ ڤێ بیردوزێ بۆ مە دیار دبیت مە رۆژنامەڤانیەکا ئازاد هەیە و ب دەهان بەرپەرێن (خەبات، گۆلان، چاڤدێر، رەسەن، ئاسۆ،کوردستان راپۆرت و ...هتد)تێرا هندێ هەنە بێژین دئازادن د ناڤ پارت و لایەنێن خۆیێن سیاسی دا، چونکی ئەڤ پارتە د ئازادن، لەوما دێ رۆژنامەڤانیا وان ژی یا ئازاد بیت.

پاشان رۆژنامەڤان (سەباح ئەترۆشی) بەرپرسێ نڤیسینگەها دهۆک یا ئاژانسا دەنگۆباسێن کوردستانێ، ل دۆر ئازادیا بیروڕایان هاتە پەیڤین :((ئازادیا نڤیسینێ هەموو دەما یا هەی بەلێ مە کەسێن ئازاد نینن، ل ڤێرە رۆژنامەڤان وەسان هزر دکەت تا نوکە یێ ل ژێر سیستەمەکێ دکتاتۆری دژیت و نەشێت ب دروستی و ب ئازادانە هزر و بیرێن د میشکێ خۆدا داریژیت، دگەل ڤێ چەندێ هندەک جاران کارتێکرنا عەشیرەت و ئاین و بنەمالێ وچەند کارتێکرنێن دی ل سەرمێشکێ رۆژنامەڤانی یا دیارە)).

ل دۆر رێگریێن ئازادیا رۆژنامەڤانی وکاریێ وێ (ئەترۆشی)گوت: ((ئەز نابینم دەولەت یان سیاسەت بوویە رێگر رۆژنامەنڤیس هزروبیرێن ئازاد نەداریژیت، ئەو ئازادیا گەلەک رۆژنامەنڤیس نە ل دهۆکێ بەلکو ل سلێمانی و هەولێری پێ دنڤیسن یا ئاشکرایە، نابێژم خەلەتی نینن، بەلێ خەلەتی هەنە، لێ تا رادەیەکێ باش ئازادی ژی هەیە ئانکو دشێم بێژم مە ئازادییا هەی بەلێ رۆژنامەڤانێ مە نزانیت دێ چاوان ب کارئینیت.

مەرێگریەک دی هەیە دەمێ رۆژنامەڤان یێ گرێدایی بیت ب پارتەکا سیاسی یان لایەنەکێ دیارکری و نەڤیت دلێ ڤی ویێ هەنێ ژ خۆ بهێلیت، لڤی دەمی دێ کارێ خۆیێ رۆژنامەڤانی ژ دەست دەت و نەشێت ب ئازادی ژی بنڤیسیت.

رێگریا دی ژی رۆژنامەڤان ب خۆیە، پتریا جاران دەمێ ئەم تۆشی ئاریشان دبین ژ لایێ هەڤالێن مە بێن رۆرژنامەڤان ڤەیە ئەڤێن نەڤیت رۆژنامەڤانیەکا ئازاد هەبیت،

چونکی بەرژەوەندا وان وەسا دخوازیت د ئازاد نەبن)).

لدووڤدا مە خۆ گەهاندە رەوشەنبیر و نڤیسەر(**سەعید عوسمان**)و بڤی رەنگی بۆچوونێن خۆ لدۆر بابەتی دارێتن و گۆت:((**ئازادی ناهێتە دان بەلکو دهێتە ستاندن، یا گرنگ ئەو بوو رۆژنامەڤان، نڤیسەر و رەوشەنبیرێن مە هەلگرێن ڤێ ئازادیخوازیێ بان، مخابن لدهۆکێ ئەو کەسێن دڤیابا هەلگرێن ئازادییا را دەربرینێ بان، ئەو بخۆ سانسۆرا د دانن و ئازادیێ دچەوسینن . راستە ب دەڤی دبێژن ئەم حەز دکەین ئازادی هەبیت، بەلێ ب کریار وان نەڤێت هەبیت و وەسان کار دکەن دا بشێن پارتا خۆ یا سیاسی رازی بکەن، لدەڤ مە رۆژنامەڤانێ دەڤەرا بەهدینان خەلک و ئاریشێن وان نە د گرنگن بەلکو کارێ مە پتر بۆ رازی کرنا لایەنێ دسەر مەدایە)).**

لدۆر وان دەنگێن دبێژن ئازادیا بیرورایان پتر ل سلێمانی و هەولێرێ هەیە و ل دهۆکێ نینە نڤیسەر (**سەعید عوسمان**) بەرسڤ داوگۆت:((**ئەو ئازادیا ل سلێمانیێ هەی ولدهۆکێ نە، گەلەک جاران تێتە گۆتن وەک کێشە رەخێن وێ پارتی وئێکەتی نە، خەلکێ سلێمانیێ ژدەرڤەی ئێکەتیێ مرۆڤێن مەدەنی، رەوشەنبیرو شارستانی ترن. ئەو دووسەد ساله بووینە پارێزگەە بەری هەولێرێ وهەولێرژی بەری دهۆکێ پێنگاڤێن شارستانی ومەدەنیەتێ هاڤێتینە، ژبەرهندێ دێ بێژم چ ژ ڤێرە کێم نینە، ژ بلی دەستپێشخەری و قوربانی دانێ کو دڤێت رۆژنامەڤان، رەوشەنبیر،کەسانێن خواندەڤان و گەنج ڤێ چەندێ بکەن)).**



سەعید عوسمان

د بەرسڤا هەمان پرسیاردا(**سەباح ئەترۆشی**)دبێژیت: ((**ل ڤێرە ناوچەکا گرتیە و سرۆشتێ خۆیێ تایبەت هەیە، سلێمانی یا بەرنیاسە پێنگاڤێن باش ل وێرێ دهێنە هاڤێتن و ل دووڤدا دگەهنە هەولێرێ پاش دهۆکێ ئانکو سیستەمێ خێزانی ل دەڤەرا بەهدینان گەلەک نێزیکی ئێک و پێکڤەگرێدایە، نموونە: ئەگەر من بڤێت ل سەر خەلەتیەکا باژێرڤانیێ بنڤێسم، تە هند دیت عەشیرەتێ یان بنەمالێ تێلەفونا من کرو دێ بێژن، باشە مە ئەو پسمامێ هەی رێڤەبەرە دێ ویژی ئێخی؟!.**

لێ ل دەڤەرێت دی، دبیت ئەڤە نەبیت یان ئەگەر هەبیت ژی یاکێمە، لەوما مە پێدڤی ب رەوشەنبیریەکا جفاکی یا بەرفرەە هەیە دا بکارین ئەڤێ هزرا کلاسیکی نەهێلین وپێنگاڤان بەرەڤ نووبوونێ ڤە بهاڤێژین)).

لسەرهەمان پرسیار مامۆستا (**ئسماعیل تاهر**)ی بۆچوونەکا جیاوازتر هەبوو دەمێ گۆتی: ((**دیارە هندەک رۆژنامە و گۆڤارێن،کەرکووک، سلێمانی، هەولێرێ هەین، ئەوان دڤێت ئەم ژ رادێ ئازادییێ دەرباز ببین وبگەهینە رادێ ناڤ زراندنێ وسڤکاتی پێکرنا هندەک کەس ولایەن و دەزگەهان، ژ بەرهندی ل بەهدینان تشتەکێ دییێ هەی دبێژنێ رۆژنامەگەریا سەرخۆ یا ئارام، ئەڤە ژ ناخێ خەلکێ مە پەیدابوویە و مە ئەڤ ئازادییە دناخێ مللەتێ خودا چێکریە، ئەڤا دی یا ژ سنۆران دەربازبووی، ل بەهدینان نینە ناڤ زراندنێ یان سڤکاتی**

پێ کرنێ ب خەلکی بکەی، ئەگەر تە بەلگێن یاسایی نەبن، ل وێرێ نەخێرئێک دێ بێتە قوربانی و کەفیتە بەر دادگەهێ بەلێ دێ تشتێن گەلەک مەزن کەت، دەمێ دبێژن دێ بومبا پەقینیت، ژبەرهندێ ئەو تشتێ ل وێرێ بۆ هندەک رۆژنامە و گۆڤاران دەست ددەت براستی ل ڤێرە دەست نادەت، مە ئەو ئازادییاهەی کو ب راستی ئەم وەلاتێ خۆ پێ ئاڤابکەین نەوێرانکرنێ بکەین، مخابن ل وێرێ وێرانکرنا هەی. ئەو ئازادییا رادەربرینێ ئەوا ل دەڤەرا سۆران بکاردهێت بازرگانیکرنە ب رۆژنامەگەریێ وئەو مانشێتێن مەزن ژی ژبۆ هندێنە دا پتر دانەبێن رۆژنامە و گۆڤارێن خۆ پێ بفرۆشن، ب راستی ئەڤەژی بازارەکێ ئەرزانە ودەم بێت دسەررا بووری . ڤی دەمی دەمێ گەهاندنا پێزانینایە، ب دیتنامن ئەو ئازادییا ل دەڤەرا بەهدینان هەی،ل وێرێ نینە، چونکی ل دەڤ وان پترناڤ زراندن یاهەی ژ ئازادیێ)).

پرسیار: ئانکو لڤێرە بۆ مە دیاردبیت ئەوێن دبێژن رۆژنامەڤانیا دەڤەرا بەهدینان پتر سەرب پارتێن سیاسی ڤەیە، ئەڤە بۆچوونەکا خەلەتە بەلکو یادەڤەرا بەهدینان بتنێ نەبەزاندنا سنۆرێن رۆژنامەڤانیێ یە؟

(اسماعیل تاهر): ((بێ گومان، رۆژنامەڤانی چەند سیفاتێن ئازادییێ هەنە، هند پێگیری ب یاسا و رەوشتێن پیشەیی ژی هەنە بلا ئەڤە یا بەرچاڤبیت، مەلڤێرە یاسایەکا هەی بگۆرەی وێ کار دکەین و دبێژنێ یاسا کارێ رۆژنامەڤانی، ڤێ یاسایێ ماف و ئازادییێن وی دیارکرینە دگەل دەستنیشانکرنا ئەرکێن وی کو دڤێت ئەڤە نەهێتە ڤەشارتن، مە مافێ هندێ یێ هەی رەخنەکا ئازاد و سەرخۆ و وێرەک و ئاڤاکەر بکەین، مە مافێ هندێ نینە ب هەموو پیڤەران ئەم رەخنا خراب و وێرانەکەر بکاربینین)).

پاشان مە خۆ گەهاندە **(هوزان حەمدی)**کو بێژەرا **(رادیۆیا دهۆک)**ە، ئەو ژی بڤێ رەنگی هاتە ئاخفتن: **((وەک بێژەرو خاندەڤانەک ئەز وێ ئازادیا تەڤاف ل دەڤەرا بەهدینان نابینم ب تایبەتی لدەڤ رۆژنامەڤانا مێینە، دبیت ژلایێ هزری ڤە ئەو جوداهیە نەبیت، لێ ئەڤە دچیتە دخانا ترس وشەرم و ئاستەنگێن جفاکی ژبۆ رۆرژنامەڤانا ئافرەت، مەبڤێت ونەڤێت ئەم جفاکەکێ عەشائیری نە ودڤێت چەندەکێ لدووڤ وی کلتۆرێ باب وباپیران بچین ئەوێ ل پاش خۆ هێلایی، ژلایەک دیڤە وەک پێتڤی پێنگاڤ ژلایێ رۆژنامەڤانا مێینەڤە نەهاتینە هاڤێتن تا بشێت ژ وی پەرژانێ نەسەقا مگیریێ بدەرکەفن وبەرەڤ ئاراستەیێ خۆ گونجاندن وئافراندنێ بدەنە رێ .**

دیسان دڤێت رێکخراوێن جفاکێ مەدەنی ب کارێ خۆ رابن، چونکی رۆلێ هەرە سەرەکی یێ وانە و ئەڤ رێکخراوە رێ نیشاندەرێن گهۆرین وپێشڤەچوونێ نە، لەوما دێ بێژم ئەم تێنێین رۆژنامەو بیروراێن ئازادن، خەریبێن داهێنان وسەر قەلەمێن نووخوازن، ئەڤە ژی ئەگەر ئەم لڤی دەمی نەبینین ب هیڤی مە گەنجێن داهاتی لدەمێن بێت دا ڤێ چەندێ بجە بینن، چونکی بەردەوام نڤشێ نوو دگەل هزروبیرێن کەسانێن پێشیاخۆ نینە وحەز ژ بنەماێن نوو و شارستانی دکەت وهەۆلا دگەل بریڤەچوونا جیهانگیریێ ددەن)).

فەکۆلەرێ جفاکی**(عبدالجبارعبدالرەحمان)** نێرینێن خۆ هەبوون ل سەر بابەتی و دبێژیت: **((ئەو ئازادی و سەربەستیا سلێمانی وهەولێرێ هەیی ئەز دشێم بێژم گەلەک ژمە ئازادترن وسەربەستیا وان هەی هێشتا ئەم نەگەهشتینێ، چونکی لڤێرە پاراستنا کورسیکێ کارتێکرنەکا زۆر لسەر قەلەمێن ئازاد کریە، تاکێ جفاکی نەیێ بەرهەڤە بۆ نڤیسینا بابەتەکێ ئازاد ژیانا خۆ وخێزانا خۆ بێخیتە دنەخۆشیێ داوکاریێ خۆ ژ دەست بدەت، چ گومان تێدا نینە ئەگەر داهاتێ مرۆڤی ژلایەنەکێ**

عبدالجبارعبدالرەحمان

دیارکری بهێت، پێتڤی یه لسەر ته خواست وهـزرێـن وەک وی بڤێن بـدانـیـه سـەر بەرپەرێن رۆژنامه یان گۆڤاراخۆ. ئەگەر مه بڤێت رۆژنامەڤانیەکا ئازاد هەبیت پێدڤی یه مه کەس و ژێدەرێن ئازادێن داهاتی هەبن.لەوما ئەز دبێژم مه پێدڤی ب دەم وچەند قۆناغێن دی هەیه تا بگەهینه وێ ئازادییێ)).

(**ئەڤین مـەجید**)رۆژنـامـەڤان و بێژەرا تێلەفزیونا گەلێ کوردستان/ دهۆک ئەوژی ئاستێ ئـازادی و دەربرینا بیرورایان ل دەڤەرا بەهدینان ل ئاستێ پێدڤی نابینیت و دبێژیت : ((**ئەڤە بۆ ماوەیەکی یه د ناڤ رۆژنامەڤانیا دەڤەرا بەهدیناندا کار دکەم، وێ ئازادییێ ئەوادبێژنێ (ئازادیا بیرورایا)ل ئاستێ پێدڤی نابینم ب تایبەت ل دەڤ کجێ و رۆژنامەڤانا مێینه تا نوکه نەشیا یه ب گەهیته وی ئاستێ پێدڤی، راستە ئاستەنگ هەنه وەک ترس و باوەری ب خۆ نەبوون و جفاک، رەوشت و تیتالێن کەفن و هەول نەدان و...هتد.**

ئەز دبێژم ئاستەنگا هەرە مەزن بو کجێ خێزانا وێ یه، راستە گەلەک کێ ئەڤرۆ شیاینه بهێنه دناڤ کاروانێ رۆژنامەگەریێ دا، لێ ئەگەر تو پەردا هەلدەی دێ بینی زۆر ئاستەنگ و گەف و ستۆر بۆ هاتینه دانان، بۆ نموونه: (دەمێ کێ بۆ کارەکێ رۆژنامەڤانی دەردکەفیت دبیت مالا وان نەبیته رێگر، لێ ئەگەر بۆ ئێک دەقیقه ژی دزفرینا خۆدا گیرو بوو ل وی دەمی هەموو رەفتارێن نه ل ئاست و پەیڤێن نەجوان ژ لایێ خێزان و دەوروبـەرا بۆ دهێنه ئاراستەکرن.

ئەڤچەندە ژی کارتێکرنێ ل مێشک و دەروونێ مه دکەت و دبیته سەدەما مراندنا وێ قەفته هزرێت دمێشکێ مەدا؛ دیسان گەلەک جاران بوویه ئەگەرێ دیرکه فتنا وێ ژ کارێ رۆژنامەڤانی.

هیڤیدارم پشتەڤانی ژبۆ ئازادیا کارێ رۆژنـامـەڤـانـی لـدەڤـەرا بەهدینان هەبیت تایبەت کچێ، لڤێرە نـه ئـەو پشتەڤانیا سنۆردایی بەلکو یا جفاکی ئەوا بەردەوام دنووبوونێ دا، چونکی ئەگەر پشتەڤانێ مه جفاک بیت، ئاشکرایه دێ باوەری ب ئازادی و گیانێ رەخنێ و هەڤدوو قەبوویلکرنێ ژی دێ زێدەتربیت)).

پـاشـان (**ئـەحـمـەدجـزیـری**)خـودانـێ پەرتوکخاناجزیری نێرینێن خۆ بڤی رەنگی شلوڤەکرن: ((**ل سالێن (۷۰)یان مه رۆژنامه وگۆڤار فرۆتینه، لدەستپێکێ رۆژنـامـه**

ئەحمەدجزیری

وگۆڤارێن مە گەلەک دکێم بوون، بەلێ لڤی دەمی ژمارەکا زۆر هاتینە دناڤا گۆرەپانا رۆژنامەگەریا کوردیدا، ل گورەی خواندنا مە ل سلێمانی و هەولێرێ تا رادەیەکێ باش ئازادیا خۆ هەیە، ئەز نابێژم شێوازێ نڤێسینا وان هەموو گۆڤار و رۆژنامان ئازادیە، بەلکو خەلەتی و سڤکاتی پێکرن ژی دهندەک بابەتاندا یا دیارە، لێ تا رادەیەکێ باش ئازادی هەیە. بەروڤاژی وێ لڤێرە گەلەک ژ رۆژنامە وگۆڤارێن مە نە دئازادن، هندەک جاران دبیت رۆژنامە، گۆڤار نەبیتە ئاستەنگ د رێیا بەلاڤکرنا بابەتەکێ ئازاددا، بەلێ رۆژنامەڤانێ مە ئەو وێرەکی نەدایە خۆ ب ئازادی بنڤێسیت. دگەل ڤێ چەندێ دێ بینین گەلەک کەسان وێرەکیا دایە خۆ و بابەت ب شێوەکێ ئازاد دارێتیە، بەلێ رۆژنامێن سەرەکی د بەرهەڤ نینن وی بابەتی بینیتە خوار و دێ وێ گوتارێ مرینن، چونکی هزر دکەن دێ کارتێکرن ل بەرژەوەندێن وان کەت.

هیڤی خوازم رۆژنامەنڤێسێن مە ل وێرێ وێ ئازادیێ ب دروستی بکاربینن و ژسنۆرێن رۆژنامەگەریێ نەدەرکەفن، حەزدکەم ل دەڤەرا بەهدینان ژی ئازادییەکا باشتر بهێتە روخساندن)).

لدۆر دەستهەلاتا رۆژنامەڤانیێ کا بوویە دەستهەلاتا چارێ یان نە، رۆژنامەڤان(**سەعید عوسمان**) دبێژیت: **((یا فەرە ئەم دەستهەلاتا چارێ بین، بەلێ لڤی دەمی دهژمارێ دا نینین ئانکو ژ دەرڤەیی دەستهەلاتانە دەمێ دەستهەلاتدار، سیاسەتڤان، بریاردەر یان پارتێن سیاسی بخوازن کارەکی یان بریارەکێ بدەن دهزرا خودا رۆژنامەڤانا ب چ ڤە وەرناگرن و هزرێ بۆ وان ناکەن، چونکی ئەم نەشیاینە خۆ بکەینە رەخەک ژوان کارو بریاران)).**

لدووڤدا ئەترۆشی بۆچوونەکا جیاوازترهەبوو و دبێژیت: **((من پرسیار ژ رۆژنامەڤانەکا هولەندی کر وگوتێ راستە هین بووینە دەستهەلاتاچارێ ؟ کرە کەنی وگوت:** (ئەم نە دەستهەلاتاچارێینە بەلکو یا ئێکێ)**.**

لڤێرە هێشتا ئەم دەستهەلاتا هەژدێ و بیستێ ژی نینین، پشتی هەر سێ دەستهەلاتێن حکوومەتێ ژ نوو یا عەشیرەتێ، مزگەفتێ، کەنیسێ، مالباتێ و... هتد دهێن ئانکو ئەم نەشیاینە ب چ رەنگا دەستهەلاتا خۆ کارا بکەین یان بەرەڤانیێ ژ دەستهەلاتا چارێ بکەین، ئەواهاتیە ژدەست دان)).

دیاردەی بوونی وشە و زاراوەی بیانی لە ناو نووسینی رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردیدا لە هەرێمی کوردستان

شوان سەرابی

لە درێژەی ئاراستەکردنی پرسیاری ئایا بوونی وشە و زاراوەی بیانی لە نێو ئەدەبیاتی نووسینی رۆژنامە و گۆڤارەکان دروستە، یان نا؟ ئایا ئەو دیاردەیە زمانی کوردی دەوڵەمەند دەکات یان نا؟ یانیش بە تێپەڕبوونی رۆژگار وا لەو زمانە دەکات مۆرکی رەسەنایەتی خۆی لە دەست بدات و دیاردەکە ببێتە هۆی شێواندنی زمانی کوردی. ئەمجارە ئەم پرسیارانەمان رووبەڕووی نووسەران و رۆژنامەنووسان و مامۆستایانی زانکۆی دهۆک لە دەڤەری بادینان کردووە، ئەوەی خوارەوەش دەقی بەرسڤی هەندێکیانە:

پرسیارا مە ل سەیدا (ئەحمەد زەرۆ) دبێژیت: ب کارئینانا پەیف و زاراڤێن بیانی د ناڤ زمانی کوردیدا، دروستە، یان نەدروستە. نێرینێن تە ژ بو ڤێ چەندێ چییە؟

– جارێ ل دەستپێکێ دێ ڤێ راستیێ دانمە ل بەر هەر خاندەڤانەکێ کورد و دێ بێژم:

زمانێ کوردی ب هەمی دیالێکتێن خۆڤە و د قۆناغێن سەخت و گراندا، دەما گڤاشتی ب هەمی رەخ و رویا ڤە ل سەر دهاتە کرن، چ ژ لایێ رەوشت و تیتالاڤە، چ ژ لایێ زمانێ ویڤە، چ ژ ئالیێ دیرۆک و مێژوویا وی. لێ ڤێ چەندێ د هەمی قۆناغادا نەکاریە چ گهورینێن مەزن بکەت، تنێ ل ئاستی زمان ژ بیرکرنێ ڤە، دەما کورد کوچبەری باژێران دبی و زمانێ فەرمی، چ عەرەبی، فارسی، تورکی ل سەر هاتی زالکرن، بوویە ئەگەرێ ژ بیرکرن و دوورکەتنا زاروکێ کورد ژ جڤاتێ وی. لێ هەستا نەتەوایەتی هەر مایەڤە و دمینە بنیاتێ وێ..

بەری سەرهلدانا ۱۹۹۱ و دگەل وێ



ئەحمەد زەرۆ

گڤاشتنا سیستەمێن بەرێ، زمانێ کورد، و ب هەمی دیالیکتاڤە بەرەڤ نێزیکبوون دچوون و پەیڤ و ئیدیۆم بەرەڤ یەکبوون دچوون. لەوا ئالوزییێن زمانێ دەم بو دەمی چارەسەر دبوون. لێ مخابن، پشتی ١٩٩١ و هەتا ئەڤرو وەسا دیارە، رەوشەنبیرو میدیاییێن کوردی بەرەڤ ئالوزیەکێ دچن، ئەوژی ئالۆزیا بکارئینانا کۆمەلەک مەزن ژ ئیدیۆم (زاراڤان) و پەیڤێن نەکوردی د بوارێن گشتیدا. چ ئەدەبیات. چ کارێن رۆژنامەڤانیێ و ل سەر ئاستێ میری و کاری سیاسی ژی، ئەڤ مستا مەزن ژ وان پەیڤێن بیانی دێ بینین ب گەلەکی دهێنە بکارئینان و زمانێ کوردی بەرەڤ تێکچوونێ دچت و گرفتاریا زمانی بەرەڤ هلنگفتنێ دبتن..

جارنا مە دگوت، زمانی مە پرن پەیڤێن عەرەبی و فارسی و تورکی نە و بووینە خورێک ب دانگێن مە ڤە ماین و دخوازین خوە ژێ رزگار بکین. لێ مخابن، هنەک ژ رەوشتێ سیاسی ل سەر مللەتی هاتینە سەپاندن. و هندەک ژی لڤێ داویێ هەر نڤیسەرو سیاسەتمەدارێ کورده، بوویە ئەگەرێ ئینانا وان پەیڤ و زاراڤاو بارێ زمانی پێ گران کرین..

لەوا دپرسم: ئەرێ گەلۆ چما ئەم هەوارا خوە دگەهینینە زمانێن بیانی و چما ل هەموو دیالیکتێن کوردی نەبینە مێهڤان و خودان.ز چونکە زمانێ مە پر دەولەمەندە ژ وان پەیڤا. لێ هەرتم هەوارامە ل پێ بیانی..

ئەرێ گەلۆ ئەڤە نۆخازی یە، یان دەردەسەرییا مەیە؟ ئەڤرو بهێنە گرێکرن و ئەم ب دەستێ خوە مللەتێ کورد تەعریب و تەفریس و تەتریک بکەین..

ئەرێ فەلسەفەیا وان پەیڤا چی یە؟ ئانکو بێژین مینا یێ کورد گوتی: مەزن بێژە. مەزن ب ئاخڤە. ئانکو بێژین: چیا. حێشتر. هتد.

برانۆ ژبۆ پتر نێزیکبوون بلا مفای ژ زمانێ دایکێ ببینین و یێ بیانی بهێلین. ئەڤرو ژ هەمی دەما پترتر ئەم پێتڤی زمانەکێ کوردی و رەوانین و نێزیکبوونێ دگەل هەمی دیالیکتا لشوونا پەیڤێن بیانی خوە ل سەر زمانێ کوردی زاڵ بکت..

ب هزرا من.ز باشترین رێ ئەوە چاڤدێریا زمانی هەبیت ل ئاستێ هەمی گوڤارو رۆژنامێن کوردی. وان پەیڤ و زاراڤا هەمبێز نەکن و وەرنەگرن و بکار نەئینن

ئەرێ گەلۆ ئەڤە نۆخازی یە، یان دەردەسەرییا مەیە؟ ئەڤرو بهێنە گرێکرن و ئەم ب دەستێ خوە مللەتێ کورد تەعریب و تەفریس و تەتریک بکەین..

دپەرپەرێن خـۆدا. هـەروەسـا لایـێ فـەرمـی ژی وەکـو دەزگەهێن رەوشەنبیری و زانست ل زمانێ کوردی خوە بکنە خودان و چاڤدێریێ لێ بکن، نەهێلن ئەو کۆما پەیڤ و زاراڤا ل سەر زمانێ رەسەن بهێتە زالکرن..

د. عیماد وەیس

(د. عیماد وەیس) مامۆستا لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی دهۆک ئەوها بەرسڤا مە¬دا:

سەبارەت پرسیارا جەنابێ وە ل سەر بکارئینانا پەیڤێن بیانی، بکارئینانا پەیڤێت بیانی لە ناڤ هەر زمانەکیدا شتەکێ گەلەک گەلەک ئاساییە، یەعنی هـەر زمانێک دەشێت بۆ دەولەمەندکرنا خۆ مفاش هەندەک زاراوەییێن بیانی وەرگری بەس ب مەرجەکی کو ئەو زاراوە لناڤ زمانێ واندا نەبن، زمانی کوردی ب حوکمی دراو سێیەتیێ کو دگەل زمانێ عەرەبێ هەی و زمانێ فارسیێ گەلەک زاراوەی زمانێ فارسی و زمانێ عەرەبی وەرگرتن شتەکێ ئاساییە و جهێن خۆ ژێ وەرگرتی. هەروەسا بکارئینانا مەجموعەکا، دەستەکا زاراوە مەیێتهەش کو لناڤ زمانێ بیانی ئەوژی بهاریکاریا تەکنۆلۆژیا کو ئەو ل دەف مە نینە ژ بەر هەندێ ئەم دێ وان زاراوان وەرگرین ئو دشێین ب کاربینین ئەڤەش شتەکێ ئاساییە بۆ زمانی کوردی، چونکو د قۆناغا گەشەکردنەکا نویە هێشتا نەگەیشتیە ئاستەکی کو ئەم بشێین بێژین زمانەکا کو سەربەستیەکا کامل و کامل هەبیتن پشێن ئەم بشت راست بین زمانی هەمی جیهانێ ئەڤەی شول پێ دێتەکرن بنووسین. لێ سەبارەت ئەو دیاردە نوکە پەیدا بووی دیاردەی ب کارئینانا، یان جێگۆڕینا زارەوەییێن بیانی ب زارەوەییێن زمانی کوردی ئەوێت مە ل ناڤ زمانی کوردیادا هەی ئەڤە ناکەویتە قالبێ وەکو دبێژن خزمەتا زمانی کوردیدا بەلکێ ئەڤە وەکی دیاردەکا نەهەندە جێگیرە لناڤ زمانێ کوردیدا، چونکە مە زاراوەی بزمانێ کوردی مادەم ئەڤ ل زمانێ کوردی هەبیت پێویست ناکات ئەم دەرگەهێ دی ڤەکەین زەراوەکێن بهێنە جیێ وی، چونکە بۆ وەرگرتنا هەر زاراوەکێ یەکەم جار پێدڤیە ئەم سەرەدانا دیالێکتێت خۆ بکەین، لهجاتێک خوە بکەین کانێ مە چ هەیە دناڤ زمانێدا هەروەها پێدڤیە ئەم سەرەدانەکا زارەوەییێت فۆلکلۆری بکەین زارەوەییێن فۆلکلۆری ئـەوەی ئەم ب کاردئینین ساخ بکەین، ئەوجا چ بەرفرەهکرنا زمانی، بەرفرەهکرنا

بکارئینانا پەیڤێت بیانی لە ناڤ هەر زمانەکیدا شتەکێ گەلەک گەلەک ئاساییە، یەعنی هەر زمانێک دەشێت بۆ دەولەمەندکرنا خۆ مفاش هەندەک زاراوەییێن بیانی وەرگری

واتایێ وی ئان کێم کرنا واتیێ وی ل دیڤ پێدڤیا مستەلحی ئان زاراوە ئەم دشێین ب کارئینین. هەروەسا پشتی وێ ئەم دشێین مفاش وان زمانا وەرگرین ئەڤێت نێزیکی مـە، یەعنی وەرگـرتـنـا زاراوەی زمانێ عەرەبی چێدبیت بۆ مە ئان زمانی فارسی گەلەک گەلەک نێزیکتر بیت ژ زمانێ بیانی لێ جێهی گۆڕینا زاراوە ب رەئیا من نە تشتەکێ هەندە دروستە مادەم مە زاراوە هەبیت ئەڤە دەبیتە ئەگەرێ مرنا ئەوی زاراوی ئەم دناڤ مەدا ب کارئینین ئەو زاراوە کوردی ئەم بکارئینین، بەڵکو باشترە ئەم وان زاراوەییێت بیانی وەرگرین ئەویێت حەتا نوکە دناڤ زمانیێت مە دانە هەتا مە دڤێت دەرگەهەکی ڤەکەین بۆ خزمەتکرنا زمان و ئەدەبێ کوردی.

هـەروەسـا سـەیدا (مـوسـەدەق توفی) ژ بەرسڤێ خـۆدا ژ (دیـاردەیـا دوبـارە بەلاڤبوونا پەیڤێن بیانی د زمانێ کوردی دا) دبێژیت:

بـەری دەمەکێ نەدرێژ هـەردەم دهاتە گۆتن زمانێ کوردی یێ د پەیڤێن عەرەبیدا خەندقی، هەر دەقەکێ کوردیێ بەری پێنجی سـالان و وێڤەتر تە گرتبا دا ب دەهـان پەیڤێن عەرەبی تێدا بینی،زێدەباری هندێ کو ئەڤ دەقە ب رێنڤیس و سەروبۆرێن عەرەبی دهاتە نڤیسین.

پشتی هـزرا نـەتـەوەیـی ب بەرفرەهی بەلاڤەبووی، رەوشەنبیرێن کورد هەست ب گرنگیا رۆلێ زمانێ نەتەوەیی و پێدڤیاتیا پێشڤەبرنا وی کری دەسـت ب بزاڤەکا بەرفرەە ژبۆ پاقژکرنا زمانێ کـوردی ژ پەیڤێن عەرەبی و هندەکێن تورکی ییێن هەریەک ب رێکەکێ کەتیە دناڤ زمانێ کوردیدا هاتەکرن.

د دەمەکێ کورتدا زمانێ کوردی ژ پرانیا پەیڤێن بیانی و نامو هاتە ڤـەوژارتـن، و ژ سالێن حەفتییانڤە کوردی ب بـەراورد دگـەل زمانێن گەلێن دراوسـێ زمانەک ڤەوژارتیە ژ پەیڤێن بیانی و یێ دووەرە ژ کاریگەریا زمانێن دی. هەرچەندە ب هزرا مـن بـوونـا پەیڤێن زمانەکی د زمانەکێ دیدا یان کاریگەر یا زمانەکی ل سەر یێ دی نەکارەکێ ناموبە و نەژی کێماسیە، بەلکی دیـاردەک سروشتیە و ئەنجامێ قوناغەکا دیـرۆکی و کاریگـەریـا چەند ئەگەرەکانە، ب نەمانا وێ قوناغێ و وان ئەگەرێن کاریگەر ئەو دیـاردا سروشتی ژی نامینیت و زمان بەرەڤ رەسـەنایەتیا خۆ دزڤریتەڤە، هەروەکی کوردی بەرەڤ ڤێ رەسـەنایەتییێ زڤریەڤە.

بەلێ یا سەیر ئەوە هێژ بیست سیە سالەک ب سەر ڤی زمانێ کوردیێ ڤەوژارتی ژ پەیڤێن بیانی و یێ ئەم شانازیێ پێ دکەین نەبۆرینە،دوبارە زمانێ کوردی یێ د پەیڤێن بیانیدا دخەندقیتەڤە، ڤێ جارێ ل شوونا عەرەبی پەیڤێن زمانێن ئەورۆپی یێ جهی ل پەیڤێن کوردی تەنگ دکەن، و پەیڤ و

موسەدەق توفی

زاراڤێن بیانی یێ رستەییێن کوردی داگیر دکەن و پەیڤێن رەسەنێن کوردی دەربەدەر دکەن، مەسج و مەساجێ پەیام و نامە ژ زمانێ کوردی دەرێخستن، سپۆنسەری یا ب ئەرکێ سەرپەرشتی و چاڤدێریا پرۆژێن مە رادبیت، ستی یا دبێژیتە باژێری جهێ تە ل ڤی وەلاتی نەمایە، ژ مێژ وەرە بازار و فرۆشگەە ژ داخێن مارکێتێ یێ ل وەلاتێن بیانی بووینە پەنابەر، سەنتەری ژی مەلبەند و بنگەە و بنکە یێن ژ بیرا مە برینەڤە، بەرهەلستکاری و بەرهەنگاری ژی یێ دبێژن کوردینۆ هێژ هوون ژ (معارچە)یێ رزگار نەبووینە هوون کەتنە تەلها ئۆپۆزۆسیۆنێ.. و ب دەهان پەیڤێن دن یێن بیانی هێرش ئینایە سەر زمانێ کوردی و نێزیکە دێ دوبارە زمانێ کوردی ب پەیڤێن زمانێن بیانی هێتەڤە داگیرکرن وەک فاکتەر، ئەلەمەنت، گرۆپ،ستادیوم، ریستورانت، سۆپەر و سۆپەر مەگەزن و سۆپر مارکێت، دریم ستی و دریم لاند، ئێنتەر ڤیو و پرێس کونفارنس و گەلەکێن دن ژ پەیڤ و زاراڤێن بیانی جهێ پەیڤێن رەسەنێن کوردی یێ گرتی و یێ بەرپێن زمانێ کوردی تەنگ دکەن و ئەگەر ب ڤی رەنگی بچیت ژ نها پاش دێ زمانێ کوردی ل ژێر چاڤدێریا ببورن سپۆنسەریا زمانێن بیانی بریڤەچیت و دەزگەهێن پەیوەندیدار ژی خۆ لێ دکەنە خودان.

ژ هەموویان سەیرتر د دەمێ خۆدا خەلکەکی گازندە ژ مامۆستایێن ئایینی و داگیرکەران دکرن کو زمانێ کوردی پڕی پەیڤێن عەرەبی کری، بەلێ ئەڤرۆ ئەمێن ئازاد و خودان نیمچە دەولەتەک ژ دەولەت سەرێ کەسێن رەوشەنبیر و نڤیسکار و رۆژنامەڤان، ئانکو کەسێن نووخواز، زمانێ کوردی یێ د پەیڤێن بیانیدا د خەندقیت. و یا هێژ سەیرتر ئەکادیمیا کوردی کو خودان دەستەلاتە و شیانێن پێدڤی ژی ل بەر دەستن، خۆ بێ دەنگ کریە و گورەپانا زمانێ کوردی هێلایە ڤالا و هەرکەسەکێ ب کەیفا خوە پەیڤێن بیانی بینتە ناڤ زمانێ کوردی. و د ڤی واریدا گازندا هەرەسەرەکی دەزگەهێن راگەهاندنا کوردی ڤەدگریت کو پرانیا ڤان پەیڤێن بیانی د رێکا وانرا دناڤ زمانێ کوردی دا بەلاڤ دبیت و ئەگەر کەسەک ژی بێژیتێ گەلۆ ئەڤە ژی وەک پەیڤێن عەرەبی و ترکی و فارسێ یێن جاران پەیڤێن بیانینە، دێ بێژنە مە ئەڤ پەڤە دجیهانینە و ژ زمانێن پێشکەتینە و مە ژی دڤێت

ژ هەموویان سەیرتر د دەمێ خۆدا خەلکەکی گازندە ژ مامۆستایێن ئایینی و داگیرکەران دکرن کو زمانێ کوردی پڕی پەیڤێن عەرەبی کری، بەلێ ئەڤرۆ ئەمێن ئازاد و خودان نیمچە دەولەتەک ژ دەولەت سەرێ کەسێن رەوشەنبیر و نڤیسکار و رۆژنامەڤان، ئانکو کەسێن نووخواز، زمانێ کوردی یێ د پەیڤێن بیانیدا د خەندقیت

ناجی تاها بەروواری

بگەهینە ریزا وان د پێشکەتنێدا..!!هەروەکی پێشکەتن د بکارئینانا پەیڤێن بیانیدا بیت. کورت و کرمانجی دیاردا بەلاڤبوونا پەیڤێن بیانی ژ هەر زمانەکی بن د زمانێ مە دا دیاردەک خرابە و نە د بەرژەوەندیا زمانێ کوردی و پێشکەتنا وی دایە و زمانێ کوردی زمانەک دەولەمەندە و ئەگەر خەمخور هەبن پێدڤی پەیڤێن بیانی نابیت.

هەروەها سەید (ناجی تاها بەرواری) ئەوها بەرسڤا پرسیاری مە¬دا:

ژبەر کو زمانێ کوردی زمانەکێ فرە زار و دلیکتە، ب زمانێن دەولەمەند دهیتە هەژمارتن، ئەگەر ب دروستی مفا ژ وان هەموو زارو دیالیکتان بهێتە وەرگرتن و پەیڤ بهێنە بژارتن، زمانەکێ زەلال و پاقژ دێ ژێ پەیدا بیت و پێدڤی ب پەیڤ و زاراڤێن بیانی نابیت. لێ ئەگەر پەیڤەک یان چەند زاراڤ و پەیڤ دناڤ هەموو زار و دیالیکتێن کوردی پەیدا نەبوون، گەلەک ئاسایە ل شونا وان، پەیڤ و زاراڤێن بیانی بهێتە ب کارهێنان ئەڤە ژی تشتەکێ رەوایە و د هەموو زمانێن جیهانێ دا هەیە، لێ ئەگەر پەیڤ و زاراڤێن بیانی ل سەر کیستێ پەیڤ و زاراڤێن کوردی بهێنە ب کارهینان ئەڤە دبنە بارگرانی ل سەر زمانێ کوردی و ئەز نە دگەل ڤێ چەندێ مە، بلا ئەم زمانەکێ کوردی یێ زەلال و پاقژ ئاڤا بکەین و بتنێ ل دەلیڤێن تەنگ پەیڤ و زاراڤێن بیانی ب کاربهینین.

ژبەر کو زمانێ کوردی زمانەکێ فرە زار و دلیکتە، ب زمانێن دەولەمەند دهیتە هەژمارتن، ئەگەر ب دروستی مفا ژ وان هەموو زارو دیالیکتان بهێتە وەرگرتن و پەیڤ بهێنە بژارتن، زمانەکێ زەلال و پاقژ دێ ژێ پەیدا بیت

ئایا ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی جێگرەوەیە یان ڕکابەریی ڕۆژنامەگەریی چاپکراوە؟

حامید محەمەد عەلی

کورتەیەکی مێژوویی

چەمکی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی لەم چەند ساڵەی دواییدا لە دەرەنجامی ئەو پەرەسەندنە فراوانەی کە لە بواری تەکنەلۆجیای گەیاندن و زانیارییەکاندا ڕوویدا، سەری هەڵدا ....

لەگەڵ سەرهەڵدانی لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا، ئەوا بایەخێکی تایبەتی پێدراو، لەو کاتەوە بەکارهێنەرانی بەردەوام لە زیادبوونداں .

ئێستا زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤار و ڕادیۆ و TVییەکان، سایتی ئەلیکترۆنی خۆیان هەیە.. ئەوەی کە نوێیە، هەندێ ڕۆژنامە دەردەچن کە تەنیا لە سەر تۆری ئینتەرنێت هەیەو بە چاپی کلاسیکی دەرناچێت...

ساڵی ١٩٩٣ یەکەم دانەی ئەلکیترۆنی ڕۆژنامەی **(سان جوزیەمیرکۆری)** ئەمریکی دەرچوو، دواتر ساڵی ١٩٩٤ دانەی ئەلیکترۆنی هەردوو ڕۆژنامەی **(تایمزو دیلی تەلەگراف)** دەرچوون .

هەروەها لە سەر ئاستی جیهانی عەرەبیش، لە ساڵی ١٩٩٦، یەکەم دانەی ئەلیکترۆنی ڕۆژنامەی **(الشرق الاوسط)** دەرچوو. هەر لەو ساڵەدا، ڕۆژنامەی **(النهار)** ی لوبنانیش دانەی ئەلیکترۆنی دەرکرد.

یەکەم ڕۆژنامەی بە تەنیا ئەلیکترۆنی عەرەبی، ڕۆژنامەی **(أیلاف)**ە کە لە ساڵی ٢٠٠١ لە لەندەن دەرچوو و تا ئێستاکەش بەردەوامە، بەڵام پاش ئەویش چەندین ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی عەرەبی دەرچوون و بەردەوام ژمارەکە لە زیادبووندایە.

ڕێژەی خوێنەرانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەردەوام لە زیاد بووندایە، لە سەر حسابی ڕۆژنامەی کاغەزی و ئەم ڕێژەیە ساڵی (٢٠٠٦)، ٩٪ بوو، ساڵی (٢٠٠٨) بوو بە ١٤٪ بە پێی

زانیاریەکان هاوبەندی ڕۆژنامە ئەمریکاییەکان ڕێژەی گەشەسەندن لە نێوان ساڵی ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ ١٢،١٪ ە. ئەمە لە کاتێکدا کە لە چارەکی کۆتایی ٢٠٠٨ دا، ڕێژەی ئەوانەی سەردانی سایتی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنییەکانیان کردووە ٤١٪ی بەکارهێنەرانی تۆری ئینتەرنێت پێک دەهێنن، بەمەش ڕێژەی خوێنەرانی ڕۆژنامە ئەلکیترۆنییەکان گەیشتە ٣/١ ی تێکرای خوێنەری ڕۆژنامەکان، کە ئەم ڕێژەیە ساڵی ٢٠٠٦، ¼ بوو .

بە پێی ڕاپۆرتێکی **(سەنتەری بیو بۆ توێژینەوەکان)**، زۆر لە هاوواڵتیانی ئەمریکا، ئێستا بۆ زانینی هەواڵەکان ڕوو لە ئینتەرنێت دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا کە خوێنەری ڕۆژنامەی چاپکراو لەو واڵتەدا بەردەوام لە کەم بوونەوەدان. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە ڕێژەی خوێنەرانی ڕۆژنامەی چاپکراو، لە ماوەی دوو ساڵی دواییدا، لە ٣٧٪ دابەزی بۆ ٢٥٪. ئەمە لە کاتێکدا کە بە پێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٦، نزیکەی (٥٠) ملیۆن ئەمریکایی بۆ بەدواداچوونی هەواڵەکان سەردانی تۆری ئینتەرنێت دەکەن. پێشی ماوەیەکیش ڕۆژنامەی **(کریستیان ساینس مونیتەر)**ی ئەمریکایی بە تەواوی چاپی کاغەزی خۆی ڕاگرت، چونکە ژمارەی تیراژی دابەزی بوو بۆ (٢٠٠ هەزار) دانە.

ئەمە لە کاتێکدا کە سەردانیکەرانی ئەم ڕۆژنامەیە لە سەر تۆری ئینتەرنێت، زیاتر لە **(یەک ملیۆن)** خوێنەرن.

ڕۆژنامەی **(لۆمۆند)**ی فەرەنساش کە گەیشتبووە کەناری ئیفلاس بوون و (١٥٠) ملیۆن یۆرۆ قەرزاربوو، دانە ئەلیکترۆنییەکەی لە سەر ئاستی گەلانی فەرەنسی، زمان سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێناوە ..

لە سەر ئاستی جیهانی عەرەبیش ڕۆژنامەی **(الریاض)**ی سەعودی کە تەنیا (٢٦٠ هەزار) دانە، دابەش دەکات و پشت بە داهاتی بەرزی ڕێکلام دەبەستیت، ڕۆژانە ١،٢٠٠،٠٠٠ کەس سەردانی دانە ئەلیکترۆنییەکەی دەکەن.

ئەمڕۆ ژمارەی خوێنەرانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان ئەوەندە زۆرە، بەشێکی زۆر لە تویژەران و پسپۆران و ڕۆژنامەنووسان باسی لە لەناوچوونی یەکجارەکی ڕۆژنامەگەریی چاپکراو دەکەن. ئەویش لە ماوەی چەند ساڵێکی داهاتوودا. لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتن و بەرەوپێش چوونەی بە دەستی هێناوە، بەڵام ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گیروگرفت و ئاستەنگ دەبێتەوە، کە ڕێگرن لە بەردەم زیاتر گەشەسەندنی دا. بە پێی لیکۆڵینەوەیەکی ئەمریکایی **(پڕۆژەی جیاکاری ڕۆژنامەوانی - مشروع التمییز الصحافي)** تا ئێستاش زۆربەی ڕاپۆرتە هەواڵیی گرنگەکان لە ڕۆژنامە چاپکراوەکاندا بڵاودەبنەوە، بە پێی **(نیورۆک تایمز)**یش لەگەڵ دابەزینی داهاتی دەزگا ڕۆژنامەنووسییە گەورەکاندا، بەڵام ٩٥٪ی ئەو ڕاپۆرت و چیرۆکە ڕۆژنامەنووسیانەی کە زانیاری نوێیان تێدایە، ڕۆژنامە کلاسیکییەکان و کەناڵەکانی دیکە بڵاویان کردۆتەوە.

گیروگرفتەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی

ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی لەگەڵ تایبەتمەندی و خەسڵەتە باشەکانیدا، هەندێ گرفت و خاڵی خراپیشی تێدایە لەوانە:-

١/ گرفتی دارایی لای زۆربەی ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیانە .

٢/ نەبوونی پلان و دیدێکی ڕۆشن بۆ داهاتووی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە.

٣/ نەبوونی داهاتی دارایی و ڕێکلام لە زۆربەی ئەم ڕۆژنامانەدا وەک ئەوەی لە ڕۆژنامەگەریی چاپکراودا هەیە، چونکە خاوەن ڕێکلامەکان هێشتا متمانەی تەواویان بە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی نییە.

٤/ ملکەچ نەبوونی ئەم ڕۆژنامەگەرییە بۆ هیچ سانسۆرو یاساو ڕێسایەک کە ڕێکی بخات.

تا ئێستا هیچ یاسایەک بۆ پابەندبوونی ئەم ڕۆژنامەگەرییە بە تەواوی نییە، هەروەها مۆڵەت لە هیچ دەزگایەک وەرناگرن، ئەمەش وا دەکات کە زۆرجار ببنە سەرچاوەی دەنگۆ و واتە واتە و هەواڵی سەرسوڕهێنەر و نادروست، بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی زۆرترین خوێنەر.

٥/ نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی و پێشەیی بۆ ڕۆژنامەنووسان لە بواری

ئەلیکترۆنیدا، وەک سەندیکایەک کە داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان بکات، زۆرجاریش لە سەندیکاکاندا بە ئەندام وەرناگیرێن.

٦/ ئەگەر بە وردی سەرنجی زۆربەی ئەم ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیانە بدەین، هەست دەکەین بابەتەکانیان بەشی زۆری فۆتۆکۆپی کراوی ڕۆژنامە ناوخۆییەکان و ئاژانسەکانی هەواڵە، یاخود لە یەکترەوە وەری دەگرن. هەندێ جاریش دەبێتە دزیکردنێکی بە ئاشکرا و گۆرینی ناوی نووسەرەکان، هەموو ئەمانەش بە هۆی لاوازی باری داریی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییەو کەمی ڕۆژنامەنووس و نەبوونی لێپرسینەوەو سانسۆر.

تایبەتمەندی و خاڵە بەهێزەکانی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی

لەگەڵ ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خاڵی بەهێزی هەیە، کە وا دەکات بەردەوام لە گەشەسەندندا بێت، کە ئەوانیش بریتین لە :-

١/ کەمی تێچوونی دارایی بۆ خوێنەر، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەی چاپکراو، چونکە تەنیا بە بەشداری لە تۆری ئینتەرنێت دەتوانیت دەیان ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بخوێنیتەوە، لە کاتێکدا کە ناتوانیت هەموو ئەو ڕۆژنامە چاپکراوانە بە جارێ بکڕیت.

٢/ خەسڵەتێکی دیکەی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی ئەوەیە، کە دەتوانرێت بەبەردەوامی و بەدرێژایی کاتژمێرەکان نوێ بکرێتەوەو هەواڵ و زانیاری نوێی بۆ دابنرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە ڕۆژنامە چاپکراوەکان و سایتەکانیان هەموو (٢٤) کاتژمێر جارێک نوێ دەکرێنەوە ؛ بەمەش ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان هیچ بایەخێک بۆ هەواڵ لە ڕۆژنامەی چاپکراودا ناهێڵن و وەک دەڵێن هەواڵەکانیان دەسووتێنن، بەو شێوەیە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی دەتوانێت گەرماوگەرم ڕووماڵی ڕووداوەکان و گۆرانکاریەکان بکات .

٣/ ئاسانی لە دەستکاری و ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان و نوێ کردنەوەیان هەر کاتێک کە بخوازین.

٤/ ئاسانی لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان و دەستکاری کردنیان و هەڵگرتن و گێڕانەوەیان و خێرایی لە بڵاوکردنەوەیان .

٥/ ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی، پەراوێزێکی فراوانتر لە ئازادی بۆ ڕەخساوە و دووڕە لە مەقەسی سانسۆر، کە ئەم خەسڵەتە لە ڕۆژنامەی چاپکراودا کەمترە، چونکە کۆت و بەند لە سەر بابەتە بڵاوکراوەکاندا هەیە.

٦/ لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا، دەتوانرێت لەگەڵ هەواڵەکاندا **(بڕگەی دەنگی)** و **(گرتەی فیدیۆیی)** دابنرێت بە جۆرێک کە ڕووماڵێکی تێروتەسەڵتری ڕووداوەکان بکات و زیاتر ببێتە جێی سەرنج و بایەخی خوێنەران و زۆرتر نزیک بێت لە مێشکیانەوە .

٧/ یەکێکی دی لە خەسڵەتەکانی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی ئەوەیە، کە بوارێکی زۆرتر دەرەخسێنێ بۆ خوێنەر کە تەفاعولی لەگەڵدا بکات و **(کۆمێنت)** لە سەر هەواڵ و هەڵوێستەکان بڵاو بکاتەوە و لەگەڵ خوێنەرانی دیکەدا پەیوەندی هەبێت **(التواصل)** و ئالوگۆری ڕاوبۆچوون بکەن . هەروەها دەتوانن بەشداری بکەن لە ناردنی هەواڵ و وتارو بابەت بە ناوی خۆیانەوە یان بە ناوی خوازراوەوە...

٨/ دابینکردنی ئەرشیفێکی ڕۆژنامەوانی گەورەو دەوڵەمەند، کە دەتوانرێت بە ئاسانی و خێرایی زانیارییەکان بە دەست بهێنرێتەوە .

٩/ پێویست نەبوونی بە بارەگای گەورەو دەزگای جێگیر ؛ چونکە لە ڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنی **(ئیمێل)**ەوە کارەکانی ڕادەپەڕێنێت.

ئەم تایبەتمەندی و خەسڵەتانە وای لە شارەزایەکی ئەمریکیدا لە بواری ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی کرد ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بەو ئەسپانە بچوویێنێت، کە ڕەشمە و لغاویان دامالێوەو بۆی دەرپەڕیون و ناتوانرێت رابگیرێن..

(مارساستونی) سەرۆکی ڕێکخراوی ڕۆژنامەگەریی جیهانی، پێیوایە کە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی توانیویەتی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەکان بگۆڕێت و لە داهاتوودا ئەو هەڵسەنگاندنە لە سەر بنەمای

ئاست و جۆری چاپکردن نەبێت، بەڵکو بە پێی ناوەرۆک و دەوڵەمەندی بابەتەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بێت.

لەگەڵ هەموو ئەم تایبەتمەندی و خەسڵەتانەدا، بێگومان هێشتا زووە بۆ بڕیاردان لە سەر مردن و کۆتایی هاتنی ڕۆژنامەگەریی چاپکراو، چونکە لەلایەک هێشتا ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە هەنگاوە سەرەتاییەکانیدایە و لە بەرانبەریشەوە ڕۆژنامەگەریی چاپکراو هێشتا لە پێشەنگدایە، لە بەر ئەوەی کە خاوەنی نووسەر و بیرمەند و ڕۆژنامەنووسی پسپۆڕ و پیشەیی و کاریگەرە لە سەر دروستکردنی بڕیار، ئەوانەی کە خوێنەر بە دوای ڕاوبۆچوون و شیکردنەوەکانیاندا دەگەڕێ.

ئەمە هەموو لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە تا ئێستاش پەیوەندی نێوان ئەم دوو جۆرە لە ڕۆژنامەگەریی، پەیوەندی دوورخستنەوەو سرینەوەی یەکتر نییە، بە قەدەر ئەوەی کە پەیوەندی یەکتر تەواوکردنەو لە بەرژەوەندی خوێنەرو ڕای گشتی دەشکێتەوە...

چۆن ئاستی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی بەرز بکرێتەوە ؟

بۆ بەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی پێویستە چەند هەنگاوێک بنرێت لەوانە :-

١/ هەمواركردنی یاساکانی تایبەت بە چاپ و بڵاوکردنەوە، بە جۆرێک کە ئازادی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە دابین بکات، لەگەڵ بەدەستهێنانی زانیارییەکان و گفتوگۆکردن لە سەر مەسەلەکان بە ڕوونی و ڕەخنەگرتن. هەروەها دانانی ماددەو بڕگەی تایبەت بە مافی خاوەنیەتی ئەلیکترۆنی.

٢/ دامەزراندنی سەندیکاو ڕێکخراوی تایبەت بەوانەی کە لە بواری ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیدا کار دەکەن بۆ دابینکردنی مافیان.

٣/ دامەزراندنی دەزگای ڕۆژنامەگەریی و کۆمپانیای هاوبەش بۆ بەرێوەبردنی ئەم جۆرە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیانەو پەرەپێدانی تواناو داهاتەکانیان لە ڕێگەی دەرفەت پێدانی بەرهەمهێنانی بازرگانییەوە و بڕەودان بە ڕۆشنبیری ڕێکلام کردنی ئەلیکترۆنی و ناساندنی بە بازرگانان و بەرهەمهێنان.

٤/ پشت بەستن بە ناوەرۆکی بەهێزو تێرو پتەو و پابەندبوون بە ڕێبازی کاری ڕۆژنامەگەریی و پێوەرو چوارچێوە پیشەییەکانی و سوودوەرگرتن لە تەکنیکی دەنگ و وێنە کە لە ڕۆژنامەگەریی چاپکراودا بوونی نییە..

٥/ پێویستی یەکلابوونەوەی کارمەندان بۆ ئەم بواره بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی بگەیەنن ئاستێکی بەرزو جێی ڕێزی خوێنەرانی، بە جۆرێک کە ڕێگە بگرن لەوەی کە تۆمەتی **(مشەخۆری و هەرزەکارو جوێن فرۆش. هتد)** بدرێتە پاڵیان .

٦/ سوودوەرگرتنێکی بەرپرسانە لەو کەش و هەوا ئازادەی کە بۆ ئەم ڕۆژنامەگەریە فەراهەم هاتووە بۆ مامەڵەکردنێکی کراوەتر، بەڵام بە شێوەیەکی هاوسەنگ و بابەتیانە لەگەڵ مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بە بێ دابەزین بۆ ئاستی نزم و بازاری بەڵکو بە پێی پێوەرە پیشەییەکان و لە چوارچێوەی ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیدا.

٧/ بایەخدانی زیاتر بە نەخشەسازی و نوێکردنەوەی ماوەی جارێک.

٨/ دەوڵەمەندکردنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی و ئەرشیفی بابەت و باسەکانی.

سەرچاوەکان :

١/ ڕۆژنامەی (النهار)ی لوبنانی ٢٠٠٩/٥/٢٤ **(الصحافة الورقية و هاجس الانقراض).**

٢/ ڕۆژنامەی (الریاض)ی سعودی ژمارە ١٤٧٩٤ ٢٠٠٨/١/٢٥.

٣/ الصحافة الالكترونية هل هی بديل الصحافة الورقية أم منافس لها ؟ مجلة العالم الرقمی العدد ١٤٢ .

٤/ سایتی www.okhdood.com .

٥/ سایتی www. Almajlis.net .

٦/ صحافة الكترونية جاددة – مركز المستقبل للدراسات والبحوث..

٧/ ڕۆژنامەی (بهرا) ژمارە (٥٢٠) ٢٠١٠/١/١٧ لاپەرە (٤).

فەرید نەزها

نەتەوەپەروەر و رۆژنامەنووسی بوێر

بە پێنووسی/ یۆنان هۆزیا
لە عەرەبییەوە/ هیمەت کاکەیی

بەبۆنەی(١٦٠)ەمین ساڵیادی رۆژنامەگەریی سریانی سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاکی شەهیدەکانی دادەنوێنین و بە فەخر و شانازییەوە یادی کەڵەپیاوانی ئەم بواڕە دەکەینەوە، لە نوێیانیشدا رۆژنامەنووسی بە جەرگ **(فەرید نەزها)** کە لە ساڵی ١٨٩٤دا لە شاری **(حەما)**ی سوریا هاتۆتە دنیاوە. باپیری لە ساڵی ١٧٦٠ شاری **(خەرپوت)**ی تورکیای بەجێهێشتووە. لە قوتابخانەکانی تایفەی سریان خوێندنی تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩١١ و لە هەڕەتی لاوی خۆی خانەوادەکەی بەرەو ئەمەریکای باشوور کۆچ دەکەن، لەوێ لەگەڵ هاوڕێی ئەدیب و نووسەری **(سەمعان فەهیم)** یانەی ئەفرامی سریانی دامەزراندووە و گۆڤارێکی دەرکردووە. بەرجەستە بووە لە غەم و ئاواتی گەلەکەمان و پوختەی بیر و هزرەکانی. فەرید نەزها لە شاری بۆینس ئایرس لە ئەرجەنتین لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ مالئاوایی لە جیهان کردووە.

کۆمکاری سریانی (الجامعة السریانیة):

ئەم گۆڤارە فەرید نەزها دەریکردووە، جێ پەنجەی خۆی پێوە دیار و ئاوێنەیەکی ڕاستەقینە بوو بۆ هزر و هەڵوێست و ئاوات و غەمەکانی. یەکەمین ژمارەی لە بۆینس ئایرس لە ئەرجەنتین ساڵی ١٩٣٤ دەرچوو، دواییین ژمارەشی لە ساڵی ١٩٥٨دا دەرچووە، گۆڤارێکی مانگانە و ساڵانە (١٠) ژمارەی لێ کەوتۆتە بەر دیدی خوێنەران. شیاوی گوتنە ئەو زمانە عەرەبییەی لە گۆڤاری **(الجامعة السریانیة)** بەکارهاتووە، زمانێکی بەرز و پاراو و سانا بوو لە ڕووی دەربڕینەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو گۆڤارە خوولییانەی هاوکات لەو سەردەمەدا دەردەچوون، چونکە

نووسەرەکانی بێجگە لە زانینی زمانی عەرەبی شارەزاییەکی باشیشیان لە زمانی سوریانی هەبووە. لەو ناوە دیارانەی بەشداریان لە دەرچوونی گۆڤارەکەت کردووە، ئەم ئەدیب و نووسەرانە بوون: جبرائیل ربز، ئیبراهیم کورکچی، ئەلیاس جەرجیس تەراد، جبرا ئیبراهیم جبرا، ئەنتوان رەسام، یوسف مالک، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە گەورە شاعیرانی وەک: خەلیل مەتران، رەشید سەلیم خوری، جبران خلیل جبران.

چەوساندنەوە. و چاکسازییەکان:

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیستەم تایبەتمەندیی رووداوی گەورە گەورەی پێوە دیار و کاریگەرییان هەبوو بۆ سەر پێکهاتنی نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، جگە لە کاریگەریی خراپ و بەهێزیش بۆ سەر دیمۆگرافیای گەلی کلد و ئاشووریمان، چونکە مەزنترین شەڕی جیهانی لەخۆ گرت. گەلی ئێمە و ئەرمەنیش تووشی زنجیرەیەک کوشتن و بڕین و قەتل و عام بوون بە ئامانجی دابڕانیان لە خاک و دەستبەسەراگرتنی مولک و سامانیان، جۆرەها کوشتار و بڕین لە دژی گەلەکەمان پیادە کرا و سیاسەتی ئیستعماری بە چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان گەلان باو بوو. لە سۆنگەی کارەسات و نەهامەتییەکاندا گەلەکەمان رووبەڕێکی زۆری لە خاکەکەی لە هەکاری و ئامەد **(دیار بەکر)** و تۆرعەبدین و بۆتان لەدەست دا و ئیدی بەرە بەرە وایلێهات تەنیا لە نێو سنووری دەوڵەتی عیراق و سووریا و لوبنان بمێنێتەوە، یانیش بەرەو وڵاتانی دوور کۆچ بکات. تۆێژەران پێیان وایە ئەمەیان قۆناغێکی ناسک و هەستیارە لە مێژووی گەلەکەماندا، چونکە لە میانەی ئەم قۆناغەدا هزری نەتەوەیی پێکدەهات و کەوتبووە جۆش و خرۆش و پێشەنگەکانیشی دەستێکی بالایان لەمەدا هەبوو. لێرەدا ئاماژە بە چەند ناوێک دەکەین کە دابەش دەبنە سەر نەخشەی دیمۆگرافیای گەلەکەمان، بۆ نموونە لە ورمێ و دەوروبەری ئاشنای چەند ناوێکی

دیار دەبین کە خەسڵەتی سەرکردایەتیان پێوەیە و رۆڵی کاریگەریان بینیوە بە چەکی رۆشنبیریان و زانایی و بوێری و دڵسۆزییان بۆ بیروباوەڕەکانیان، وەک: مەترانی شەهید تۆما ئودو و ژەنەرالی سەرکردە ئاغا پوترس کە لە تاراوگە لە فەرەنسا سالّی ۱۹۳۲ کۆچی دوایی کرد، هەروەها سیاسەتمەداری سەربازی فەرەیدون ئاسوریا کە بە پلانی .K G. B لە سالّی ۱۹۲۷ تیرۆر کرا و ئەدیبی هزرڤان بنیامین ئەرسانس کە لە تاران لە سالّی ۱۹۵۷ کۆچی دوایی کرد. لە ناوچەکانی ئامەد و بۆتان و تورعابدین مامۆستای هێژا نەعوم فایق کە لە تاراوگە لە ئەمەریکا لە سالّی ۱۹۳۰ ئەم دونیایەی بەجێهێشت، هەروەها شەهیدی رۆژنامەگەریی سریان ئاشوور یوسف کە لە تورعابدین لە سالّی ۱۹۱۵ ئیعدام کرا، دیسان پاریزەر دیقید بیرلی و مەترانی زانا ئادی شێر کە لە سعرد لە باشووری تورکیا سالّی ۱۹۱۷ شەهید کران. لە موسڵ و دەوروبەریشی چەندین ناو هەن، وەک: سیاسەتمەدار یوسف مالک لە بیروت لە تاراوگە سالّی ۱۹۵۹ مالّئاوایی لە دونیا کرد و مامۆستای زمانزان یوسف فلیتا لە موسڵ لە سالّی ۱۹۵۲ چووە بەر دلۆقانی خودا و کەسانیتری وەک بلیمەتی

زمانی سریانی عەبدولمەسیح قرەباشی کە لە بەیرووت ساڵی ١٩٨٣ مالئاوایی لە جیهان کرد و هەروا زانا مادیۆ حەننا دولبانی کە لە تورعابدین لە ساڵی ١٩٦٢ کۆچی دوایی کرد. دوا بەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی و تاوەکو ڕاپەڕینەکەی **(سیمێل)** لە ساڵی ١٩٣٣ بارودۆخێکی سەخت و دژوار بەسەر گەلەکەماندا تێپەڕی بە پیادەکردنی سیاسەتی شۆڤینیتی ڕەگەزپەرستی یان مومارەسەکردنی فشار لە لایەن دەسەلاتدارانی بەغدا _ئەفسەرانی سوپای عوسمانی_ بە هاندانی بیر و هزری تایفەگەریی و هاندانی ئەمیان دژی ئەویتر، ئەم سیاسەتە وای کرد ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی نیشتمان بە گشتی و لە دەرەوەی وڵاتیش یەک بگرن، بۆیە هەڵوێستی نەتەوەیی و ڕوون سەریهەڵدا، وەک دامەزراندنی یەکێتی و یانە و کۆمەڵەی نەتەوەیی بە تایبەتی لە دەرەوەی وڵات. بۆ نموونە: یەکێتی یانە و کۆمەڵە ئاشوورییە ئەمەریکاییەکان Federtian کە لە پاش ڕاپەڕینی سیمێل دامەزرا و سەرەتایەک بوو بۆ دەرچوونی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە بە سەرپەرشتی دەستەیەکی هەڵبژاردە لە نووسەرانی نەتەوەیی وەک: نەعوم فایق و یوسف مالک و فەرید نەزها.. هتد.

ئەمانە گەڵێک پڕۆژەی هزرییان خستە ڕوو، لەوانە پڕۆژەی نەتەوەیی و یەکگرتن لە لایەن مامۆستا نەعوم فایق و ئاشوور یوسف و فەرید نەزها. پڕۆژەی سیاسی فیدڕالی لە لایەن ئاغا پوترس و فەرەیدون ئاسوریا و یوسف مالک. پڕۆژەی نەتەوەیی نیشتمانی لە لایەن ئەنتوان سەعادە لە سووریا، پاشانیش پڕۆژەی نێو گەلان وەک پڕۆژنی کۆمۆنیستی کە شەهید فەهد و هەڤاڵانی تێدا بەشدار بوون.بەو جۆرە توێژەر ڕوانگەت و سیمای ئەو ڕێبازەی بۆ ئاشکرا دەبێت کە گۆڤاری **(الجامعة السريانية)** گرتبوویە بەر نەخاسما شێوازی وەڵامدانەوەی تەواو بۆ هەموو پرسیارێک و هەندێ جاریش وەلامدانەوەی هێرش و پلانی خوێنەران. کە هەموو لە لایەن نووسەری گۆڤارەکە فەرید نەزها وەڵام دەدرانەوە. بەمەش گۆڤارەکە پێوەندییەکی ڕوونی هەبوو نەک تەنیا بەو خوێنەرانەی کە لە بۆینس ئایرس و کۆماری زیون **(ئەرجەنتین)** نیشتەجێ بوون، بەڵکو بە هەموو ئەمانەشەوە کە لە شارەکانی ئەمەریکای باکوور و باشوور و هەروا ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش دەژیان بە تایبەتی لە سووریا و عیراق و لوبنان.

نەتەوە و ناولێنان:

تێگەیشتنی قوڵ لە هەمبەر بابەتی ناولێنان و ئاڵۆزییەکانی کارێکی زەروورە، لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە: میژووی هەرە کۆن و دێرین و تێپەڕبوونی پتر لە (٢٥) سەدە بەسەر بزربوونی دەسەلاتی نیشتمانی پاش ڕووخانی نەینەوا و بابل. دەبینین چەند ناوێک بۆ گەلەکەمان یان بۆ چەند بەشێکی لە چەند قۆناغێکی دیاریکراوی میژووییدا هەڵزەقیون لە بەر هۆگەلێکی جوگرافی یان کولتووری و هتد. تێگەیشتنی ورد پاڵی داوە بەوەی کە ئێمە یەک گەلین و هەموو ناوەکانیش میژووی ئەم گەلە لە گۆشەگەلی جیاجیاوە ڕۆشن دەکەنەوە. لێرەدا فام و تێگەیشتن و بڕوای نووسەری گۆڤارەکەمان **(فەرید نەزها)** بە لامانەوە بە ڕوونی دەدەکەوێ. بەکارهێنانی سروشتییانەی بۆ هەموو ئەم ناوانە بە سەر لاپەڕەکانی **(الجامعة السريانية)** بەکاربردووە:

لە لاپەڕە (٣٤)ی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٣٤ ئەم دەستەواژەیە بەکارهاتووە: سریان بە ڕاستی سەرم سووڕدەمێنێ لەو کەمئاگا و گەمەگێڕانەی کە بە پێی ڕەگەزپەرستیی کوێرانەیان واتای ناوی ڕەسەنی سوریا لێکدەدەنەوە، تەنانەت یەکێکیشیان ڕێ بە خۆی دەدا کە بڵێ ناوی وڵاتەکەی سەرچاوەیەکی بێگانەی هەیە نەوەک ڕەسەنی ڕاستەقینەی ئاشووری. جا ناوی سریان دەچێتەوە سەر ڕەگە ئاشوورییەکە هەرچەندە توێژەر منە بکات و بکۆشێ واژەکە ببات‌ەوە بۆ ڕەسەنێکی دیکەی نائاشووری..

دیارە زۆر پرسیار کراوە سەبارەت بە ناولێنانی گۆڤارەکە بە ناوی **(الجامعة السريانية= کۆمکاری سریانی)** هەروا

سەبارەت بە ناولێنای یانەکەش بە ناوی **(یانەی ئەفرامی سریانی)** بۆ وەڵادانەوەی ئەم پرسیارانە **(فەرید نەزها)** لە لاپەڕە (٣٢٣)ی ژمارە (١١ و ١٢)ی ساڵی ١٩٤٣ دەڵێت: ناولێنانی سریانی بە داڕشتن نامۆیە، بە هەقیقەتی رەسەنە. ئەمەیان پاڵی پێوەنایین کاتێک یانەی ئەفرامی سریانیمان دامەزراند و گۆڤارەکەشمان بە ناوی **(الجامعة السريانية= کۆمکاری سریانی)**یەوە دەرکرد. سەرەتا وا بیرمان کردەوە یانەکە ناولێنێین یانەی ئەفرامی ئاشووری و گۆڤارەکەش ناو لێبنێین **(الجامعه الاشوريه= کۆمکاری ئاشووری)**، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر لە دێرزەمانەوە و پێش پتر لە (٢٠٠٠) ساڵ گەلەکەمان بە ناوی سریان ناوی هاتووە، ناچار بووین ناوە باوترەکە بەکاربهێنین بە پێی چەمک و مانا گشتییەکە.

ئەوی زانراوە **(فەرید نەزها)** بە ئیمزای (نووسەری سریانی) زنجیرە وتارێکی بە ناونیشانی **(نەتەوەی سریان)** نووسیوە، لە ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٣٤دا دەڵێت: **((هەر کاتێک باڵێین نەتەوەی سریان ئەوە مەبەستمان هەموو تیرە و میللەتی سریانە بە هەموو ڕێباز و چەمکەکانەوە چ نەستووری یان یەعقووبی یان کاتۆلیک بن، هەر هەموویان دەچنەوە یەک ڕەسەنی سریانی کلدانی ئارامی بە بێ شێواندن و بە بێ هیچ گومانێک، بەڵام ئەو جیاوازییەی لە نێوانیاندا دەبینرێ، جیاوازی ڕێبازە..))**

لە لاپەڕە (٢١ و ٢٢)ی ژمارە تێکهەڵکێشی (١، ٢، ٣)ی ساڵی ١٩٥٨ نووسیویەتی: **((ناوی سریانی ڕەسەن بە ئینگلیزی ئەمەیە (Assyrian) ئەمە بە هیچ کلۆجێک نابێ بگۆڕدرێت. لەم مەسەلەیە هیچ گومانێکمان لەوەدا نییە کە جەنابی پایەبەرزی پەتریاکی ئێستامان بە دووربینی خۆی چارەی دەکات. پێمان وایە سەعادەتی پیرۆزی لە نووسراوە میژوونووسییەکانیدا ئاماژە بە هەقیقەتی ئەو ڕەگ و ریشەیە دەدات بە گەڕانەوەی بنەچەمان بۆ ئەرومیە ئاشووری بابلی..))** پەتریارک مار ئەفرام بەرسومی زانای ناسراو و خاوەنی کتێبی **(اللؤلؤ المنثور)** لە ساڵی ١٩١٩ سەرۆکایەتی شاندێکی نەتەوەیی هاوبەشی کردووە بەرەو کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، لەوێ پڕۆژەی دەوڵەتی ئاشووری کلدانی پێشکەش کرد و شاندەکەی چانسی ئەوەیان هەبوو بە دیدەنی سەرۆکی ئەمەریکا ویلسن خاوەنی (١٤) پەرەنسیپەکان، بگات، کە یەکێک لە پەرەنسیپەکانی جەخت دەکاتە سەر مافی چارەنووسی گەلان، ویلسن لە پێشوازیی شاندەکەدا گوتی: ئەی ڕۆڵەکانی ئاشووری کلدان..

لە نێوان ئایین و سیاسەتدا:

ڕەنگە گەلەکەمان لە ریزی پێشەوەی ئەو گەلانە بێت هاوبەندیی کردبێ لە نێوان ژیانی وەک نەتەوەیەک و هەروا لە نێوان بیروباوەڕە ڕۆحانییەکانی. تاوەکو ڕادەی سەرهەڵدانی ململانێی ڕاستەقینە لە چەند قۆناغێکی گرنگی میژووی گەلەکەمان بە تایبەتی لە قۆناغە سەخت و ئاڵۆزەکاندا. لە بارەی تێکەڵبوونی ئەم دەسەلاتانە وتەی سەرکردەی گەورە ئاغا پەترسمان بە بیر دێت کە بە (پەتریارک مار شەمعون بنیامین)ی گوتووە، پێش ئەوە ئەم کەسەی دواییین شەهید بێت، وتەکەشی ئەمە بوو: خاچ بۆ خۆت بێ لێگەڕێ شمشێریش بۆ من.

بە یەقین ئەم تێگەیشتنە بە لای نووسەری **(الجامعة السريانية)**وە ڕوون بوو. لە وتارێکدا کە بە ناوونیشانی **(ئایین و ڕامیاری)** نووسیویەتی لە لاپەڕە (٩٥)ی ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٤٠ دەڵێت: **((کاتی ئەوە هاتووە دەسەلاتی ئایینی لە سیاسەت جیا بکرێتەوە، بگرە پێشم وایە ئەمەیان هۆکارێکی سەلامەتی ئایین و پاراستنی کەرامەتییەتی))**.

لە ژمارە (١١- ١٢)ی ساڵی ١٩٥٨ی گۆڤارەکەش، قەشە یوسف سەعید لە کەرکووک کە یەکێکە لە پێشەنگەکانی شیعری عەرەبی و سریانی نوێ لە عیراق نامەیەکی بۆ گۆڤارەکە ناردووە و تێیدا دەڵێت: لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەیەکی ترمان نییە، گۆڤاری **(الجامعة السريانية)** نەبێت، چما ئەم گۆڤارە

بۆ بە رەسمی نەبێتە زمانحاڵی پەتریارکی و تایفەکە؟. لە وەڵامدا فەرید نەزها دەڵێت: **(الجامعة السريانية)** بۆ ئەوە نەهاتووە کە تەنیا خزمەتی پەتریارکی و تایفەدا بێت، بەڵکو بۆ ئەوە دامەزراوە لە خزمەتی هەموو ئەو شتانە بێت ناوی سریانیان گرتۆتە خۆ، وەک: گەل و میژوو و ئایین و ئەدەب و زانست و هونەر و هتد.

لە لاپەڕە (٤٤)ی ژمارە (١)ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ **(نەزها)** بەم شێوەیە وەڵامی جۆرج جەرجور دەداتەوە: گۆڤاری **(الجامعة السرانية)** بە ناوی نەتەوەی سریانەوە دەردەچێت، لە سریانەوە بۆ سریانە، بەڵام مۆڵەتێکی ئایینی لە لایەن ئایینێکەوە یان لە لایەن قەوارەیەکەوە رابەرێکی رووحی هەبێ دەرنەچووە کە بتوانێ لە رێباز و شێوازەکەی شتێک پێش یان پاش بخات. سەرەڕای ئەوەش لە هەموو لایەنێکی چاکسازی دەپێچێتەوە بە کێشە ئایینییەکانیشەوە.

لە لاپەڕە (٣٢٤)ی ژمارە (١١ و ١٢)ی ساڵی ١٩٤٣یش، دەڵێت: دەستە و گرۆکانی سریان ئاشووری بە گوێرەی دابەشبوونی مەزهەبییان، دەگەڕێنەوە بۆ: یەعقووبییەکان ئەمانە کۆنترین دەستەی مەسیحین بە گشتی و سریانیش بە تایبەتی و ناوبانگیان بە سوریانە کۆنەکان رۆیشتووە لەبەر زۆرینەی و جیاوازییان، ئەنجا نەستووری و پاشان مارۆنی لە چیای لوبنان، پاشانیش ئەو کلدانییانەی لە نەستووریەکان جیابوونەتەوە و بە رۆماوە خۆیان لکاند، دوایەش سریانە کاتۆلیکەکان کە دواتر لە سریانی ئەردۆکسی کۆن جیابوونەوە پاش ئەوەی رۆما و فەرەنسا لە هەردوو جیلی ١٩\١٨ دەستێوەردانیان کرد بە نیازێکی سیاسی گلاو بۆ تێکدانی رۆحی رۆژهەلات و دەستخستنە ناو کاروباریانەوە.

سووربوون لە سەر رێباز:

لە پێشەکی ژمارە (١ و٢)ی ساڵی ١٩٤٦ ئەم دەستەواژەیە هاتووە: **((تاکە شتێک نامرێ و ترسی ئەوەی لە سەر نییە بڕزێ یان مایە پووچ بێت، هزری پاک و بێگەردە. بنەمای چاکسازییە، ئامانجی راست و دروستە..))**

بە ناوونیشانی ئەرکی رۆژنامەنووس لای سریانەکان، فەرید نەزها لە لاپەڕە (٥٤)ی ژمارە (٢ و ٣)ی ساڵی ١٩٤٧ ئەمەش پایین دەنووسێ:

(الجامعة السريانية) گۆڤارێکی ئازادە، نیشانەش بۆ ئەمە نەگرتنە بەری ئەو رێگایەی کەسانێکی زۆر دەیانەوێ بیگرنە بەر ئەوانەی کە سەرکەوتنی ماددیان بۆ دەوێ بەڵام لە رێگەی ماستاو ساردکرنەوە و نواندنی نەرمی و گومڕا کردن. ئەمە رێگەیەکی ئاسانە، بەڵام پیس و نەگریسە. ئەگەر ئەمەمان گەرەک بووایە، خۆمان نەدەهاوێشتە کۆڕی رۆژنامەگەرییەوە، چونکە شوێنی دیکەی زۆر هەن بۆ پەیدا کرنی ماڵ و پارە ئەگەر ئامانجمان ماڵ و پارە و رابواردنی کاتی بووایە. بەڵام ئێمە تەنیا و تەنیا ئامانجمان بۆ گەیاندنی خزمەتە لە رێگەی ئەدەب بۆ چاکسازیی و کۆمەڵایەتی و راهێنانی هزر و بیر لە سەر بوێری و راستگۆیی و ئامادەکرنیان بۆ وەرگرتن و هەڵگرتنی هەقیقەت و دوورکەوتنەوە لە وەهم و کاری سووک و پوچەڵکردنەوەیان و بڵاوکردنەوەی ئاڵای رۆشنبیری لە ولاتەکەمان و پیرۆزڕاگرتنی.

لە لاپەڕە (٧)ی ژمارە (١، ٢، ٣)ی ساڵی ١٩٥٨یش، فەرید نەزها دەڵێت:

((گۆڤاری (الجامعة السريانية) ٢٣ قۆناغی بڕیوە زۆر بە شێوەیەکی دژوار و ململانێکی سەخت لەوە دەرباز بووە، ئەمە وایکردووە دەرچوونی بە کاوەخۆ و هەندێکیش لاواز بێت...بەڵام بە هەرحاڵ درێژەی بە دەرچوونی داوە و ئەو پەیامەی بۆی نەخشە کێشرابوو لە سەرچاوەکەیەوە (رێگا و ئامانج) گەیاندوویەتییە جێ.. ٢٣ ساڵ لە تەمەنی گوزەر دەکات و رێبازی بۆ توێژینەوە و تاوتوێکردنی ئەو کێشە چاکسازییانەی کردوویەتی بە ئامانج، بۆ داخوازی پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاستی گەلی سریانە.. ئەم ئامانجەی هیچ لادانێکی بەسەردا نەهاتووە..))

رۆژنامەوان

راستی گورگەشینی

رۆژنامەوان، گۆڤاڕێکی ئەکادیمی میدیاییە کۆمەڵێک رۆژنامەنووس دەری دەکەن.

خاوەن ئیمتیاز رەهبەر سەید برایم و سەرنووسەر نەجات رۆستی، ژمارە (۹، ۱۰)ی لە بەرگێکدا زستانی ۲۰۱۰ کەوتە بەر دیدی خوێنەران. ئەم ژمارەیە بە چاپێکی جوان و نەخشەسازییەکی ڕێک و پێک دەرچووە.

ناوەڕۆکی ئەم ژمارە دووداندیە، ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتووە:

گۆشەی خاوەن ئیمتیاز بە ناوی دەسەڵاتی چوارەم، پێڵاو بەرانبەر پێڵاو.

- رۆژنامەنووس و زانای کورد و سەید حوسین حوزنی موکریانی.
- چیرۆکی رۆژنامەنووس.. نەجات رۆستی.
- ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی رای گشتیدا/ دلێر عەبدولخالق.
- ئازادی چاپ و دەربڕینی بیروڕا، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە سوێدییەوە سەرکەوت جەلال دەباغ.
- سەد پرسیار لە بارەی رۆژنامەوانییەوە.. ن/ تەلعەت هەماس و ئومێد عوسمان.
- دواڕۆژی جیهانگیرێتی میدیا، محەمەد عەبدوللا کەلاری.
- ئازادی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ۱۹۹۱-۲۰۰۰ بەشی یەکەم.. دلێر عەبدولخالق.
- بێژەری تەلەفزیۆن.. کێیە؟ برزۆ ئیسماعیل مەنسوور.
- ڕێبەری کامێرامان و پەیامنێری تەلەفزیۆنی بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵ.. محەمەد عەبدولکەریم.
- میدیا لە پێناو.. هاوڵاتیدا/ بەشی یەکەم.
- رۆڵی رۆژنامەنووس لە دیموکراسیدا.. گەشاوە جاف.
- پەیوەندی میدیا و دەسەڵاتی سیاسی و رای گشتی.. د. فەریدوون وەردی نەژاد و: عەتا جەمالی.
- یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان.

دەستخۆشی لە بەڕێوەبەرانی ئەم گۆڤارە ڕێکوپێکە دەکەین، بە هیوای بەردەوامی و پتر پێشکەوتن بۆ خاوەن و سەرنووسەر و دەستەی بەڕێوەبەری رۆژنامەوان.



هەواڵ و چالاکییەکان

ئامادەکردنی:
- دیار خالید
- جەمال حوسێن

عەبدوڵڵا حەسەن زادە سەردانی لقی کەرکووکی سەندیکا دەکات

نووسەر و سیاسەتمەداری ناسراو عەبدوڵڵا حەسەن زادە بە یاوەری چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٢٠) بە سەردانێک گەیشتە شاری کەرکووک و لە لایەن سکرتێری لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامانی لق پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا.

لە میانی سەردانەکەدا بەڕێزیان و شاندی یاوەری سەردانی بارەگای پارێزگای کەرکووکیان کرد و لە لایەن پارێزگار عەبدولڕەحمان مستەفا پێشوازییان لێکرا و دواتر سەردانی ئەنجوومەنی پارێزگا و بارەگای تەلەفزیۆنی باباگورگوڕی کرد.

هەروەها شاندەکە سەردانی کۆمەڵەی رۆشنبیریی کەرکووکیان کرد و لە بارەی ڕەوشی رۆشنبیری لە شارەکەدا گفتوگۆ کرا.

پاشان مامۆستا زادە و شاندی یاوەری قەڵای کەرکووکیان بەسەر کردەوە و سەردانی تەلەفزیۆنی کەرکووکیشیان کرد.

لە کۆتایی سەردانەکەیاندا زۆر بە گەرمی لە لایەن سکرتێری لق و ئەندامانی لق بەڕێخران.

ئەنجوومەنی سەندیکا ئیدانەی رفاندنی عیرفان داودی رۆژنامەنووس دەکات

لە بەیاننامەیەکدا ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە تووندی ئیدانەی رفاندنی عیرفان داودی رۆژنامەنووس کرد و ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

لە رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٢١)، لە کاتێکدا عیرفان سەعدوڵڵا داودی رۆژنامەنووس بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێری ئاژانسی راگەیاندنی عێراقی و ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق بە ڕێگاوە بوو بۆ بەغداد، لە لایەن نەناسراوانەوە رفێندرا.

ئێمە لەکاتێکدا ئیدانەی ئەم تاوانە دەکەین، داوا لە حکومەتی عیراق دەکەین، کەوا بە دوای تاونباران بگەڕێت و دەستگیریان بکات، بۆ ئەوەی بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەن.

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
٢٠١٠/١٢/٢٣

کۆڕێک بە بۆنەی رۆژی رۆژنامەگەریی سریانی

لقی کەرکووکی سەندیکا رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٢٨) لە هۆڵی (خەندان)، بە بۆنەی رۆژی رۆژنامەگەریی سریانی، کۆڕێکی بۆ نووسەر و رۆژنامەنووس ئەکەد موراد ڕێکخست.

لە کۆڕەکەدا ئەکەد مورادی رۆژنامەنووس کورتەیەک لە میژووی رۆژنامەگەریی سریانی و ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە پێشکەش کرد.

هەروەها ئەوەشی ڕوونکردەوە کە دوای ڕاپەڕینی /١٩٩١ و رزگارکردنی هەرێمی کوردستان، رۆژنامەگەریی سریانی کەوتە قۆناغێکی تازەوە و ئازادانە کارەکانی بەڕێوە بردووە.

شایانی باسە یەکەم رۆژنامەی سریانی **(زهریری دبەهرا)** لە (١٨٤٩/١١/١) دەرچووە.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان داوای ئازادکردنی رۆژنامەنووسی ئێرانی (ماشاءالله شمس الواعظین) دەکات

ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە نیگەرانییەکی زۆرەوە هەواڵی دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئێرانی (ماشاءالله شمس الواعظین) پێگەیشت، کە دوو رۆژ بەر لەئێستا لەلایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستگیرکرا، بێگومان ئەمەش بەزەرەرو زیانی ئازادی رۆژنامەنووسی تەواو دەبێت، بۆیە داواکارین لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە چەند زووترە ئازاد بکرێت، چونکە سەرەڕای ئەندامیەتی لە لێژنەی پشتیوانی لەئازادی رۆژنامەنووسی، ئەندامە لەئەنجوومەنی رۆژنامەگەرانی سنفی ئێران و کاری رۆژنامەنووسی ناوبراو تەنها گوزارشت کردنە لەئازادی رادەربڕین.

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر ٢٠٠٩/١٢/٣٠

چالاکییەکانی لێژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی

• بە ئامادەبوونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لێژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی دیدارێکی لەگەڵ کەسایەتی ناسراو لە بواری وەرزشی لە وڵاتی ئێران دکتۆر کامەران رەهبەری رێکخست، لە دیدارەکەدا چۆنیەتی پەرەپێدانی تواناکانی رۆژنامەنووسانی وەرزشی و کردنەوەی خوول بۆیان تاوتوێکرا.

• لە رۆژی (٢٠١٠/١/٤)، شاندێکی لێژنەکە، سەردانی پەرلەمانی کوردستان کرد و لەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی لێژنەی وەرزشی پەرلەمان کۆبووە. لە کۆبوونەوەکەدا گرنگی هەماهەنگی لە نێوان هەردوو لادا جەختی لێوە کرا و رۆژنامەنووسێکی وەرزیش وەک رێکخەر لە نێوان هەردوو لادا دەست نیشانکرا.

• هەروەها شاندی لێژنە سەردانی وەزیری رۆشنبیری و لاوان و پاشان سەردانی بارەگای تەلەفزیۆنی **(ئاسۆ سپۆرت)**ی کرد، لە هەردوو دیداردا، جەخت لە تۆندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان کرایەوە.

• لە رۆژی (٢٠١٠/١/١٤). لێژنەی وەرزشی پێشانگایەکی تایبەتی کاریکاتێری بۆ زیاد هورمزیاری رۆژنامەنووس رێکخست، پێشانگاکەش لەلایەن نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان کرایەوە. لە گوتەیەکیدا نەقیب، دەستخۆشی لەم کارە کرد و بە داهێنانێکی بواری رۆژنامەنووسی وەرزشی وەسف کرد.

دیداری جێگری وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی فیدرالْ لەگەڵ لقی کەرکووکی سەندیکا

رۆژی (٢٠١٠/١/٧)، بەڕێزان فەوزی ئەتروشی جێگری وەزارەتی رۆشنبیری لە حکومەتی فیدرالْ و عەقیل مەندلاوی بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندییەکانی رۆشنبیری لە وەزارەتی ناوبراودا، سەردانی شاری کەرکووکیان کرد و لەلایەن سکرتێری لقی سەندیکا و ئەندامانی لق پێشوازییان لێکرا.

لە میانی سەردانەکەیاندا، دیدارێکیان لەگەڵ سەندیکای هونەرمەندانی عیراق و رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان و نووسەرانی کورد و لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ساز کرد.

لە دیدارەکەدا بەڕێز فەوزی ئامانجی سەردانەکەی بۆ رووندکردنەوە و داوای کرد پڕۆژە رۆشنبیرییەکانیان بە مەبەستی تاوتوێکردنیان بخەنە روو.

لە کۆتایی دیدارەکەدا چەندین پێشنیار پێشکەش کران و بیروڕا لەبارەیان ئاڵوگۆڕ کرا.

دیدارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا

لە چوارچێوەی کۆبوونەوە و دیدارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا، نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەن، چەندین دیداریان لەگەڵ سکرتێر و ئەندامانی لقەکانی سەندیکا بە ئەنجام گەیاند.

• رۆژی (٢٠١٠/١/١١)، لەگەڵ لێژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسانی مێینە کۆبوونەوە، ئەویش بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانیان و هاندانی ئەندامانی لێژنەکە بۆ کاراکردنی کارەکانیان لە نێوەندی رۆژنامەنووسانی مێینەدا.

• لە رۆژی (٢٠١٠/١/٢٨)، کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سکرتێر و ئەندامانی لقی کەرکووک رێکخرا، ئەندامانی ئەنجوومەن گوێبیستی پێشنیار و داواکارییەکانیان بوون و چەندین کێشەی جۆراوجۆر تاوتوێکران و چارەسەری گونجاویان بۆ دانرا، هەروەها پڕۆژەی میساقی شەرەفی سەندیکا خرایە روو.

بۆ هەمان مەبەست مستەفا سالْح کەریم جێگری نەقیب لەگەڵ سکرتێر و ئەندامانی لقی سلێمانی کۆبووە.

کۆڕێک لە بارەی رۆژنامەگەریی کوردستانی

لقی بەغدای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، رۆژی (٢٠١٠/١/١٦)، کۆڕێکی لە ژێر ناوونیشانی (واقیعی رۆژنامەگەریی کوردستانی لە دەرەوەی هەرێمدا) سازکرد.

لە کۆڕەکەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنووسان ئامادەبوون.

لە دەستپێکی کۆڕەکەدا عەلی فەیلی سکرتێری لق، ئامانجی بەستنی کۆڕەکەی بۆ ئامادەبووان روونکردەوە و کێشە و گرفتەکانی لقەکەی خستەڕوو، جەختی کردەوە کەوا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان مافی هەمووانە و لە خزمەتی هەموو رۆژنامەنووسان دایە و هەوڵی جیدی بۆ هێنانەدی داواکارییەکانیان دەدات.

دواتر بەڕێز حەیدەر قوتبی مامۆستا لە کۆلێژی راگەیاندن، باسێکی پێشکەش کرد و داواکاری ئەوەش بوو، کە لقی بەغدا پتر کارا بێت.

لە میانی کۆڕەکەشدا چەندین کێشە خرانە ڕوو، هەروەها پێشنیاری جۆراوجۆر بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان تاوتوێکران.

کۆڕێک لە عەنکاوە

لێژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسانی مێینە، لە شارۆچکەی عەنکاوە، لە رۆژی (٢٠١٠/١/٢٣) کۆڕێکی لەبارەی ئەخلاقی رۆژنامەگەریی سازکرد.

خاتوو لیدیا بابا ئەندامی لێژنە، موحازەرەیەکی پێشکەش کرد و لە کۆڕەکەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنووسانی مێینە ئامادەبوون.

هەروەها لە کۆڕەکەدا دەقی میساقی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان دابەش کرا و خوێندنەوەی بۆ کرا، دواتر ڕەشنووسی میساقی شەرەفی رۆژنامەگەریی خوێندرایەوە و گفتوگۆ لەبارەیەوە کرا.

لە میانی کۆڕەکەدا چەندین بیروڕا ئاڵوگۆڕ کرا و پێشنیاری جیا جیا خرانە ڕوو.

کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی لقی هەولێر و لێژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسانی مێیینە

لە رۆژی (٢٠١٠/١/٢٥)، ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا لە گەڵ ئەندامانی لقی هەولێر و لێژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسانی مێیینە کۆبوونەوە، لەدەستپێکی کۆبوونەوەکەدا، نەقیبی رۆژنامەنووسان تیشکی خستە سەر گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم لێژنەی هەولێری رۆژنامەنووسانی مێیینە و هەروەها ئەو پێشنیارانەی کە پێویستن بۆ کاراکردنی لێژنەکە لەداهاتوودا خرانە روو، دواتر ئامادەبووان راوبۆچوونەکانیان لەم بارەیەوە خستەڕوو.

هەروەها بڕیاردرا لەماوەی یەک هەفتەدا، پێکهاتەی لێژنەکە تەواو بکرێت و لە داهاتووشدا بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لقی هەولێری سەندیکا کار و چالاکییە رۆژنامەوانییەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی رۆژنامەنووسانی مێیینە ئەنجام بدەن.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە رەشنووسی بەڵێننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسانی کوردستان کرا، کە وەک پرۆژەیەک لەلایەن سەندیکا ئامادەکراوە و خراوەتە بەردەم رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندنی هەرێم بۆ دەوڵەمەندکردن و دواجار پەسەندکردنی لەرۆژی رۆژنامەگەریی کوردیدا.

لە لقی دهۆک: پێشانگایەک سەبارەت بلاوکراوەکانی کۆماری کوردستان ڕێک دەخات

بە بۆنەی تێپەڕبوونی (٦٤) ساڵ بە سەر دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لقی دهۆکی سەندیکا لە رۆژانی (٢٤ ـ ٢٠١٠/١/٢٦)، پێشانگایەکی تایبەت بە بلاوکراوەکانی کۆمار لە هۆڵی **(شەهید سەلمان)** لە شاری دهۆکدا ڕێکخست.

پێشانگاکە (٣٠) بلاوکراوەی ئەو سەردەمە لەگەڵ چەندین وێنەی فۆتۆگرافی سەرکردەکانی کۆمار لەخۆگرتبوو.

هەروەها چەندین کەسایەتی لەم پێشانگایەدا لەوانە: عەلی قازی کوڕی پێشەوا قازی محەمەد و ژمارەیەک لە هاوڕێیانی بارزانی نەمر کە لە دامەزراندنی کۆماردا بەشداربوون، بانگهێشت کرابوون.

نووسینگەی گەرمیان و خوولێکی رۆژنامەنووسی

ڕۆژی ٢٦ / ١ / ٢٠١٠ نووسینگەی گەرمیانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئامادەبوونی شوان داوودی ئەندامی سەندیکا لە هۆڵی تەلاری هاوچەرخ لە کەلار،خوولێکی ڕۆژنامەوانی لە ژێر ناوونیشانی **(ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی و ڕاڤەکردنێک بۆ یاسای نوێی ڕۆژنامەگەری کوردی)** سازکرد و تیایدا بەڕێز د. سامان فەوزی وانەبێژی خوولەکە سەرەتا چەمکی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی ڕوونکردەوە و پاشتر لەگەڵ ئامادەبووان‌دا گفتوگۆیەکی چڕ و فراوانی سەبارەت گشت مادە و بەندەکانی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان کرد.

لەم خوولەدا نزیکەی (٥٥) ڕۆژنامەنووس لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەشداربوون کە لە کەلار و کفری و خانەقین و دەربەندیخان و ڕزگارییەوە هاتبوون.

بەبۆنەی لە سێدارەدانی عەلی کیمیاییەوە، ڕۆژنامەنووسانی گەرمیان سەردانی مەزاری شەهیدانیان کرد

ڕۆژی ٢٠١٠/١/٢٦ بەسەرپەرشتی نووسینگەی گەرمیانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسان، سەردانی مەزاری شەهیدانیان لەناحیەی ڕزگاری کرد و تاجە گوڵێنەیان بە بۆنەی لەسێدارەدانی عەلی کیمیایەوە لەسەر مەزاری شەهیدان دانا و لەو مەراسیمەدا نوێنەری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و د. سامان فەوزی و شوان داوودی و مەلا تەحسین گەرمیانی وتاریان پێشکەشکرد.

سکرتێری سەندیکا بەشداری لە دوو سیمینار دەکات

رۆژانی ٢٦ و ٢٠١٠/١/٢٧ لە هۆڵی چوارچرا لەشاری هەولێر حامید محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەشداری لەدوو سیمیناری فراوان کرد، یەکەمیان لەژێر ناوونیشانی **(ستراتیجیەتی بانگەشەی هەڵبژاردن)** بوو، لەلایەن سەنتەری زانیاری و توێژینەوەی ستراتیجییەوە سازکرابوو، کە تیایدا وێرای ئاماژەکردن بەتیۆرەکانی بانگەشە کردن، بە تێرو تەسەلی گفتوگۆ لەسەر ئەرکی دەزگاکانی راگەیاندن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا کرا..

لەو سیمینارەدا سکرتێری سەندیکا بە چەند موداخەلەیەک بەشداری کرد و داوای لە رۆژنامەنووسان لە چوارچێوەی یاسای رۆژنامەگەریی و رێنماییەکانی کۆمیسیۆن و بنەما و ئاکاری پیشەی رۆژنامەگەریدا کاربکەن و دووربن لە هەموو شێوازێکی نەخوازراو لە شکاندن و سووکایەتی و ناوزڕاندن و بەگیانی بەرپرسیاری نیشتمانی و پیشەییەوە مامەڵەکە لەگەڵ کردارەکەدا بکەن..

لە سیمیناری دووەمیشدا کە رۆژی ١/٢٧ لەلایەن **(ئەنیستیتۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ)** سازکرا و تایبەت بوو بەخوێندنەوە و گفتوگۆکردن لەسەر رەشنووسی پرۆژە یاسای **(رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی)** ژمارەیەکی بەرچاو لە پسپۆرانی ئەکادیمی و یاساناس و ئەندام پەرلەمان و هەروەها بەرپرسی سایتە ئەلیکترۆنییەکان بەشداریان تێداکرد و گفتوگۆیەکی زیندوو لەسەر رەوشی رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی کرا، سکرتێری سەندیکاش لە دوو موادخەلەدا رووونی کردەوە کە سیمینارو گفتوگۆ لەسەر رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی کە ئەمڕۆ بەشێکی بەرچاو لەکاری راگەیاندن پێکدەهێنێت مەسەلەیەکی گرنگە، بەڵام ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە لانی کەم لەم قۆناغەدا ناکرێت چوارچێوەی یاسایی بۆ دابنرێت، چونکە زەمینە و میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە فەراهەم نەهاتووە. بۆیە باشتر وایە رێکخستنی ئەو کارە لە چوارچێوەی بەڵێننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسیدا جێی بکرێتەوە، کە پرۆژەکەی لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە ئامادەکراوە و داوا لە هەمووڵا کراوە کە بە را و سەرنجی خۆیان دەوڵەمەندی بکەن. هەروەها سکرتێری سەندیکا ئاماژەی بەوەدا کە رۆژنامەنووس لەبەر ئەوەی کە رەگەزی سەرەکی و کاریگەرە لەپرۆسەی رۆژنامەگەرییدا بەهەموو ئاست و جۆرەکانییەوە، پێویستە کار لەسەر پێگەیاندن و پەرەپێدانی ئاستی پیشەیی رۆژنامەنووسان بکرێت، ئەگەرنا تەنیا بوونی یاسا هەموو شتێک نییە..

لەکۆتایی سیمینارەکەدا سەرنج و پێشنیارەکانی سکرتێری سەندیکا بەهەند وەرگیرا و بڕیاردرا لێژنەیەک پێک بێت بۆ زیاتر گفتوگۆکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە و سکرتێری سەندیکاش ئەندامی لێژنەکە دەبێت.

کۆڕێک سەبارەت بە تەندروستی گشتی

ڕۆژی (٢٠١٠/١/٢٧)، لێژنەی داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە سەر بە لقی دهۆکی سەندیکا، لە هۆڵی ئەنجوومەنی پارێزگادا، کۆڕێکی کراوەی بۆ تەندروستی گشتی و توانای جەستەیی بۆ دکتۆر ڤیان سەبری ڕێکخست. ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە ئامادەی کۆڕەکە بوون.

لە کۆڕەکەدا د. ڤیان جەختی لەسەر گرنگی بەرنامەیەکی خواردنی گونجاو بۆ ڕۆژنامەنووسانی مێینە کردەوە، چونکە پیشەکەیان ئەوە دەخوازێت کەوا تەندروستیان و توانای جەستەییان لەبار بێت.

دواتر چەندین پێشنیاری پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە تاوتوێکران.

کۆڕێک لە بارەی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی لە هەڵبژاردندا

لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیکوردستان،ڕۆژی (٢٠١٠/١/٢٧)، لە هۆڵی **(خەندان)** کۆڕێکی بۆ ڕۆژنامەنووسانی شارەکە ڕێکخست.

لە کۆڕەکەدا بەڕێز عەبدولڕەحمان خەلیفە بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردندا باسێکی بە ناوونیشانی (**ڕاگەیاندن و هەڵبژاردن**).. پێشکەش کرد، لە باسەکەدا ئاماژەی بە چەمکی هەڵبژاردن و چۆنیەتی بەشداربوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەڵبژاردندا کرد. لە کۆتایی کۆڕەکەدا ئامادەبووان بە تێبینی و پێشنیارەکانیان باسەکەیان دەوڵەمەند کرد. لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی (٢٠١٠/٢/٤) شاندێکی لقی کەرکووک سەردانی قایمقامی قەزای شاری کەرکووکی کرد و لە دیدارێکدا لەنێوان هەردوولا، باس لە چەندین بابەتی پەیوەندیدار بە ڕۆژنامەگەریی کرا و هەروەها ڕێککەوتن کەوا هەڵمەتێکی پاککردنەوەی شار دوای هەڵبژاردن کە لە (٣/٧) بەڕێوە دەچێت، ئەنجام بدەن.

ئەنجومەنی سەندیکا داوا لە رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا پابەندبن بە یاساو ڕێنماییەکان

لەچەند رۆژی داهاتوودا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەست پێدەکات، بێ گومان رۆژنامەنووسان و میدیاکاران ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت لە هوشیارکردنەوەی هاوواڵتیان و هاندانی دەنگدەران بۆ بەشداری کردنی گەرم و گوڕ لە پرۆسەکەدا، بە پێچەوانەوە پابەند نەبوون بە بنەماکانی پیشەی رۆژنامەگەریی لە رووماڵکردنی پرۆسەکەدا زەرەرو زیان بە پرۆسەی دیموکراسی و بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت. ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە دوا کۆبوونەوەی خۆیدا جەختی لەسەر پێویستی پابەندبوونی رۆژنامەنووسان بە یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستاندا و بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کردەوە. ئەنجومەنی سەندیکا هیواداره که رۆژنامەنووسانی کوردستان پابەندی پێوەرە پیشەییەکان بن، لەپێناو بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاک و شەفافدا، هەروەها داوا لە رۆژنامەنووسان دەکەین ڕۆڵی چاودێریی خۆیان بەوپەڕی بێلایەنی و بابەتیانە ببینن و رووداوەکان راستگۆیانە وەکو خۆی بگوازنەوە بە تایبەتیش رۆژنامەنووسان و میدیاکارانی لیستە رکابەرەکان.. ئومێدمان وایە بە هیچ شێوەیەک رۆژنامەنووسان پەنا نەبەنە بەر شێوازی ناشارستانی و بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان لەم قۆناغە ناسک و هەستیارەدا لەبەرچاوبگرن، دڵنیاین رۆژنامەنووسانی کوردستان کەمتەرخەم نابن لە نیشاندانی ڕووی گەشی پرۆسەی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی پیشەییانە و سەردەمیانە.

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان

ڕوونکردنەوەیەک لە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە..

رۆژنامەی هاوڵاتی بەڕێز لە ژمارەی (٦٠١)ی رۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٠/٢/١٠، بابەتێکی لە لاپەڕە (١٧) لە ژێر ناوونیشانی: **(بەڕێزان وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێم، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان)** بڵاوکردۆتەوە، کە تێدا داواکاری کۆمەڵێک ئەندامانی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە وەزارەتی ناوبراو، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی وەرگرتنیان لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی راگەیاندن لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک.

لێرەدا دەمانەوێ بە سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان رابگەیەنین کە ئەنجوومەنی سەندیکا ماوەی (٥) مانگە سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، کە چەند ساڵە ڕووبەڕووی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەبێتەوە، کە ئەویش کێشەی وەرگرتنی رۆژنامەنووسانە لەپشکی سەندیکای رۆژنامەنووسان لەبەشەکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسی لە پەیمانگا و کۆلێژەکاندا، کە پاش هەوڵێکی زۆر لەلایەن سەندیکاوە، ئەنجوومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا بە پێی کۆنووسی ژمارە (٧) لە ٢٠٠٩/٧/١ بڕیاریدا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٩-٢٠١٠)، ١٠٪ کورسی بەشی راگەیاندن لەکۆلێژەکان و ٣٠٪ لە کورسی بەشی راگەیاندنی پەیمانگاکان بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بێت.

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە چەندین جار نەقیبی رۆژنامەنووسان و سکرتێری

سەندیکا و هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن، سەردانی بەڕێزان وەزیری پێشوو و وەزیری ئێستای خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و لێپرسراوە بەڕێزەکانیان کردووە، لە ناوەندی وەرگرتن و کۆلێژ و پەیمانگاکاندا، بە دەیان جاریش لەڕێگای تەلەفۆنەوە لەگەڵ ناوەند و راگر و سەرۆک بەشەکانی راگەیاندن و کۆلێژ و پەیمانگاکان قسەیان لەو بارەیەوە کردووە، دواجاریش سەرجەم ئەو ناوانەی کە ئارەزووی خوێندنی رۆژنامەنووسییان هەبوو، چ لەپەیمانگاکان و چ لە کۆلێژەکان، بەنووسراوی ڕەسمی لە ٢٠٠٩/١٠/٢٧ پێشکەش بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و فەرمانگەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان و سەرۆکایەتی زانکۆکان کرا، کە پاشتر تەنها (٥) قوتابی/ خوێندکار، لە بەشی راگەیاندن لەزانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، (٢) قوتابی/ خوێندکار لە زانکۆی سلێمانی وەرگیران، لەبەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێریش (٢) قوتابی وەرگیراون، بەهەمان شێوە لە بەشی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانیش (٢) قوتابی وەرگیراون، بەڵام لەپەیمانگای تەکنیکی دهۆک، سەرەڕای دەیان سەردان و پەیوەندی، سەرۆکایەتی پەیمانگای ناوبراو هێشتا هیچ کەسێکی وەرنەگرتووە، بە پاساوی ئەوەی کە پالێوراوانی سەندیکا دەرچووی بەشەکانی بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازین، کە کاتی خۆی لەسەردانی نەقیبی رۆژنامەنووسان بۆ لای بەڕێز دکتۆر دلاوەر عەلائەددین وەزیری خوێندنی باڵا، بە ئامادەبوونی بەڕێز جوان جەلال شەریف بەڕێوەبەری فەرمانگەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان، بەڕێز دکتۆر دلاوەر، ڕەزامەندیدا لەسەر لابردنی ئەو مەرجە، بەڵام تاکو ئەمڕۆش سەرۆکایەتی پەیمانگای دهۆک یەک قوتابیشی لە پالێوراوانی سەندیکا، وەرنەگرتووە.

ئەنجوومەنی سەندیکا هیواداڕە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە سەرجەم ڕێسای وەرگرتن بۆ بەشەکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسی لە پەیمانگا و کۆلێژەکانی کوردستاندا بچێتەوە، بە مەبەستی بە پیشەیی کردنی رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە تاکو ئێستا لەکۆی (٤٠٠٠) هەزار رۆژنامەنووسی ئەندامی سەندیکا، ڕێژەیەکی زۆر کەم دەرچووی ئەو پەیمانگا و کۆلێژانەن، بۆیە چارەسەرکردنی ئەم کێشە گەورەیە، پێویست دەکات وەزارەتی خوێندنی باڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەرنامەیەکی توکمە و زانستییانە دابڕێژێ، لەپێناو بە ئەکادیمی کردنی رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە ئەمەشیان ئەرکێکی زێدەگەورەی زانستی و نیشتمانییە، چونکە زۆربەی زۆری ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای کوردستان دەبێتەوە، لەوە سەرچاوەی گرتووە کە ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنووس دروست بوون، بەڵام دەرچووی پەیمانگا و کۆلێژی راگەیاندن نین، کە ئەمەشیان پێچەوانەی سیستەمی وڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراتە.

لەکۆتاییشدا ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ ئەو کۆمەڵە رۆژنامەنووسەی کە ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانن، لەپێناوی وەرگرتنیان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩-٢٠١٠ لە زانکۆی سلێمانی هەروەکو چۆن لەزانکۆی سەلاحەددین بەڕێژەیەکی باش چارەسەر کراوە.

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
٢٠١٠/٢/١٠

دیدارێک لەگەڵ لقی دهۆک

رۆژی (٢/١١)، فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە بارەگای سەندیکا لە شاری هەولێردا، لەگەڵ سکرتێری لقی دهۆکی سەندیکا و ئەندامانی لق کۆبوونەوە.

لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا، نەقیبی رۆژنامەنووسان لەبارەی رۆڵی سەندیکا لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق دوا و جەختی لە باش بەڕێوەچوونی کرداری هەڵبژاردن کردەوە.

هەروەها لە تەوەرێکی دیکەدا بەرنامەی سەندیکای بۆ چۆنیەتی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی خرایە ڕوو.

پاشان چالاکییەکانی لقی دهۆکیش هەڵسەنگێنران و باس لە بەرنامەیەکیش بۆ کاراکردنی ئەم چالاکییانە کرا.

لقی کەرکووک
دوو کۆبوونەوە سەبارەت هەڵبژاردن رێکدەخات

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی، لقی کەرکووکی سەندیکا، لە رۆژی (٢٠١٠/٢/١١) کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن لە بارەگای لق ساز کرد.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا لەتیف فاتیح سکرتێری لق، لە گوتەیەکیدا باسی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن کە لە (٢/١٢) دەست پێدەکات، کرد و داواشی کرد کە لە زمانی زبر دوورکەونەوە و خەڵک بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا هان بدەن. دوای گوتەکە، ئامادەبووان تێبینی و پێشنیارەکانیان خستە ڕوو.

لەلایەکی دیکەوە لقی کەرکووک لەگەڵ قەوارە سیاسییەکانی شارەکە لە (٢٠١٠/٢/٧) بۆ جاری دووەم کۆبوونەوە و هەموو لایەک کۆک بوون لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنی رۆژی (٣/٧) بە رێکوپێکی و بە شێوەیەکی شارستانی بەڕێوە بچێت.

لقی مووسڵ کۆڕێک ڕێک دەخات

ڕۆژی (٢/١١) لقی مووسڵی سەندیکا بە هاوکاری سەنتەری ڕۆشنبیری لە ئاکرێ کۆڕێکی بۆ تاوتوێکردنی ڕەشنووسی میساقی شەرەفی ڕۆژنامەگەریی ڕێکخست.
لەم کۆڕەدا کە محەمەد ئاکرەیی ڕۆژنامەنووس بەڕێوەی دەبرد، گرنگترین ماددەکانی یاسای ڕۆژنامەگەریی خوێندرانەوە، دواتر گفتوگۆ لەبارەی میساقی شەرەفی ڕۆژنامەگەریی کرا.
ئەم کۆڕەش لە چوارچێوەی ئەم کۆڕانە دێت، کە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم میساقە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە ڕێک دەخرێن.

نەقیبی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ نووسینگەی سۆران کۆبۆوە

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٥ لە بارەگای سەندیکا لە شاری هەولێر فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەکەد مورادد، جەمال حوسێن ئەندامانی ئەنجوومەن لەگەڵ سکرتێر و ئەندامانی نووسینگەی سۆران کۆبۆوە.
سەرەتا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان باسی لە بەرنامە و پلان و ئامادەکارییەکانی ئەنجوومەنی بۆ یادکردنەوەی ١١٢ساڵەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی کرد، کە جگە لە چەندین کۆڕ و سیمینیار بۆ ڕێزگرتن لە گیانی هەریەک لە **(شێخ مەحموودی نەمر و حوسێن حوزنی موکریانی)**، یادکردنەوەکە لە ئەشکەوتی جاسەنە و شاری ڕەواندز بەڕێوەدەچێ لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، کار و چالاکییەکانی نووسینگەی سۆران هەڵسەنگێندرا و بەرنامە و پلانی گونجاویش بۆ کاراکردنی نووسینگەی سۆران لە ئایندەدا دانرا، لەم بارەیەوە چەندین بڕیار و ڕاسپاردەی پێویست وەرگیرا.

لقی هەولێر کۆڕبەندێکی لێکتێگەیشتن ساز دەکات

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢/١٥ لە هۆڵی چوارچرا لە ژێر دروشمی **(کۆڕبەندی لێکتێگەیشتن)** لقی هەولێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆڕێکی لەگەڵ تەلەفزیۆنەکانی هەولێر بۆ

زیاتر هەماهەنگی و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و لێکتێگەیشتن لەنێوان سەندیکا و میدیاکاندا بە ئامادەبوونی سکرتێری سەندیکا حامد محمد عەلی ڕێکخست.

سەرەتا ئازاد حەمەدەمین سکرتێری لق وتەی بەخێر هاتنی پێشکەش کرد، دواتر باس لە پەیوەندی نێوان لقی هەولێری سەندیکا و میدیاکان کرا. لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکە هندرێن ئەحمەد ئەندامی لقی هەولێر تیشکی خستە سەر بابەتی ئەندامێتی و ئەو گرفتانەی دێنە بەردەم لق لەکاتی وەرگرتنی فۆرم و وەڵامدانەوەیان. هەر لە بەشی یەکەمی کۆبونەوەکەدا سمکۆ عەبدولکەریم ئەندامی لق چەند خاڵێکی سەبارەت بە دارایی و ئابوونەی ئەندامان خستە ڕوو، لە بەشی دووەمی دانیشتنەکەدا کە تایبەت بوو بە تاوتوێکردنی بەڵێننامەی شەڕەفی ڕۆژنامەنووسان دەقی بەڵێننامەکە لەلایەن سەرەتا محمد ئەندامی لق خوێندرایەوە دواتر لەلایەن ئامادەبووانەوە بۆ ماوەی زیاتر لە سەعاتێک قسەوباسی لەسەر کرا.

لقی کەرکووک و خولێکی ڕۆژنامەگەریی

لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، خوولێکی بۆ خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە/ بەشی کوردی، لەبارەی چۆنیەتی ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژ و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەریی ڕێکخست.

نزیکەی (٢٥) خوێندکار لە خوولەکەدا بەشداربوون و ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٦) بڕوانامەی ڕێزلێنانیان لە (کۆلێژی پەروەردەی کەرکووک) بەسەر دابەشکرا.

ل دهۆکێ رووناشتنەکا ل دور هەلبژارتنان هاتە گێران

ب دەست پێشخەریا لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ و ب ئامادەبوونا نزیکی "٥٠ " رۆژنامەڤانان ژ گشت دەزگەهێن راگەهاندنێ ل دهۆکێ رۆژا (٢/١٨) رووناشتنەکا ڤەکری ل دور رۆلێ رۆژنامەڤانان دپرووسیا هەلبژارتنێن گشتی یێن عیراقێ دا ل باخچێ سەندیکایێ هاتە گێران و رووناشتن ل سەر دوو تەوەران هاتبو بەلاڤکرن.

سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ **"ئیسماعیل تاهر "** راگەهاند کو دڤێ رووناشتنێ و هەردوو تەوەران دا دوو بابەت ژلایێ **"سەربەست مستەفا "** بەرپرسێ پشکا مەشق و راهێنانێ ل ئۆفیسا دهۆک یا کومسیونا بلندا سەربخوویا هەلبژارتنان ل عیراقێ و رۆژنامەڤان **"رەشید عەبدولعەزیز "** ڤە هاتنە پێشکێش کرن.

هەمان ژێدەر گوت ژی کو دتەوەرێ ئێکێ دا چەند رووناکرن دانە سەر سیستەمێن نوکە کومسیوون ل سەر دچیت و ریزمایێن وێ بۆ دەنگدەر وبەربژێران ولایەنێن وکیان وفراکسیونێن پشکدار دهەلبژارتنان دا هاتنە شرۆڤەکرن وئاماژە دا کو رێ وجهێن گونجایێن دەنگدان وقەستکرنا بنگەه و ویستەگەهێن دەنگدانێ هاتنە بەرچاڤکرن.

هەر وەسا سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ گوت کو د دوەمین تەوەرێ ڤێ رووناشتنێ دا رۆژنامەڤان رەشید عەبدولعەزیز ب شێوەکێ گشتی بەحسێ گرنگیا پشکداریەکا کارا وچالاک وبیلایەنا مەدیاکار و رۆژنامەڤان ودەزگەهێن راگەهاندنێ دهەلبژارتنان دا کر وتیشک ئێخستنە سەر گرنگیا بەرهەڤکاریا دروستا وان دڤێ پروسیا گرنگ ودیموکراتی دا هاتە کرن نەخاسم بەلاڤکرنا کاری وئامادەکرنا راپورتێن جورا وجور کو هەموو لایەنێن ڤێ پرووسێ ڤەگرن.

سکرتێری سەندیکا پێشوازی لەسەرۆکی کۆمپانیای پارسیان کرد

رۆژی ٢٠١٠/٢/٢٤ لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا لەشاری هەولێر حامید محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکا، بە ئامادەبوونی ئەکەد مورات، جەمال حوسێن ئەندامانی ئەنجوومەن، پێشوازیکرد لە بەڕێز د. کامەران رەهبەری سەرۆکی کۆمپانیای پارسیان و شارەزا لە بواری رۆژنامەنووسی وەرزشی کە بەیاوەری سکرتێر و ژمارەیەک لە ئەندامانی لێژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی سەردانی سەندیکای کردبوو.

لە دیدارێکدا باس لە چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆژنامەنووسان بەگشتی و رۆژنامەنووسانی وەرزشی بە تایبەتی کرا، لەم بارەیەوە هەردوولا هاوڕابوون بۆ هەماهەنگی و کردنەوەی خوول و وۆرک شۆپی رۆژنامەنووسی لەداهاتوودا لەسەر دەستی مامۆستا و شارەزایانی بواری رۆژنامەنووسی وەرزشی.

بەهاوکاری سەندیکا (تۆڕی شمس) خوولێک دەکاتەوە

رۆژی ٢٠١٠/٢/٢٤ **(تۆڕی شمس)** بەهاوکاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، خوولێکی دوو رۆژی بۆ ١٨ رۆژنامەنووسی ئەندام لە سەندیکای رۆژنامەنووسان کردەوە، کە تایبەت بوو بە رۆڵ و ئەرکی رۆژنامەنووس لەپرۆسەی هەڵبژاردندا..

خوولەکە ســەعات (١٠)ی ســەر لەبەیانی رۆژی ٢/٢٤ لەهۆڵی ئوتێل **(السفير)** لە هەولێر دەستی پێکرد.

لە ســەرەتای خوولەکەدا حامید محەمەد عەلی ســکرتێری سەندیکا وتەیەکی پێشکەشکرد، تیایدا ئاماژەی بەگرنگی پرۆسەی هەڵبژاردن و رۆڵی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان دا لەهۆشیارکردنەوەی دەنگــدەران و چاودێریکردنی پرۆســەی هەڵبژاردن و هەروەها تیشــکی خســتە ســەر بنەماکانی بانگەشەی هەڵبژاردن و پابەندبوون بە یاسا و رێنماییەکانی کۆمیسیۆنی بالاوە.

دواتر هۆگر چەتۆ بەرپرســی تۆڕی **(شــمس)** لە هەولێر وتەیەکی پێشــکەش کرد، تیایدا باســی ئامانجــی رێکخراوەکــەی لــەو خوولانــە و کارو چالاکییەکانــی بەهەماهەنگی لەگەڵ ســەندیکا و رێکخراوەکاندا کرد.

ئینجا لەلایەن وانە بێژانەوە برگەکانی خوولەکە دەستی پێکرد..

شیاوی باسە ئەو رۆژنامەنووسانەی کە بەشداری خوولەکەیان کرد لەتێکڕای لق و نووسینگەکانی سەندیکاوە هاتبوون، بڕیاریشە ئەو زانیارییانەی دەستیان کەوتووە بە کۆڕ و سیمینار پێشکەشی رۆژنامەنووسانی دیکەی بکەن..

کۆچی دوایی محەمەد فایق تاڵەبانی رۆژنامەنووس

بــە داخ و پەژارەیەکــی زۆرەوە ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردســتان هەواڵــی کۆچــی دوایی پەیامنێری کەناڵی ئاســمانی ئەلجەزیرە **(نووســینگەی کوردســتان)** محەمــەد فایق تاڵەبانی رۆژنامەنووس، کە بە کارەســاتێکی دڵتەزێن لەســەر رێگای **(کەلار- کفــری)** رۆژی (٢/٢٥) گیانی لەدەست دا. رادەگەیەنێت.

سەرەخۆشی لە کەسوکاری خوالێخۆشبوو و هاوڕێیانی دەکەین.

خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
٢٠١٠/٢/٢٦

ڕاگەیاندراوێک لە لێژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان

لە کاتێکدا بانگەشــەی هەڵبژاردن چەند ڕۆژێکە لە کوردستان دەستپێکردوە، کە هیوادار بووین بە هێمنی و ئارامی بەڕێوە بچێت و خزمەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن بکات و هەموو لایەک بانگەشە بــۆ لیســتەکان و نوێنەراکانیان بکەن، کەناڵەکانــی ڕاگەیاندنیش ئەرکی پەخــش و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بە شێوەیەک بگرنە ئەستۆ کە هەمووی لە خزمەت پرۆسەکەدا بێت.

بــەڵام بەداخەوە لــە ماوەی رابردووی هەڵمەتی بانگەشــەی هەڵبژاردندا، چەندین پێشــلکاری و حاڵەتی تووندوتیژی و لێدان و ئازاردان و لێســەندنی کامێرا، بەرامبەر ڕۆژنامەنووســان ڕوویداوە، بۆتە مایەی نیگەرانی هەموولایەک بە تایبەتی ســەندیکای رۆژنامەنووســان و لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان.

لە کاتێکدا وەکو پێشــتر ڕامانگەیاندبوو، خوازیارین بە پێی یاســای ژمارە (٣٥) ســاڵی (٢٠٠٧) یاســای ڕۆژنامەگەری مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووســان بکرێت، کە ڕێگا دەدات ڕۆژنامەنووســان لە کۆر و کۆبوونەوە و خۆپیشــاندان و هەڵمەتی بانگەشــەی هەڵبژاردن بۆ ڕوومالکردنی چالاکی

ئامادەبن، لە هەمان کاتدا هەر ئەو یاسایە ڕێگا دەدات بە ڕۆژنامەنووسان لە وەرگرتنی زانیاری بەهرەمەندبن و نابێ ڕێگریان لێبکرێت و توند و تیژیان بەرامبەر بکرێت .

بەڵام بەداخەوە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا نزیکەی (١١) حاڵەتی توندو تیژی و پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ڕوویداوە کە لە خوارەوە ناویان هاتووە.

بۆیە لێژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکا، سەرەڕای ئیدانە کردنی ئەو کارانە، داوا دەکات لە هێزەکانی پۆلیس و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، ڕێز لە یاساو کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسان بگرن و بە شێوەیەکی تەندروست مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، لە پێناو ڕاگەیاندنێکی تەندروست و ئارام و هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو ئەوەش ڕادەگەێنین کە هەموو ئەو توند و تیژی و پێشلکاریانە لە ڕاپۆرتی پێنجەمینی لیژنەکەماندا تۆمار دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ماوەی چەند ڕۆژە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ڕێگا نادات بە چوونە ژوورەوەی ڕۆژنامەنووسان بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، بەمەبەستی ڕووماڵکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان ئەمەش بۆتە دروستبوونی ناڕەزایی و نیگەرانی ڕۆژنامەنووسان.

بۆیە داواکارین لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ڕێگا لە ڕۆژنامەنووسان نەگرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و ڕووماڵکردنی کۆبونەوەکان، چونکە دژی یاسای ڕۆژنامەگەرییە کە پەرلەمان خۆی دەنگی لەسەر داوەو دژی مادەی (٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە.

لە کاتێکدا لە بەشی چوارەمی ماف و ئیمتیازەکانی ڕۆژنامەنووس لە مادەی حەوتەمی خاڵی چوارەمی یاسای ڕۆژنامەگەری هاتووە کە **(ڕۆژنامەنووس مافی ئامادەبوونی لە کۆنگرە و چالاکییە گشتیەکاندا هەیە)**

بۆیە ئێمە دژی ئەو هەڵوێستەی پەرلەمانین و بە ڕێگری دەزانین لەبەردەم ئازادی میدیادا و خوازیارین چیتر ڕێگە لە ڕۆژنامەنووسان نەگیرێت و هاوکاریان بکرێت.

ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو:

١. ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٤) هێرش دەکرێتە سەر ڕۆژنامەنووسان **(بڕیار نامیق و ڕەنجدەر عمر)** لە کەناڵی (KNN).

٢. ئێوارەی (٢٠١٠/٢/١٤) هێرش دەکرێتە سەر تیمی تەلەفزیۆنی کەناڵی (KNN) لە شاری کەرکووک و شکاندنی کامێراکەیان و سووکایەتی پێ کردنیان.

٣. ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٦)هێرش دەکرێتە سەر ئوتومبێلی جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان **(مستەفا سالح کەریم)** لە سلێمانی.

٤. شەوی (٢٠١٠/٢/١٦) هێرش دەکرێتە سەر ڕۆژنامەنووس **(سامان مجید)** لە ڕۆژنامەی هاوواڵتی و لێسەندنی کامێراکەیی و ناسنامەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان.

٥. شەوی (٢٠١٠/٢/١٧) هێرش دەکرێتە سەر ئوتومبێلی ڕۆژنامەنووس **(شوان داودی)** ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا و شکاندنی جامەکانی لە شاری سلێمانی.

٦. شەوی (٢٠١٠/٢/١٧) هێرش دەکرێتە سەر ڕۆژنامەنووس **(ئارا ئیبراهیم)** لە ڕۆژنامەی هاوواڵتی و لێسەندنی کامێرا و کاسێتەکەی.

٧. ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٨) لەلایەن چەند کەسێکەوە هێرش دەکرێتە سەر ڕۆژنامەنووسان **(شاسوار مامە)** پەیامنێرو **(کاروان انور)** وێنەگر لە کەناڵی (KNN) لە رانیە و شکاندنی جام و لایتی ئوتۆمبیلەکەی.

٨. ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٩) هێرش دەکرێتە سەر هەردوو ڕۆژنامەنووسان **(زانیار ئەسعەد)** و **(سەیاف ئەحمەد)** لە کەناڵی سپێدە لە شارۆچکەی کەسنەزان لە هەولێر.

٩. شەوی (٢٠١٠/٢/٢٠) لە سلێمانی هێرش دەکرێتە سەر پەیامنێری ڕۆژنامەی هاوواڵتی **(سۆران ئەحمەد)**و کامێراکەی لێدەسەنن.

١٠. ڕۆژی (٢٠١٠/٢/٢٢) هێرش دەکرێتە سەر ماڵی ڕۆژنامەنووس **(فەرەیدون بێوار)** لە هەولێر و سووکایەتی پێ دەکرێت، بە هۆی بڵاوکردنەوەی دیمانەیەک لەگەڵ شاعیرێکدا.

١١. لەلایەن چەند چەکدارێکەوە هێرش دەکرێتە سەر (داود باغستانی) لە هەولێر، لێی دەدرێت و سووکایەتی پێ دەکرێت.

لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسان و مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان
٢٠١٠/٢/٢٥

شایانی باسە ڕۆژی ٢٠١٠/٣/١٥، ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دژی ئەم پێشێلکارییانە پەناگیرییان ڕاگەیاند و لێژنەی داکۆکیش ڕاگەیاندراوێکی دیکەی ڕاگەیاند، کە لە شوێنێکی دیکەی هەواڵ و چالاکییەکان دەیخوێنیتەوە.

ڕوونشتنەکا ڤەکری یا هەلبژارتنان بۆ ڕۆژنامەنڤیسێن دهۆکێ هاتە گێران

ب ئارمانجا کاراکرنا رۆلێ راگەهاندنێ دپرووسا هەلبژارتنان دا وپێشڤەبرنا ئاستێ رۆژنامەنڤیسێن مێینە و ل دووڤ بەرنامێ لیژنا رۆژنامەنڤیسێن مێینە یا سەر ب لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ ڤە، ل رۆژا شەمبی ٢٧ – شوباتێ ڕوونشتنەکا ڤەکری ل هۆلا کومبوونان ل لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ هاتە گێران.

ڤیان عەباس عومەر بەرپرسا لیژنا رۆژنامەنڤیسێن مێینە ل لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ ڕاگەهاند کو دڤێ ڕوونشتنێ دا کو ژ دوو تەوەران پێک دهات و پێتری "٢٠" رۆژنامەنڤیسێن مێینە تیڤدا بەرهەڤبوون میدیا کار ل ئۆفیسا دهۆک یا کومسیونا بلندا سەربخۆیا هەلبژارتنان ل عیراقێ "سەگڤان حەسەن" هاتنە گوتن.

لیژنا رۆژنامەنڤیسێن مێینە ل سەندیکایێ هەر وەسا گوت : دڤان هەردوو تەوەران دا بەرپرسێ هۆبا ڕاگەهاندنێ ل ئۆفیسا دهۆک یا کومسیونا بلندا سەربخۆیا هەلبژارتنان ئاماژە دا گرنگیا خورتکرنا رۆلێ رۆژنامەڤانان و ب تایبەت رۆژنامەنڤیسێن مێینە دبنگەە و وێستگەهێن دەنگدانێ دا وچەوانیا کاراکرنا ڤی رۆلی ب رێ یا کارێ مەیدانی.

هەر وەسا ڤیان عەباس گوت کو دتەوەرێن ڕوونشتنێ دا میدیاکارێ ئۆفیسا دهۆک یا کۆمسیونێ بەحسێ گرنگیا ئەنجامدانا کارێ ڕاگەهاندنێ یێ ڕاستگو وڤەگوهاستنا پەیام ونوچەیێن ڕووداندێ کر کو ڕاستەوخو ژجهێ ڕووداندێ وچێکرنا ڕاپۆرت وپەیام ودیداران د رۆژا هەلبژارتنان دا.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان نیگەرانی خۆی بۆ حوکمدانی رۆژنامەنووسێکی کورد لە تورکیا رادەگەیەنێت

ئێمە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کاتێکدا کە نیگەرانی خۆمان بەرامبەر حوکمدانی رۆژنامەنووس **(ئۆزان کلچ)** کە رۆژنامەنووسێکی کوردی تورکیایە دەردەبڕین، داوا لە دادگای تورکی دەکەین لە بەر رۆشنایی بنەماکانی ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی مرۆڤدا چاو بەو بڕیارەدا بخشێنێتەوە، چونکە لە راستی دا ئەو بڕیارەی دادگای تورکیا لەگەڵ هەنگاوەکانی ئەم دواییەی دەوڵەتی تورکیا بە ئاراستەی کرانەوە بە رووی گەلی کورد و کێشە رەواکەیدا یەک ناگرێتەوە، کە ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی کورد بەبایەخەوە بۆی دەڕوانن و بە ئیجابی هەڵی دەسەنگێنن. بێگومان بە بڕیارێکی وا کە رۆژنامەنووسێکی کورد لەسەر بیروڕا **(٢١ ساڵ)** حوکم بدرێت بەدگومانی و بێ متمانەیی دروست دەبێت و نائومێدی لە جیدیەتی هەنگاوەکانی دەوڵەتی تورکیا دروست دەکات، بۆیە ئومێدمان وایە کە ئەو بڕیارە هەڵوەشێتەوە و سەرنووسەری رۆژنامەی **(ئازادیا وڵات)** ئازادبکرێت..

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
٢٠١٠/٢/٢١

لە سۆران دیدارێک لەبارەی ئەرکی میدیاو پرسی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو

رۆژی ٣-٣-٢٠١٠ نووسینگەی سۆرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەهاوکاری تۆڕی شەمس دیدارێکی سەبارەت راهێنان لەبواری پرەنسیپەکانی هەڵبژاردن بۆ رۆژنامەنووسان ڕێکخست. لەو دانیشتنەدا کە ژمارەیەک رۆژنامەنووس و پەیامنێری کەناڵە جیاجیاکانی راگەیاندن لە دەڤەری سۆران ئامادەیبوون، وێڕای پێشکەشکردنی وانەیەک لەبارەی پرەنسیپەکانی هەڵبژاردن، ئەرکی رۆژنامەوانان و میدیاکاران لە چۆنیەتی رووماڵکردن و چاودێریکردنی شێوازی بانگەشەی هەڵبژاردن و پرۆسەی دەنگدان رووونکرایەوە.

سکرتێری نووسینگەی سۆرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەوتەیەکیدا ئامانجی ئەو دیدارەی لەنێوان خودی رۆژنامەوانان بۆ ئەو قۆناخە بە پێویست زانی و داواشی لە رۆژنامەوانانی ناوچەکە کرد، پیشەییانە مامەڵە بکەن و پابەندبن بە ئەخلاقی رۆژنامەوانی و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن.

دواتریش نوێنەری تۆڕی شەمس، وێڕای ناساندنی ڕێکخراوەکەیان کە لەبواری دیموکراسی و چاودێریکردنی هەڵبژاردن کاردەکات، هیواشی خواست ئەو دیدارە بۆ رۆژنامەنووسان سوودمەندبێت.

بابەتی پێشکەشکراو خۆی لە سێ تەوەری پەیوەست بە میدیاو هەڵبژاردن دەنواند، لەوانەش **(ئەرکی رۆژنامەوان لە قۆناغی بانگەشەی هەڵبژاردن و رۆژی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن).**

راهێنەری دیدارەکە**(ئیرۆن عومەر)** بە ئەرکی رۆژنامەوانانی زانی پیشەیانە کاربکەن و لە قۆناغی بانگەشەی هەڵبژاردندا بێلایەنی خۆیان بپارێزن و رووداوەکان وەک خۆیان بگوازنەوە. لە رۆژی هەڵبژاردنیش بە وردی چاودێری ناوەندەکانی دەنگدان بکەن و ئاگاداری ساختەکاری و کارە نایاساییەکان بن.

باسیشی لە مامەڵەی میدیا لە ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکان و گەیاندنی زانیاری تازە بە هاوواڵتیان کرد. هەروەها بەدواداچوون و بیرهێنانەوەی ئەو بەڵێنانەی کە کاندیدە سەرکەوتووەکان لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بە هاوواڵتیانیان داون، وەک ئەرکی پەیامنێران دەستنیشان کران. لەلایەن بەشداربووانی دیدارەکە گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر بابەتەکە کرا.

نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسان
بە تووندی ریسوای رەفتاری نووسینگەی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە بەریتانیادا دەرهەق بە رۆژنامەنووسانی کورد دەکات

هەروەک ئاشکرایە ئازادی راگەیاندن مەرجێکی سەرەکی و گرنگی بونیادنانی گۆمەڵگای مەدەنی و پیادە کردنی دیموکراسییە، پێشێلکردنی ئازادی راگەیاندن لەگەڵ سەرجەم مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی ناکۆکە.

ئەوەی جێکەی نیگەرانییە نووسینگەی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە بەریتانیادا لە یەکەم رۆژی دەنگ دان چەندین ئاستەنگ و کێشەی بۆ رۆژنامەنووسانی کورد دروست کرد سەرەڕای ئاگاداری کردنەوەیان کە ئەو هەڵوێستەی ئەوان دژ بە سەرجەم رێنماییەکانە، تا گەیشتە رادەیەک کە پەیامنێرانی کوردستان تی ڤی و نەورۆز و کەی ئێن ئێن و زاگرۆس و کوردسات ئازادانە نەیان دەتوانی کارەکانیان ئەنجام بدەن، بەڵکو دەبوایە یەکێک لە نووسینگەی کۆمسیۆن یاوەری ئەو پەیامنێرانە بوایە، بۆیە ئێمە دووبارە هۆشداریمان دایە بەرپرسی نووسینگە و بەرپرسی راگەیاندن کە بە هیچ شێوەیەک ئەو رەفتارەی ئەوان یاسایی نییە چونکە سەرجەم رۆژنامەنووسان کار و هەڵسوکەوتیان پیشەییە و بە هیچ شێوازێک لە یاسا لایان نەداوە.

تەنانەت پەیامنێری کوردستان تی ڤی نەیتوانی تا دوای چاوەڕێ کردن بۆ ماوەی سێ سەعات بێتە شوێنی دەنگدان، جگە لە زەوت کردنی کامیرای سەرجەم ئەو پەیامنێرانە بۆ ماوەیەک دوای ئەوەی داوامان کرد کامیراکانیان بێ دەسکاری بدرێتەوە.

ئەو هەڵس و کەوتەی کۆمسیۆن دژ بە کورد ئەنجامی دا تەنیا لە هەستێکی شوفێنی و دژایەتی کردنی کورد نەبێت هیچ بۆ چوونێکی تری بۆ نییە.

ئێمە بە تووندی ئەو کردەوە نا شارستانی و نا یاساییە دەرهەق بە رۆژنامەنووسانی کورد ریسوا و مەحکوم دەکەین و داوا لە کۆمسیۆن دەکەین داوای لێبوردن لە رۆژنامەنووسانی کورد بکات.

نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
٢٠١٠/٣/٨

بەبۆنەی (٨)ی مارسەوە لێژنەی رۆژنامەنووسانی مێینە لە سلێمانی خانەی بەسالاچووان بەسەردەکاتەوە

سەرلەبەیانی ٢٠١٠/٣/١٠ شاندێکی لێژنەی سلێمانی پشتیوانی کردن لە رۆژنامە نووسانی مێینە کە پێکهاتبوون لە خەرامان محمد بەرپرسی لێژنەو هەریەکە لە **(ضمیاء توفیق)** و هێرۆ جەزا ئەندامانی لێژنە بەبۆنەی (٨) مارس رۆژی جیهانی ژنانەوە خانەی بەسالاچووانیان لە سلێمانی بەسەر کردەوە، لە دانیشتنێکدا لە گەڵ بەرێوەبەری خانەکە دا باس

لەکێشەو گرفتانە کرا، کە لەو خانەیەدا هەبوون، پاشان لەگەڵ بەسالاچووەکاندا دانیشتن و دیاریان بەسەر دابەش کردن.

سەبارەت بە سەردانەکەیان خەرامان خان بەرپرسی لێژنەی ڕۆژنامەنووسانی مێینە، تایبەت بەسایتی خوشکان ڕایگەیاند، ئێمە وەک لیژنەی ڕۆژنامەنووسان سالانە بە بۆنەی (٨)مارسەوە چالاکی جۆر بەجۆرمان هەیە، ئەم سالێش جیا لەسالانی تر لەجیاتی خوول بۆ ژنانی ڕۆژنامەنووس بڕیارماندا سەردانی هەندێک لە شوێنە تایبەتەکان بکەین، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە توێژێکی تێدایە کە تاڕادەیەک پشت گوێ خراو و بەش خوراون، بۆیە ئەمڕۆ سەردانی ئەم شوێنەمان کرد و لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەم خانەیەدا دانیشتین و پێکەوە تاوتوێی ئەو کێشە و گرفتانەمان کرد کە لەم خانەیەدا هەیە لەگەڵ داپیرە و باپیرەکانی ناو خانەکە دانیشتین و گوێمان لە حەسرەتە خەفەکراوەکانیان گرت و دیاریمان پێشکەش کردن. ڕۆژنامەنووس خەرامان محمد ئەوەشی ووت بە ڕاستی تا لەنزیکەوە ئێرە نەبینی نازانیت چەندە موعاناتیان هەیە چەندە پێویستیان بەوە هەیە ئاوڕیان لێبدرێتەوە ئێمە بەم سەردانەمان هەر هیچ نەبێت، توانیمان ویژدانی خۆمان ئاسودەبکەین کەمێک لەگەڵیاندا قسەبکەین و گوێیان لێبگرین، بۆیە ئێمە وەک ڕۆژنامەنووسان داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە تایبەتی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ دەکەین لە خەمی ئەو خانەیەدا بن و داواش لە حکومەتی هەرێم دەکەین ئاورێکی جیدیان لێبداتەوە.

دواتر بەڕێز محمەد علی محەمەد بەڕێوەبەری خانەکە سەبارەت بە دامەزراندنی ئەو خانەیە وتی سالی ١٩٩٦ دامەزراوە و لەسالی ٢٠٠٤ وە خراوەتە سەر بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی هەر ئەوانیش پێداویستیەکانمان بۆ دابین دەکەن و ئەو پیرانەی کەلێرە وەردەگیرێن بۆ ژن دەبێت (٥٥)سالْ بێت و بۆپیاوانیش (٦٠)سالْ تەمەنی بێت و پەک کەوتە نەبێت و بتوانێت خۆی خزمەتی خۆی بکات.

دواتر بەڕێوەبەری خانە سەبارەت بەکێشە و گرفتەکانیان وتی ئێمە لێرە هیچ لایەنێک هاوکاریمان ناکات هەندێک پەکەوتە هەن پێویستە لێرە ببرێنە دەرەوە و ببرێنە نەخۆشخانە، ئەوانیش هاوکاریمان ناکەن و شوێنەکەشمان زۆر بچووکە بە کەڵکی ئەم بەسالاچووانە نایەت و داوا لەحوکمەت دەکەم ئاورێکمان لێبداتەوە و بەدەم گرفتەکانمانەوە بێت.

دواتر بەڕێز عبدالخالق توێژەری کۆمەلایەتی لەو خانەیە ووتی گرفتی کۆمەڵایەتی ئەو تۆمان نییە و کێشەکانی ئێرەش زۆری بە هۆی تەمەنیانەوەیە چونکە لەو تەمەنەدا وەک مرۆڤێکی ئاسایی نین و دەبێت تەحەمووڵمان زیاتر بێت.

راگەیەندراوێکی رۆژنامەنووسی لە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە

رۆژی ٢٠١٠/٣/١٠ ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆبوونەوەی مانگانەی خـۆی کـرد و تێیدا ئەو خاڵانەی لە بەرنامـەی کۆبوونەوەکەدا بوو تاوتوێکـران، لەوانە باس لەو پێشـێلکارییانە کرا کە لە هەڵمەتی بانگەشە و پرۆسـەی هەڵبژاردندا بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان کراوە، بۆ ئەو مەبەسـتەش لێژنەی داکۆکی لە رۆژنامەنووسـان راپۆرتێکی پوختی ئامادەکردبوو، بڕیاردرا بە نووسراوێکی تایبەت ئەو راپۆرتە پێشکەش بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێ بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێشێلکارییانە.

هەروەها بڕیاردرا بۆ بەرگریکردن لەمافی رۆژنامەنووسـان و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەو پێشـێلکارییانە رۆژی ٢٠١٠/٣/١٥ لەبەردەم بارەگای سـەندیکا ئەنجوومەنی سـەندیکا بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەک مان بگرێت.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا باسـی کورسـییەکانی سەندیکا کرا لەبەشەکانی راگەیاندن لەپەیمانگا و زانکۆکان و ئەنجوومەنی سـەندیکا نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەو دواخسـتنەی وەرگرتنی رۆژنامەنووسان و ئەو مەرجە قورسانەی کە بۆ وەرگرتنیان دانرابوون.

بۆیە بڕیاردرا ئەنجوومەن لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکی تایبەت بۆ رای گشتی رۆژنامەنووسان بڵاوبکاتەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا تەوەرێکی تایبەت تەرخان کرا بۆ یادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردی و بۆ ئەو مەبەسـتەش باس لەو هەوڵانەکرا کە دراون بۆ چاک کردنی رێگای ئەشـکەوتی جاسەنە و پاک کردنەوەی ئەشـکەوتەکە کە ژمارەکانی رۆژنامەی **(بانگی حەق)**ی تێدا لە چاپدراوە، لەگەڵ کڕینی پارچە زەوییەک لە شـارۆچکەی رواندز بۆ پاراسـتنی سامانی مێژوویی و رۆژنامەنووسی حوسێن حوزنی موکریانی و گۆڤاری **(زاری کرمانجی)** بۆ ئەو یادە بەرنامەیەکی باش دانرا.

هـەر لـەم کۆبوونـەوەدا بـاس لەچاپکردنی بەرهەمەکـەی شـەهید جەبار جەبـاری **(مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی)** و رێزلێنان لەخانەوادەکەی کرا.

لـە هەمـان کاتدا جەختیش لەسـەر ئەوە کرایەوە کە بـۆ دەوڵەمەندکردنی پـرۆژەی بەڵێننامەی شـەرەفی رۆژنامەنووسـی، لقەکان کۆڕ و چالاکی دیار بنوێنن بۆ تاوتوێکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەو بەڵێننامەیە و ئامادەکردن و داڕشتنی کۆتایی پرۆژەکە.

لەتەوەرێکی دیکەدا ئەنجوومەنی سـەندیکا زۆر بەتوندی ئیدانە و ریسـوای ئەو هەڵمەتەی کرد کە پۆلیسـی بەلجیکا کردییە سـەر بارەگای کەناڵێ رۆژ TV لە بڕۆکسـل، کە لە ئەنجامدا پەخشی کەناڵەکـە وەسـتێندرا و زەرەر و زیانێکـی مادی زۆریشـی پێگەیاند، کە بێگومـان ئەو ڕەفتارەی پۆلیسی بەلجیکا لەگەڵ پرەنسیپی ئازادی رۆژنامەنووسی و بنەماکانی دیموکراسیەت ناگونجێ کە دەیان ساڵە بەلجیکا بانگەشەی بۆ دەکات.

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر ٢٠١٠/٣/١٠

رووبەڕووبونەوەیەک لە ئەنجوومەنی سەندیکاوە
سەبارەت بەوەرگرتنی رۆژنامەنووسان لەبەشەکانی راگەیاندنی کۆلێژ و پەیمانگاکانی کوردستان

ماوەی چەند ساڵێکە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ دابینکردنی کورسی خوێندن لە بەشەکانی راگەیاندن لە پەیمانگا و کۆلێژەکانی کوردستان بۆ ئەندامانی سەندیکا..

بەڵام مخابن سەرەڕای هەوڵ و کۆششەکانی سەندیکا، سالانە کۆمەڵێ ئاستەنگ و لەمپەر بۆ وەرگرتنی ئەندامانی سەندیکا دروست دەکرێت و لە ئەنجامدا هەوڵەکان لەبار دەبرێن و بە چەند کورسییەکی کەم ساڵەکە بەڕێ دەخرێ.

لە بەرامبەریشدا چەندین کورسی خوێندن لەو بەشانە بێ رەچاوکردنی مەرجە یاسایی و پیشەییەکان لەرێگەی تایبەتەوە بۆ لایەنگرانی حزبەکان دابین دەکرێت.

بە پێی رێکەوتنی نێوان سەندیکای رۆژنامەنووسان و وەزارەتی خوێندنی باڵا لە کۆنووسی ژمارە (٧)ی ٢٠٠٩/٧/١ی ئەنجوومەنی وەزارەتدا بڕیاری لەسەر دراوە و لە ٢٠٠٩/٧/٢٢ فەرمانی وەزارەتی بۆ دەرچووە کە دەبێ ١٠٪ی کورسی ئەو بەشانە لە کۆلێژەکان و ٣٠٪ی کورسی ئەو بەشانە لەپەیمانگاکان بۆ ئەندامانی سەندیکای رۆژنامەنووسان بە گوێرەی کۆمەڵێ مەرج دابین بکرێ.

بە داخەوە پێچەوانەی یاسا و رێساکان، لە زانکۆی سەلاحەدین تەنها (٦) کورسی بۆ سەندیکا دابین کراوە لەبەرامبەردا چەندین کورسی دیکە لەو بەشەدا دراوە بە لایەنگرانی حزب و لە زانکۆی سلێمانش کار بەو فەرمانە نەکراوە و وەک ساڵانی پێشوو مامەڵە کراوە و سەندیکا لە کورسی خوێندن بێ بەش کراوە، هەروەها لە پەیمانگای تەکنیکی دهۆکیش تا ئێستا یەک کورسی بە سەندیکا نەدراوە.

بۆیە بە پێویستمان زانی لەم رووبەڕووبونەوەیەدا ئەو راستییانە بۆ هەموولا روون بکەینەوە.

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
٢٠١٠/٣/١٠

لقی بەغدا کۆڕێکی رۆشنبیری رێکدەخات

لەژێر دروشمی **(رۆڵی رۆژنامەگەریی لەبەرەو پێشبردنی رەخنەی ئەدەبی کوردی)**، لقی بەغدای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە (٢٠١٠/٣/١٤)دا بە هاوکاری بەشی کوردی لە کۆلێژی زمان لە زانکۆی بەغدا، لە هۆڵی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی **(شەفەق)** کۆڕێکی رێکخست.

لە کۆڕەکەدا د. عادل گەرمیانی سەرۆکی بەشی کوردی موحازەرەیەکی سەبارەت ئەدەبی کوردی و رۆڵی رۆژنامەگەریی لە پێشخستنی زمان و ئەدەبی کوردیدا پێشکەش کرد، هەروەها د. ئیبراهیم عەبدولڕەحمان موحازەرەیەکی لەبارەی هەمان بابەت خوێندەوە، ئینجا چەندین تێبینی زانستی خرایە روو، بیروڕاش دەربارەی بابەتەکان ئاڵوگۆڕ کرا.

شاندێکی راگەیاندنی یەکێتی ئەورووپا سەردانی سەندیکا دەکات

رۆژی ٢٠١٠/٣/١٤ لە بارەگای سەندیکا لەشاری هەولێر فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن پێشوازی کرد لەبەڕێزان **(کلۆدیا ئاراند و سۆزان جینـدال)** نوێنەرانی تیمی هاوبەشی یەکێتی ئەورووپا بۆ هەڵسەنگاندنی رۆڵی میدیاکان لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا.

سەرەتا نەقیبی رۆژنامەنووسان تیشکی خستە سەر پێکهاتە و ئامانجە سەرەکییەکانی سەندیکا و ئەو پرۆژانەی کە لە رابردوو ئامادەکراوە و پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراون و پەرلەمانیش پەسەندی کردبوون، لە سەرووشیانەوە یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان ژمارە (٣٥) کە بەیاسایەکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو دادەنرێ بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەگەریی و بەرفراوانکردنی پانتایی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا.

دواتر شاندی میوان ئامانجی سەردانەکەی خۆیان بۆ کوردستان خستەڕوو کە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی رۆڵ و ئەدای رۆژنامەنووسان و میدیاکان لە رووماڵکردنی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر ڕەوشی رۆژنامەگەریی لەکوردستان و رۆڵی میدیاکاران و دەزگاکانی راگەیاندن لەسەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەتایبەتیش لەهەرێمی کوردستاندا کرا.

ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان، پەناگیری بۆ پشتیوانی لە رۆژنامەنووسان ئەنجام دەدا

کاتژمێر ١١:٠٠ی پێش نیوەڕۆی ٢٠١٠/٣/١٥ ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە بەشداری سکرتێری لێژنەی چاودێری و سکرتێری لێژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی، پەناگیری خۆیان بۆ ماوەی پێنج خولەک راگەیاند، بەرامبەر بەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر رۆژنامەنووسان لەسەروبەندی پرۆسەی هەڵبژاردندا کراون.

سەرەتا نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە وتەیەکی کورتدا، باسی ئەو دوو راپۆرتەی کرد کە لەلایەن لێژنەی داکۆکییەوە لە کاتی هەڵبژاردندا ئامادەکراوە و پیشتیوانی ئەنجوومەنی سەندیکای بۆ ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان دەربڕی. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا رایگەیاند، کە هەر ئەمڕۆ دەقی راپۆرتی لێژنەی داکۆکی بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی دەنێردرێ.

پاشان ئەنوەر حوسێن سکرتێری لێژنەی داکۆکی دەقی راگەیاندراوەکەی خوێندەوە، دواتر پێنج دەقیقە ئامادەبووان پەناگیری خۆیان بۆ پشتیوانی لە رۆژنامەنووسان راگەیاند.

ئەمەش دەقی راگەیاندراوەکە و راپۆرتی پێشێلکارییەکانە کە لێژنەی داکۆکی ئامادەی کردووە:

راگەیاندراوێک لە لێژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە سەندیکای رۆژنامەنووسان

(ســەبارەت بە پێشــێلکاریەکان دژی رۆژنامەنووســان لە پرۆســەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧ عێراقدا)

دوای ئــەوەی لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووســی و مافی رۆژنامەنووســان راپۆرتێکی لــە ســەر ئەو پێشــێلکاریانە بڵاوکــردەوە کە لە پرۆســەی هەڵبژاردنــی ٧/٣/ ٢٠١٠ لــە بەرامبەر رۆژنامەنووسان لە لایەن هێزەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵێک ناوەند و لایەن ئەنجام دراون .ئەنجومەنی ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردســتان لە کۆبونەوەی رۆژی ١٠/٣/٢٠١٠ بڕیایــدا لــە بەرامبەر ئــەو پێشــێلکاریانەدا بۆ ماوەی پێنج خولــەک لە بەردەم بارەگای ســەندیکا پەناگیری رادەگەێنیت و هەر لەو سەکۆیەشــدا داوا لە ســەرۆکی هەرێمی کوردســتان و پەرلەمان و حکومەتــی هەرێمی کوردســتان دەکەین لەو بارەیەوە هەڵوێســت وەربگــرن و لێژنەیەک بۆ بە دواداچوونی ئەو پێشــێلکاریانە پێکبهینن، چونکە پێشــلکردنی ئازادی رۆژنامەنووســی پێچەوانەی یاسای ژمارە(٣٥)ی رۆژنامەگەریی و سەرجەم بنەماکانی دیموکراسیەتە،

بۆیــە جارێکــی تر نیگەرانی و بێزاری خۆمــان لەو جۆرە مامەڵانەی ئاســایش و پۆلیس و هەر لایەنێکی تر لەدژی رۆژنامەنووسان دەردەبڕین.

جێگەی ئاماژە کردنە ئەمە لە کاتێکدایە کە پرۆســەی هەڵبژاردن بەســەرکەوتوویی لەکوردستان و عێراقــدا بەرێوەچــووە و رۆژنامەنووســانیش ئەرکێکی گەورەیان لەسەرشــان بووە، بەڵام ئەو مامەڵە خراپە کاریگەریی خراپی لەســەر رەوشــەکە و ئەزموونی هەرێمی کوردســتاندا دەبێت و هەندێک لایەن بەمەبەست بەکاریدەهێنن یان لە ناوخۆ و دەرەوە بەکاریان هێناوە کە گوایە ئازادی رۆژنامەگــەری لەکوردســتاندا نییــە و بەپێی وتەی ئــەوان بارودۆخی رۆژنامەگەریی رەشــترین حاڵەتی لەم کاتەدا بەخۆوە بینیوە.

هــەر لێرەشــەوە بە رۆژنامەنووســانی کوردســتانی رادەگەیەنین کە بۆ هەمیشــە لەگەڵیانین و پشــتیوانیان لــێ دەکەیــن و داکۆکــی سەرســەختیانین بەبێ گوێدانە ئەوەی ســەر بــە چ لایەن و دەزگا و کەناڵ و ئایدیا و بیروبۆچوون و سیاســەتێکن و تەنیا وەکو ئەرکێکی پیشــەیی ســەیری رۆژنامەنووســان دەکەین و خوازیارین ئەوانیش پەیوەست بن بە یاساکانی رۆژنامەنووسی تا بە هەموو لایەکمان بتوانین پرۆسیسی دیموکراسی لەکوردستاندا سەرخەین و ئازادی کاری میدیایی بەرەو پێشەوە بەرین و گەلەکەمان بەرەو سەرکەوتنی یەکجارەکی بەرین.

تا ئەو دەســتکەوتانەی لەبواری ئــازادی راگەیاندن و رۆژنامەگەریدا بەدەســتهاتوون بەهەموو لایەکمان بپارێزین.

لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان
٢٠١٠/٣/١٥

ئەو پێشێلکارییانەی بەرانبەر رۆژنامەنووسان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ ئەنجامدراون

١- لە رۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ و لە کاتی رووماڵکردنی هەواڵ لە دەزگای خانەنشینی پێشمەرگە، پاسەوان و هەندێ فەرمانبەری ئەو دەزگایە هێرش دەکەنە سەر تیمی رۆژنامەوانی KNN و پاش لێدان و پەلامار و سووکایەتی ئازادیان دەکەن، بەڵام دەست دەگرن بە سەر کاسێت و کەرەستە رۆژنامەنووسییەکانیاندا، دواتر بە هۆی لێژنەی داکۆکییەوە کەلوپەلەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە تیمەکە پێکهاتبوون لە هەریەک لە **(برپیار نامیق پەیامنێر و هۆشمەند فەلاح و محەمەد خەلیفە و رەنجدەر حسێن و هەردی ئەحمەد.)**

٢- رۆژی (٢٠١٠/٢/١٤) لە لایەن چەند کەسانێکەوە هێرش دەکرێتە سەر تیمێکی KNN لە کەرکووک کە پێکهاتبوو لە رۆژنامەنووسان **(تاهیر تۆفیق، ساکار بابان)** دواتر لەلایەن ناوچەی دووی بارودخانەی **(پ.د.ک)** بۆماوەی دوو سەعات دەست بەسەر دەکرێن و کامێرەکەشیان دەشکێنرێ و سووکایەتیان پێ دەکرێت.

بە پێی ئەو سکاڵایەی لای لێژنەکەمان تۆماریان کردووە سەرەڕای سووکایەتی، ئازاری زۆریان داون.

٣-شەوی (٢٠١٠/٢/١٦) لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە لەشاری سلێمانی، هێرش دەکرێتە سەر رۆژنامەنووس **(توانا بابە عەلی)** لە رۆژنامەی ئاسۆ، پاش لێسەندنی کامێراکەی، سووکایەتی پێ دەکەن و لێی دەدەن.

٤-رۆژی (٢٠١٠/٢/١٦) لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە هێرش دەکرێتە سەر ئوتومبێلی جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان **(مستەفا سالح کەریم)** لە سلێمانی و زیان بەئوتومبێلەکەی دەگەیەنن.

٥- شەوی (٢٠١٠/٢/١٦) لەشەقامی سالم لەسلێمانی هێرش دەکرێتە سەر رۆژنامەنووس **(سامان مجید)** لە رۆژنامەی هاوڵاتی و کامێراکەیی و ناسنامەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی لێدەسەنن.

٦- شەوی (١٨-٢٠١٠/٢/١٩) لەلایەن چەند کەسێکەوە بەجلی سەربازییەوە لەشەقامی سالمی شـاری سـلێمانی هێرش دەکرێتە سـەر ڕۆژنامەنووس **(ئارا ئیبراهیم)** بەرپرسی پەیامنێران لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی و کامێرا و کاسـێتەکەی لێدەسـەنن و لێیدەدەن و سـووکایەتی پێدەکەن و بەپێی قسەی ناوبراو تائێستاش کامێراکەی وەرنەگیراوەتەوە.

٧- شـەوی (١٨-٢٠١٠/٢/١٩) هێرش دەکرێتە سەر ئوتومبێلی ڕۆژنامەنووس **(شوان داودی)** ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا لە شاری سلێمانی و شکاندنی جامەکانی لێدەکەوێتەوە.

٨- ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٨) لەلایـەن چەنـد کەسـێکەوە هێرش دەکرێتە سـەر ڕۆژنامەنووسـان **(شاسـوار مامـە)** پەیامنێـرو **(کاروان انور)** وێنەگـر لە کەناڵی (KNN) لە رانیـە و دەبێتە هۆی شـکاندنی جام و لایتی ئوتۆمبێلەکەی و پێگەیاندنی زیانی زۆر و شـکاندنی سـەری شـۆفێری ئوتومبێلەکەیان، هەروەها بە هەمان شێوە ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٤) جارێکی تر لەناحیەی چوارقورنە لەلایـەن پۆلیسـەوە پەلاماری ئـەم تیمە دەدرێت و کامێراکەیان لێ دەسـتێنن و سـووکایەتیان پێدەکەن.

٩- لە شـەوی ٢٠١٠/٢/١٩ بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا لە شـاری سلێمانی ئاسایش پەلاماری تیمی کەناڵی KNN دەدەن و دەسـت دەگرن بەسـەر کاسـێتەکانیاندا، تیمەکـەش پێکهاتبوو لە هەریەک**(لە بڕیار نامق پەیامنێر و کوردۆ نەژادی وێنەگر)**

١٠- ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٩) هێرش دەکرێتە سـەر هەردوو ڕۆژنامەنووسان **(زانیار ئەسعەد)** و (سەیاف ئەحمەد) لە کەناڵی سپێدە لە شارۆچکەی کەسنەزان لە هەولێر لەلایەن چەند کەسێکەوە تەقەیان لێدەکرێت و سووکایەتیان پێدەکەن.

١١-شەوی (٢٠-٢٠١٠/٢/٢١) لە سلێمانی هێرش دەکرێتە سەر پەیامنێری ڕۆژنامەی هاوڵاتی **(سـۆران ئەحمەد)** و کامێراکەی لێدەسەنن دواتر لەلایەن ئاسایشەوە دەبرێتە بنکەی رزگاری و فۆرمی پێ پڕدەکرێتەوە و ئازاد دەکرێت.

١٢-ڕۆژی (٢٠١٠/٢/٢٢) هێـرش دەکرێتـە سـەر ماڵـی ڕۆژنامەنووس **(فەرەیـدون بێوار)** لە هەولێـر و سـووکایەتی پێ دەکرێـت، ئەمەش بە هۆی بڵاوکردنەوەی دیمانەیەک و هەڕەشـەی کوشتنی لێ دەکەن.

١٣- ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٢٥ لـە دهۆک لەکاتێکدا تیمی کەناڵیKNN کە هەریەکە لەپەیامنێر **(نیهاد حەمزۆ خالد)** و وێنەگر **(سـەعید عەبدولرەحمان حسـێن)** سـەرقاڵی کاری ڕۆژنامەوانی خۆیان بوون لە گوندی **(خالدە)** لە ناحیەی زماری سـە ر بە پارێزگای موسـڵ کە نزیکە لە دهۆکەوە . چەند کەسـێک بە بەرچاوی ئاسایشی ئەو شـوێنەوە هێرشیان دەکەنە سەر و پاش هەڕەشە و لێدان سووکایەتیشـیان پێدەکەن و سـەرو دەست و قاچیان دەشـکێنرێت و ئۆتۆمبێلەکانیشیان دەشکێنرێت، دواتر لە نەخۆشخانەی دهۆک چارەسەری پزیشکیان بۆ دەکرێت.

١٤-ئێوارەی (٢٠١٠/٣/٤) تیمێکی ڕۆژنامەی هاوڵاتی کە پێکهاتبوو لە **(ئارا ئیبراهیم، سورکێو محەمەد، سـۆران ئەحمەد)** لەلایەن پاسەوانەکانی لقی چواری **(پ.د.ک)** هێرش دەکرێتە سەریان و لێیان دەدەن و کامێراکانیان لێ دەستێنن و ئازارێکی زۆریان دەدەن، بەپێی ئەو سکاڵایەی لە لیژنەی داکۆکی تۆماریان کردووە تا ئێستا یەکێک لە کامێراکانیان بۆ نەگێڕدراوەتەوە.

١٥- لە ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٤ هەر یەک لە پەیامنێران **(مەریوان مەلا حەسـەن)** و وێنەگر **(موفید فەیسەل)** لەکەناڵی KNN لە سەعات ٣ ی پاشنێوەڕۆ لە بنکەی پۆلیسی شادی لەشاری هەولێر لەگەڕەکی شادی دەستگیر دەکرێن و سووکایەتیان پێدەکرێت.

١٦-ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٤ لـە بـەردەم لقـی چـواری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، چەکدار و لایەنگیرانی ئەو حزبە هێرش دەکەنە سـەر تیمێکی کەناڵی KNN و هەردووکیان لە لقدا دەسـت بەسـەر دەکەن، پاش سـووکایەتی پێکردن، ئـازاد دەکرێن، تیمەکەش پێکهاتبـوو لە هەریەک لە

(بڕیار نامیق و هەردی بەهادین).

١٧- سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠١٠/٣/٤ فەرماندەی لیوای هەولێری **(ی.ن.ک)** لە کۆیە لە پەیامنێری KNN ئاری سابیری داوە و سووکایەتی زۆری پێکردوە.

١٨-رۆژی (٢٠١٠/٣/٤) ئاسایشی کەلار بەبیانووی نەبوونی مۆڵەت و قسەکردن بەحکومەت هێرش دەکەنە سەر **(رادیۆی دەنگ)** لەشارۆچکەی کەلار و رادیۆکەیان پێ دادەخەن و بەشێک لە کەلوپەلەکانیان دەبەن، بەڵام دواتر لەلایەن لێژنەی داکۆکی و پەیوەندیکردن بە ئاسایشی سلێمانی و کەلارەوە کەلوپەلەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە.

لەو بارەیەوە بەرێوەبەری رادیۆی ناوبراو سکاڵایەکی داوەتە لێژنەی داکۆکی.

١٩- رۆژی (٢٠١٠/٣/٤) لەلایەن چەند چەکدارێکەوە لە شاری هەولێر، هێرش دەکرێتە سەر رۆژنامەنووس **(هێمن مامەند)** پەیامنێری رۆژنامەی ئاوێنە و رادیۆی نەوا کامێراکەی لێدەستێنن و سووکایەتی پێ دەکەن و بە مۆبایلیش هەڕەشەی لێ دەکەن.

٢٠-رۆژی (٢٠١٠/٣/٤) لە رۆژانی کاتی دەنگدانی تایبەت لە وڵاتی بەریتانیا نووسینگەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رێگە لەرۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی کەناڵەکانی **(کوردستان، کوردسات، KNN، نەورۆز و زاگرۆس)** دەگرن بۆ ئەنجامدانی کاری پیشەییان و دەست بەسەر کامێرای هەندێکیاندا دەگرن، هەر لەم بارەیەوە نووسینگەی دەرەوەی پەیوەندیەکانی سەندیکا راگەیاندنێکی سەبارەت بەو کارە نەشیاوەی کۆمسیۆن بڵاوکردەوە.

٢١- رۆژی (٢٠١٠/٣/٥) تیمێکی کەناڵی سەتەلایتی گەلی کوردستان کە پێکهاتبوو لە **(حسێن محەمەد پەیامنێر و رێگر ئەتروشی وێنەگر و کاروان ئیبراهیم شۆفێر)** لە شارۆچکەی هەڵەبجەی تازە لەلایەن لایەنگرانی لیستی گۆڕانەوە دەست درێژیان دەکرێتە سەر و داوای کامێراکەیان لێ دەکرێ، پاش ئەوەی کامێراکە تەسلیم ناکەن، بەر دەستریژی گوللە دەدرێن و تەقەیان لێدەکرێ و ناچارکران لەو شوێنە دوورکەونەوە و بۆ ماوەی چەند سەعاتێک ئۆتۆمبێلەکە لە شوێنی رووداوەکە بەجێ دەهێڵن لەو ڕووداوەشدا چەند هاوولاتیەک بریندار بووە کە یەکێکیان ناوی **(شۆڕش کانیبەردینەییە)** لەو بریندارانەش یەکێکیان منداڵە. لەم بارەیەوە لێپرسراوی پەیامنێرانی سەتەلایتی گەلی کوردستان سکاڵایەکی داوەتە لێژنەی داکۆکی و راشیگەیاند کە رووداوەکەبە تۆمارکراوی لایانە.

٢٢- رۆژی دەنگدانی گشتی لە ٢٠١٠/٣/٧ لە بنکەی پۆلیسی سەرهەڵدان لەهەولێر ملازمی یەکی پۆلیس لەو بنکەیە هێرش دەکاتە سەر پەیامنێری KNN **(بەرزان حەسەن)** و پاش لێدان و سووکایەتی پێکردن و بەدەمانچە هێرش دەکاتە سەری و هاوولاتیان فریای تیمی کەناڵەکە دەکەون.

٢٣- ئێوارەی (٢٠١٠/٣/٧) لەلایەن ئاسایشی کۆیەوە پەلاماری پەیامنێری رۆژنامەی **(ئاوێنە)** دەدرێت، هێرش دەکەنە سەری و قسەی پێ دەڵێن و رێگای نادەن وێنە بگرێت.

٢٤- لە سەعات ٨ ی بەیانی لە (٢٠١٠/٣/٧) لە شاری کەرکووک رێگە لە پەیامنێر و کامێرامانی KNN **(ئارام جەمال و شێرزاد یاسین، ئارام نەجم و هانا سدیق)** گیرا کە بچنە بنکەیەکی دەنگدان لەلایەن پۆلیس و پاسەوانی بنکەکەوە سووکایەتیان پێکراوە.

٢٥-رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لەشاری کەلار کارمەندێکی ئاسایش هێرش دەکاتە سەر پەیامنێری ئاوێنە **(کاوە ئەحمەد)** و سووکایەتی پێ دەکات.

٢٦- رەژی (٢٠١/٣/٧) تیمێکی سەتەلایتی گەلی کوردستان کە پێکهاتبوو لە **(مونیر سەلیم پەیامنێر و رەوا عومەر وێنەگر و ئەرشەدی شۆفێر)** بۆ رووماڵکردنی بەرێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان لە زەرایەن نوێنەری لیستی گۆڕان و دوو کەسی دیکەی لە لایەنگرانیان پەلاماری تیمەکە دەدەن.

٢٧- رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لـە خانەقیـن تا سـەعات (٩)ی بەیانی رێگری لـە تیمی کەنالّی گەلی کوردستان کراوە ئەمەش لەلایەن کۆمیسۆن و پۆلیسی دیالەوە ئەنجامدراوە.

٢٨- رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە قەزای سۆران لە هەریەک لە بنکەکانی **(سەرکەوت، سەهەند، بنکەی تەندروستی هەرێم، سۆران)** لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە رێگری لە ستافی کەنالّی سەتەلایتی گەلی کوردستان کراوە و نەیانهێشتووە هیچ وێنەیەک بگرن و هەوڵیشدراوە دەستدرێژی بکرێتە سەر **(ئیسماعیل ئەبابەکر)**ی وێنەگر.

٢٩- رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لـە ناحیـەی تۆپـزاوا لە لایەن ملازمێکەوە لە بـەردەم خوێندنگەیەک هەرەشـە لـە پەیامنێری سـەتەلایتی گەلی کوردسـتان **(قارەمان جەوهـەر)** و کامێرامان**(ئارام عوسـمان)** کـراوە و رێگە نەدراوە وێنە بگرن و پێیـان راگەیاندوون کە بە بریاری بەرێوەبەری ناحیە نابێت لەم ناحیەیە بمێنەوە ئەگینا تووشی سزا دەبن و کامێراکەتان دەشکێنین.

٣٠- رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لـە بازگـەی مەخمـوور لەلایـەن بەرێوەبەر و چەند ئاسایشـێکەوە هەرەشـە کراوە لە کامێرامان **(سـەنعان هەولێری)** و قسەی ناشـرینی پێوتراوە و نەیانهێشتوە وێنەبگرێت لەهەمان رۆژ لە خوێندنگەی شەفەقی هەولێر هەرەشەی کوشتن لە پەیامنێر **(هەریاد کەریم)** و سـەنعان هەولێری کراوە بەرامبەر پەخشـکردنی ئەو وێنەیەی کە تیمەکە گرتویانە کە تێیدا بەئاشکرا تەزویر کردن دیارە.

٣١- لەهەمـان رۆژ لـە خوێندنگەی شـەهید بەهرامی هەولێر هەرەشـەی کوشـتن و لێدان لە پەیامنێران **(بەشدار عەبدولرەحمان و یوسف مستەفا)** کراوە.

٣٢- لەرۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە خوێندنگەی فیدرالّی شاری هەولێر هەرەشەی کوشتن لە**(عەباس عەبدولرەحمان، سەنعان هەولێری)** دەکرێت.

٣٣- رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) **(میران بەکر)** و**(نەبەز حوسـێن)** لە خوێندنگەی حەمدی سـەرەتایی هەولێر مولازمی ئەو بنکەیە و چەند کەسـێکی نەناسـراو بڕیاری راگرتنیان دەدەن لە وێنەگرتن و بەهـۆی چاوپێکەوتـن لەگەڵ چاودێرانی یەکگرتوو و گۆران بانگکـراون و لەژووڕێکدا داوای کاسێتەکەیان لێ کراوە.

٣٤- رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە بێسـتانە مەسئولی ناوچە و کادرانی ناوچەی بێستانە هەرەشەیان لە هەردوو کارمەندی سـەتەلایتی گەلی کوردسـتان بە ناوەکانی **(بۆتان رەشـید و سـۆران)** کـردووە و لە ئەنجامـدا لێیانداون و لە کاتـی گەرانەوەی هەردوو کارمەندەکەشـدا لە بازگەی هەولێر و کەرکووک بۆ ماوەیەکی زۆر **(ئەڤین بەهجەتی پەیامنێر و وێنەگرەکەیان)** راگرتووە و داوای کاسێتیان کردووە و بۆ ماوەی (٢) سەعات ستافەکە و کامێراکە حیجزکراون.

٣٥- بـە پێـی ئەو راپۆرت و سـکاڵایانەی کە بـە لێژنەکەمان گەیشـتوون لەکاتـی دەنگدانی تایبەت و گشـتیدا لەرۆژانی (٤-٢٠١٠/٣/٧) لە ناوچەی خەبات لە هەولێر و لە شـاری سلێمانی، هەولێـر، کـەلار و خورماڵ لەچەنـد بنکەیەکی دیکە، لەلایەن هێزەکانی ئاسـایش و پۆلیسـەوە رێگری لە رۆژنامەنووسـان **(وریا حسـێن، نەوزاد رەحمان، بەختیار حسێن، عومەر نەجم تالب، ئومێد عوسـمان، ئەنوەر سەباح و رێبوار یوسـف، رێبوار حامید)** پەیامنێر و کامێرامانی کەنالّی **(پەیام)** دەکرێ پەلەمار دەدرێن و هێرشـیان دەکرێتە سـەر و ناچار دەکرێن لەشـوێنی بنکەکە دوورببکەونـەوە تونددوتیژیـان بەرامبەر کراوە لە هەندێک شـوێن رێگایـان نەداوە کاری خۆیان بکەن و وێنەی دەنگدانەکە بگرن.

٣٦- لە رۆژی دەنگدانی گشـتی لە ٢٠١٠/٣/٧ لە بنکەی سـاوێن لە گەرەکی هەڤاڵان لە هەولێر چەند چەکدارێکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان پەلاماری تیمی کەنالّیKNN دەدەن کە پێکهاتبوو لە هەریەکە لە **(مەریوان مەلا حەسـەنی پەیامنیر و ئیبراهیم محەمەدی وێنەگر)** و بە ئیهانەوە دەست دەگرن بەسەر کاسێت و کەرەستەی رۆژنامەوانیاندا.

٣٧- بـە وتـەی سەردەشـت حەمە سـاڵح بەڕێوەبەری سـایتی چاودێر و خـاوەن ئیمتیاز و سەرنووسـەری گۆڤاری خەڵک رۆژی (٢٠١٠/٣/٩) لەشەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود لەشاری سـلێمانی لەلایەن چەند کەسەوە تەقەی لێ دەکرێت و دەیانەوێت تیرۆری بکەن، دواتر ئاسایش دەسـت دەکـەن بەلێکۆڵینەوە لە کێشـەکە، لـەو بارەیەوە سەردەشـت حەمەسـاڵح داوادەکات پارێزگاری بکرێت و لەو مەترسـیانە بپارێزرێت چەند رۆژێک پێشـتریش لەلایەن چەند حزب و لایەنێکەوە هێرشکراوەتە سەر **(سەردەشت حەمە ساڵح)** و هەڕەشەیان لێ کردووە.

٣٨- رۆژی ٢٠١٠/٣/٧ تیمێکی کەناڵی سپیدە لە بەردەم هۆڵێ گەل لە لایەن ژمارەیەک چەکدار پەلامار دراوە.

٣٩- هەر لە رۆژی ٢٠١٠/٣/٧ لە چەند شوێنێکی جیا جیای کوردستان ژمارەیەک پێشیلکاریی بەرامبـەر ئـەم پەیامنێرانە ئەنجامـدراون **(چیمەن عەلی، هێرش حامید، سـامان محەمەد، ئارام سەعدی، زەردەشت کەریم، عبدولا ئیبراهیم، ئیحسان محەمەد، سیاف ئەحمەد، ئەحمەد محەمەد، زانیار ئەسعەد).**

٤٠- رۆژی ٢٠١٠/٣/٧ لـە شـاری هەولێـر پەلاماری رۆژنامەنووس هۆگر حسـێن لە کەناڵی ئازادی حزبی شیوعی دەدرێت و سووکایەتی پی دەکرێت و رێگا نادرێت وێنە بگری

لێژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان
٢٠١٠/٣/١٥

لە ڕێوڕەسمێکدا ١٨٩ پارچە زەوی بە سەر ڕۆژنامەنووساندا دابەش کرا

ڕۆژی ٢٠١٠/٣/١٨ لـە بـارەگای ئەنجوومەنی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان لە هەولێر، بە ئامادەبوونی صدقی زراری سـەرۆکی شـارەوانی هەولێرو قەرەنی زەنوون ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی و ئەندازیار **(جونەید)** بەڕێوەبەری ئەملاک و ژمارەیەک لەفەرمانبەرانی شـارەوانی و فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان و ژمارەیـەک لە ئەندامانی

ئەنجوومەن و سکرتێری لقی هەولێر و ستافی کارگێری سەندیکا، ڕێوڕەسمی ئەنجامدانی تیروپشکی دابەشکردنی (١٨٩) پارچە زەوی بەسەر ڕۆژنامەنووساندا بەڕێوەچوو، کە تێیدا ڕۆژنامەنووسانی سوودمەند ئامادەبوون.

لەسەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەنووسان، باسی لەم خاڵانەی خوارەوە کرد:

١. مێژووی داواکاری ئەو (١٨٩) ڕۆژنامەنووسە بۆ وەرگرتنی پارچە زەوی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی هەشتی ساڵی ٢٠٠٥، کە لە دیدارێکدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان داوای لەبەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان **(کابینەی پێنجەم)** کرد کە چەند پارچە زەوییەک بۆ ڕۆژنامەنووسان دابین بکرێت، بەڕێزیشیان ڕەزامەندی زارەکی دەربڕی، بۆیە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٢/٢٠ ئەنجوومەنی سەندیکا نووسراوێکی بەژمارە (٩٠٢) ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمی بەهاوپێچی لیستی ناوی (١٨٩) ڕۆژنامەنووسی داواکار کرد.

٢. لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/١١/٢٢ بە نووسراوێکی تایبەت جارێکی دیکە ئەنجوومەنی سەندیکا داوای لەبەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ بڕیاردان لە سەری.

٣. لە نێوانی ٢٠٠٦/١١/٢٢ تاکو ٢٠٠٩/٦/٢٢ چەندین جار لە دیداری تایبەتدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت جەختی لەسەر داواکارییەکەی سەندیکا کردەوە.

٤. ڕۆژنامەنووسانی داواکار ڕۆژانە پەیوەندییان بە سەندیکاوە دەکرد، سەرەڕای پەیوەندی کردنیان بە نووسینگەی سەرۆکی حکومەت و نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمان، بە شێوەیەک ئەو مەسەلەیە بووە بابەتێکی سەرەکی سەندیکا.

٥. لە ٢٠٠٩/٦/٢٢ سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراوی (١٦٥١) وەزارەتی شارەوانی ئاگادارکردەوە بە ڕەزامەندی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دابینکردنی (١٨٩) پارچە زەوی بە ڕووبەری (٢٥٠م٢) بۆ ڕۆژنامەنووسانی داواکار.

٦. نەقیب و سکرتێری سەندیکا و هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنی لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ

وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بە مەبەستی پەلەکردن بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆکی حکومەت، بۆ ئەم مەبەستەش نەقیبی رۆژنامەنووسان لە ٢٠٠٩/١٠/٦ سەردانی بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ کابینەی شەشەمی کرد بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکە، بەڕێزییشان بەڵێنی تەواوی دا.

٧. سەر لەبەیانی رۆژی ٢٠١٠/٣/١٧ بەڕێز صدقی زراری سەرۆکی شارەوانی هەولێر لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانی راگەیاند، کارتەکانی دابەشکردنی زەوییەکان ئامادەکراوە، لەم بارەیەوە هەردوولا رێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی تیروپشکەکە لەکاتژمێر (١١:٠٠)ی رۆژی ٢٠١٠/٣/١٨.

٨. نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەرۆژی ٢٠١٠/٣/١٧ پاش ئاگاداربوونی لەلایەن سەرۆکی شارەوانی هەولێرەوە، راستەوخۆ جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسان و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکاو سکرتێری لقی هەولێر و زۆربەی هەرە زۆری میدیاکانی لە کاتی ئەنجامدانی تیروپشکەکە ئاگادارکردەوە.

٩. شەوی ١٧\٢٠١٠/٣/١٨ بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی زیاتر رۆژنامەنووسانی سوودمەند و دەزگاکانی راگەیاندن کاتژمێر (٧:٠٠)ی ئێوارە نەقیبی رۆژنامەنووسان دیمانەیەکی لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی نەورۆز ئەنجامدا.

دواتر بەڕێز صدقی زراری سەرۆکی شارەوانی هەولێر لە وتەیەکدا وێڕای پیرۆزبایی لە رۆژنامەنووسانی سوودمەند، تیشکی خستە سەر قۆناغەکانی جێبەجێکردن و دیاریکردنی شوێنی ئەو (١٨٩) پارچە زەوییە.

پاشان پرۆسەی ئەنجامدانی تیروپشک بەئامادەبوونی رۆژنامەنووسانی سوودمەند و کەناڵەکانی راگەیاندن بەڕێوەچوو.

شایەنی گوتنە هەندێ لەسایتەکانی ئینتەرنێت و گروپی بەناو پەیامنێرانی بێ سنوور بە مەبەستی کەمکردنەوە لەم دەستکەوتە گەورەیە و شێواندنی راستییەکان، هەندێ شتیان بڵاوکردۆتەوە کە دووری لە راستی، کە گوایە رۆژنامەنووسانی شاری سلێمانی لێی بێبەش کراون، بەڵام لەروونکردنەوەکەی نەقیبی رۆژنامەنووسان باس لەوەکرا کە سەرجەم داواکارییەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستان کە بریتین لە شەش لق و دوو نووسینگە بە گرنگەوە لەلایەن سەندیکاوە ئیشی بۆ دەکرێ کە چەند مانگێکە سەرقاڵی دابەشکردنی ئەنکێتی تایبەت بەسەر ئەو رۆژنامەنووسانەی کە سوودمەند نەبوونە، کە تا ئێستا (٩٥٥) رۆژنامەنووس لەسەرجەم لق و نووسینگەکانی سەندیکا سوودمەند نین و داواکارییان پێشکەش کردووە، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە مێژووی داواکردنی رۆژنامەنووسانی لقی سلێمانی کە برتییە لە (١٦٩) داواکاری، دەگەڕێتە بۆ رۆژانی ٢٠٠٩/٩/٩ و دواتر کە ئەویش راستەوخۆ بە نووسراوی لقی سلێمانی سەندیکا بەژمارە (١٦) لە ٢٠١٠/١/١٤ ئاراستەی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان کراوە.

لەکۆتاییدا ئەنجوومەنی سەندیکا، بەڵێن بە سەرجەم ئەو رۆژنامەنووسانەی کە سوودمەند نینە و تاکو ئێستا بەهیچ شێوەیەک زەوی نێشتەجێبوونیان وەرنەگرتووە لەهەوڵ و کۆششی بەردەوام دایە بۆ ئەوەی ئەم مافەیان بێتە دی.

وەغەرکرنا سەگڤان عەبدولحەکیم ڤالاهیەکا مەزن لدووڤ خو هێلا

ژمارەکا رۆژنامەڤان وهزرڤانان ل دەڤەرێ ل وێ باوەرێ نە کو وەغەرکرنا پێشوەخت وزوو یا رۆژنامەنڤیس و نڤیسەرێ زاخۆیی یێ ناڤدار سەگڤان عەبدولحەکیم ڤالاهیەکا مەزن و کارتێکەر ل سەر بیاڤێن راگەهاندن و نڤیسن و هزرێ ل دەڤەرا بەهدینان و سەرانسەری کوردستانێ هێلا و دۆپاتکر کو ناڤبری رۆلەکێ مەزن و کاریگەر دبیاڤێ رۆژنامەڤانیا کوردی دا هەبوو.

سەرنڤیسەرێ رۆژنامە ئەلئەهالی یا بەغدادی هەڤال زاخۆیی گوت کو سەگڤان عەبدولحەکیم ئێک ژ ناڤێن دێرینێن باژێرێ زاخۆ بوو و مێژوویەکا دێرین دڤێ بیاڤی دا هەیە ڤەدگەریت بۆ بەری نزیکی چل سالان وکارەکێ بەرچاڤ ل رادیویا کوردی یا بەغدا ورۆژنامە وکۆڤارێن هاوکاری ورەنگین وبزاڤ دگێرا و چ جارەکێ ئەڤ شیان و وەفاداریا سەگڤان عەبدولحەکیم چک وسنگە پێنەبوو.

هەڤال رەشید زاخۆیی هەر وەسا ئاماژە دا کو ناڤبری هەر ژسالێن هەفتێ یان ناڤەکێ بەرچاڤ بوو وخزمەتەکا باش بۆ هونەرێ کوردی کریە وهەتا دوورترین رادە خزمەتکارێ رۆشنبیری وهونەری وبوارێ راگەهاندنێ بوو و گشت هونەرمەندێن کوردێن وی سەردەمی **"ئەیاز یوسڤ وئەردەوان زاخۆیی وتەحسین تاها وعیسی بەروارى وعەیشاشان و** . . هتد، دوستێن نزیکی وی بوون ودەستەکێ باش وبلند دنڤیسنا هەلبەستێ دا هەبوو نەخاسم کو ئەو خودانێ هەلبەستا **"دایێ عشقا من دژوارە "** یا نەتەویی یا وی سەردەمی بۆ کو ب دەنگێ هونەرمەندێ ناڤدار ئەیاز یوسڤ هاتیە گوتن.

سەرنڤیسەرێ رۆژناما ئەلئەهالی هەر وەسا ئاماژە دا کو ژیانا سەگڤان عەبدولحەکیم یا پڕی بەرهەم وخزمەتکرن بوو وشیا ب باشترین شێوە ڤی ئەرکی بجە بینیت وگوت نە ئەز بەلکو ماموستا وکەسایەتی یێن بەرز وشارەزا ڤێ شاهدیێ بۆ د دەن مینا خودێ ژێ رازی سەلاح سەعدوللا ومحەمەد سەلیم سووارى وهندەکێن دی نەخاسم وی دورێن چل سالان خزمەتا راگەهاندن ورۆشنبیری وهونەرێ کوردی کریە وئەو خزمەتکرن تێدا یا ب زەحمەت بوو، وپێنج بەرهەم ل دووڤ خو هێلان.

هەڤالێ وی یێ دێرین کو پێتری "٢٥ " سالان دگەل بوراندی ورۆشنبیرێ کورد محەمەد سەلیم سووارى دئاخفتنەکا تایبەت دا ل دور خودێ ژێ رازی سەگڤان عەبدولحەکیم گوت : مخابن سەگڤان ل خەریبیا خێزانا خو وەغەرکر کو ئەو نوکە ل سۆێد دژین وئەگەر سەگڤان ل سۆێدێ وەغەرکربا دیسا ل غەریبی یا وەلاتێ خو بیت، کەسانەکێ وەفادار ودلسۆز بوو، هەڤالێ هەڤالێ خو بوو، ژبلی باشی وقەنجی وخزمەتێ مە چ تشتێ دی ژێ نەدیت.

هەر ل دور ڤی بابەتی رۆژنامەنڤیس فەرهاد حاجی " نوونەرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ ئاماژە دا کو سەگڤان ناڤەکێ دێرینێ زاخۆ بوو، مە شانازی پێدکر ومینا ماموستایەکی ناسدکر، سەگڤان عەبدولحەکیم ل سالا ١٩٤٨ ێ هاتبو سەردونیایێ وپێنج بەرهەمێن چاپکری ل دووڤ خو هێلان **"هەڤاهەڤالۆشکێ "** بۆ زارۆکان و **"چۆخکێ ئەیازی "** ل سەر ژین وبەرهەم وسترانێن هونەرمەندێ نەمر ئەیاز یوسڤ و پەرتۆکەک ل سەر هەلبەستڤانێ

مەزن جگەرخوون و**"کەوێ رباد "** کو یا تایبەت بوو ل ســەر ژین وبەرهەم وخەباتا هونەرمەندێ هەر ناڤدارێ کورد "محەمەد عارفێ جزیری " دگەل چاپکرنا ئەلبۆما وێنێن زاخو، ودەستەکێ هەرە باش وبەرز مینا هەلبەســتڤان هەبوو وکادرەکێ پێشــکەفتی یێ راگەهاندنێ بوو و ب ســەرفرازی ل رۆژنامێــن **"بزاڤ وهــاوکاری "** وکوڤارێن **"دەلال ومەتین ورەنگیــن "** ورادیوییێن زاخو ودەلال وکەنالێن دەلال وچوارچرا ل زاخو هەبوو.

فەرهاد حاجی هەر وەسا گوت: سەگڤان عەبدولحەکیم پشتی سەرهلدانا بوهارا ١٩٩١ ێ ژبەغدا قەستا دهۆکێ کر ومینا بەرپرسێ راگەهاندنا پارێزگەها دهۆکێ کەتە کاری، پاشی بەرەڤ هەندەران کەتەرێ ول وەلاتێ سۆید ئاکنجی بوو، و د دووڤ دا ل چەندین کەنالێن راگەهاندنێ ل زاخو کارکر وهەتا رۆژا خۆیا دوومایێ ژی ب باشــترین شــێوە خزمەتکارێ دۆزا رەوایا گەلێ خو وبوارێن رۆشــنبیری وراگەهاندن وهوتەرێ کوردی بوو وئەندامێ ئێکەتیا نڤیســەرێن کورد – دهۆک ولقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ بوو.

خولەکا تایبەت لدور یاسا کارێ رۆژنامەڤانی بۆ رۆژنامەڤانێن دهۆکێ هاتە سازکرن

لدوور ناڤەرۆکا ڤێ رووونشــتنێ ســکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ **"ئیســماعیل تاهر "** راگەهاند کو رۆژنامەڤانێ یاســاناس **"عەبدولکەریم یەحیا زێبارى "** وانێن ڤێ رووونشتنێ گوتن ونزیکی رۆژنامەڤانان ژرۆژنامێن **"دەنگێ لالش وئەڤرۆ و وار ورەوشەن ورەسەن وبەهدینــان وئەهالــی وچاڤدێر "** تێدا پشــکداربوون وبابەتێــن گرێدایی یاســا کارێ رۆژنامەڤانی وچەوانیا خوپاراســتنا رۆژنامەڤانان ومفا وەرگرتنا ژبەند وبرگە ومادەیێن یاســایێ هاتنە گوتن وچەندین نمونە ژجیهانا بەرفرە لسەر بابەتی بەرچاڤکرن.

هەر وەســا ســکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ گوت ژی کو لدووڤ بەرنامێ لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ بریار ئەوە "٧ " رووونشتن بهێنە گیران کو چوار ژوان دێ بۆ رۆژنامەڤانێن "تیلەڤزیونی ورادیــو ورۆژنامــە وکوڤارێن دهۆکێ بن وســێ ژی بۆ رۆنامەڤانێن زاخــو وئامێدی وئاکرێ بن وئارمانج ژێ شــرۆڤەکرنا یاســا کارێ رۆژنامەڤانی یە لکوردستانێ وکاراکرنا وێ یە دناڤا گشت تەخ وچینان دا بتایبەت دەزگەهێن داد وپاراستنا تەناهیێ دا ولبەراهیا وان تەخا رۆژنامەڤان.

سەربورا لوموند دیپلوماتیک کوردی لدهۆکێ هاتە گەنگەشەکرن

دهۆک – ئیسماعیل تاهر

ڕێڤەبەرێ ڕێپێدایێ کومپانیا ڕووداو وسەرنڤیسەرێ پرۆژێ لومونـد دیپلوماتیک کوردی ڕۆژنامەڤـان ئاکـۆ محەمـەد راگەهاند کو پـرۆژێ وی کارەکێ ڕۆژنامەڤانیـێ تایبەتە ب تەخا بژارەیـا جڤاکـێ کوردەواری ڤـە وپارچەکە ژبەرنامـێ لومونـد دیپلوماتیک یـێ جیهانی کو ب چەندین زمانێن جیهانا سـەردەم دەردکەڤیت وشـیایە هەتا نوکە چەند پێنگاڤێن ئاسـت بلند ب هاڤێژیت.

هەمان دەم ئاکۆ محەمەد دسمینارەکا ڤەکری دا ژلایێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا ڕۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ ڤە لهۆلا ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد – دهۆک هاتیە ڕێکخستن وژمارەکا ڕۆژنامەنڤیس ونڤیسـەران تێـدا ئامادەبوین ئامـاژە دا کو ئێکەم پێنگاڤ دڤی بیاڤی دا لسـالا ١٩٥٤ ب زمانێ فرەنسـی هاتیە هاڤێتن وئەڤ جورە سـەربورا ڕۆژنامەڤانی ل ژمارەکا مەزنا وەلاتێن جیهانێ هەیە ومە پێباش بوو ب زمانێ کوردی ولهەرێما کوردستانێ هەبیت.

هەر وەسـا ڕێڤەبەرێ ڕێپێدایێ کومپانیا ڕووداو وسەرنڤیسـەرێ پرۆژێ لومونـد دیپلوماتیک کـوردی ددناخویانیەکـێ دا گوت : ئـەڤ بەرنامە تایبەتە ب نۆچە وراپورتێـن ڕۆژنامەڤانی یێن ئاسـت بلند وکێشێن سـەرەکی یێن دبنە بنەمایێن چێکرنا رایا گشـتی ل سەرانسەرێ هەرێمی وئاماژە ژی دا کو دڤێ قوناغێ دا ڕێژا ٨٠٪ بابەتێن وێ ژزمانێن ئینگلیزی وفرەنسـی دهێتە وەرگێران ورێژا مایی ژی کو دبیتە ٢٠٪ کەرەستەکێ خومالیێ کوردی یە.

هـەژی گوتنـێ یە کو هەتـا نوکە "٣" ژمارە ژپـرۆژێ ڕۆژنامەڤانی یێ لومونـد دیپلوماتیک کـوردی دەرکەفتینـە وئێکـەم ژمارا وێ ل مەها چریا پاشـین یا سـالا بوری هاتیە وەشـاندن وچاڤەرێ یە ل چەند ژمارێن بهێت ب شێوەکێ ئاست بەرزێ پیشەیی دەربکەڤیت.

ل دوومـاهیا ڤێ ڕوونشتنا ڤەکری ژی ژمارەکا ئامادەبویان پشکداری دتەوەرێن سەرەکی یێن بابەتی دا کر وچەند لایەنێن وێ ب بۆچوونێن وان هاتنە دەوڵەمەندکرن.

لیژنەی پشتیوانی کردن لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە هەڵەبجەی شەهید بەسەر دەکاتەوە

لە میانەی کار و چالاکیەکانیاندا و بە مەبەستی دەربڕینی هەست و سۆزیان بۆ خەڵکی ئەوشارە شاندێکی لیژنەی پشتیوانی کردن لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە پێکهاتبوون لە خەرامان محمد بەرپرسی لیژنە و ژیان سعید و شیلان محمد ئەندامانی لیژنە، سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کرد، لەو سەردانەدا چەند ژنە ڕۆژنامەنووسێکی ئەو دەڤەرەیان بەسەرکردەوە و لە هۆڵی لقی ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکان لەگەڵیان کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر هۆکارەکانی پێکهێنانی لیژنە و پاشان لە نزیکەوە باسیان لە کێشە و گرفتەکانی ڕۆژنامەنووسانی مێینە لە دەڤەرەکەدا کرد هەروەها شاندی ناوبراو چەپکە گوڵی ڕێز و وەفایان پێشکەش بە ڕۆژنامەنووسە ئامادەبووەکان کرد.

جێی ئاماژەیە لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی مێینە لە سلێمانی، بە بۆنەی (٢٢)ساڵەی کیمیابارانکردنی هەلەبجەی شەهیدەوە بەیاننامەیەکیان دەرکرد و تیایدا وێڕای دەربڕینی هەستی خۆیان بەرامبەر ئەم کارەساتە سوپاس و دەست خۆشی خۆیان ئاڕاستەی ڕۆژنامەنووسان کرد، کە لە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگ و قەڵەمەکانیانەوە مێژووی ڕووداوەکەیان بە دونیا ئاشنا کرد، پاشان لە میانەی سەردانەکەیاندا شان بەشانی لایەن و توێژە بەشداربووەکانی یادەکە تاجە گوڵینەیان لەسەر مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە دانا و لە نزیکەوە پەیامی خۆیان گەیاندە سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجەی شەهید.

لقی مووسڵ و دوو دیدار بۆ تاوتوێکردنی ڕەشنووسی میساقی شەرەفی کاری ڕۆژنامەنووسی

لقی مووسڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی ڕەشنووسی میساقی شەرەفی کاری ڕۆژنامەنووسی، دوو دیداری ڕێکخست.

دیداری یەکەم لە ڕۆژی ٢٠١٠/٣/١٩ لە بارەگای ڕۆژنامەی **(طریق السلام)** لە شارۆچکەی **(تلکیف)** بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسان بەڕێوە چوو.

دیداری دووەم لەشارۆچکەی (قوش) ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٢١ بە ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی شارۆچکەکە، بە هاوکاری کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کلدانی لقی قوش ڕێکخرا.

سکرتێری لقی مووسڵ غەسان سالم و ڕۆژنامەنووس لەتیف پۆلا ئەندامی دەستەی کارگێڕی لق، هەردوو دیداریان بەڕێوەبرد.

شایانی باسە لە هەردوو دیدارەکەدا چەندین پێشنیار و تێبینی لە بارەی ڕەشنووسەکە خرانە ڕوو.

شاندێکی رۆژنامەنووسانی فەرەنسا سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا دەکات

بە مەبەستی تاوتوێکردنی رەوشی رۆژنامەگەریی لە کوردستاندا و هەماهەنگی لەنێوان سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ناوەندە رووناکبیرییەکانی فەرەنسا، رۆژی ٢٠١٠/٣/٢٤ لە بارەگای ئەنجوومەن لە شاری هەولێر فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەکەد موراد، جمال حوسێن ئەندامانی ئەنجوومەن پێشوازی لە شاندێکی رۆژنامەنووسانی فەرەنسا کە پێکهاتبوو لە بەڕێز (جان کلود) رۆژنامەنووس و رووناکبیری گەورەی فەرەنسا و (روز ماری) رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی رۆیتەرز و بەڕێزان دکتۆر **(رەزوان بادینی)** سەرۆکی بەشی راگەیاندن لە کۆلێژی ئاداب و خاتوو **(لانە تەلعەت گلی)** لە نووسینگەی بەڕێز وەزیری خوێندنی بالا کرد.

لە دیدارێکدا نەقیبی رۆژنامەنووسان بە دوورودرێژی باسی کارو چالاکییەکان و پێکهاتەی سەندیکای کرد، پاشان تیشکی خستە سەر کاری لێژنەکان و دەستکەوتەکانی سەندیکا و لە سەروشیانەوە یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان، کە لە لایەن سەندیکاوە وەک پرۆژەیەک ئامادەکرا و پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرا، دواجاریش بە هەموارکردنی چەند ماددە و برگەیەک لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا.

لە بەرانبەردا شاندی میوان وێڕای سوپاس و پێزانین بۆ ئەو زانیارییە وردانە کە لە لایەن نەقیبی رۆژنامەنووسان خرانەڕوو، خۆشحاڵی خۆیان دەربری کە سەندیکا بەوپەڕی بێ لایەنی لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەگەریی و دابینکردنی مافی رۆژنامەنووسان لەکوردستان، کارە پیشەییەکانی ئەنجامدەدا.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، شاندی میوان ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکادا، بەمەبەستی کردنەوەی خوول و وۆرک شۆپی رۆژنامەوانی لەسەر دەستی مامۆستا و پسپۆڕانی شارەزا لە بواری رۆژنامەنووسیی، تاوەکو ئاستی رۆشنبیری و پیشەیی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەرەو پێش ببرێت.

لقی کەرکووکی سەندیکا یادی رۆژنامەگەریی تورکمانی پیرۆز دەکات

رۆژی ٢٠١٠/٣/٢٨، لقـی کەرکووکـی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان، لە هۆڵی تەلەفزیۆنـی (ئەلعراقیـە) لە شـاری کەرکووک، بە بۆنـەی یادی (٩٩) سـاڵەی رۆژنامەگەریی تورکمانی ئاهەنگێکی سازکرد.

بەڕێز عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکووک و رۆژنامەنووسان حامید محەمەد عەلی سـکرتێری سـەندیکا و ئەکەد مـوراد و ئەنوەر حوسـێن **ئەندامانی** ئەنجوومەنی سـەندیکا و ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنووسان ئامادەی ئاهەنگەکە بوون.

لە دەستپێکی ئاهەنگەکەدا، پارێزگاری کەرکووک گوتەیەکی پێشکەش کرد، تیایدا ئاماژەی بە مێژووی رۆژنامەگەریی تورکمانی کرد و بەم بۆنەیەوەش پیرۆزبایی گەرمی لە رۆژنامەنووسانی تورکمان کرد.

پاشـان حامید محەمەد سکرتێری سەندیکا، لە گوتەیەکیدا، جەختی کردەوە، کەوا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەموو نەتەوە و لایەنێک لە خۆ دەگرێت و لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسان بە بێ جیاوازی تێدەکۆشێت.

دواتر عەبدولقادر زیائی نوێنەری رۆژنامەنووسـانی تورکمان لە لقی کەرکووک، گوتەیەکی خوێندەوە و تیایدا ئاماژەی بە رۆڵی **(قودسـی زادە)** دامەزرێنەری یەکەم رۆژنامەی تورکمانی بە ناوی **(الحوادث)**، لە بەرەو پێشبردنی رۆژنامەگەریی تورکمانی کرد.

دوای گوتـارەکان، (٣) باس لە بـارەی مێژووی رۆژنامەگەریی تورکمانی لەلایەن ئەسـعەد ئەربیللی و ئەحمەد کەرکووکی و عومران قانونی پێشکەش کران.

لـە کۆتایـی ئاهەنگەکەدا دیـاری و بڕوانامەی ڕێزلێنان بە سـەر ئەوانەی خزمەتی وشـەی تورکمانییـان کـردووە، لەلایـەن پارێـزگار و سـکرتێری سـەندیکا و ئەندامانـی ئەنجوومەن دابەشکرا.

وتاری ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ئاهەنگی ٩٩ ساڵەی رۆژنامەگەریی تورکمانی

رۆژی ٢٠١٠/٣/٢٨ لقی کەرکووکی سەندیکا لە هۆڵی کەناڵی (العراقیە)، بە ئامادەبوونی پارێزگاری کەرکووک، ئاهەنگی یادی (٩٩) ساڵەی رۆژنامەگەریی تورکمانی سازکرد.

وەفدی ئەنجوومەنی سەندیکا، کە پێکهاتبوو لە حامید محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکا و ئەکەد مـوراد و ئەنـوەر حوسـێن، ئەندامانی ئەنجوومەنی سـەندیکا، بەشـداری ئاهەنگەکەیان کرد و لە ئاهەنگەکەدا سکرتێری سەندیکا وتەیەکی پێشکەش کرد، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەڕێز جەنابی پارێزگاری کەرکووک کاک عەبدولڕەحمان مستەفا، بەڕێزان برایان و هاوکارانمان، رۆژنامەنووسـان و رۆشـنبیرانی تورکمـان، هاوکارانـم ئەندامانـی ئەنجوومەنـی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردستان، سـکرتێر و ئەندامانی لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسان.. رۆژنامەنووسانی بەڕێز میوانانی یادی ٩٩ ساڵی رۆژنامەگەریی تورکمانی

السلام علیکم ورحمەالله وبرکاته

رێگەم بدەن بە ناوی نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە کە بەشێکیان لێرە ئامادەن، پیرۆزباییەکی گەرم ئاڕاستەی هەموو لایەک بکەم، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٩٩ سـاڵ بەسـەر دەرچوونی رۆژنامەی (حوادث)ەوە کە یەکەمین رۆژنامەی تورکمانییە و یەکەم ژمارەی لە ٢٤/شـوباتی/١٩١١ لەم شـارە خۆشەویسـتەدا لـە لایەن خوالێخۆشـبوو (احمد مدنی قودسـی زادە)ەوە دەرچووە، خۆشـحاڵین کـە ئەمڕۆ بۆ زیندوو راگرتنی ئەو یـادە و ڕێزلێنان لە هەوڵ و ماندووبوونی (احمد قودسـی زادە) و هاوکارانی، بەشـداری ئەم ئاهەنگە دەکەین کە لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە دەستخۆشییەوە سازی دەکات..

بێگومان دەرکردنی رۆژنامەیەک پێش ٩٩ سـاڵ لە شـاری کەرکووک، هەروا کارێکی ئاسـان و بێ گرفت نەبووە، بە تایبەت ئەگەر رۆژنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریش بێت. ئێمە ئەو هەوڵە بەرز دەنرخێنیـن و دڵنیاین کـە رۆژنامەی(حوادث) رۆڵی خۆی هەبووە لە هۆشـیار کردنەوەی خەڵکی کەرکووک بە گشتی و گەلی تورکمان بە تایبەتی.

دیـارە ئەم رۆژنامەیەش وەک دەستەخوشـکەکانی دیکەی، لەگـەڵ هاتنی هێزەکانی بەریتانیا بۆ عیراق و داگیرکردنی شـاری کەرکووک، لە سـاڵی ١٩١٨ لە سـەروبەندی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، بە تەواوی لە کار دەوەسـتێت و قۆناغی یەکەمـی کاروانی رۆژنامەگەریی تورکمانی لەم وڵاتە کۆتایی دێت. ئێمە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی سەندیکاوە لە ساڵی ١٩٩٨ بەو ئاڕاستەیە کارمان کردووە، کە سەندیکای تێکڕای رۆژنامەنووسان بێت لە کوردسـتاندا، بە جیاوازی ئینتیمای نەتەوەیی و سیاسـییانەوە و بە شێوەیەکی یەکسانیش داکۆکی لە ئازادی و مافی تێکڕای رۆژنامەنووسان بکات.

هەروەها وەک نەریتێکیش ساڵانە بەشداری گەرم و گوڕ لە ساڵڕۆژی رۆژنامەگەریی تورکمانی و سـریانی و عەرەبی دەکەین و پێمان وایە یەکڕیزی رۆژنامەنووسـان و رۆشنبیرانی نێو نەتەوە و پێکهاتە جیاجیاکان، کارێکی پێویسـت و گرنگە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان گشت پێکهاتەکان کە ئەمڕۆ دارشـتنەوەی عیراقی نوێ دەیخوازێت. عیراقێک کە لە سـایەی چەسـپاندنی بنەماکانی دیموکراسـیەت و سـەروەری یاسـادا، مافی تێکڕای پێکهاتەکانی پارێزراو بێت و هەموو تاکەکانی هاوڵاتی پلە یەک بن.

ئێمە لە سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان هەر لە سـەرەتاوە لەگەڵ ئەوەدا بووین کە رۆژنامەنووسـانی تورکمان و کلد و ئاشـۆری شان بە شـانی رۆژنامەنووسانی کورد بەشداری گەرم و گوڕ لە پێکهاتەی سـەندیکا و ئۆرگانەکانی بکەن و تا رادەیەکی گونجاویش سـەرکەوتوو

بووین لەو بوارەدا.
لێرەدا دەمەوێ راشکاوانە تر بڵێم کە ئێمە پێمان خۆش بووە بەشداری برایانی رۆژنامەنووسانی تورکمان زیاتر و گەورەتر بێت لەوەی کە ئێستا هەیە و لەو پێناوەدا هەوڵیشمان داوە و ئومێدمان وایە لە داهاتوودا، پەیوەندییەکە زیاتر تووند و تۆڵ بێت، ئەویش بۆ بەرژەوەندی تێکڕای رۆژنامەنووسان، چونکە سەندیکای رۆژنامەنووسان سەندیکایەکی پیشەییە و هەر بەو ئاڕاستەیەش کار دەکات و رۆژ بە رۆژیش ئەو بنەمایە زیاتر قووڵ دەکاتەوە.
لە کۆتاییدا جارێکی تریش بە گەرمی پیرۆزبایی جەژنی ٩٩ ساڵەی رۆژنامەگەریی تورکمانی لە ئێوەی بەڕێز و گشت خوشک و برا تورکمانەکان دەکەین، هیوادارین رۆژنامەگەریی تورکمانی لە قۆناغی نوێیدا و لە سایەی عیراقێکی دیموکراسی فیدرالی ئارامدا زیاتر گەشە بکات، هەر شاد و سەرفراز بن.

والسلام علیکم

رووبەرووبونەوەیەک لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە

لەلاپەڕە (٧)ی ژمارە (٦١٤)ی رۆژی یەکشەممە ٢٠١٠/٣/٢٩ی رۆژنامەی (هاوڵاتی)دا کەسێک بە ناوی (ئەردەلان هەولێری) بابەتێکی سەبارەت بە (١٨٩) پارچە زەوییەکەی رۆژنامەنووسان بڵاوکردۆتەوە کە بەم دواییە سەندیکای رۆژنامەنووسان لە ڕێگەی شارەوانی هەولێرەوە بۆ رۆژنامەنووسانی دابین کردبوو.. بابەتەکە هەندێ قسەی ناهەقی دەرهەق بە سەندیکا تێدایە، بۆیە پێمان باش بوو بۆ رای گشتی رۆژنامەنووسان و ئەو بەڕێزەش ئەم رووبەرووبونەوەیە بدەین:

یەکەم/ وەک پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، سەندیکا پێشی (٥) ساڵ ئەو ناوانەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی حکومەت کردووە، ئەو کاتە لە لایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە پشتگیری کراون کە هیچیان سوودمەند نەبوونە... بەڵام بێگومان لەو ماوەیەدا بەشێکیان سوودمەند بوونە..

دووەم/ ڕەزامەندی کۆتایی لەسەر دابەشکردنی ئەو زەوییانە لە ٢٠٠٩/٦/٢٢ لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەرچووە و جێ بەجێکردنەکەی لەبەر هۆکاری هونەری تایبەت بە شارەوانییەوە دواکەوت بۆ ٢٠١٠/٣/١٨ کە تیروپشکی بۆ کرا..

سێیەم/ ئێمە لە سەندیکای رۆژنامەنووسان لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر وا ڕێککەوتوویەن کە ئەوان پاش وردبینی تەواو بۆ لیستی (١٨٩) ناوەکە ئاگادارمان بکەنەوە لەو ناوانەی کە پێشتر سوودمەند بوونە...

چوارەم/ پاش وردبینی شارەوانی و گەیشتی وەڵام و ناوی سوودمەندەکان، ئێمە بە پێی بڕیاری ئەنجوومەن، لە لیستی یەدەگی ناوی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە ئەندامی سەندیکان و سوودمەند نەبوون، بە قەدەر ژمارەی ئەوانەی سوودمەندن، ناو دەپاڵێوین و بە نووسراوی ڕەسمی پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکەین و داوایان لێ دەکەین کە ڕەزامەندی بدەن لەسەر دانانی ناوەکانیان لە شوێنی سوودمەندەکان..
کە ئەوەش تەنها دەسەڵاتی ئەوانە، نەک سەندیکا، یان شارەوانی...
لەگەڵ ڕێزماندا

سکرتێری سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
٢٠١٠/٣/٢٩

کۆبوونەوەی مانگانەی ئەنجوومەنی سەندیکا

ئەنجوومەنی سەندیکا سەرلەبەیانی ٢٠١٠/٤/٥ لەبارەگای خۆی لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەی مانگانەی خۆی ئەنجامداو تێیدا چەندین بڕیارو راسپاردەی دەربارەی ئەو بابەتانەی کە لەبەرنامەی کاری مانگانەی ئەنجوومەن دابوون، پەسەند کرد، لەوانە:

١. داڕشتن و بڕیارلێدانی بەرنامەیەکی تێرو تەسەل بۆ یادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی کە لە ٤/٢١/ تا ٤/٢٥ بەردەوام دەبێ، کە لەسەرەتادا بەڕێزلێنان لەخێزانی شەهیدانی رۆژنامەنووس دەست پێدەکات، پاشان لەرۆژی ٤/٢٢ یادکردنەوەی رۆژنامەی (بانگی حەق) لە ئەشکەوتی (جاسەنە) لەقەزای دۆکان، رۆژانی ٤/٢٣ و ٤/٢٤یش چەند کۆڕێکی تایبەت لە بارەی ئەو بابەتانەی کە لەلایەن مێوانانی بیانی لەم دوو رۆژەدا پێشکەش دەکرێت، دواتریش فیستیڤاڵەکە لەرۆژی ٤/٢٥ لەرواندز بەیادکردنەوەی بەهەشتی (حوسێن حوزنی موکریانی) و رۆژنامەی (زاری کرمانجی) کۆتایی پێدێت.

٢. لە بارەی ئەو (١٨٩) پارچە زەویییەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانکرابوو، کە لەساڵی ٢٠٠٥ـەوە لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە بە یاداشتێک پێشکەش بەسەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرابوو، رۆژی ٢٠١٠/٣/١٨ بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەرۆژنامەنووسانی سوودمەندو دەزگاکانی راگەیاندن تیروپشکی بۆ ئەنجامدرا، لێرەشدا جارێکی دیکە رووبی دەکەینەوە کە هیچ جۆرە ناحەقییەک بەرامبەر هیچ جۆرە رۆژنامەنووسێک نەکراوەو ئەو رۆژنامەنووسانەی سوودمەندبوون، ماوەی پێنج ساڵە لەچاوەڕوانیدان، بڕیاریش درا هەر کەسێک لەو لیستەدا کە پێشتر سوودمەندبووە، بەهاوکاری وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، وردبینی تەواوی بۆ دەکرێ و ناوەکانیان دەسرێتەوەو لەجێی ئەو سوودمەندبووانە بە رۆژنامەنووسانی دیکە کە شایستە (مستحق)ـن، دەدرێ کە ناوەکانیان لەلیستی یەدەگی تۆماری سەندیکا پارێزراوە.

ئەنجوومەنی سەندیکا جارێکی دیکە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لەئایندەیەکی نزیکدا سەردانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و داوای سەندیکا تازە دەکاتەوە، سەبارەت بەدابینکردنی زەوی بەسەر ئەو رۆژنامەنووسانەی کە تاکو ئێستا لەلقەکان و نووسینگەکانی سەندیکا سوودمەند نەبوونە.

٣. پێداچوونەوەکرا بەکارو راپۆرتەکانی لێژنەی داکۆکیکردن لەرۆژنامەنووسان و جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە لێژنەکە دەبێت بەوردی ئەو حاڵەتانە دەستنیشان بکات کە پێشێلکاری تێدابووە بەرانبەر بە رۆژنامەنووسانی کوردستان لەگەڵ دانانی هەندێ ڕێووشوێن بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان.

٤. بڕیاری ئەنجامدانی چالاکییەکی لێژنەی مێینە درا کە لەگەرمیان بەبۆنەی یادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردییەوە دەکرێ، سەرەڕای تاوتوێکردنی هەندێ بابەتی جۆراوجۆر، شایانی باسە تێکڕای ئەندامانی ئەنجوومەن ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
٢٠١٠/٤/٥

لێرەدا دەکرێ تەنیا ئاماژە بۆ چەند نموونەیەک بکەین، لەوانە **(راپەڕین)** و کارەساتی کۆچڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١، لە بارەیەوە دەڵێین لەم کات و ساتە پڕ لە ئاستەنگەدا، ئەم کەسایەتییە دوو شەهیدی بۆ چووبووەوە ماڵ و لە پێش چاوی خۆی و هەمووان بە قوماشی **(تۆلە)**ی بەری لێفەیەک کفن و دفن کرابوون. ئەوە سەرباری ئەوەش کەم ناسیاوی هەوڵێر و دەوروبەری مابوون بۆ قورتارکردنی ژیانی خۆیان، رووبان لە ماڵی ئەوان نەکردبێ. خۆ بە دریژایی **(راپەڕین)** و ئەو چەند رۆژەی کۆچڕەوەکە، کە لە هاوینەهەواری **(پیرمام)** چەند رۆژێکی پێچووبوو خوالێخۆشبوویەکی سەربازی ناوچەکە، لەگەڵ چەند **(پێشمەرگە)**یەکی هاوەڵی خۆی، لە دیوەخانی ماڵی ئەوان پاڵی لێدابۆوە و سێ ژەمە دەبووایە نان و پێخۆر بۆ خۆی و چەکدارەکانیشی ئامادە بکرێ، سەیر لەوەدا بوو زۆربەی ئەوانەی هاتوچۆی ماڵەکەیان دەکرد لە دواوە پرتەوبۆڵەیان بوو، کەچی رۆژێ لە رۆژان نەماندەبینی ئەو ژنە روو گرژ بکات یان ناڕەزاییەکی لێ بەدی بکرێ. لە لایەکی دیکەوە ماوەیەک بوو، بە تایبەتی لەم دواییەدا، **(ئیرادە)**یەکی عەجیبمان لە لای ئەو خانمە هەست پێ دەکرد، بەڵکو دەتوانین بڵێین لە هەندێ لە پیاوانیشی تێپەڕاندبوو، تەنانەت بەم دواییە هەستمان کرد لە زۆربەی خزم و ناسیاو و لەو **(لوقمە باتمان)**یانەی کە لە رۆژی شەممووی ٢٠١٠/٣/٢٧ و دواتر لای سەرەوە و بەردەمی شوێنی پرسەکەیان قەڕەباڵغ کردبوو و فیتەی جگەرەکێشانیان بوو، بە **(ئیرادە)**تر بووە. هەر بە نموونە ئەم ئافرەتە لە تەمەنێکی زووەوە جگەرەکێشێکی بێ هاوتا بووە، تەنانەت کە جگەرەی بە لێوەوە دەگرت حیسابی بۆ هیچ کەسێک نەدەکرد، مەگەر بە دەگمەن لەبەردەمی هەندێ کەسی تایبەت یان لەبەردەم باوکی خۆی بگرتبا، لە سەر ئەم خووەی زۆر جار لەگەڵ ئێمەدا رووبەڕووی یەکدی دەبووینەوە، کەچی ماوەی دوو سێ ساڵێک لەمەوبەر لە هیکڕا هەستم کرد وا جگەرە ناکێشێ و وازی لێهێناوە، کە لێیم پرسی: چۆنە وا **(عاقل)** بوویت و توانیوتە واز لەم خووە بێنی، بڕوا بکەن وەڵامێکی وای داومەتەوە، هەر چیرۆکنووسێک با لەوانە بوو ئەو جۆرە کەسانە و وەڵامەکەی بکاتە پاڵەوانی یەکێ لە چیرۆکەکانی. بە داخەوە ئەم ژنە پاکە، کە زۆر چیرۆک و سەربوردەی لە بارەی ژیانی و توانای کۆمەڵایەتی هەن، لەم دوو سێ مانگەی دوایی لە ناکاو نەخۆشییەکی کوشندە بەرۆکی گرت و وەکو **(تیری قودەتێ)** لێیدا. ئێمە لای خۆمانەوە هەر زوو زانیمان ئەو هاتووچۆیە کە بۆ دەوڵەتانی دەوروبەر، تەنانەت ئەوروپاشی پێ دەکرا، بێ سوودە، بەڵام دڵی ئازیزان لەم حاڵەتانەدا حیساب بۆ ماڵی دونیا ناکات، ئەوەی باش بوو بوو ئێوارەی رۆژی ٢٠١٠/٣/٦ سەردانێکی تایبەتیمان بۆ لای کردبوو، لە کاتیی خۆ ئامادەکردنی بۆ نوێژی ئێوارە بە کامیرا بچووکەکەمان سێرەمان لێی گرت و وەکو هەموو جارێک بە تەوسەوە پێمانگوتمان: با دوایی خۆت ببینیەوە و بزانی تەیرێکی چەندە جوانی..!؟ لەگەڵ ناڕەزایی بوونیشی چرتەمان لە کامیراکە هێنا و ئەو وێنەیەی سەرەوەمان گرت، بە تایبەتی کە ئێمە دەمێکە دەزانین و دەڵێین رۆژنامەنووسان دەبێ لە هەموو کەس زیاتر کامیراکانیان هاوڕاز و هاوەڵیان بن. دەبێ ئەوەش بڵێین کامیرای مۆبایل قەت شوێنی کامیرای ئاسایی، بە تایبەتی دیجیتاڵ ناگرێتەوە، هەزاران ڕەحمەتت لێ بێت **(عائیشەی جەمیل ئاغای کۆڕێ)**، کە هەموو جار تۆ لە هەمووان زیاتر لە سەر کارە رۆشنبیری و رۆژنامەنووسییەکانم سورترت دەکردین، وا جارێکی دیکەیش بوویەوە هۆی گەیاندنی ئەم **(پەیام)**ەمان بۆ رۆژنامەنووسان و ئێمەش ئەم یادگارییەمان بۆ خۆشەویستانت تۆمارکرد..!

ئەوەی شایانی باسیشە، کاتی خۆی توانجێکی ئەو خانمە بوو وای لێ کردبووین لە ژمارە (١٧)ی گۆڤارەکەمان ناوەڕۆکی بابەتی خۆشەویستێکمان لە مەڕ بەکارهێنانی وشەی بێگانە لە زمانەکەمان ڕەت بکەینەوە، کە لەوساوە تاوەکو ئێستا رۆژنامەنووسانی وروژاندووە چ لە **(رۆژنامەنووس)** و چ لە بڵاوکراوەکانی دیکە بابەتی لەسەر دەنووسرێ..!!

بۆ هەر رۆژنامەنووسێکی لێهاتوو و لێزان!!

عەبدوڵڵا زەنگەنە

هەرگیز نابێت رۆژنامەنووس ئەسیری کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی دواکەتوو بێت، بەڵام دەبێت ڕێزیش لە عورف و عادەتی باوی نێو کۆمەڵگەکەی بگرێت، ئا لێرەدایە کە بە دووربینی کامیرای ڕۆژنامەنووسان ژیان جوانتر دەبێت، ئەم وێنەیەی کە لە سەرەوە دەیبینن، بەرهەمی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەیە، کەوا لێرەدا شوێنی خۆی کردۆتەوە و ئێمەش هەموو جار لە بارەیەوە بە داخەوە دەڵێین نووسەر و تۆژەرانمان، بە ڕۆژنامەنووسانیشەوە، کەمتر بە لایدا دەچن. ئەوەتا زۆربەی تۆژەرانی ئەمڕۆکەمان کارەکانیان نابینرێ ئەوەندە بنەماکانی **(ئامادەکردن)**یان تێدا بێ، ئەویش لەبەر ئەوەیە زۆربەیان **بە دوای کۆکردنەوە و نووسینەوەی ئەوانی پێش خۆیان وێڵن نەک ئامادەکردنی کاری بیرمەندانە و زانستی.** لە لایەکی دیکەوە ئەوەتا ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ ڕادەبورن و هەزاران گرتە و ڕووداو لە نێو کۆمەڵی ئێمەدا هەن، هەروا لە ختوخۆڕایی تێدەپەڕن و کەمیان تۆمار دەکرێن، لێرەدا دیسان دەچمەوە لای ئەو وێنەیەی سەرەوە، لە بارەیەوە گلەیی لە خۆم دەکەم و دەڵێم دەبوایە زۆر زووتر، واتە سااڵنێک لەمەوبەر، خاوەنەکەیمان بە هەموو لایەک بناساندبایە، چونکە ئەوە ماوەی (٢٨) ساڵە کە لە نزیکەوە ناسیومانە و لە هەڵبەز و دابەزی ڕێڕەوەی ژیانی ورد بووینەوە، بڕوا بکەن زۆر شتی وامان لێی بینیوە پێمان وایە لەوانی دیکە **(جیاواز)**تر بووە، ئەگەر لە کۆمەڵەکی دیکە بووایە لە مێژبوو دەیانگەیاندە ڕێزی ئافرەتە ناوداڕەکانی کورد، هەر بە نموونە لەم دەوروبەرەی تێیدا ژیاوین کەم کەسمان لە نێو ئافرەتاندا دیوە وەکو ئەم مرۆڤە **(حاتەمی)** و **(ناندەر)** بووبێ، ئەوەتا تەنانەت لە وەختی دەستەنگی خەڵکەکەیدا دەیبینین ئەو زۆر لەوانی پێش خۆی تێپەڕاندووە.

20

ROZHNĀMANOOS

Aperiodical Magazine Specialized in Press
Issued by Kurdistan Journalist`s Syndicate

2010